### ٧. بەرزکردنەوەی پەیوەندی نێوان خوێنەر و دەق:

ڕەوانبێژی بەشدارە لە دروستکردنی پەیوەندییەکی کارلێککارانە لە نێوان خوێنەر

و دەقدا. کاتێک نووسەرێک ڕەوانبێژی بە باشی بەکاردەهێنێت، خوێنەر زیاتر چێژ لە خوێندنەوەی دەقەکە وەردەگرێت، ئەمەش ئەزموونی گشتی بەرز دەکاتەوە. ڕەوانبێژی وا لە خوێنەر دەکات بیر لە وردەکارییەکانی دەقەکە بکاتەوە و بەدوای مانا شاراوەکانیدا بگەڕێت، ئەمەش بانگهێشتی دەکات بۆ ئەوەی قووڵتر بەشداری بکات.

**٨. تیشک خستنە سەر ململانێی ناوخۆیی:**

زۆرجار ململانێی ناوخۆیی کارەکتەرەکان جەوهەری چیرۆکەکەیە. ڕەوانبێژی توانای دەربڕینی ئەم ململانێیانە بە نووسەر دەدات لە ڕێگەی میتۆدی جیاوازەوە، وەک بەکارهێنانی ڕستەی ئیعترازی یان ڕستەی بیرکردنەوە، کە قووڵی بۆ کارەکتەرەکان زیاد دەکات و ئاڵۆزی پلۆتەکە زیاتر دەکات.

**٩. بەکارهێنانی هێما و واتا:**

ڕەوانبێژی ڕێگا بۆ بەکارهێنانی هێما و واتاکان دەکاتەوە، دەقەکە پڕ لە چەندین مانای دەکات. نووسەران لە ڕێگەی ئەم ئامرازە ڕەوانبێژییانەوە دەتوانن توخمگەلێکی فەلسەفی یان کولتووری زیاد بکەن کە ڕەنگدانەوەی ئەزموون و تێڕوانینەکانیان بۆ جیهان.

لە کۆتاییدا، قسەخۆشی ڕۆحی کورتە چیرۆکە، بەو پێیەی قووڵایی ماناکان بەرز دەکاتەوە و بەشداری دەکات لە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی خوێندنەوە. ئەوان دەقی گێڕانەوەی کاریگەر بەرجەستە دەکەن کە هاوسەنگی لە نێوان شێواز و زمانی ڕەوانبێژیدا هەیە و وەک پەنجەرەیەک کاردەکەن کە جوانیناسیی بیرکردنەوە و زمان پیشانی جیهان بدات.

**سەرچاوەکان:**

١. Noam Chomsky: Language and Min، ترجمه نجیب غزی، دار النشر: گلاس للدراسات والترجمە والنشر، سنه النشر: ١٩٨٦.
٢. Ronald Carter: Language and Creativity: The Art of Common Talk، دار النشر: Routledge، سنه النشر: ٢٠٠٤.
٣. Ludwig Wittgenstein : Tractatus Logico-Philosophicus، ترجمها من اللغه الالمانيه إلى اللغه العربيه، عادل مێگفی، دار رؤيه للنشر والتوزيع، القاهره.

٤. John B. Ryan: Language and Communication in the Digital Age, Publisher، دار النشر: Cambridge University Press، سنه نشرها ٢٠١٨.
٥. عبد القاهر الجرجانی : البلاغه والنقد الڕدبی، دار النشر: دار الكتاب العربی، سنه النشر: ١٩٩٧.
٦. جاسم عایّی : فن القیّه القیّیره: دراسه فی ڕسالیب السرد، دار النشر: دار المدی، سنه النشر: ٢٠١٠
٧. محمد دیب : البلاغه فی القیّه القیّیره، دار النشر: دار الپقافه، سنه النشر: ٢٠٠٢.
٨. فۆاد عبدالمگلب : ڕسلوب اللغه والبلاغه فی الڕدب العربی، دار النشر: دار الكتب العلمیه، سنه النشر: ٢٠١٥.
٩. نجیب محفوڤ : اللغه والڕدب فی القیّه القیّیره، دار النشر: دار الشروق، سنه النشر: ١٩٩٩.
١٠. یوسف إدریس: القیّه القیّیره: دراسه تحلیلیه، دار النشر: دار الفكر العربی، سنه النشر: ٢٠٠٥.




# کتێبی قوتابخانەکان و ڕۆڵیان لە پێشخستنی ڕەوشی زمانی کوردیدا

## (کتێبی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بە نموونە):

■ سەربەست قادر حەمە

مرۆڤ و زمان دوو جەمسەری هاوکێشەیەکی کارلێک کردوون و هیچیان بێ ئەوی تریان بوونێکی ئاماژەپێکراوی نامێنێت.

دورونزیک هەر مرۆڤێک بە پێی توانا و تێگەیشتنی خۆی بەشدارە لە خزمەتکردن و شەنوکەوکردنی زمانەکەیدا، نەخوازەڵا ئەگەر مرۆڤ خاوەن پێشینە و پاشخانێکی زانستی و زمانەوانی بێت و سەروکاری لەگەڵ زمان و زمانناسیدا بێتەوەیەک.

هەموو ئێمەی مرۆڤ بە درێژایی ژیانمان بە کۆمەڵە قۆناغێکی پەروەردەیی و فێرکاریدا تێدەپەڕین، لە هەر ئاست و پلەیەکدا بین، سەر بە هەر ڕەگەز و ڕەچەڵەکێک بین، بەدەرنین لە فێرکارییەکی بەردەوامی سروشتی و مرۆڤکرد.

ئێمەی خاوەنانی زمانی کوردی و کوردزمانانی ناوچە جیاجیاکانی جیهان، هەر یەکە و لە ئاستی خۆمانەوە و هەر هیچ نەبێت بە بەکارهێنانی بەردەوامی زمانی کوردی، پشکدار و بەشدارین لە ڕاژەکردن و بەرەوپێشبردنی زمانی کوردیدا.

لەم چوارچێوەیەدا دەمەوێت سەرنجی خوێنەری خۆشەویست بۆ گرنگترین بنەمای پەروەردە و فێرکردن ڕابکێشم، پەنجە بخەمەسەر ڕۆڵی قوتابخانەکان لە بەرەوپێشبردن و خزمەتکردنی زمانی کوردیدا. زمانەکەی ئێمە لەگەڵ هەموو هەوراز و نشێوییەکانی ڕۆژگار، هەموو دەرد و مەینەتییە مرۆڤکردەکاندا، هێشتا باشە لەسەر پێیەکانی خۆی وەستاوە و، شان بە شانی زمانە جیهانییەکان تەکان دەدات و لە ڕەوت و ڕۆیشتن نەکەوتووە، چونکە زۆرینەی ئێمەی کوردزمان، بە هۆی نەبوونی هۆشیارییمان بەرامبەر زمان و نەتەوەکەمان و، خەمخۆر نەبوونمان لە ئاست پرسە نەتەوەییەکاندا، بە چڕنوک و ددان خەریکی داڕنینی جوانییەکانی زمانەکەمانین!

لای هەموان ئاشکرایە دوای سالانی پەروەردەی منداڵ لە ماڵەوە قۆناغە هەرە هەستیارەکەی پەروەردە و فێرکردن دەستپێدەکات، کە ئەویش قۆناغی بنەڕەتی(سەرەتای) یە لە قوتابخانەکاندا.

ئەم قۆناغە بناغە و کۆڵەکەی داڕشتنی پەروەردەیەکی دروستە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی سودبەخش بۆ داهاتوو، هەر لەم قۆناغەیشدایە منداڵ پێش هەموو شتێک فێری ئەلفبێی زمانەکەی دەبێت و فریشکی بە وردەکارییەکانی زمانەکەی دەشکێت.

بۆیە ئەگەر ئەو کتێب و پەیڕەوەی بۆ ئەم قۆناغە دادەنرێت، لەسەر بنەمایەکی زانستی و لە ئاستێکی گونجاوی پڕزانیاریدا نەبێت، نەوەیەکی ناشی و ناشارەزای پێ دەخرێتەناو کۆمەڵگاوە، ئەو کات لە جیاتی خزمەتکردن بە زمان و نەتەوە، دەبنە بار

و بەلا بەسەر زمانەکەوە، خزمەت بە هەموو بێگانە و نەیارێک دەکەن زمان و پرسە نەتەوەییەکانی خۆیان نەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئاورێک بە لای کتێبی زمانی کوردیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا دەدەینەوە، بە جۆرێک ئەم زنجیرە کتێبە پێکەوەبەستراوەی هەموو پۆلە بنەڕەتییەکان پێویست بوو لەسەر بنەمای جوانکردن و خۆشەویستکردنی زمانی کوردی و گۆشکردنی منداڵی کورد بە زانستی ڕاست و دروست و دەستور و یاساکانی زمانەکەی دابمەزرایە، بەڵام بەداخەوە، کە ئەوەی خوێنەر و بیسەرێکی خاوەن سەلیقە و ڕەسەن تێیدەگات، وانییە و لە جیاتی بەرەوپێشبردن و پشتبەستن بە تازەترین گۆڕانکارییەکان و ئاشناکردنی منداڵان بە بابەتە نوێ و ڕێزمانە دروستەکەی زمانی کوردی، تازە بە تازە گەڕاونەتەوە بۆ جوینەوە و چەندبارە هێشلێدانەوەی بابەتە کۆن و سواوەکان، بە بیانووی نوێکردنەوەی کتێبی قوتابخانەکان ساڵانە دەیان ملیۆن دۆلار لە چەندبارە چاپکردنەوەی ئەو ڕێزمانە کۆنە هەڵوەشێنراوە لە بەرگێکی نوێدا بەهەدەردەدرێت!

**با بچینەسەر ناوەڕۆکی ئەوەی دەمانەوێت و مەبەستمانە بیخەینەڕوو:**

سەرەتا لە چەمک و دەستەواژەی سەربابەتەکانەوە دەستپێدەکەین، کە لە پێڕستی سەرەتای کتێبەکەدا خراونەتەڕوو، لەم پێڕستە و تەواوی بابەتەکانی ناو کتێبەکەدا وشەی(کار)مان بەرچاودەکەوێت، کە لە جیاتی وشەی(کردار) بە هەڵە بەکارهاتووە، بەداخەوە تا ئێستایش لای زۆرێک لە خوێندەواری کورد و زماندۆستان ئەم دوو چەمکە لێکجودا ناکرێنەوە و لەبری یەکتری بەکاردەهێنرێن.

ئەوەی ڕوونە وشەی(کار) بە مانای(ئیش) دێت و لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیدا بەرامبەرە بە وشەکانی(عمل، Work) و، هەمان واتای(کردار) بەدەستەوەنادات، کە بە مانای(فعل، Verb) دێت.

ئەم بابەتەیش لە چەندین شوێنی تردا ئاماژەی پێکراوە و ڕوونکراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە زماندۆستانی کورد تا ئێستا لەسەر هەمان بەهەڵەبەکارهێنان بەردەوامن.

بۆ ئەوەی زیاتر درێژدادڕی نەکەین، پێویستە وەکو دەروازەیەک بۆ چوونەناو بابەتەکەوە قاڵبەکانی داڕشتنی ڕستە لە زمانی کوردیدا بنووسین، کە بە پێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان پێنج قاڵبی بنجی و سەرەکیین بۆ هەردوو دەستەکەی کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ.

**قاڵبەکانیش:**

- بکەر + کردار.
- بکەر + بەرکار + کردار.
- بکەر + تەواوکەر + کردار.
- بکەر + بەرکار + کردار + تەواوکەر.
- بکەر + بەرکار + تەواوکەر+ کردار.

بەم پێیە زمانی کوردی خاوەن پێنج یاسای بنجیی دارشتنی ڕستەیە و هەموو ئەو کەرەستە و جێکەوتانەی لەم پێنج یاسایەدا خراونەتەڕوو، کەرەستەی بنجی و بەخورتیین و بوونیان لە پێکهاتەی ڕستەکاندا ناچارییە و، ناکرێت هیچاکمیان بە کەرەستەیەکی تر پڕبکرێتەوە، یان یەکێکیان جێگۆڕکێی پێبکرێت لەگەڵ یەکێکی تریان، چونکە هەر یەکەیان خاوەن تایبەتمەندی و شەقڵی خۆیانن و جیاوازن لەوانی تر.

بەدەر لەم یاسایانە و لەم چوار کەرەستە (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کردار) بنجی و سەرەکییە، کەرەستەیەکی تریشمان هەیە، کە بە شێوەیەکی چالاک لە دارشتنی ڕستەدا بەشداریدەکات، بەڵام کەرەستەیەکی نابنجی و ناجێگیرە و، ئەرکی تەنها ڕوونکردنەوە و زانیاریی سەربارە لە ڕستە و ئاخاوتندا، هەر بۆیەیش پێیدەوترێت (سەربار).

سەربار، کەرەستەیەکی سرکی جوڵەدارە و لە پێکهاتندا هاوشێوەی تەواوکەرە، بەڵام کەرەستەیەکی بە خورتی نییە و لابردن و جێگۆڕکێ پێکردنی کار لە واتا و پێکهاتەی ڕستەکە ناکات، کەچی هێشتایش لەلایەن زۆر کەسەوە ئەرکەکانیان تێکەڵدەکرێت و لێکجوداناکرێنەوە.

جێگەی داخە ساڵانە سەرباری نوێکرنەوەی کتێبی قوتابخانەکان لە ڕێگەی چەندبارە چاپکردنەوەوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی بەرەودواوە دەگەڕێنرێتەوە و هیچ نوێگەری و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی تێدا ناکرێت، کە لە زانستی زمان و ڕێزمانی نوێی نزیکبکاتەوە، ئەمە جگە لەو پارە زۆرەی لە چاپکردنەوەی ساڵانەی ئەم کتێبانەدا بەهەدەردەدرێن، چونکە ئەم کتێبانە تەنها یەکجار بەکاردەهێنرێن و ساڵانە لەگەڵ کۆتاییهاتنی وەرزی خوێندندا فڕێدەدرێن و چاپی نوێ جێگەیان دەگرێتەوە.

هەر بۆ نمونە کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، ئەو چاپەی لەبەردەستی مندایە و لەسەری دەنووسم، چاپی شازدەیەمە و (٧٦٠٢١١) دانەی

لێچاپکراوە و نرخی هەر دانەیەکیشی(١٧٢١) دینارە، کە دەکاتە (٧٥١.٧٣٤.٢٤١) دینار، بە شتێک زیاد و کەمەوە سالانە لەگەڵ چاپکردنەوەی ئەم کتێبانەدا ئەم تێچووە دووبارەدەبێتەوە.

ئەمەی خستمانەڕوو تەنها بۆ کتێبی زمانی کوردی و، تەنها بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتییە، ئەی ئەو کتێبەکانی تر و پۆلەکانی تر دەبێ کۆی گشتیی تێچووی سالانەیان چەند بێت؟

وەکو ئاگاداریشم تا سالانێک پێش ئێستا ئەم پارە زۆرە دەنێردرایە دەرەوە و چاپی ئەم کتێبانە لە چاپخانەکانی ولاتانی دەرەوە دەکرا و، چاپخانەکانی ناوخۆ لەو داهاتە بێبەشدەکران، بەڵام نازانم ئێستایش هەر وایە، یان نا؟

بە پێی قاڵبەکانی ڕستەی زمانی کوردی، کە لە پێشەوە خستمانەڕوو، زۆرێک لە ڕستەکانی ناو کتێبی(ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی) بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی هەڵە و لەنگ داڕێژراون، کە بەداخەوە ئەو لیژنانەی دانەری ئەم کتێبانەن، یان زۆر بێئاگان لە زانستی زمانیی سەردەم، یان بەمەبەست و بۆ کەمکردنەوەی بەهای زمانەکە ئەم کارە دەکەن!

بۆ نمونە لە ڕاهێنان و ڕوونکردنەوەی لاپەڕەکانی(١١،٢٠،٢،٤٢،٥٢،٨٤،٩٤،١٥،٢٥) ئەم ڕستانە بەرچاودەکەون، کە هەموویان بە مەبەست و بۆ ڕێکخستێکی ئاسۆیی، بە شێوەی وشە دوای وشە ڕێکخراون.

- کێ بۆ کفری چوو؟
- شیلان بۆ هەڵەبجە بڕۆ.
- هاژە بۆ خانەقین دەچێت.
- چرۆ بۆ قوتابخانە دەچێت.
- دلێر بۆ مێرگەسور چوو.
- من بەیانی بۆ زانکۆ دەچم.
- ئێوارە بۆ لای نەخۆشەکە ڕۆیشتم.
- بۆ سلێمانی چووین.
- ئەو بۆ سەیران دەچێت.
- من بۆ ڕاوەماسی چووم.

ڕوون و ڕەوان دیارە، کە هەوڵدراوە سەرجەمی ئەم ڕستانە و هاوشێوەکانیان لە ژێر قاڵبی سێیەم (بکەر+تەواوکەر+کردار)دا دابڕێژرێت، بێئاگا لەوەی هەموو تەواوکەرەکانی ئەم ڕستانە سەربارن و چالاک و ئازادن لە جێگۆڕکێدا و، بە پێی باشتر گونجان و بەدەستەوەدانی باشترین واتا و ئاسانترین دەربڕین لای قسەکەر و گوێگر دادەنرێن و، ئەو تەواوکەرەی لە یاساکەدا هاتووە، تەواوکەرێکی بنجی و بەخورتییە و ماناکەی بەندە بە شوێنەکەیەوە و ناکرێت لە ڕستەدا شوێنی بگۆڕدرێت.

بەم پێیە ئەو یاسایەی ئەم ڕستانەی پێداڕێژراوە دەکاتە یاسای یەکەم لە پێنج قاڵبەکەی ڕستە لە زمانی کوردیدا، کە ئەویش (بکەر+کردار)ە، چونکە لەو ڕستانەدا تەنها ئەم دوو کەرەستەیە بنجی و بە خورتین و ئەوانی تر سەربار و نابنجیین و بوون و نەبوونیان لە ڕستەکاندا، کاریگەرییەکی ئەوتۆ ناکاتەسەر واتا و پێکهاتەی ڕستەکان.

بۆیە باشتربوو ڕستەکان بەم شێوەیە دابڕێژرێن، بۆ ئەوەی لەگەڵ سەلیقە و ئاوەزی قسەکەر و ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی کوردیدا یەکیانبگرتایەتەوە:

- کێ چوو بۆ کفری؟
- شیلان بڕۆ بۆ هەڵەبجە.
- هاژە دەچێت بۆ خانەقین.
- چرۆ دەچێت بۆ قوتابخانە.
- دلێر چوو بۆ مێرگەسور.
- من بەیانی دەچم بۆ زانکۆ.
- ئێوارە ڕۆیشتم بۆ لای نەخۆشەکە.
- چووین بۆ سلێمانی.
- ئەو دەچێت بۆ سەیران.
- من چووم بۆ ڕاوەماسی.

لە هەموو ئەم ڕستانەی سەرەوەدا، جگە لە (بکەر+کردار) هەموو کەرەستەکانی تر سەربار و کەرەستەی ڕوونکردنەوەیین، بۆیە پێویستە لە کاتی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا لەو شوێنەدا دابنرێن، کە گونجاوترینە بۆ ئاخێوەر و گوێگر.

مەبەست لەم ڕاستکردنەوەیە بە هەڵەدانانی ڕستەکانی پێشوو نییە، چونکە ئێمە وتمان سەربارەکان کەرەستەی نابنجی و ناجێگیرن، بۆیە هاتنیان لە شوێنی جیاوازی

ڕستەدا نادروستی دروست ناکات، بەڵکو لەنگی دروستدەکات و باشتر وایە لەو شوێنەدا بێن، کە ڕستەکان جوانتر دەردەکەون و دەربڕینیان ئاسانتر و نزیکترە لە بەکارهێنان و گۆکردنیان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا.

یەکێکی تر لە هەڵەکان، کە زۆر ڕوون و ڕەوان دیارە و نەدەبوو بەو سادەییە بەسەریدا تێپەڕن، پێناسەی جۆرەکانی ڕستەیە، بۆ نموونە لە پێناسەی ڕستەی ڕاگەیاندندا نووسراوە: (ڕستەیەکە ڕاگەیاندنێک دەگەیەنێت).

لێرەدا مرۆڤ سەریدەسوڕمێن لەوەی، کە ئایا هیچ وشە و دەستەواژەیەکی گونجاو و ڕوونترمان نەبوو لە (ڕاگەیاندنێک)؟

ئایا مەبەست لە (ڕاگەیاندن) چییە لەم پێناسەیەدا؟

هەر چۆن ئەم پێناسەیە دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت وەرگێڕانێکی وشە بە وشە بۆ پێناسەکە کراوە و لە زمانێکی ترەوە وەرگێڕدراوە، هەمان ئەم ناڕوونی و وشکییە لە داڕشتندا لە زۆرینەی بابەتەکانی ناو کتێبی وانەکانی تری پۆلە بنەڕەتییەکاندا بەدی دەکرێت، ئەگەر مامۆستای خەمخۆر و دڵسۆز نەبێت، خوێندکار زۆر بە ئاستەم دەتوانێت دێڕێکیان لێ لەبەربکات، یان تێیانبگات.

من زمانی کوردی لەو ئاستەی لاوازیی و هەژاریدا نابینم، کە نەتوانرێت پێناسەیەکی ڕوون و ڕەوانی بۆ هەریەکە لەو چەمکانە پێبکرێت، بۆیە دەبوو ئەو پێناسەیە بەم جۆرە بکرایە: ( ڕستەی ڕاگەیاندن: ڕستەیەکە هەواڵ، یان زانیارییەک لەبارەی شتێک، یان شوێنێک، یان کەسێک...تد دەگەیەنێت). لەم پێناسەیەدا خوێندکار هەرچەندە کەم-تەمەنیش بێت، دەتوانێت بەشی پێویست زانیاریی لە پێناسەکەوە وەربگرێت، گرفتێکی لە واتا و ناوەڕۆکی پێناسەکەدا بۆ دروستنەبێت.

بۆ پێناسەی جۆرەکانی تری ڕستەیش (پرس، داخوازی، سەرسوڕمان) بە هەمان شێوە، پێناسەکانیان لە ئاستێکی زۆر لاوازدا دانراون و، خوێنەر لە تێڕوانینیاندا سەریدەسوڕمێت، کە ئایا ئەم هەژار-دەرخستنەی زمانی کوردی، خەتای زمانەکەیە، یان لیژنەکانی دانانی کتێب و پێداچوونەوە؟

یەکێکی تر لە هەڵەکان لە بەکارهێنانی پێشگر و پاشگرەکانی(لە....دا، بە....دا، بە.... وە، لە....وە)دایە، بۆ نموونە لە ڕاهێنانی لاپەڕە ٩ دا، نووسراوە: (هەموو کوردێک شانازی بە نەورۆز دەکات*) هەروەها لە ڕاهێنانی لاپەڕە ٥١ دا ئەم ڕستەیە خراوەتەڕوو: (کوردستان بەسەر چەند وڵات دابەشکراوە*).

بۆ هەر ئاخێوەرێکی ڕەسەن و تێگەیشتووی زمانی کوردی زۆر بە ڕوونی دیارە، کە ئەم ڕستانە لەنگ و ناتەواون، چونکە پاشگری تەواوکەریی(وە، دا) قرتێنراون و، بووەنەتە هۆکاری لەنگ دەربڕینی ڕستەکان، دەبوو ڕستەکان بەمجۆرە بن: (هەموو کوردێک شانازی بە نەورۆزەوە دەکات. ... کوردستان بەسەر چەند وڵاتدا دابەشکراوە؟).

یەکێکی تر لەو هەڵە زۆر زەق و ئاشکرایانەی لە بابەتەکانی ناو ئەم کتێبەدا کراوە، لە بابەتی(تەواوکەر)دایە، بەداخەوە، هەرچەندە ساڵانێکی زۆرە لە زمان و ڕێزمانی کوردیدا بابەتێک نەماوە بە ناوی(تەواوکەری بکەر)ەوە، بەڵام دەبینین لەم کتێبەدا (دیارخەر، تەواوکەری بەیاریدە) بە تەواوکری بکەر دانراون!

**بۆ نمونە لە ڕستەکانی:**

- گەڵای دارەکە وەری.
- شوشەی پەنجەرەکە شکا.
- منداڵی زیرەک سەردەکەوێت.
- ماسی لە ئاودا دەژی.
- گوێزی هەورامان بە دەست دەشکێت.

وشەکانی(دار، پەنجەرە، زیرەک، لە ئاودا، هەورامان، بە دەست) بە تەواوکەری بکەر دانراون!

لە ڕاستیدا مرۆڤ لە خوێندنەوەی ئەم ڕستانە و ئەم جۆرە شیکردنەوەیە، نازانێت دەستی بێئاگایی بۆ کێ ڕابکێشێت؟

چونکە بەشێک لەم وشانە (دار، پەنجەرە، زیرەک، هەورامان) لە ڕێزمانی کوردیدا پێیاندەوترێت (دیارخەر) بۆ وشەکانی پێش خۆیان و، پێکەوە لەگەڵ وشەی پێش خۆیاندا، گرێیەکی ناوی دروستدەکەن و بەیەکەوە ڕۆڵی(بکەر) دەگێڕن، نەک وشەی یەکەم بکەر بێت و وشەکەی دوای ئەو تەواوکەر.

هەروەها گرێیەکانی(لە ئاودا، بە دەست) پێکهاتوون لە ئامرازی پەیوەندی و تەواوکەری بەیاریدە، نەک تەواوکەری بکەر. ئەم هەڵەیە لە لاپەڕە و ڕاهێنانەکانی تری ناو کتێبەکەدا چەندینجار دووبارەبووەتەوە و، گومانی تێدا نییە، دانەرانی ئەم کتێبە، بەوپەڕی متمانە و ئاگاییەوە ئەم هەڵانەیان کردووە و، دیارە، خۆیان بابەتەکانیان بەم جۆرە پێ ڕاستتر بووە و، بە گونجاوتریان داناوە بۆ خوێندکاری ئەم قۆناغە!

ئەوەی تا ئێرە وترا و نووسرا، دەتوانم بڵێم خوێندنەوەیەکی خێرا و سەرپێییە بۆ بابەتەکانی کتێبی ڕێزمانی کوردیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، وەنەبێت، لەم خوێندنەوەیەدا هەموو هەڵەکان دەستنیشانکرابن، بەڵکو ئەگەر بە پێی زانست و پێڕەوی نوێی ڕێزمان و زمانی کوردی خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، چەندین هەڵەی تریشی تێدایە، بەڵام من لەبەر درێژدادڕی نەکردن هەر ئەوەندەم لێ خستنەسەر کاغەز.

ماوەتەوە بڵێم لایەنی ڕێنووس و خاڵبەندی و دروستنووسینیش، لەم کتێبانەدا تا ئاستی پەراوێزخستن پەراویزخراون، هیچ گرنگییەکیان پێنەدراوە، کە ئەمەیش خۆی بۆ خۆی، هۆکارە بۆ دروستبوونی چەندان هەڵەی تر، کە تەنها ئەوانە لێی تێدەگەن، کە شارەزای بواری ڕێنووس و دروستنووسینن.

بۆ نمونە: لە هەردوو بابەتی جێناوی کەسیی سەربەخۆ و لکاودا هەردوو جۆری جێناوەکە بە (جێناوی کەسی سەربەخۆ، جێناوی کەسی لکاو) نووسراون، کە هەردوو نووسینەکە هەڵەن و زۆر بە ئاشکرا دیارە، مەبەست لە (کەسی سەربەخۆ، کەسی لکاو) ئەو کەسە، یان ئەو کەسانەن سەربەخۆ یان لکاون!

نەک جێناوە کەسییەکە سەربەخۆ، یان لکاو بێت، کە ئەمەیش هەڵەیەکی حاشاهەڵنەگرە، دەبوو هەردوو سەربابەتەکە بەم جۆرە بنووسرێن: (جێناوی کەسیی سەربەخۆ، جێناوی کەسیی لکاو)، بەڵام ئەوەی سەیرە لە پێناسەی جێناوی کەسیی لکاودا، کە هەر لە ژێر هەمان سەربابەتی هەڵەدا نووسراوە، وشەی(کەسیی) بە دوو (ی) نووسراوە و درووست نووسراوە، لە کاتێکدا چەندینجاری تر هەمان ناونیشان لە لاپەڕەکانی تردا بە هەڵە نووسراونەتەوە.

ئەمە سەرباری دەیان هەڵەی تری ڕێنووسی و درووست نووسین، کە دەکرێت هەندێکیان وەکو نمونە بخەمەڕوو: (لەدوای، لەپێش، ڕابردووانە، لەکاتی، ڕانەبردووانە، دیاربکە، لەپاش، لەجێی، بەدوای، بەدەست، لەژێر، هەمووانە، ...تد) ئەمانە و چەندان هەڵەی تری هاوشێوە لە خوێندنەوەی بابەتە جیاجیاکانی ناو کتێبەکەدا بەرچاو دەکەون، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەمان ئەم وشانە لە چەندان شوێندا بەرچاودەکەون، کە بە ڕاست و دروستی نووسراون!

هەروەها لە نووسینی وشە و کردارە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا خۆیان بۆ یەکلایی نەکراوەتەوە، هەر جارە و بە جۆر و شێوازێک نووسیویانن، بەمەیش خوێنەر و

خوێندکاری قوتابخانەکان تووشی سەراسیمە و دوودڵی دەبن سەبارەت بە ڕاست و دروستیی کامە شێوازیان، چونکە لە ڕێنووسدا باشتر وایە پێڕەو لە یەک شێوازی نووسین بکرێت و فرە شێوازی بەکارنەهێنرێت، واتە یان وشە و کردارە داڕێژراو و لێکدراوەکان پێکەوە بنووسرێن، یان بە جیا و بۆشایی بخرێتە نێوانیانەوە، ئەمەیش بابەتێکە و هەریەک لە پێڕەوکارانی ڕێنووس و دروستنووسین، خوێندنەوە و بەڵگەی خۆیانیان هەیە لەسەریان.

# ڕۆڵی نوکتە لە بەرهەمهێنانی ئیدیەمی نوێباودا

پ.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

## پێشەکی

**٠/١ (گرنگی بابەتەکە:**

لێکۆڵینەوە  لە نوکتەو ئیدیەم پێش هەموو کەس ئەرکی ئەو کەسانەیە، کە خۆیان بە شیکردنەوە و پەسنی زمانی کوردییەوە خەریک کردووە.

پەیوەست بە لێکۆڵینەوەی پراگماتیکییەوە، بە خشکەیی دەربڕین یەکێکە لەو بوارە پراگماتیکیانەی ڕۆڵی کارای لە بەرهەم هێنانی نوکتەدا هەیە،  نوکتەکانیش دەبنە ئیدیەمێکی نوێباو، هەر بۆیە گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان نوکتە بەخشکەیی دەربڕین و ئیدیەمی نوێباودایە.

**٠/٢) سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

ئەو نموونانەی کە لەم لێکۆڵینەوەدا هێنراونەتەوە، هەموویان لە زمانی قسەپێکەرانی کرمانجی ناوەڕاستەوە وەرگیراون، نوکتەکان نوکتەی قۆشمەچی و قسەخۆشەکانی دەوروبەری لێکۆڵەرەوانن، هەرچی ئیدیەمەکانیشن ئیدیەمی زیندوو بەکارهێنراوی سنووری قسەپێکەرانی کرمانجی ناوەڕاستن.

**٠/٣) سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەوەندەی پەیوەندی بە زانستی زمان و سیمانتیک و پراگماتیکەوە هەبوو‌بێت، سەرچاوەی پێویست لەبەر دەستدا بووە و بەکاهێنراون. نموونەی ئیدیەم و نوکتەکان و شیکردنەوەیان پەیوەست بووە بە لێکدانەوەکانی لێکۆڵەرەوە.

**٠/٤) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریی بەکارهێنراوە.

**٠/٥) گرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆرتر لەوەدا خۆیی دەبینێتەوە، کە زۆربەی ئیدیەم ونوکتەکان پەیوەندییان بە  سێکس و جووتبوونەوە هەبوو، ئەمە لەلاییکەوە، لە لایەکەی دییەوە کۆمەڵی کوردی  کەلتورێکی تێکەڵی ئیسلامیی کوردییە، لەم جۆرە کلتورەدا ئەم جۆرە دەربڕینانە قەدەغە و  یاساغ و تابۆن، ئەمەش گرفتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە بوو.

**٠/٦) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە. باس لە زانستی زمان و پراگماتیک و بەخشکەیی دەربڕین دەکات، تێیدا ئەوە خراوەتەڕوو ئەگەر ڕستەیەک لە ئاستی سیمانتیکدا لێکنەدرایەوە، ئەوا دەبێت لە پراگماتیکدا مەبەستەکە بدۆزرێتەوە. بەشی دووەم باس لە نوکتەو ڕۆڵی بەخشکەیی دەربڕین لە بەرهەمهێنانی نوکتەدا دەکات. لەم بەشەدا بەرهەمهێنانی نوکتە ئاماژەی پێدراوە، هەر لەم بەشەدا باس لە ڕۆڵی نوکتە لەبەرهەمهێنان و بوون بە ئیدیەمی نوێ و نوێباودا کراوە. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە بەرچاو.

**١/١) زانستی زمان**

زانستەکان پۆلینکراون بۆ سێ جۆری سەرەکی: زانستە پەتییەکان، زانستە کارەکییەکان، زانستە مرۆییەکان: لە ناویادا زانستە مرۆییەکان  کە زانستی زمان وەک بەشێک لە زانستی مرۆیی تەماشا دەکرێت، سروشتیان وەهایە فرەڕەهەند و کۆکراوە نین، بەو واتایەی هەرگیز بەیەک پێناسە ناخرێنەڕوو.

زانستی زمان وەک بەشێک لە زانستی مرۆیی جۆرەها پێناسەی بۆ کراوە، «بەرامبەر بەو زانستە بەکارهاتووە کە لە هەموو ئاستەکانی زمان، دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی دەرونی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کارەکی دەکۆڵێتەوە» (یوسف  شەریف سەعید، (٢٠١١: ٦)).  جگە لەوەی ئاستەکانی زمان جیا و شیدەکاتەوە، دانەی هەر یەکەیکیش دیار دەکات. مەیدانی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە کارکردنە لەناو ئاستی واتاسازی و پراگماتیکدا، واتە دەیەوێت خۆی بە واتای دەربڕاوەکان و لێکەوتە واتاییەکانیانەوە خەریک بکات.

سیمانتیک: « سیمانتیک وەک لقێکی زانستی زمان خۆی بە ڕەهەندەکانی واتامەندیی پێڕەوبەندانەی دەربڕاوە زمانییەکانەوە خەریک دەکات، سیمانتیک زانست و تیوریی ڕێکخستن و یاسابەندێتیی هەندێک لایەنی دیبوی واتای هێما زمانییەکانە» (محەمەدی مەحویی، (٢٠٠٩: ٢١-٢٢).

پراگماتیک: لە پراگماتیکدا قسەکەر شتێک دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە، گوێگریش شتێک دەبیستێت و شتێکی تر لێکدەداتەوە «پراگماتیک کار لەسەر لێکۆڵینەوەی واتاو

پێوەندی نێوان قسەپێکەران دەکات، بە شیکردنەوەی قسەی قسەپێکەرانەوە خوی خەریک دەکات، دەیەوێت بزانێت خەڵک چی لە دەم دەردەچێت و چی. (Jean A, (١٩٩٩:٨)) مەبەستە»

**١/١/١) پراگماتیک**

ئاخاوتنەکان تەنها لە ڕیزکردنی مۆرفیمەکان لە وشە و وشەکان لە فرێزو فرێز لە ڕستە و ڕستە لە گوتنەکاندا پێکنایەن، نابێت نرخ و بەهای هەر یەکەیەک لە لێکدانەوەی ڕووکەشییانەی سیمانتیکەوە بەرهەم بێت.

بەهای هەریەک لە یەکەکان لەو زانیارییانەوە بەدەست دێت، کە مەرج نییە وتراو بەرجەستە بن، بەڵکو بەهای ئەم یەکە پێکهێنەرانە، جۆری واتا (فەرهەنگی و میتافۆری و ئیدیەمی ... هتد) دیار دەکات و پرۆسە سایکۆلۆژیی و سۆسیۆژییەکانی نێوان قسەکەرو گوێگر دەردەخات و مەبەستی پراگماتیکی دەگەێنێت.

وشە سادەکان لە فەرهەنگی زماندا تۆمار دەکرین، بە هۆی نیشانە واتاییەکانیانەوە (+ ، −) واتای فەرهەنگیان دیار دەکرێت، بەڵام کاتێک بە پرۆسە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیەکاندا دەڕۆن لە هەندیک باردا واتای تر وەردەگرن (بڕوانە (١)).

١–ا)کلاو، فەرش، نێر، گەرم، سارد، ئاگر، دەستنوێژ،>سەری مار<، >دەستی نوقاو<، ....هتد واتایان فەرهەنگییە، ئەگەر لە فەرهەنگدا بەکارهاتن و نەچوونە یەکەی گەورەتر لە خۆیان و دەوروبەرو چێوەیەکیان بۆ پێکنەهێنرا.

ب)>کلاوکردنەسەر<، >فەرشی سوور ڕاخستن<، >ئەحە نێرە<، >ساردی کەوتوەتە بەینمان<، >ئاگری ژێرکا<، >دەستنوێژم لێنەشکاوە<، >کوڕەکەتان سەری مارەکەیە<، >دراوسێکەمان دەستی نوقاوە<...هتد

لە نموونەکانی (١) دا واتای یەکەکان پێشبینی کراوە، تاڕادەیەک لە یەکەکانەوە دەست دەکەوێت، بەڵام نموونەکانی (ب) واتایان لەیەکە پێکهێنەرەکانیانەوە دوورە، ئەمەش پلەبەندییە، هەیانە کەم دوورەو هەشیانە زۆر .

ئەم نموونانە لە سیمانتیکدا لێکدەدرینەوە، چونکە سیمانتیک خۆی بە لێکدانەوەی واتای (فەرهەنگی و گراماتیکی و میتافۆری و ئیدیەمی)یەوە خەریک دەکات. نموونەکانی (ب) میتافۆری و ئیدیەمین.

قسەکەر لە ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەدا، هەندێک مەبەستی هەیە نایەوێت ڕاستەوخۆ و بە ئاشکراو ڕوونی دەریانببڕێت، ئەم مەبەستانە لە ناو دەربڕاوە بەرهەم هێنراوەکاندا بەرجەستە نین و بوونیان نییە، بەڵام نەوتراوی پشت وتراوەکانن، کە ئەمەش ئابووری کردنە لە زماندا، چونکە «قسەکەر لەوە زۆرتر مەبەستێتی، کە بە ڕاستی بە کردەوە دەیەوێت بیڵێت. گوێگریش لەو واتا زیادانە دەگات» (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠٩: ٢١٠). واتە لە پراگماتیکدا قسەکەر شتێک دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە ، گوێگریش شتێک دەبیستێت و شتێکی تر لێکدەداتەوە، کە ئەمەش پێوەندی بەوەو نییە قسەکەر یان گوێگر پسپۆڕیان زانستی زمان بێت، چونکە قسەکەر دەیەوێت ئابووری بکات لە زماندا، بە کەمترین کاتو وزە زۆرترین زانیاری بگەیێنێت. کە ئەم سەلیقەیە بە ئەزموون لە ناو کۆمەڵەوە فێردەبێت. دەربڕینە چەسپاوەکانیش (پەند، ئیدیەم، کۆمەڵەوشە، میتافۆر) هەر ئەمە ئامانجیانە. نوکتەش جگە لەوەی ئابووری کردنە، گەیاندنی واتایە زۆر لەوە زیاتر لە نوکتەدا هاتووە و هەندێک جاریش بە مەبەستی سوکردنی بارو حالەت یان واتای مەبەستە، واتە واتاکە بە ناراستەوخۆیی دەگات (بڕوانە (٣)).

٣) ئەگەر ئافرەتێک زۆر قسە بکات، دەکرێت بەم نوکتەیە قسەزۆریەکەی گوازارشتی لێبکرێت.

دەگێڕنەوە، ئافرەتێک لە دادگا شکاتی لە مێردەکەی کردو وتی: جەنابی دادوەر چەند ساڵە هاوسەری ئەم پیاوەم قسەم بۆ ناکات. دادوەریش ڕووی لە پیاوەکە کرد وتی: ڕاستە قسەی لەگەڵ ناکەیت؟ کابرا بەم جۆرە وەڵامیدایەوە: جەنابی دادوەر ئەو چەند ساڵە سەرەی (نۆبەی) قسەم گرتوەو سەرەم بەرناکەوێت، بۆ ئەو بوار دەدات جگە لە خۆیی کەس قسە بکات.

زمانەوانەکان ژمارەیەکی زۆر پێناسەیان بۆ پراگماتیک خستوەتەڕوو، ئەم لێکۆڵنەوەیە زیاتر گرنگی بەو پێناسانە دەدات، کە لە شیکردنەوەی نوکتەدا سوودیان لێوەردەگیرێت.

پراگماتیک: «پراگماتیک لێکدانەوەی ئەو لایەنانەی واتایە، کە ناچنە ناو واتاسازییەوە، واتە پراگماتیک لەو واتایانە دەکۆڵێتەوە، کە فەرهەنگی نەبن»، «کەواتە پراگماتیک ئەوەیە لەناو ئەو هەموو واتایە، واتایەک بدۆزیتەوە، کە قسەکەر مەبەستیەتی». ( محمد معروف فتاح، (٢٠١١: ١٩٠، ١٩١) واتە کاتێک گوتنێک لە سیمانتکدا لێکنەدرایەوە، دەبێت

پراگماتیک لێکیبداتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە لە هێڵکاری ژمارە (١) دا پراگماتیک دوای سیمانتیک هاتووە (بڕوانە (٣)).

٤) گێلی تاکە مەرجی وەرگرتنی پلەو پایەیە.

لە (٤) دا (گێلی) ئاوەڵناوێکی نەرێنییە، زۆر دەگمەنە و نامۆیە وەرگرتنی پۆستو پلەو پایە مەرجەکەی گێلی بێت. بۆیە لێکدانەوەی ئەم ڕستەیە لە سیمانتیکدا زحمەتو ئالۆزە، بۆیە ئەگەر دەوروبەرێک و بەکارهێنانێکی پراگماتیکی دروستبکەین و گوێگر قوڵتر بیربکاتەوەو ئاستی سیمانتیک بەجیبهێڵێت و بەدوای مەبەسی قسەکەردا بگەرێت، کە بریتییە لەوەی زۆربەی خاوەن پۆست و پلەدارەکان هۆشیارنین و حەپۆل و گێلن. ئەم ڕستەیە بەخشکەیی دەڵێت: مرۆڤی شیاو لە شوێنی شیاو دانانرێت.

### ١/١/١/١) بنەماکانی هاریکاری لای گرایس

پەیوەند بە پراگماتیکەوە پێویستە ئاماژە بە بنەماکانی هاریکاری لای گرایس بدەین، (گرایس) پێیوابوو ئاخێوەران لە ئاخاوتندا پێڕەوی چەند بنەمایەک دەکەن، بۆ ئەوەی پرۆسەی پەیوەندیکردن بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت. ئەگەر ئەم بنەمایانە پشتگوێخران ئەوا پەیوەندی دروستنابێت و گەیاندنی بیرەکە سەرکەوتوو نابێت. واتە بەزاندنی ئەم بنەمایانە مەبەستی پراگماتیکی دروست دەبێت. ئەم بنەمانەش بریتیین لە بنەمای (چەندێتی، چۆنییەتی ، پەیوەندیی، شێواز)

### ٢/١/١/١) واتای بەخشکەیی دەربڕین

پێڕەوکردنی بنەماکانی هاریکاری گرایس، واتای بە ئاشکرا دەربڕین بەرهەمدەهێنێت، واتە پەیوەندیەکی ئاشکراو ڕوونی نێوان نێرەرو وەرگر دێنێتە کایەوە، واتای بە ئاشکرا دەربڕین بەرانبەر واتای بەخشکەیی دەربڕین دەوەستێت لە پراگماتیکدا (بڕوانە (٥)).

٥) گفتوگۆی نێوان دوو هاوڕێ

+ کەی دێیتەوە؟

–یەکشەممەی داهاتوو، کاژێر پێنج لەلای تۆ دەبم.

لە (٥) دا دەربڕینێکی ئاشکرایەو هیچ کام لە بنەماکانی گرایس نەبەزێنراونو هیچ مەبەستێکی پراگماتیکی دروستنەبووە.

پێڕەو نەکردن یان لادانو بەزاندنی ئەو بنەمایانەی کە گرایس دیاریکردن، بەخشکەیی دەربڕین دێننە ئاراوە. چونکە بەزاندنی هەریەک لەم بنەمایانە، (ئەو زانیاریانەی کە

دەگوێزرێنەوە لە کردەی پەیوەندیکردندا مەبەستی پراگماتیکی لێدەکەوێتەوەو بیرێکی شاراوە دەخاتەڕوو) (Yule G,(١٩٩٦: ٣٨)) . بڕوانە (٦)).

٦) دەڵێن کوڕێکی گەنج لە شیوەکە کوژراوە، کوڕەکەی مامیشم دیارنییە و کۆتاجار لەوێ بینراوە.

لە (٦)دا بەتایبەتی بنەمای شێواز بەزێنراوە، قسەکەر دەیەوێت بەخشکەیی بڵێت: ئەوەی لە شیوەکە کوژراوە کوڕەکەی ماممە.

## ١/٢) بەرهەمهێنانی نوکتە

### ١/١/٢) نوکتە

لێکۆڵەرەوانی نوکتە گێڕانەوەی نوکتە بە هونەر دەزانن، گەیاندنی پەیامو وروژاندنی گوێگرو دروستکردنی کاریگەریی مەرجی سەرکەوتنی نوکتە گێڕەوەن، بەو واتایەی لە گێڕانەوەی نوکتەدا چێوەی بارو سیستەمی دەنگیو جولەی لەشو ڕوخسار ڕۆلێکی باڵایان هەیە. هەر لەبەر ئەمەیە ئەو گێڕانەوەیەی لە زمانێکدا نوکتەیە، مەرج نییە لە زمانێکی تردا نوکتە بێت. ئامانجی نوکتە هۆشیارکردنەوەو بەئاگا هێنانەوەیە یان بۆ گەیاندنی زانیاریو دڵدانەوەیە یان وانەیەکی مەعریفییە واتە خاوەن پەیامە، یان ڕەخنەیە یان گەیاندنی چێژو چەشەیەکی خۆشی بەخشە، کە ئەنجامەکەی پێکەنینە. یان بە واتایەکی تر پێکەنین ئەنجامی گێڕانەوە یان بیرکردنەوەی نوکتەیە، واتە کاتێک پێدەکەنین نوکتە پێهێنەرەکە ڕوویداوە.

نوکتە لە ڕووی زمانەوانییەوە: «بە واتای ئەو مەسەلە وردە دێت، کە لە گۆشەنیگایەکی ورد و فیکرێکی قووڵ و ئامانجێکی دیارکراوەوە دروست دەکرێ» ((ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ١٩٧).

ئەم لێکۆڵینەوەیە نوکتە وەک دەربڕینێکی چەسپاو سەیردەکات، واتە دەخرێتە تەنیشت (پەند و ئیدیەم ومیتافۆر و کۆمەڵە وشە و پیکەوەهاتووەکانەوە). چونکە قسەی ئامادەکراوی زمانن هەمیشە بەدەست قسەکەرانەوەن و گوتنەکانیان پێ بەهێز دەکەن و قەناعەت بە بەرانبەرەکانیان دەهێنن، بەڵام دەشێت لە گێڕانەوەکەیدا کەسی گێڕەڕەوە هەندێک زیاد و کەمی بەسەردا بێنێت و سوود لە خەیاڵی خۆی ببینێت. بەوەش لە قسەی نەستەق جیادەکرێنەوە قسەی نەستەق لە چێوەی دیارکراوی وتندا پەیدا دەبێت، واتە ئەو قسەیەی لە دەوروبەرێکدا پێکەنین دروست دەکات مەرج نییە

ببێتە مایەی پێکەنین بە گۆڕینی (کات، شوێن، ڕستەی پێش وتن، ڕستەی دوای وتن، کەسانی بەشداربوو، بۆنەی کۆبونەوەکە...هتد). (بۆزانیاری زیاتر لەسەر نوکتە بڕوانە: (یوسف شەریف سەعید، (٢٠١١: ١١٤ – ١٢٠)، (ئیدریس عەبدوڵلا، ٢٠١٤: ١٩٧ – ١٩٨)، (بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٨: ٧٩ – ١٠٠)).

### ٢/١/٢) ڕۆڵی بە خشکەیی دەربڕین لە بەرهەمهێنانی نوکتەدا

ئەم لێکوڵینەوەیە، لەم وەچەپارەدا هەوڵدەدات کۆمەڵێک نوکتە بخاتەڕوو لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی پراگماتیک و بەتایبەتی بەخشکەیی دەربڕین لە بەرهەمهێنانی نوکتەکاندا ڕوونبکاتەوەو شرۆڤەیەکی زمانەوانی بکات (بڕوانە (٧، ٨)

٧) دەگێرنەوە: منداڵێک وتویەتی جاران دووسەد پەنجا دینار دووجبس و سێمەساسەو دوو بنێشتی دەکرد، بەڵام ئێستا لەبەر کامێرای خوێڕی تەنها یەک جبس دەکات.

ئەو لێکەوتە واتاییەی لەم نوکتەیە دەستدەکەوێت، بوونی کامێرای چاودێرییە کە ناهێڵێت منداڵەکە دزی بکات. نوکتەکە بەخشکەیی پێمان دەڵێت کە منداڵەکە پێشتر دزی کردووەو بە بێئاگایی خاوەن فرۆشگاکە ئەو هەموو شتەی هێناوە.

٨) پیاوێک شوێن جەنازەی کوڕەکەی کەوتبوو، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: یەکەمجارمە بزانم بۆ کوێ دەبەن. باوکە دەیەوێت بەخشکەیی پێمانبڵێت: هەم کوڕەکەی هەم هاوڕێکانی خوێڕیبوون، کە چوونەتە دەرەوە کەس نەیزانیوە بۆ کوێ دەچن؟ تەنانەت باوکەکەش نەپرسی پێکراوە و نەپێی وتراوە بۆ کوێ دەچن؟ یان کوڕەکەی بۆ کوێ دەچێت؟

بەشێکی گرنگی لێکۆلینەوەکە لە سەر ئیدیەمە وەک یەکەو وەک واتا، بۆیە لێرە بەدواوە زانیارییەکانان لەبارەی ئیدیەم چڕدەکەینەوە.

### ٢/٢) ئیدیەم و نوکتە

#### ١/٢/٢) ئیدیەم

لە سادەترین ناساندندا، دەگوترێت: ئیدیەمەکان چەقبەستوون و واتاکانیان لە دانە دانەی یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە دەستناکەوێت، ئیدیەم جۆرێکی تایبەتە لە فرێز کە پێکدێت لە کۆمەڵە وشەیەک کە واتای جیاوازی هەیە، کاتێک پێکەوە بەکاردێن، لەو واتاییەی کە ئەگەر وشەکان بەجیاجیا بەکارهاتن.

لە ئیدیەمدا، «ناتوانین بڵێین لە ڕووی واتاییەوە لە کۆبوونەوەی واتای وشەکانی پێک هاتوون، بەهای لێکسیمی خۆیانیان هەیە، بەڵام لێرەدا بە واتای فەرهەنگییان بەکارنەهێنراون، هەموو دەربڕینەکە پێکەوە بوەتە هێما بۆ واتایەکی تر» (شیلان عومەر حسەین، (٢٠٠٩: ٥٠))، (بڕوانە(٧)).

٧) ناردی بۆ کەوەر.

واتای ئەم دەربڕاوە لە دانە دانەی یەکە پێکهێنەرەکانییەوە دەستناکەوێت، کە بریتیین لە (کەوەر، ئەو، ئەو، ناردن). هەرچەندە ئەم وشانە بەهای لێکسیمیی خۆیان لە دەست نەداوە، بەڵام لێرەدا دەربڕاوەکە بە هەموو وشەکانییەوە بە یەک لێکسیم دادەنرێتو بۆیە واتاکەی لە واتای کۆکراوەی یەکە پێکهێنەرەکانی جیاوازە، چونکە لێرەدا مەبەست لە (تەفرەدان و دەستخەرویکردنە).

ئیدیەمەکان لە ڕووی بە قاڵببوونو چەقبەستوویانەوە جیاوازن. هەیانە بە تەواوی چەقبەستووەو ڕێگە بە هیچ گۆڕانکاریەک نادات. لەم کاتەدا زمانەوانەکان وەک گوتراوی ئامادەکراو ئاماژە بە ئیدیەم دەکەن. لەم حاڵەتەدا ناتوانرێت واتای ئیدیەمەکە لە دانە دانەی یەکە پێکهێنەرەکانییەوە دەستبکەوێت. ئەمەش پەیوەندی بە پڕۆسەی بە لێکسیمبوونیانەوە هەیەو لە (بڕوانە(٨)). (lexicalization) زانستی زماندا پێیان دەگوترێت بە بەردبوو

٨) کڵاوکردنەسەر.

لە (٨) ناتوانرێت ئەم دروستانە دەربڕێن لەبری > کڵاوکردنەسەر< کە واتای (فێڵلێکردن و فریودان) دەگرێتەوە: (؟>کڵاوکردنەژێر<، ؟>تەپلە کردنەسەر<، ؟>چاویلکەکردنەچاو<...هتد).

جیاوازی نێوان ئیدیەم و میتافۆر لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئیدیەم قالببەستووترەو هەیانە دەشێت لە فەرهەنگدا تۆماربکرێت. هۆی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئیدیەم واتای لێڵەو بە ئاسانی لە واتای تێناگەین، وەک واتای وشە فێری دەبین. بۆ نموونە بۆ لێکدانەوەی واتای (لێلی) (چنگ لەسەرشان) بۆ لێکدانەوەی ئەم لێڵییە پێویستمان بە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە ئیدیەم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کولتووری میللەتانەوە هەیە.

بەڵام میتافۆر کە قۆناغێکی سەرەتایی ئیدیەمە، یان لانی کەم یەکێک لە سەرچاوەکانی پەیدابوونی ئیدیەم میتافۆرە، میتافۆرەکان تاڕادەیەک واتایان ڕوونە دروستەو واتا

لەیەکەوە نزیکن، لە ڕووی سینتاکسییەوە کۆتوبەندیان بە بەراورد بە ئیدمەکان کەمترە. هەر لەم ڕوانگانەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو پێوەر بەڕاست نازانێت کە پێیوایە (هەموو ئیدیەمێک میتافۆرەو هەموو میتافۆرێک ئیدیەم نییە). لە زانستدا دەبێت پێوەرەکان ڕوون ئاشکرابن، لێڵی واتایی و کۆتوبەندی سێمانتیکی و سینتاکسی پێوەرن بۆ ئیدیەمەکان، ئەوانیش هەر لەم ڕووەوە وەک یەک نین و ئەم ڕاست و چەپی پلەپێوەر دەگرن، مێتافۆرەکان واتاڕوون و کۆتوبەندی سێمانتیکی و سینتاکسیان کەمە.

جیاوازی نێوان ئیدیەم و پەند لەوەدایە: پەندەکان هی کەسانی خاوەن ئەزموون و ئامۆژگارین بۆ نەوەی نوێ، بەڵام ئیدیەمەکان ئەم دوو تایبەتمەندییەیان نییە. هاوبەشی نێوان پەند و ئیدیەم لەوەدایە هەردووکیان دەربڕینی چەسپاون و لە سەرگوزەشتەو چیرۆکێکەوە هاتوون. ئیتر ئەو چیرۆکە بیرچوەتەوە یان لەبیردا زیندوو، بڕوانە (٩).

(٩)

ا- نموونەی چیرۆکی پەند: >خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە<. دەگێڕنەوە پاشایەک (سوڵتان مەحمود) گەڕی بەدارتاشێک دەکرد، تا تووشی وەیەکی بکات و ژنە جوانەکەی مارەبکات. پاشا داوایەکی زەحمەت و مەرجێکی نابەجێ وەک بیناو لە کاتێکی دیارکراودا بۆ دارتاشەکە دادەنێت. ژنەی دارتاش بەدەم دڵدانەوە و دڵنەوایی هاوسەرەکەیەوە دەڵێت: >خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە<. سبەی سەبای سالحان پاسەوانی پاشا لە دەرگای دارتاش دەدەن. دارتاش خۆیی بۆ سێدارە ئامادە دەکات، کەچی پاسەوانان دەڵێن: خێراکە دارەمەیت بۆ پاشا دروستکە.

٢- نموونەی چیرۆکی ئیدیەم: >وامزانی ڕادیۆیە<. کاتێک بەخشراوێک لە شاشەی تیڤییەوە دەسەڵات ڕەخنە باران دەکات، بەڵام دواتر دەترسێنرێت و پاشگەز دەبێتەوە دەڵێت : >وامزانی ڕادیۆیە<. واتە چوزانم بڵاودەکرێتەوە و خەڵک دەیبینێت. (بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئیدیەم بڕوانە: (شیلان عومەر حسەین، (٢٠٠٩))، زوبێر ())، (بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٢))، (بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١٨))، (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٢٠)).

پانتایی فراوانی ئەم لێکۆلینەوەیە پیشاندانی هاوبەشی نێوان نوکتەو ئیدیەمە، نوکتە لە دەوروبەرێکی پراگماتیکیدا بەرهەمدێت و بەتایبەتی بەخشکەیی دەربڕین ڕۆڵی تێدا دەبینێت، بەڵام دواتر نوکتە باوەکان شێوەیەکی چەقبەستووتر وەردەگرن و دەبنە ئیدیەم (بڕوانە (خشتەی ژمارە (١)).

سیمانتیک پراگماتیک بەخشکەیی دەربرین نوکتە ئیدیەم
بە ئاشکرا دەربرین
(خشتەی ژمارە (١))
(ڕوونکردنەوەی بەرهەمهێنانی نوکتەو ئیدیەم)

لەم خشتەیەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە هەموو دەربڕاوێکی پراگماتیکی واتایەکی سیمانتیکی هەیە، بەخشکەیی دەربڕین لە پراگماتیکەوە دەکەوێتەوە و بە ئاشکرا دەربرینش لە سیمانتیکەوە بەرهەمدێت. نوکتە بەرهەم و دەرکردەی بەخشکەیی دەربرینە، هەندێک لە ئیدیەمەکانیش لە نوکتەوە دەکەونەوە.

٢/٢/٢) ڕۆڵی نوکتە لە بەرهەنهێنانی ئیدیەمی نوێدا

بۆ خستنەڕووی ئەم بابەتە و بەڵگە هێنانەوە پێویستە ئەو نوکتە باوانە بخرێنەبەرچاو، کە لەبەر چێژو خۆشی بەخشینیان بەرەو ئیدیەمی چوون. بەکارهێنانی فرێزێک یان ڕستەیەک لە نوکتەکە وەک ئیدیەم خۆی دەنوێنێت، بڕوانە (١٠، ١١، ١٢، ١٤،١٦).

١٠) گێرانەوەی نوکتە: شۆفێرێکی تاکسی هەتیوباز دەبێت، کورێکی جوان سەردەخات. نازانێت چۆن تەکلیفی لێبکات. ناچار جگەرەیەکی پێشکەش دەکات و کوڕەش دەڵێت: سوپاس ناخۆم، شۆفێرەکەش دەڵێت: ناخۆم و نایم و نایيەم ناخوات.

ڕستەی کۆتایی بووەتە ئیدیەم لای زۆرکەس و لە چێوەیەکی (سیاق) دیارکراودا ڕستەی > ناخۆم و نایم و نایيەم ناخوات< بەکاربهێنرێت واتاکەی دەگات، کە واتای ئەوە دەبەخشێت نابێت ئینکاری و دوودڵی هەبێت و دەبێت ئەم کارە جیبەجێبکرێت.

١١) ژنێک لەگەڵ هاوسەرەکەی سێکس (جیماع) دەکات، بەڵام سێکسەکە لە شوێنێکی نەشیاوی ژنەکەوە پیاوەکە ئەنجامی دەدات، کە ئەگەر بەم شێوەیە سێکس لەگەڵ ئافرەت بکرێت، ئەوا پەردەی کچێنی لەدەستنادات و بە پاکیزەیی دەمێنێتەوە. لە ئانوساتی سێکسەکەدا، ژنەکە بە پیاوەکەی دەڵێت: >منت بردەوە یاد ئەیام داخلی<.

ئەو مەبەستە پراگماتیکییەی کە دەرنەبڕاوە لەناو گوتنەکەدا هەیە، ئەوەیە کە ژنەکە بە کچی و لە بەشی ناوخویی (داخلی) خەریکی ئەم کارە بووە. ئەمەش لە کلتووری کوردیدا بەکارێکی یاساغ و شەرەفشکێنی دادەنرێت.

ڕستەی >منت بردەوە یاد ئەیام داخلی< وەک ئیدیەمێکی نوێ بۆ هەموو ئەو هەلومەرجانە دێت، یادەوریەکی کۆن بخاتەوە یاد.

١٢) ئەندازیارێکی کشتوکاڵی (موهەندیسی زراعی) سەردانی گوندێک دەکاتو شەو لە ماڵی ژنێک دەمێنێتەوە، ژنەکە تا بەیانی هەوڵ لەگەڵ ئەم موهەندیسە دەدات، کەچی موهەندیس یان هیچی پێناکرێت! یان تێناگات!

بۆ بەیانی لە خەو هەڵدەستن و ژنەکە کولانەی مریشکەکانی دەکاتەوە، کابرای موهەندیس سەیردەکات یەک مریشک و شەش کەڵەشێری هەیە، ئەمەش دەبێتە پرسیارو بەژنەکە دەڵێت بۆ ژمارەی کەڵەشێرەکانت ئەوەندە زۆرە؟ ژنەکەش دەڵێت: ئەو شەش کەڵەشێرە پێنجیان موهەندیسی زراعین.

لە (١٢)دا، ژنەکە دەیەوێت بەخشەکەیی بڵێت: لەو شەش کەڵەشێرە یەک دانەیان کار (پەڕین و پیتاندن) دەکات، ئەوانی کەیان وەک موهەندیسەکە بێکردارن. ئیدیەمی <موهەندیسی زراعی> ئیدیەمێکی باوی ناو چینێکی دیارکراوی کۆمەڵی کوردییە، هەر ئیدیەمێکی دیکەش بە نموونە وەربگرین لە ناوچەیەکی دیارکراو لەلای توێژیکی دیاریکراو باو و بڵاوە (بڕوانە ١٣).

١٣) <برا گەورەکەی مردووە>.

ئیدیەمی (١٣) بۆ پیاوێک بەکاردێت توانای سێکسی نەمابێت، ئیدیەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئامێری جووتبوون (چوک) لای پیاوان هێندەی برا گەورە خۆشەویستە. ئەم ئیدیەمە بەزۆری لەناو توێژی کامڵی پیاواندا باوو بڵاوە.

١٤) دوو هاوڕێ لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون، مەتەڵ لەیەک داب‌هێنن. هەرکامیان مەتەڵەکەی زانی بیەڕێت لەوی تریان، هەریەکەیان حەزدەکەن مەتەڵەکە نەزانن، تا ببنە بەرکار نەک بکەر. ئەمەش بەخواستی خۆیان.

یەکێکیان بەوی دیان دەڵێت: ئەمە چییە؟ چوارقاچی هەیە، لەسەگ بچوکترە، ڕاوی مشک دەکات.

هاوڕێیەکەی دەڵێت: ئەسپە. ئەویش دەڵێت: خوات بێ دەمیاوێنێت.

کارەکەی تەواو بۆ ئاسان دەکات بەهۆی کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتووی: <پشیلە و میاواندن>، کە لە زمانی کوردیدا کۆمەڵەوشەی دەنگی ئاژەڵەکان جیاکراوەتەوە (بڕوانە ١٥).

١٥) <شێر و نەڕاندن>، <ورچ و بۆڵاندن>، <سەگ و وەڕانـدن>، <پشیلە و میاواندن>...هتد.

ئیدیەمی > خوات بێ دەمیاوێنێت< تاڕادەیەکی زۆر لەناو قسەپێکەرانی شاری سلێمانیدا باو بڵاوە.

١٦) بەژنێکی پیر دەڵێن شوو خۆشە یان شووتی؟ پیرەژنەکەش دەڵێت: کوا من دانی شووتیم ماوە.

دەیەوێت بەخشەکەیی بلێت شووەکە بێکێشەترو خۆشترە.

ئیدیەمی > کوا من دانی شووتیم ماوە < لەناو زۆرینەی کۆمەڵی کوردیدا و بەتایبەتی قسەپێکەرانی کرمانجی ناوەڕاستدا بەکاردەهێنرێت .

**ئەنجام**

١-نوکتە لەڕووی ئەدەبییەوە بەشێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆر، بەڵام لە ڕووی زمانەوانییەوە یەکێکە لە دەربڕینە چەسپاوەکانی وەک (پەندو ئیدیەم و کۆمەڵە وشە و وشەی لێکدراو)، بۆیە لە هەر دوو ڕەهەندەکەوە (ئەدەبیو زمانەوانی) لێدەکۆڵرێتەوە.

٢-سنووری هەریەک لە میتافۆر و ئیدیەم و پەند دیارکراوەو هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیاننو جیاکردنەوەیان بۆ کەسانی پسپۆڕ ئاسانە.

٣- نوکتە باوەکان ئەوانەی کە دەبنە هۆی پێکەنینی زۆر، یان لە لای کۆمەڵی کوردیی پەسەندن. لەبارن بۆ بە ئیدیەمبوون یان هەلی بە ئیدیەمبوونیان زۆرە.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**أ/ کتێب**

١-ئیدریس عەبدوڵڵا، ئەدەبی میللییو فۆلکلۆریی، حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

٢-بێستوون حەسەن ئەحمەد، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢.

٣- لێکدانەوەی سێمانتیکو پرگماتیکی دەربڕاوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١٨.

٤-پ.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، لێکۆلینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، ٢٠٢٠.

٥-محەمەدی مەحویی، زانستی هێما هێما، واتاو واتا لێکدانەوە، بەرگی یەکەم -أ- و دووهەم -ب- ، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی، ٢٠٠٩.

٦-محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.

٧-یوسف شەریف سەعید، زمانەوانی ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١.

**ب/ نامەی بڵاونەکراوە**
١- بەدرخان سلێمان عەلی، لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، ( ٢٠١٥) .
٢- تریفە عومەر ئەحمەد، پراگماتیکی فەرهەنگیو پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، ( ٢٠١٣) .
**پ/ گۆڤارو ڕۆژنامە**
١- بکر عمر علی، تریفە عمر احمد، مەبەستە پراگماتیکییەکان لە وتاردا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی – بەشی- ب- ، ژمارە (٣٠)، ٢٠١٠.
٢- عمر محمود کریم و شێرکۆ حمە ئەمین قادر بنەمای هاریکاری لەگوتاری سیاسی کوردیدا ، گۆڤاری ئەکادیمی ، ژ ١٥ ، ( ٢٠١٠ ) .
**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**
1. Birner b.J,(2013) Introduction to Pragmatics, Ho printing Singapore Pte Ltd.
2. Jean A. (1999), Teach yourself Linguistics, NTC Publishing group.
3. Yule G. (1996), Pragmatics, Oxford University press .

## پوختە

لێکۆڵینەوەکە بەناونیشانی (ڕۆڵی نوکتە لە بەرهەمهێنانی ئیدیەمی نوێباودا) یە، کە تێیدا ڕێبازی پەسنی شیکەرەوەیی بەکارهاتووە. نموونەکانی ناو لێکۆلینەوەکە لە زمانی قسە پێکەرانەوە وەرگیراون، لەسنووری ئاخێوەرانی کرمانجی ناوەڕاستەوە. هەرچی نوکتەکانیشن لە زاری قسەخۆشانەوە بۆ ناو لێکۆلینەوەکە گواستراونەتەوە.

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە. باس لە زانستی زمان و پراگماتیک و بەخشکەیی دەربڕین دەکات، تێدا ئەوە خراوەتە ڕوو ئەگەر ڕستەیەک لە ئاستی سیمانتیکدا لێکنەدرایەوە، ئەوا دەبێت لە پراگماتیکدا مەبەستەکە بدۆزرێتەوە. بەشی دووەم باس لە نوکتەو ڕۆڵی بەخشکەیی دەربڕین لە بەرهەمهێنانی نوکتەدا دەکات. لەم بەشەدا بەرهەمهێنانی نوکتە ئاماژەی پێدراوە، هەر لەم بەشەدا باس لە ڕۆڵی نوکتە لەبەرهەمهێنان و بوون بە ئیدیەمی نوێ و نوێباودا کراوە. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوە

*زانکۆی سلێمانی- سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت

# هۆشیاری و زمان

هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف

**(شوكر هۆشیارە مەحوی، تێدەگا دنیا خەراباتە**
**كە بەدمەستی بكا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم)**

مرۆڤ بوونەوەرێكی ئاقڵە و بیردەكاتەوە، هۆشیاری پەیدا دەكات و درك بە جیهان و شتەكان دەكات، كۆمەڵێ كاتیگۆری هۆشەكی پەیدا كردوون، بەم كاتیگۆرییانە لە نێو بوونی جووڵاودا دەژی.

هۆشیاری لە خۆیدا، گشت بیرۆكە و شت و دیاردە و چەمكەكان لە نێوەخۆیدا هەڵدەگرێت، لە نێو كات و شوێندا درك بە خۆی دەكات، درك بە وێنەی خەیاڵی جیهان دەكات و هەروەها درك بە وێنەی هزری جیهان دەكات. درك بە بوونی شتەكان و درك بە بوونیش دەكات. هۆشیاری درك بە جەستە و درك بە ئەقڵ دەكات، درك بە ماددە و درك بە ڕووح دەكات. هۆشیاری هێزێكی مرۆییی نادیارە كە درك بە هۆشیاری لە خۆیشیدا دەكات!

مرۆڤ لە ڕێی هۆشیارییەوە بوونی خۆی دەئەزموویت، هەر لە ڕێی هۆشیارییەوە جیهان دەبینێت و دەیناسێت و دەیئەزموویت. بڕیار و هەڵوێستەكانی مرۆڤ لە هۆشیارییەوە سەرچاوە دەگرن. لە جیهانی عاریفاندا، هۆشیارییەك هەیە كە لە دژی غایببوون دەوەستێتەوە، (خودی عارف- زاتی عارفە) یان خودی هۆشیارە، كە بەردەوام هۆشیاربوون و حزوور و شهوودی هەقیقەت دووپات دەكاتەوە، ئەم مەیلە ئەقڵی و ڕووحییە لە نێو عیرفاندا هۆشیارییەك پێشكەش دەكات كە مرۆڤ بە هەقیقەت ببەستێتەوە، بۆیە گشت عاریفان بە زۆر شێوە شوكرانەی خودا دەكەن كە هۆشیاریی پێ بەخشیون و هەقیقەتی جیهانی خەیاڵی دەزانن و هۆشیاری بە جیهانی هۆش یان ڕووح دەبینن.عارفان درك بە جیاوازیی نێوان وێنە و هەقیقەت دەكەن، ئەم هزرەی جیهان، كە شت و مرۆڤ و دیاردە و چەمكەكان دەگرێتەوە، تەنیا سێبەرێكن بۆ جیهانێكی باڵاتر، مرۆڤ دەبێت هۆشیار بێت لەوەی وێنەی جیهان و وێنەی خۆی لێ نەبێت بە جیهانی هەقیقی و مرۆڤی هەقیقی و هۆشیار!

گشت عارفەكان بە جۆرێك ڕەخنە لە خەڵك دەگرن كە ئەهلی خراپەن، ئاگایان بە ڕووحی جیهان و ڕووحی مرۆڤ نییە، زۆربەی مرۆڤەكان، كە وێنەی خۆیان لە ئاوێنەی دنیا یان كۆمەڵگەدا دەبیننەوە وا دەزانن ئەم وێنەیە ئەوانن، بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤ تا هۆشیار نەبێتەوە، وێنەی هۆشەكی و ڕووحی جیهان و مرۆڤ نابینێت.

حەللاج كە هاواری كرد : "منم هەق!" ساتی ئەو هۆشیارییە مرۆییە بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەراباتی دنیا و كۆمەڵگە، ترسی دەسەڵاتی سیاسی و

کۆمەڵایەتیی حەللاجیش لێرەدا سەرچاوە دەگرێت، کە ئەم دەنگە دەنگی هەقە، ڕەسەنە، ڕووحە و خەرابات و وەهمی ئەم جیهانە و ئەوەی تێیدایە کەشف دەکات!

هاواری "منم هەق" لە ئاست ئەو هەموو دەنگە دەوەستێتەوە کە وێنەیەکیان بۆ هەق و هەقیقەت هەیە، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لە ڕێی وتارەکانی دین و سیاسەت و ڕۆشنبیری و کولتووری و شارستانییەوە، وێنەیەک بە جیهان دەدەن، وێنەیەک کە لەگەڵ ویست و بەرژەوەندییەکانیان بگونجێت. مرۆڤی نێو کۆمەڵگاش بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، کە سەردەمی "هیچوپووچییە– تەفاهەت" وێنەیەکی هەستەکی و بەرچاو بۆ خۆی دادەتاشێت، هەوڵ دەدات تەماشای وێنەکەی بکات و بڵێت: "ئەمە منم!" منێکی کۆمەڵایەتی کە لە سەرەوەدا لەگەڵ وتارەکاندا کۆک و تەبایە، لە بنەوەشدا منێکە دژ بە بنەماکانی ئەم وتارانە!

عارفەکان ڕەخنە لەم دیاردەیە دەگرن، کە مرۆڤ لە جیهانی هەستەکیدا وەک بینەرێک تەماشای خۆی دەکات، لە دەرەوە لە خۆی دەڕوانێت و بڕوا دەکات کە: "دەوڵەمەندە، جوانە، دەسەڵاتی هەیە، بەهێزە و... تاد." ئەوانە بەدمەستی خراپەن و خەرابات دەئەزموون!

مرۆڤی هۆشیار بە وێنەکانی خۆی ڕازی نابێت و بە هۆشیارییەکی بەرزەوە بەرەو خودی قووڵی خۆی شۆڕ دەبێتەوە. لە نێوان هۆشیاریی بەرز و خودی قووڵدا ڕووگەیەک دادەمەزرێنێت، کە تێیدا بەرزی و قووڵاییی خۆی بەیەک دەگەیەنێتەوە.

ئەم ڕووگەیەی کە مرۆڤی هۆشیاری تێدا دەردەکەوێت، جیهان و بوونیەتی، هەم وێنەیەتی و هەم هەقیقەتیەتی، لە نێو جیهانی ماددەدا ڕووحی خۆی دادەنێت و لە ڕووحی خۆیشیدا ئەو جیهانە ماددییە نیشتەجێ دەکات.

مرۆڤی هۆشیار، وەک کەسێکی ڕووحانی، ڕووحی جیهان لە نێو شتەکاندا دەبینێت، ڕووحی خۆیشی لە نێو جیهاندا دەبینێت، بەڵام هەرگیز وەک خەڵکی بەدمەست بینەر نییە! بەڵکوو بەشدارە لە جیهاندا، خۆی وێنەی خۆی لە ڕێی زانین و ناسینەوە کامڵ دەکات. مرۆڤی هۆشیار پەردەکانی سەر (من) لادەبات و ڕووحی ئەم منە بەیان دەکات، ڕەخنە لە کۆمەڵگا دەگرێت کە لە خۆیاندا غایبن و هۆشیارییان نییە، مەحوی دەڵێت:

**قەیکردنی سوراحـی ئەگەر تێبگەی، دەڵێ**
**دڵ تێکەڵ هاتنە لەگەڵ ئەم خەڵکە تێکەڵی**

گشت عارفەکان ڕەخنە لە مرۆڤ دەگرن کە لە نێو واقیعدا بێ حزووری جیهان لە نێو خۆیاندا ژیان و ئیمان دەئەزموون، بەڵام مرۆڤ لە نێو بووندا ناچارە تێکەڵ بە خەڵکی بێت، کە تێکەڵیشیان بوو ناچارە بدوێت، دەنگە دەنگ بکات، زمانی بێتە گۆ و هۆشیاریی بەرزی خۆی نیشانی ئەوانی دیکە بدات و لە ڕێی نیشاندانی هۆشیاریی خۆیەوە ڕەخنە لە هۆشیاریی نزم و ناڕەسەنیی ئەوانی دی بگرێت!

(٢)

هۆشیاریی مرۆڤ کە دەتوانێت درک بە هەموو بیرۆکە، شت، دیاردە و چەمکێک بکات، دەتوانێت خۆی بۆ نێو زمان بگوازێتەوە. پێوەندیی هۆشیاری و زمان، پێوەندییەکی یەکانگیرە، بێ یەکدی نابن، هۆشیاری دەپەڕێتەوە نێو زمان و زمانیش دەپەڕێتەوە نێو هۆشیاری. پێکەوە یەکبوونێک پەیدا دەکەن، لێرەدا زمان دەبێتەماڵی هۆشیاری.

عارفان کە بە هۆشیاری تەماشای دنیا دەکەن و بیری لێ دەکەنەوە و دەیناسن، دواتریش لە ڕێی دەقێکی شیعری یان هونەری یان هەر شێوازێکی تر دەریدەبڕن، ئەم زمانەی قسەی پێ دەکەن دەبێتە ڕووحی قسەکە و وتە پەیدا دەکات.

بابەتی ڕووح وەک لە قورئاندا هاتووە، لە ئەمری خودادایە، بەو واتایە نییە کە کەس ناتوانێت بیزانێت، نەخێر بەڵکوو ڕووح ئەمری خودایە، ئەمری خودا هۆشیارییەکەیەتی! حیکمەتەکەیەتی، کە لە ڕێی دەقەوە بۆ مرۆڤی دەنێرێت، ئەم هۆشیارییە لە نێو دەقدا دەبێتە ڕووحی ئەمرەکە، هەر دەقێکی موقەدەس یان ناموقەدەس ڕووحی تایبەتیی خۆی هەیە، ئەم ڕووحەش هۆشیاریی نووسەرەکەی دەگوازێتەوە، قورئان هۆشیاریی خودایە، دەقی نووسەریش هۆشیاریی نووسەرە. گشت دەقێکیش بە پێی ئاستی زمانی خۆی، جا زار، یان زمانی دینی، یان زمانی ڕەمز، یان زمانی شەتح، یان زمانی ئیشراقی بێت، ڕووحی نووسەرەکەی لە خۆی دەگرێت.

عارفان کە بە دنیای شهوود دەگەن، هۆشیارییان دەبێتە درککردنێکی ئیلاهییانە، بەو واتایەی هۆشیارییەکی بەرز و باڵا، کە لە ئەقڵیاندا هەقیقەت و بوون و جیهان ئاشکرا دەبێت و دەیبینن، ئەم دیتنە دەخەنە سەر زمان، زمانەکەش ئەم هۆشیارییە لە ڕێی ڕووحی زمانی دەقەکە بۆ مرۆڤ دەگوازێتەوە، زمانی عارف دەبێتە ڕووحەکەی کە هۆشیارییەکەی بەرجەستە دەکات، زمان بەرجەستەی ئەو هۆشیارییە دەکات کە عارف لە ڕێی دیتنەوە ئەزموویەتی.

لە فەلسەفە و ڕەخنەی نوێدا هەموو شتێک دەقە، هەموو شتێک زمانی خۆی هەیە، هەموو شتێک هۆشیاریی دانەر یان داهێنەرەکەی لە پشتە، هەموو شتێکیش لە ڕێی شێوە و وێنەکەیەوە هۆشیاریی دانەرەکەی پیشان دەدات، ئەم نیشاندانە لە ڕێی زمانی ئەم شتەوە دەبێت. لە فەلسەفەی ڕەخنەییی نوێدا، شار و ئاوایی و باڵاخانە و هەموو شتێکی ماددی دەقە، گشت دەقێکیش هۆشیاریی خاوەنەکەی دەگوازێتەوە، واتا ناوەڕۆکی دەقەکە، ڕووحەکەی لە نێو خۆیدا هەڵدەگرێت، بەڵام کێ ئەم ڕووحە دەبینێت و دەخوێنێتەوە؟

بۆ عارفەکان گشت جیهان دەقی خودایە، جیهان قورئانی گەورەی خودایە، هەموو توخم و ماکەکان خواوەندین و ڕووحی خودایان تێدایە، وەحدەتی شهوود ئەمەیە کە عارف لە هەموو شتێکدا خودا دەبینێت. ئەمە سەبارەت بە نموونەکانی ئەفلاتۆنیش ڕاستە، هەموو ئایدیاکان لە پشت جیهانی ماددییەوە لە هۆشیاریدا درکی پێ دەکرێت، ئایدیای (جوانی) بۆ نموونە لە جیهانی هەستەکیدا دیار نییە، مرۆڤ شتگەلی جوان دەبینێت، بەڵام ئایدیای جوانی نابینێت، ئایدیای جوانی لە هۆشیاریدا درکی پێ دەکەین. جوانی دەقیش هەر لە نێو ڕووحی دەقەکەدا درکی پێ دەکرێت، کە لە هۆشیاریدا هاتووەتە نێویەوە.

ئەم هۆشیارییە لای عارفان و فەیلەسووفان وەک بەخششێکی ئیلاهییانە وەسفی کراوە، بە ناوی سروش و ئیلهام تەفسیر کراوە، بەڵام لە هەقیقەتدا ئەم سرووش و ئیلهامە زادەی هۆشیاریی مرۆڤە، زمانیش ئەم هۆشیارییە بە ڕووح دەکات.

## (٣)

ئەم کەسە کێیە کە ڕووحی دەق دەبینێت؟ کە درک بە هۆشیاریی دانەری دەق دەکات؟ عارفەکان دەڵێن ئەم کەسە مرۆڤی کامڵە، سوهرەوەردی دەڵێت قاییمی کتێبە، لای نیتشە سوپەرمانە، لای هایدگەر مرۆڤی ڕەسەنە کە بۆ بوونی مرۆڤ و بوون بە گشتی و بۆ جیهان نیگەرانە، ئەم کەسە هەر ناوێکی لێ بنێین، ئەو کەسەیە کە توانای وەرگرتنی سروشی هەیە، بەو واتایەی چەند خۆی ناسیوە. "من عرف نفسه عرف ربه" ئەو کەسەی خۆی دەناسێت خودای خۆی دەناسێت، ئەوەی خودای خۆی بناسێت، درک بە هۆشیاریی خودای خۆی دەکات، درک بە خۆی دەکات، خودای ئەو کەسەی خۆی ناسیوە، هۆشیارییەکەیەتی، شتێکی تر نییە لەدەرەوەی هۆشیارییەکەی، ئەم خودایە، ئەم هۆشیارییە، سەرچاوەکەی خودە کە ناسراوە، مرۆڤ کە خۆی ناسی و درکی بە هۆشیاریی خواوەندانەی خۆی کرد، لەم کاتەدا وەک سوهرەوەردی دەڵێت سروشی بە واجیب بۆ دێت. چونکە مەعریفە

موقەدەسە، بە واتای ئەوەی بێگەردە و لە جیهانی هەستەکییەوە نایەت، بەڵکوو لە جیهانی هۆشەکییەوە دێت، لە هۆشیارییەوە پەیدا دەبێت، بۆ تاک بە تاکی مرۆڤەکان دێت، هیچ کەسێک نییە هۆشیاری و زمانی نەبێت، بەڵام ئەوانەی بە پایەی شهوود و سروش دەگەن، ئەو کەسانەن کە خۆیان ناسیوە و هۆشیارییان بە خواوەندی خۆیان پەیدا کردووە.

مرۆڤی ڕەسەن، ئەو کەسەیە هۆشیارییەکەی سەر بە خودی خۆیەتی و سەر بە کۆمەڵگا و دەرەوەی خۆی نییە، مرۆڤی ڕەسەن هۆشیارە بە خودی خۆی و بە زمانی خۆی و ڕووحی خۆی، ئەزموونی خۆی لە نێو بووندا وەک تاکێکی ڕەسەنی خواوەندی پێڕەو دەکات، بۆ جیهانی نموونەکان دەپەڕێتەوە، ئایدیا ڕەها و گشتگیرەکان و چەمکەکان لە خۆیاندا دەناسێت نەوەک لە نموونەکانی جیهانی هەستەکیدا.

مرۆڤی ڕەسەن بە پێی ئەو نەزمە ئەخلاقییە خواوەندییەی تایبەت بە خۆی پەیدای دەکات، تەماشای جیهان و شتەکانی ناوخۆی دەکات، چەند پتر لە جیهانی خودی خۆی ورد ببێتەوە، ئەمەندە هۆشیاریی بەرزتر دەبێتەوە و زمانی قووڵتر دەبێت!

هۆشیاریی بەرز و زمانی قووڵ لە ڕووگەیەکدا بەیەک دەگەنەوە کە خودی مرۆڤە، کە مەعریفەکەیەتی بە خۆی و خواوەندی خۆی!

(٤)

مەحوی دەڵێت:

**بێ کەس منم، کەسێ لە زوبانم بگا نییە**

**هەمدەم خودا نەناسن و دەم پڕ لە یاخودا!**

ناوەکانی خواوەند، خود، هۆشیاری، ڕووح، بوون، ئایدیا، جوانی و زمان لە جیهانی ماددیدا نابینرێن، بەڵام لە جیهانی هۆشیاریدا درکیان پێ دەکرێت. بەڵام جیهانی هۆشیاریش بێ ئەم جیهانە نییە، دەبێت مرۆڤ و شت و جیهان هەبێت، لە ڕێی هەستەکانەوە ببینرێن، ئینجا بیریان لێ بکرێتەوە و بە هۆشیاریی بناسرێن و بڕیاریان لە بارەوە بدرێت. واتا مرۆڤ لە ڕێی مەعریفەوە خۆی کامڵ دەکات، یان بەرەو کامڵبوون دەڕوات.

عارفەکان دەبینن کە ئیرادەی مرۆڤ لە بەرانبەر خودادا کەموکورتە، بەڵام خودا مەعریفەی بۆ هەموو کەس ناردووە و گشت کەسێک دەتوانێت ڕێگای مەعریفە بگرێت، گشت کەسێک خاوەن هۆشیاری و زمانی تایبەتیی خۆی بێت.

مرۆڤی ڕەسەن یان هۆشیار ئەو کەسەیە کە بە هۆشیاریی خۆی بڕیار لەسەر بوونی

خۆی دەدات، خۆی لە ئەهلی بەدمەست و خراپە دوور دەخاتەوە و تێکەڵی هۆشیاریی گشتی نابێت، هۆشیاریی خۆی لە هۆشیاریی خەڵکی و کۆمەڵایەتی و گشتی جیا دەکاتەوە، بەمەش زمانی تایبەتیی خۆی پەیدا دەکات، کە مرۆڤەکانی دی تێی ناگەن.

مەحوی لەم دێڕە شیعرەدا ئەو دۆخە دەستنیشان دەکات، کە کەس لە زمانی ناگات، چونکە زمانی ئەو هیی مرۆڤێکی ڕەسەنە، کەسێکە بەرەو کامڵبوونی بوونی خۆی دەڕوات، ئەوانەی تر کەسانێکن خودا نەناسن، بەڵام هەردەم هاوار دەکەن : "یا خودا!"

مەحوی هۆشیاریی ڕەسەنی خۆی بە دەست هۆشیاریی ناڕەسەنی گشتییەوە نادات، زمانیشی ناخاتە بن ڕکێفی زمانی گشتی. لێرەدا ئاستەکانی زمان دەردەکەون، زمانێکی ڕەسەن کە بەرجەستەی هۆشیارییەکی بەرزی مرۆڤێکی هۆشیارە، لەگەڵ زمانێک کە هۆشیارییەکی ناڕەسەن بەرجەستە دەکات. زمانی مەحوی زمانی عاریفێکی ئیشراقی باڵایە، کە هۆشیاریی بە دیوی خوداوەندی و ڕووحانی خۆیەوە هەیە، ناوەکان و ئایدیاکان دەناسێت، بەڵام زمانی گشتیی لە ئاستێکی نزمدایە و ناتوانێت خودا بناسێت.

ئەو هۆشیارییەی نەتوانێت خودا بناسێت، چەند هاواری خوداش بکات، ناتوانێت ببێتە خاوەن زمانێکی ئیشراقی، بە پێچەوانەوە لە ئاستێکی نزمدا دەمێنێتەوە و هیچ شتێک لە بارەی خوداوە ڕوون ناکاتەوە.

(٥)

خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی دروست کرد، فێرە ناو و سیفەتەکانی کرد، کردیە خەلیفەی خۆی لەسەر زەوی، زانیاریی پێ بەخشی تا لە وجوودی هەق و بیرۆکەی هەق بگات.

وجوودی هەق ئەو بوونەیە کە لە ژێر کۆمەڵێ قانوونی گەردوونیدا پەیدا بووە و بەڕێوە دەچێت، لە نێو نەزمێکی ماتماتیکیی ورد و ڕەسەندا خۆی ئاشکرا دەکات، جیهانی هەستەکی لە نێو ئەو قانوون و نەزمەدا خۆی پیشانی مرۆڤ دەدات، مرۆڤ بە ئەقڵ دەیبینێت، ئینجا بیری لێ دەکاتەوە و دەیناسێت.

فەیلەسووفەکان لە ڕێی کاتیگۆرییەکانەوە ئەم بوونە دەناسێن، وێنەیەکی هۆشەکی بۆ پەیدا دەکەن، ئەم وێنە هۆشەکییە ئەقڵییە دەبێتە بیرۆکەی بوون. واتا بوونی دەرەوە، لە ئەقڵدا دەبێتە بوونێکی وێنەیی، تەسەووری، مرۆڤ هەم درک بە بوونی دەرەکی دەکات هەم درک بە بوونی هۆشەکیی خۆی دەکات.

هۆشیاریی مرۆڤ جیهانی دەرەوە لە ڕێی کاتیگۆرییەکانەوە دەناسێت، قانوونەکانی گەردوون و مرۆڤ کەشف دەکات، دەزانێت ئەم قانوونانە بنەڕەتیی بوونن، واتە ڕەسەنن، ڕەسەنایەتی بە بوون و جیهانی ماددی دەدەن، تێکچوونی هەر قانوونێک لەم قانوونانە، دەبێتە هۆی تێکچوونی ڕەسەنایەتی بوون و جیهان و ژیان.

هەروەها هۆشیاریی مرۆڤ لە ڕێی چەمکەکانەوە جیهانی هۆشەکی و هزری بوون دەناسێت، دەزانێت ئەم چەمکانە بنەڕەت و ڕەسەنن، ڕەسەنایەتی بە بوون و جیهانی ڕووحی دەدەن. واتا هەردوو جیهانی ماددی و ڕووحی ڕەسەنایەتی خۆیان هەیە، یەکەمیان لە ڕێی کەشفی قانوونەکانی جیهانی ماددییەوە پەیدا دەبێت، دووەمیشیان لە ڕێی کەشفی چەمکەکانی جیهانی هۆشەکییەوە پەیدا دەبێت.

ناسینی جیهانی هەستەکی و ماددی لەگەڵ ناسینی جیهانی ئایدیا و هۆشەکی، دەبنە هۆکاری ناسینی ڕەسەنایەتی بوون و بوونی مرۆڤ. ئەم ناسینە واقعی ئۆنتۆلۆجی و واقعی ئەخلاقیی مرۆڤ دەستنیشان دەکات.

هۆشیاری کە درک بە ڕەسەنایەتیی بوونی ماددی و هۆشەکی دەکات، بە واجیبی دەبینێت کە بە ڕەسەنی بژی، وەک خەلیفەی خودا بوون و جیهان و ژیان بئەزموویێت، وەک خەلیفە کە لەسەر وێنەی خودا پەیدا بووە، ناو و سیفەتەکان دەزانێت، زەوی و جیهانی ماددی و هۆشەکیی خۆی کەشف و پەیدا بکات و ڕەسەنانە بیئەزموویێت.

ژیانی ڕەسەن بریتییە لەمەی مرۆڤ هەم قانوونەکانی بوونی هەق بپارێزێت و هەم قانوونەکانی ئایدیای هەقیش بپارێزێت. کاتێک مرۆڤ هەر قانوونێک لەم قانوونانە بشکێنێت، ڕەسەنایەتیی بوون و جیهان و ژیان دەشکێنێت، بە هەردوو دیوە وجوودی و ئەخلاقییەکەیەوە. بۆیە ژیان بە ڕەسەنایەتی بابەتێکی ئیختیاری نییە، بەڵکوو واجیبێکی ئیلاهییانەیە، بەو واتایەی ئەرکێکی ئەقڵییە مرۆڤی ڕەسەن بەکاری دێنێت بۆ ناسین و پاراستن و ئەزموونکردنی ئەم بوونە.

ئەو ڕواڵەتبازییەی ئەمڕۆ لە جیهاندا بڵاوە، دەرچوونە لە ڕەسەنایەتیی بوونی مرۆڤ، لەو ئەرکە ئیلاهییەی پێی ڕاسپێراوە، شکاندنی قانوونی هەردوو جیهانی بوون و ئایدیای هەقە، واتا ڕواڵەتبازیی باتڵە! نەبوونێکی ماددیی ڕەسەنی هەیە و نەبوونێکی ئایدیاییی ڕەسەنی هەیە، بەڵکوو لە بەرانبەر بوون و ئایدیای هەقدا باتڵە.

لێرەدا ئەو زمانەی لە هۆشیاریی مرۆڤی ڕەسەنەوە پەیدا دەبێت، زمانێکی ڕەسەن و هەقانییە، ئەو زمانەی لە هۆشیاریی مرۆڤی ڕواڵەتییەوە پەیدا دەبێت، زمانێکی ناڕەسەن و ناهەقە!

**حوزەیرانی ٢٠٢٤**

# مێژووی وەرگێڕان

هەیاس مەحموود کاکەیی

## پێشەکی

وەرگێڕان یەکێکە لەو بنەمایانەی فەرهەنگی زمانی پێ دەوڵەمەند دەبێت لە ڕووی وشە و زاراوەوە، هەروەها بۆ پەرەپێدانی هاوچەرخ کردنی (عبدالله لا٧٦، ز. زار ژ١٤)، وەرگێڕان هۆکارێکی گرنگە بۆ خزمەتکردنی زمانی ستانداردی هەر نەتەوەیەک (سامان لا٧، ز. زار ژ١٤)، لەگەڵ پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤایەتیدا، دەرکەوتنی ئیمپراتۆرییەتە جۆراوجۆرەکان بە درێژاییی مێژوو، تا دەگاتە ئەو سەردەمە. وەرگێڕان بە شێوەیەک لە شێوەکان وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی ڕۆڵی خۆی بینیوە و بایەخی پێدراوە لە مەیدانی زمانەوانیدا، چونکە وەرگێڕان بۆ لێکتێگەیشتن و دروستکردنی پەیوەندیی نێوان کولتوور و شارستانییەتەکانە (جەواهیری لا٢٥)، لە هەمانکاتدا پرۆژەیەکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییانە و تەرخانکردنی بۆ سوودبینین لە بوارە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگا، وەک بواری (تەندروستی، زانستی، ڕۆشنبیری، هونەری، بازرگانی، ...تاد)، هەرچەند کێشەی زۆر و ئاستەنگی جۆراوجۆر پەیدا دەبن لەڕێڕەوی ئەو پرۆژەیەدا بەهۆی گرفتەکانی ئابووری یان جەنگ یان کارەساتە سروشتییەکان یان باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە.

زمانیش ئامرازێکە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی و دیاردەی دەربڕین (تاهری لا٥٨٦)، هەروەها قەڵغانی پارێزەری بەردەوامی نەتەوەیە، ئەگەر نەتەوە یان کۆمەڵگا لەو قەڵغانە دواکەوت، وردە وردە بە درێژاییی مێژوو لەناو دەچێت (ز.زار لا١١٤،ژ٤). زمان ناسنامەی نەتەوەیە، لە خزمەتی ئەو نەتەوەیەدایە، چونکە سیاسەتی زمان بە پلەی یەکەم بنەمایەکی کۆمەڵایەتیی هەیە هەڵقووڵاوی ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەو زمانە قسە دەکەن (ڕەسول لا١٧، ز. زار ١١٤)، جا وەرگێڕان یان پرۆژەی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، دەبیت بە وردبینییەکی زۆر بەڕێوە بچێت کە کاریگەری لە سەرنجڕاکیشان و بایەخدان هەبێت لەسەر بەرانبەر یان خوێنەر و لێکۆڵەر، وەرگێڕان چاکترین نموونەیە بۆ دیراسەکردنی تێکەڵبوونی ڕەگەزە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکان و کارتێکردنی هەندێکیان بەسەر هەندێکی تریاندا (العراق القديم لا٢٥)، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا وەرگێڕان بووەتە پێویستییەکی هەرەسەرەکیی ژیان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و ئەنتەرنێت و هاتنەناوەوەی وشە و زاراوەی نوێ و تێکەڵاوبوونی نەتەوەکانی تر (عومەر لا٣٦، ز. زار ژ١٤).

باشترین هۆکار بۆ خزمەتکردن بە زمانی کوردی، دامەزراندنی ناوەندێکی کولتووریی تایبەت بە وەرگێڕانە لە کوردستان (سامان لا٤، ز. زار ژ٤) .

**بابەت:**

بە وردبوونەوە لە ناخی مێژووی مرۆڤایەتی، دەردەکەوێت لەوەتی زمان و ئاخاوتن هاتوونە گۆڕێ، وەرگێڕانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆی نواندووە، نەتەوە جیاوازەکان لە دێرزەمانەوە وەرگێڕانیان وەک ئەرک و پرۆژەیەک بەکار هێناوە بۆ تێگەیشتن و لێکنزیکبوونەوە و پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە نێوانیان و ئاڵوگۆڕی سوودبینین لە یەکتر لە هەموو بوارەکاندا.

سۆمەرییەکان لەو کارانەی کە جێیان هێشتووە، لە پشکنینی ئاسەوارەکاندا دەرکەوتووە، کە لەسەر چەند پارچە خشتی قوڕین بە خەتی مێخی بە زمانی سۆمەری نووسراوەتەوە و داتاکانیشیان بەرانبەریان بە زمانی ئەکەدی نووسراونەتەوە (وەیس لا٢٨)، ئینجا ئاشووری و بابلی (مستەفا لا١٤، ز. زار ژ١٤)، هەر لە پاش دروستبوونی بورجی بابل، وەرگێڕان بوو بە ڕێگایەکی پێویست، ئادەمیزاد بەکاری هێناوە بۆ تێگەیشتن لەگەڵ هاونەژاددا (وەیس لا٢٠).

نووسینی مێخی داهێنراوی سۆمەرییەکان بوو. کتێبخانەی خشتی کە مێخییە نووسراوەکان پێی دەگوترا (ئەی – دەبا) هەروەها بە قوتابخانەکانیش هەمان شت دەگوترا، چونکە زۆر دەزگای کتێب و سەنتەری فێربوون و زانست و ڕایشانکردن هەبوون (گ. مەتین لا١٤٢، ژ٧٦)، بڵاوبوونەوەی نووسینی مێخی لە سنووری وڵاتی دوو ڕووباردا بووەتە هۆی پەیوەندیی بەهێز و کاریگەریی هەبوو لەسەر گواستنەوە و تێگەیشتنی بیروباوەڕە ئایینییەکان و بەرهەمە ئەدەبی و ڕۆشنبیری (العراق القديم لا٢٧٢)، پاش دوو سەدە لە دەرکەوتنی نووسین لە وڵاتی سۆمەر (٣٠٠٠سـاڵ پ.ز.) لە شاری شووشی پایتەختی ئیلامییەکان (نووسینی ئیلامیی کۆن) دەرکـەوت بە پێی بۆچوونی پسپۆڕان (العراق القديم لا٢٧٥)، بە پێی ئەم بۆچوونەش ئیلامییەکان نووسینی مێخیی سۆمەرییەکان بۆ سەر زمانی ئیلامی کۆن بەکار هێناوە، هەروەها بەکارهێنانی پیتی سۆمەری لە نێو زمانی ئیلامی کۆندا جۆرێکە لە تێگەیشتن و وەرگێڕان.

لە ساڵی ١٨٦٩ز زانایەک لەبارەی نووسینەکانی مێخییەوە دەڵێت: ئەکەدییەکان دەقە بزمارییە سۆمەرییەکان وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی خۆیان وەک نازناوی پاشاکانی نیوان دوو ڕووبار، پاشاکانی سۆمەر و ئەکەد (العراق القدیم لا٦٤)، چونکە وەک دۆزراوە ئاسەوارییەکان لە نێو شارە جۆراوجۆرەکانی سۆمەرییەکاندا دەیسەلمێنن کە ئەم نەتەوانە (سۆمەری و ئەکەدی)، هەمان ڕژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەبووە، هەروەها هەمان بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمی ئایینی و بۆچوونی هونەرییان هەبووە، کە بەشێک بوونە لە شارستانییەتیی نێوان دوو ڕووبار (العراق القدیم لا٦٥)، گۆتییەکان دەسەڵاتی ئەکەدییەکانیان ڕوخاند (٢٢٥٤ -٢٢٣٠پ.ز)، هەروەها (کیشییەکان) لە سەردەمی حوکمڕانییاندا نووسینی مێخییان بەکار هێنا، چالاکیی دیاریان هەبوو لە داهێنان و لەبەرگرتنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە داهێنانەکانی بابلییەکان، کە گرنگییەکی زۆریان هەبوو لە بواری ئەدەبی و زانستیدا (العراق القدیم لا٢٧٨).

لە سەردەمی حامورابیدا کە لە (٢٦٠٠ پ.ز.) لەدایک بووە، ژمارەیەک زمان لەو سەردەمەدا هەبووە لە ساڵی (١٩٦پ.ز) لەسەر بەردی ڕۆزیتا (الحجر الأسود) بە دوو زمان و سێ ڕێنووس نووسرایەوە، (میسری- ئیگیبت، هیرۆگلوفین، گریک)، ئەو دۆکۆمێنتە بووە هۆی ئەوەی ڕێنووسی هیرۆگلۆفین ئاشکرا بکرێت (مستەفا لا١٧٩)، بەردی ڕەشید کە لە سەردەمی کۆنەوە گەیشووەتە بەردەست و لە ساڵی (١٧٩٩ز) دۆزراوەتەوە، بە ناوبانگترین وەرگێڕان تێیدا نووسینی زمانی هیرۆگلوفی و شیکرنەوەیەتی، دووەم وەرگێڕانی گریکییە (وەیس لا٢٨)، پەیوەندیی نێوان پاشاکانی دوو ڕووبار و فیرعەونییەکانی میسر لە ساڵانی (١٣٧٥ -١٣٤٧پ.ز.) نامە گۆڕینەکانیان، نووسین و زمان ئامرازێکی سەرەکی بوون بۆ گواستنەوەی زانیاری و زانست و ئەدەب و هونەر لە نێوان ئەو دوو کۆمەڵگایەدا (العراق القدیم لا٢٨١).

ئەفسانەی گلگامش، گلگامش کە لە هەندێ دەقی ئەکەدیدا هاتووە بە مانای جەنگاوەری پێشەوا، لە سۆمەریدا بە مانای ئەو پیاوەی خێزان پێک دەهێنێت و هەمیشە لە گەڕان و بەدواچوون بۆ نەمری دەکات یان پاڵەوانی نێوان زەوی و ئاسمان (گ. مەتین لا١٤٦، ژ٧٦)، هەندێ بەشی دۆزراوەتەوە لە (بوغاز کوی) پایتەختی (حیسییەکان)، وەرگێڕانی حیسی و خوریش لەسەر بەشێک لەو ئەفسانەیەدا دۆزراوەتەوە (هەمان سەرچاوە)، هەروەها (١٢) خشتی نووسراو لە

کتێبخانەی ئاشور پانیپاڵ دۆزراوەتەوە لە نەینەوا، گواستنەوەی ئەدەب و زانست لە بابلەوە بۆ یۆنان وەک هەندێ ئەفسانەی گلگامش لەناو ئەلیازە و ئۆدیسەدا هەیە (العراق القدیم لا٢٨٣).

ئەو هەموو ئاڵوگۆڕ و نامە و پەیوەندییە لە نێوان ئیمپراتۆرییەکانی پ.ز . لە هەموو بوارەکاندا بە هۆی وەرگێڕانەوە بووە، چ بە زمان و زار یان بە نووسین، واتە پرۆژەی وەرگێڕان لە مێژووی کۆندا ڕۆڵی تایبەتیی هەبووە و بایەخی پێ دراوە وەک ئەو نموونانەی کە دۆزراونەتەوە لە ئاسەوارە کۆنەکاندا.

دین یان دەقاودەقتر بڵێین وەرگێڕانی دەقی پیرۆز و ڕێزلێگیراوی دین بووەتە مێژووی دەستپێکی وەرگێڕان لە هەمان کاتیشدا برەودان بە زمان بۆ وەرگێردراو (خدر لا١٤٣).

یەکەم وەرگێڕان لە مێژوودا تەورات یان کتێبی پیرۆزی یەهوودی بووە، کە لە عیبرییەوە بۆ زمانی گریکیی هیلینی (٢٤٧پ.ز.) وەرگێڕراوە، (٧٢) وەرگێر لە ماوەی (٧٢) ڕۆژ تەواویان کردووە (مستەفا.لا١٩٧)، هەر لە سەدەی سێی زایینییەوە (جوستیان = قوستەنتین) ئیمپراتۆری ڕۆما بۆ مەبەستی سیاسی و فراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆی، مەسیحی دەکاتە دینی ڕەسمی (کە پێشتر لەسەر ئایینی مانی بوو –نەبەز. لا٣٠)، تەوجیل، واتە (ئینجیل و تەورات)، لە ئارامییەوە وەردەگێڕرێتە سەر زمانی لاتینی پاشان لە سەدەکانی دواتردا لە لاتینییەوە بۆ زمانە خۆجێییەکانی ئەوروپا(خدر لا١٤٣)، لە سەدەی ١٩ی زاییندا وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی (خدرلا ١٤٤) کتێبی تەوراتی جوولەکە و کتێبی ئینجیلی کریستیان کە بە دوو کتێبی پیرۆزی ئەو دوو دینە دەزانرێت بۆ سەر چەند زمان وەرگێڕراون لە جیهاندا و لە پیرۆزییشیان کەم ناکاتەوە، بەڵکوو سوودبەخشتریشە بۆ لایەنگران و هەوادارای ئەو دوو ئایینە.

لەسەر داوای پاپا (داماسۆس) ئینجیلی لە گریکی و تەوراتی لە عیبرییەوە کردووەتە لاتینی (مستەفا لا١٩٧) لە سەدەی ١٦ی زایینییدا ماتن لوسەر (١٤٨٣ -١٥٤١ز) کتێبی پیرۆزی وەرگێڕا بۆ سەر زمانی ئەڵمانیایی (گ. گەزەنگ لا١٨،ژ٩٥)، لە کۆتاییی سەدەی دەی زایینی ڕووسیاییەکان چوونە سەر ئایینی عیسایی و کتێبی تەورات و ئینجیلیان لە سلاڤیانی موراڤی و بولغارياييیەوە بۆ سەر زمانی خۆیان وەرگێڕا (عارف لا٣٣).

کتێبی ئاوێستای زەردەشتی لەسەر (دین کورد) وەرگێڕراوە و داڕێژراوە کە زۆر لە پێش زەردەشتەوە بووە (الخلیل لا)، زمانی ماددەکان زمانی ئاوێستا بووە، زمانی کوردیی موکری بووە لە شێوەزاری موکری یان لە زاری موکری زۆر نزیک بووە (مەردۆخ لا٤٦)، زمانی کوردی بەڵگەی ئەوە دەدات بە دەستەوە کە لە کوردستانی سەردەمی میدیادا بە زمانی ئاوێستا قسە کرابێت (نەبەز لا١٢)، ئاوێستا کە بە زمانی پەهلەویی ئەو سەردەمەی ساسانییەکان کە هەورامیی ڕەسەن بوون نووسراوە (بابان سەقزی لا٢٧)، زمانی پەهلەویی سەردەمی ساسانییەکان زۆر نزیک بووە لە کوردی، بەڵکوو زمانی کوردی ئەو سەردەمە بووە (تاهری لا٢٧١). زۆربەی نووسەران و مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن، لە سەرچاوەی کتێبە ئایینییەکانی پێشترەوە وەرگێڕراوە و داڕێژراوەتەوە، لە سەردەمی هاخامنشینەکاندا، کە ئەسکەندەری مەقدۆنی ناوچەکەی داگیرکرد، دانەیەک لە کتێبی ئاوێستای ڕەوانەی ڕۆما کرد بۆ وەرگێڕان و سوودبینین لە ناوەڕۆکەکەی، گاتا (گوتە) هەروەها بە مانای ڕاز و نیاز و کۆنترین سروودی کوردی لە جیهان دادەنرێت (گ. گەزەنگ لا٧١)، لەم دواییانەدا وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی لە لایەن بابان سەقزییەوە وەک دیارییەکی جوانی کتێبخانەی کوردی کە هەر خۆی دەڵێت: سروودەکانی گاتا وابەستە نییە بە زمان و جێگایەکی دیارکراوەوە، هورەکانی زەردەشت جاویدان و نەمرن، سروودەکانی زەردەشت یەکێکن لە کۆنترین سروودەکانی سەر گۆی زەوی کە بۆ مرۆڤایەتی و گەلی کورد بە تایبەتی نووسراون (بابان سەقزی لا٣٦).

سەدەیەک پاش زەردەشت (سەئینا پور ئۆهەمە سەتوتەی) پزیشکی زانا بە خۆی و (١٠٠) قوتابی بووە درێژەیان بە ڕێگای دەرمانگەری داوە، کە لە بڕگەی (١٧) فەروەدین یەشت ستاییشی گیانی پاکی ئەو مامۆستایە دەکات کە لەگەڵ ئەو (١٠٠) قوتابییە داهێنەری کاری سەرسوڕهێنەری پزیشکی بوون، جگە لە ئەستێرەناسی و جوگرافی، کە دواتر ئەو قوتابییانە بوون بە مامۆستای (فیساگۆرس)ی حەکیمی یۆنانی (گ. گزەنگ لا٧٢)، دەکرێت بڵێین قوتابخانەی ئەکباتان لە سەدەی (٦ پ.ز) یادگاریی قوتابخانە سەدکەسییەکەی (ئەسینا پوورە) کە ئەویش سەرچاوەکەی لە قوتابخانەی مەزدەیسناوە هەڵقووڵاوە (هەمان سەرچاوە). ئەو قوتابخانانەی لەو سەردەمانەدا بە زمانی ئەوێ خوێنراوە، ئەو

قوتابییە بیانییانەی ڕوویان کردووەتە ئەو قوتابخانەیە بۆ خوێندن و فێربوونی زانست، دەبێت ئەو زانستەی فێری بوون وەریانگێڕابێتە سەر زمانی ناوچەی خۆیان بۆ نموونە فیساغۆرسی یۆنانی و هاوڕێکانی، کزنەفۆن باسی زانکۆی پڕشکۆی (پازگارد) دەکات لە بەرانبەر کۆشکی کۆرشدا لە (٥٨٨ –٥٢٨ پ.ز.)، هیرۆدوت دەڵێت: زۆربەی پزیشکە میسرییەکان بە تایبەت پزیشکە پسپۆڕییەکانی چاو لە کۆشکی داریوش (٥٢١ –٤٨٦ پ.ز) کاریان دەکرد. کاتێکیش زانکۆی سیاسیی میسر وێران کرا، داریوش سەرلەنوێ بینای کردەوە و گەلێک کتێبی نایابیشی پێشکەش کرد (هەمان سەرچاوەی پێشوولا٩٦).

ئەم خوێندن و ئاڵوگۆڕ و فێربوونی زانست لە نێوان قوتابییە بیانییەکانی ناوچەکەدا دەچێتە بواری وەرگێڕانی زمانەوە چ بە زارەکی یان نووسین و تۆمارکردن بێت، هەڵبەتە لە زۆربەی ئایینەکاندا پەرتووکە پیرۆزەکان بەر لەوەی بنووسرێن، زۆر لە ناو سندووقی سینگدا دەپارێزران و دەکەوتنە بەر هەڕەشەی لەناوچوون و تەحریفات بە دەستی مرۆڤەکان، مانی ئاگاداری ئەم مەترسییە بوو بۆ خۆی وەحییەکانی نووسینەوە (ڤولتزلا١٢٧)، مانی لە (٢١٥ز) لە کووت لەدایک بووە (نەبەز لا٢٣)، ئایینی مانی، ئایینێکی کوردی و درێژەپێدەر و نوێکەرەوەی ئایینی میتراییە، حەوت کتێبەکەی مانی کە بە زمانی ئەو سەردەمە نووسرابوونەوە بە زمانی پەهلەوی (نەبەز لا٣٠)، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینەکە لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا، کتێبەکانی بۆ (١٧) زمانی جیاواز وەرگێڕران (ڤولتز لا١٢٧)، ئێستاش لە چین لایەنگران و هەوادارای مانی پەرستگایان هەیە کتێبەکان و ڕێوڕەسمی ئایینەکە بەڕێوە دەبەن، نووسراوێکی مانیی چینیی زۆر ناسراو لە سەرەتای سەدەی دەیەم وەک سورەتێکی (بوزی) دەست پێ دەکات و کۆتاییی دێت (ڤولتز لا١٤٣).

هەروەها خوڕەمی (پاپەکیزم)، لایەنگرانی پاپەکیی خورەمدین کە بە هاوکاریی مازیار لە (٢٠٢ –٢٢٢ک) سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی گەورەی لە چیاکانی کوردستاندا دژی خەلیفەی عەباسی موعتەسەم و ئایینی مەزدەکی (مەزدەکیزم) کە لە نزیک کووت لەدایک بووە ڕاستکەرەوەی ئایینێک بوو دروستدین بوو داوای یەکسانیی دەکرد (نەبەز لا١١)، زۆربەی لایەنگرانی نووسەران بوون کە چالاکییەکانیان لەسەر داهێنان و وەرگێڕان بوو لە زمانی فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی و شیعریان بەکار دەهێنا (العراق القدیم لا٣٩٢).

ئایینی ئیسلام، کتێبی پیرۆز، قورئان، تا پەنجا ساڵ ئێستا نەکراوە بە کوردی، تەفسیری بکرێت یان وەربگێڕرێت بە بەهانەی ئەوەی دەقێکی پیرۆزە و ئەو زمانەی پێشی نووسراوەتەوە پیرۆزە و زمانی کوردی دەرەقەتی وەرگێڕانی ئەو دەقەی نایەت (خدر لا ١٤)، یەکەم هەوڵدان بۆ وەرگێڕانی قورئان کرابێت لە ماوەی ساڵانی (١١٤١ -١١٤٣)دا لە لایەن (ڕوبرت دورتین) بوو (وەیس لا٤٣). میللەتی عەرەب دەستیان دایە وەرگێڕان و تەعریبکردن بۆ سەر زمانەکەی خۆیان لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا (٦٨٥ – ٧٠٥ز) بە تایبەت لە دەستپێکی وەرگێڕانی دیوانەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی، کە لە دیوانی عبد الملک کوڕی مەروان (٦٨٥ -٧٠٥ز) و خالیدی کوڕی یەزید کوڕی مەعاویە (٧٠٠- ٧٠٨) بوو، کە بایەخیان داوە بە وەرگێڕانی هەندێک کتێب لە بواری کیمیا و پزیشکی و فەلەکناسی کە لە زمانی گریکی و قبتییەوە وەریانگێڕاوە (وەیس لا٢٩).

عەباسییەکان ئەرکێکی زۆریان کێشاوە لە بواری وەرگێڕاندا بۆ سەر زمانی عەرەبی کە لە سەردەمی خەلیفە مەنسوور دەستی پێ کرد، لە سەردەمی مأمون (٨٣٠ز.) گەیشتووەتە لووتکە. بە وەرگێڕان بەغدایان کردە ناوەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری لەگەڵ دامەزراندنی (بیت الحکمە) کە زۆربەی کارە زانستییەکان لە گریکییەوە کرانە عەرەبی دواتر جارێکی تر لە سەدەی (١٢، ١٣) لە عەرەبییەوە بۆ لاتینی و ئیسپانیایی وەرگێڕرانەوە (مستەفا لا١٩٨، ز. زار ژ١٤).

مأمون بایەخی داوە بە فەلسەفەی یۆنانی و خەڵکی زۆری نارد بۆ وڵاتە جۆراوجۆرەکان بۆ گەڕان بە دوای کتێبدا و هێنانەوەی بۆ بەغدا بۆ وەرگێڕان و سوودبینین (وەیس لا٣٣، العراق القدیم لا٤٧٥)، هارون الرەشید (٧٨٦- ٨٠٩ز.) لە بەغدا (بیت الحکمە)ی دامەزراند، بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەک وەرگێڕی دامەزراند لەگەڵ یاریدەدەر (العراق القدیم لا٤٧٥)، ئەبو سەهل کوڕی نەوبەخت بۆ وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە، یوحنا کوڕی ماسویە بۆ وەرگێڕانی کتێبە پزیشکییە کۆنەکان کە لە ئەنقەرە و عموریە و وڵاتی ڕۆم. هەروەها عەرەب لە دێرزەمانەوە بایەخیان داوە بە زانستی فەلەکناسی و جووڵەی ئەستێرەکان وای لێ کردوون بۆ وەرگێڕانی کتێبە بەناوبانگەکانی فەلەکناسی لە زمانەکانی ترەوە بۆ عەرەبی (العراق القدیم لا٤٧٩)، سەردەمی مەهدی (٧٧٥-٨٧٥ز) و سەردەمی ڕەشید (٧٨٦- ٨٣٣ز) سەردەمی ڕاپەڕینی ڕۆشنبیری و زانستی عەباسییەکان و

عەرەب بوو، چەند نووسراوێک لە فارسی و سەنگسریتی و سوریانی و گریکی کران بە عەرەبی کە پاشان چوونە سەر وەرگێڕانی بۆ زمانی لاتینی لە هەموو ئەوروپا (وەیسلا٣١) .

لە سەردەمی مەمالیک و خێزانە دەسەڵاتدارەکاندا، ڕۆڵی گەورەیان بینی لە تەعریبکردن، وەرگێڕان لە زمانی فارسی و تورکی و هاندانیان و پاداشتکردنیان (العراق القديم لا٦٣٣)، گەشەسەندن و ڕاپەڕینی زانست و بیری پاش شکستی دەوڵەتی عەباسی لە ساڵی ١٢٥٨ز.دا بەرەو ئەوروپا ڕۆیشت، لەوێ سەری هەڵدا، گرنگترین ڕێبازی ئەم پەرەسەندنەش وەرگێڕان بوو (وەیس لا٣٠)، وەرگێڕان کۆڵەگەیەکی گرنگ بووە لە کۆڵەگەکانی ڕاپەرینی ئەوروپایی لە سەدەی (١٥، ١٦) دا (وەیس لا٢١).

سەپاندنی زمانی فرەنسی بە سەر دامودەزگا دادوەرییەکاندالە نووسینەوەی برگە مادده یاساییەکاندا کە پێشتر بە لاتینی نووسراون، بە پێی بریاری شاهانەی (فرانسوای یەکەم) لە ماددەی (١١٠، ١١١) (ز. زار لا٣٢، ژ١٤)،

وەرگێڕانی ژمارەیەک کتێبی زانست و فەلسەفەی زمانی عەرەبی لە لایەن (مایکڵ)بۆ شا فرەدریک، وەک نووسراوەکانی ئەرستۆ و ئیبن ڕوشد و ئیبن سینا (وەیس لا٤٣)، ئەوروپییەکان دەستیان دایە وەرگێڕانی کتێبە عەرەبییەکان بۆ سەر زمانی لاتینی، زمانی لاتینی زمانی کەنیسە بوو زمانی پیرۆز بوو (گ. گەزەنگ لا٢، ژ٩٥)، مەڵبەندی گواستنەوەی شارستانییەتی عەرەب بۆ ئەوروپا، ئیسپانیا و سقلیە بوون (وەیس لا٣٩)، وەرگێڕانی کتێبە عەرەبییەکان لە ئیسپانیا بەردەوام بوو لە سەدەی (٩ تا ١٠)(وەیس لا٤٤).

بایەخدانی ئەوروپاییەکان بە بواری وەرگێڕانی کتێبەکان بۆ سەر زمانی باوی خۆیان بووەتە کاریگەرییەکی بەهێزی پێشکەوتنیان، هەنگاوی باشیان ناوە لە پێشکەوتنی زانستیی تەکنەلۆجی و مەعریفی، بۆ نموونە نووسەران و هونەرمەندانی ناو گەلانی سۆڤیەتی جاران (ڕوسیا) بە زمانی خۆیان شاکارانێک بەرهەم دەهێنن، بەڵکوو شاکارانی زمانی دیکەیش وەردەگێڕن و بڵاو دەکەنەوە، تەنانەت شانۆنامە گرنگەکانی زمانی بێگانەیش بۆ ئەو زمانانە وەردەگێڕن و نمایش دەکەن (عارف لا٣٠). ئەوجا عەرەبەکانیش هەستیان بەوە کردووە کە لە ڕەوتی پێشکەوتندا لە پاش ئەوروپاییەکانەوەن، کرداری وەرگێڕان پێچەوانە بووەوە، لە

سەرچاوە ئەوروپاییەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی. یەکەم وڵات بایەخی داوە بەو بوارە، میسر بووە، کە محەمەد عەلی پاشا (١٨٠٥-١٨٤٩ز) پەیمانگای وەرگێڕانی لە میسر دامەزراند لە ساڵی (١٨١٢ز)دا (وەیس لا٤٦). لە سەدەی ١٩دا میسر و لوبنان سەرکردەی بزووتنەوەی وەرگێڕان بوون لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، (هەمان سەرچاوە)، سەدەی ٢٠ی زایینی بە چەرخی زێڕینی وەرگێڕان دادەنرێت (وەیس لا٤٨).

**وەرگێڕان لە کوردستاندا:**

ئەگەر بە مێژووی دێریندا بچینەوە، مێژووی سۆمەرییەکان و بابلییەکان لە بەشێکی مێژووی کورد بژمێررێن، ئەوا لەو سەردەمەدا پرۆژەی وەرگێڕان سەری هەڵداوە و بایەخی پێ دراوە، پاش ئەوەی نووسینی مێخی لە زمانی سۆمەریدا داهێنرا و لەسەر خشتە قوڕینەکان تۆمار کراوە لە نزیکەی (٣٠٠٠ساڵ پ.ز.) چ لە بواری ئایینیی وەک ئەفسانەکانی (گلگامش، عشتار، و فرعەونییەکانی میسر) یان بوارەکانی جەنگ و ئاشتی و بواری سیاسی و ئاڵوگۆڕی نامە و بازرگانیدا. پاشان سەرهەڵدانی ئایینی میترایی و زەردەشتی و مانی و مەزدەکی، کە پەرتووکە ئایینییەکان بۆ زمانە بیانییەکان وەرگێڕراون، چ بە وەرگێڕانی زارەکی یان نووسین و خوێندنەوە، کتێبی ئایینەکانی تریش (تەورات و ئینجیل) کە وەرگێڕراونەتە سەر زمانی کوردی، تەنیا قورئان کەس نەیتوانیوە دەستی بۆ بەرێت لەبەر ئەوەی پیرۆزە و زمانەکەشی کە عەرەبییە پیرۆزە (خدر لا ١٤).

ئەوڕۆ گەلە زیندووەکان بایەخی تەواو دەدەن بە پرۆسەی وەرگێڕان لە زمانی دایکەوە بۆ زمانی بیانی و بە پێچەوانەشەوە کە گەورەترین خزمەت بە کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەگەیەنێت (ف.سامان لا١٣، ز. زار ژ١٤).

لە دەستووری عێراقدا هاتووە کە کوردی زمانێکی فەرمییە، واتە هەرێمی کوردستان خاوەن سەنەدێکی سیاسییە، دەبایە خۆی بکات بە خاوەن سیاسەتێکی زمانەوانیی تۆکمە، ئەویش بە کاراکردنی ئەکادیمیا (مەلا لا٣٣، ز. زار ژ١٤)، (وەرگێڕان بەشێکە لەو سیاسەتە زمانەوانییە، نووسەر)، پرۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان ئێستا سەرەڕای ئاڵنگارییەکان، لە گەشەکردنێکی سستدایە، کەچی لێرەولەوێ چالاکیی بەرچاو دەنوێنن (مودەریس لا١٠١، ز. زار ژ١٤)،

پرۆسەی وەرگێڕان لە بازنەیەکی نالەباری و پاشاگەردانیدا دەسوڕێتەوە (ئەحمەد لا١٠٨، ز. زار ژ١٤)، تا ئێستا خاوەن پەیمانگایەکی سەربەخۆ نین کە تەرخان کرابێت بۆ وەرگێڕان (هەمان سەرچاوە لا٣٠) وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا ئێستا لە دۆخێکی باشدایە، چونکە ڕۆژانە دەیان وەرگێڕراو بڵاو دەبنەوە (شەریف لا١٤، ز. زار ژ١٤).

لە هەرێمی کوردستاندا بەر لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ز گەلێک کاری وەرگێڕان لەسەر ئاستی تاکەکەسی یان لە ئاستی زیاتردا کراوە، ئەوەش ویست و ئارەزووی تاکەکەسی بووە (ئەمین لا٦٤، ز. زار ژ١٤).

پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی لە ساڵی (١٩١٤ز) و دابەشکردنی خاکی کوردستان و کپکردنی دەنگی تاکی کورد و قەدەغەکردن و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی زمانەکەی، زمانی کوردی لە زۆر چالاکیدا سست و لە باری سڕبووندا بووە، هەرچەندە بزووتنەوەی ئازادیخوازە جۆربەجۆرەکان لە پانتاییی خاکی کوردستاندا کاریگەریی زۆریان هەبووە بۆ وریاکردنەوەی ڕۆشنبیرانی کورد لەو بوارەدا، هەوڵی تاکەکەسی دراوە، بەڵام لە ژێر گوشار و چاودێریی ڕەقیب و بەدوونانیان یان بەندکردنیان، هەرچەند کە لە ئاستێکی سنوورداردا بووە.

وەک ئەوەی مامۆستا فەرەیدوون سامان ئاماژەی پێ دەدات، ئەو سەردەمانە بە قۆناغی ڕاپەرین ناو دەبات و دەڵێت: لەو ماوەیەدا نزیکەی هەر ١٠٠ دانەیەک کتێب لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ کوردی وەرگێڕراون (لا٧، ز.زار ژ١٤)، هەرچەندە کارێکی باشە، بەڵام بۆ نەتەوەی کورد لە چاو نەتەوەکانی دەوروبەر و جیهاندا بەکەمی و بێبەشی و پاشکەوتوویی ڕەوتی وەرگێڕان دەزانم بۆ ئەوەی بگەینە ئاستی ئەوان، داگیرکاری و ڕەگەزپەرستی و زوڵم و ستەم و زۆرداری و گوشاری زۆر لەسەر کورد و ناوچەکانی، تەگەرەی زۆریان خستووەتە سەر زمانەوانی و ڕەوتی وەرگێڕان ، ئەگەر دەرفەت بڕەخسابا و کورد لە کەش و هەوایەکی ئازاددا با، ئەو کار و چالاکییانە لەو بوارانەدا زۆر زیاتر دەبوو، کوردستان هەر لە سەردەمی خیلافەتەکانەوە تاکوو ئەو سەردەمانەی نزیک، نووسەران و مێژوونووسان کە نووسینەکانیان بە زمانی غەیرەکوردی واتە زمانی داگیرکەر نووسیوەتەوە، وەک ئەوەی مامۆستا ئەحمەد مەلا دەڵێت: ئەو کاتە باوی زمانی کوردی نەبوو، زۆرتر

بە زمانی فارسی و عەرەبی و ئەدەبیی کوردی نووسراون (لا٣٠،ز.زار ژ١٤)، بۆیە ئەگەر هەندێک کار و چالاکیی نووسەر و ڕۆشنبیران لەو بوارانەدا کردبێت لەو سەردەمانەدا سنووردار بووە، ئەوەتا (خانای قوبادی ١٧٠٤- ١٧٧٤ز) بە یەکەم وەرگێڕی کوردی دادەنرێت، داهێنانی خۆی بە زمانی کوردی نووسیوە و بەرهەمەکانی (ئەسکەندەرنامە و لەیلاومەجنوون) کردووەتە کوردی (هەمان سەرچاوە).

قۆناغێکی تر دەکەوێتە پاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، کە گۆڤاری هاوار ساڵی ١٩٣٢ز، گۆڤاری گەلاوێژ ساڵی (١٩٣٩-١٩٤٩ز)، کۆمەڵێک بابەتی وەرگێڕراویان تێدا بڵاو کردووەتەوە لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و تورکیایی بۆ سەر زمانی کوردی، هەروەها ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لە سەردەمی بزووتنەوەکەی شێخ مەحموودا لە سلێمانی وەک (کوردستان، ئومێدی ئیستقلال و بانگی هەق) (جەرجیس لا١٥٥)، هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر لەسەر دەستی بەدرخانییەکان و زۆر چالاکیی تر. پاش ڕێککەوتنی (١١ی ئادار) ساڵی ١٩٧٠ز، بووە هۆی دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا، ئەمەش بە قۆناغێکی تری کار و چالاکیی زمانەوانی و وەرگێڕان دەژمێررێت (مەلا لا٣٠، ز. زار ژ١٤).

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ز-ەوە، چەندان دامودەزگای کولتووری و چاپەمەنی و خانەی وەرگێڕان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دامەزران و شەپۆلی وەرگێڕان گەیشتە لووتکە (سامان لا٧،ز.زارژ١٤)، کورد وەک پێداویستییەک هەوڵی داوە دەقە بیانییەکان وەربگێڕێت تاکوو خوێنەری کورد لە ڕێگەی زمانی خۆیەوە دەستی بگاتە سەرچاوەکان (مەلا لا٣٠، ز.زار ژ١٤).

**کورتە:**

وەرگێڕان وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی، بە دەستپێکردن و بایەخدان ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە خزمەتی پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی شارستانییەت، سەرەڕای ڕۆڵی دیاری لە بواری زمانەوانیدا.

هەر لە سەرەتای شارستانییەتە دێرینەکان، هەست بە گرنگیی وەرگێڕان کراوە، بە تایبەتی پاش داهێنانی نووسین و خوێندنەوە لە بوارە جیاجیاکانی ژیان و

پەیوەندی و پەرەسەندنی پەیوەندییەکان لە نێوان ئیمپراتۆریەت و وڵاتاندا، لەپێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵگا و خاک و نیشتماندا، لەگەڵ سەردەم و چەرخە جیاوازەکاندا، پرۆژەی وەرگێڕان بووژانەوەی بە خۆیەوە بینیوە، بووەتە پێویستییەکی سەردەم، بۆ سوودبەخشین و سوودبینین بۆ نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی.

کورد لە دێرزەمانەوە بێبەش نەبووە لەو ڕەوتە، ئەگەر تەگەرە و هەوراز و نشێوی زەمانە زۆر جار بەربەستی هێناوەتە ڕێگای، بەڵام نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد کۆڵیان نەداوە، بەپێی بارودۆخی ناوچەیی بەرهەمیان گەیاندوونەتە ئەنجام.

لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ زایینییەوە، بە ڕەوینەوەی پەڵە هەورە ڕەشەکانی سەر ئاسۆی کورد و باڵکێشانی کەشوهەوای ئازادی، ڕەوتی وەرگێڕان گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، بەهۆی دامەزراندنی دەزگای کولتووری و چاپەمەنی و خانەی وەرگێڕان لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا (سامان لا٧، ز. زار ژ١٤)، هەرچەندە چالاکیی تاکەکەسی نووسەران و ڕۆشنبیرانیش لەو بوارەدا وەک کارێک کاریگەریی بەرچاوی هەبووە.

ئومێد دەکەین لە بارودۆخیکی گونجاودا، پەیمانگای تایبەت بۆ وەرگێڕان تەرخان بکرێت و ئەکادیمیا کارا بکرێت تا ڕۆڵی خۆیان لەو بوارەدا ببینن .

**ئەنجام:**

وەرگێڕان پرۆژەیەکی پێویست و گرنگە، لەپێناو پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵگاکاندا و بووژانەوە و خزمەتکردنی بواری زمانەوانیدا.

**سەرچاوەکان:**

١) العراق القديم ١٩٨٤ز کۆمەڵێک نووسەر .
٢) قزايا فکريه وسياسييه بأقلام کورديه عراقيه، أ.د.عماد الجواهری، ٢٠٢٢م، ڕۆژهەڵات، هەولێر .
٣) الأعمال الکامله، فلک الدين کاکەيی، ٢٠١٥م،م. ڕۆژهەڵات، أربيل.
٤) گ. زمان و زار، ژ: ٤،٥، ٩، ١٤.
٥) وەرگێڕانی ئەدەبی، کۆمەڵێک نووسەر، و, غازی فتاح وەيس، ١٩٨٤ز، چ. زانکۆی سەلاحە دین، هەولێر .
٦) چەند بابەتيکی کورد ناسی، کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٣ز،چ.زانکۆی سەلاحەدين، ب٢، هەولێر.
٧) پەهلەويان، تەيب تاهری، چ١، ٢٠٢٣ز، کتێبخانەی شاهانەی سويد .

٨) گ. مەتین، ژ٧٦، ساڵی ١٩٩٨ز، دهوک .
٩) گ. گەزەنگ، ژ٩٥، ٢٠١٢ز، چ.کارۆ، سلیمانی .
١٠) ئایینەکانی ڕیگای ئاوریشم، ڕیچارد س. فولتز، و،گازیوە، ٢٠١١ز، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر .
١١) تأریخ الکورد فی العهود الأسلامییە، د. أحمد محمود الخلیل، ٢٠١٧م .
١٢) تأریخ الکورد وکوردستان، محمد مردۆخ، چ١، ٢٠٠١م، چ.ڕۆژ هەڵات، هەولێر .
١٣) سرووده پیرۆزەکانی زەردەشت (گاتا)، بابان سەقزی، ٢٠٠٦ز، چ. کارۆ، سلیمانی .
١٤) حرب الکلمە، نزار جرجیس، ١٩٩٨م،م. وزارە السقافە، أربیل .
١٥) مێژووی ئەدەبیاتی ڕوسی، سەعید نەفیسی، و. حەمە کەریم عارف،چ١، چ، ڕوون، سلیمانی .
١٦) فەلسەفەو ڕامانی یارسان لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردەواریدا، د. جەمال نەبەز،٢٠٠٩ز، چ مناره، هەولێر .

# زمانەوانیی دەروونی:
# بنچینە و ئاسۆکانی

■ د. علي يونس الدهش
■ وەرگێڕانی: د. ئەمیر موحەممەد موحەممەد ئەمین

– میکانیزمی ئاوەزی چییە، کە مرۆڤ دەتوانێت دەستەواژە و ڕستەی دروست، لەڕووی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازییەوە بەسوود و واتادار، بەرهەم بهێنێت، کە گونجاوە بۆ گەلێک دۆخ و بواری بەکارهێنان؟

– کاتێک مرۆڤ قسە دەکات، لە ئاوەزی مرۆڤدا چی ڕوو دەدات؟

– لەم سندووقە داخراو و بزرەدا، کە پێی دەگوترێت مێشک (الدماغ) چی دەخولێتەوە؟

– ئەو کردە ئاوەزییانە چین، کە ئاوەزی مرۆڤ هەڵدەستێت بە وەرگرتنی زمان، جا ئەم زمانە، زمانی یەکەم بێت، یاخود دووەم بێت، یان سێیەم؟

– لە مێشکی مرۆڤدا چۆن چارەسەری زانیارییەکان دەکرێت و لە کوێدا دەکرێت؟

– یادگە چییە؟ چۆن لە ماوەی نزیک و لە ماوەی دووردا کار لەگەڵ زانیارییەکاندا دەکات؟

– مرۆڤ چۆن لە هێماکانی زمان دەگات، کاتێک دەیانخوێنێتەوە، یاخود لە کەسانی ترەوە دەیانبیستێت؟

– بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە، پێویستیی زیاتری بە پسپۆڕی بوارێکی زانیاری هەیە، بەڵام زانایان ڕێک کەوتوون لە سەر ناونانی ئەو توێژینەوانەی، ەە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە بە ناوی زمانەوانیی دەروونییەوە .-Psycho linguistics

– زانایانی زمانەوانیی دەروونی، سێ بواری جیاوازیان دیار کردووە، کە بەم کارە هەڵدەستن و، بە شێوەیەکی گشتییش بنچینەکانی لەمانە پێک دێن، ئەوانیش:

١- سروشتی مێشکی مرۆڤ.

٢- سروشتی زمانی مرۆڤ.

٣- پەیوەندیی نێوان مێشکی مرۆڤ و زمانی مرۆڤ.

زمانەوانیی دەروونی، بریتییە لە دەستەواژەیەک لە ڕستەدا، کە لە زانستی جیاواز پێک دێت و لە یەک زانستدا کۆ کراونەتەوە، ئەوانیش زانستی دەروون، زانستی زمان، زانستی پزیشکی، زانستی توێکاری و زانستی تر، هەر بوارێکیش لەو بوارانە پرسیارەکان لە گۆشەیەکی تایبەتەوە وەردەگرێت و هەوڵ دەدات وەڵامێکی ڕوونی بۆ ببینێتەوە بۆ ئەم مەبەستەش بێگومان دەبینین، لەم کاتەدا ئەو زانستە دابەش بووە بەسەر زۆر بەشدا، بە پێی ئەو تێڕوانین و سەرنجانەی، کە لەم ماوەیەدا بۆی کراوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە زانستی زمان بۆ نموونە ئەم زانستە دابەشی چەند لقێک بووە، کە هەر لقێکیان نوێنەرایەتیی ئاستێک لە ئاستەکانی زمانی مرۆڤ، یان ڕەگەزێک، یان پێکهاتەیەک دەکات، ئەم لقانەش بریتین لە:

ئەگەر سەرنج بدەینە، زانستی زمان بۆ نموونە ئەم زانستە دابەشی چەند لقێک بووە، کە هەر لقێکیان نوێنەرایەتیی ئاستێک لە ئاستەکانی زمانی مرۆڤ، یان ڕەگەزێک، یان پێکهاتەیەک دەکات، ئەم لقانەش بریتین لە:

١- ئاستی دەنگسازی: ئەم لقە، لە سروشتی دەنگەکانی مرۆڤ دەتۆژێتەوە و چۆن لە ئاوەزی مرۆڤدا چارەسەر دەکرێن و شیی دەکرێنەوە و تێگەیشتن ڕوو دەدات.

٢- ئاستی وشەسازی: ئەم لقە، لە کردەی ڕۆنانی وشە و میکانیزمەکان دەتۆژێتەوە و  چارەسەریان لە لایەن ئاوەزی مرۆڤەوە بۆ دەدۆزێتەوە.

٣- ئاستی ڕستەسازی: زمانەوانیی دەروونی لەم لقەدا، لە دروستکردنی ڕستە دەتۆژێتەوە و چۆن لە ئاوەزی مرۆڤدا چارەسەر دەکرێت و شی دەکرێتەوە و تێگەیشتن ڕوو دەدات.

٤- ئاستی واتاسازی: لەم لقەدا لەو ڕێگا و میکانزمیانە دەتۆژرێتەوە، کە بەو هۆیەوە ئاوەزی مرۆڤ لە واتای وشە و دەستەواژە و ڕستەکان دەگات.

٥- ئاستی بەکارهێنان (پڕاگماتیک): زمانەوانیی دەروونی بۆ ئەم لقە لە چۆنیەتیی سنووربڕینی ئاوەزی مرۆڤ بۆ ئەو واتا کەلتورییە ڕاستەوخۆیانە بۆ وشەکان و دەستەواژەکان و ڕستەکان دەتۆژێتەوە، لە پێناو گەیشتن بە واتای مەبەست لە چوارچێوەکانی (سیاقات) بارودۆخی بابەتی لە کاتی گوتندا، کە وشەکانی تێدا بەکار دێت.

هەروەها ئەوە ڕوونە لە ناونانی ئەم زانستە، کە ئەوە بە پلەی بنەڕەتی پشت دەبەستێت بە زانستی زمان و زانستی دەروون، لە کاریگەریی هۆکارەکانی دەروونی لەسەر پێشکەوتنی زمان و بەکارهێنانی و ڕاڤەکردنی دەتۆژێتەوە و جەخت لەسەر میکانزمییەکانی ئاوەزی مرۆڤ بۆ تێگەیشتنی زمان و بەرهەمهێنانی دەکات و لەباری دەروونی و چالاکییەکانی ئاوەزی هەستپێکراو لەگەڵ بەکارهێنانی زماندا دەتۆژێتەوە.

ئەوەی جێگیر کراوە ئەوەیە، کە زانستی زمان لە ڕووی مێژووییەوە لە زانستی دەروون کۆنترە، بەڵام هیچ بە یەکگەیشتنێک لە نێوان ئەو دوو بوارەی زانستدا ڕووی نەداوە، تاکوو پێشنیازەکانی زانای زمانەوانیی ئەمریکاییی نعوم چۆمسکی لە

کۆتاییی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەم بارەیەوە بەدیار کەوت. ئەم پێشنیازانەی چۆمسکی کاریگەرییەکی گەورەی کرد و وای لە زانایانی دەروون کرد، کە هەست بەو نەزانینییەی خۆیان لە بواری ڕۆنانی زماندا بکەن و هەست بە سوود و گرنگیی ڕۆنانی ژێرەوەی زمان بکەن.

لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەدا زانایانی دەروونی کۆکردەوە بە تایبەتی ئەوانەی پاشخانێکی زانستییان لە هەردوو بواری (زانستی زمان و زانستی دەروون)دا هەبوو، بەردەوام مانەوەیان لەسەر ئەو هەوڵانەی کە وا دەکەن بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی باشتر بۆ چۆنیەتیی وەرگرتنی ڕێزمانی ڕستەسازیی ڕوون و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی دروست لە کردەی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی نامە واتادارەکاندا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە ڕێگەی کۆئەندامی دەنگی.

هەروەها ئەوەی لە زانستی زمانەوانیی دەروونی زیاتر جەختی لێ دەکرێتەوە و بایەخی پێ دەدرێت، پراکتیککردنی بێئاگاییی یاساکانی ڕستەسازییە، کە مرۆڤ دەتوانێت بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕوون و واتادار بەکاریان بهێنێت.

ئەوەی پسپۆڕان لەم زانستەدا بەدوایدا دەگەڕێن و لێی دەتۆژنەوە، پەیوەندیی نێوان زمان و بیرە، ئەوەش وای کرد، کە لە نێوان پسپۆڕانی ئەم بوارەدا گفتوگۆیەکی توند بێتە ئاراوە لەوەی ئایا زمان ئەرکی بیرکرنەوەیە، یان بیر ئەرکی بەکارهێنانی زمانە؟

بە هەر شێوەیەک بێت، زۆربەی لایەنەکانی ئەم زانستە لایەنی ڕاستیی ئەم زانستەن، کە لە جێبەجێکردنی زمان و کردەی وەرگرتنی زمان بە تایبەتی لە لای منداڵ دەتۆژێتەوە. ئەمەش لە کارەکانی چۆمسکی و ئەوانی تر بوون، هەر لەم ڕووەوە چۆمسکی خاوەنی تیۆریی ڕستەسازی (ڕێزمانی گواستنەوە)یە، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەم زانستە هەبووە.

ئێستا توێژینەوەکان ئاراستەیەکی ئاسۆییی دوورتریان وەرگرتووە و توێژینەوەی بنچینەکانی بایۆلۆجیی زمان و زانستی زمانی دەماری Neurolinguistics لەخۆ دەگرن، کە ئەمانەش بریتین لە دەستەواژەیەک، کە لە کردەی پێشکەوتنی زمان و نوێنەرایەتیی مێشک دەتۆژێتەوە، هەروەها توێژینەوەکانیش ژمارەیەک لە دیاردەی زمانگیران (ئەفازیان) Aphasia و تەڵەتەڵەی زمان Stuttering و هەڵەی زمانی Tongue-slips و هیی تر لەخۆ دەگرن، هەروەها زانایانی ئەم بوارە لەبارەی

چالاکییەکانی مێشک لە کاتی بەکارهێنانی زمانەوە دەتوێژێتەوە و زیاتر ئەم یاداشتانە لەو کەسانە وەرگیرابوون، کە توانای زمانیان لەدەست داوە، بە هۆی ئەو ڕووداوانەی کە بووبوونە هۆی ئەوەی مێشکیان زیان بەر بکەوێت.

زانایانی ئەم بوارە لە توێژینەوەکانیاندا سوودیان لە زانستی وەرگێڕان وەرگرتووە لە ئەنجامی ئەم زانستەدا، ڕەخنە و شیکردنەوەی دەق و پڕۆگرامە تایبەتییەکانیان بەم بوارە پێش خست، لە ئەنجامدا ئەم پڕۆگرامەیان ناو نا پڕۆگرامی درکپێکردن Cognitive approaches.

وەرگێڕان بە سادەترین پێناسەکەیەوە بریتییە لە گواستنەوەی واتای دەق لەو زمانە دیارکراوەی، کە بۆ زمانەکەی تر وەرگێڕراوە.

کردەوەی گواستنەوە بە تەواوی وەکوو خۆی تەواو نابێت، مەگەر لە ماوەی کردە ئاوەزە ئاڵۆزدارکاندا نەبێت، کە ئاوەزی وەرگێڕراو پێی هەڵدەستێت، هەر بۆیە پێویستە لەم بوارەدا ڕاهێنەرێکی باش بە پلەی باڵا و شارەزاییەکی تەواوی لە خێراییی چارەسەرکردنی زانیارییەکان و گواستنەوەیان بۆ زمانی تردا هەبێت و بە پێچەوانەشەوە، لەگەڵ پاراستنی ڕاستی و دروستیی زمان، چەمک و وردیی واتا و ئاستی گۆکردن.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: لەم سەرچاوەم وەرگێڕاوە:**

- علم اللسانيات النفسيي: الأساسيات و الافاق, علي يونس الدهش(د.).
- http://www.alnoor.se/article.asp?id=55857 4/8/2016.

**دووەم: نووسەری دەقە بنچیینەکە، ئەم سەرچاوانەی بەکار هێنابوو:**

- Si- tech encyclopedia: psycholinguistics.
- Columbia encyclopedia: psycholinguistics.
- Psycholinguistics, Research and read books, journals, articles at questia online Library. http://www.questia.com/.
- Wikipedia: psycholinguistics.

* مامۆستای بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی پەروەردە- مخموور

# یەك زمان، یەك نەتەوە: سیاسەتی سەرکەوتوو یان شکست

یونس لەیسی دریلۆ
لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

## پووختە

لە زۆربەی وڵاتان سیاسەتی "یەک زمان، یەک نەتەوە" کە تێیدا حکومەتەکان هەوڵدەدەن بایەخ بە یەک زمان بدەن و یەکێتی نەتەوەیی بەهێز بکەن، ئەزموون کراوە. ئەم سیاسەتە لە هەندێک لایەنەوە سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە زۆرلایەنەوە بە تایبەت لەو وڵاتانەی فرەزمان و نەتەوەن، ئەم سیاسەتە شکستی هێناوە و گرژی ئیتنیکی، کۆمەڵایەتی و سیاسی لێکەوتووەتەوە. لێرەدا، چاو بەهەندێک لەو وڵاتانەدا دەگێڕین، ئەم سیاسەتە شکستی هێناوەو وڵاتانێک بە قبووڵکردنی فرەزمانی سەرکەوتووبوون.

وشە سەرەکییەکان: زمان، نەتەوە، ڕەگەزنامە، ئیتنی، سیاسەت، یەک زمان – یەک نەتەوە، فرەزمانی، مافی کەمینە زمانییەکان، یەکێتی نەتەوەیی.

## سۆڤیەت: ئەزموونی شکستی بەڕووسیکردن

سۆڤیەت لەسەدەی بیستەم سیاسەتی "بەڕووسیکردنی" پیادە کرد، کە تێیدا زمانی ڕووسی وەک زمانێکی ڕەسمی و باڵاتر بایەخی پێدرا. ئەم سیاستە بەنیازبوو لەڕێگای پەلوپۆهاویشتنی زمانی ڕووسی یەکێتی نەتەوەیی بەهێز بکات، بەڵام لەبەرانبەر فرە نەتەوە و زمانی زۆر لە کۆمارەکانی سۆڤیەت، تووشی کێشەی جدی بووەوە.

ئەم سیاسەتە ناڕەزاییەکی زۆری ئیتنیک و گروپە زمانییە ناڕووسەکانی لێکەوتەوە. دوای هەرەسی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١، زۆربەی کۆمارە تازە سەربەخۆکان زوو زمان و کلتوورەکانی خۆیان زیندووکردەوە و زمانی ڕووسی وەک زمانی سەرەکی وەلانرا.٢

## تورکیا: سەرکوتکردنی زمانی کەمینەکان بۆ بەمۆدێرنکردن

دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ لە لایەن مستەفا کەمال (ئەتاتوورک)، سیاسەتی "یەک زمان، یەک نەتەوە" وەک بەشێک لە چاکسازییەکانی بەمۆدێرنکردنی تورکیا جێبەجێ کرا. ئەم سیاسەتە بە بایەخدان بەزمانی تورکی، زمانی کەمینەکانی: کورد، عەرەب و ئەرمەنی سەرکوت کرد.

ئەم سیاسەتە گرژیی نەتەوەیی لە تورکیا لێکەوتەوە، بەتایبەت لەنێو کورددا. سەرکوتکردنی زمانی کوردی و ڕێگەنەدان بەکوردەکان بۆ بەکارهێنانی زمانی خۆیان لە قوتابخانە و میدیاکان وایکرد کوردەکان وەک گەورەترین کەمینە لە تورکیا هەست

بە ناڕازیبوون بکەن و یاخیبوون و ململانێی چەکداری وەک چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) هەبێت.٣

**ئیسپانیا: سەرکوتکردنی زمانە ناوخۆییەکان لە سەردەمی دیکتاتۆرییدا**

لە سەردەمی دیکتاتۆری فراسیسکۆ فرانکۆ لە ساڵی ١٩٧٥، زمانی ئیسپانی وەک زمانی ڕەسمی و یەکگرتووی وڵات ناسێنراو زمانە کەمینەکانی وەک کەتەلۆنی، باسکی و گالیسی بەتووندی سەرکوت کران. ئەم سیاسەتە بەئامانجی دروستکردنی یەکێتی نەتەوەیی لە ئیسپانیا جێبەجێکرا.

ئەم سیاسەتە سەری کێشایە گرژی و ئاڵۆزی زۆرەوە لەناوچەکانی کەتەلۆنیا و باسک، کە ئەم ناوچانە شووناسی زمان و کەلتوورییان جیایە. دوای مردنی فرانکۆ و گەڕانەوەی دیموکراسی، زمانی کەمینەکان جارێکی دیکە بەڕەسمی ناسران و تا ئاستێک گرژی و ئاڵۆزییەکان کەمبوونەوە، بەڵام تا ئەمڕۆ پرسەکانی پەیوەند بە زمان و شووناسی کلتووری لە ئیسپانیا ماوەتەوە.٤

**سریلانکا: شەڕی ناوخۆ کە بەهۆی سیاسەتی زمانەوە سووتەمەنی پێدەدرێت**

لە ساڵی ١٩٥٦، حکومەتی سریلانکا یاسای "تەنیا سینهالییەکان"ی پەسند کرد، کە زمانی سینهالییەکان وەک زمانی ڕەسمی ناسێنرا و زمانی تامیلی کە کەمینەی تامیلی قسەیان پێدەکرد، پشتگوێ خرا. ئەمە بووە هۆی ناڕازیبوونی tووندی تامیلییەکان.

ناڕەزایی نەتەوەیی و زمانی بەرەنجامی ئەم سیاسەتە، بووە فاکتەرێکی سەرەکی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی سریلانکا لە ساڵی ١٩٨٣دا، کە لەنێوان حکومەتی ناوەندی و جوداییخوازەکانی تامیل و تا ساڵی ٢٠٠٩ درێژەی کێشا. ئەم شەڕە سەریکێشایە کوژرانی هەزاران کەس و ناسەقامگیرییەکی زۆری وڵات.٥

**هیندستان: لە "بەهیندیکردن"ەوە بۆ فرەزمانی**

دوای سەربەخۆیی هیندستان لە ساڵی ١٩٤٧، هەوڵێکی زۆردرا بۆ ناساندنی "هندی" یان "هیندی" وەک زمانی ڕەسمی و یەکگرتووی وڵات. ئەم سیاسەتە بەرەوڕووی دژایەتی tووندی ویلایەتەکانی باشوور، بە تایبەت تامیل نادو بووەوە کە لەوێ زمانی تامیلی، زمانی سەرەکی هاوڵاتییانە.

لە کۆتاییدا سیاسەتی "بەهیندیکردن" شکستیهێنا و هیندستان بەناچاری ڕووی لە ڕێبازێکی فرە زمانی کرد کە تێیدا زمانە جیاوازەکانی ویلایەتەکان بەڕەسمی ناسران. هیندستان لەجیاتی زمانێکی ڕەسمی، ئێستا ٢٢ زمانی ڕەسمی هەیە و هەر ویلایەتێک ڕێگەی پێدراوە زمانی خۆی وەک زمانی ڕەسمی بەکاربێنێت.٦

**پەندوەرگرتن لە سیاسەتە شکستخواردووەکان**

دەرئەنجامی ئەوەی، زۆرجار سیاسەتی "یەک زمان، یەک نەتەوە" لەو وڵاتانە شکستیهێناوە، کە فرە زمان و نەتەوەیان بەرزە. زۆرجار ئەم سیاسەتانە بوونەتە هۆی ناڕازیبوونی نەتەوەیی و زمانی و گرژییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت تێکهەڵچوونە چەکدارییەکان. نموونەکانی وەک سۆڤیەت، تورکیا، ئیسپانیا، سریلانکا و هیندستان نیشانی دەدات کە سەپاندنی زمانێکی یەکگرتوو بەسەر هەموو نەتەوە و کۆمەڵە زمانیەکان، دەکرێت نارەزایەتی قووڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی لێبکەوێتەوە و بۆ پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی، ڕێبازی فرەزمانە و ڕێزگرتن لەفرەیی کلتووری و زمانی پێویستە.

ئایا وڵاتانێک هەن دوای شکستی سیاسەتی "یەک نەتەوە – یەک زمان" بەرەو فرەزمانی و بایەخدان بە شووناسی ئیتنیکەکان چووبن؟ چەند وڵاتێکیتر لەجیهاندا سیاسەتی "یەک نەتەوە – یەک زمان"یان ئەزموونکردووە و دوای بینینی کێشە و شکستەکانی پەیوەند بەم سیاسەتە، بەرەو قبووڵکردنی فرە زمانی و بایەخدان بەشووناسی نەتەوەیی جوڵاوون. ئەم گۆڕانکارییە بە هۆی زیادبوونی ئاگایی سەبارەت بەمافی کەمینەکان، بەجیهانیبوون و زیادبوونی گوشارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بۆ پارێزگاریکردن لەکلتوورە ناوخۆییەکان و زمانی ڕەسەن بووە. لەخوارەوە ئاماژە بەهەندێک لەو وڵاتانە دەکەین، کە دوای ئەزموونکردنی سیاسەتی "یەک نەتەوە – یەک زمان" بەرەو ڕێبازی فرە زمانی و بایەخدان بەشووناسی ئیتنیکی جوڵاوون.

**فەرەنسە: لە لاوازکردنی زمانە ناوخۆییەکانەوە تا زیندووکردنەوەیان**

فەرەنسە بەشێوەیەکی باو بەهۆی ڕێبازی بەهێزی بایەخدان بەزمانی فەرەنسی وەک زمانی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بنیادنانی شووناسێکی نەتەوەیی یەکگرتوو ناسراوە. دەوڵەتی فەرەنسە لەسەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەم، سیاسەتی توندی

بۆ سڕینەوەی زمانە ناوخۆییەکانی بریتۆن، باسکی، کەتەلۆنیا و ئۆکیتا جێبەجێکرد. ئامانجی ئەم سیاسەتە بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی و لاوازکردنی شووناسە نەتەوەیی و زمانیەکانی ناوخۆ بوو.

لەدەیەکانی ئەم دواییە، بەزۆربوونی ئاگایی سەبارەت بەمافی کەمینەکان و گرنگی پاراستنی زمانە ناوخۆییەکان، دەوڵەتی فەرەنسە هەندێک سیاسەتی هەموار کرد. لە هەشتاکان، دەڤەری بریتانی (Brittany) بووژانەوەی زمانی بریتۆنی بەخۆوەبینی و لەناوچەکانی کۆرسیکا و باسک، قووتابخانەی دووزمانی کرانەوە. هەروەها، فەرەنسە لە ساڵی ١٩٩٩ وەک ئەندامی ئەنجومەنی ئەورووپا "ڕاگەیەنراوی زمانە ناوچەیی یان کەمینەکان"ی ئیمزا کرد کە تێیدا بایەخ بەزمانی کەمینەکان و پاراستنیان درابوو.٧

### بەلجیکا: لەگرژییە زمانییەکانەوە بۆ فیدرالیزم

سەرەتا بەلجیکا وڵاتێکی فرەزمانی بوو، بەڵام سیاسەتی "یەک نەتەوە – یەک زمان" لە ڕابردوودا گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان دانیشتوانی فلاندەرزی و والۆندا دروستکردبوو. بەلجیکا لەدوو گرووپی گەورەی زمانی پێکهاتووە: "فلاندەرزییەکان" کە بەزمانی هۆڵەندی قسەدەکەن. هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ بایەخدان بەزمانی فەرەنسی وەک زمانی نەتەوەیی، بە تایبەت لە ناوچەکانی فلاندەرز، بووە هۆی ناڕەزایی و گرژییەکان.

دوای شەستەکان، بەلجیکا بەرەو سیستمێکی فیدراڵی جوڵا کە تێیدا هەر کۆمەڵگەیەکی زمانی مافی کلتووری، پەروەردە و زمانی هەبوو. ئەمڕۆ بەلجیکا وڵاتێکی فیدراڵی فرەزمانە و زمانەکانی هۆڵەندی، فەرەنسی و ئەڵمانی بەڕەسمی ناسراون و هەر ناوچەیەک مافی بەکارهێنانی زمانی خۆی هەیە.٨

### کەنەدا: یاسای زمانە ڕەسمییەکان

دەوڵەتی کەنەدا لەسەرەتای سەدەی بیستەم، وەک زمانی ڕەسمی وڵات بایەخی بەزمانی ئینگلیزی داو زمانی فەرەنسی کە زمانی زۆرینەی خەڵکی پارێزگای کیوبیک بوو، پشتگوێ خرا. ئەم سیاسەتە ناڕەزایی لە کیوبیک لێکەوتەوە و سەریکێشایە بزووتنەوەی سەربەخۆخوازەکان.

لە ساڵی ١٩٦٩ کەنەدا "یاسای زمانە ڕەسمییەکان"ی پەسند کرد کە زمانەکانی

ئینگلیزی و فەرەنسی هەر دووکییان وەک زمانی ڕەسمی کەنەدا بەڕەسمی ناسران. ئەم یاسایە گرەنتی دەکرد کە هەر دوو زمان لەدامەزراوەکانی حکوومەت، پەروەردە و خزمەتگوزاری گشتی بەکاربهێنرێن. ئەمڕۆ کەنەدا وەک وڵاتێکی دوو زمانە ناسراوە و مافی زمانی بۆ هەر دوو کۆمەڵگەی زمان پارێزراوە.٩

### ئەفریقای باشوور: ١١ زمانی ڕەسمی

لەسەردەمی ئاپارتاید (١٩٤٨ – ١٩٩٤)، دەوڵەتی ئەفریقای باشوور زمانی ئەفریکانسی وەک زمانی ڕەسمی وڵات ناساند و زمانە ڕەسەنەکانی و ئینگلیزی پشتگوێ خست. ئەم سیاسەتانە ناڕەزایی فراوانی لەناو خەڵکی پێست ڕەش و کەمینە زمانییەکان لێکەوتەوە.

دوای کۆتاییهاتنی ئاپارتاید و پەسندکردنی دەستووری نوێ لە ساڵی ١٩٩٦، ئەفریقای باشوور بووە وڵاتێکی فرەزمانە. لەئێستادا، ئەفریقای باشوور ١١ زمانی ڕەسمی هەیە کە زمانە ڕەسەنەکانی زولو، ژۆسا و سۆتۆ شانبەشانی ئینگلیزی و ئەفریقی لەخۆدەگرێت.١٠

### ئەنجامگیری دووەم

سیاسەتی "یەک نەتەوە – یەک زمان" لەزۆربەی وڵاتان شکستیهێناوە، بە تایبەت وڵاتە فرەزمان و ئیتنیکە باڵاکان. وڵاتانی وەک فەرەنسە، بەلجیکا، کەنەدا، ئەفریقای باشوور و ئیسپانیا دوای بەخۆوە بینینی کێشەکانی بەرەنجامی ئەم سیاسەتە، بەرەو قبوڵکردنی فرەزمانی و پارێزگاری لەمافە زمانی و کلتووری کەمینەکان جوڵان. ئەم گۆڕانانە یارمەتی یەکگرتوویی نەتەوەیی، پاراستنی کلتوورە ڕەسەنەکان و کەمبوونەوەی گرژییە نەتەوەییەکانی داوە.


### بارودۆخی ئێران: ئایا دەکرێت فرەزمانی چارەسەر بێت؟

ئێرانیش وەک هەموو وڵاتان، وڵاتێکی ئیتنیکی و زمانی جێگای سەرنجە (نەخشەی ژمارە١). وشەی هاوتای ئیتنیکی لەزمانی فارسیدا نییە و بۆ کەمکردنەوەی گرنگی و مافی ئیتنیکەکان، لەئەدەبیاتی سیاسیدا وشەی ``قەوم'' زیاتر بەکارهێنراوە. فرەیی

زمانی ئیتنیکی، ئێرانی کردووەتە یەکێک لەفرە کلتووریترین وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. سیاسەتی زمانی نەتەوەیی لە ئێران بەدرێژایی مێژوو، بەرەوڕووی گۆڕانی جیاجیا بووەتەوە.

**نەخشەی١ – ئێران وڵاتێکە کە هەمەچەشنییەکی زۆری زمان و نەتەوەیی هەیە**

**سیاسەتی زمان لەسەردەمی پەهلەویدا**




لەسەردەمی پەهلەوی (١٩٢٥ – ١٩٧٩)، سیاسەتی زمان و نەتەوەیی ئێران بەتووندی لەسەر بایەخدان بەزمانی فارسی وەک زمانی ڕەسمی وڵات چڕبووەتەوە. ڕەزاشا پەهلەوی دوای دامەزراندنی حکومەتەکەی، سیاسەتەکانی بەئامانجی بەهێزکردنی شووناسی نەتەوەیی و یەکخستنی وڵات لە ڕێگەی پێشخستنی زمانی فارسییەوە جێبەجێکرد. لەم سەردەمەدا، زمانە ناوخۆییەکان وەک تورکی ئازەربایجانی، کوردی، عەرەبی و زمانەکانی تر لە کەشوهەوای ڕەسمی وڵات سەرکوتکران، خوێندن بەم زمانانە لە قوتابخانەکاندا قەدەغە کرا.

**ئەم سیاسەتی تاک زمانییەی پەهلەوییەکان دوو ئاکامی هەبوو:**

١. نارەزایی ئیتنیکە نافارسەکان: ئیتنیکەکانی تورک، کورد، بلوچ و عەرەب دژی سیاسەتەکانی زمانی و کلتووری بوون، چونکە ئەم سیاسەتانە شووناسی کلتووری و زمانی ئەوانەی پشگوێ دەخست.

٢. بزووتنەوە ناوخۆییەکان: سەرکوتکردنی شووناسی ئیتنیکی و زمانی سەریکێشایە سەرهەڵدانی بزووتنەوە ناوخۆییەکان یان ویلایەتی لەناوچەکانی وەک ئازەربایجان، کوردستان و خوزستان. ئەم بزووتنەوانە هەوڵی پاراستن و بووژاندنەوەی زمان و کلتوورەکانی خۆیان دەدا.١١

**سیاسەتی زمانی ئەتنیکی دوای شۆڕشی ١٩٧٩**

دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران زمانی فارسی وەک تاکە زمانی ڕەسمی وڵات دیاری کرد، بەڵام هاوکات هەندێک مافی کەمینە نەتەوەیی زمانییەکانیشی بەڕەسمی ناسی. بەپێی مادەی ١٥ی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران، خوێندنی زمان و شێوەزارە ناوخۆییەکان بەتەنیشت زمانی فارسییەوە ڕێگەپێدراوە. جێبەجێکردنی ئەم مادەیە بەرەوڕووی ئاڵنگاریی و سنووردارییەکان بووەوە. لەم ساڵانەدا، بزووتنەوە کلتووری زمانییەکان لەناو ئیتنیکە جۆراوجۆرەکانی ئێران زیادی کردووە. تورکەکانی ئازەربایجان داوای خوێندن بەزمانی تورکی ئازەربایجانی لە قووتابخانە و زانکۆکان دەکەن. لەگەڵ بوونی چالاکی کلتووری و هەوڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هێشتا خوێندنی ڕەسمی ئەم زمانە بەتەواوەتی جێبەجێ نەکراوە. لەناوچە کوردنیشنەکانی ئێرانیش داوای هاوشێوە بۆ پاراستن و بایەخدان بەزمانی کوردی پێشنیاز کراوە. هەر چەند هەندێک لەبڵاوکراوە و بەرنامەکانی میدیاکان بەزمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە، بەڵام هێشتا خوێندنی ڕەسمی بەزمانی فارسییە. عەرەبەکانی خوزستانیش داوای پاراستن و بایەخدان بەزمانی عەرەبی بەتەنیشت زمانی فارسی و چالاکییەکان بەم ئاراستەیە دەکەن.١٢

**ئەنجامگیری: قبوڵکردنی فرەیی یان توندبوونی گرژییەکان؟**

قبووڵکردنی فرەزمانی و فرەنەتەوەیی دەتوانن بایەخ بەشووناسی نەتەوەیی بدەن و بەهێزی بکەن، بەڵام ئەم پرۆسەیە پێویستی بەسیاسەتی گونجاو و گشتگیرە کە

ڕێز لە شووناسی زمانی و کلتووری کەمینەکان بگیرێت. وڵاتانێک دەتوانن گرژییە نەتەوەیی و زمانەوانییەکان کەم بکەنەوە و یەکڕیزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی زیاتر بکەن، کە فرەیی زمان و کلتووری خۆیان بەڕەسمی ناسیوە و وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و فرەیی بەکاری دەهێنن.

ئەزموونی وڵاتانی بەلجیکا، کەنەدا و ئەفریقای باشوور نیشانی دەدەن کە قبوڵکردنی فرە زمانی و کلتووری نەک تەنها لەقازانجی گونجانی نەتەوەییە، بەڵکو شووناسی نەتەوەیی بەهێز دەکات و گرژییە نەتەوەییەکان کەم دەکاتەوە. ئێرانیش بەفۆکەس خستنەسەر فرە زمانی و نەتەوەیی خۆی، دوورنییە لەداهاتوو بەرەو قبووڵکردنی زیاتری فرەیی زمانی بجوڵێت. ئایا سیاسەتی "یەک نەتەوە، یەک زمان" لە ئێران سەرکەوتوو دەبێت یان قبوڵکردنی فرەزمانی دەکرێت چارەسەری باشتر بێت بۆ بەهێزکردنی هاوپێوەندی نەتەوەیی؟ کات وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

● Beissinger, M. R. (2002). Nationalist Mobilization and the Collapse of the Soviet State. Cambridge University Press.
● Yildiz, K. (2005). The Kurds in Turkey: EU Accession and Human Rights. Pluto Press.
● Conversi, D. (1997). The Basques, the Catalans, and Spain: Alternative Routes to Nationalist Mobilisation. University of Nevada Press.
● DeVotta, N. (2004). Blowback: Linguistic Nationalism, Institutional Decay, and Ethnic Conflict in Sri Lanka. Stanford University Press.
● King, R. D. (1997). Nehru and the Language Politics of India. Oxford University Press.
● McDonald, M. (1989). We Are Not French! Language, Culture, and Identity in Brittany. Routledge.
● McRae, K. D. (1986). Conflict and Compromise in Multilingual Societies: Belgium. Wilfrid Laurier University Press.
● Conversi, D. (1997). The Basques, the Catalans, and Spain: Alternative Routes to Nationalist Mobilisation. University of Nevada Press.
● Hayday, M. (2010). So They Want Us to Learn French: Promoting and Opposing Bilingualism in English-Speaking Canada. UBC Press.
● Alexander, N. (2005). The African Renaissance and the Use of African Languages in Tertiary Education. PRAESA.

● Atabaki, T. (2000). Iran and the First World War: Battleground of the Great Powers. I.B. Tauris.
● Borjian, H. (2013). The State of Languages in Iran: A Historical View. Iranian Studies.
● Rezvani, B. (2013). Ethno-Territorial Conflict and Coexistence in the Caucasus, Central Asia and Fereydan: Ethno-Demography, Politics and History. Amsterdam University Press.
● Atabaki, T. & Mehendale, S. (2004). Central Asia and the Caucasus: Transnationalism and Diaspora. Routledge.
[1] E: Younes.Leysi@gmail.com
[2] Beissinger, M. R. (2002). Nationalist Mobilization and the Collapse of the Soviet State. Cambridge University Press, pp115-120.
[3] Yildiz, K. (2005). The Kurds in Turkey: EU Accession and Human Rights. Pluto Press, pp.50-55.
[4] Conversi, D. (1997). The Basques, the Catalans, and Spain: Alternative Routes to Nationalist Mobilisation. University of Nevada Press, pp60-65.
[5] DeVotta, N. (2004). Blowback: Linguistic Nationalism, Institutional Decay, and Ethnic Conflict in Sri Lanka. Stanford University Press, pp45-50.
[6] King, R. D. (1997). Nehru and the Language Politics of India. Oxford University Press, pp120-125.
[7] McDonald, M. (1989). We Are Not French! Language, Culture, and Identity in Brittany. Routledge, pp50-55.
[8] McRae, K. D. (1986). Conflict and Compromise in Multilingual Societies: Belgium. Wilfrid Laurier University Press, pp90-95.
[9] Hayday, M. (2010). So They Want Us to Learn French: Promoting and Opposing Bilingualism in English-Speaking Canada. UBC Press, pp150-155.
[10] Alexander, N. (2005). The African Renaissance and the Use of African Languages in Tertiary Education. PRAESA, pp30-35.
[11] Atabaki, T. (2000). Iran and the First World War: Battleground of the Great Powers. I.B. Tauris, pp55-60.
[12] Rezvani, B. (2013). ⁕Ethno-Territorial Conflict and Coexistence in the Caucasus, Central Asia and Fereydan: Ethno-Demography, Politics and History⁕. Amsterdam University Press, pp180-190.
https://www.iran-emrooz.net

⁕ یونس لەیسی دریلۆ(نووسەر و تووێژەری بێلایەن)

# قەیرانی زمانی عەرەبی لە مەغریب

■ د. عەبدولقادر فاسی فهری
■ وەرگێڕانی: د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

**یەکەم: لە بەراییدا**

ئەمڕۆ هاووڵاتیی مەغریبی خۆی دوور دەگرێت لە نرخاندنی بەرهەمی ڕۆشنبیریی خۆی و ئەم کارەی بۆ کەسانی تر بەجێ هێشتووە، ئەو شتانەی بێگانەکان دەیاننرخێنن، پێویستە ئێمەش بیاننرخێنین و ئەوانەشی ئـەوان بە کەمیان دەزانـن، پێویستە ئێمەش بە کەمیان بزانین، بێگانەکان چالاکی و هەوڵەکانی خۆیان لە ڕەسەنترین شارستانییەتەکانمان و لە دەشتاییەکانمان دادەمەزرێنن، تا لە دەست ئێمەیان ڕزگار بکەن، ئێمە بێدەسەلاتین لەوەی هەڵسەنگاندن بکەین و هەڵە و چەوتەکان ڕاست و هەموار بکەینەوە، توانای ئەوەمان لە دەست داوە، خاوەنی خۆمان بین و پۆشاکی غەیرەمان پۆشیوە، تا کەسایەتیی خۆمان دروست بکەین. پاشماوەکانی خودیەتی خۆمان بۆ بیانییەکان وەردەگێڕرێت، لەم هەرزانفرۆشییە خودییەدا، خودیەتی زمانەوانیی خۆمان هەرزان و بێئەرزش کردووە، خودیەتی زمانەوانیی مێژووییمان مۆرکی پێوەندی وەرگرتووە لە نێوان سەرچاوەکانی خۆی، بەستەری زمانەوانی لە نێوان زمانی عەرەبیی قوتابخانە و عەرەبیی ناوەندگیر و عەرەبیی زارەکی و وابەستەی زمانەوانی لە نێوان زارەکی و زمانی (ئەمازیغ) و پێوەندی لە نێوان زمانی فەرەنسایی و ئیسپانیایی و ئینگلیزی و زمانەکانی دی. کەچی ئەمڕۆ هێزی ئەوەمان لەدەست داوە، کە پێوەندی و پێوەندکاران بنرخێنین، هەمیشە لە هەوڵداین بۆ جودابوونەوەیان دابڕان، کە داگیرکەریان بیانی خستوویانەتە مێشکمانەوە، بگرە دەروونە شڵەژاوەکانیشمان هانی ئێمەیان داوە کە پتەو و بەهێز نەبین. زمانی پەتیمان لە زمانی زارەکی جودا کردەوە و زمانی ئەمازیغیشمان لە زمانی زارەکییان زمانی عەرەبی جودا کردەوە، هەموو ئەمانەشمان لە زمانی فەڕەنسایی و زمانەکانی دی جودا کردەوە، ئێمە کۆچکردنمان پێ باشترە، چونکە بێگانە ئەو تەماحەی داوە پێمان، لەبەر ئەوەی ناتوانین ژینگەی خۆمان باشتر بکەین، ئەوا سوار ئەو کەشتیانە دەبین، کە لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە بۆ ڕۆخەکانی دی بمانگوازنەوە، ئەوانی دی ئێمەیان سەراسیمە و مەدهۆش کردووە، هەموو هیوا و ئاواتێکمان ئەوەیە، بگەین بەوان و ڕۆشنبیری و زمان و بەهاکانی بێگانە بە کرێ بگرین. توانای خوێندنەوەمان لەدەست داوە. چونکە بە گشتی ئێمە نەخوێندەوارین و بیانییەکان ئەو شتانەمان تێدا دەخوێننەوە، کە خۆیان خوازیارن، تەماشای کاروباری زمانەکەمان دەکرێت و ئێمە تەنیا بە ڕوانگەی ئەوانی دی شتەکان دەبینین.

نازانم چۆن ئەم بارودۆخە زەوت کراوە گشتییە هەڵبسەنگێنم، سەرتاپامان تێیدا لە ناو خێزانەکانمان و کۆمەڵگەکانماندا تێیدا دەژین، واشمان لێهاتووە تەنانەت لە قسە و ئاخافتنە ئاساییەکانیشماندا بە زمانی زارەکی مەغریبییان زمانی ئەمازیغی باسی لێوە ناکەین، بگرە لە زمانی پەتییەکەشماندا هەر ئاوڕیان لێ نادەینەوە، زمانمان پاراوی نەماوە لە نانەواخانە و قاوەخانە و هەردوو کەناڵییەکەم و دووەم و لە زانکۆ و کاتی تێکەڵبوون و کۆبوونەوەکاندا و لەماڵەوە لەگەڵ ماڵ و منداڵماندا زمانمان بە (فەرەنگی) کردووە و زمانی (مۆلەر)مان لە لا (متبرک)ە، ئەمەش لەپێناو گەیشتن بە ژینگەی نەوە و نیشتمانەکەی (مۆلەر)، ئەم زەوتکردنە لە بنەڕەتەوە بۆ دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵی و ئابووری و سیاسی دەگەڕێتەوە، بە هەمان شێوەش بۆ (مرکنتیلیە)ی ئەم گروپانە دەگرێتەوە، چونکە پارە و ئابووری و سیاسەتی زمانی پێوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە، کە کەسانی زرنگ و هۆشیار درکیان پێ دەکەن.

قەیرانی زمانی عەرەبی لە وڵاتی مەغریب لە چەند ئاستێکدایە و ئیدی پەسەند ناکرێت، قەیرانی بارودۆخەکە (لە فێرکردن و کارگێڕی و ئابووری) و قەیرانی دەقی سەرەکی (لە فەرهەنگ و ڕێزمان و دەقەکانمان) و قەیرانی ئەرکەکان (لە ژیانی گشتی و کارگێڕیی)دایان لە بە دامەزراوەییکردنی زمانەوانیی نەگونجاو و مافە زمانەوانییە لەباربراوەکان و یاسا یەک لەگەڵ واقیعەکەدا دژ دەکەوێتەوە و لە ئابووری و سیاسەت و کۆمەڵایەتیدا دژیەکەک لە ئارادایە... هتد. پێویستە چارەسەری ئەم قەیرانە بە شێوازێکی عاقڵانە بکەین، قەیرانەکە قەیرانی زمانی عەرەبی پەتی نییە تەنیا، بەڵکوو قەیرانی زمانی شوناسە و قەیرانی زمانی بیانییان زمانە بیانییەکانە، نازانین چۆن ئەم فرەیی و فرەجۆرە زمانەوانییە تێ بگەین و بۆ بەرژەوەندیی گەشەکردن و پێشڤەچوونمان بەکاریان بێنین.

ئێمە ئیتر ئەوەمان پێ پەسەند ناکرێت، خەڵکانی دی وەرگێڕانمان بۆ بکەن، بەڵکوو ئەم جۆرە وەرگێڕانەمان لە لا پەسەند نییە، کە ڕۆشنبیرییان مەعریفەی غەیرەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە و بە ژینگەیی دەکات، ئێمە ئارەزووی ئەوە دەکەین، هەمیشە کۆچ بکەین بۆ ڕۆشنبیرییەکی دی و شوناسێکی دی، ئێمە و دەستەبژێرەکانمان – تاکوتەرا نەبێت – ئیتر خاوەن شوناسێکی ڕۆشبیری و زانستی و هزری و زمانەوانیی کارپێکراو نین، ئێمە وردە وردە وامان لێ دێت، کە زمانەکەمان لەدەست دەدەین و شوناسی خۆمان بزر دەکەینیان (دابڕێنراو دەبین).

هیچ ناوچەیەک لە جیهانی پێشکەوتوودا نییە، کە زمان و ڕۆشنبیریی جودای تێدا نەبێت و تێهەڵکێش و جوداییان تێدا دروست نەبووبێت و بەر شاڵاوی ڕۆشنبیرییان مەعریفی (غەیرە) نەکەوتبێت و تەرزێکی وەرگێڕانی بەسەردا نەسەپێنرابێتیان تەرزێکی باوی ڕۆشنبیری بەسەردا فەرز نەکرابێت، ئەویش لە ڕێگەی میدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، کە لە هەموو چرکە و ساتێکدا ڕووداوی تازەی زانستی و ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووری دەگوازنـەوە... هتد، کە زلهێزە کاریگەر و بەرهەمهێنەر و داهێنەرەکانی جیهان دروستیان دەکەن و وشە و زاراوەگەلی ئەوتۆیان بۆ دروست دەکەن، کە هەڵبگۆزن زمان وەک دەفرێک وایە بۆیان. بگرە ئامرازەکانی وێنەی زیندوو لە کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت هیچ بوارێکیان بۆمان بەجێ نەهێشتووە، مەگەر بۆ مامەڵەکردن نەبێت لەگەڵ غەیرە، هەروەها ئەو کەناڵانە هەمیشە ئێمەیان مەدهۆش و سەراسیمە کردووە، ئێمەیان بەزاندووە بەو شتانەی بڵاویان دەکەنـەوە لە وێنەی سەرنجڕاکێشی تـەرزی تەکنیکی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەیی، ئەمە جگە لە شتە سەرنجڕاکێشە جوان و هونەری و ژینگەیییەکان. بۆیە شتێکی عاجباتی نییە ئەمڕۆ دەبینین فەرهەنگەکانمان پڕن لە وشەی وەرگێڕراو و تەنیا پۆشاکی واژە عەرەبییەکە بە بەر چەمکە بیانیەکەدا دەکەینیان خەیاڵێکیش دەکەینیان وشەکان دەخوازینیان وشەکان بە گۆڕینێکی کەم لە دارشتەکەیدا قەرز دەکەینیان بەبێ گۆڕین بەکاریان دەهێنن و لە هەمان کاتیشدا ناوەڕۆک و وێنە و تەکنیک و حەواڵەکان پشت پێ دەبەستین، کە جێگیر دەبن و بەرجەستە دەبن و زیندوو دەبن لە لای غەیری خۆمان. ئێمە قەناعەت بەوە دەهێنین واژەکـان خاوەنداری بکەین، بەڵام نەبینە خاوەن ناوبراوەکان. بگرە ئێمە دابڕان لە واقیعی ئەو شتانەدا پەسەند دەکەین، کە باسیان لێوە دەکەین، ئینجا ئیتر جگە لە گەڕەلاوژە هیچی دیکەمان بۆ نامێنێتەوە، بەڵکوو زۆر جاران خەو بە گۆڕینی ژینگەکەمان و شوناسەکەمان دەبینین، تا ژینگەی ئەوانی دیکەمان بۆ دەستەبەر بێت و شوناسەکەی بپۆشین.

ئەزموونەکانی ڕێنیسانسی جیهانی بە درێژاییی مێژوو (بە ئەزموونی عەرەبی ئیسلام)یشەوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی، هەر ڕێنسانسێکی هزری، زانستی، سیاسی ئابووری... هتد. ئەگەر بزاوتێکی وەرگێڕانی لەگەڵدا بووبێت، ئەوا بازنەکەی بۆ چەندان سەدە فراوانتر بووە. ئەم بزووتنەوەیە لە ئێستادا لەگەڵ بزووتنەوەیەکی ڕێنساسی

و نوێکردنەوەی زمانی/ دەفردایە، کە دزەی کردووەتە ناو فەرهەنگەکەی لە ڕووی واتا و واژە و دەنگ و نووسینەوە و بگرە توانیویەتی زۆربەی زۆری شێواز و پێکهاتەکانی دووچاری لەقبوون بکات، بەم شێوەیە زمانی وا لێ کرد کە بۆ تەرزی ڕۆشنبیری دابنەوێنێت، ئینجا واژەکانی بە شێوەیەک ڕۆنشین کرد، کە زانست و زانین بەدوایاندا ڕۆنشین بکات... هتد. مێژوو گەواهیدەرە لەسەر ئەوەی وەرگێڕەکان داهێنەری نووسین بوون و زمانەکانیان پێش خستووە و دەقی ئەدەبییان داهێناوە و چەندان زانین و زانستیان بڵاو کردووەتەوە، مژدەدەری چەندان ئایین و بۆنە و بەهاکانیان گواستووەتەوە و چەندان فەرهەنگیان نووسیوە و کاریگەرییان بەسەر سیاسەتی زمانەوانییەوە هەبووە و شرۆڤەی مێژووییان کردووە و کاریگەرییان بەسەر ڕەوڕەوی مێژوو هەبووە ... هتد.

وەرگێڕان ئەگەر پڕۆسەیەکی بەسوود و سەرکەوتوو بێت بۆ خاوەندارێتییان گواستنەوەی زانست و زانین و ئەدەبی بێگانە، جگە لەوەش پردێک بێت بۆ بەستنەوەی ژیار و ڕۆشنبیرییەکان و گەلانی جیهان بەیەکدییەوە، ئەوا خاوەندارێتیی زمانە بیانییەکان ڕووی دیکەی گەیشتنە بە ئامانجەکان (لەسەر هێڵی online) بە شێوەیەکی خێرا (ontime)، وا دەردەکەوێت خاوەندارێتی زمانیان زمانە بیانییەکان وات لێ دەکات، کە واز لە وەرگێڕان بهێنیتیان ڕۆڵەکەیان کەم بکەیتەوە. زۆربەی سیاسەتە زمانەوانییە فێرکارییەکان ئەمڕۆ لە هەوڵدان بۆ ئەوەی ببنە سێ کوچکە (سێینە)، زۆربەی ئەو زمانانە لەمانە پێک هاتوون زمانی گەردوونی (universal language) بۆ گەیشتن بە زانستەکانی گەردوون و زمانی نیشتمانییان زمانی هەرێمییان زمانی کارپێکراو (Lingua Franca)، کە ئاسانکاری دەکات بۆ تێگەیشتن لە نێوان گرووپە زمانەوانییە گەورەکان و، زمانی خۆجێی بریتییە لە زمانی (دایک) (Mother tongue)،یان زمانی (زێد)، کە پڕۆسەی فێربوونی زوو ئاسان دەکات، بەڵام ئەم فرەییە جوداکاریی نێوان کیانە زمانییەکان بەرجەستە دەکەن و خۆیان پێویستییان بە وەرگێڕان هەیە، واتە زمانێکی ناوەندگیرنیان زمانێکی ئەوتۆن پردێک پێک دەهێنن و وای لێ دەکەن جودا و دوور لەیەک بن.

ڕۆڵی وەرگێڕان بە گشتی لە بواری کارلێکی ڕۆشنبیریدا، چەندان ئەزموون لە وێستگە مێژووییەکان و باردۆخی دیارکراودا جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەویش لە ڕوانگەی بە ڕۆشنبیرکردن (acculturation)یان ڕۆشنبیرایەتییەوە، کە پێویست

دەکات خاوەندارێتی و کارلێکردن لە ئارادا هەبێتیان لە ڕوانگەی ئەو پێوەندییەی لە نێوان وەرگێڕان و ئەو زمانەدا هەیە، کە بۆی وەردەگێڕینیان لێوەی وەردەگێڕین و ئەو کاریگەرییانەش لێک دەدرێنەوە، کە لێوەی پەیدا دەبن، چ ئەرێنی و چ نەرێنی، جگە لەو مەرجانەی بۆ کارلێکردن بە کەڵک دێن، لەوانەش هەڵوێستەکانی دەسەڵات و بەکاربەرانی پرۆسەی وەرگێڕانەکە و ڕۆنشینبوونی وەرگێڕانەکە لە چوارچێوەی بژاردە زمانەوانییەکان و ڕۆڵی زمانە بیانییەکان ... هتد. هۆشیاری بە سووربوون لەسەر پرۆسەی وەرگێڕان لەگەڵ هۆشیاری پرۆژە ڕۆشنبیرییە کارلێکارە گشتگیر و تەواوکارەکەدا جووتە، کە خوازیاری بەدیهێنانین و ڕۆژبەڕۆژ بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە سەرچاوەی گیروگرفت و ئەو کێشانەن، کە دەبنە ئاستەنگ بەرانبەر بە پێشکەوتنمان و مافەکانمان لە ڕۆشنگەری و پێشڤەچوون، بگرە لەمپەر دەخەنە بەر بوونمان، ئەویش ئەگەر نەشتوانی ئەو دووانەییەی سەپیوتە سەرمان لێی بترازێین، ڕۆشنبیریی خێر (یان ڕۆشنبیریی دیکە) لە (ڕۆشنبیریی شەڕ) جودا نەکەینەوە، واتە (ڕۆشنبیریی من) ئەمەی دووەم ڕۆشنبیریی عەرەبی ئیسلامی و ئەمازیقییە، وەک ئێمە گوزارشتی لێ دەکەین، ئەوا بۆمان هەیە بەرژەوەندییەکەم وازی لێ بینین چ بە خۆشی و چ بە ناڕەزایی، وەک ئەوەی (بۆش) دەڵێت. ڕۆشنبیرییەکەییەکەم هەمیشە بۆ لای خۆی ڕاماندەکێشێت و زەوتمان دەکات و وامان لێدەکات توانای وەرگێڕانمان نەمێنێت، هاوتەریب لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە دوانەییە ڕۆشنبیرییە خۆجێیە کوشندەکان واز لێ بینین، کە دان بە جیاکاری و پێوەندیبەستن (یان هاوبەشی) ناهێنن.

**دووەم: پرۆژەی ڕۆشنبیری کارلێکی، فرەیی و وەرگێڕان**

زۆر شت لەبارەی سوودەکانی وەرگێڕان و ڕۆڵی لە پێشڤەچوون و کردنی قەڵبەزەی جۆری لە بواری ڕۆشنبیریدا (cultural turn) دەخوێنینەوە، کە کووڕبوونەوەی خودی نێگەتیڤانەی نابزاوتانە لە ناو دەبەن، کەچی گرنگیی وەرگێڕان بە واتا گشتییەکەی (وەرگێڕانی ڕۆشنبیری و وەرگێڕانی زمانەوانی بەیەکەوە گرێ دەدات) لەوەدایە، دەرفەتی ناسینی ئەوانی دیکەمان بۆ دەڕەخسێنێت لە جیاکاریی و داب و نەریت و زانست و هونەر و ئاکارەکانیان، بگرە هۆشیاریی

خود و جیاکاریی خود زیاتر پێش دەخات، وەک بەرهەڵستێک بەرانبەر ئەوانی دی و بگرە بەرانبەر خودی ڕۆشنبیریی فرەجۆر هۆشیارمان دەکاتەوە، کە جڵەوگیریان بووینە و لەیەک خوددا قەتیسمان کردبوون (ئەوانەش کە لافوگەزافی دیکەیان لێ دەدا، سەریانمان پەڕاند). بێگومان خودەکانمان لەیەک خوددا فرەیی بینیوە، هەروەها هاوشێوە و جوداکاریمان تێدایە، هەندێک لە ئادگارەکانیانمان نەناسیوە، زۆر جاران مەگەر لە ڕێگەی زانایانی ڕۆژئاواوە نەبێت، کە لەبارەی ئێمە شتیان نووسیوە،یان خەسڵەتەکانمانیان وروژاندووەیان هەستاوە بە شڵەژاندنی واهیمەکانمان لەبارەی خۆمان، ئەگەر ئەوی دیکە بە هەمان شێوە فرە بێت، ئەوا فرەیی و جیاکاری گشتگیر و گەردوونییە و لەسەر ڕۆشنبیرییەک پیادە نابێت و تایبەت نابێت پێی، هەروەها تایبەت نابێت بە زمانێکی دیارکراو، زمان چەندان زارە و لە ناویەک زماندا فرەجۆرە و شێوەزارەکانی ناویەک زمانیش بە هەمان شێوە فرەن، واتە لێکۆڵینەوەی زمانەکان بە شێوەیەکی هاوچەرخ بەرەو میتۆدێکی بەراوردکارانە هەنگاو دەنێت، تاک و بڕیار لەسەر ئەوە بدات، کە زمانەکانیان هەمەکیەکانیانیەک دەخات (universals) و ئەوانەشی جوداکارییان هەیە لەگەڵیدا لە ڕێگەی بەها ناوەندگیرەکانەوە (parumter values)،یەکەم جار ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە خەسڵەتەکانی زمان ناکرێت تەنیا بە لێکۆڵینەوە دەستنیشان بکرێت، بەبێ بەراوردکردنی لەگەڵ زمانەکانی تر، چونکە ((شتەکان بە دژەکانیان دەناسرێنەوە))، بە هەمان شێوەش بە ئەنجامدانی پرۆسەی بەراوردکاریی شتە هاوبەشەکان و جیاوازەکان و جیاکارەکان دەردەکەون. زمانەکان بە درێژاییی مێژوو تێکەڵکێش بوونە و کاریان لەیەکدی کردووە، بە هەمان شێوەش تەرزە ڕۆشنبیرییەکان، بە گشتی زمانەکان لە ڕووی زانستەوە هیچ کامیان لەوی دی باشتر نییە، بە هەمان شێوەش ڕۆشنبیریی میللەتان، هیچ ڕۆشنبیرییەک/ ژیارێک بە تەنیا هەڵگری چەمکی شەڕانگێزی نین، بە هەمان شێوەش ڕۆشنبیرییەکان هەڵگری واتای خێر و باشە نین بەتەنیا، پێویستە لە شتە ڕەهاکان خۆمان بپارێزین، توندگوتیژی و توندڕەوی لە کۆمەڵگەکان و لە ڕۆشنبیرییە جوداکاندا هەن و زادەی ڕۆشنبیرییەکی دیارکراو نین، وەک مەسیحیەت و ئیسلامیەتیانیەهودییەت، هیچ زمانێکیش باس لە دواکەوتن و دوورەپەرێزی و دوورکەوتنەوە لە زانین و زانست ناکات، ئینجا زمانەکەی ئێمەیان زمانەکانی دی بێت.

ڕاستە چەمکە ڕۆشنبیرییە/ ژیارییەکان پێشخران و لە ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەکاندا پێڕەو کران، پێش ئـەوەی کۆمەڵگە و ڕۆشنبیری دی پڕاکتیزەیان بکەن، هیچ هەڵوێستێکی تاک و تەنیامان لەم چەمکە ڕەوشتییان مافانە نییە وەک دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ و مافی ئافرەت و ئازادی بیروڕا و ڕۆشنبیریی ماف و یاسا و ڕێزگرتن لە یاسا ی نێودەوڵەتی و خاوەندارێتیی هزری و مافە زمانەوانییەکانی هاووڵاتیان و مافی کەمینەکان و مافەکانی فەرمانڕەوایەتی هەرێمییان فیدڕاڵی و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و عەلمانیەتی دەوڵەت و کارکردن بەرانبەر بە کرێ… هتد. ئایا ئەمانە توخمەکانی ڕۆشنبیریی بەرانبەرنیان ڕۆشنبیریی (چاکە)ن، پێویستە پراکتیزەیان بکەین و وردەکارییەکانیان جێبەجێ بکەینیان ئارەزووی خاوەندارێتییان بکەین، تاک و ببنە بەشێک لە ڕۆشنبیری و هزر و بیرمان تا لەسەریان بڕۆین، کەواتە ئێمە پێویستیمان بە گۆڕان و پێشڤەچوونێکی ڕۆشنبیری هەیە، کە هەموو ئەم توخمانە لەخۆ بگرێت و تێماندا چەکەرە بکات و ڕەهەندی گەردوونی وەربگرێت، بەبێ هیچ هەستێک بە پاشکۆیەتی و زەوتکاری… هتد. ئەم گۆڕان و پێشکەوتنەی لە بواری زمان هاوکوف لەگەڵیاندا ناچاربوونی زمانە بۆ وەرگرتنی چەمکگەلی نوێ بە هەموو وشە و نـاوەڕۆک و پێکهاتەکانییەوە، تاک و هەموو چەمکە نوێیەکان بە خۆیەوە بلکێنێت، لە بواری ڕۆشنبیریدا هەروەک لە زماندا بواری ڕەتکردنەوە لە ئارادا نییە، بەڵکوو وەرگرتن و تێگەیشتن کرۆکی باسەکەیە، پرۆسەی وەرگێڕانیش ڕێگەیەکە بۆ وەرگرتن و گەیشتن لە ڕۆشنبیرییەکانی دی چ باش و چ خراپ، لەگەڵ بوونی دەرفەتی خاوەندارێتییان بژارکردنی باش و خراپەکانی و ڕاستکردنەوەی چەوت و چەوێڵییەکان.

وەرگێڕان کاریگەری کردە سەر زمان و ڕەگەزە ئەدەبی و زانست و زانین و هونەر و تەکنیکەکان، هەروەها کاریگەری لەسەر شوناس و موتوربەکردنیان و بنیادنانەوەیان کردووە، کاریگەرییەکان تەنیا لە هزریان سیاسەتیان فەلسەفەیان سیستەمی سیاسییان ئابوورییان لە موزیکیان وەرزش… هتد قەتیس نامێنێت، بەڵکوو باز دەداتـە سەر گۆڕینی نامۆکان بۆ شتە بەردەست و خۆماڵییەکان و چەمکە ناعەرەبییەکان بۆ عەرەبی و بە پێچەوانەشەوە، بە هۆکاری وەرگێڕان دەگۆڕێن، وەرگێڕان پرد لە نێوان دوورەکاندا دروست دەکات و لە بنەڕەتەوە وەرگێڕان دوو زمان قسە دەکات، زمانی من و زمانی بەرانبەر، بگرە وەرگێڕان

زمانێکی سێیەمە، پرد و نێوانگیری لە نێوان دوو نامۆدا دروست دەکات، تاک و ئەوەی بە زمانەکە ئاشنا نییە و نامۆیە، لە چاوگی زمانەکەوە چەمکەکان بگات، وەرگێڕان زمان و ڕۆشنبیرییەکی نێوانگیرییە (interculture, interlingua)، چونکە پردێک لە نێوان زمانە وەرگرەکە و زمانی دەقەکەییەکەم دروست دەکات، بە هەمان شێوەش پرد لە نێوان ڕۆشنبیرییەکان دروست دەکات . گەورەترین بەربەست لە بەردەم وەرگێڕی زمانەوانی ئەوەیە، کە دەق بکاتە شتێکی ئەوتۆ، تێگەیشتنی بەردەست بێت بۆ خوێنەر و گوزارشتی تەواو لە مەرام و مەبەستی خوێنەرەکە بکات، تێگەیشتنیش تەنها بە موتوربەکردنی ڕۆشنبیرییەکان دەستەبەر دەبێت، واتە لە ڕۆشنبیری باو و کارپێکراو دەرباز بین و لە ڕۆشنبیری نامۆیی بگەین، بگرە پێویستە توانای دروستکردنی ڕۆشنبیرییەکی سێیەممان هەبێت، کە جیاکارییەکان نزیک بکاتەوە، کارلێککردن لە نامۆییدا بە ئاشنایی هەژمار دەکرێت، ئەمەش بواری فرەیی وەرگێڕانەکانییەک دەق دەڕەخسێنێت، هەروەک چۆن لەیەک زماندا چەند خوێندنەوەیەک بۆیەک دەق هەیە.

واقیعی وەرگێڕان لە وڵاتی مەغریب و وڵاتە عەرەبییەکان هەروەک دەردەکەوێت ئاماژە بەوە دەکات، ئێمە بێدەسەڵاتین لە وەرگرتنی فرەییدا، هەرچەندە ئێمە لافوگەزافی ئەوە لێ دەدەین، کە فرەخوازین، ئێمە بێدەسەڵاتین لە گفتوگۆکردن و دروستکردنی پرد، هەرچەندە دروشمی ڕۆژانەمان ئەوەیە، ئێمە گۆشەگیر و وازهێنەرین، هەندێکیشمان وەرگێڕین. وەرگێڕان لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە ئاماژەیەکە بۆ پێشکەوتن و تواناسازیی خود و بینینی ئەوانی دی و دامەزراندنی مەرجەکانی ڕۆشنبیری و گفتوگۆ. نمرەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان بەرزن، بەڵام نمرەکانی ئێمە لاوازن، ڕۆشنبیرییەکەمانیان کۆنەیان کۆپییە و هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ پێشکەوتن و دەستپێشخەری و کێبڕکێ و گفتوگۆ لە لای ئەوانەی بێشوناس و سەر بە ڕۆشنبیرییەک نین.

### سێیەم: تێکچوون و هەڵەی بارودۆخی زمانی عەرەبی لە مەغریب

#### ١. تێکچوون و هەڵەی زمانی فێرکردن و فێرکردنی زمان

مەسەلەی زمان لە سەرەتای سەربەخۆبوونەوە خۆی سەپاند وەک توخمێکی گرنگ و تەوەرئامێز لەبارەی ئەو قەیرانەی قوتابخانەی مەغریبی بە دەستییەوە دەناڵێنێت،

ئەویش لاوازبوونی کارامەیی و نەبوونی تۆکمەیی و نەبوونی هاوسەنگیی نێوان بەهێزکردنی شوناس و گرنگیی کرانەوە، ئەمەش وای کردووە زمان ڕۆڵی سەرەکی ببینێت، وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ فێربوونی زانست و زانین و کارامەییەکان و فراوانکردنی ئاسۆیەکانی هزر و بیری فێربوون و توانای بەردەوامبوون.

زمانی عەرەبی لە بارودۆخێکی نالەباری سیستەمی پەروەردەییدایە، هەرچەندە بژاردەی تەعریب پرۆسەی خوێندنی لە مەغریب وا لێ کرد، لە بنەڕەتەوە زمانی عەرەبی بکاتە ماددەی خوێندنی قوتابخانەکان، هەروەها تەعریب لە بەهێزکردنی توخمە ناوەندگیرییەکانی زمانەوانی لە مەغریب بەشدارییەکی چڕی کرد لەسەر بنەمای وابەستەگی زمانەوانی لە نێوان زمانی قوتابخانەی پەتی و زمانی زارەکی و زمانی ناوەندگیر، لە نێوان ڕۆشنبیران و مامۆستایاندا بەکار دەهێنرا. هەرچەندە ئەم پرۆسەیە بە هەڵەشەیی و خێرایی بەڕێوەدەچوو و چەندان شڵەژانی تێ کەوتبوو و بووە هۆی توانستیی سەربەخۆیی خودی (autonomy) لە لای هاووڵاتی مەغریبی بەرانبەر بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەسەریەک ئاست. کەچی بژاردەی تەعریب - بە عەرەبیکردن پێوەست نەبوو بە زانینی زمانی عەرەبی و گەشەدان بە توانستە مەعریفی و وابەستەکییەکانی بە شێوەیەکی پێویست. کتێبەکانی قوتابخانە ڕۆشنبیرییەک بڵاو دەکەنەوە، کەیارمەتیی نوێکردنەوە و هاوچەرخبوون و داهێنان نادات، میتۆدەکانی خوێندنیش بازیان لەسەر دراوە و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنیش جەخت دەکەنەوە لەسەر پرۆسەی ئەزبەرکردن و بابەتەکانی خوێندن دوورن لە جیدییەتەوە. وا باشترە سیستەمی ڕێزمان (یان ڕستەسازی) لێهاتوویی و کارامەیی لە وابەستەکی بە فێرخوازان ببەخشێت و زمانی ژیان بە ئەرک بکرێت و لە زمانی زیادەڕە و دوور بکەوینەوە، هەروەها تەعریبکردن پێوەندی بە لاوازیی مامۆستاکان و نەبوونی نەخشە و پلانی سەرکەوتوو هەیە بۆ دروستبوونێکی بەردەوام. هەموو ئەم فاکتەرانە و کۆمەڵە کارلێکێکی دی بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری بەسەر فێربوونی زمانی عەرەبی و ئەرکایەتی هەبووە، جگە لەم خاڵە نەرێنییانە، دوو کێشەی گەورە لە ئارادا هەیە:یەکەمیان پێوەندی بە سەختییەکانی گونجانی قوتابی هەیە، کە بە زمانی عەرەبی دروست بووە و لە قۆناغی ئامادەیی و لە بەشەکانی زانستی و تەکنیکی و پیشەییدا خوێندوویەتی، مادام ئەم بەشانە تەنیا بە زمانی فەڕەنسایی دەخوێنن،

دووەمیشیان ئەوەیە کە دەرچووانی بەشە عەرەبیکراوەکان، دەرفەتی کارکردنی بەهێزیان لە کەرتی تایبەت زۆر لاوازە، چونکە دەزگەکانی کەرتی تایبەت ئەوانەیان پێ باشترە بە زمانە بیانییەکان خوێندنیان تەواو کردووە، بە گشتی ئەم کێشە و سەختیانە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا چڕیان بکەینەوە:

أ- لاوازبوونی کارامەیی و زانینی زمانی عەرەبی لە لای فێرخواز و لاوازبوونی جۆری فێرکردن و لاوازیی ئەو ئامرازانەی لە چالاکییە پەروەردەییەکانی پێوەست پێیانەوە بەکار دەهێنرێن، ئەمەش وا دەکات لاوازی لە وەرگرتن و فێربوونی لێهاتوویی و زانستەکان دروست ببێت و دەرەنجامەکانی فێربوون لاواز دەربچن.

ب - نەبوونی زمانێکی عەرەبیی گشتگیر، کە سەرجەم بەشەکانی فێرخوازی ڕوو ماڵ بکات، بە هەموو بەشەکانی (باڵا) و تەکنیکی و سەرەتاییەوە، کە لە هەموو بەشەکان و چالاکییەکاندا بەکار بهێنرێت.

ج - کەوتنی فێرخواز لە قۆناغەکانییەکەمی خوێندنی قوتابخانە لە سەختبوونی گواستنەوە لە زمانی ماڵەوە بۆ زمانی (زارەکی مەغریبییان ئەمازیقی) و بۆ زمانی قوتابخانە و (عەرەبیی پەتی) و گوێنەدان بە بەرەوپێشبردنی شێوازە شیاوەکانی پشتگیریکردن بۆ لابردنی نەرێنییەکان و دوانەییە زمانەوانییەکان.

هـ - نەبوونی مامۆستای شیاو بۆ فێرکردنی زمانی عەرەبی، کە شارەزایی لە شێوازە تازەکانی فێربوون و فێرخوازی سەرنجڕاکێشدا هەبێت.

و - نەبوونی کتێبی قوتابخانە و ئامرازەکانی پەروەردەییی گونجاو.

٢- تێکچوون و هەڵەی بارودۆخی زمانی عەرەبی لە ژیانی گشتیدا

دەتوانین ئەم جۆرە تێکچوونانە بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

أ- لاوازی ئەرکەکانی زمانی نیشتمانی فەرمی لە بەکارهێناندا، لە ئەنجامی هەڵوێستە نەرێنییەکانی بەرانبەری و تیژکردنی ململانێی بێپاسا و لەگەڵ زمانە بیانییەکان و زمانە نیشتمانییەکان و هەژموونی ئەو زمانانەی خاوەن هێزێکی ئابووری و بەرهەمیانەن و بوونی کەلێنێک لە نێوان زمانی قوتابخانە و زمانی پێوەندیی ڕۆژانەی ژیاندا.

ب - هەژموونی زمانی بێگانە وەک زمانێکی کارکردن و پێوەندی لەگەڵ ئابووری و لە بواری مامەڵە کارگێڕییەکاندا.

ج - هەڵوێستە نەرێنییەکانی زۆربەی ئەوانەی کار دەکەن، بە زمانی عەرەبی فێربوونە و لاوازکردنی دەرفەتەکانی کارکردن و خۆشگوزەرانی.

د. لاوازبوونی زمانی ڕاگەیاندن و کارگێڕی و بڵاوبوونەوەی هەڵە زمانەوانییەکان تێیاندا و جێگیرنەبوونی زاراوەکان... هتد.

### ٣. هەڵە و تێکچوون لە دامودەزگەکاندا

بە پێچەوانەی بارودۆخی باو لە زۆر وڵاتانی ڕۆژئاوایی و عەرەبی، کەچی وڵاتەکەمان لە بواری دەزگەی زمانەوانیدا بەدەست ئەم کێشانەوە دەناڵێنێت:

أ. نەبوونی دەزگەیەکی ئەوتۆ، کە دەسەڵاتێکی مەرجەعیەت و سەرچاوەیی هەبێت و دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت چاودێریی بکات و کێشەکان بە ناوونیشانێکی فەرمی و کۆمەڵیانەیەکلا بکاتەوە و لە ڕاست و دروستیی زمانی عەرەبی بکۆڵێتەوە و دەرفەتەکانی پێشڤەچوونی بۆ واڵا بکات و ئاراستە گشتییەکانی فێربوون و فێرکردنی بڕەخسێنێت و یاسا ڕێژیی پێویست بۆ زمانەکە پێشنیاز بکات و پێویستیشە ئاگامان لەوە بێت، زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان و مەغریبییەکان کۆڕبەند و ئەکادیمیایان بۆ ئەم مەبەستە دامەزراندووە.

ب ـ نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسا ییی گونجاو بۆ گرنگیدان بە توانا نیشتمانییەکان، کە بەهێز و پتەو و جیاکار بن و دنەدانیان لە ڕووی مەعنەوی و ماددییەوە، بۆ ئەوەی کار بکات و دەست بە کار بێت لەپێناو ڕاپەڕاندنی پڕۆژەی فێرخوازی و ڕۆشنبیری و زانستیدا، کە وڵات چاوەڕوانێتی، ئەویش بە زمانێکی نیشتمانیی فەرمیی نوێ و کارا.

ج ـ نەبوونی سەنتەری توێژینەوەی کارا، بە مەبەستی بەجێگەیاندنی دڵنیایی لە بەرهەمهێنانی توێژینەوە و ئامرازە پێویستەکان، بەو شێوەیەی لە سەنتەرەکانی توێژینەوەی نێودەوڵەتی دەکرێت.

د. نەبوونی نەخشەیەکی زمانەوانیی ئامانجدار و بەردەوام، کە هەڵە زمانەوانییە سەرەکییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام چارەسەر بکات و هەوڵ بدات بۆ کۆنترۆڵکردن و هەماهەنگی و ئاراستەکردن و بەئاگابوون و هاوکاری.

شایانی باسە زۆری ئەم چەگوتیانە بە ڕوونی و ئاشکرایی واتای ئەوە نییە، کە ئێمە ناتوانین بیانبەزێنین، بەڵکوویەکەم جار واتای ئەوەیە، ڕێگەکە لە پڕۆسەیەکی ڕاشکاوانەوە دەست پێ دەکات، پاشان زۆربەی زمانی ژیارە مەزنەکان هەمان شێوە گرفتی هاوشێوەیان هەیە چ لە ڕووی بەشەکی و چ هەمەکی، بەڵام ئەوانەی

کاروبارەکانیان هەڵدەسوڕێنن، ڕێگەی بەسوود دەبینن بۆ شیاندنەوەیان بە بەردەوامی، پلاندانان و شیاندنی زمانەوانی پێویستییەکی زەڕوو ر و بەردەوامە.

**چوارەم: ئەکادیمیای (محەممەدی شەشەم) بۆ زمانی عەرەبی لە کوێیە؟**

**١. چوارچێوەی مەرجەعییەتی بەدەزگەکردن**

ئەکادیمیای (محەمەدی شەشەم) بۆ زمانی عەرەبی شەرعییەتی خۆی لە فەرمانی شاهەنشاهی (شا محەممەد)ی شەشەمەوە وەرگرتووە، کە سیمبولی دەوڵـەت و سەروەریێتی و پارێزەری دەستوورە و هەمیشە لە برەودایە بۆ پێشکەوتن و هاوچەرخێتی، ئەویش بە ڕوانگەیەکی سەردەمیانە و ڕۆشنبینی، کە چاوگەکانی ڕەسەنایەتی بە سەرمایە بکات و لە خودی خۆیاندایەکن و فرەجۆرن و بەو بەهایانەوە دەوڵەمەندن و پێداویستییەکانی پێشڤەچوون و ئاوێتەبوون و کارایی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەیە، ئەویش لە ڕوانگەی پێڕەوکردنی سیاسەتێکی نێودەوڵەتیی ڕوونەوە، کە لەسەر بنەمای فێربوونی زمانەکان بنیاد نرابێت، هەروەها خاوەنداریێتیی دەستوور و بەهێزکردن و نوێکردنەوەی بە گوێرەی ئەوەی لە (قەواڵەی ژمارە (١١٩/٠٣/١)دا هاتووە، کە جێبەجێکردنی یاسا ی ژمارە (٠٢/١٠) دەچەسپێنێت، کە تایبەتە بە دامەزراندنی ئەکادیمیای (محەممەد)ی شەشەم بۆ زمانی عەرەبی، کە لە ڕۆژنامەی فەرمیی ژمارە (٥١٢٦) لە مانگی (جمادییەکەم) ١٤٢٤ (١٧ی تەمموز/یولیوی ٢٠٠٣) بڵاو کراوەتەوە، بۆ ڕەچاوکردنی بەڵگەنامەی نیشتمانی پەروەردە و دامەزراندن، کە شای وڵات فەرمانی پێ داوە و سەرجەم پەیکەرەکانی کارگێڕی پێڕەویی لێ دەکەن، بە کۆی هەڵوێستەکان شەرعێنراون و بڕیار دەدەن لەسەر دامەزراندنی ئەکادیمیایەک بۆ فێرکردنی زمانی عەرەبی، بۆ داڕشتنی پلان بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی پەروەردەییی مەغریبیی هاوچەرخ و هیوابەخش، ڕەهەندی زمانەوانی و ڕۆشنبیری و زانستیی سەردەمیانەی لەخۆ گرتبێت و بە شێوەیەکی بەردەوام پیادەی بکات و هەڵیبسەنگێنێت.

ئەم بەڵگەنامەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر پایە چەسپاوەکانی دڵنیاییی پەروەردەیی و دروستبوون ویەکانگیری سیستەمی پەروەردەیی لەبارەی چەسپاوەکان و پیرۆزییەکان، تا هاووڵاتییان لەسەری پەروەردە بن، بە مەبەستی بەدەستهێنانی

توانای پێوەندیکردن بە زمانی عەرەبی، زمانی فەرمی وڵاتە لە ڕووی نووسین و گوزارشتکردنەوە، هەروەها بۆ کرانەوە لەسەر ئەو زمانانەی زۆر باون لە جیهاندا و دنەدان بە زمان و ڕۆشنبیریی ئەمازیقی.

**٢. کار و ئەرک و ئامانجەکانی ئەم ئەکادیمیایە**

لەبەر ئەو کێشە و گرفتە زۆرانەی زمانی عەرەبی لەوڵاتی مەغریب لە بوارەکانی فێرکردن و توێژینەوە و ڕاگەیاندن و ژیانی گشتیدا بەدەستییەوە دەناڵێنێت و لەبەر ئاڵنگارییەکانی ناجێگیریی بژاردە زمانەوانییە هاوسەنگ و تەواوکارەکان، ئەوا بوونی ئەم ئەکادیمیایە بووەتە مەسەلەیەکی گرنگ وەک خۆپارێزییەک بەرانبەر دروستبوونی کێشەی دی لە بواری زماندا، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر دەرفەتەکانی زماندا هەبێت و دەرفەتەکانی هاووڵاتیی مەغریبی لە خاوەندارێتیی ئەم زمانە و شیاندنییەتی، بۆ ئەوەی ببێتە زمانی زانست و زانین و پێوەندیکردن.

دروستبوونی دەزگەیەکی باڵا و دڵنیاکەرەوە و کارامە لە شێوەی ڕەهەندێکی مەعنەوی، لە ژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی شای مەغریبدایە و ڕەهەندێکی مەعنەوی هەیە و لە ڕووی دارایی و کارگێڕییەوە سەربەخۆیە و، بۆی هەیە بە شێوەیەکی پلەبەندی سنوورێک بۆ هەڵە زمانەوانی و ڕۆشنبیری و زانستی و فێرخوازییەکان دابنێت.

لێرەدا هەندێک ئەرک و ئامانجی ئەم ئەکادیمیایە دەخەینە ڕوو :

١ـ ئەکادیمیا بە دەسەڵاتێکی مەرجەعیەت هەژمار دەکرێ، کارامەیی و لێهاتوویی خۆی هەیە لە کاروبار و ئەرکەکانیدا، هەروەها ئامرازێکی کارایە بۆ داڕشتنی پلان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن و هاریکار، لەپێناو بازدان لەسەر چەگوتییەکانی ئەم بوارە و بەجێگەیاندنی پرۆژەی پەروەردەیی و زانستی و ڕۆشنبیری، لە بەڵگەنامەی نیشتمانیی پەروەردە و پێکهێناندا هاتووە، هەروەها ببێتە ئامرازێک بۆ فێرکردنی زمانی عەرەبی و بڵاوکردنەوەی زانست و ڕۆشنبیری بە زمانی عەرەبی.

٢ـ ئەکادیمیاکە چەند کەسایەتییەک وانەی تێدا دەڵێنەوە، زانا و لێهاتوویيان لە بواری زمانی عەرەبی و پەروەردە و زمانەوانیی بەراوردکاری و کۆمپیوتەر و زانست و تەکنیک و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا هەیە، کە بەرانبەر ئاڵنگارییەکان

دادەڕێژرێن، ئەم کەسایەتییانە لە نێوان کەسانێکی بەتوانا چ لە دەرەوە چ لە ناوەوەی وڵات هەڵدەبژێردرێن و گرێبەستیان لەگەڵدا مۆر دەکرێت، بۆ داڕشتنی نەخشە و پلانی دیارکراو و ئامانجدار.

٣- ئەکادیمیاکە هەمیشە توێژینەوە دەکات و ئامرازی زمانەوانی و پەروەردەییی کارای تێدا بەکار دەهێنێت، کە دڵنیاییەکی پێویستییان گرتووەتە خۆ، بۆ دەربازبوون لەو کێشە و گرفتانە و داڕشتنی سیستەمێکی باڵا و پتەو بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی.

٤- ئەکادیمیاکە پلان بۆ پڕۆگرامی کارکردن دادەڕێژێت، پڕۆژە زمانەوانی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و زانستییەکە خزمەت بکات، بە هەمان شێوەش ڕاستی و دروستیی زمان دەپارێزێت و ئەو یاسا یانە دادەڕێژێت و پێشنیازیان دەکات، کە ڕۆڵی ئەکادیمیاکە لەم بوارەدا پتەوتر دەکەن، هەروەها دەزگەکە تۆڕەکانی هەماهەنگی و ئاگاداری و کۆنترۆڵکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ دەستە و لایەنە پێوەندیدارەکان دادەمەزرێنێت و هاریکارییان لە نێواندا دروست دەکات.

٣- جیاکاری و سستی لە جێبەجێکردنی بەڵگەنامەکەدا و ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە زمانی عەرەبییەوە هەیە

سیاسەتی فەرمی لەپاش سەربەخۆبوونەوە لەسەر بنەمای دووانەیی دروستبووە، لە گوتارێکدا بەرجەستە دەبێت، ڕاگەیەنراوە و لە کۆمەڵە یاسا یەکدا تۆمار کراوە و فەرمییەتی زمانی عەرەبی دەچەسپێنن و بەرەنگاری ئەو ڕەوشانە دەبنەوە، دژ بەم خواستە جووڵە دەکەن، هەرچەندە وا دەردەکەوێت مەسەلەکە خزمەت بە زمانی بیانی دەکات، ڕەواجیان هەیە، ئەمەش پڕۆسەیەکە لەسەر حیسابی زمانی عەرەبی جێبەجێ دەبێت، کەچی مەسەلەکە بە شێوەیەکی دیکەیە، بەڵکوو ئەم جیاکارییە خزمەت بە فێرخوازیان هاووڵاتی ناکات، ئەم ئەزموونەش ئەوەی سەلماندووە. هاونیشتمانی سوود لە بارودۆخێکی ناجێگیر و بارگاوی بە کێشە و ململانێ وەرناگرێت و شوناسی زمانەوانیی خۆی درک پێ نەکات و مافە ڕەواکانی خۆی پێڕەو نەکات لە سوودوەرگرتن لە ڕۆشنبیرییەک، کە ڕێز لە یاسا کان دەگرێت و یاسا و واقیعەکە پێکەوە دەگونجێنێت. نەتەوە پێشکەوتووەکان هەوڵە تاکە کەسییەکان و کێشە سیاسییە زمانەوانییەکان لە مێژووی وڵاتی مەغریب و ئەم سەردەمە کورتەیدا بەرجەستە ناکەن. ئایا چۆن دەکرێت بەڵگەنامەیەکی سەرچاوەیی بنەڕەتیی وەک بەڵگەنامەی

نیشتمانیی پەروەردە و دامەزراندن سیاسەتێکی زمانەوانیی ڕاشکاوانەی ڕوون و ئاشکرا بە سێکوچکەیەکی ڕوون پێڕەو بکات و دووانیان جێبەجێ بکات و پێکهاتەی سێیەمیش فەرامۆشی بکات، کە لە هەمووی گرنگترە، مەبەستم زمانی عەرەبییە.

**پێنجەم: نەبوونی فەرهەنگی هاوچەرخی عەرەبی و قەیرانی ئامرازی فێرکردن**

پێویستە هەر پڕۆسەیەکی دروستکردنی فەرهەنگ، سێ توخمی پێویست و سەرەکی پێک بهێنێت، بۆ بە ئامانجگرتن و گەیشتن بە ئەنجامە بەکاربردووەکان:

أ. توانستی زمانەوانی: فەرهەنگی بۆ ئەوانەی زمانەکە بەکار دەهێنن و قسەی پێ دەکەن، پێوەندییان بە ماوەیەکی دیارکراویان (ئێستایی)ی دیارکراوەوە هەیە، هەروەها پێوەندییان بە زمانی بەکارهێنراو و زمانی ژیانەوە هەیە، نەک زمانێکی کۆچکراو و لێدراو، بە هەمان شێوەش پشتبەستن بە دەقە زیندووەکان و ڕوونکردنەوەی سەرچاوەکان.

ب ـ توانستی فێرکردن، وا لە بەکارهێنەر دەکات، کە بەراوردێکی گونجاو لە نێوان وشەکە و واتاکەیدا دروست بکات (لە پێکهاتەی گونجاو و دەوروبەری گونجاو).

ج ـ توانستی ناوەندگیری، وێنە و شێوە و ڕەنگ و ئامرازە ئەلیکترۆنی و بیستن و بینینە نوێیەکان و جوڵێنەری توێژینەوەکان بەکار دەهێنێت، بۆ ئاسانکردنی پرۆسەکانی فێربوون و نواندن و توێژینەوە.

هەرچەندە ئەو هەوڵانەی دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و دەزگەکانی زمانی عەرەبی خستویانەتە گەڕ، کەچی هەر دەبێت دان بە کەموکووڕیی فەرهەنگی هاوچەرخی عەرەبیدا بنێین و درک بەوە بکەین، لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆیدا شکستی هێناوە. ئەم کەمتەرخەمییەش لەسەر فەرهەنگە نووسراو و ئەلیکترۆنییەکان وەکیەک پراکتیزە دەبێت، واتە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا (تا ئێستاکە) نەبووەتە هۆکاری گۆڕینی ئەم وێنەیە، مەگەر تەنیا بە شێوەیەکی ڕێژەیی نەبێت، ڕێساگەلی پێدراوەکان و زانیارییە زۆر و بۆرەکان و شیکارییەکانی (وشەسازی/ ڕستەسازی/ واتاسازی) بندەست و کۆگەکردنی نموونەکان و دەقەکان چ کۆن و چ تازە و گەڕان بەدوایاندا و گێڕانەوەیان و هەوڵەکانی کۆڕبەند و سەنتەرەکانی زمانەوانی و دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە کارا و چالاک و خەرجییە زەبەلاحەکان، هەموو ئەمانە نەیانتوانیوە ئەم بارودۆخە بە شێوەیەکی بنەڕەتی و ڕەگانە بگۆڕن.

فەرهەنگی عەرەبی (لەگەڵ چەند هەنگاوێکی شەرمنانە) تا ئێستاکە لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێتەوە و هەمان بابەتە کۆنەکان دووبارە دەکاتەوە و هەمان شێوازە کۆنەکانی ڕێکخستنی خۆی دووبارە دەکاتەوە (هەرچەندە بە ڕواڵەت وای پێ دەچێت ڕێکخستنەکەی جۆرێکی دیکەیە)، هەروەها ئەم فەرهەنگە لە دێرین زەمانەوە بە دەست چەندان کەموکووڕی و کەلێنەوە دەناڵێنێت. ئەم فەرهەنگە بابەتە فەرهەنگییە بەکارهێنراوەکانی سەردەمی خۆی ڕوو ماڵ ناکات لە ڕووی شێواز و پێکهاتە و واتا و دەوروبەر و پێوەندییە ستوونی و ئاسۆییەکانیەوە و کۆکاری تێدا نییە، هەروەها ڕابردوو و ئێستا لەیەکتر جودا ناکاتەوە و وشەکان ناخاتە چوارچێوەی پێکهاتە و بوارەکانی خۆیان... هتد. توێژەر و فێرخواز سوودیان لێ وەرناگرێت... هتد. فەرهەنگسازە هاوچەرخەکان دروشمەکانی خۆیان لە بواری پیشەی فەرهەنگسازیدا وەرنەگێڕاوە و بەرجەستەیان نەکردووە، هەروەها زمانەوانە ئەلیکترۆنییەکان سەرکەوتوو نەبوونە لە دروستکردنی شیکاری هەمیشەیی و ئامرازگەلێک، بۆ توێژینەوە و بەکارهێنانی ئامرازەکان بە شێوەیەکی تەواو و قایلکار... هتد. پرۆسەی بەکارهێنان تا هەنووکە کێشەی کەموکووڕی لە شارەزایی زمانی و ئەندازیاریدا هەیە، ئەم کەمتەرخەمییە لە بارودۆخی فەرهەنگی هاوچەرخی زمانی عەرەبی، کە بۆ توێژینەوە و فێربوون بشێت، بە شێوەیەکی بەرجەستە ڕەنگدانەوەی قەیرانی دەزگە زمانەوانی و شارەزاییی زمانەوانییە لە وڵاتی مەغریب و وڵاتە عەرەبییەکاندا، چونکە ئەم کارە زیندووە، ڕەهەندەکانی پەروەردەیی و ژیاری و هزریی گرتووەتە خۆ و لەسەر دوو مەرج وەستاوە:

أ- دروستکردنی سیستەمێکی توێژینەوە و شیکاری و وردبینیی فەرهەنگی عەرەبیی درێژمەودا و توێژینەوەیەکی زانستیی پڕبەپێست و گشتگیر، کە سوود لە توێژینەوە زمانەوانییە بەراوردکارەکان و ئەلیکترۆنییە هاوچەرخەکان وەربگرێت، بە هەمان شێوە ئەم توێژینەوە سەرەکییانە بە ئامرازی تەکنیکی و زانستی وەربگێڕرێن.

ب - دەزگە سیاسی و زمانەوانی و ڕۆشنبیرییەکان بە هاریکاری لەگەڵ دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و دەزگەکانی بازرگانی و پیشەسازی بکرێن، لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە مەزنە و دروستکردنی ژینگەیەکی شیاو و لەبار بۆ دروستکردن و ڕێککەوتن لەسەری و هەماهەنگیکردن لە نێوان هەوڵەکاندا.

**١. لەبارەی وێناکردنی توانستی فەرهەنگی و ڕۆڵی وشەکان لە دروستکردنیاندا**

بنەمای تەواوکردنی توانستی فەرهەنگی لای قسەکەری زمان، توانای دروستکردنی پێوەندی گونجاوە لە نێوان واژەی وشە (یان وێنەی واژەکە) و ئەو توانایانەی بەشداری دەکەن وەک واتایەک لە ناو بنیادی پێکهاتەیی/ واتاییدا (لەوانەیە ڕستە بێتیان دەقێک بە شێوەیەکی گەورەتریان دەوروبەری ئاخاوتن)، وشەکانیان واژەکان توخمگەلێکن ڕەگەزەکان پێک دەهێنن، واتا کردەییەکانیان تەنیا لە بنیادەکاندا دەبەخشن و لە بوارە مەعریفی و دەوروبەرەکاندا دەردەکەون... هتد. لەبەر ئەوەی زمان زیندووە و هەمیشە لە چوارچێوە دووانەییەکان و جووتەکان لە نێوان واژە و واتاکان پەیدا دەبن، وەک دەرەنجامێک بۆ بەگەڕخستنی ئامێرەکانی پێکهێنانی ئەلیکترۆنی (کە گوزارشت لە خاوەنداریێتیی زمان و وەرگرتنی تواناکەی دەکات)، ئەوا گەمارۆدانی زمان لە ڕێگەی ڕێسای پێدراوی گەورە بە وشەکانیان دەقەکان بە تەواوەتی دروست نابێت بە واتا تەکنیکییە وردەکەی، چونکە زمان بە داهێنان و تازەگەریی و بەردەوامبوون زیندوو ڕادەگیرێت. هۆشیاربوون لەم بوارە ناسراوەی زماندا پێویستی بەوە هەیە دان بنێین بەوەی توانستی فەرهەنگیی زمانەوانی (Lexical Competence) لە سیستەمیان ئامێرێکی کۆمپیوتەریی فەرهەنگی پێک دێت، لە ڕووی کرۆک و جەوهەرەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سیستەمی ڕێزمانیان ڕستەسازیدا نییە، بە هەمان شێوەش ئامێرێکی کۆمپیوتەریانەیە، لێرەوە ئیتر ناوگەی فەرهەنگی (Lexical entries) دەبنە چەند توخمێک، کە سیستەمی کۆمپیوتەر دوو پرۆسەی گرنگ و پێویست ئەنجام دەدات، بۆ گەیشتن بە واتای وشەکە (یان واتاکانیان): پرۆسەیەکی شیکردنەوەیان هەڵوەشاندنەوەیە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وشە واتایەکی ئەتۆمیی (Atomic) نییە، واتە شیکردنەوە قبوڵ ناکات، بەڵکوو وشەکە پێویستی بە شیکردنەوە هەیە بۆ گەیشتن لە واتا ناوەکییەکانی ـ ناوخۆییەکانی، کاتێک دەڵێین (مانگاکە شیری بەخشی)، ئەوا ناتوانین بگەینە تێگەیشتنێک لەبارەی پێوەندیی (شیر)، کە بنجی داتا شیرەکەیە لەگەڵ ئەو (کار)ەی لێی داتاشراوە (وەک پێویستییەک)، مەگەر بە جووتکردنی ئەم وشەیە بە بنیادی بوونەکەوە نەبێت، واتە (مانگاکە بووە خاوەن شیر)، بە پێچەوانەوەی مەسەلەکە سەبارەت بە کاری (to milk) لە زمانی ئینگلیزیدایان وشەی (allaiter) لە زمانی فەڕەنسیدا، (کار)ی ئینگلیزی تێپەڕە و واتای دەرکردن دەبەخشێت، واتە مانگاکە سەرچاوەی (Source) شیرەکەیە، کە لێوەی دەردەکرێت، بەڵام لە زمانی

فەرەنسیدا (کار)ەکەی تێپەڕە و بکەرەکەشی هەمان ڕۆڵ ناگێڕێت، واتە واتای پێدان نەک دەرکردن بەدەستەوە دەدات، بۆیە لە هەمان کاتدا جێبەجێکار و سەرچاوەشە، ئەم جیاوازییانەی نێوان ئەم دوو زمانە لە واتای (کار)، کە لە بنجێکی ناوییەوە داتاشراوە، لێرەدا (شیر)ەکەیە، کە ناتوانین بەبێ ئەوەی بنیادێک دیار بکەین، ڕۆڵی کارەکەی تێدا بەرجەستە بێت و ڕۆڵە واتاییەکانی (Semantic roles) تێدا ڕەنگ بداتەوە، تێیان بگەین فرێزە ناوییەکان دەبنە (بکەر)یان (بەرکار) بۆیان، جیاوازیی زمانەکان لە جیاوازیی ئەوانەوە پەیدا دەبن، ئەمەش کاتێک دەبێت، بڕوانینە وشەکە بەوەی بنیادێکی داسەکێنراوەیان چەپکراوە (compressed)، بنیادە واتاییەکەی بە هەڵوەشاندنەوە و کردنەوەی پەیدا دەبێت،یان بە واتایەکی دی ئەتۆمیبوونی وشەکەی تەنیا واهیمەیەکە، ئەویش کاتێک مەسەلەکە پێوەست دەبێت بە گەیشتن بە واتای ناوەوەی.

بە ئاراستەیەکی دیکە، وشەکە دەبینین توخمی واتای دەرەکی (گرنگە بۆ شیکردنەوە)ی لێ دەردەچێت، بە مەبەستی شرۆڤەکردنی لە کاتی پێکهێنانی لە ناو ڕستەدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە بەراوردێکە لە نێوان (پیاوەکە زۆر تەوافی کرد) و (تەوافم بە پیاوەکە کرد)،یان (پیاوەکە سست بوو) و (پیاوەکەم سست کرد). واتای زۆرکردن لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا دەردەکەوێت و واتای (کردن)یش لەگەڵ کارە تێپەڕەکەدا زەق دەبێتەوە. بە هەمان شێوە واتای (بوون) لە تێنەپەڕەکەدایە،یان (کردن) لە تێپەڕەکەدا دەردەکەوێت، وەک لە نموونەی دووەمدا ئاماژەمان پێ کرد، بە هەمان شێوە پێوەندییی لە نێوان وشەکانییەک سیستەمی فەرهەنگی دەردەکەوێت، وەک هاوواتا (-Sy nomyny) و دژواتا (Antonymy) و... هتد، ئەویش بە هەڵوەشاندنەوە و پێکهاتن، بە ڕوونییش دەردەکەوێت، داڕشتەکان نابنە جێگرەوەییەکدی (هەروەک لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا دەردەکەوێت)، لێرەدا (کەوش) و (کەوش لەپێکردن) هەموویەک واتا وەردەگرن، هەروەها (توندگوتیژیی بەرانبەری کرد) و (توندییەتی کرد لەگەڵیدا) و (بەتوندگوتیژی لەگەڵیدا مامەڵەی کرد)، هەموو لەم حاڵەتەدا بەیەک واتا دێن، بە ڕوونی دەردەکەوێت کە پیتەکان نابنە جێگرەوەییەکدی، مەگەر تەنیا لە کاتی بێلایەنیدا (neutrlization) و هاوواتاکانیش نابنە جێگرەوەی پێناسەکردن لە دەروازەکانی وشەکان، چونکە بۆ نموونە (توندگوتیژیکردن) واتای (لۆمەکردن) و (تانە لیدان) و (گازندە) ناگەیەنێت... هتد (هەروەک لە فەرهەنگەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە).

وا پێ دەچێت هاوبێژی واژەیی (homonymy) زۆر جاران بارودۆخی تێکەڵاوییەکان ـ تێکەڵکێشەکان کارەکەیان پووچ کردووە (هەروەک لە تێکەڵکردنی توندگوتیژی و هەڕەتی لاوییدا دەردەکەوێت)... هتد. فەرهەنگی عەرەبی تەنیا بە دەست گەمارۆدانی واژەکانەوە ناناڵێنێت،یان کێشەکە گەمارۆدانی واتاکان و پێکهاتەکانی نییە، بەڵکوو بە دەست قووڵبوونی هەڵە بنەڕەتییەکانەوە دەناڵێنێت، کە لە چارەسەرکردنێکی ڕێکوپێکدا لە ڕووی واژە و داڕشتن و پێکهاتەی ئاسۆیی و (Syntagmatic) و ستوونییەکانییەوە (Pradigmatic) بەرجەستە دەبێت، بگرە لە بنەڕەتدا توانستی فەرهەنگی توانستێکی کۆمپیوتەرییە، پێویستە هەڵبوەشێنرێت و شیکار بکرێت و پێک بهێنرێت، تا تایبەتمەندیی دەروازە واتاییەکانی لە ڕووی ناوخۆ و دەرەکییەوە زەق ببێتەوە لەگەڵ تایبەتمەندێتییەکانی دی (جگە لە تایبەتمەندیی دیی وەک نووسین و دەنگی وشەسازی و دەوروبەر و فەرهەنگی... هتد).

**٢. نەبوونی فەرهەنگێکی نووسین و ڕێکخستنی بابەتەکان**

پێویستە لە بواری ڕێکخستنی بابەتەکان لە ناو فەرهەنگدا ڕۆڵی فێرخواز/ توێژەر ئاسانتر بکرێت، کە مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا دەکات، واتە ئەو وشانەی واتا و داتاشین و بەکارهێنانەکانیان نازانێت و درکیان پێ ناکات... هتد، ئەم ڕێکخستنە توانای بەستنەوەی وشە دەقییەکان (کە لە دەقەکەدا هەیە) بە وشە فەرهەنگییەکانەوە پێ دەبەخشێت، بەڵام ئێمە هیچ فەرهەنگێکی عەرەبی بەم شێوەیە نابینین، چونکە فەرهەنگەکان وشەکانیان بە گوێرەی دەقەکان ڕێک ناخەن و وشەکان بە گوێرەی (بۆر و ژێر و سەر) دروست ناکرێن، واتە فەرهەنگێکی نووسینی عەرەبی (Linear dictionary) لە ئارادا نییە، بەڵکوو بە هەمان شێوەی (س ح س ح... هتد)، هەروەک لە لای کێشناسانی شیعریان لە فەرهەنگە هیندۆئەورووپاییەکان بەدی دەکرێت، بۆ نموونە وشەی (abaisser) پێش (abattre) و پێش (abattu) و پێش (ignorant)یان (obtus)... هتد دەنووسرێت. بزوێنەکان لە ڕێکخستنی بابەتی فەرهەنگەکاندا پەراوێز خراون، تەنانەت لە فەرهەنگەکانی ئەلفوبێدا وەک (ڕائد و لارۆس) و (فەرهەنگی بنەڕەت)، دەستنووسی نییە، بەڵکوو (فەرهەنگی بنەڕەت) هەمزەی وەسڵی پەراوێز دەخات و لە ناو پیتەکانی خۆیدا لە کاتی ڕێکخستنیدا بوونی نییە. وشەی (الابن) لەم فەرهەنگەدا لە ژێر پیتی (أ)دا نەنووسراوە و بە هەمان شێوەش بابەتەکانی لە

سەرەتاوە بە هەمزەی وەسڵ دەستپێدەكەن، وەک (اتخذ) و (انسجم)... هتد. وشەی (الابن) لە ناو هەمزەدایە لە هەردوو فەرهەنگی (ڕائد) و (لاڕۆس)، بگرە فەرهەنگی (ڕائد) هەموو هەمزەكان دەكاتە (قطعية) نەک (وصل)، تەنانەت لە (ابن) و (اتخذ) و (ائتلف)... هتد. شتێكی سەرسوڕمانە ئەگەر وشەی وەک (ابن) لە ژێر پیتی (ألف)ت بەرچاو نەكەوێت لە فەرهەنگێكی قوتابخانەییی وەک (القاموس المدرسي/ فەرهەنگی قوتابخانە)، هەروەها لەم جۆرە فەرهەنگانەدا وشەی (الماء) لە (موە)دا و (أندلس) لە (دلس) و (أكد) لە (وكد)دا و (رام)یش لە (روم)دا هاتوون... هتد.

هەرچی وشە دەقییەكانە، لە هیچ فەرهەنگێكدا بەدی ناكرێت، وشەی (عد) فەرماندانەكەی (وعد)ە و (قِ) فەرماندانەكەی (وقى)یە و (امدُد) فەرماندانەكەی (مَدَ)ە... هتد، لە هیچ فەرهەنگێكدا نین و لە شوێنەكانی خۆیاندا دانراون. ئەم كەلێنە توانستی فێرخواز كە باسمان لێوە كرد لەكەدار دەكات، چونكە وا گریمانە دەكات خوێنەر داتاشینی وشەكە و لایەنی وشەسازی بزانێت، پێش ئەوەی بەدوایدا بگەڕێت و بیزانێت.

هەروەها هیچ ڕێكخستنێكی دەستنووسی و (ئەلفوبێی)مان لە ناو ئەم تێكەڵكێشییەدا دەست ناكەوێت، فەرهەنگی (المعجم الأساسي/ فەرهەنگی بنەڕەت)، كە تێیدا (فَعَلَ) پێش (فَعُلَ) و (فَعِلَ) لە تێكڕای كارەكاندا هاتووە بە شێوە بزوێنەكەی ڕێک نەخراوە (الحركات) و سیستەمی (ئەلفبائی) لە ناو بابەتەكانیدا ڕەچاو نەكراوە بۆ نموونە لە وشەی (رهب) ئەم ڕیزبەندییە ڕەچاوكراو: رِهِبَ يَرهَب رِهباً، وَرَهبَة وَرَهَباً، رِهَبَ، أَرهَبَ، ترهب، ترهبن، استرهب، إرهاب، ارهابي، استرهاب، ترهبن، تَرَهُّب، ترهيب، راهب، رِهَبٌ... هتد، واتە بابەتەكان بە هەڕەمەكی دانراون و بە گوێرەی ڕیزبەندییەكی دیاركراو نین.

### ٣. ناهاوچەرخی فەرهەنگ و بابەتەكانی فەرهەنگی هاوچەرخ:

هەندێک فەرهەنگ هەن، خۆیان بە هاوچەرخ ناوزەد دەكەن، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەكی ئەلفبائی وشەكانی خۆیان ڕیزبەند كردووە،یان چەند دەق و وشەیەكی نوێیان تێدا هەیە،یان لەبەر ئەوەی چەند وشەیەكیان پەراوێز خستووە، كە بەكار ناهێنرێن... هتد. هاوچەرخبوون خزمەت بە بابەتەكە و بە میتۆدی خوێندنیش دەكات، با لێرەدا تەنیا باسی بابەتەكە بكەین.

ئەگەر بۆ نموونە فەرهەنگی (Hans wehr) فەرهەنگی عەرەبیی نووسراوی هاوچەرخ تێبینی بكەین، دەبینین پشتی بە خوێندنەوەی وردی دەقە هاوچەرخەكان

بەستووە، ئەگەر بە گوێرەی پێشبینیەکانمان بیر بکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت تازەگەری و هاوچەرخی لە فەرهەنگە هاوچەرخەکانی ژێر دەستمان بە هەند وەرنەگیراوە، چونکە بابەتەکانیان بابەتی دێرینن و بە شێوەیەکی کردەیی بابەتە مێژوویی و دێرینەکان لە هاوچەرخ و هەنووکەییەکان جیا ناکاتەوە و بە هەمان شێوە (دایکرۆنی/ ئێستایی) و (سنکرۆنی/ مێژوویی)ەکان لەیەک جودا ناکاتەوە... هتد. بۆ نموونە لە فەرهەنگی(الوسیط)دا (الرَجُلَة): (المرأة)ە (بەم شێوەیە) ڕیز ناکات، بۆ نموونە لە (وجد): (حزن) وەک واتایەکییەکەم دیار دەکات، ئیدی بەم شێوەیە لە فەرهەنگەکەدا بۆی دەڕوات.

هەروەها لە دەروازەی (بَلوَرَ): لە (منجد اللغة العربیة المعاصرة): وشەی ((أُنظر بَلَرَ)) (((أُنظر)) همزة قطع!)ی تێدا بەکار هێنراوە و (بَلَر): وەک (البلور)ە لە شێوە و لە پاکیدا و (متبلر)یش: متبلور. (تبلور): واتای ڕوون و ئاشکرا دەگەیەنێت، لەمەوە تێ دەگەین کە (بلور) وەک (بلر)ە وایە، ئەمەش هەڵەیە، چونکە (بلر) لە فەرهەنگەکاندا بە واتا خوازەیییەکەی نییە و (بلر) لە فەرهەنگی (الوسیط)دا بەدی ناکرێت، کەچی (بلورە) هەیە، کە واتای کردوویە (بلورە) دەدات بەدەستەوە. هەروەها (بلور)یش مەسەلەکەیان بیرۆکەیە، واتە بیرۆکەکەی هەڵهێنجاوە و تەمومژاوی لێ دەرکردووە و پاکی کردووەتەوە، ئاماژەش بەوە دەکات وشەیەکی تازەیە. هەروەها (بلر) لە (المعجم العربي الأساسی) دا نییە و (بلورە): (أ) کردوویەتە بلورەکان و (ب) واتە مەسەلەکە و بیرۆکەکەی: پاکژ کردووەتەوە و تەمومژی لێ ڕەواندووەتەوە، هەروەها فەرماندانی (بلور): شێوەیەکی دیارکراو و ڕوونی وەرگرتووە. (البلور): بە گوێرەی (القاموس المدرسي/ فەرهەنگی قوتابخانە) جۆرێکە لە شووشە، کە لایەنەکانی هاوشێوە و ئەندازیارین و شووشەیەکی سپی و شەفافە و لە شووشەی ئاسایی سافتر و ڕەونەقدارترە و لە بنجدا وشەکە (فارسییە)، ئەمە بە گوێرەی فەرهەنگی (منجد اللغة المعاصرة). هەروەها لە فەرهەنگی بنەڕەت (المعجم الأساسي)شدا: بەردێکی شەفافە و جۆرێکە لە بەردی سپی و ڕەونەقدار، ئەم واتایەش هەر لەو واتایە دەچێت، کە لە فەرهەنگی (معجم الوسیط)دا هاتووە، لە فەرهەنگی(معجم الوسیط)دا (البَلُّور) و (البِلَور): بەردێکی سپی شەفافە و جۆرێکە لە جۆرەکانی شووشە، کەچی وشەی (بَلَرَ) بەدی ناکرێت . هەروەها فەرهەنگی (هنس ڤیر) وشەی (بَلوَر) باسی دەکات بەواتا خوازەیی و ڕاستەقینەکەی to cover with crystals, to crystalize و (مبلور) واتە: میوەجاتی پاک و تازە candiel fruits،

کەواتە فەرهەنگی (منجد اللغة العربية المعاصرة) وشەی (بِبَلَرَ)ی لەکوێوە هێناوە، ئەم وشەیە لە فەرهەنگەکانی دیکەدا دەستناکەوێت چ فەرهەنگە کۆن و چ فەرهەنگە تازەکان و ناشزانین لەسەر چ بنەمایەک (بلر) و (بلور) بۆیەک بنج گەڕێنراوەتەوە؟!

لە فەرهەنگەکاندا بَلورَ(بَلوَرَ يُبَلوِر بَلوَرَة)ی شتەکەی کردووە، واتە وەک (بِلَوراً) یان (بِلَور)ی لێ کردووە، شتێک (مُبَلَور) بێت، کەواتە وەک (بلور)ی لێ هاتووە، هەروەها: (بلورة) (فتبلور). بلور: البِلَور و البَلور جۆرێکە لە جۆرەکانی شووشە، بگرە باشترین جۆرەکانی شووشەیە و لە هەموو شووشەکان سافتر و تۆکمەترە و لە (ئەلماس) دەچێت لە ڕووی سافی و ڕەونەقدارییەوە، ئەم ماددەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بە ناوی (crystal) ناسراوە، هەروەها خەڵک (البلور) بە واتای شووشەی ساف بەکار دەهێنن و بنجی وشەکەشیۆنانییە.

وشەی (عنف): لە فەرهەنگی(المعجم الوسيط)دا دەبینین(عنف به و عليه): بە توندی ڕاپچڵەکاندووە و لۆمەی کردووە و تانەی لێ داوە، کەواتە توندگوتیژە، هەروەها وشەی (أعنفه): توندی لەگەڵدا کردووە و (عنفه) و (اعتنف الأمر): بە توندییەوە کارەکەی کرد، لێرەدا (المجرد) و (المزيد) واتە زیادەکراو بە (الهمزة)یان (التشديد) هەموویان بابەتێکن بە هەمان واتاوە هەن، هەمان ئەم حاڵەتە لە (لسان العرب)دا بەدی دەکرێت، بەڵام (العنف): واتای توندی دەگەیەنێت، کە دژ بە نەرم و نیانییە، هەمان شت لە (منجد اللغة العربية المعاصرة)دا بەدی دەکرێت، بەڵام (کاری تێنەپەڕ) بە (عنف على) دەبەستێتەوە، بەبێ ئەوەی بە پیتی (ب) تێپەڕی بکات، واتە بیکاتە کاری تێپەڕ، هەروەها ئەم فەرهەنگە ناوی (أعنف)ە ناهێنێت، بەڵکوو تەنها (عنف) باس دەکات. هەروەها (التعنيف)یش دژاودژیەتی، واتای لۆمەکردنی زۆر دەگەیەنێت و (العنفوان)یش بە هەمان شێوە لە هەمان مادەدا بەبێ بەستنەوە لە نێوانیاندا باس کراوە. لە فەرهەنگی قوتابخانە(القاموس المدرسي)دا باس لە (عنف به و عليه) کراوە، بەڵام ناوی (عنف) و (اعنف) ناهێنرێت. هەروەها لە فەرهەنگی (المعجم العربي الأساس) باس لە (عنف به) و (اعنف) ناکات و (العنف) باس دەکات، کە واتای بەکارهێنانی هێزە بە شێوەیەکی ناڕەوا. لە فەرهەنگی (هانسی ڤیر)یش تەنها (عنف)مان بەرچاو دەکەوێت، (عنفوان)یش لەگەڵ ماددەکە دایە (bloom prime vigor). هەموو ئەم بابەتانە چەند پرسیارێک دەوروژێنن، لەوانە: (أ) ئایا بە کردەیی کاری تێنەپەڕ بۆ شێوازی (أعنف) بەکار دەهێنرێت؟ بەکارهێنانی وشەی (عنيف)یش چۆن داتاشراوە کە تێنەپەڕە بە پیتێک، لەگەڵ ئەوەی کاری تێپەڕەکەی بە

پیتێک پێوە بەستراوە، بە هەمان شێوە بەیەک پیت تێپەڕ دەبێت، بەراوردی بکە لەگەڵ: (غني) کە (غني)یە و (غني بە)، کە لە بنجدا (غني بە)ە، نەک (غني) و (غني عنە) دەبێتە (غني عنە) نەک (غني)، چۆن دەکرێت کارێک وەک شێوازی تێپەڕی لێ بکرێت؟ چۆن دەکرێت ئەم کارە لەگەڵ پیتێکدا جووت بکرێت و واتـای (فعل)یان (أفعل)ی تێپەڕ ببەخشێت؟ هەروەها وشەی (شرُفَ بە) واتای (شرَفە) نادات بە دەستەوە و، (غني بە) وەک (أغناە) نییە و (مرَ بە) وەک (مرَرە) نییە... هتد. ئایا (فعل)ە تێپەڕەکەی لە کوێوە داتاشراوە؟ واتای چییە؟ ئایا بنجە ڕەهاکەی کاری تێنەپەڕەیان ناوەیان ئاوەڵناوە، بە شێوەی (طوَفە) و (سَرَجَە) و (صغَرە)؟ ئەمەش مەحاڵە ببێت، کەچی فەرهەنگەکان باسیان ناکەن، ئایا چۆن (اعتنف) داتاشراوە و واتای چییە؟ ئایا پێڕەوکردنی توندگوتیژییە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە (عنف) تێپەڕە، هەرچەندە ناوی ناهێنرێت، وەک هاوچەرخیی بابەتەکە ـ وشەکە ـ دەڵێین بۆچی ئەم کێشەیە لە ناوبردنی بابەتەکاندا هەیە لەگەڵ ئەوەی (عنف) وا پێ دەچێت بەکارهێنراو بێت؟

لە عَنَفَ (عَنَف یَعنُف عَنفاً)، پیاوێک بەرانبەر کوڕەکەی دەیکات، بۆ نموونە واتە بە توندی مامەڵەی لەگەڵدا کرد، لێرەدا دەبێتە (عانِفٌ) و کوڕەکەشی دەبێتە (مَعنوفٌ بە)، ئەم کارە زۆربەی فەرهەنگەکان باسی ناکەن و لەجیاتیی (عَنُف یَعنُف عَنَافَة) باسی دەکەن، ئەمەش لێکدانەوەی دەوێت، چونکە (عَنُف یَعنف) تێنەپەڕە، بۆ وەسفکردنی کردەوەیەک تێپەڕی هیچ واتایەکی نییە، لەم ڕوو ەوە وەک (رَفَقِ یَرفُقُ رِفقاً) وایە و نابێت (رَفُق یَرفُق) بەکار بـهێنرێت. عَنُف: (عَنُف یَعنُف عنافة) پیاوێک توند و ڕەق بێت، ئەوا دەبێتە (عَنِیف). پیاوەکە بەرانبەر بە کوڕەکەی (عَنیفاً)ی بەکار هێنا، واتە لەگەڵیدا توند بوو و، (عنَف): (عَنَف یُعنَف تعنیفاً) واتە پیاوەکە بە توندی لۆمە و سەرزەنشتی کوڕەکەی کرد، وەک: (rebuke).

(أعنَفَ): (أَعنَف یُعنِف إعنافاً) پیاوەکە لە کوڕەکەی خۆی خوڕی. اعتنف: (اعتنف یَعتَنِف اعتنافاً) پیاوەکە بە توندی لە کوڕەکەی خوڕی، پیاوەکە لەبارەی مەسەلەیەک (اعتنف)ی کرد، واتـە سەرەڕۆییی نواند بەبێ هیچ شارەزاییەک و ڕێنماییەک وەک (slap dash). (تَعَنَفَ): (تَعَنَفَ یَتَعَنَف تعنفاً) دیسانەوە پیاوەکە بەرانبەر بە کوڕەکەی بە توندی جووڵایەوە، هەروەها (تَعنَفَ الرجل بالكلام) ، واتە پیاوەکە بە هەڕەمەکی کەوتە ناو بابەتەکە، وەک (اعتنفە). (عُنف): (العُنف) ئەو ناوەیە لە (العَنف) ەوە هاتووە، کە توندی و زبری و خشونەت دەگەیەنێت، دەشگوترێت: پیاوانی پۆلیس

بە توندگوتیژی (عُنف) مامەڵەیان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا کرد. دەشگوترێت: لەتاو لێدانی بە (عُنف) هاواری لێ هەستا، دەشگوترێت: توندوتیژ (العُنف)یان لەگەڵدا بەکار هێنرا، تا هێوربوونەوە. هەروەها (العُنف)یش هەر (العِنف)ە، عَنَفە (العَنَفَة) شتێکە لە (ناعور) (ئاوقولپێن ـ تۆڕبین) دەچێت، کە لە کاتی بەرکەوتنی ئاودا دەسوڕێتەوە و، پێی دەگوترێت (turbine). عَنِیف: العَنِیف دژ بە نەرمونیانە، هەروەها توند و زبر و خشونەتکردنە لە کاتی قسەکردندا، دەشگوترێت (هَبَت رِیح عَنِیفة)، واتە بایەکی توند. (سِرنا سیراً عَنیفاً)، واتە بە توندی ڕۆیشتین، بە شێوەیەکی توند قسەی لەگەڵدا کرد، واتە (stern). دەشگوترێت: پێویستە لەگەڵ شەڕەنگێزەکان (عنیفاً) بێت، واتە severe و کۆیەکەشی (عِناف) و (عُنُف)ە.

هەروەها وشەی (عولمة) لە فەرهەنگی (منجد اللغة العربية المعاصرة)دا بەدی ناکرێت و، (خصخصة)ش بە واتای گواستنەوە بۆ بواری کاری تایبەت ئاماژە پێ کراوە، بەڵام (تخصيص) بەم واتایە ناوی نەهێنراوە، (خوصصة)ش لە فەرهەنگەکاندا باس نەکراوە، هەرچەندە وەک (خصخصة) بەکار دەهێنرێت، بابەتەکانی (صاروخ) و (طائرة) و (وزارة) و (عمارة) لە زۆربەی فەرهەنگە (هاوچەرخەکاندا)! پەراوێز خراوە، سەریشت سوڕ دەمێنێت، کە ئەم هەموو فەرهەنگە دەبینیت بە ناوی جۆراوجۆرەوە، کەچی هەمان بابەتەکان دووبارە دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی کۆششێکی زۆر لە ڕێکخستن و ڕیزبەندکردنی بابەتەکان و وشەکان... هتد خەرج بکەن، ئەم پرسیارانە پێویستن لە هەموو فەرهەنگێکی هاوچەرخدا وەڵامیان بدرێتەوە، دەروازەی بابەتەکان بەڕێکوپێکی و ڕوون بەوانی دیکەوە ببەستێتەوە، تاک و لە ڕووی فەرهەنگەکانەوە ئەنجامی باشمان بۆ دەستەبەر بکرێت. ئەمەش پرۆسەیەکی پێویستە بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی (سانکرۆنی/ ئێستایی) و (دیاکرۆنی/ مێژوویی)ن. کەواتە ئیتر خەسڵەتی هاوچەرخی لەکوێدایە و فەرهەنگەکان چۆن دەتوانن زمانی ژیان و زمانی بەکار هێنرا و و کارپێکراو بەرجەستە بکەن چ لە ڕووی (واژە) و چ لە ڕووی واتا و پێکهاتن و دەوروبەرەوە؟

**٤. بەڵگە و نموونە**

بەڵگەهێنانەوە ڕۆڵێکی پەراوێز لە فەرهەنگە عەرەبییەکان دەگێڕێت، لاف و گەزافی هاوچەرخی لێ دەدەن، بە پێچەوانەی ئەوەی دەیڵێن گوایە دەق و نموونەی زمانەوانیی نوێ تێیدا بەکار دەهێنرێت. ئەمەش بە شێوەیەکی ئەرێنی بەسەر توێژەر

ڕەنگ دەداتـەوە، کە خاوەنی ئەو فەرهەنگای تایبەتمەندی پێکهاتەیی و واتایی و وشەکان لێک دەدەنەوە لە ڕووی پێوەندییان بە بواریان دەوروبەرەکان. هەرچەندە هەندێک بەڵگە لە فەرهەنگە هاوچەرخەکاندا هەن، کەچی ژمارەیان کەمە بە بەراورد لەگەڵ فەرهەنگە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاوا، وەک (Cobuild) زمانی ئینگلیزییان (Le trésor de La Langue française) ...هتد. لە (لسان العرب)دا زۆربەی زۆری وشەکان و بابەتەکانی پەیوەست پێیانەوە فەرموودە و ئایەت و شیعر و پەند و قسە نەستەقەکانی دێرینی عەرەب بە نموونە دەهێنێتەوە. فەرهەنگسازەیەکەمەکان زمانیان لە خاوەنە ڕەسەنەکانەوە وەرگرتووە و پشتیان بە (مەتنەکان) بەستووە، بەڵام فەرهەنگسازە هاوچەرخەکانی عەرەب خۆیان لەم بۆچوونە میتۆدییە بەدوور گرتووە، کە بە بنەمای دروستکردنی فەرهەنگ دادەنرێت. زمانەوان و فەرهەنگسازە دێرینەکان واتا خوازراوەکەیان شێوازەکەیان بە بەڵگەکان بەراورد کردووە، کەچی هاوچەرخەکان تاکوتەرا نەبێت ئەم کارەیان نەکردووە. لە (لسان العرب)دا لە بواری وشەی (أَبنَي)دا هاتووە: أبنيت فلاناً بيتاً، واتە شتێکم داوەتێ، بۆ ئەوەی بینا بکاتیان وام لێ کردووە کە بنیاد بنێت، وەک لە (التهذيب) ئاماژەی پێ کراوە، ئەمەش بە بەڵگە هێناوەتەوە:

لو وصل الغيث أبنين أمرا كانت له قبة سحق بجاد

تێیدا هاتووە، کە عەرەب دەڵێن وەک پەندی دێرین ((ان المعزى تُبهِي و لا تُبنِي))، واتە لە گردەکەوە هەندەی مەدەیێ، کە خانوویەکی لێ دروست بکرێت، لە واتای (بني الرجلَ)، واتە دروستی کردووە، هەندێک لە نەوەکانی دوایی دەڵێن:

يبني الرجال وغيره يبني القرى شتان بين قرى وبين رجال

هەروەها (بنى على أهله بأهله) ئەوەی دووەم بە هەڵە دانراوە شیعرەکەی (جران العود): بەم شێوەیە هاتووە:

بنيت بها قبل المحاق بليلة فكان محاقا كله ذلك الشهر

لە فەرموودەی ئیعتیکافیدا هاتووە: (فأمر بينائه فقوض)... هتد. ئەم جۆرە نموونانەش زۆرن و بەرانبەر بەمەش بەڵگەیەکمان دەست ناکەوێت لەسەر ئەم واتایە و لەسەر ئەو پێکهاتە و دارشتنانە، کە لە (منجد اللغة العربية المعاصرة)وە هاتوون، بۆ نموونە لە (Cobuild)دا چەندان بەڵگە لەسەر هەموو واتایەک هاتووە، کە (to build) تێی دەخزێنێت، کە نۆ مانایان بۆ دیار کراوە و لە کۆپلەی دەیەمدا بە داتاشراوەکانی

بەستوویەتییەوە (building, build)، پاشانیش دەبینین بەڵگەکانی لەواتاکانی (build up, build in, build upon)... هتد، تێ دەخزێنێت.

ئەگەر بڕوانینە سەرجەم فەرهەنگە عەرەبییەکان، دەبینین زۆر گرنگی بە بەڵگەکان نادەن و ئاوڕ لە هاوچەرخی و سانکرۆنییەکەی نادەنەوە، زۆربەی ئەم فەرهەنگانە ئەگەر نەڵێین هەموویان پشت بە شیعری دێرین و قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر دەبەستن و، دەقە تازە و هاوچەرخ و زیندووەکان پەراوێزانە نەبێت پشتی پێ نابەستن، پاشان هەردوو واژە و واتاکە بەیەکەوە نالکێنن و شێوازێکی دیارکراو بە واتا دیارکراوەکەی لە پێکهێنانی واتاکاندا بەیەکەوە گرێ نادەن... هتد.

**٥. لەبارەی پێناسەوە**

پێناسەکردن بنەمای بنیادنانی واتای وشەکانە و ئامرازێکیشە بۆ هەڵوەشاندنەوە و بە ئەرککردنی لە پرۆسەکانی پێکهێنان و واتاسازی و دەوروبەردا... هتد. فەرهەنگەکانمان چەندان پێناسەیان (شرۆڤە و ڕاڤەکردنیان) لەخۆ گرتووە، کە ورد پڕبەپێست نین، تێیاندا شرۆڤەکان لەگەڵ هاوواتا (Synonym)یان دژواتا (ant-onym) گونجاو نین،یان شرۆڤەی ئەوتۆ هەڵدەگرن، کە ناتگەیەننە واتاکە.یەکێک لە دیاردەکانی ئەم شڵەژاوییە لە شرۆڤەکردنی ((ئاو بە ئاو)) بەرجەستە دەبێ، هەروەک دەگوترێت،یان پێناسەکردن بە (چاکەکار). ئەوانەی لە فەرهەنگەکاندا بەدوای واتای وشەکاندا دەگەڕێن، ئەگەر بیانزانیبایە واتای وشەکە چییە، ئەوا بەدوایدا نەدەگەڕان. لە فەرهەنگی (الوسیط)دا هاتووە لە سەرەتای ماددەی (وبر): وبر البعیر وبرا: ئەگەر مووی زۆربێت، کان کثیرا الوبر. هەمان ئەمەش لە سەرەتای ماددەکە لە (المعجم العربي الأساسي)دا هاتووە و وتوویەتیشی (أوبر): ذ و وبر، واتە موودارە و (بعیر أوبر). هەموو ئەمانە واتای پڕ بەپێست نادەن بەدەستەوە، لە (منجد اللغة العربیة المعاصرة)دا: (وبر): علاه صغیر الوبر و أوله. ئیتر نازانین بۆچی ئەمە بە واتای (الصیرورة) نایەت، واتە (وبر): (وبر)ی بۆ پەیدابوو، هەروەها لە (عجز الرجل): (عجز) واتە بێدەسەڵاتی بۆ دروستبووە و بووەتە (عجوز)، واتە پیربووە، ئایا بۆچی (الوبر) بە بچووک و بەیەکەم وەسف دەکات ؟

زۆر جاران فەرهەنگەکان بۆ پێناسەکردنی هاوشێوە یان هاوواتا بەکار دەهێنرێن و سوودیان لێ وەردەگیرێت، هەروەک لە وشەی (عنفە) بەرچاومان کەوت، کە: لۆمەی

کرد و تانەی لێدا، ئەمەش واتای کارپێکراو و باوی وشەکەمان ناداتێ، کە بە ئەرککردنی ناچارکردنی جەستەییان دەروونییە، هەروەک لە پرۆسەکانی دژ بە توندی دێت، لێرەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان (عنف) و (لام)، بە هەمان شێوەش (عیر)، (هیکل) لە (المعجم الأساسي)دا بە (زرع) ناوی براوە، کە هاوواتای هەردوو کاری (نما ـ گەشەی سەند) و (طال – درێژبووە)یە، کە ئەم ماددەیە لەمە داگیردەکات، (المعجم الوسیط) وشەی (هیکل) و (هیکله) بۆ (هكل) دەگەڕێنێتەوە. هەروەها (الهیكلة) ئافرەتی گەورەیە، (هیکل) قەت تێپەڕ نابێت و سەرچاوەکەشی نابێتە (هیكلة)، لە (منجد العربیة المعاصرة) دا مادەی (هیکل) قەت ناچێتە بەشەکەی خۆیەوە، تەنانەت لە (هكل)یشدا باس ناکرێت، لە (هیکل الوزارة هیكلة جدیدة) واتای ڕێکخستنەوەی بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنێت، کە واتایەکە لە فەرهەنگی هاوچەرخدا بوونی نییە.

نموونە دی بۆ بەکارهێنانی دژواتایان دژیەک لە پێناسەکردن دەبینین، کە (الرفق/ نەرمی) دژواتای (العنف/ توندوتیژی)یە بە پێچەوانەوەشەوە، بەکارهێنانی (العنف) توندگوتیژی دژەکەی بەکارهێنانی (العنف) و توندگوتیژییە نەک (الرفق/ نەرمی)، هەروەها (الرفق بالحیوان) دژەکەی (العنف)نییە بەرانبەر بە ئاژەڵان، بەڵکوو نەرمی نواندنە، (الرجل/ پیاو)یش پێچەوانەی (المرأة)یە.

یەکێک لە نموونەکانی هاوبێژی واژەیی تێکەڵکردنی (علم/ زانست) و (عالم/ زانا)یە لە هەمان بواردا، (عنف) و (عنوان)یش بە هەمان شێوەیە، بەبێ ئەوەی نزیکیەک لە نێوانیاندا هەبێت. هەروەها نموونەی دیکە وەک هاوبێژی لە داڕشتە و شێوازەکان دەبینین (نعل) و (أنعل) و (نعل) و (انتعل) وەک هاوواتاییەکدی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، تێکەڵیەکیش دەبینین لە نێوان واتای پیتەکان لە (عنُف علی) و (عنف بـ) و (بنی علی أهل) و (بنی بأهل)... هتد.هەموو ئەم کێشە و شڵەژاویانە لە فەرهەنگەکاندا بەدی دەکرێن لە ڕووی ڕێکخستن و داڕشتن و پێکهاتن و واتاکان، بۆیە فەرهەنگە عەرەبییەکان پێویستییان بە چاککردنەوە هەیە، تا کاری فەرهەنگی لە ڕووی وەسفەوە پڕ بەپێست بێت و ورد بێت و شتەکانی تێدا تێکەڵ نەکرێت، جگە لەوەش ڕوونئامێز و ورد و ڕەوان بن.

### ٦. پێویستیمان بە زمانەوانیی کۆمپیوتەری گونجاو هەیە

چەندان هەوڵ لە لایەن کۆمپانیای پیشەسازی خرانەگەڕ، وەک (صخر) و چەند کۆمپانیایەکی دی، بە هەمان شێوەش سەنتەرەکانی توێژینەوە و کۆڕبەندە

زمانەوانییە عەرەبی و غەیرە عەرەبییەکان بە ئاراستەی بە ئەلیکترۆنیکردنی زمانی کاریان کردووە و هەوڵیانداوە ئامرازی فێربوونی ئەلیکترۆنیکراو و سەرنجڕاکێش بدۆزنەوە، بە هەمان شێوە فەرهەنگییەکلاییان فرەیان دەستبکەوێت، کە لە خزمەت فێرخوازی عەرەبدا بێت، بە تایبەتی هەندێک جار ئەو هەوڵانەی ئەلیکترۆنیکردن بە شیکردنەوە وشەسازی و زانیاری پێکهاتەیی و واتاسازییەوە دەلکێنێت. لێرەدا ئەم هەوڵانە بەوردەکارییەکانییەوە هەڵناسەنگێنم، کە هەرچی چۆنێک بێت هەنگاوێکی بەراییە بە ئاراستەی بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییە هاوچەرخەکان، تا دەرەنجام زمانی عەرەبی بە ئەلیکترۆنی بکرێت و فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان ببنە مایەی ئاسانکاری، لە ئەنجامدا توێژینەوەکان بە تایبەتی لە ڕێکخستنی بابەتەکان و پێکهێنان و داتاشینیاندایان دۆزینەوەی دەوروبەرە داڕێژراوەکانی ناوی... هتد.

گەر ژمارەیەک لەو فەرهەنگە کۆن و تازانە، ئەمڕۆ لە ناو کۆمپیوتەرەکاندا هەبن، بێگومان بە پێشکەوتن و قەڵبەزەیەکی سەرکەوتوو هەژمار دەکرێت، شڵەژاوی و کێشەکانی باسمانکردن، کە پێوەندییان بە هەردوو بواری جوداکردنەوەی ڕابووردوو و ئێستای زمانەکەمان... هتد. بە هەمان شێوەش چارەسەرییە ئەلیکترۆنییە هاوچەرخەکانی فەرهەنگیش سوودیان لێ وەرنەگیراوە.

فەرهەنگی (صخر) لە بنەڕەتدا کۆکردنەوەی فەرهەنگی (محیط)ی (فیرۆز ئابادی) و (لسان)ی (ابن منظور) و (خصائص)ی ئیبن جنی و (عین)ی خەلیل فەراهیدی و (مزهر)ی (السیوطی)یە، ئەمە جگە لە فەرهەنگە بیانییەکانی وەک (Webster) و (Larousse)، هەرچەندە میتۆدی هاوچەرخانە سوودی لە پرۆسەی کۆکردنەوە لەم دوو فەرهەنگە وەرنەگرتووە.

لە ماددەی (عنف)دا دەبینین، لیستێک لە داتاشینەکان هەن، کە لەم فەرهەنگانەی باسمانکردن ناویان براوە، لەوانەش (أعنف)، کە بە (قسا علی) شرۆڤەی کراوە، واتە تتوندگوتیژی بەرانبەر بە)، کەچی ئەمە لە فەرهەنگەکاندا باسنەکراوە و بە (treat-ed harshly) وەریدەگێڕێت، هەرچەندە (أعنف) تێپەڕە و تێنەپەڕ نییە. (عنف)یش بەبێ پیت دەهێنێتەوە، کە واتای (اشتد) توند بوو، (قوي) بەهێز بوو دەگەیەنێت، هەرچەندە بەو واتایانە نەهاتووە، کە باسیانی کردووە، هەروەها (عنف) بە واتای (وبج وأنب و عزز)(scolded) و (توند بە لەسەر)دێت، لێرەدا وەرگێڕانەکەی هەڵەیە

و، وشەی (عنفة) گوایە لە بنەڕەتدا (بنية)یە و عەرەبێندراوە (turbine)، ئەمەش لە فەرهەنگەکاندا نەهاتووە، بگرە (عنفة) ئامێرێکە ئاو دەیجوڵێنێ و بە خۆشی ئاوەکە قوڵپ پێدەدات (المعجم الأساسي). مادەی (اعتنف)ش نازانین لەبەرچی باسنەکراوە، لە هاوواتاکانیشدا بەرانبەرەکان بە گشتی تێبینی دەکەین، کەچی دژواتاکانمان بەرچاو ناکەوێت، مەگەر تاک و تەرا نەبێت، بەڵام (الرجل العكس المرأة/ پیا و پێچەوانەوەی ئافرەت)ە دەبینین. لە ماددەی (نعل)یشدا شێوازی کارەکان نابینین، تەنیا (انتعل)ە دەبینین. لە داتاشینی (ق)یشدا فەرمانی (وقی)مان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە (عِد) فەرمانی (وعد)ە نابینین، هەرچەندە (عدة) باسکراوە. لە (معجم الغني) شدا مامۆستا (عبدالغني أب و العزم) نووسیوویەتی و لە لایەن دەزگەی (صخر) ەوە لە چاپدراوە، هەمان ماددە هاتووە، بەڵام (اعتنف) و (عنفة) نەهاتووە و (أعنف) ش لەمیانەی داتاشراوەکان باسکراوە لە دەروازەیەکی تایبەوە شرۆڤەکراوە. (عُنف) یش بە (لۆمەیەکی توند) باسکراوە، لە (نَعَل)یشدا (نَعَله النعلَ) دەبینین: پێی لەبەرکرد، کە تێپەڕی دوو بەرکارە و لە فەرهەنگەکان باسنەکراوە، لە (أنعل)یشدا: هاتووە کە (أنعلت الدابة) واتە: سپیاتی لە پێیەکانیدا بە دەرکەوت و، (انعل الدابة): (نعلها) شتێکی لە پێ نا، بەڵام لە فەرهەنگە بنەڕەتییەکاندا (أنعل)ی تێنەپەڕ هیچ شوێنەوارێکی نییە، کە باسکرا بێت لە فەرهەنگی(المعجم الأساسي، منجد اللغة المعاصرة)، بەڵام پێوەندی بە دەروازەی وشەکانەوە هەیە، (نعل) و (انتعل)شمان بەرچاو ناکەوێت... هتد، هەموو بابەتەکان زۆر جاران دێرینن و هاوچەرخ نین.

ئەمانەی وتمان هەندێک لەو تێبینیانەن، کە بە هەمان شێوە لەسەر فەرهەنگە نووسراوەکان ـ کاغەزییەکان جێبەجێ دەبن، بگرە فەرهەنگەکانی دوایی نەکەوتوونەتە ئەو هەڵانەی فەرهەنگە ئینگلیزییەکان تێیکەوتوون. سیستەمی داتاشینیش (یان سیستەمی وشەسازی) وا پێدەچێت لە بنەڕەتەوە کۆگەیی/ خەزن بێت، ئەمەش لەمیانەی نەبوونی چەندەها بابەتەوە سەری هەڵداوە، ئێمەش بەڕاستی پێویستیمان بە بوونی زمانەوانیی ئەلیکترۆنی کردەیی هەیە، کە ئامانجیان پێشڤەبردنی سەرچاوە زمانەوانییەکان نەبێت بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، بەڵکوو پێویستە وشە تازەکانی فەرهەنگ، کە لە زمانی عەرەبیدا جێبەجێ دەکرێت و پرۆگرامە ئەلیکترۆنییە پێشکەوتووەکان ئاوێتە بکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە دەکەین بۆ ئەوەی پرۆسەی بە ئەلیکترۆنیکردن بەو شێوەیەی لەبەر دەستدا هەیە، هەرچی چۆنێک بێت هەر پۆزەتیڤانەیە، چونکە ئاسانکارییەک لە

بواری بابەتەکان و داتاشینەکان دەستەبەر دەکات و کاتی زۆرمان بۆ دەگێڕێتەوە و وێنە و ئامرازە نوێیەکانمان بۆ دەردەخات.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئاواتەخوازبووم بەرنامەی فەرهەنگی هاوچەرخی عەرەبی تەنها ئەو شتانە بوایە، کەخوالێخۆشبوو (د. ئەحمەد موختار عومەر) (١٩٩٧) دیاریکردوون، کە باس لە شێواز و تەکنیکە هاوچەرخەکانی کردبوو، کە پێویستە لە فەرهەنگەکاندا پێڕەو بکرێن، بە پێشڤەبردنی ڕێسای پێدراوە مەزنەکان، هاوشێوەی فەرهەنگەکانی ڕۆژئاوا (بە ڕەچاوکردنی مەرجە دارایی و دەزگەییەکان)ی ئەم پرۆژەیە. ئەزموونەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە بەکارهێنانی تەکنیک بەبێ کارامەیی و پوختی بەس نییە، بەڵکوو پێویستە لێهاتوویی لەو بوارەدا هەبێت، سەرباری ئەمانەش پێویستە توێژینەوەیەکی فەرهەنگیانەی هاوچەرخ هەر دابمەزرێنرێت، تا چاوپیاخشانێک بە بابەتە فەرهەنگییەکان بکات و وێناکان چارەسەر بکات بە گوێرەی چەند ئالیەتێکی دیارکراو. ئەو تێبینیانەی باسمانکرد، سوودیان هەیە بۆ داڕشتنی پرۆگرامێکی فەرهەنگیانەی عەرەبی پێویست لە ئان و ساتێکدا، کە زمانەکەمان بەرەنگاری هەڕەشە بووەتەوە، بە شێوەیەک ڕیزەکانی تێکدەشکێتیان لەخشتەی دەبات ویەکزمانی دەفەوتێنێت. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ سیاسەتمەدار و کۆمەڵناسەکان و ئابووریناسەکانیش، تا قۆڵی لێهەڵماڵن و پەرە بەم زمانە و ئامرازەکانی فێربوونی بدەن و بەدوای ئاستێکی خوازراودا بگەڕێن، دوور لە هەموو بۆچوونە تەسک و تروسکەکان، کە ناگەنە ئاستی ئەو هەڕەشە جددییەی بەرانبەر زمانەکەمان هەیە، تا ئەم زمانە ببێتە بەرزکردنەوەیەک بۆ ئەو کەسانەی پێی دەئاخڤن.

**شەشەم: زمانی عەرەبی سەرمایەی شوناس و ژیاری هەموو مەغریبییەکە**

پاڵپشتکردنی زمانی عەرەبی و شیاندنی لە ڕووی بنیاد و داڕشتنەوە و شیاوکردنی قسەکەرانی لە ڕووی ڕەوانبێژی و ڕۆشنبیری و مەعریفییەوە، بە ئامانجی پتەوکردنی شوناسی مەغریبی و دامەزراندنی گەشەیەکی کۆمەڵگەیی ئامانجدار و گشتگیر، کە وا بخوازێت توخمەکان و ڕەهەندە ژیاری و ئابوورییە/ بەرهەمییەکان و وابەستەگیەکان و مافخوازی/ یاسا ییە پێویستییەکان هەڵبگۆزێت، کە مەرجی گونجاو بۆ مانەوەی زمان و بڵاوبوونەوە و باڵاکردنی دەستەبەر بکات و دەرفەت بۆ قسەکەرانی زمان و بەکارهێنەرانی لە بواری کارکردن و

ڕەفاهیەتدا دەستەبەر بکات و ئاوێتەی زانستی و ئابووری و سەرمایەکردنی بە ئەرکەکانی و وەبەرهێنان تێیدا بەگەڕبخات، ئەویش لەپێناو گەشەدان بە کۆمەڵگە لە ڕووی سیاسی و یاسا یی و ئابووری و زانستییەوە، هەروەها ئەگەر مەسەلەی زمان شوناس و پتەوبوونی کۆمەڵگە و کلتوور و ژیاریی بێت و ڕەمزی مێژوویی و هەنوکەیی بێت و ڕزگاربوون بێت لە زمانە هەژموونداره‌کان، ئەوا لەگەڵ ئەمانەی وتمان مەسەلەیەکی گەشەیی و هزریی و ئابووری لەم کاتەدا لەپێشبڕکێن، بەو حیسابەی هەموو ئەمانە دەبنە بەرزکردنەوەیەک بۆ گەشەیەکی مەعریفی پێشوەخت و ئامرازێک بۆ گواستنەوەی زانست و زانیاری بۆ سەرجەم هێزە بەرهەمهێنەرەکان و زمانی بەرهەمهێنان و داهێنان و وابەستەگی مەعریفی ڕۆشنبیریی، بگرە زمانی پێشبڕکێ لە کۆمەڵگەی ئابووری و مەعریفی و زانیاری و پێوەندی. زمان بە هەمان شێوە مەسەلەیەکی مافخواز/ یاسا ییە ویەکێکە لە مافەکانی هاونیشتمانی لەسەر دەوڵەت، کە پێویستە مافە زمانەوانییەکانی تێدا دەستەبەر بکرێت و پارێزگاری لێ بکرێت و شیاوبکرێت و مەسەلەیەکی دیموکراسیشە کە هاونیشتمانی بۆی هەبێت هەڵیانبژێرێت و ڕای خۆی تێدا بخاتەگەڕ، هەروەها زمان مەسەلەیەکی سۆسیۆ ـ دەروونییە و ڕەنگدانەوەی جێگیربوونی دەروونی و شانازیکردنە بە خودەوە، سەرباری ئەمەش زمان وابەستەگییەکی کۆمەڵگەییە، کە ئەمینداری کۆمەڵە و بەهەند وەرگرتنی هەموو ئەم فاکتەر و توخمانەیە، کە مەسەلە زمانەوانییەکە دەبێتە مەسەلەیەکی سیاسی، کە سیاسەتێکی زمانەوانی ڕاست و ڕەوان دەخوازێت و ئیرادەیەک و بڕیاری پێویست دەخوازێت، لەپێناو جێبەجێکردنی بژاردە پێویستەکان.

بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتوانەی کاروباری زمان لەوڵاتی مەغریب، کە گرنگی زمانی عەرەبی تێدا بەهەندوەربگیرێت، لە خزمەت قسەکەرانی ئەم زمانە زۆر پێویست و گرنگە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی دیموکراسیهاوچەرخ و پەرەپێدانی، کە پشت بە زمانی گەل و شوناسی ببەستێت لە ڕووی زمانەوانی و تۆکمەبوونی ئەو زمانە و گەیاندنی زانیارییەکی و داڕشتنی بنەماکانی. زمانی فەرمی پێویستە ماف و دەرفەتەکانی بۆ دەستەبەر بکرێت، هاونیشتمانی پێویستە هەموو مافە زمانەوانییەکانی بەتەواوەتی بۆ دەستەبەر بکرێت، لەوانەش مافی هاووڵاتی لە زمانە فەرمییەکەی خۆی و زمانی دایک، ئەویش بە گوێرەی ڕاسپاردە

نێودەوڵەتییەکان، کە پرۆسەکانی گەشە و فێرکردن بەرزدەکەنەوە و هەڵمەتەکانی دوژمنکاری بەردەوام و فرەچاوگ ڕەتدەکەنەوە، کە بە مەبەستی لاوازکردنی دەرفەتەکانی شیاندن و لابردنی شێنەیی لاواز دەکەن، ئەم هەڵمەتە دوژمنکارییە دەستەبژێرێکی خاوەن دەسەڵات دەیجولێنن، کە بە زمانی فەرمی مافەکانی خۆی نابەخشن و دەرفەتەکانی والاناکەن و بە دەرفەتەکانی فرەیی زمانەوانی هاوسەنگ سوود ناگەیەنن، کە بە زانینی زمانە بیانییەکانەوە بەستراوەتەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی زمانی بیانی شوێنی زمانە فەرمییەکە بگرێتەوە و تاکزمانی بیانی و قۆرخکردن بکاتە خەسڵەتی خۆی و زەگوتی بکات، ئەم کەلێنەشی لە نێوان زمانی دەسەڵات و زمانی کۆمەڵگەدا هەیە، وا دەکات کۆمەڵگە نەبێتە کۆمەڵگەیەک بۆ وابەستەیی و زانین و زانیاری. دەربازبوون لەم بارودۆخە زمانەوانییە نێگەتیڤە ناجێگیر و ناڕوونە، ناکرێت بەبێ بڕیاڕی سیاسی ئەنجام بدرێت، کە سنوورێکی ڕوون بۆ هەموو هەوڵەکانی لەقاندنی ئارامی زمانی فەرمی دادەنێت،یان لاوازکردنی بە شێوەیەکی پلەبەندی، بگرە سنوورێکیش بۆ هەڕەمەکیبوونی زمانەوانی دادەنێت.

بارودۆخی زمانی عەرەبی بە گوێرەی بارودۆخی زمانی ژیارە مەزنەکان، چەند خاڵی بەهێز و لاوازی تێدایە، ئینجا ئەگەر مەسەلەکە پەیوەست بێت بە بنیادەکەی،یان ڕێسا و یاسا کانییەوە،یان مەسەلەکە پەیوەست بێت بە ئەرکە کردەییان ئەو ئەرکانەی پێوەندییان بە دەورەبەری خۆجێی و هەرێمی و نێودەوڵەتی زمانەکەوە هەیە،یان پێوەندییان بە کۆمەڵگەیەکی مەعریفەیی و زانیاری ئابوورییەوە هەیە. بەڕێوەبردنی بارودۆخی زمانەوانییان تێگەیشتن لێی لە بەرژەوەندی زمانی عەرەبی و بۆ بەرژەوەندی قسەکەرانی، مەسەلەیەکی بابەتیانە ویەکلاکەرەوەیە و ناکرێت وێنای لەجیاتییەکی عەقڵانی دیکەی بۆ بکەین، نە لە زمانە بیانییەکان و نە لە زمانە زارەکییەکاندا و نە لە لۆجیکی کورتکردنەوە، کە لەسەر بنەماییەکایەتی زمانەوانیی بیانی بنیادنراوە، کە وێنایەکیان واقیعێک دروست دەکەن. ئەزموونە زمانەوانییەکانی عەرەب و موسوڵمانان و نەتەوەکانی دیکە، گرنگی بڕیارێکی ڕوون و ئیرادەیەکی چڕ دەردەخات، پاشان لە نەخشە و یاسا کاندا ڕەنگبداتەوە، کە سەرتاپا دەبنە هۆکاری پەرەپێدان و پێشکەوتنی زمانی عەرەبی.

### ١. هەندێک خاڵی بەهێز لە زمانی عەرەبیدا

#### ١.١: هێزی سیمبولیانە

زمانی عەرەبی زمانێکە خاوەن پیرۆزی و هێزی سیمبولیانەیە، بۆ نزیکی ملیارێک و چارەکە ملیارێک موسوڵمان، ئەم زمانە قورئانی پیرۆزی پێ دابەزیوە و زانایانی زمانی عەرەبی لە موسوڵمانەکان بە باشترین زمانیان هەژمارکردووە، تەنانەت ئەگەر قورئان بۆ زمانی دی وەربگێڕدرێتیان دەربڕینەکانی وەک (الله اکبر)یان (الفاتحة) بکرێنە سەر زمانی دی... هتد، ئەوا ئەو ڕەوانبوونە ناگاتە ئاستی ڕەوانبێژی (قورئان)، لەبەر ئەوە موسوڵمان بە ڕەوای نازانێت و پەسەندی ناکات، کە هەندێک لە گوزارشت و ڕستەکانی قورئان بە زمانی عەرەبی فێرنەبێت.

#### ١-٢ هێزی ژمارەیی

نزیکەی (٣٠٠) ملیۆن کەس لەوڵاتانی عەرەب بە زمانی عەرەبی دەدوێن، سەرباری ئەمەش ژمارەیەکی بەرچاو لە دەرەوەی جوگرافیای عەرەب و ئیسلامی لە جیهاندا بەم زمانە دەدوێن و لۆبیە عەرەبی و ئیسلامیەکانیش لەوڵاتانی دی غەیری عەرەبی، هەر ئەم زمانە بەکار دەهێنن. ئەم هێزە ژمارەییە مەزنە گرنگییەکی بێت وێنەی هەیە و ئەگەر ئەم زمانە لاوازیش بێت، بەڵام نامرێت و کۆتایی پێ نایەت، بە پێچەوانەی هەندێک زمان، کە ژمارەی ئەوانەی قسەی پێ دەکەن، بەرەو لاوازی دەچێت وەک زمانی دایک، پاشان کۆتاییان پێ دێت، وەک زمانی ئارامی و زمانی عیبری(پێش زیندووکردنەوەی). بەم شێوەیە زمانی عەرەبی لە پلەی شەشەم دێت لە ڕووی ژمارەی ئاخێوەرانەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە جوگرافیای عەرەبیدا، بگرە لە ئاستێکی بەرزتردا بەکار دەهێنرێ لە ڕووی سیمبولیەت و بڵاوبوونەوەی لە دەرەوەی ناوچە عەرەبییەکاندا.

#### ١.٣: فەرمیبوونی زمان

زمانی عەرەبی زمانێکی فەرمییەیان تاکە زمانی (٢٢) دەوڵەتی عەرەبییە، بەم شێوەیە لە پلەی دووەمدا دێت، پاش زمانی ئینگلیزی (٤٨وڵات). چەند دەوڵەتێکی وەک ئێران و ئیسرائیل ئەم زمانەیان وەک زمانێکی فەرمی جگە لە زمانەکەی

خۆیان پێڕەوکرد، ئەو وڵاتانەشی زمانی فەرەنسییان کردە زمانی فەرمی خۆیان بە (٢٧) دەوڵەت لێکدەدرێتەوە، زمانی ئیسپانیش (٢٠) دەوڵەت کردوویانەتە زمانی فەرمی، کەچی هەندێک لەم وڵاتانە نەیانکردۆتە زمانی فەرمییەکەم، چونکە زمانی نیشتمانی نییە لەو وڵاتانەدا. فەرمیبوون پەیوەستە بە زمانی لایەنی زلهێز و ناگاتە ئاستی هێزی زمانە نیشتمانییەکە، لەبەر ئەوەی هەڕەشەی نەمانی لەسەرە لە کاتی گۆڕانی هاوسەنگی زلهێزەکان، وەک ئەوەی بەسەر زمانی ئەڵمانی و فەرەنسیدا هات.

**٤-١ زمانی دەزگە نێودەوڵەتییە هەرێمییەکان**

فەرمیبوونی زمانی عەرەبی پەل بۆ دەزگە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان دەکێشێت، لەوانە (نەتەوەیەکگرتووەکان) و ئەو دەزگەیانەی سەر بەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە و (یونسکۆ)ن، زمانی عەرەبی لەگەڵ (پێنج) زمانی دیکە شەش زمانن، کە لەم ڕێکخراوانە فەرمین، هەروەها زمانی عەرەبی زمانی فەرمی (کۆمکاری عەرەبیی نێودەوڵەتی و ئەو ڕێکخراوانەیە، کە لقەکانی پێک دەهێنن، وەک (ئەلکسۆ) و زمانی عەرەبی لە (ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی) و ڕێکخراوەکانی پەیوەست پێوەی وەک (ئەلایسیسکۆ) و زمانی (یەکێتیی ئەفەریقا) هتد... زمانی فەرمی پێک دەهێنێت، هیچ زمانێکی دیکەش لە ڕووی فەرمیبوون و بەکار هێنانەوە ناگاتە ئاستی زمانی عەرەبی، مەگەر تەنیا زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی نەبێت.

**٥-١: تاکە زمانی نێوانیانە** Interlingua

زمانی عەرەبی تاکە زمانی ناوەندگیریی وڵاتە عەرەبییەکانە و هاوڵاتیانی عەرەب لە سەرجەم وڵاتە عەرەبییەکان بەم زمانە پێوەندی دەکەن، نەتەوەی عەرەب تەنها بوونێکی ئایینی نییە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئایینی دی هەن، وەک کریستیان و جوولەکە (هەرچەندە ژمارەی مسوڵمانان زیاترن)، هەروەها نەتەوەی عەرەبیەکەیەکی ڕەگەزییانە نییە و بەهەمان شێوەشیەکەیەکی ئابوورییان سیاسی و ئەمنی نییە تا هەنووکە (چونکە بارودۆخەکە ئەمەندە پێنەگەیشتووە بگاتە ئاستی تەواوکاری ویەکگرتن)، بەڵکوو پێش هەموو شتێک یەکەیەکی زمانەوانی پێک دەهێنێت، لەوانەشە توخمی یەکبوونی ئەم زمانە لە سروشتێکی دیکەوە دروست ببێت، بۆ نموونە (یەکێتی ئەورووپا) خەریکە دەبێتە یەکێتییەکی سیاسی و ئابووری و ئەمنی، کەچی تا هەنووکە

هەر لە کۆششدایە یەکێتی زمانەوانی بەدی بهێنێت، هەمو و زمانەکانی یەکێتی ئەوروپا فەرمین، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهەدەر چوونی توانا ئابوورییەکانی.

**٦.١: زمانی فێربوون و فێرکردن لە جیهان و لەوڵاتامی عەرەبیدا**

زمانی عەرەبی زمانی فێرکردن و فێربوونە لە جیهانی عەرەبی و چەند وڵاتێکی دیکەی جیهانی ئیسلامیدا، ئەم زمانە لە بواری فێربوون لە لای لۆبیەکانی عەرەبی و ئیسلامی لەوڵاتانی دیکەدا بەکار دەهێنرێت، بەهەمان شێوەش زمانی عەرەبی لە پەیمانگە عەرەبی و ئیسلامییەکان سەر بە کۆرانی ڕۆژئاوا بڵاوەی هەیە، ئەم بڵاوبوونەوەیە خاڵێکی گرنگ و هاندەرە بۆ بەرهەمهێنانی ئامراز و کتێبەکانی زمانی عەرەبی چ لە ڕووی فێرکردن و چ لە ڕووی توێژینەوەدا...هتد، هەروەها دەبنە هاندەرێک بۆ وەبەرهێنانی ئەم ئامراز و کتێبانە.

**١-٧: زمانی تەواوکاریی ئابووری و سیاسییەکلاکەرەوە**

نەتەوەی عەرەب هێزێکی مرۆیی و ئابووری و سیاسی پێک دەهێنن، لە ڕێگەی کاراکردن لەمیانەی بازاڕگەیی عەرەبی هاوبەش و خوازرا و، جگە لەوانەش لە ڕێگەی پەیکەرە ئاوێتەییەکانەوە، کە گومانی ئەوەیان بۆ دەبرێت بەهێز دەبن لەگەڵ هەمو و ئەو شکستانەی هەنووکە لەئارادان، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئابووریی زمان گرنگە و سەرمایەی ئابووریی عەرەبیش گرنگە، کە پێویستە ژینگەیەکی زمانەوانی گونجاو پاڵپشتییان بکات.

**١-٨: سەرکەوتوویی زانستی و ڕۆشنبیری و مرۆیی و گەردوونی لە ڕابردوو و ئێستادا**

زانستی عەرەبی لە ڕووی مێژووییەوە کاتێک بە شێوەیەکی جیاکار و داهێنەرانە (لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە) سەری هەڵنەدا و دەرنەکەوت، مەگەر لەو کاتەی زانایانی عەرەب و مسوڵمانان بە پاڵپشتی دەسەڵات سەرجەم زانست و زانیاری و زانستە نووسراوەکانیان لەیۆنانی و لاتینی و فارسی و هیندی و سریانی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، بە هەمان شێوە ڕۆشنبیرییە دێرینەکانیان لە (فینقی) و (بابلی) و (میسری کۆن) وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، بەم شێوەیە زانستی عەرەبی بەوەرگێڕان و لاساییکردنەوە لە بوارەکانی پزیشکی و فەلەک و کشتوکاڵ و ماتماتیک هەنگاوی بەرەوپێشەوە نا...هتد، تا گەیشتن بە بەرهەمێکی داهێنەرانە. لێرەدا زمانی

عەرەبی بووە دەفرێک بۆ موتوربەکردنی ئەم سەرچاوە زانستیانە و ژمارەی ئەو زانایانەش چ لە ڕووی ڕەگەز و چ لە ڕووی ئایینەوە زۆربوون، کە زانستی عەرەبییان دامەزراند (واتە ئەو زانستەی بە زمانی عەرەبی نووسرانەوە)، ئەم مێژووە بووە نموونەیەک لەسەر ئەوەی زانست بە زمان پەیدا دەبێت، واتە زمانی زانستی زانست شیاو دەکات، نەک بەپێچەوانەوە. خاوەندارێتی زانستەکان بە زمانی نەتەوەیی زانست و زمان شیاو دەکات و هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی زانست بە زمانی زانستی هەژموونداری ئەنجامی خوازرا و نادات بەدەستەوە.

### ١-٩: زمانی کارپێکراوی ڕاگەیاندن

زمانی عەرەبی یەکێکە لە زمانە سەرکەوتووەکانی بواری کەناڵە ئاسمانییەکان، کە کارایی خۆی لە ڕاگەیاندنی عەرەبی و نێودەوڵەتی سەلماندووە، وەک کەناڵی (الجزيرة - جەزیرە) و (ارت - ئاڕت) و (ابوظبي - ئەبوزەبی) و... هتد، بوونی کەناڵە عەرەبییەکان بووە هۆی پەیدابوونی کەناڵی جیهانی بە زمانی عەرەبی، وەک (العربية - عەرەبییە) و (الحرة - حوڕەی ئەمەریکی) و... هتد. زانراویشە ڕۆژنامەی نیشتمانی نووسراو کاریگەرییەکی گەورەی هەیە و ژمارەی ئەو ڕۆژنامە عەرەبیانەی دەفرۆشرێن لە بەرزبوونەوەدایە، واتە ئەو ڕۆژنامانەی بە زمانی عەرەبی دەردەچن، ئەمە جگە لەو ڕۆژنامانەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دابەشدەکرێن، وەک (الشرق الأوسط - شەرقولئەوسەت) و (القدس - قودس) و (الحياة - حەیات)....هتد. لێرەدا (ئێستگەی ڕادیۆ) زۆر هەن، کە بە زمانی عەرەبی لەوڵاتی عەرەبی و غەیرە عەرەبییەوە پەخش دەکرێن، کە کۆنترین و ناودارترینیان ئێزگەی (الهيئة البريطانية العربية/BBC - ئێستگەی دەستەی بەریتانی عەرەبی)یە.

کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان تا هەنووکە دەگەنە چل کەناڵ، کە بە زمانی عەرەبی پەخش دەکرێن، ئەمە جگە لە کەناڵی جیهانی دی، کە بە زمانی عەرەبی بابەتەکانیان پەخش دەکەن، وەک (CNN) و (ABC)، کە هەردووکیان کەناڵی ئەمریکین و، کەناڵی ئاسمانی (BBC) بەریتانی، جگە لەمانەش (١٦) ئاژانسی دەنگوباسی عەرەبی و جیهانی هەن، کە بەرنامەکانیان بە زمانی عەرەبی پەخش دەکەن، ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ژمارەی ئەو ڕۆژنامانەی لەوڵاتە عەرەبییەکان ڕۆژانە دەردەچن، لە (١٤٠) ڕۆژنامە زیاترن، کە ملیۆنەها دانەیان لەوڵاتە عەرەبییەکان لێ دەردەچێت.

### ١-١٠: زمانی تۆڕی زانیاریی و تەکنیکەکانی زانیارییە

بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبی لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت، ڕۆژ بەڕۆژ لە زۆربووندایە، چ لە ڕووی ناوەڕۆک و چ لە ڕووی بارستاییەوە. لە ساڵی (٢٠٠٣) گەیشتە (٠٩٪)، ژمارەی ئەوانەشی کۆمپیوتەر لەوڵاتە عەرەبیەکاندا بەکار دەهێنن، بەبەردەوامی لە زیادبووندان و ژمارەیان لە ساڵی (٢٠٠٣)دا گەیشتە (٥,٥) ملیۆن کەس و وا پێشبینی دەکرێت لە ساڵی (٢٠٠٤)بگاتە (٧) ملیۆن کەس و ژمارەی کۆمپیوتەرە کەسییەکان لە جیهانی عەرەبیدا لە ساڵی (٢٠٠١) گەیشتە (٥) ملیۆن کەس (بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٩٩، کە ١,٥ ملیۆن بوو)، میواندارییەکانیشی ژمارەیان لە ساڵی (٢٠٠١)(١١٢٥٠٠) بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٩٩ کە (٣٩٠٠٠) بوو، وا پێشبینی دەکرێت ئەم ژمارانە شانبەشانی پێشکەوتنی سیاسەتی زانیارییە عەرەبییەکان زیاتر بەرز ببنەوە.

### ١١.١: زمانی ماف و یاسا و ئاسایشی زمان

زمانی عەرەبی لە پلەی یەکەمدایە لە مافە زمانەوانییەکانی هاونیشتمانیان و ڕێزگرتن لە یاسا . دەستوورەکان کە باڵاترین دەقی یاسا یی پێک دەهێنن، ئاماژە بە فەرمیەتی خۆیان دەکەن (تاکە دەقێکە لە سەرانسەری وڵاتان)، ئەم مافە دەستوورییە مافی زمانی دایک هاوتەریبە لەگەڵیدا، کە مۆڵەتە نێودەوڵەتییەکان لە بواری مافە مرۆییەکان ئاماژەیان بۆ کردووە. مافە زمانەوانییەکان وابەستەن بە چەمکی ئاسایشی زمانی، ئەویش لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی تاوان و تیرۆر زۆر جاران بۆ ئەوە دەگەڕێنرێتەوە، کە مافەکان بە تاکەکان نابەخشرێن و بوارەکانی مافیان لێ تەسک دەکرێتەوە، لەوانەش مافی شوناس و مافە زمانەوانییەکان.( )

### ١٢.١: بەهێزترین زمانی سامییەکان

زمانی عەرەبی بە بەهێزترین زمانە سامییەکان هەژمار دەکرێت (بگرە سامیە/ حامیە) کە مێژووی بڵاوبوونەوە و پاکیەکەی پاراستووە. زمانی عەرەبی بە چاوگێکی بێت یەک و دوو دادەنرێت لە هەموو بەراوردکارییەکانی نێوان زمانە هیندۆئەورووپی و سامییەکان، زمانی عەرەبی پێشوو و ئێستاش بە نموونەیەکی زیندووکردنەوەی زمانی (عیبری) و پێوەری بەراوردکاری و پێشخستنی هەژمار دەکرێت... هتد.( )

## ٢. هەندێک خاڵی لاوازی هونەریی

### زمانی عەرەبی

زمانی عەرەبی بە دەست چەند لاوازییەکەوە دەناڵێنێت، کە دەبنە ئاستەنگ لە بەردەم ئەوەی ببێتە زمانێکی ئەرکی و شیاو و ساغڵەم و ئاسان، کە بەئاسانی لە سەرجەم بوارەکاندا بەبێ گرفت تەشەنە بسێنێت، بۆ گوزارشتکردن و بۆ ژیان، سەرباری ئەمەش پرۆسەی فێرکردنی ئاسان و کاریگەر بێت و ببێتە زمانێک بۆ پێوەندی تەواو و زمانی زانست و ڕۆشنبیری. لێرەدا چەند کەموکوورییەک باس دەکەین، کە تاک و تەرا و لەسەر ئاستی تاکەکەسی هەوڵەکان خراونەتەگەڕ بۆ چارەکردنیان، بەڵام ئەو هەوڵانە بەس نین.

### ١.٢: پێویستبوون بە فەرهەنگی هاوچەرخ و فرەجۆر لە ڕووی بابەت و ئامانج و شێوازەکانییەوە

شێوازی فەرهەنگە هاوچەرخەکان سەبارەت بە زمانەکانی دی فرەن، ئەم فەرهەنگانە لە میتۆد و بابەتە نووسراوەکانیدا خۆی تازەکردووەتەوە و لە بەڵگەهێنانەوە و هەڵهێنجان لە دەقە ئەدەبی و هزرییە پێشەنگەکان بەڵگەی هەڵهێنجاوە و تازەگەریشی لە بواری بەکارهێنانی گەشترین وێنەکان و ڕووننامەکاندا ئەنجام داوە...هتد. فەرهەنگی عەرەبی هیچ سوودێکی لەم بزاوتە نوێکارییە نەبینیوە، مەگەر بە شێوەیەکی لاوەکی نەبێت، بۆیە بابەتە فەرهەنگییەکان لە ماددەکانی سەدەی دووەم تا چوارەمی کۆچی قەتیسمان و ڕیزبەندییە باو و کارپێکراوەکە وەکخۆی مایەوە، کە بە گوێرەی ڕەگەکانی وشەکان ڕێکدەخران، کە هیچ دەرفەتێکی بۆ فێرخوازی سەرەتایی بۆ گەڕان بەدوای وشەیەکدا نارەخسێنێت، کە شارەزایی لە ڕەگەکانی نەبێت، وەک (ق) کە فەرماندانی (وقى)یە،یان (خذ) فەرماندانی(أخد)،یان (اضطراب)، کە پێویستە لە (ضرب)دا بەدوایدا بگەڕێین... هتد، هەروەها بەڵگەهێنانەوە هاوچەرخەکان نەخزێنرانە ناو فەرهەنگەکان و وشەکانی پەیوەست بە زانستە تازەکانەوە نەخرانە ناوییەوە،یان وشەکانی سەر بە پیشەکان و ژیانی گشتی...هتد بە هەمان شێوە نەخراونەتە ناو فەرهەنگە تازەکانەوە.... هتد، لێرەدا نیازمەندییەکی زەروور لەئارادا هەیە بۆ بنیادنانەوەی فەرهەنگێکی عەرەبی، کە تازە بێت لە ڕووی میتۆد و لە ڕووی ماددەکانییەوە بۆ پەتیکردنی زۆر لە وشە زارەکییەکان (کە زۆربەیان بنجی عەرەبی ڕەسەنیان هەیە) و پێویستیشە ڕەچاوی جیاوازییەکانی نێوان بابەتە کۆن و تازەکان بکرێت (یان جیاوازی بکرێت

له نێوان فەرهەنگی مێژوویی و فەرهەنگی هاوچەرخ) و جیاوازیش بکرێت له نێوان فەرهەنگەکانی فێربوون و فەرهەنگی تایبەت بە پسپۆڕییەکان...هتد.

**٢-٢ پێویستبوون به کتێبی ڕێزمانی هاوچەرخ**

کتێبەکانی ڕستەسازی و وشەسازی تا هەنووکە جەخت دەکەنەوە سەر پرۆسەکانی شلۆڤەکردن و ئەوانەی داتاشین ناکرێن و سەر (التوكيد) و (الابدال) و (الاعــلال)ن، کە سەرتاپایان بابەتی ڕستەسازی سەخت و دژوارن و هیچ سوودێکیان نییە و پەرە بە خوێندکار نادەن بۆ فێربوونی زمانێکی زیندوو و ئەرکی بە چەند ڕێزمان و ڕێسایەک، کە لە دەقە کردەییە کاراکانەوە هەڵبگۆزرێن، کەم و زۆر لە کتێبە کۆنەکاندا بوونیان نییە. هەرچەندە کۆڕە زمانەوانییە عەرەبییەکان پرەنسیپی ئاسانکردنی ڕێزمانیان بڕیارداوە لە قۆناغەکانییەکەمی فێربووندا، کەچی ئەم پرەنسیپە لەواقیعدا ڕەنگینەداوەتەوە، لە کاتێکدا دەکرا زمان سادە بکرێت و واز لە چەند ڕێسایەکی ڕێزمانی بهێنرێت، وەک وازهێنان لەو جووڵە و نیشانەکانی شیکردنەوە(حركات الأعرابية) کە لە کاتی ڕاوەستاندا هیچ کارایییەکی نییە، بەڕێزمانکردنی شلۆڤە و شیکردنەوە دەرەنجامی نەرێنی دەبێت، کە وا لە ئاخێوەرانی زمانی عەرەبی دەکات هەمیشە سەرقاڵی بیرکردنەوە بن لە چۆنێتی دەربڕینی جووڵە و نیشانەی شیکردنەوە، لەجیاتیی ئەوەی بیر لە پەیکەرسازی هزر و بنیادی هزریی خۆیان بکەنەوە. لێرەدا دەبینین هەندێک جووڵە و نیشانە لە ناو ڕەگەکاندا (Stem) هەن، بە تایبەتی سەرەتاییەکانیان هیچ سوودێکیان نییە، هەندێک لەو ئاخێوەرانە وشەی (بِنية) و (قِمَة) بە (کسر ـ ژێر) دەدرکێنن، کەچی هەندێک ئاخێوەری دیکە بە (ضمة ـ بۆر)، واتە (بُنية) و (قُمه) دەیاندرکێنن، هەیانە وشەی (حلَقه) و (دَوَره) بە (فتح)ی (عين)ەکەی لەجیاتیی (تسكين)کردی دەدرکێنن و (سكون) (تسكين)کردنیش لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا سادەترە، لەوانەشە لە هەموو حاڵەتەکانی دی پەتیتر بێت... هتد.

**٣.٢: نەبوونی شێوەیەک**

سازانێک لەئارادا هەیە لەبارەی تێخزاندنی شێوە (یان پێکهاتە)ی بۆیارمەتیدانی منداڵ لەسەر فێربوونی خێرا بۆ زمان و باشتر وەرگرتنی زانیارییەکانی پەیوەست بە

زمانەوە، بەشێوازێک وەک زمانێکی زیندوو وەریبگیرێت، کە پڕ و چڕ بێت لە زانیاری، لەجیاتیی قاڵبەوێنەییەکان، کە قوتابی ماندوو و شەکەت دەکات لە گەڕان بەدوای نیشانە و جووڵەکان. پێویستە شێوە بخزێنرێتە ناو ڕەگی وشەکانەوە و ڕێکخستنی بابەتەکانیش بە گوێرەی نیشانەکان بێت، ئەویش بۆ ئاسانکردنی بابەتەکانی هەمان دەروازی وشەکان.

**٤.٢: فێربوونیان فێرکردنی بێسەرنجڕاکێش**

ئەم حاڵەتە لە تازەکردنەوەی شێوازەکانی فێربوون و فێرکردن و نوێکردنەوەی پێداویستییەکانی مامۆستاکان لە ڕووی پەروەردەیی و شیاندنێکی بەردەوامەوە دەردەکەوێت، هەروەها لە بەئەرککردنی شێوازە لاساییکارەکان، کە سەرنجی فێرخواز ڕاناکێشن و تەنیا پشت بە گوێگرتنی ڕووت دەبەستن و کارایی لە نێوان بابەتەکە و مامۆستا و قوتابی دروست ناکەن، هەروەها دەقەکانیان لە ڕووی هزری و تەکنیکەوە بە گوێرەی ئەم سەردەمە نییە، بەدەگمەنیش بابەتە ئەلیکترۆنییەکانی وەک کاسێتە لیزەرییەکان و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان لەبواری فێربووندا بەکار دێنن.

**٥.٢: نوقسانی لەوەرگێڕان و نووسین بە زمانی عەرەبی**

کتێبخانەی عەرەبی کەلێنێکی گەورەیان تێدایە لە کتێب و بڵاوکراوە زانستییەکان و کتێبە وەرگێڕراوەکان، هەرچەندە هەوڵێ بەگەڕخرا و لەم بوارەدا لەئارادا هەن، بەڵام بەس نین. ژمارەی ئەم جۆرە کتێبانە لە سەرجەم بوارەکاندا کەمن، ڕێژەی کتێبە وەرگێڕراوەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی ساڵانە (٣٣٠) کتێب لە چاپ دەدرێن، ئەمەش (پێنج) لەسەریەکی ئەو کتێبانەن، کە بۆ سەر زمانی یۆنانی وەردەگێڕدرێن. لە سەردەمی خەلیفە (مەئمون)ەوە تا هەنووکە لە (١٠، ٠٠٠) ناوونیشانی کتێب تێپەڕ ناکات، ئەم ڕێژەیەش ڕێژەی ئەو کتێبانەن، کە وڵاتی ئیسپانیا لەیەک ساڵدا وەری دەگێڕێت.

**٦.٢: کەلێن و شڵەژاوی زاراوەکان**

هەرچەندە ڕێژەیەکی زۆر لە زاراوە زانستییەکان لەئارادا هەن، کەچی بواری زاراوەکان تا هەنووکە لە ڕووی ڕێژەوە کەلێنی گرتووەتەخۆ، لە هەمان کاتیشدا

شڵەژاویەکیش لە بواری زاراوەکان لەئارادا هەیە و ناجێگیریش لە بواری هەماهەنگی و ڕێکسازی لە نێوان دەستە پسپۆڕییەکان لەئارادا هەیە بۆ داڕشتنی زاراوەی هاوبەش.

**٣. لاوازی لە بەڕێوەبردنی مەسەلە زمانەوانییەکان** Linguistic management

ئەم لاوازییە لە چەند بوارێکدا دەردەکەوێت، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

**١.٣: لاوازی دەزگەی زمانەوانی و کەمی داراییەکان**

وڵاتە عەرەبییەکان بۆ پەرەپێدانی زمانی عەرەبی چەندین کۆڕ و سەنتەر و پەیمانگەیان دامەزراندووە، کەچی ئەم دەزگایانە کادریان کەمە و بەو شێوەیە نین، کە بتوانن بەجوانی کاروبارەکانیان ڕاپەڕێنن (لە ڕوانگەی شارەزایی و تەمەن و زانین و پابەندبوون بە پرسە زمانەوانییەکەوە... هتد)، هەروەها ئەم دەزگەیانە بە دەست نەبوونی توانا ماددیی و تەکنینکی و سەرچاوەکانەوە دەناڵێنن، کە هەموو بۆ خەرجنەکردن و داراییەکردنی پێویست دەگەڕێتەوە. لێرەدا ئەوەندە بەسە بەراوردێک بکەین لە نێوان ئەو داراییەی وڵاتە پێشکەوتووەکان بۆ پێشخستنی زمانەکەیان و بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی وەرگێڕانی مرۆیی و تەکنیکی و ئامرازە زمانەوانییە (دیداکتیکیەکان) خەرجی دەکەنیان بۆ دروستکردنی فەرهەنگی هەمەچەشن و هەمەجۆر خەرج دەکەن... هتد. ئەمەندە بەسە ئاماژە بکەین بەو چوارچێوانەی خاوەن شارەزایی نێودەوڵەتین لە زانیارییدایان لە بواری زمانەوانیی ئەلیکترۆنییان فێربوون،یان ئەوانەی توانایان هەیە لەسەر بەڕێوەبردنی زمانەوانیی جیاکار و نایاب، کەسمان بەرچاو ناکەوێت لەوەبەرهێنانی شارەزایی و بە هەمان شێوە داهاتی ماددیان نییە بۆ جێبەجێکردنی کرێیەکانیان، سەرباری ئەمەش ژینگەیەکی هاندەریان نییە بۆ بەنیشتمانیکردنی زانست و زانیارییەکانیان.

**٢.٣: نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسی پێویست**

سیاسەتمەدارەکانمان شڵەژاوییە زمانەوانییەکان و تێچووەکانیان لە فێربوون و ئابووری و گەشەکردن باش بەرجەستە ناکەن، تا گرنگی شیاو و پێویستی خۆی بدەنێ، بەو شێوەیەی لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەگوزەرێ. ئەم لاوازی و سستییەش لە ئیرادەدا بۆ قەناعەتێک دەگەڕێتەوە، ئەویش ئەوەیە چارەسەری

سەرکەوتوو لە فێربوون و کارامەیی زمانیان زمانە بیانییەکاندایە، بگرە لەوەدایە قەناعەتێک هەیە، کە فێربوونی زانست لە ڕێگەی زمانە بیانییەکانەوە فەراهەم دەبێت، لەجیاتیی ئەوەی گەشەیەکی زمانەوانی لە بواری زمانە فەرمییەکەماندا ئەنجام بدەین، کە زمانی دیکە.

**٣.٣: کەمتەرخەمی کۆمەڵگە لە پاراستنی زمانەکەی**

لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا چەند دەستە و کۆمەڵەیەک هەن، کە کاران و زمانەکەیان دژ بە هەژموونی زمانەکانی دی دەپارێزن، بە هەمان شێوەش ئەم دەستە و کۆمەڵانە هەمیشە شێوازی زمانەکە دەپارێزێن و هەر کەسێکیش زیادەڕەوی لەسەر بکات، ڕەوانەی دادگەی دەکەن... هتد. هەرچەندە هەندێک هەوڵی سەرەتایی بەم ئاراستەیە لە جیهانی عەرەبیدا هەن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەوڵانە کەمن و لە لایەن حکومەتەوە پاڵپشتی ناکرێن.

**٣-٤ کەمی تۆڕەکانی هەماهەنگی و هاوکاری**

ئەم ڕێکارانە دەبنە مایەی کەمکردنەوەی ئەو هەوڵانەی لەم بوارەدا خەرج دەکرێت و تەواوکارییەکیش لە داهاتەکاندا دروست دەکەن و دووبارەکردنەوەکان ناهێڵن و کەڵەکەبوونەکان ئاسان دەکەن، هەرچەندە تێچووی ئەم بەتۆڕکردنە (لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەتایبەت) لە نێوان دەزگە کاراکان و شارەزایان، ئالیەتەکانی هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕکردن و هاوکاری، پێویستی بەیارمەتی و دنەدان و پلانێک هەیە بۆ دروستکردنیان لەسەر ئاستی واقیعدا.

**٤. دژایەتی زمانی عەرەبی و گرنگی بڕیاری سیاسی**

گرنگترین و کاریگەرترین فاکتەر، کە دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم گەشەکردنی زمانی عەرەبی و وەرنەگرتنی شوێن و پێگەی خۆی لە دەوروبەر و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، والاکردنی دەرفەتەکانی دژایەتیکردنێتی، هەروەها ڕەخساندنی هەڵوێستە نەرێنییەکانە لە بەکارهێنانی زمانەکەمان لە بوارە زیندوو و هەمەجۆرەکاندا، لە ئەنجامی ئەو ململانێیەی چەند کەسانێک ئاگرەکەی خۆشدەکەن و زمانە بیانییەکانیان زارەکییەکان دەکەنە ئەلتەرناتیڤی زمانە فەرمییەکە، وەک دەرەنجامێکی بێیەک و

دووی ئەم دژایەتیکردنەش بەشێکی زۆر لە هەوڵی ئەوانەی کار لەسەر زمانی عەرەبی دەکەن و بەرگری لێ دەکەن، دەگۆڕدرێت و حەواڵە دەبێت، چونکە لەجیاتیی چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ باشترکردنی بارودۆخەکەیان و وەک ئەنجامێکیش بۆ ئەم دژایەتییە، دەوڵەت خەرجی و پلانەکان کەمتر دەکاتەوە و لە بواری کارکردن بۆ بەهێزکردنی زمانە فەرمییەکە، سستی لە شیاندنی زمانەکە و شیاوکردنی ئاخێوەرانی دەنوێنێت.

ئەم هەڵوێستە نەرێنیانەمان لە لای ئابووریناس و بازرگانان و دەوڵەمەندان و تەکنیککاران و توێژەرانی زانستە وردەکان(بەتایبەت) دەستدەکەوێت، هەروەها کارگێڕان و سیاسەتمەداران هەمان هەڵوێستیان لێ تێبینی دەکرێت و لە نەوە تازەکانیش هەمان ئاراستە بەدی دەکرێت، ئەمانە زیاتر زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزیان پێ لە زمانی عەرەبی باشترە، بە هەمان شێوە ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە لای چەند کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری و زمانەوانی سەریانهەڵدا، کە بەرگری لە شێوەزار دەکەن دژ بە زمانی عەرەبی، هەرچەندە بەدرێژاییی مێژوو مشتومڕ نییە لەسەر ئەوەی زمانی پەتی لە ڕووی زانستیی و جیهانیبوونەوە تۆکمەیە و گوزارشتکاری تەواوە لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی گشتی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کار لەسەر ئەوە دەکەن، کە کەلێن و کەموکووڕییەکانی لە ڕووی هونەری و زانستی و فێربوونەوە دەرخەن، لەم پێناوەدا هەڵمەتگەلێک دژی بەرپا دەکەن و تۆمەتباری دەکەن بەوەی نوقسانە، کەچی ئەم تۆمەتانە هەندێکی ڕاست و دروست نین و هەندێکیشی ڕاستەقینەن و بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە ئاخێوەرانی زمانەکە گرنگی پێنادەن و نەخشە و پلانی بۆ داناڕێژن، لەپێناو پەرەپێدان و وەبەرهێنان تێیدا.

### ١.٤: ئەم هەڵمەتە لە بنەڕەتدا بۆ هزری داگیرکاری دەگەڕێتەوە

سەرچاوەی ئەم هەڵمەتە نەخوازراوە لەسەر زمانی عەرەبی لە ڕووی مێژووییەوە بۆ هزری داگیرکاری دەگەڕێتەوە (چ تورکی و چ ئینگلیزی و چ فەڕەنسی)، هەروەها بۆ هەڵوێستی ژمارەیەک لە توێژەرە بیانییەکان دەگەڕێتەوە (لەوانەش ڕۆژهەڵاتناسەکان) دژ بە زمانی عەرەبی، ئەوانە زمانی عەرەبی بە دواکەوتوو هەژماردەکەن، زمانەکانی خۆشیان بە زمانی پێشکەوتوو و هاوچەرخبوون دادەنێن، جگە لەوەش زمانی زارەکیان بە زمانی ژیان داناوە و زمانی پەتیشیان بە زمانی لاواز و مردوو هەژمارکردووە و

بانگەشەی ئەوەش دەکەن، کە بەکارهێنانی زمانەکە تەنیا بۆ خوێندنی شتە گشتییەکان بێت و لەگەڵ زمانی داگیرکار بەکار بهێنرێت، لەم بوارەدا ئەوەیان کردووەتە پێشەنگی خۆیان، کە لە زمانی لاتینیدا ڕوویدا، ئەویش کاتێک شێوەزارەکانی کەوتنە ململانێ لە دوانەییدا و ئەنجام زمانە ڕۆمانییەکان (Romance) پەیدابوون. ئەوانە زمانی زارەکی ـ ڕەشۆکی خەڵک بە (سادەیی و فیتری) ناوزەد دەکەن و زمانی پەتیش بە سەخت و دژواری ناودەبەن، تانە لە پیتە عەرەبییەکان دەدەن و پیاهەڵدان بۆ پیتە لاتینییەکان دەکەن، بانگەشەی ئەوەشیان دەکرد، کە (قورئانی پیرۆز) وەربگێڕدرێتە سەر شێوەزاری زارەکی... هتد. بەم شێوەیە ویستییان زمانی عەرەبی لە هەموو خاڵەکانی هێزی دابڕنن، واتە ئەو خاڵانەی مایەی مانەوە و بەردەوامیەتییە لە بوارەکانی فێرکردن و زانست و ڕۆشنبیری و تەکنیک و ژیانی گشتی و ئایینپەروەریی و نەتەوەیی ویەکێتی نەتەوەیی و زمانەوانی و ژیارییەوە... هتد. گوتاری کۆلۆنیالیش لە لای تاکەکانی نەتەوە وەڵامگۆیەکی هەبوو، بۆیە ئەم بانگەشەیان وەرگرت و بگرە لە دروستکردن و پێکهێنانی ئەم ئاراستەیە لەواقیعدا چەندان فرت و فێڵیان بەکارهێناو بژاردەکانی خۆیان بەڕەوا دەزانی و مافیان بەکار دەهێنا لە هەڵبژاردن و فرەجۆری و بەرزکردنەوەی دروشمی کۆن و تازە، کە لە ئەدەبیات و گوتاری ڕۆژئاواییەوە هەڵهێنجرابوو، بەبێ ئەوەی ئارام بگرن و باش بیر بکەنەوە لە ناوەڕۆکی ئەم بژاردە چارەنووسسازە.

ئەوانەی بەدیلێک بۆ زمانی پەتی دادەنێن، ئەوانە ڕۆشنبیری زمانەوانیان لاوازە، بە شێوەیەک پەنادەبەنە بەر کورتکردنەوەی چارەسەرکردنی کێشە زمانەوانییەکە، بەم پەنابردنە بەر زمانە هەژمووندارەکە، بەبێ ئەوەی گرنگی بە شوناس و تایبەتمەندی خۆیان بدەن، بەبێ هەژمارکردنی ئەنجامە نەرێنییە زۆرەکان، کە لەوانەیە لە کۆمەڵگە و فێرکردن و گەشەکردن و بەرهەمهاتنەوە سەرهەڵبدات، سەرباری ئەوەش دەروونی هاونیشتمانی و شکۆمەندی و کەرامەتی، پێویستە بەهەند وەربگیرێت و حیسابی بۆ بکرێت. زمانە بەهێزەکان بە شێوەیەکی کردەیی سەرنجڕاکێشن، ئەمەش نابێتە پاساوی ئەوەی بکرێنە ئەلتەرناتیڤ، بەڵکوو دەکرێت وەک زمانێکی پاڵپشت و تەواوکار تەماشا بکرێن.

### ٢.٤: لاوازی ئیرادەی سیاسی و هەستی نەتەوایەتی

ئەمەش دژ بە هۆشیاری گرنگی شانازیکردنە بە خودی زمانەوانی، وەک سیمبولێک بۆ سەروەری و کەرامەت و ئازادی، بگرە وەک پەرەپێدانێکی کۆمەڵگەیی و داهێنان، دەبنە مایەی دژایەتیکردنی هەوڵەکانی پەرتکردنییەکێتیی نیشتمانی و لاوازکردنی نەتەوە، ئەویش بۆ زاڵبوونی ڕۆشنبیری و ئابووری، ئەم حاڵەتەش هاوتەریبە لەگەڵ لاوازی ڕۆشنبیری یاسا یی و مافخوازی، کە بانگەشە دەکات بۆ ڕێزلێنان لە مافە زمانەوانییەکانی دایک/ لەوانە مافی فێربوون بەو زمانە.

### ٤-٣: دژایەتیکردنی فرەزمانی

فرەزمانی سیاسەتێکی زمانەوانیی مەعقوڵ و سەرکەوتووە و ناکرێت لەجیاتیی سیاسەتێکی زمانەوانیی قۆرخکاری پێڕەوبکەین و تەنیا چەند چینێکی دیارکراوی خەڵکی سوودی لێ ببینن، بە پاساوی ئەوەی بەرگری لە زمانی بیانی و ڕۆشنبیرییەکەی و بەهاکانی دەکەن، بێگومان ئەم قۆرخکارییە لەگەڵ پرەنسیپی زمانێکی نیشتمانی بەهێزیەکناگرێتەوە، کە بە زمانە بیانییەکان پاڵپشتکرابێت، کە جیاکاریی زمانەوانی لابەرێت، لەمیانەییەکسانی و هاوکوفی دەرفەتەکان لە سوودوەرگرتن لە ئامرازە زمانەوانییەکان و ماف و فەرمانە زمانەوانییەکان بەسەر هەموو چینەکاندا بگشتێنێت و ببێتە وەڵامگۆی زۆر لە دەزگە نێودەوڵەتییەکان، کە خاوەن متمانەن، وەک (یونسکۆ) بۆ بانگەشەکردنیان بە پێڕەوکردنی سیاسەتی زمانەوانیی فرەیی هاوسەنگ.

### ٤.٤: بژاردە سیاسییەکان

**ئەم شڵەژاوییانە بەم شێوەیە پوخت دەکەینەوە:**

أ. پێویستبوونی جەختکردنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە بەرپرسیارێتی دەوڵەت و کۆمەڵگە و بەرپرسیارێتی چینی ڕۆشنبیران و هزرڤانان لە شیاندنی زمانی فەرمی و زمانی دایک بۆ هاونیشتمانیان لە سەرجەم بوارەکانی مەعریفە و ڕۆشنبیری و ژیانی گشتی و چالاکییە هونەریی و میدیایی و پڕوپاگەندەییەکاندا... هتد، وەک ڕەچاوکردنێک بۆ ماف و یاسا کارپێکراو و باوەکان لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە و وەک ڕەتکردنەوەیەکیش بۆ هەموو پاساوە تەکنیکییە واهیمەییەکان.

ب - جیاکردنەوەیەکی ڕوون لە مەسەلەی نەبوونی ئەلتەرناتیڤ بۆ زمانی عەرەبی وەک زمانێکی نیشتمانی و فەرمی وڵات نە لە زمانە بیانییەکان و نە لە شێوەزارەکان.

ج -دانانی سنوورێک بۆ سیاسەتە دوانەییەکان، کە پشت بە سیاسەتێکی ڕاشکاوانەی فەرمی (لە دەقە تەشریعیەکاندا) دەبەستن و سیاسەتی مومارەسەی واقیعەکە (کە پشت بە دەقە فەرمییەکان نابەستن)، کە لەسەر بەکارهێنانی کردەیی زمانە بیانییەکە دەوەستێت و، خەریکە دەبێتە تاکە زمان لە مامەڵەی ئابووریيان کارگێڕییان فێربوونی زانستی،یان لەمیانەی دوانەیی لە پێشبڕکێ لە ڕاگەیاندن و کارگێڕیی و ڕۆشنبیری، کە بوارەکانی زمانی فەرمی تەسکتر دەکەنەوە و لاوازتری دەکەن.

د -هۆشیاری لەبارەی ئەوەی زمانی عەرەبی لە ڕووی فرەجۆری و ئاستە پەتییەکان و مامناوەندییەکان و زارەکیەکان، شوناسی هەمەکی زمانەوانی هاونیشتمانی مەغریبی و زمانی دایک واتە زمانە سەرەکییەکەی پێک دەهێنێت و ڕاگرتنی قووڵکردنەوەی ئەو کەلێنەی لە نێوان پەتی و زارەکیدا هەیە، لەپێناو پێڕەوکردنی سیاسەتێکی شێوەزاریانە، کە دوانەییەکی ئەوتۆ دروست بکات، زمانە فەرمییەکە لاواز بکات و لەوە دووری بکاتەوە، کە ببێتە زمانی ژیانی گشتی و ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش واتای ئەوە نییە شێوەزارەکان پەراوێز بخەین، کە مەرجەعێکی ڕۆشنبیری خۆجێی گرنگ پێک دەهێنێت، بەڵام ئەمە واتای پێڕەوکردنی سیاسەتێکی گشتگیری شوناسی زمان دەگەیەنێت، لەگەڵ نزیککردنەوەی ئاستەکانی زمانن لەیەکدی و ئاسانکردنیان.

هـ - پێویستبوونی گەشەدان بە زمانی عەرەبی لە بەستنەوەی زمانەکە بە گەشەی ئابووری و گەشەی کۆمەڵگەی مەعریفەیی، بە شێوەیەک لەگەڵ فێربوونی زمانە بیانییەکان دژیەک نەکەوێتەوە.

### ٥. پلانی زمانی و ئامرازەکانی پەرەپێدانی

پەرەپێدانی زمانی عەرەبی وا دەخوازێت نەخشە و پلانی زمانی لە ئاستە جیاجیاکاندا ئامادە بکرێت، کە وەبەرهێن بن و تێچووی گونجاو و لەباریان هەبێت، لەپێناو پاڵپشتکردنی ئامادەگی و بوونی زمانی عەرەبی لە تۆڕە زانیارییەکانی جیهان و لە دەزگەکانی بیستراو و بینراودا، بۆ دەرخستنی ئامرازی فێربوون و تەکنیک و پێداگۆجی هاوچەرخ و پاڵپشتکردنی پرۆسەی بڵاوکردنەوەی زمانی عەرەبی لەوڵاتەکانی دی، تا ژمارەی ئاخێوەرانی بەرز ببێتەوە و بارە هزری و ژیارییەکەی زیاتر تەشەنە بسێنێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی لایەنە تەشریعی و یاسا ییەکان، کە بۆ بژاردە و پلانەکان پاڵپشتن.

**١.٥: یاسا ی زمانی**

ولاتە پێشکەوتووەکان یاسا ی گونجاو بۆ پاراستنی زمانەکانیان دادەڕێژن، تا لە هەڵە و لادانی ڕێزمانی بەدووریان بگرن و لە دەوروبەر و چوارچێوەکانی بەکارهێناندا (وەک فێرکردن و کارگێڕیی و ئابووری و ڕاگەیاندن... هتد.) جێگیر بکرێن، ئەویش بە دانانی سنوورێک بۆ بەکارهێنانی بوارە زمانییەکان. بۆنموونە (بەڵگەنامەی زمانی فەڕەنسی) لە (کەنەدا) Charte de la langue frencaise و یاسا ی (تۆبۆن) لە فەڕەنسا la loi Toubon... هتد.

**٥-٢: دەزگەی زمانەوانی و شیاندنی زمان**

پێویستە دەزگە و سەنتەرە زانستییەکان و پەیمانگە زمانەوانییەکان ڕۆڵی خۆیان لە پەرەپێدانی زمانی عەرەبی بگێڕن و، کتێب و بنیادە زانستی و تەکنیکییەکان بە زمانی عەرەبی پێشبخەن و زاراوە دابڕێژن و فەرهەنگ و کتێبی قوتابخانە بنووسنەوە... هتد. و لەسەر تۆڕ و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت بڵاویان بکەنەوە و ئامرازی گشتاندن و بڵاوکردنەوە دەستەبەر بکەن، ئەمەش وا دەخوازێت حکومەتەکان و دامودەزگە داراییەکانی مەغریب و ولاتە عەرەبییەکان لە ڕووی داراییەوە پاڵپشتی دامەزراوەکان بن، تا ئامرازی ماددی و مرۆیی شیاو و شایستەیان بۆ دابین بکەن، هەروەها پێویستە چاو بە پێکهاتەی دامەزراوەکان بخشێنرێتەوە لەسەر بنەمای یاسا ی ئەکادیمیەی (محەمەدی شەشەم) بۆ زمانی عەرەبی لە (مەغریب)، وەک نموونەیەکیان دەزگە هاوچەرخەکانی دی.

**٥-٣: دەزگەی کۆمەڵایەتی پارێزراو**

پێویستە سەنتەر و کۆمەڵەی ئەوتۆ هەبن، کە لە زۆربەی بوارەکاندا پاڵپشتی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بن، لەوانە زانستەکان و تەکنیکیەکان، تا ببێتە پارێزەرێک بۆ مانەوە و پێشخستنی زمانەکە، کە شەونخوونی بکات بۆ بەکارهێنانێکی ڕاست و دروستی زمانەکە و بەدواداچوون بۆ حاڵەتەکانی پێشێلکردنی ڕەوشی زمان لە دادگەکان... هتد بکات.

### ٥-٤ ڕێکارەکانی هەماهەنگی و بڵاوکردنەوە و لێکئاڵاندن

تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەفراوانی بەشداریدەکەن لە بەستنەوەی دەزگەکان و تاکەکان بەیەکدییەوە، باشترین ڕێگە بۆ داڕشتنی زاراوەکانیان دەقەکان، کە لە ژێر دەستی هاونیشتمانیاندا بن و تۆڕی عەرەبی دابمەزرێنرێت بۆ هەماهەنگی و پێوەندی و شیاندن و بڵاوکردنەوە ویەکخستن، بۆ بەستنەوەی دەزگەکان و توێژەکانی بواری زمانی عەرەبی لە ناو وڵاتە عەرەبییەکان و دەرەوەیاندا، ئەم ڕێکارانە تەنیا پێویستییان بەگشتاندنی پرۆسەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە جیهانی عەرەبیدا هەیە، ئەمەش مەسەلەیەکی بێتیەک و دووە بۆ گەشەکردن، پێویستە دامەزراندنی ماڵپەڕە زانستییەکان و تەکنیکیەکان و بازرگانییەکان بە هەمان شێوە هاوتەریب بن لەگەڵیدا... هتد.

### ٥-٥: فەرهەنگی زمانەوانی عەرەبی هاوچەرخ

نووسینی فەرهەنگی عەرەبی نوێ، کە بە شێوەیەکی تازە بابەت و دەقەکان و بەڵگە زمانەوانییەکانی تێدا بهێنرێتەوە و ڕەچاوی شتە داهێنراو و نوێیەکان لە وشەی گشتی و زاراوە و واتاکانیان و بوارەکانیان... هتد بکرێت. بە هەمان شێوە ئەم پرۆسەیە پێویستی بەوە هەیە، کە شێوازەکانی ڕێکخستنی بابەتە زمانەوانییە دەقئامێزەکان نوێبکرێنەوە، لەوانە بۆ نموونە پێشخستنی فەرهەنگی نووسین ـ دەستنووسی linear، کە زنجیرەی پیتەکان ڕەچاونەکات، وەک ئەوەی لە وشە دەقییەکان textual word دەهێنرێتەوە، بەڵام بە هەمان شێوە ڕێکخستنی بابەتەکان بە گوێرەی ئەو بزوێنانەی بوونیان هەیە، لەسەر بنەمای ئەوەی بابەتی بڕگەیین و لە (نەبزوێنەکان) دەچن، بۆ نموونە وشەی (مستهدَف) بە فەتحی (دال)ەکە، لە (هـ)دا ناهێنرێتەوە، بەڵکوو لە (م)دا دەهێنرێتەوە، تەنانەت بۆ فێرخوازێکی نوێ دۆزینەوەی ئاسان دەبێت، هەروەک لە (فەرهەنگی الرائد) بەدی دەکرێت، بەڵام لە ڕووی ڕیزبەندکردنی (مستهدِف)ەوە جودایە، کە (کسر ـ ژێر)ی دالە، فەرهەنگی نووسینی تەواو دەرفەتی ڕێکخستنی (بزوێن)ەکان دەرەخسێنێت بە بەخشینی پێگەیەک لە پرۆسەی ڕێکخستنەکەدا، وەک ڕێکخستنی (ابجدی) تەوا و، کە لە زمانە جەرمانی و ڕۆمانییەکاندا کاری پێدەکرێ، هەروەک لە ( a,b,c,d,e)... هتد هەیە، کە (e) و (a) لە دووتوێی پیتەکاندا ڕیزبەندکراون.

**٥-٦: زمانێکی عەرەبی هاوچەرخ و ئاسان، کەلێنی نێوان شێوەزارەکان کەم بکاتەوە**

زمانی عەرەبی پەتی پێویستی بە هەوڵی سەرجەم پسپۆڕان هەیە، بۆ کارکردن لەسەر ئاسانکردنی بەکارهێنانی لە ژیانی گشتیدا، تا ئاڵۆزییەکانی وەدەرنێین و سەختییەکانی بڕەوێنرێنەوە و ڕێزمانی ڕستەسازی و وشەسازییەکەی سادەتر بکرێن و شێواز و زاراوە تازەکان بە زمانێکی پاراو پاڵپشت بکرێن، کە زمانێکی نێوەندگیر بێت و بەکەڵکی بەکارهێنان و بڵاوکردنەوە بێت. دەتوانین ئەم پرۆسەیە دەستپێبکەین، ئەویش بە دانانی ڕێزمانی سادە و ئاسان لە بواری ڕستەسازی و وشەسازیدا.

**٥-٧ پاڵپشتی پلانەکانی وەرگێڕان و نووسین**

وەرگیڕانی ئامێریی و چارەسەری ئامێری بۆ زمانەکان و توێژینەوەی زمانەوانیی بەراوردکاریی لەپێناو بەرهەمگیریی پرۆسەی فرەیی زمانەوانی لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە پەرەپێدانی زمانی عەرەبی لەم بوارە فرەیەدا.

**٥-٨ پێشخستنی ناوەڕۆکی عەرەبی لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت و چالاککردنی توێژینەوەکان لەبارەی زمانی عەرەبی**

باشکردنی ناوەڕۆکی عەرەبی لە تۆڕە ژمارەییەکان، پێویستی بەوە هەیە بە پلانی ڕوون پێڕەو بکرێت، بۆ گەشەدان بە کۆمەڵگەی زانیاری، لەوانەش کارکردنی پرۆگرامە ئەلیکترۆنییەکان و پتەوکردنی تواناکان لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریی و پێوەندییەکان، ئەویش بە پێکهێنانی بنیادی سەرەکی مرۆیی و ڕەخساندنی دەرفەتی گەیشتنی تاکەکان بە تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن و پتەوکردنی ئاراستەبوون بەرەو زانیارییەکان و ئاسانکردنی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لەوێ.

زمانی عەرەبی دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ڕەخسا، تا لە بازنەی عەشیرەت و ئەدەبیات دەربچێت، کە ژمارەیەکی کەمی تاکەکان بەکاری بهێنن و قەڵبەزەیەکی مەزن بهاوێژێت و ببێتە زمانێکی فراوان و گشتگیر بۆ ملیۆنەها کەس لە نەتەوەی عەرەب و مسوڵمان، ئەمەش شوناسێکی نەتەوەیی بۆ خۆی پێک هێنا، کە ڕەگەز و ئایینی جودای لەخۆ گرت و ئەزموونە ئابوورییەکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەمیەکگرتنە بەم شێوەیە تەنیا زمان بەم تۆکمەییە دەستەبەری کردووە، لە توخمەکانی دییەکگرتن بەهێزترە. لە داهاتووی دوور و نزیکدا هیچ دەرفەت بۆ

زمانێکی دی نییە، کە ئەم ژمارە زۆرەی مرۆڤیەک بخرێن. زمانی عەرەبی دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا ببێتە زمانی فێربوون و تەکنیکی (کە شوناسی زانستی و ڕۆشنبیری بەرجەستە بکات) بە موعجیزەی قورئان و ئیسلام و هیچ زمانێکی دی ئەم دەرفەتە مەزنەی لە داهاتوودا بۆ ناڕەخسێت.

زمانی پەتیی عەرەبی خالّی بەهێزی ئەوتۆی هەیە، کە وای لێ دەکات شیاویی ئەوەی هەبێت ببێتە زمانێکی هاوچەرخ و نێوانییانەی نێودەوڵەتی، کەچی واقیعیەت وامان لێ دەکات دان بەوەدا بنێین، بەوەی زمانەکەمان هاوکاری ناکرێت و لەو پلانانە سوود وەرناگرێت، کە ئەم خالّی هێنرانە کار دەکات و چالاکیان دەکات، ئەو شتانەی پێویستییان بە پێشخستنە پێشیان دەخاتیان کەلێنەکان پڕ دەکاتەوە و ڕاستیان دەکاتەوە، ئەو دژایەتییەی چەند لایەنێکی بێگانە ئاگرەکەی بۆ خۆش دەکەن، هەندێک کەس و لایەن هەن لە ناوخۆی وڵات گوێی لێ دەگرن، کە بەشداری دەکەن لە فراوانکردن و ئەنجامدانی بانگەشەکانیان بە زانینیان نەزانین بێت، ئەویش لەبەر نەبوونی کاردانەوەی بەسوود و هاوچەرخ و واقیعی لە لایەن دامودەزگە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانەوە وەک درکپێنەکردنێک بۆ پێدراوە مێژووییەکان.

کەچی سەرقاڵبوون بە ئابووری و سیاسەت و یاسا و ئاساییش، نابێت زمان و ئاسایشی زمانیمان لەبیر بەرێتەوە، بەو حیسابەی زمان بەرزکەرەوەیە بۆ لایەنی ئابووری و گەشەپێدان، سەرباری ئەمەش زمان دەفرێکی ڕۆشنبیرییە بۆ تایبەتمەندییە کاراکان. زمانی عەرەبی هەڕەشەی نەمانی لەسەرە و نەیارانی ئەم زمانە، هەمیشە ویستویانە لاواز بکەن و بە شێنەیی بیمرێنن، لە کاتێکدا لایەنەکانی دژ بە عەرەب و ئیسلام لە هەوڵی ئەوەدان، عەرەب و مسوڵمانان لە هەموو ڕوویەکەوە لاواز بکەن، بە تایبەتی لە هەوڵی ئەوەدان شوناس و تایبەتمەندی و ئیرادەی عەرەبی و ئیسلامیان لەق بکەن، نیازمەندییەکی زۆر هەیە بۆ زمانێکی هاوچەرخ و بگرە نیازمەندییەکی زەروور هەیە بۆ پلانێکی هاوچەرخ لە بواری زمانەوانیدا، زمان بۆی هەیە هاوچەرخ و زانستی و جیهانی بێت و زیندوو بێت، کەچی پلانی لاواز زمانەکە بمرێنێت، لەوانەشە زمان مت بووبێت و بمرێت، کەچی پلانی تۆکمە زیندوویی بکاتەوە و جارێکی دی ڕۆحی بە بەردا بکاتەوە.

**•ئەم بابەتە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە و وەرگێڕراوە:**

عبدالقادر الفاسي الفهري، ازمة اللغة العربية في المغرب ـ بين اختلالات التعددية و تعثرات(الترجمة)، دار الكتاب الجديد المتحدة، ٢٠١٠.

**سەرچاوەکان**

عبدالقادر الفاسي الفهري، الترجمة، اللغة و، التثاقف، ملتقى العربي الأول للترجمة، مؤسسة الفكر العربي، بيروت، ٢٠٠٥.

عبدالقادر الفاسي الفهري، اللغة و البيئة، منشورات الزمن، الرباط، ٢٠٠٣.

عبدالقادر الفاسي الفهري، انشاء قاعدة معجمية عربية مولدة: المعجم العربي المولد، منشورات معهد الدراسات و الأبحاث للتعريب، الرباط، ٢٠٠٤.

عبدالقادر الفاسي الفهري، دعم اللغة العربية تعزيزا للهوية القومية و التنمية المعجمية، تقارير و وثائق رقم ٦، منشورات مههد الدراسات و الأبحاث للتعريف، الرباط، ٢٠٠٤.

عبدالقادر الفاسي الفهري، عربية النم و و المعجم الذهني، أبحاث لسانية١، منشورات معهد الدراسات و الأبحاث للتعريب، الرباط، ١٩٩٦.

ئەم برگەیە پشت بەم سەرچاوەیە دەبەستێ: عبدالقادر الفاسي الفهري، انشاء قاعدة معجمية عربية مولدة: المعجم العربي المولد، منشورات معهد الدراسات و الأبحاث للتعريب، الرباط، ٢٠٠٤.

**کتێبی ئەمجارە**




# ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە

ئا: زمان و زار

ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە ناونیشانی کتێبەکەی نووسەر پ..د. وریا عومەر ئەمین، لە بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٥٠٠) ساڵی (٢٠٢٢)، (١٧٦) لاپەڕە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، باسەکانی ئەم کتێبە تەرخانکراون بۆ پرسی ڕێنووسی کوردی. تیایاندا کێشەکان و بۆچوونەکان و چارەسەرکردنیان خراونەتە ڕوو. ئەم بابەتانەشی گرتۆتە خۆ:

١ - ڕێنووسی کوردی و چەند تێبینییەک
٢ – فۆبیای ڕێنووس
٣ ـ ڕێنووسی کوردی بەپێی لۆجیک و بنەماکانی زانستی ڕێنووس
٤ ـ بە ستانداردکردنی ڕیزبوونی پیتەکانی کوردی
٥ ـ گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی
٦ – لە بارەی پرسی ڕێنووسی کوردییەوە
٧ ـ کێشەی (ی) لە ڕێنووسی کوردیدا
٨ ـ کێشەی (و) لە ڕێنووسی کوردیدا
٩ ـ کێشەی سەرەکیی ڕێنووسی کوردی
١٠ ـ بنووسین (مەحوی ) یا (مەحویی) ؟
١١ – بیبلیۆگرافیای ڕێنووسی کوردی

هەر لە پێشەکییەکەیدا ئامانجەکانی دانانی ئەم کتێبە خراوەتە ڕوو:

ڕێنووس پێکهاتەیێکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە، بەشێکی زۆر کەمی سەر بە زمانەوانییە، نزیکەی سەد ڕێبازی زمانەوانی هەن هیچ کامێکیان هەرگیز ناوی ڕێنووس ناهێنێت و هیچ ڕێبازێک نییە تایبەت بێت بە ڕێنووسەوە. ڕێنووس لقێک نییە لە ئاستەکانی شیکردنەوەی زمانەوانی، هەر ئەمەشە وای کردووە هەموو کەس بتوانێت خۆی تێگلێنێ و قسەی لەبارەیەوە بکات.

زمان دیاردەیەکی زیندووی بزێوە، نووسین قاڵبێکی دەستکردی وشکی مردووە، هەرگیز ناتوانێت زمان بگرێتە خۆ، بۆیە (هیچ زمانێک نییە ڕێنووسێکی یەکگرتووی چەسپاوی هەبێ). سەرباری ئەمە سروشتی زمانی کوردی وەک زمانێکی سرکی پۆڵەسینسیتی جیوەیی کێشەکانی ئاڵۆزتر کردووە..

زمان دیاردەیەکی خۆڕسکە لە ژێر ڕکێفی یاسا سرووشتییەکاندا کار دەکات ، جەستەیێکی زیندووە، سیستەمێکی فرەلایەنە، لەڕادەبەدەر ئاڵۆز و تێکچڕژاوە،

پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە کارکردنی مێشکەوە هەیە.، لە هەموو دەسەڵات و زمانەوانێک بەهێزترە ، بە ڕێنووسی هەڵە و بە بەکارهێنانی چەند وشە و دەربڕینێکی نامۆ و ناقۆڵا لەلایەن هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تازەنووسەرەکانەوە هەرگیز تێکناچێ و ناشێوێ. زمان هەر ڕێنووس نییە. زمان پڕاگماتیکە.. ماتماتیکە، بایۆلۆجییە، فۆنەتیکە، فۆنۆلۆجییە مۆرفۆفۆنیمە، سینتاکسە، مۆرفۆلۆجییە، مۆرفۆسینتاکسە، سیمانتیکە، سیمیۆلۆجییە ، لۆژیکە...هتد . کام بەش لەمانەی زمانی کوردی تێکچووە؟ بۆچی کەس ناوی هیچ یەکێ لەمانە ناهێنێ ؟ ، بۆ هەر خۆیان تەنیا لە ڕێنووس و وشە و زاراوەسازی دەدەن و هەرگیز تخوونی ئاستەکانی تر ناکەون ؟.

هیچ زمانەوانێک دەسەڵاتی ئەوەی نییە و هەرگیز ناتوانێ هیچ کێشەیەکی زمانەوانی چارەسەر بکات، یان دەسکاریی هیچ لە یاساکانی زمان بکات بە بیانووی پێکهێنانی زمانی ستاندارد. ئەرکی زمانەوان هەر ئەوەندەیە وەسفی زمان بکات وەک دیاردە و سیستەمێکی سروشتی، جوانی و مەزنییەکەی بخاتە ڕوو، یاساکانی کارکردنی دەستنیشان بکات، دەوڵەمەندی بکات لە ڕووی فەرهەنگەوە .

زمانەوانەکانی ئینگلیز و عەرەب و وڵاتە ئەوروپییەکان و چینی و یابانی و .. و .. ، ئەوە دەیان و سەدان ساڵە بە سەدان و هەزاران لێکۆڵینەوە و وتار و پێشنیازیان پێشکەش کردووە و خستۆتە ڕوو بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی زمانەکانیان، هیچیان ڕەچاو نەکراوە و کاریگەرییان لەو کاغەزەی لەسەریان نووسراوە رەتنەبووە. کێ دەتوانێ ناوی کێشەییەکی زمانەوانیم بۆ بخاتە ڕوو لە هەر زمانێکدا زمانەوان چارەسەری کردبێ ؟

لە ڕووی زمانەوانییەوە ساغ بۆتەوە کە هەر کێشەیێک لە زماندا سەری هەڵدا زمانەکە خۆی بە تێپەڕینی کات چارەسەری دەکات ، بۆ نموونە هەر وشە و دەربڕینێکی ناقۆڵا بکەوێتە هەر زمانێکەوە، گەر زمانەکە قبووڵی نەکات هەرگیز ناچەسپێت، هەزار هەوڵیشی بۆ بدرێ. بەڵام گەر زمانەکە قبووڵی کرد هێز نییە لێی دەربهێنێ. زمان خۆی بەردەوام خۆی لە بێژینگ دەدات و ئەوەی لەگەڵ سروشتەکەی نەگونجێ لە خۆی دەردەهێنێ و فرێیدەدات و بە تێپەڕینی کات بێکلایی دەبێتەوە.

لافاوی بەکارهێنانی ژمارەیێکی زۆر وشە و دەربڕینی نامۆ و بیانی هەر لە ئێمە نەقەوماوە بەڵکو هەموو زمانانی جیهانی گرتۆتەوە ، ئەنجامی لە پڕی خێرای پەرەسەندن و عەولەمەیە. بەرەبەرە ئەم لافاوە دەنیشێتەوە و هی تر دەردەکەوێ. ئەو

کێشە و ناقۆڵاییەی ئیستا ئێمە هەستی پێ دەکەین ، نەوەی دوای ئێمە هەستی پێ ناکەن و دەبێتە شتێکی ئاسایی و هەر سەردەمێکیش کێشەی خۆی هەیە.

گەر چاوێک بە نووسینەکانی نووسەر و شاعیر و ئەدیبە ڕەسەنەکانمان بخشێنرێت دەردەکەوێت کە ئەم گەرەلاوژێیە ئەوانی نەگرتۆتەوە و نەخزیوەتە دەربڕینەکانیان. ئەوانەن پارێزەری ڕاستەقینەی زمانەکەمان. کەی ئەوانیشی گرتەوە ئەوسا زەنگی مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر زمانەکەمان دەزرینگێنێ. سەبارەت بە پرسی زمانەوە دوو لایەن هەیە مرۆڤ بۆی هەیە تخوونی بکەوێ و دەسکاریی بکات و بریار لە بارەیانەوە بدات:

١ ـ ڕێنووس


٢ ـ زمانی ستاندارد

باسەکانی ئەم کتێبە تەرخانکراون بۆ پرسی ڕێنووس. هەوڵدراوە تیایاندا کێشەکان و بۆچوونەکان و چارەسەرکردنیان بخرێنەڕوو. بۆ ستانداردەکەش کە دەردە هەرە سەخت و ئاڵۆز و ترسناکی

بار و دۆخی زمانەوانیمانە، ئاواتەخوازم بەم زووانە بکەوێتە بەر دەستی بەڕێزتان.

ئەم کتێبە لەم ماڵپەڕەدا دەسدەکەوێت.

http://wariaomaramin.blogspot.com




# کتێبی (زمانی ئەدەبی کوردی)
# د.ئەحمەد قەرەنی

**ئا: زمان و زار**

له بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، ژمارە (٥٤١)، ساڵی ٢٠٢٣، كتێبی زمانی ئەدەبی كوردی (٢٣٠ لاپەڕە)، نووسەر و لێكۆڵەر دكتۆر ئەحمەد قەرەنی، هەروەك لە پێڕستی كتێبەكەدا ئاماژەی پێكراوە لە پێنج بەش پێكهاتووە، بەشەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم لە سێ تەوەر پێكهاتوون:

لە بەشی یەكەمدا سینتاكسی زمانی ئەدەبی كوردی، لە تەوەری یەكەم: پێوەندی زمان بە سایكلۆژییەتی تاكەكانی كۆمەڵەوە، لە تەوەری دووەمدا زمانی ئەدەبی كوردی لەنێوان سیمیۆلۆژی و شێوازگەراییدا، لەتەوەری سێیەمیشدا تێڕوانینە نەریتگەراییەكان لە زمانی ئەدەبی كوردیدا، كە ئەم باسانەی لە خۆ گرتووە:

**یەكەم**: فەلسەفەی ڕاڤەكردنی وشە،

**دووەمیش** لەبارەی زاراوەسازی پێوانەییەوە،

لەبەشی دووەمدا باسی جۆرەكانی زمانی ئەدەبی كوردی دەكات و لە سێ تەوەر پێكدێت:

**تەوەری یەكەم**: زمانی ئەدەبی دێرین، سیماكانی ئەدەبی دێرین، لە تەوەری دووەمدا زمانی ئەدەبی هاوبەش، پیرەمێرد: زمانێكی پاڕاو، نیو وێژەو نیو زانست، شامی كرماشانی: زمانێكی خەست، نیوەی ئازارو نیوەی ئومێد، جەگەرخوین، زمانێكی خەست: نیوەی هزرو نیوەی بەرخۆدان. لەتەوەری سێییەمدا دێتە سەر زمانی ئەدەبی دەستكردو ئاماژە بە ئەزموونە شیعرییەكانی هەر یەك لە شاعیران ئەنوەر مەسیفی، موحسین قوچان، سەعید عبادەتیان دەكات، لەبەشی سێیەمدا قسە لەسەر هەندێ لایەنی سینتاكسی زارەكانی زمانی كوردی دەكات، هەروەها لە پێشەكی كتێبەكەدا ئاماژە بەم تەوەرانەش دەكات، هەندێ لایەنی مۆرفۆلۆژی لەزمانی كوردیدا، جێناوە كەسییەكان، ناوی جنس لە كوردیدا، لە بەشی چوارەمیشدا باسێكی تێروتەسەل لەسەر پێكهاتەی شەبەك دەكات، وەك لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی ـ كۆمەڵایەتی ـ زمانەوانیی، هەروەها لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە ،لە ڕووی ئایین و بیروباوەڕی مەزهەبییەوە، جوگرافیای دەڤەری شەبەكنشین، شێوەزاری شەبەك، لە بەشی پێنجەمدا قسە لەسەر لە ئەدەبی ناوچەییەوە بەرەو ئەدەبی جیهانی دەكات، كە لە دوو تەوەر پێكدێت: تەوەری یەكەم: گیانی نەتەوەیی لە پەیڤ و ئاوازە فۆلكلۆرییەكاندایە، تەوەری دووەم: خاڵە جیاوازو وێكچووەكانی هەر سێ قوتابخانەی ئەدەبی

بەراوردكاری، فەرەنسی ـ سلاڤی ـ ئەمەریكی، سیما تایبەتەكانی ئەدەبی بەراوردكاری

**یەكەم**: خاڵە جیاوازەكان، دووەم: خاڵە وێكچووەكان ، دواجار دەگاتە ئەنجام و پەراوێزەكان

سەرچاوەکان، هێما کورتکراوەکان، لێکۆڵەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەنووسێت:

لە سەرەتایەکی نادیارەوە تا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمیش، هەندێک بیروڕای نیمچە زانستی هەبوون، کە کورد نەتەوە نییەو گومانیان لە سەربەخۆیی زمانی کوردیش دەکرد.

ئەم بۆچوونە لەلای کورد تاوانێکی گەورە بوو، بەرپەرچدانەوەیشی بە ئەرکێکی نیشتمانی ـ نەتەوەیی دادەنرا. لای ئەوانی دیکەش ئەم بۆچوونە مافێکی ڕەوا بوو، بەڵکوو بە خزمەتێکی زانستیشیان دادەنا.

ئەم هاوکێشەیە ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر دەبوو، هەویرەکەیشی ئاوێکی زۆری دەکێشا، دوا جار هـەردوو لایـەن لە ناوەڕاستی ڕێگەیەکی پڕ گـەڕان و پشکنیندا گەیشتنە بڕوایەکی یەکلاکەرەوە، تەمومژی کێشەکەیان بەم شێوەیە ڕەواندەوە: کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام کەلەپوورێکی مەعریفی ـ ڕۆشنبیریی نووسراوی ئەوتۆی لەبەردەستدا نییە، کە زانا و توێژەران وەک سەرچاوە و کەرەستەیەکی زانستی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا سوودی لێوەرگرن.

کورد خاڵی لاوازی خۆی دۆزیوەتـەوە، کەلەپووری خۆی بە شێوەیەکی زانستی خستووەتە بـەردەسـت، کە لە دووتوێی سـەدان کتێب و هـەزاران لێکۆڵینەوەدا ساغ کراونەتەوە، لە میانی کەمتر لە سەدساڵدا لە ئەدەبێکی زارەکییەوە، گەیشتووەتە قۆناغی بەجیهانیبوون و بووەتە نەتەوەیەکی خاوەن کەلەپوورێکی دەوڵەمەند و جێگەی خۆی لە ئاستی پێشەوەی گەلانی گێتیدا کردووەتەوە، کە ئەمڕۆ هەر کوردێک شانازی پێوە دەکات، تەنانەت دراوسێکانیشیان پێی سەربڵندن، تا ئەو ڕادەیەی (چەند کەمیش بێت) لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانیاندا سوودمەندن.

دز ئەحمەد قەرەنی دەبێژێت: ئەم بۆچوونەی سەرەوە، لەنێو زۆربەی نووسینەکانی خۆمدا، چەندان جار دووبارەکردۆتەوە(١)، هەر جارێکیش بەڵگەی سەلمێندراوم بۆی هێناوەتەوە. لەم بەرهەمەشدا، هەوڵمداوە لە ڕێگەی سینتاکسەوە ڕووناکی بخەمە سەر هەندێ لایەنی ئەرێنی لە مێژوو و پێکهاتەی ڕێچکەکانی بە ئەدەبکردنی زمانی کوردی و دەستنیشانکردنی بنەما هاوبەشەکان و خاڵە وێکچووەکانی هەر ڕێچکەیەک، کە لە شوێن و سەردەمی جیاوازدا گەشەیان کردووەو بەسەریەکەوە ڕێبازێکی هاوبەشیان پێکهێناوە. سیما دیارەکانی ئەم گەشەکردنەیش لە فەلسەفەی بەکارهێنانی وشە فەرهەنگەکانییەوە دەست پێدەکات و لە چەندان قۆناغی بەرهەمهێنانی جیاجیای ئەفراندنەکانیدا بەردەوام بـووەو لەنێو ڕستەی شیعریدا جێگەی کـردووەتـەوە، کە ئاڵۆزترین بەشی زمانە، تا گەیشتووەتە دوا قۆناغی گەشەکردنی زمانی ئەدەبی و شوێن پێی لە مەیدانی بەراوردکاریدا

هێشتەوەو بووەتە بەشێک لە ئەدەبی جیهانی و بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناک دەڕوات. ناوەڕۆکی ئەم کتێبەش، کە لە پێنج بەش پێکهاتووە، بۆ لێکدانەوەی هەندێک لایەنی ئەو گەشتە تەرخان کراوەو بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

بەشی یەکەم لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم لەبارەی پێوەندی زمان بە سایکۆلۆژیەتی تاکەکانی کۆمەڵەوەیە، لە بنەماکانی وشە فەرهەنگییەکان بەپێی دەربڕینیان لەنێو ڕستەدا دەکۆڵێتەوە.

لە تەوەری دووەمیشدا، پێگەی سینتاکس وەک لایەنێکی سەرەکی سیستمی سیمیۆلۆژی شیکراوەتەوەو ڕۆڵیشی خراوەتەڕوو، کە تەنیا ڕستە وەک بنەما وەرناگرێت، بەڵکوو ئەو یاسایانەی ڕستە بەرهەم دێنن هەڵدەهێنجێنێت و ئەو زانیارییانەی پێش بەرهەمهێنان و بەکارهێنانیشی لەنێو ڕێساکانی زمانەوانیدا لێک دەداتەوە، دواتر ئەو جیاوازییانەی لەنێوان سیمیۆلۆژی و شێوازگەراییدا هەن دەخاتەڕوو.

تەوەری سێیەم، بۆ هاوکێشەیەکی نەرێنی زمانی ئەدەبی کوردی تەرخانکراوە، کە لەنێوان تێڕوانینە نەریتگەراییەکان و بیردۆزە هاوچەرخەکاندا کەلێنێکی تەکنیکی دروست بووە. ئەم بابەتەش پرسیارگەلێک لەبارەی پێوەندییەکانی دەربڕینە زمانییەکان لە سیاقی ئاخاوتندا دەوروووژێنێت و جەخت لەسەر چەمکی وشە کراوەتەوەو لە هەردوو لایەنی ڕووکار و ناوەڕۆکەوە لێکدراوەتەوە. ناوەڕۆکی ئەم تەوەرەیە لە دوو بابەت پێکهاتووە: یەکەمیان، لە کاری دەزگەیەکی فەرمی کە بەڕێوەبەرایەتیی پرۆگرامەکانی خوێندنە لە وەزارەتی پەروەردە دەکۆڵێتەوە و لەڕووی شوێنەوە کتێبەکانی زمان و ئەدەبی کوردی قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی دەگرێتەوە. لە ڕووی ئەکادیمیشەوە تەنیا لە ئاستی سینتاکسەوە پێکهاتەکانی ڕستە لێک دەداتەوەو لە واتاکانیشی دەکۆڵێتەوە. لە بابەتی دووەمیشدا کاری کەسایەتییەکی زانستی - فەلسەفی - زمانەوانی لێکدەداتەوەو لە پێگەی وشە فەرهەنگییەکان لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوەو پێوەندییان بە زمانی ئەدەبی شی دەکاتەوە.

بەشی دووەم، لە سێ تەوەری تەواوکاری یەکتردا، ڕۆڵی زارەکانی زمانی کوردی لە بەردەوامبوونی جۆرەکانی زمانی ئەدەبی و هۆکارەکانی گەشەکردنیان شی دەکاتەوە.

تەوەری یەکەم، لەبارەی زمانی ئەدەبی دێرینە، کە زۆربەی شیعری کوردی لە سەرەتاوە تا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمیش بەو زمانە نووسراونەتەوە. لە ڕووی هزرییەوە پاشخانێکی ئایینییان هەبووەو ئەزموونی ئەحمەدی خانی وەک بەڵگە شی کراوەتەوە. لە ڕووی دارشتنیشەوە وشە و دەستەواژەی زمانەکانی دیکەی دراوسێ وەک عەرەبی و فارسی بەکارهێنانەوە، کە دەقەکانی پێویستییان بە فەرهەنگی ڕاڤەکردنی وشەگەلی بیانی و ڕوونکردنەوەی هەندێکی دیکەی نامۆ هەیە. بۆ سەلماندنی ئەو

بۆچوونەش دوو چامە وەک نموونە کراونەتە بەڵگە، یەکەمیان چامەیەکی (مەلای جزیری) یە کە بە زاری کرمانجی ژووروو (ک. ژ) یە، دووەمیانیش چامەیەکی (مەولەوی) یە، کە بە زاری گۆران هۆنیویەتەوە.

تەوەری دووەمیش، لەبارەی زمانی ئەدەبیی هاوبەشە، کە ئەدەبی میللی پێی نووسراوەتەوە، هەروەها ڕووبەرێکی فراوانیش لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دەگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەزموونی پیرەمێرد، کە بە زاری کرمانجی ناوەڕاستە (ک. ن) و چامەیەکی (شامی کرمانشانی) یە، کە بە زاری کرمانجی باشوورە (ک. ب) و نموونەیەک لە ئەزموونی جەگەرخوین کە بە زاری (ک. ژ)یە خراونەتەڕوو.

تەوەری سێیەمیش لەبارەی زمانی ئەدەبی دەستکرد، یان خوڵقێنەرە، کە تێیدا سێ بابەت لەسەر ئەزموونی هەر یەک لە (ئەنوەر مەسیفی) کە بە زاری (ک. ن)ە و موحسن قوچان کە بە زاری (ک. ژ)ە و سەعید عەبادەتیان کە بە زاری کرمانجی باشوور - شێوەزاری کەلهوورییە بڵاوکراونەتەوە.

بەشی سێیەم لەبارەی هەندێ لایەنی سینتاکسییە لە زارەکانی زمانی کوردیداو تێیدا جەخت لەسەر هەردوو زاری (ک.ژ) و (ک. ن) کراوەتەوەو بەپێی پێویست ئاماژە بە هەردوو زاری گۆران و (ک. ب)یش دراوە. مەبەست لەم بەراوردکردنەوەیەش ئەوەیە، کە کێشەکانی سینتاکسی زمانی کوردی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە زمانی ئەدەبییەوە هەیە. ڕوونکردنەوەی ئەم پێوەندییەو لێکدانەوەی لایەنە نەرێنییەکانیشی کە کۆسپ و ئاستەنگ بوونە لەبەردەم گەشەکردنی زمانی ئەدەبی و لە سێ تەوەری تەواوکاری یەکتردا شیکراونەتەوە: یەکەمیان، لەبارەی هەندێ لایەنی (مۆرفۆلۆژی) یە لەزمانی کوردیدا. دووەمیشیان، لەبارەی جێناوە کەسییەکانە لە زارەکاندا. سێیەمیشیان، تایبەتە بە ناوی ڕەگەز - جنس لە زمانی کوردیدا، کە ئەم لایەنانە لەخۆدەگرێت: پۆلێنکردنی ناوی نێرومێ لەزمانی کوردیدا، کە لەم چوار جۆرانە پێک دێت: ناوی گیانداران، ناوی ناگیاندار، ناوی بێ گیانی نابینا، ناوی بێ گیانی ماتیریال، لەکۆتاییدا یاساکانی مۆرفیمی نێرومێ خراونەتەڕوو.

بەشی چوارەم بۆ ناساندنی شێوەزاری شەبەک و پێوەندییەکانی بە زارەکانی دیکەی زمانی کوردییەوە تەرخانکراوە. لەبەر ئەوەی زیاتر لە شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی، کێشەی تێکەوتووەو ئاڵۆزییەکانیشی لەنێوان گومان و واقیعدا لە هەڵکێشانێکی کۆنترۆڵ نەکراودا بەردەوامن، بۆیە هەوڵدراوە سەرەڕای لایەنی زمانەوانی کورتەیەک لە مێژوویان باس بکرێت و جوگرافیای نیشتەجێبوونیان دەستنیشان بکرێت، لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە بارودۆخیان ڕوون بکرێتەوە. لەسەر ئاستی سینتاکیشەوە

شێوەزاری شەبەکی لەگەڵ هەردوو شێوەزاری هەورامی و ماچۆ کە هەرسێکیان سەر بە زاری گۆرانن بەراوردکراون، دواتر لە لایەنی مێژووییەوە لەگەڵ زمانی ئاوێستایی لە لایەکەوەو زاری کرمانجی ژووروو لە لایەکی دیکەوە بەراوردکراون، لەدوای لێکدانەوە و بەراوردکردنیان، ئەو ئەنجامانەی بەدەستەوە هاتوون خراونەتەڕوو.

بەشی پێنجەم، لەبارەی قۆناغبەندییەکانی ڕێڕەوی ئەدەبییە، کە چۆن لە ئەدەبی ناوچەییەوە بەرەو ئەدەبی جیهانی دەڕوات، ئەمە لە دوو تەوەر پێکهاتووە: لە تەوەری یەکەمدا، جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە کراوەتـەوە، کە گیانی نەتەوەیی لە پەیڤ و ئاوازە فۆلکلۆرییەکاندایە. لە تـەوەری دووەمیشدا خاڵە جیاواز و وێکچووەکانی هەر سێ قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری، فەرەنسی ـ سلاڤی ـ ئەمەریکی خراونەتەڕوو و جەخت لەسەر کرۆکی کارەکانیان کراوەتەوە، کە پرۆسەی بەراوردکردن وەک ئامرازێکی مەعریفی بەکاردێنن و لە سێڕیانێکی جیاکەرەوەدا هەر یەکێکیان میتودێکی تایبەت پێڕەودەکات و لە گۆشەنیگایەکی جوداوە دەقە ئەدەبییەکان هەڵدەسەنگێنێت. قوتابخانەی ئەمەریکی بایەخ بە ڕوخسار دەدات و لەلایەنی ئیستێتیکی دەقەکە دەکۆڵێتەوە، بەڵام قوتابخانەی سلاڤی بایەخ بە ناوەرۆکی دەقەکە دەدات و سەرچاوە هزرییەکان دەکاتە سەنگی مەحەکی پێوەندییەکانیان، قوتابخانەی فەرەنسیش پتر بایەخ بە پێوەندییەکانی دەرەوەی دەق دەدات، ئەوانەی کە بوونەتە هۆی کارتێکردن و کارلێکردنەوە. لەئەدەبی کوردیشدا، ئەم زانستە چ لەڕووی ناساندن و چ لەڕووی پراکتیکەوە هێشتا لەقۆناغێکی سەرەتادایە، ئەو کارانەی ئەنجامیش دەدرێن، زیاتر لە میانی قوتابخانەی فەڕەنسییەوە بنەماکانی ئەدەبی بەراورکاری شی دەکرێنەوە. لە پەراوێزی کارە باوەکاندا، باس لە قوتابخانەی ئەمریکیش دەکرێت، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە، ئەو لێکۆڵینەوانەی جەخت لەسەر دەق دەکەن و لەبەر تیشکی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دوو دەق، یان دوو بەرهەم بەراورد دەکەن کەمن، ئەمەیش ڕێچکەیەکی سەرەکییە، کە لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا سەری هەڵداوەو لە گەشەکردندایەو زیاتر قوتابخانەی ئەمریکی پێڕەو دەکەن و کەمتر ئاوڕ لە هەردوو قوتابخانەی دیکە دەدەنەوە.

لە دوا پەڕەگرافی پێشەکییەکەش دکتور ئەحمەد قەرەنی دەنووسێت: ئەم بابەتانەی سـەرەوە، کە پێشتر زۆربەیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە، خۆیان لە پرۆژەیەکی پێشنیازکراودا دەنوێنن، پێشکەش بە خوینەرانی ئازیز و خەمخۆرانی زمان و ئەدەبی کوردی دەکەم، بۆ ئەوەی بە تێبینی و ڕاوبۆچوونەکانیانەوە کەلێن و لاڕێبوونەکان دیار بکەن و هەڵە و کەموکورتییەکانیش دەستنیشان بکەن. ئومێدەوارم بە شیان و هیمەتی هەموو لایەک، بتوانین زیاتر خزمەتی زمانە شیرینەکەمان بکەین.

## تۆفیق وەهبی

# شکۆی زمانی نەتەوەیەك (١٩٨١ - ٤٨٩١)

ئا/ چراخان



تۆفیق وەهبی بەگ بە یەکێک لە مێژوونووسە بەناوبانگەکانی کورد دادەنرێت سەر بە ماڵباتی بەگزادەی (قالیجە و میرادی)، هەروەها کوڕی مەعرووف ئەفەندی کوڕی موحەممەد بەگی کوڕی حەسەن بەگی کوڕی میران بەگە، لە ماڵباتەی (خەدربەگی)یە. مێژووی ئەم ماڵباتیە لە خدر بەگی، یەکێک لە شازادەکانی بابان دەست پێ دەکات، هاوچەرخی سوڵتان سلێمانی مەزن بووە (١٥٢١-١٥٦٦).

تۆفیق وەهبی بەگی کوڕی مەعروف ئەفەندی لە ١٨٩١/١/١ی زایینی لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، لە تەمەنی منداڵییدا باوکی کۆچی دوایی کردووە، خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٠٤ی زایینیدا چووەتە بەغدا و خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی سەربازیی تەواو کردووە و توانیویەتی نمرەی باشیان تێدا بەدەست بهێنێت.

پاشان تۆفیق وەهبی بەگ بەرەو ئەستەنبووڵ کە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بوو لەو کاتەدا بە ڕێکەوت بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە کۆلێژی ستافدا وەرگیرا و بەم شێوەیە بوو بە ئەفسەری ستافی سوپای عوسمانی.

بەرهەمەکانی تۆفیق وەهبی:

*خاوەنی چەندان بڵاوکراوەی بەنرخە لەسەر زمان و مێژووی کۆنی کورد بە زمانەکانی کوردی، تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی و، زۆربەی ئەو بڵاوکراوانەش لە گرنگترین بڵاوکراوە کوردییەکانی بریتین لە:

*دەستووری زمانی کوردی، کە لە بەغدا چاپ کراوە لە ساڵی ١٩٢٨ی زایینی و ١١٤ لاپەڕەی تێدایە.

* خوێندنەوە مۆدێرنەکان، لە ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە بەغدا چاپ کراوە و ٤٤ لاپەڕەی تێدایە.

* بەشێکی کوردستان، لە ساڵی ١٩٤٧ی زایینی لە بەغدا چاپ کراوە و ١٨ لاپەڕەی

تێدایە.

* فەرهەنگی کوردی- ئینگلیزی (لەگەڵ ئێدمۆنیز)، لە ساڵی ١٩٦٥ زایینی لە لەندەن چاپ کراوە و ١٧٩ لاپەڕە لەخۆ دەگرێت.

سەبارەت بە چاپکراوەکانی بە زمانی عەرەبی، ئەوانیش بریتین لە:

*کاردانەوەگەرایی ئەڵمانی و پەرستنی دەسەڵات، کە لە ساڵی ١٩٤٢ی زایینی لە بەغدا چاپ کراوە و لە ٣٦ لاپەڕە پێک هاتووە،

* کتێبی (سەرچاوە و لادان بۆ ناو بنەچەی واتای بەغدا)، لە ساڵی ١٩٥٠ی زایینی لە بەغدا چاپ کراوە و پێک هاتووە لە ٥١ لاپەڕە.

* ڕێزمانی زمانی کوردی، بەشی یەکەم - چاپکراو لە بەیروت ساڵی ١٩٥٦ی زایینی، پێک هاتووە لە ١١٢ لاپەڕە.

*ڕێزمانی زمانی کوردی، بەشی دووەم - چاپکراو لە بەیروت لە ساڵی ١٩٥٦ی زایینی، پێک هاتووە لە ٥٥ لاپەڕە.

* ئێلتۆن پرد، لە ساڵی ١٩٥٦ی زایینی لە بەغدا چاپ کراوە، لە ٢٨ لاپەڕە پێک هاتووە،

* کاری زۆرەملێ لە دەربەند بازیانەوە بۆ تاسلۆجە، لە ساڵی ١٩٥٦ی زایینی لە بەغدا چاپ کراوە، لە ٣٦ لاپەڕە پێک هاتووە،

* لەبارەی بابەتێک سەبارەت بە بەرپرسیارێتی ئەو نووسەرە کوردە لە لایەن عەبدولمەجید لوتفی، لە ساڵی ١٩٧٣ی زایینی لە بەغدا چاپ کراوە و لە ١٥ لاپەڕە پێکهاتووە.

*لە بڵاوکراوەکانی کە بە زمانی ئینگلیزی چاپکراون بریتین لە: ئەشکەوتی کەندوک، لە ساڵی ١٩٤٩ی زایینی لە بەغدا چاپ کراوە

- ئیستغلالەکانی ئێزیدییەکان، لە ساڵی ١٩٦٨ی زایینی لە لەندەن چاپ کراوە،

- ڕێزمانی زمانی کوردی، بەشی یەکەم، لە ساڵی ١٩٦٢ی زایینی لە لەندەن چاپ کراوە.

- تۆفیق وەهبی لە ساڵی ١٩٧١ی زایینی لەلایەن دەزگای مەعریفەی کوردەوە بە شانازییەوە وەک ئەندام هەڵبژێردرا بەهۆی لێکۆڵینەوە ناوازەکانی کە لە گۆڤارە کوردییەکاندا نووسیبووی.

-لە ١٩٨٤/٥/١ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ شوێنی لەدایک بوونی لە سلێمانی لەشاخی پیرەمەگروون و لەوێ بەخاک سپێرراوە.

-گیانی شاد بێت و خەبات و میراتی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و زمانەوانیی بەردەوام بێت.



**دۆسیەی تایبەت**

# ڕێنووس و خاڵبەندی و زمان و ژیریی دەسکرد


**ئامادەکردنی:**
**بەسێ بەشیر**

–ڕێنووس و خاڵبەندی وەک دوو بنەمای ڕاستنووسین د. فازل حەمەسەعید
پ.د. دارا حەمید محەمەد: نەخاوەنی ئەلفوبێیەکی یەکگرتووین و نەڕێنووسێکی یەکگرتووشمان هەیە
د. هیوا سەلام: ژیریی دەستکرد یارمەتیدەرێکی زۆر باشە بۆ ڕێکخستنەوەی ڕێنووسی کوردی
د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: هەڵە بەکارهێنانی هێماکانی خاڵبەندی لە هەر دەقێک، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا
–ڕێنوسی هیچ زمانێکی دنیا، بێکێشە نییە د.هێمن عەبدولحەمید شەمس
ڕێبوار سیوەیلی: نەبوونی ڕێنووس و خاڵبەندیی، کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی فەرمی هەیە.
–هەڵمەت عوسمان: زمانێکی ستانداردت نەبوو، کەواتا ڕێنووسێکی یەکگرتووشت نابێت
–دڵشاد کاوانی: نووسەران پێویستیان بەوەیە کە فێری ڕێنووسی کورد بکرێن
–جوتیار قارەمان: کاریگەرییەکانی نەبوونی ڕێنووسی ستاندارد لەسەر زمانی ستاندارد فرەلایەنن
– دڵشاد هیوا: نەبوونی سیستەمێکی ڕێنووسی یەکچەشن، کاریگەریی گەورەی لەسەر ستانداردکردنی زمان هەیە
– نەخشە ڕێگایەک بۆ هاوتاکردنی ڕێنووسی کوردی کازم عەباس زەندی
– بەدران ئەحمەد حەبیب: کێشەی ڕێنووس لە نووسینی کوردیدا
– د.حاتەم ولیا محەممەد: بەکارنەهێنانی خاڵبەندی نابێتە گرفتێکی گەورە لە واتای دەقێکدا
– د.ئیبراهیم حەمەڕەش: بەرهەمی ژیریی دەسکرد هەڵەی ڕێزمانی تێیدا نییە، هەڵەی مانای تێدایە
– سەنگەر حەسەن نەجم: مشتومڕی ڕێنووس و خاڵبەندی، ڕەوتی زمانەوانانی کوردی بۆ دواوە گەڕاندەوە
– جێگر بەختیار: ژیری دەستکرد لە بابەتی ڕێزمانیدا هاوکارێکی باشی ئێمە دەبێت
– ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە پاراستن، پەرەپێدان و گەشەپێدانی زمانی کوردی دیاکۆ هاشم
– د.ئاران ئەمینی: ستانداردکردنی زمان بەر لەوەی پرسێکی تەکنۆلۆژیک بێت، پرسێکی مرۆڤناسانەیە

سەرەتا دەمەوێت لەبارەی زمانەوە بدوێم، زمان بونیادێکی ئاڵۆز و فرەچەشنی هەیە، وەک هێما و پێناسەیەک بۆ ناسین و جیاکردنەوەی ئەندامانی هەر نەتەوەیەک بەکاردێت. لە ڕێگای زمانەوە هەر نەتەوەیەک بوونی خۆی دەسەلمێنێت، فەرهەنگ و کولتووری دەناسێنێت و پارێزگاری لە کاڵبوونەوە و لەناوچوونی دەکات.

زمان واتا مانەوەی نەتەوە، هەر نەتەوەیەک زمانی زیندوو بێت ئەو نەتەوەیەش زیندووە! ئەگەر خاکەکەی ڕووبەڕووی مەترسی داگیرکاری ببێتەوە و هاووڵاتیانی لە زێدی خۆیان دەربکرێن، ئەوا ئەم نەتەوەیە دەتوانێت دووبارە لە ڕێگای زمانەوە ڕەگ و ڕیشەی خۆی دابکوتێتەوە و گەشە بکات. زمان پەیوەستە بە گشت لایەن و فاکتەرەکانی ژیانمان، هەر پرسێک بێتە ئاراوە زمان ڕەگەزی سەرەکییە تێیدا، وەک: پرسی نەتەوەیی، ناسنامە، جوگرافییا، ئابووری، سەربەخۆیی، کۆمەڵایەتی، تاد...

ئاخێوەرانی هەر زمانێک لە ناوچەیەکی جوگرافی دیارکراو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی و ڕۆحی نەتەوەیی پەیوەستیان دەکات بەیەکەوە؛ هاوکات وەکو تۆڕێک وایە ئاخێوەرانی ئەم زمانە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و ڕۆحێکی نەتەوایەتی قووڵیان پێدەدات، وەک هەر نەتەوەیەکی تر هەست بە بایەخ و بوونی خۆیان دەکەن. لە ڕێگای زمانەوە دەتوانین کولتوور و ئەدەب و هونەر و زانستی خۆمان بە نەتەوەکانی تر بناسێنین. شانازی بە مێژوو و شارستانیەتی ڕابردوو و ئێستامان بکەین.

زمان سەرەڕای بوونی وەک ناسنامەیەک بۆ هەر تاکێک و نەتەوەیەک کە پێی دەناسرێتەوە، هاوکات بەهایەکی گرنگی لە تەواوی ژیانی مرۆڤدا هەیە. لە ڕێگەی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت زانیاری، هەست، بیرکردنەوە و ئەوەی مەبەستیەتی بیگەیێنێت. دەتوانرێت بە دوو شێواز لە ڕێگەی زمانەوە زانیاری و مەبەستەکانمان بگەیێنین، ئەویش زمانی (قسەکردن و نووسینە).

**یەکەم/ زمانی قسەکردن:**

بەر لە زمانی نووسین لەنێوان مرۆڤەکان بەکارهاتووە. زمانی ئاخاوتن بە مەبەستی لە یەکتر تێگەیشتن و گفتووگۆی ئاسایی و ڕایکردنی کارەکانی ڕۆژانەی مرۆڤە، هاوکات بۆ هەماهەنگی و گواستنەوەی زانیاری زانستی و ئەکادیمی و فەلسەفەی و ئەدەبی...هتد بەکاردێت. ئاخاوتن لەنێوان دوو جەمسەر ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی گواستنەوەی زانیاری، جەمسەری یەکەم قسەکەر و جەمسەری دووەم گوێگر/وەرگر دەگرێتەوە.

**دووەم/ زمانی نووسین:**

لە توانایدا هەیە دیرۆک و کولتوور و ئەدەب و زانست و شارستانیەت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بگوازێتەوە و لە لەناوچوون بیانپارێزێت. کە سێ ڕەهەند لەخۆ دەگرێت ئەوانیش (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) واتا: زانیاری لە سەردەمێکە بۆ سەردەمی دوای خۆی لە ڕێگەی زمانی نووسینەوە دەگوازرێتەوە.

زمانی کوردی بەردەوام لەژێر فشار و هەڕەشەی لە ناوچووندا بووە، بە هۆکاری ناوەخۆیی یاخود دەرەکی بێت. هەمیشە وڵاتانی داگیرکار ترسیان لە زمان و شوناسی کورد هەبووە، چونکە درکیان بە بەها و بایەخ و دەوڵەمەندی زمانەکە کردووە. پیلانی زۆریان بەکارهێناوە تاوەکو لە بایەخی ئەم زمانە شیرینە کەم بکەنەوە، بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو بەربەست و تەنگەشە و ناخۆشییانەی بە درێژای مێژوو بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە، هێشتا توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێت و بەردەوامی بە زیندوو مانەوەی بدات و گەشە بکات.

کرۆکی باسەکەمان لەم دۆسیەیەدا تایبەتە بە پرسی (ڕێنووس و خاڵبەندی و زمانی ژێریی دەسکرد)ە. ڕێنووسی یەکگرتوو: ئەو ڕێنووسە فەرمییەیە لە ناوچەیەکی دیارکراو وەک: وڵاتێک، هەرێمێک، ناوچەییێک... بەکاردێت. کە لە دامودەزگا فەرمییەکان، خوێندنگا و زانکۆکان، قەڵەم بەدەستان و نووسەران، بابەتی زانستی و ئەدەبی و ئەکادیمی بەکاردێت. ڕێنووسی یەکگرتوو پێویستە لەسەر سیستەمێکی گونجاو و کۆمەڵێک هۆکار و بنەمای زمانی، ئەکادیمی، زانستی، مێژووی... دیار بکرێت. سیستەمی حکوومەت و حکوومڕانی ڕێخۆشکەرە بۆ بوونی زمانێکی ستاندارد و ڕێنووسێکی یەکگرتوو. هاوکات یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکان بۆ بوونی هەرێم و وڵاتێکی سەربەخۆ، بەتایبەت بۆ کورد تاکو بە تەواوی بوون و یەکگرتوویی خۆی بسەلمێنێت.

ئێستا بۆ نوویسینی تێکستی کوردی دوو ئەلفوبێ بەکاردێت، ئەلفوبێی ئارامی و لاتینی. هەر دوو ئەلفوبێیەکە لەلایەن ئاخێوەرانی کورد بەکاردەهێنرێت و بابەت و کتێبی پێ دەنووسرێن و بڵاودەکرێتەوە. لە باشوور و ڕۆژهەڵات ئەلفوبێی ئارامی، لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش ئەلفوبێی لاتینی، هاوکات تێکەڵ بە ئەلفوبێی تریش دەبێت.

گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین سەرەڕای دژواری و بەربەست و گشت کێشە نەتەوەیی و سیاسی و ئابوورییەکان، کورد توانیویەتی ڕێنووسی تایبەت بەخۆی هەبێت و بیپارێزێت و بەردەوامی پێ بدات. کاری زۆر باش کراوە بۆ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، وەک

کارەکانی (کۆڕی زانیاری کورد) لە ساڵی ١٩٧٠ زاینی. زۆر کەسی شارەزا و پسپۆڕ کاریان لەسەر زمان و ڕێنووسی کوردی کردووە وەک: مەسعوود محەممەد، هێمن موکریانی، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، عیزەددین مستەفا ڕەسوول، وریا عومەر ئەمین, دیاکۆ هاشمی... زۆرانی دیکە.

کۆمەڵێک هۆکار بوونەتە هۆی ئەوەی ڕێنووسێکی یەکگرتوومان نەبێت، ئەمانە هەندێک لە هۆکارەکان:

**یەکەم**: نەبوونی خەمخۆرانی ڕێنووسی کوردی لەلایەن حکوومەت و لایەنی دەسەڵات و بەشێک لە قەڵەم بە دەستتان. هەوڵنەدان بۆ پێکهێنانی دامەزراوە و ناوەندێکی گونجا و تایبەت بۆ بابەتەکانی زمان و ڕێنووسێکی یەکگرتوو لە سەرتاسەری هەر چوارپارچەی کوردستان، دوور لە هێزی دەرەکی و پارت و لایەنی تایبەت، کە هەمیشە دەبنە هۆی بەلارێدابردنی زمان و کولتووری کوردی.

**دووەم**: نەبوونی یەکڕیزی تەواو لەنێوان کورد، کەمبوونی بایەخ و ڕۆحی نەتەوەیی بەرامبەر گشت پرسە نەتەوەییەکان. ئەمەش بۆ کومەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکێ لەم هۆکارانە کەمبوونەوەی هەستی نیشتمانپەروەرییە، سەرقاڵ کردنی گەل بە هۆکاری بێ بنەما و ناتەندروست و نازانستی و ناکۆمەڵایەتی. پشتگوێ خستن و بایەخ نەدان بە گشت پرسە زمانییەکان، بەتایبەت بابەتی ڕێنووسییێکی یەکگرتوو.

**سێیەم**: بوونی دوو ئەلفوبێ ئەویش ئەلفوبێی ئارامی و ئەلفوبێی لاتینییە. هەڵبژاردنی هەر یەکە لەم ئەلفوبێیانە هێندە سانا نییە، چونکە هەر یەکێکیان لە ناوچەی بەکارهێنانی خۆیان چەسپاون. هەرچەندە مێژووی ئەلفوبێی ئارامی کۆنترە و سەرچاوە نووسراو و کتێب و دەستنووس و بڵاوکراوەکانی زیاترە لە ئەلفوبێی لاتینی.

**چوارەم**: کوردستان بەسەر چوارپارچەدا بەش کراوە، ئەمەش کەمێک دووری و هەماهەنگی کەمکردۆتەوە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی. جگە لە بۆچوونی جیاواز لە هەر پارچەیەکدا لەنێو خودی یەکپارچەشدا ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ڕێنووس و زمانی کوردی.

**پێنجەم**: بوونی کاریگەریی وڵاتانی داگیرکەر، بە هەر هۆکارێک و جۆرێک بێت وایان کردووە نەگەینە ڕێنووسێکی یەکگرتوو. بۆ نموونە: قەدەغەکردنی کورد لەوەی بە زمانی خۆی بنووسێت و قسە بکات. ئەمەش وا دەکات زمان گەشە نەکات و بە تەواوی شوێنی خۆی نەگرێت و بەرەو کاڵبوونەوە بچێت.

بۆ ئەوەی ڕێنووسێکی یەکگرتوومان هەبێت پێویستمان بە چەند هەنگاوێک هەیە:

**یەکەم:** بایەخی پرسە نەتەوەییەکان وەک: کوردبوون، خاک، نیشتمان، ئاڵا، زمان، ڕێنووس... لای هەر تاکێکی کورد گرنگی زیاتری پێ بدرێت. ئەگەر جۆرێک لە بەرپرسیارێتی و بایەخدان لەلای هەر تاکێکی کورد دروست بێت بەرامبەر بە ڕێنووس، ئەو کات هەر کەسێک هەڵناستێت بە ئارەزووی خۆی بنووسێت و بایەخ بە ڕێنووسی یەکگرتوو نەدات. لە پاڵ ئەمەشدا پێویستە هەموومان بە گیانێکی نیشتیمانی و هاوکاری کار بۆ گشت پرسە نەتەوەییەکان بکەین، بەتایبەتی لێرە تیشک دەخەینە سەر پرسی (زمان و ڕێنووسێکی یەکگرتوو) کە پێویستە گەشە و بەردەوامی پێ بدەین.دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک گروپ و پێگەی ئەلیکترۆنی چالاک و گرنگ دانراون بۆ بابەتی زمان، کولتوور،... هەتا بابەتی ئەکادیمی، زانستی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی... ئەمەش خۆی هەنگاوێکی باشە بۆ هاندانی گەنجان تا چالاک بن و بایەخ بە گشت پرسە نەتەوەییەکان بدەن.

**دووەم:** هەر بابەت و پرسێک بۆ ئەوەی گەشەی پێ بدرێت و بەرەو ئاستێکی باڵاتر و جێگیرتر بچێت، پێویستی بە پلان و سیستەمێکی گونجاو هەیە. بۆیە لایەنی سەرەکی لە پرسی زمان و ڕێنووسێکی یەکگرتوو خەمخۆرانی زمانە. سەرەتا پێویستە یاسا و بڕیاردانی فەرمی تایبەتی بۆ هەموار بکرێت، دواتر پاڵپشتی دارایی بۆ فەراهەم بکرێت. ئینجا دامەزراندن و پێکهێنانی دەستەیەکی لێزان و شارەزا و بە ئەزموون لە بواری زمانەوانی، زمانناسی، ڕێنووسی... ئەم دەستەیەش بە پێی پلان و پرۆگرامێکی دیارکراو و هەماهەنگی نێوانیان کار لەسەر ڕێنووسێکی یەکگرتووی کورد بکەن. هەر چەند لێرە کارەکە هێندە سانا نییە بەو پێیەی ئێستا لە کوردستان دوو ڕێنووسی جیاواز بەکاردێت ئەویش ڕێنووسی ئەلفوبێی ئارامی و لاتینییە. دواتر ڕێکخستنی وشەکان(وشەسازی) و چۆنیەتی نووسینیان و جێکردنەوەیان لەنێو ڕستەدا(ڕستەسازی).

دوای دەسنیشان کردنی ڕێنووسێکی یەکگرتوو بەپێی کۆمەڵێک هۆکاری زانستی و ئەکادیمی و پێوەری تایبەت، ماوەیەکی پێویستە تاکو بڵاوببێتەوە و شوێنی خۆی بەتەواوی بگرێت. پێویست دەکات کاری پێ بکرێت لە گشت ناوەندەکانی خوێندن و دامودەزگا حکوومییەکاندا. هاوکات لەلایەن نووسەران و ڕۆشنبیران و قەڵەم بەدەستان بەکار بهێنرێت. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە هەر دەزگایەکی میدیا و ڕاگەیاندن، وەشانخانەکان و ناوەندە بڵاوکراوەکان، گۆڤار و ڕۆژنامەکان کەسێکی شارەزا و پسپۆڕ لەبواری زمان و ڕێنووسی و خاڵبەندی دابنێت، بۆ بابەتی پێداچوونەوە و هەڵەگر و ڕاستنووسی.

**بوونی ڕێنووسێکی یەکگرتوو کۆمەڵێک ئامانجمان بۆ فەراهەم دەهێنێت:**

یەکڕیزی لە زمانی نووسین و ڕێنووسێکی دروست و بێ کێشەمان بۆ فەراهەم دەهێنێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەر کەسێک و لایەنێک و ناوەندە بڵاوکراوەکان و ڕاگەیاندنەکان بە ئارەزووی خۆیان نەنووسن و ڕێنووسی تایبەت بەخۆیان نەبێت و زمان نەشێوێنن. ئەو کات هەڵەی زمان و ڕێنووسیش بەڕێژەیەکی زۆر باش کەم دەبێتەوە، هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی زیاتر لێکبگەین و بابەت و بەرهەم و ئەدەبیاتی یەکدی بخوێنینەوە و زانیاری و بیرۆکەکانمان زیاتر ئاڵوگۆڕ بکەین. هەروەها یەکڕیزی و تەبایش بەرهەمدێت، وا دەکات ڕۆحی نەتەوەیی زیاتر بێت و زیاتر جەخت لە کوردبوونی خۆمان بکەینەوە. بوونی ڕینووسێکی یەکگرتوو وا دەکات وەرگێڕ و چاپخانەکان بە دڵی خۆیان وەرگێڕان نەکەن و زمان و ڕێنووسی کوردی نەشێوێنن، بەڵکو بەپێی ئەم ڕێنووسە یەکگرتووە کار بکەن. بۆ نووسەر و وەرگێڕ و وەشانخانەکانیش باشترە و سەرلێشێواو نابن، چۆن بنووسن و چی بکەن. بەڵکو بەیەک ڕێنووس دەنووسن و دوور دەبن لە هەر جۆرە هەڵەیەک کە ئەگەری بوونی هەبێت.

**سەبارەت بە پرسی خاڵبەندی:**

مرۆڤ سەرەتا نووسینی لە شێوەی نەخش و نیگار لەسەر دیواری ئەشکەوت و تاتە قوڕ و بەرد کێشاوە، بۆ گەیاندنی مەبەست و ئەوەی لەبیر و هزریدایە, لە ڕێگەی ئەم نەخش و نیگارانە چیرۆک و هەوڵ و بەدەستهێنانەکانی مرۆڤی سەردەمی ڕابردوومان پێ گەیشتووە. سەرەتا وێنەی ئەو شتەیان دەکێشا کە لە خەیاڵیاندا بووە و مەبەستیان بووە، وەک وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک و ئەو کەرستانی ئەو کات بەکاریان دەهێنا. دواتر مرۆڤ پێشکەوت و کۆمەڵێک شتی داهێنا، یەکێک لەمانە گەشەکردنی نووسین بوو بۆ نیگاری جیاوازتر لەوەی پێشووتر، ئینجا پێشکەوتنەکانی مرۆڤ زیاتر و زیاتر پەرەیسەند تا گەیشت بە دروستکردنی چاپخانە و چاپکردنی کتێب( بێگومان ئەم پێشکەوتنانە بە چەند قۆناغێکدا ڕۆیشتووە و بابەتی زیاتر هەڵدەگرێت تاکو لەبارەیەوە بدوێین, بەڵام بۆ ئەوەی بابەتەکەمان درێژتر نەبێتەوە بە کورتی لەبارەیەوە دەدوێن). لەگەڵ گەشەکردنی نووسین و بڵاوبوونەوەی بابەت و زانیارییەکان، مرۆڤ درکی بەوەکرد کە پێویستە ڕێککارییەک هەبێت تا ئەوەی مەبەستیەتی بە شێوەیەکی گونجاو لە ڕێگەی نووسینەوە دەربیبڕێت، بێ ئەوەی مەبەست و ئامانجی نووسراوەکە بە هەڵە بگات. خاڵبەندی سەرەتا بە شێوەیەکی

سادە بەکار دەهات، دواتر وردە وردە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی و نیشانەکانی زیاتر بوو، تاکو گەیشتۆتە کۆی نیشانەکەنی خاڵبەندی ئەمڕۆ.

ڕێنووس و خاڵبەندی پێکهاتەی دەقێکی تەندروستن، تەندروست بەو واتایەی کە دەقنووس چی مەبەستێکی لە هزر و خەیاڵی دایە بەهەمان شێوە لە ڕێگای دەقی نووسراوەوە بگات. خاڵبەندی بۆیە بەکاردەهێنین لە دەقەکاندا بۆ ئەوەی زیاتر مانا و مەبەستی دەق بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بە ئێمە بگات, هاوکات شێوەیەکی ئەندازەی بە دەق دەبەخشێت. لە نووسینی گشت بابەتێکدا پێویستە خاڵبەندی پەیڕەو بکرێت، بەشێوەیەکی دروست و گونجاو چی هێمایەک یاخود نیشانەیەک پێویستە، و لە کوێ دابنرێت. چونکە بە هەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندی ئەگەری هەیە واتای دەقەکەمان بشێوێنێت.

بۆ نموونە ئەم ڕستەیەمان هەیە، هیچ نیشانەیەکی خاڵبەندی بۆ دانەنراوە.

هەرێم گشت پەڕاوەکانی ڕێکخست

چۆن بزانین ئەم کەسەی ئەم ڕستەیەی نووسیوە مەبەستی چییە؟

گەر مەبەستی ڕاگەیاندن بێت، دەبێت خاڵ (۰) لە کۆتایی ڕستەکە دابنێین، بەم شێوەیە:

هەرێم گشت پەڕاوەکانی ڕێکخست.

گەر مەبەستی پرسیار کردن بێت، دەبێت (؟) لە کۆتایی ڕستەکە دابنێین، بەم شێوەیە:

هەرێم گشت پەڕاوەکانی ڕێکخست؟

گەر مەبەستی سەرسوڕمان بێت، دەبێت (!) لە کۆتایی ڕستەکە دابنێین، بەم شێوەیە:

هەرێم گشت پەڕاوەکانی ڕێکخست!

بەم شێوەیە نیشانەکانی خاڵبەندی بە پێی مەبەستی کەسەکە و شێوازی دەربڕینی ڕستەکە دادەنرێت. لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە خاڵبەندی پەیوەندی هەیە بە جۆری دەربڕینی وشە و ڕستەکان، واتە لەکوێ بوەستین، لەکوێ ئاسایی بدوێین، و لەکوێ سەرسام بین و پرسیار لە شتەکان بکەین.

ئەگەر جیاوازی نێوان دوو دەق بکەین، دەقێکیان خاڵبەندی تێدا پەیڕەو کرابێت و دەقێکیش خاڵبەندی تێدا پەیڕەو نەکرابێت.

با بەنموونەیەک زیاتر ڕوونی بکەینەوە؛ ماددەی ڕەقمان هەیە کە دەبێتە دوو جۆر: ماددەی ڕەقی (بلووری و نابلووری). ماددەی ڕەقی بلووری شێوەیەکی ئەندازەی ڕێکوپێکی هەیە؛ وەک ئەو ڕستەیە وایە کە خاڵبەندی تێدا پەیڕەو کرابێت، شێوەیەکی ئەندازەی ڕێکوپێکی دەبێت. بۆیە ئاسانتر دەخوێنرێتەوە، باشتر مەبەست و واتای دەقەکە

بە خوێنەر دەگات. بەم جۆرەش دەقێکی بێ گرفتمان بۆ دروست دەبێت. بەڵام ماددەی ڕەقی نابلووری شێوەیەکی ئەندازەی ڕێکوپێکی نییە؛ وەک ئەو ڕستەیە وایە کە خاڵبەندی تێدا پەیڕەو نەکرابێت، بۆیە شێوەیەکی ئەندازەی ڕێکوپێکی نابێت. خوێنەر ماندوو دەکات و بە ئاسانی بۆی ناخوێندرێتەوە، بەتەواوی واتا و مەبەستی دەقەکەی پێ ناگات.

**زمان و ژیریی دەستکرد:**

مرۆڤ تاکە بوونەوەرە کە خاوانی ژیرییە، تاکو ئێستا هیچ (بوونەوەرێک یاخود تەکنەلۆژیا و پڕۆگرامێک) هەمان توانای بیرکردنەوە و هەست و ڕەفتار و گوفتاری مرۆڤی نەبووە. زاناکان بیریان لەوە کردەوە کە پڕۆگرامێک دروست بکەن هاوشێوەی مرۆڤ بیر بکاتەوە و ڕەفتار بکات.

ژیریی دەستکرد: بریتییە لەو پڕۆگرامەی کە توانایەکی زۆر بەرز و خێرای هەیە لە ئەنجامدانی ئەرکەکاندا. دەتوانێت زۆر کردار ئەنجام بدات، ئەمەش بەپێی ئەو داتایانەی پێی دەدرێت زانیاری و ئەرکی گونجاو وەڵام دەداتەوە.

ژیریی دەستکرد بۆ زۆر کێشە و پرس بەکاردەهێنرێت، بەڵام پرسیارەکە لێرە ئەوەیە چۆن و بە چ جۆرێک بەکاری بهێنین؟ ئاخۆ ژیری دەستکرد لە داهاتوودا چ گۆڕانکارییەکی بەسەر دێت و بەرەوکوێمان دەبات؟

هەموو ئامێر و دروستکراوەکان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەکاردەهێنرێت، وەلێ گرنگ ئەوەیە بزانین مرۆڤ چۆن و بۆ چ مەبەستێک بەکاری دەهێنێت، چونکە سوود یاخود زیانی گشت کەرستەکانی دەوروبەرمان لەسەر ئەمە وەستاوە چۆن بەکاردەهێنرێت. بێگومان ژیری دەستکردیش دەتوانرێت بۆ زۆر کردار و زانیاری و پێویستی مرۆڤ سوودی لێ وەربگیرێت. وەک: وەرگرتنی زانیاری لە کاتێکی زۆر خێرادا، بۆ کردەی وەرگێڕانی هەندێک بابەت(چونکە کاری وەرگێڕان جگە لەزانینی زمان پێویستی بە شارەزاییەکی زۆر باشە لە بابەتی فەرهەنگی و کولتوور و ئیدیۆم و پەند... ئەمەش هیچ مۆدێلێکی ژیریی دەستکردمان نییە تاکو ئێستا بەتەواوی بە هەموو زمانێک گەیشتبێت و کۆی زانیاری پوختی لەسەر زمانەکان هەبێت)، بۆ لایەنی تەندروستی. بۆ زۆر بواری تر دەتوانرێت بەکار بهێنرێت. هاوکات مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤ و جیهانیش دەبێت. بۆ نموونە: ساختەکردنی وێنا و دەنگی مرۆڤ ئەمەش لێکەوتەی خراپی دەبێت. ئەگەری هەیە ڕۆژێک بێت لەژێر کۆنترۆڵی مرۆڤ دەربچێت و زیان بە زۆر شت بگەیەنێت. بەکارهێنانی بۆ

بەرژەوەندی تایبەتی(نا ئەخلاقی) تاکێک، لایەنێک، وڵاتێک... ئەگەری بوونی زیانی بۆ سەر مرۆڤایەتی دەبێت. بۆیە زۆر پێویستە بە وریای و ئەخلاقییەوە بەکاربهێنرێت.

**دوو تێبینییەکی پێویست:**

– ئێمە دەزانین گفتوگۆ و کتێب و بڵاوکراوە و کۆڕ و کۆنفرانسی زۆر لەسەر پرسەکانی زمانی کوردی کراوە، وەلێ گرنگ ئەوەیە تا چەند لە ناوەندی پەروەردەیی و ئەکادیمی و فەرمی کاری لەسەر کراوە و هەوڵی چەسپاندنی دراوە. ئێمە لێرە هەوڵمانداوە لەبارەی پرسی (ڕێنووسی پێوەر و خاڵبەندی و ژیریی دەستکرد) وتوویژ لەگەڵ کۆمەڵێک لە شارەزایانی ئەم بوارانەدا بکەین. ئەوانیش بەڕێزان : (د.فازل حەمەسەعید، د.دارا حەمید، د. نەریمان خۆشاو، د.هێمن شەمس، ڕێبوار سیوەیلی، هەڵمەت عوسمان، دڵشاد کاوانی، جوتیار قارەمان، دڵشاد هیوا، کازم عەباس زەندی، بەدران ئەحمەد حەبیب، حاتەم وەلیا محەممەد، د.فازیڵ شەوڕۆ، د.هیوا سەلام، د. ئیبراهیم حەمەڕەش، د.ئاران ئەمینی ، سەنگەر حەسەن، دیاکۆ هاشمی، جێگر بەختیار). هەریەکە لەم بەڕێزانەش لەسەر پرسی پەیوەندیدار بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە، لەبەر ئەوەی پرسی (ڕێنووسی و خاڵبەندی) یە، بۆیە ئێمەش دەسکاری وەڵامەکانیانم نەکردووە وەکو خۆی دامناوەتەوە. بۆ نموونە: هەندێکیان بۆچوونیان وایە (وو) نابێت بەکاربێت، هەندێکیشیان دەڵێن دەبێت بەکاربێت. وەک: باکور، باکوور یان دور، دوور ...تاد. بەشێکیان بۆچوونیان وایە (ڕ) لە سەرەتای وشە نابێت بەکاربێت، بەشێکیشیان دەڵێن دەبێت بنووسرێت. وەک: ڕێز، ریز یان ڕووبار، رووبار ...تاد. بەمشێوەیە بۆچوونی جیاواز هەیە و هەر یەکێکیان بۆچوونی خۆی پێ تەواوە، هەروەکو پێشووتریش باسمان لێیەوە کرد. لەسەر ئەم بنەمایە لەسەر پێشنیاری بەڕێز سەرنووسەری گۆڤاری زمان و زار، دەقی وتار و وەڵامی بەڕێزان وەک خۆیان بڵاوکراوەتەوە.

– وێڕای سپاسی زۆرم، بۆ ئامادەکردنی ئەم دۆسیەیە بە ڕێنمایی و هاوکاریکردنی سەرنووسەری بەڕێزی گۆڤاری زمان و زار کارم کردووە.

**تەوەری وتوێژەکەشمان بەم شێوەیە بوو:**

–مەبەست لە سازدانی هەر یەکە لەم پرسانە ئەوەیە کە بتوانین دەستنیشانی کۆمەڵێک خاڵ بکەین وەک: لەبارەی پرسی ڕێنووسی یەکگرتوو: بۆچی تاوەکو ئێستا ڕێنووسێکی

یەکگرتوومان نییە؟ نەبوونی ئەم ڕێنووسە تاچەند کاریگەری لەسەر زمانی ستاندارد هەیە؟

بۆ ئەوەی ڕێنووسێکی یەکگرتوومان هەبێت پێویستە چی بکرێت؟

بوونی ڕێنووسێکی یەکگرتوو چیمان بۆ فەراهەم دەهێنێت؟

ئایا نووسەرانی کورد ڕێگە خۆشکەر بوونە بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاستنووسی، یاخود بەپێچەوانەوە؟ دۆخی هەریەکە لە (ڕێنووسی و خاڵبەندی) لە نێوەندی نووسین و بڵاوکراوەکان چۆن دەبینین و لە چی ئاستێک دایە؟

گەشەی تەکنەلۆژیا و ژیریی دەستکرد کاریگەریان بەسەر گشت لایەن و سێکتەرەکانی ژیاندا هەیە، ئایا پەیوەندی و کاریگەری بەسەر هەریەکە لە (ڕێنووسی و خاڵبەندی) چییە؟

بابەتی خاڵبەندی: سەرچاوەی (دەرکەوتن و بەکارهێنانی) خاڵبەندی بۆ کەی و بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا بە هەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندی لە هەر دەقێکی ئەدەبی یان هزریدا، چی لێ دەکەوێتەوە؟

جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆر لە دەقە بکە: دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیڕەو کرابێت، دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیڕەو نەکرابێت؟

سەبارەت بە ژیریی دەستکرد: چۆن بتوانین سوود لە ژیریی دەستکرد وەربگرین بۆ پرسی ڕێنووسی کوردی و خاڵبەندی؟

ئایا دەکرێت ژیریی دەسکرد هاوکارمان بێت بۆ بە ستاندارد کردنی زمانی کوردی؟

زمانی کوردی دەوڵەمەندە بە زار و بنزارەکانی، ئاخۆ ژیریی دەستکرد دەتوانێت بە شێوەیەکی دروست یەکێک لەم زارانە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە دەستنیشان بکات بۆ بە ستاندار بوونی زمانی کوردی؟

تا چەند نووسەران و ڕۆشنبیران توانیویانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک فێرگەیەک بۆ باشترکردنی ڕێنووسی کوردی بەکاربهێنن؟

دەکرێت بە بەردەوام پشت بە ژیریی دەستکرد ببەستین بەتایبەت بۆ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی؟

تاچەند بابەتی وەرگێڕان و دەقی نووسراو لەلایەن ژیریی دەستکردەوە پشت پێ بەستراون، بۆ پرسی ڕێنووس و خاڵبەندی؟ چۆن بتوانین جیاوازی نێوان دوو دەقی وەرگێڕدراو بکەین؟

یەکیان بە ژیریی دەستکرد وەرگێڕدرابێت، یەکیان لەلایەن مرۆڤەوە وەرگێڕدرابێت. چۆن بتوانین بە شێوەیەکی دروست کەڵک لە ژیریی دەستکرد وەربگرین بۆ پرۆسەی وەرگێڕان و وەرگێڕانی پێچەوانە؟

جیاوازی نێوان سیستەمی ناسینەوەی (ئاخاوتن و دەنگ) چییە؟
چۆن بتوانین سوود لە سیستەمی ناسینەوەی (ئاخاوتن و دەنگ) وەربگرین بۆ زمانی کوردی؟
ئایا سیستەمی ناسینەوەی (ئاخاوتن و دەنگ) هیچ لایەنێکی نەرێنی هەیە؟
تایبەتمەندییەکانی سیستەمی (چات جی پی تی) چییە؟ کام جۆر زانیاری دەتوانێن لەم ڕێگەیەوە وەدەست بخەین؟
بۆ ئاخێوەرانی زمانی کوردی چۆن و تا چەند دەتوانن سوود لەم سیستەمە وەربگرن؟
لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەکانی وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی بۆ زمانزانی لەلایەن مرۆڤەوە چییە؟

# ڕێنووس و خاڵبەندی
# وەك دوو بنەمای ڕاستنووسین

د. فازل حەمەسەعید

## دەستپێک

کردەی نووسین یەکێکە لە گرنگترین شێوازەکانی دەربڕین و پەیوەندیکردن و گواستنەوە و گەیاندنی مەبەست و بۆچوونەکان، لە گرنگیدا ڕاستەوخۆ لە دوای ئاخاوتنەوە دێت، هەندێکجار پێش ئاخاوتنیش ئەکەوێت، بەتایبەت ئەو کاتەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و دواندنی ڕووبەڕوو لە ئارادا نیە. ئاخێوەر چەندە گرنگی بە پەیام و بۆچوون و دیدگا و مەبەستەکەی بدات؛ ئەبێت بەو ئەندازەیەش بەتەنگ جوانی و دروستی و ڕاستیی گەیاندنییەوە بێت، تا بتوانێت زیاترین کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە بکات کە پەیەمەکەیان ئاڕاستە ئەکرێت.

هەر یەکێک لە شێوازەکانی دەربڕین تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە قسەکردن جیایە لە شێوازێکی هونەری وەک وێنە، یان هیما، یان هەر شتێکی تر. نووسینیش وەک یەکێک لە ڕێگا گرنگ و سەرەکییەکانی پەیوەندیکردن، کردەیەکی سادە و سەرپێیی نیە، بەڵکو بۆ ئەوەی درووست و کاریگەر بێت؛ پێویستی بە چەند بنەمایەک هەیە، وەک: دەربڕینی ڕوون و ڕەوان، ڕێنووسی ڕاست، خاڵبەندیی بەجێ.

## جیاوازیی ئاخاوتن و نووسین:

ئاخاوتن و نووسین دوو گرنگترین ئامرازی پەیوەندیکردن و دەربڕینن، هەردووکیان لەوەدا هاوبەشن کە پێویستە ئەو ئەرکەی هەیانە بەجێی بگەیەنن، ئەویش ئەرکی گەیاندنە، بۆیە ئەبێت بە جۆرێک بن، لای گوێگر یان خوێنەر پەسەند بن، بە دەربڕینێکی تر، ئەبێت ڕوون و ڕەوان بن، پەیامەکان بێ گرێ و ئاڵۆزی بگەیەنن.

هەندێکجار لاوازی ئاخێوەر و نووسەر لە دەربڕیندا؛ ئەنجامەکان پێچەوانە ئەکاتەوە، لە بری سەرسامیی گوێگر یان خوێنەر، توڕەیی و ڕەوینەوەی لێئەکەوێتەوە، واتە پەسەند نابێت، هەر گوتارێک یان نووسینێکی لەم چەشنە، بە گوتار یان دەقێکی تۆکمە هەژمار ناگرێت، بگرە بە هێند وەرناگیرێت.

گرنگیی پەیامی ڕوون و ڕەزامەندیی وەرگر لەوەدایە کە هەریەکە لە مەبەستگەرایی و پەسەندگەرایی بە دوو بنەمای سەرەکی لە دەقناسیدا دائەنرێن، نەبوونیان نەنگییەکی گەورەیە. کەواتە، کاتێک قسە لەسەر ئاخاوتن یان نووسینی سەرکەوتوو ئەکرێت، کە بە لایەنی کەمەوە مەبەستی سەرەکی بە ڕوونی بگەیەنێت، بە جۆرێک لای وەرگر پەسەند بێت.

ڕوونی و ڕەوانی لە دەربڕیندا، پێویستییەکی سەرەتاییە، نەک هەر پێویستی، کەسێکی وەک کارل پۆپەر بە بابەتێکی ئەخلاقی دائەنێت، ئەو پێی وایە وەرگر مافی خۆیەتی بە ڕاست و ڕوونی و بێ پێچ و پەنا پەیامەکان وەر بگرێت، واتە ئەوەی ئەوترێت و ئەنووسرێت ئەبێت ڕوون و شایەنی تێگەیشتن بێت.

دەربڕین و نووسینی ڕوون واتای سادەکردنەوە و داماڵینی گوتار یان دەق نیە لە هونەری ڕەوانبێژی و وێنەی شیعری و خەیاڵی قوڵ و گەمەی وشە، بەلکو مانەوە و بزرنەبوونی مەبەست ئەگەیەنێت، نەک بە ناوی داهێنان و ئەفراندنی دەقی باڵاوە؛ واتا و مەبەست وون بێت و لە هیچ کولەکەیەکی تەڕدا نەدۆزرێتەوە، وەک لە هەندێک دەقی ئاڵۆز و بیزارکەردا ئەیبینین.

بەڵام ئەوەی ئاخاوتن لە نووسین جیائەکاتەوە؛ ئەو تایبەتمەندیانەن کە لە دەنگدا هەن، وەک ئاواز و بەرزی و نزمیی دەنگ بە پێی پێویست، بە جۆرێک لەگەڵ مەبەستی قسەکەردا بگونجێت، ئەمە سەرەڕای جوڵە و ئاماژەکانی جەستە کە هاوکاتن لەگەڵ قسەکردندا. هەموو ئەم تایبەتمەندییانە وا ئەکەن کە پەیامی پشت ئاخاوتن ئاسانتر بگات، بە بەراورد بە نووسین.بۆ ئەوەی لە نووسیندا قەرەبووی نەبوونی ئەو تایبەتمەندییانەی ئاخاوتن بکەینەوە؛ پێویستە پەنا ببەینە بەر ئەو چارە وئامرازانەی کە لە توانایاندایە گەیاندنی مەبەستەکانی پشت دەق ئاسانتر و خێراتر بکەن، وەک ڕێنووس و خاڵبەندی.

**ڕێنووس و ڕاستنووسین:**

ڕێنووس واتا گواستنەوەی وتن بۆ بۆ نووسین، لە ڕێی پیت و ڕێسای تایبەتەوە، بە جۆرێک بتوانێت دەنگ و وشە سادە و لێکدراوەکان و تەواوی بەشەکانی ڕستە بە جوانی نیشان بدات.

بۆ ئەوەی ڕێنووس ئەرکی خۆی بە تەواوی ئەنجام بدات، پێویست بە دوو هەنگاوی گرنگ ئەکات:

* -داڕشتنی ڕێنووسێکی پوخت و ڕاست، هەموو وردەکارییەکانی تێدا ڕەچاو کرابێت.

* -پابەندکردنی هەموان بەو ڕێنووسەوە، بە جۆرێک پاشاگەردانی درووست نەبێت، واتە بەهایەکی یاسایی و کۆمەڵایەتی هەبێت، نەوەک هەرکەسێک بە ڕبەی خۆی بپێوێت.

ئەگەر ئەو دوو خاڵە ڕەچاو بکرێن، ئیتر هەموان بەرچاوڕوون ئەبن، ئەزانن چۆن بنووسن تا لە یەکتر تێبگەن.

ئەگەر سەیری ڕێنووسی کوردی بکەین، ئەبینین تا ئێستاش بەیەکجاری ڕێک نەکەوتووە، هەرچەندە سەبارەت بە خاڵی یەکەم هەوڵی زۆر باش دراون، بەڵام خاڵی دووەم هێشتا نەهاتووەتە دی.

مەسعود محەممەد لە کتێبی (چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی)دا چەند هەوڵێک باس ئەکات، وەک: هەوڵی کۆڕی زانیاری کوردی بۆ دانانی ئەلفوبێ و ڕێنووس، بە پێکهێنانی لیژنەی تایبەت لە کەسانی شارەزا، هەروەها بانگەوازی دەستەی کوردیی کۆڕی زانیاریی عێراق، بۆ یەکخستنی ڕێنووسی کوردی، کە هەر لەسەر بنەمای ئەو بانگەوازە خودی مەسعود موحەممەد گیروگرفتەکانی دیاریکردوون و چارەسەری بۆ پێشنیار کردوون.

دواتریش ئەکادیمیای کوردی هەوڵی باشی داون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕێنووسی کوردی و چەسپاندنی ڕێنووسێکی یەکگرتوو، وەک ڕێکخستنی کۆنفراسێک لە ساڵی ٢٠٠٩، بە بەشداریی شارەزایانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات. دواتر ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکەی لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی(ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی) لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکردن. دوای ئەو هەنگاوەش، ساڵی ٢١٠٣ کتێبێکی تری بە ناونیشانی(ڕێنووسی کوردی بە پێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی) بڵاوکردەوە. سەرەڕای هەوڵی تریش لەو بواری ئەلفوبێ و ڕێنووسدا، کە مایەی بەرزنرخاندنن.

سەرەڕای ئەم هەوڵە فەرمییانە، لێرە و لەوێش هەلی تاکەکەسی دراون، بەڵام هیچکامیان کۆدەنگییان بەدەست نەهێناوە، یان بە بڕیارێک نەسەپێنراون، بۆیە بەشێک لە نووسەران و ڕۆشنبیران ڕێنووسی تایبەتی خۆیان هەیە، ڕێ بەکەسی تر نادەن پێداچوونە بە نووسینیاندا بکات، یان دەستکاری بکات.

لە ڕاستیدا ئەم فرەڕایی و پابەندنەبوونە مایەی دڵتەنگییە، لە هەمان کاتیشدا کێشەیەکی گەورەیە، چونکە کورد لە هەموان زیاتر پێویستی بە یەکدەنگییە، لە هەموانیش زیاتر بە دەست پەرتەوازییەوە ناڵاندوویەتی، بۆ ئەبێت لە بوارێکی لەم جۆرەشدا هەر پەرتەوازە بین؟

سەرەڕای ئەو پەرتەوازەییە، کێشەیەکی تریش لە بواری ڕێنووسدا هەیە، ئەویش

بێئاگایی زۆربەی خەڵکە لە درووستنووسینی زمانی کوردی، لە تاکی ئاساییەوە بیگرە بۆ ڕۆشنبیر، تا ئەگاتە کەناڵ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن. هەر سەرنجێکی خێرای ئەو نووسینانەی ڕۆژانە لە بوارە جیاوازەکاندا بەرچاومان ئەکەون، ئەم ڕاستییە پشتڕاست ئەکەنەوە، بەم نووسینەی ئێستاشەوە. کێشەکە هەر لە پابەندنەبوون بە ڕێنوسێکی یەکگرتووەوە نیە، بگرە هەندێک جار پابەند نەبوونە بە تەختەکلیلکی کوردییەوە، بەشێکی بەرچاوی کورد، تەنانەت ئەوانەشی بڕوانامە و نازناوی زانستی بەرزیان هەیە، لە کاتی نووسینی کوردیدا فۆنتی عەرەبی بە کار ئەهێنن؟ ئەنووسن ( كۆران) لە برِی ( گۆڕان)، ئەنووسن ( هةية) لەبری (هەیە)، ئیتر بەو جۆرە. هەندێکی تریش لەوە دوورتر ئەڕۆن و پیتی لاتینی بەکار ئەهێنن.

ئەم دیاردەیە مایەی نەنگییە، خەڵکی خەمخۆر خۆی بە دوورئەگرێت و هەڵەی لەو جۆرە ناکات. سەربجێکی زمانی ئینگلیزی بدەین، بەشێک لەو پیتانەی کە لە زمانی ئینگلیزیدا هەن؛ لە زمانەکانی تردا شێواز و نووسینی تریشیان هەیە، بۆ نمونە:

- پیتی (e) لە فەڕەنسیدا ئەم شێوازانەشی هەیە:( è، é، ê، ë).

-پیتی (i) ئەم شێوازانەی هەیە:( î، ï).

-بە هەمان شێوە بۆ چەند پیتێکی تری وەک:( a، o، u،c ) شێوازی تریش هەن.

پرسیارەکە ئەوەیە، هیچ کات دیوتانە ئینگلیزێک لە کاتی نووسیندا یەکێک لەو شێوازانەی فەڕەنسی بەکار بێنێت؟ بێگومان نەخێر،تەنانەت لە نووسین و توێژینەوەی ئەکادیمیشدا، ئینگلیزەکان سەرچاوە و ناوی نووسەرە بەکارهاتووەکان دەستکاریی دەکەن، بۆئەوەی تەنها لە پیتی ئینگلیزی بچن، بۆ نموونە Dörniye, Clément و دەیانی تر دەگۆڕن بۆ Dorniye و Clemen. ئەی دیوتانە عەرەبێک بنووسێت (ڕبما) لە بری (ربما)؟ دیسان نەخێر. هەر کامێکیان وا بکات بە چەپڵەڕێزان لە شار دەری ئەکەن.

ئینجا ئەو کوردانەی خۆشمان کە ئینگلیزی یان عەرەبی ئەزانن، لە کاتی نووسین بەو دوو زمانەدا، ڕەچاوی هەموو ڕێساکان ئەکەن و هەمان شێوە فۆنتی خودی ئەو دوو زمانە بەکارئەهێنن.باری سەر بارانیش ماوە، کە بریتییە لەو هەموو هەڵە و دەربڕینە نارێکە، جاری وا هەیە پیاو دڵی تێکهەڵدێ لە تاو ئەو هەموو کەمتەرخەمیە لە نووسین و ڕەچاونەکردنی ڕێساکانی زمانی کوردیدا. خەریکە بڵێین کوردی وەک شاری بێ حاکمی لێهاتووە، خەڵک چۆنی بوێت وا ئەکات.

**خاڵبەندی و ڕاستنووسین:**

خاڵبەندی بریتییە لە کۆمەڵێک هێما و نیشانەی تایبەت، بە مەبەستی ڕاستنووسین و هاوکاریی خوێنەر لە چۆنیەتی خوێندنەوەی دەق و تێگەیشتنیدا بەکار دێن.

مێژووی خاڵبەندی بۆ یۆنانیەکان ئەگەڕێتەوە، کە لە پێش زایینەوە چەند خاڵێکی کەمیان بەکارهێناون. دواتر وەک هەستکردنێک بە گرنگی و ڕۆڵی خاڵبەندی، بەتێپەڕبوونی کات زیاتر ئاوڕیان لێدراوەتەوە، لە سەدەی پازدەوە لە نووسیندا زاتر بەرچاو ئەکەون، هەر لەو کاتەوە هەوڵی زیاتر دراوە تا هێمای زیاتر بە شێوازی وردتر بەکاربهێنرێن، وەک هەوڵەکانی مانۆسیسی ڤێنسیایی و کاکستۆنی ئینگلیزی.

لەگەڵ پێشکەوتنی نووسین و تەکنەلۆجیادا، خاڵبەندیش پێشکەوت و بەباشی ڕێکخرا، بە جۆرێک ئەگەر نووسەران بە جوانی بەکاریبهێنن، ئەوا لە ڕووی ڕستەسازی و ئاوازی دەقەوە هاوکارییەکی تەواوی خوێنەر ئەکەن و تەمومژ و ئاڵۆزی لە دەقەکانیاندا ناهێڵن.

لێرەدا مەبەستمان نییە بە دوای مێژووی خاڵبەندیدا بڕۆین، هەروەها ناشمانەوێت باس لە یەک بە یەکی هێما و نیشانەکان بکەین، چونکە ئەوە زۆری ئەوێت و لە وتارێکی لەم جۆرەدا جێی نابێتەوە، هەروەها کاری زۆریشی لەسەر کراوە. ئەوەی ئەمانەوێت ڕوونکردنەوەی گرنگی و ڕۆڵی خاڵبەندییە، کە بەداخەوە وەک پێویست ڕەچاو ناکرێت، تەنانەت لە نووسینی نامەکانی ماجستێر و دکتۆراشدا، بگرە بابەتی میتۆدۆلۆژی کە لە خوێندنی بەرایی و باڵاشدا هەیە، بە بابەتێکی لاوەکی سەیر ئەکرێت لە لایەن قوتابیانەوە، هەندێک جار لە لایەن مامۆستایانیشەوە، بۆیە بەرهەمێکی بەرچاو و دڵخۆشکەری نیە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆلی خاڵبەندی بە شێوازێکی ئاسان؛ با سەرنجێکی ئەم سێ نموونەیە بدەین:

-ئەو گوڵە جوانە.

-ئەو گوڵە جوانە؟

-ئەو گوڵە جوانە!

ئەم سێ ڕستەیە لە ڕووی وشە و ڕۆنانەوە وەک یەکن، ئەوەی لەیەکیان جیا ئەکاتەوە تەنها خاڵبەندییە، لە ڕێی هێما تایبەتیەکانەوە ئەزانین کە ڕستەی یەکەم هەواڵدانە، دووەم پرسیارە، سێیەم سەرسوڕمانە.

لەم سێ نموونەیەوە دەرئەکەوێت کە خاڵبەندی چەند هاوکاری نووسەر ئەکات تا پەیامەکەی بە جوانی بگەیەنێت، لە لایەکی تریشەوە کارئاسانی بۆ خوێنەر ئەکات پەیامەکە وەک خۆی وەربگرێت، ئەمەش تام و چێژ بە خوێندنەوە ئەبەخشێت.

لێرەدا بابەتێک شایەنی ئاماژەبۆکردنە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر نووسەر شارەزاییەکی تەواوی لە ڕێنووس و خاڵبەندیدا نەبوو، پێویستە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات بەرامبەر خوێنەر، دەقەکەی پێش بڵاوکردنەوە بداتە هەڵەچنێکی شارەزا، تا لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندی و داڕشتنەوە؛ دەقەکەی ڕاست بکاتەوە، ئەو کاتە بخرێتە بەر دەستی خوێنەر. خۆ ئەگەر ئەم کارەی نەکرد، ئەرکی چابخانە، یان ئەو بڵاوەکراوەیەیە کە دەقەکەی بۆ بڵاوئەکاتەوە بەم کارە هەڵبستێت.ئەبێت ئەوانەی ئەنووسن ئەو ڕاستییە بزان، لەوانەیە بابەتتێکیان هەبێت بۆ وتن، بەڵام مەرج نیە زمان و دەربڕینێکی باشییان هەبێت، لەم کاتەدا پێویستە ئەرکی هەڵەچنی بە کەسێکی شارەزا بسپێرن، ئەمە بۆ خۆشیان و بۆ خوێنەرانیش گرنگە.

لە هەمووی گرنگتریش ئەوەیە بابەتی ڕێنووس و خاڵبەندی و ڕاستنووسین بە یاسا ڕێکبخرێت، ئەو کاتە هەموان ناچارن بە یەک شێواز بنووسن، هەروەها پاشاگەردانی و بێ سەر و بەریش نامێنێت. ئەگەر چەندین ساڵ بە یەک جۆر و بەڕاستی نووسینەکان بڵاوبکرێنەوە؛ ئەو کاتە ڕاستنووسین بۆ هەموان ئاسان ئەبێت.

**سەرەنجام:**

تایبەت بە زمانی کوردی، هەوڵی زۆر باش دراون، لە هەردوو بواری ڕێنووس و خاڵبەندیدا، بەڵام بە داخەوە کێشەکان کۆتاییان نەهاتووە. ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە تا ئێستاش هەمووان یەکدەنگ نین، بەشێک لەناوە دیارەکان نووسینی خۆیان لا تەواوترە، نایخەنە ژێر تیغی هیچ هەڵەچنێک.

بە بۆچوونی من، لەم بوارەشدا، وەک زۆربواری تر، پێویستە:

- بە یاسا ڕێنووسێک پەسەند بکرێت، دواتر هەموان پابەند بکرێن بەو ڕێنووسە دیاریکراوەوە.

-کاری چاپخانەکان ڕێکبخرێت، ڕێگایان پێ نەدرێت هیچ دەق و نووسینێک بڵاو بکەنەوە، تا هەڵەچنی و پێداچوونەوەی تەواوی بۆ نەکرابێت.

-مەرج دابنرێت بۆ گۆڤار و بڵاو کراوەکان کە نووسینی ڕاست و ڕێک بڵاو بکەنەوە.

-کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پابەند بکرێن بە ڕێنووسێکی دیاریکراو و پەسەندکراوەوە.
-لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا گرنگی بە ڕێنووسی پەسەندکراو بدرێت و وەک بەبابەتێکی سەرەکی بخوێندرێت، بە خاڵبەندییەوە.

# پ.د. دارا حەمید محەمەد:

# نەخاوەنی ئەلفوبێیەکی یەکگرتووین و نەڕێنووسێکی یەکگرتووشمان هەیە

*** ئایا سەرچاوەی (دەرکەوتن و بەکارهێنانی) خاڵبەندی بۆ کەی و بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-خاڵبەندی بابەتێکی زۆر گرنگی ڕێنووس و نووسینە، پێڕەوکردنی پێویستییەکی پڕ بەهای دروستنووسییە، وەک چۆن پابەندنەبوون پێوەی نووسینێکی تێکەڵ و پڕ لە خەوش و هەڵە بەرهەمدێنێت، بەتایبەتی لەڕووی واتاوە .

خاڵبەندی خاوەنی مێژوویەکی کۆن نییە، بە بەراورد بە مێژووی سەرهەڵدانی نەخش و نیگارەکانی نووسین، کە بۆ زیاتر لە پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا سەرهەڵدانی هێماکانی خاڵبەندی بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی دەگەڕێتەوە لە ئەوروپا، بەڵام گرنگی بابەتەکە واتە خاڵبەندی و هێماکانی خاڵبەندی لە نووسین و ڕوونکردنەوەی واتادا، هۆکاربوون بۆ زوو بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی بە ناو زۆرێک لە میللەتاندا. بۆنموونە لە زمانی عەرەبیدا خاڵبەندی دوو قۆناغی هەیە، هەڵبەت هەردوو قۆناغ بۆ دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەگەڕێنەوە، قۆناغی یەکەم بۆ چارەکەی کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی دەگەڕێتەوە، کاتێک (ئەبو ئەسوەد ئەلدەئولی) ڕاسپێردرا، کە خاڵ بۆ پیتەکان دابنێت و دواتریش لە نووسینی قورئانی پیرۆزدا پێڕەوکرا . قۆناغی دووەمی بڵاوبوونەوەی خاڵبەندی لە زمانی عەرەبیدا بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، ئەویش لەلایەن( ئەحمەد زەکی )ەوە بوو لە وڵاتی میسر ، کە هێماکانی خاڵبەندی لە نوسینی عەرەبیدا بەکارهێنا .

له زمانی کوردیدا سەرەتای پێڕەوکردنی هێماکانی خاڵبەندی بەتایبەتی( . )و( ، ...) بۆ بیستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، ئەویش لە بەرهەمەکانی هەردوو نووسەر (سەعید سدقی کابان و تەوفیق وەهبی) بە دوای ئەمانیشدا (نوری عەلی ئەمین) . بۆنموونە تەوفیق وەهبی لە نووسینەکانیدا بەتایبەتی لە کتێبی (دەستووری زمانی کوردی)دا ، کە لە ١٩٢٩ بڵاویکردووەتەوە ، پێڕەوی چەند هێمایەکی خاڵبەندی کردووە. مامۆستا نوری عەلی ئەمین بە بڵاوکردنەوەی کتێبی( رابەرێ بۆ ئیملای کوردی) لە ساڵی ١٩٦٦ بایەخێکی باشی بە بابەتی خاڵبەندی داوە، دەکرێت ئەو کارانە وەک سەرەتایەک بۆ خاڵبەندی لە زمانی کوردیدا سەیربکرێت، دواتر دوای ناردنەدەروەی چەند خوێندکارێک بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا ماستەر و دکتۆرا لەوانە بەڕێزیان: (پ.د. ئەورەحمانی حاجی مارف، پ.د. عیزەدین مستەفا رەسول، پ.د. نەسرین فەخری، پ.د. کوردستان موکریانی......تد) ئیتر خاڵبەندی و هێماکانی خاڵبەندی چ وەک بابەتێک بۆ خوێندن و چ وەک پێڕەوکردنی لە نووسینی کوردیدا، برەوی زۆری پێدرا و گەشەی زۆری بەخۆوە بینی .

پەیوەست بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، خاڵبەندی بۆ چی دەگەڕێتەوە، بۆ گرنگی و ڕۆڵی بابەتەکە واتە خاڵبەندی لە دروستنووسی و لایەنی واتا دەگەڕێتەوە . چونکە بە بێخاڵبەندی نووسینێکی ئاڵۆز و پڕ کەموکوڕی ڕێزمانی و واتاییش بەرهەمدێت . لەڕێی خاڵبەندییەوە سنووری ڕستە و بەشەکانی ڕستە پەیوەست بە ڕستەی نسادە دەستنیشاندەکرێن . هەروەها واتای ڕستە و دەربڕینەکان بەتەواوی دەکەونە ژێر دەسەڵات و هەژموونی هێماکانی خاڵبەندییەوە، لە خوێندنەوەدا هێماکانی خاڵبەندی ڕێنمایی خوێنەر دەکەن لە چ کاتێکدا بوەستێت یان بەردەوام بێت، هەروەها ڕۆڵی دەبێت لە ئاراستەکردنی خوێنەر بۆ گۆڕینی شێوازی گفتوگۆکردن، ئەوەش لەسەر بنەمای دروستە و واتای ڕستەکان .

*** بۆچی تاوەکو ئێستا ڕێنووسێکی ستانداردمان نییە، و نەبوونی ئەم ڕێنووسە تاچەند کاریگەری لە سەر زمانی ستاندارد هەیە؟**

– ئەوەی ڕوونە و جێی نیگەرانی و کەسەرە، لەم سەردەمی تەکنۆلۆجیا پێشکەوتووەدا، کە کارئاسانی زۆری بۆ توێژەران و خوێنەران کردووە، (زیاتر ئەو دوولایەنەم مەبەستە چونکە لە کایەی بابەتی گفتوگۆکەمانن، دەنا تەکنۆلۆجیا تەواوی

کایەکانی ژیانی تەنیوە) کەچی ئێمەی کورد تا ئێستا نەمانتوانیوە لەناو خۆماندا لێکنزیکبوونەوەیەک لە مژاری ڕێنووسی کوردیدا فەراهەم بکەین، هەربۆیە دەبینین تا ئێستا ئێمە نەخاوەنی ئەلفوبێیەکی یەکگرتووین و نەڕێنووسێکی یەکگرتووشمان هەیە . دانان و هەڵبژاردنی ئەلفوبێ بۆ هەرزمانێک وەک سەرچاوەی ڕێنووسکەی پەیوەندی تاڕادەیەکی زۆر بە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی زمانەوە هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت چەند هۆکارێک ڕێگربوونە و تا ئێستاش ڕێگرن لە دیاریکردنی ڕێنووسێکی یەکگرتوو بۆ زمانی کوردی، کە هیچ لەبەرچاوگرتنێکی بنەمای زانستییان تێدا نییە، بەڵکو هۆکار هەیە تاڕادەیەک پەیوەندیی بە زمان و زمانەوانیشەوە نییە، لە دیارترین هۆکارەکانی نەبوونی ڕێنووسێکی ستاندارد بۆ زمانی کوردی: هۆکاری فەرهەنگی، کەلتووری و سیاسیشە، هۆکاری فەرهەنگی و ئەدەبی لەوەدا بەرجەستەدەبێت، کە کورد خاوەنی ناوەندێکی فەرهەنگی و زمانیی و ئەدەبی بڕیار بەدەست نییە، کە پسپۆڕان، توێژەران، ئەدیب و نووسەرانی کورد کۆبکاتەوە و بە بەستنی کۆنفرانسی تایبەت و توێژینەوەی زانستیی و پرسوڕا و ڕاوێژ، بگاتە بڕیاری دروست پەیوەست بە مژاری ڕێنووسی ستانداردی کوردی . هەڵبەت ئەو هەنگاوە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی تایبەتی دابەشبووی زمانی کوردی بەسەر چوار وڵاتدا کە چالاکانە لە دژایەتیکردنی زمانی کوردیدا بەردەوامن دەبێت .

پێکهاتە و ستراکچەری کۆمەڵایەتی کورد و دابەشبوونی بەسەر وڵاتانی خاوەن کەلتووری جیاوازدا کاریگەریی لەسەر زمان و کەلتووری کوردیش بەجێهێشتووە، لەبەرئەوە هەر هەوڵێک درابێت بە ئاراستەی لێکنزیککردنەوەی زارەکانی زمانی کوردی و هەڵبژاردنی ئەلفوبێیەکی گونجاو بۆ زمانی کوردی و یەکخستنی ڕێنووسی کوردی، کاریگەریی کەلتووری تاڕادەیەک ڕێگربووە و ئاستەنگی دروستکردووە لە بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەکە. بۆنموونە دەبینین، لە باشووری کوردستان لە بیستەکانی سەدەی رابردووەوە تا سەرەتای سەدەی بیست و یەک، چەند هەوڵێک درا بۆ دەستنیشانکردنی ئەلفوبێیەکی گونجاو یان لەسەر بنەمایەکی زانستیی بە گونجاوزانراو بۆ زمانی کوردی بەڵام کەلتوور و بیروباوەڕ ڕێگربوون.

هۆکاری سێیەمی نەبوونمان بە خاوەنی ڕێنووسێکی ستاندارد سیاسییە، ئەمە تەنانەت بۆ خودی زمانی ستانداردیش ڕاستە، ئاشکرایە و پێشتریش ئاماژەمان بۆکرد، کە میللەتی کورد دابەشکراوە بەسەر چوار و دەتوانین بڵێین پێنج وڵاتدا کە هیچیان

لە دژایەتیکردنی زمانی کوردیدا لەوانیتری کەمتر نەکردووە و ناکات، ئەو بەشانەش بەپێی یاسای زمانەکانی ئەو وڵاتانە پێویستە ڕەچاوی ڕێنووسی وڵاتەکەیان بکەن، هەربۆیە دەبینین کوردانی باکور بە ئەلفوبێی لاتینی و باشوور بە ئەلفوبێی ئارامی و میدی و کوردانی ڕۆژئاوا پێشتر بە ئەلفوبێی ئارامی و ئێستا بەشێکیان بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسن ، کوردانی ڕۆژهەڵات بە ئەلفوبێی ئارامی و ڕێنووسی شکستەی فارسی وکوردانی سۆڤییەتی کۆن بە ئەلفوبێی سلاڤی و کریلیکی دەنووسن . ئەم هەمەچەشنییە لە ئەلفوبێ و ڕێنووس بۆ زمانی کوردی گرفتی یەکخستنی زۆر ئاڵۆزکردووە، لەبەرئەوەیە دەبینین تا ئێستا ئێمە خاوەنی ئەلفوبێیەکی تایبەت بە خۆمان و ڕێنووسێکی یەکگرتوو نین . لەوەش زیاتر کاریگەری ئەو هەمەچەشنییە لەڕێنووس بۆ زمانی کوردی وایکردووە، بەرهەمە ئەدەبی و نووسین و توێژینەوەکانی کوردی ناوچە جیاوازەکان بە حوکمی گرانی خوێندنەوەیان، وەک پێویست بەیەکتر ئاشنا نەبن و سوود لەیەکتر وەرنەگرن .

بەشی دووەمی پرسیارەکەتان تایبەتە بە کاریگەری نەبوونی ڕێنووسێکی ستاندار لەسەر زمانی ستاندارد، زمانی ستاندارد زمانێکی یەکگرتووی پتەوە، تەواوی قۆناغەکانی یەکگرتنی بڕیوە، شێوەیەکی تۆمارکراو و سەقامگیر و پەسەندکراوی زمانە، لە بنەما سەرەکییەکانی زمانی ستاندارد بوونی ڕێنووسێکی یەکگرتووی ستانداردە، دەشتوانین، بێهیچ دوو دڵییەک بڵێین، زمانان بە گشتی گرفتی ڕێنووسیان هەیە، بەڵام لە زمانانی خاوەن زمانی ستاندارد ڕێکەوتن لەسەر هەڵەکان کراوە و وەک دیاردەیەکی ڕاست بەکاردەهێنرێن، چونکە لەوڕاستییە گەیشتوون، هەر هەوڵێک بەئاراستەی بنیاتنانی زمانی ستاندارد بەبێڕێنووسی یەکگرتوو شکستخواردوو دەبێت، ئەزموونی میللەتانیش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن، وەک زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و تەنانەت هیندی کۆن ....تد، کە سەرباری بوونی چەندین زار و شێوەزاری جیاواز، کە پێڕەوی ڕێنووسی جیاوازیان دەکرد بەڵام یەکخستنی ڕێنووسەکانیان بناغەیەکی گرنگی بە ستانداردکردن و پاراستنی زمانەکەیان بووە، لەبەرئەوە پێویستە ئێمەی کورد لەخەمی یەکلاییکردنەوەی ڕێنووسێکی ستانداردا بین بۆ زمانەکەمان، کە پێواژۆیەکی ئاسان نییە، لەبەر ستراکچەری کۆمەڵایەتی و دابەشبوونی سیاسی و جیاوازی کەلتووری وڵاتانی کوردستان بەسەردا دابەشکراو، بەڵام پێویستە وەکو کورد، مژاری زمانی ستاندارد پرۆژەی ستراتیژیمان بێت، پلان و سیاسەتێکی

زمانی پتەو دابڕێژین لەڕێی دەزگاو ناوەندە ئەکادیمی و فەرهەنگییەکانەوە بە ئاراستەی یەکخستنی ڕێنووس و ئینجا بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، گەرنا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانرێت، کە زمانی کوردی سەرباری پتەوی و ڕەگداکوتراوی لە ناو میللەتەکەماندا بەڵام تەوژمی تەکنۆلۆژیای سەردەم و ئیمپریالیستی زمان و ناهۆشیاری بەشێکی زۆری سیاستمەداران و بڕیاربەدەستانی کورد هەمبەر کەیس و گرنگی زمان ، مەترسی لەسەر زمانەکەمان زیاتر دەکات .

*** بۆ ئەوی ڕێنووسێکی ستانداردمان هەبێت پێویستە چی بکرێت؟**

– ئەو پرسیارە بەخۆی دەبێتە سەرچاوەی چەند پرسیارێک، وەک: چ ئەلفوبێیەک هەڵبژێرین؟ چۆنی هەڵبژێرین؟ واتە لەسەر چ بنەمایەک؟ زانستیی؟ کە باشترین شێوازە، یان سیاسی؟ وەک ئەوەی تورک کردیان. چۆن بنووسین؟ ئایا زەمینەکە لەبارە یان دەتوانین ئەو ئەلفوبێیەی هەڵبژێردرێت بەسەر تەواوی ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بسەپێنرێت و پێڕەوبکرێت؟ وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە ڕوونە، ئاسان نییە بۆ دۆخێک وەک دۆخی زمانی کوردی مژاری ڕێنووسی کوردی تێدا چارەسەر بکرێت، بەڵام دەشکرێت هەنگاو بنرێت بە ئاراستەی چارەسەر و یەکخستنی ڕێنووسی کوردی، وەک هەنگاوێک بە ڕێی بەستانداردکردنی زمانی کوردی، کە خەونی هەموو ڕووناکبیرێکی کوردە.

هەنگاوی یەکەم پێویستە لایەنی پەیوەندیدار لە سەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان لە مژاری زمان و ڕێنووسی کوردیدا، کە ناوەندە ئەکادیمیی و زانکۆ و پەیمانگاکان و ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکانە، بخرێنە بەردەم بەرپرسیارێتی مێژوویی لە پرسی بە ستانداردکردنی ڕینووس و وزمانی کوردیشدا، کۆڕ و کۆنفراسی زانستیی ئەنجامبدرێت بەمەبەستی لێکنزیکردنەوەی بیروڕاو بۆچوونە جیاوازەکانی توێژەران و پسپۆڕانی زمان، هەنگاوی دووەم ڕێکەوتنی پسپۆڕان و ئەدیب و نووسەران و دروستکردنی کۆدەنگییەک بەمەبەستی فشارکردن لە دەسەڵات بەتایبەتی باشوری کوردستان بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی یەکخستنی ڕێنووسی کوردی لانی کەم لە باشووری کوردستان، چونکە ئێستا لە باشوور بێسەروبەرییەک لە ڕێنووس و زمانی کوردیشدا دەبینرێت، کە زۆر جێی نیگەرانییە . هەنگاوی سێیەم پابەندبوون بە پێڕەوکردنی ڕێنووسی یەکگرتوو لەئەگەری فەراهەمکردنی وەک دەرئەنجامی کۆڕو

کۆنفراس و بیروراگۆڕینەوەکانی لایەنانی پەیوەندیدار بە مژارەکەوە . پێڕەوکردنی لە دامودەزگا فەرمییەکان و ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردن بەتایبەتی لە باشووری کوردستان وەک قۆناغی یەکەم، بە هیوای گشتاندنی لە داهاتوودا لە هەموو بەشەکانی کوردستان . هەنگاوێکیتر هۆشیارکردنەوەی  چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ لە گرنگی  و بەهای ڕێنووس و زمانی ستاندارد و چەسپاندنی لە هزری تاکی کورددا، کە ڕێنووس و زمانی ستاندارد، پێویستییەکی هەرە باڵای پاراستنی زمانەکەمانن و هیچ هەڕەشەیەکیش بۆسەر بیر و باوەڕ و کەلتوورمان دروست ناکەن .

*** ئایا بوونی ڕێنووسێکی ستاندارد چیمان بۆ فەراهەم دەهێنێت؟**

– بوونی ڕێنووسێکی ستاندارد، سەرتایەکی پێویست و بنەمایەکی گرنگی پێواژۆی بە ستانداردکردنی زمانی کوردییە، دروستنووسی و ڕزگاربوون لەو هەمەچەشنی نووسین لە زمانی کوردیدا یەکێکیترە لەو گرفتانەی لەڕێی بەستانداردکردنی ڕێنووسی کوردییەوە فەراهەمدەبێت. تێگەیشتن لە بابەتە ئەدبی و توێژینەوە زانستییەکانی بەشەکانی کوردستان فەراهەمدەکات، چونکە نووسین بە ڕێنووسی جیاواز ئاستەنگ بۆ پرۆسەی خوێندنەوە و ئینجا تێگەیشتن دروست دەکات، خاڵێکی هەرە گرنگ، کە ڕێنووسی ستاندارد فەراهەمی دەکات، پاراستنی زمانەکەمانە لە پەرتەوازەیی، واتە دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی سامانی نەتەوەییمان لە زمان و کەلتوور و مێژوو و ئەدەبیات....تد .

***ئایا بە هەڵە بە کار هێنانی خاڵبەندی لە هەر دەقێکی ئەدەبی یان هزریدا، چی لێدەکەوێتەوە؟**

–پێشتر گرنگی دروستبەکارهێنانی هێماکانی خاڵبەندیمان خستەڕوو، هەرهەڵەیەک لە بەکارهێنانی هێماکانی خاڵبەندیدا گرفتی دروستنووسی و  تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە. دەتوانین بڵێن، هێماکانی خاڵبەندی گیان بە بەر دەقی ئەدەبی و هزری و هەر بەرهەمێکیتردا بێت دەکەن، بە بێپێڕەوکردنی هێماکانی خاڵبەندی بەرهەمێکی بێگیان و ڕوح فەراهەمدەبێت، چونکە واتا کە مەبەستی سەرەکی و ئامانجی باڵای دەقی ئەدەبی و هەر بەرهەمێکیترە دەکەوێتە ژێر هەژموونی هێماکانی خاڵبەندییەوە، لەبەرئەوە هەر کەموکوڕییەک لە پێڕەوکردنی هێماکانی خاڵبەندیدا کەموکوڕی لە بەرهەمە ئەدەبییەکەدا یان لە نووسینەکەدا دەخولقێنێت، ئەوەش کاریگەری لە سەر مەبەست و واتا و پەیامی بەرهەمەکە دەبێت، کە ڕوحی بەرهەمەکەیە .

*** جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆر لە دەقەم بۆ بکە.**

دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیڕەو کرابێت.

دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیڕەو نەکرابێت.

– دەقێک هێماکانی خاڵبەندی تێدا پێرەو نەکرابێت ئاڵۆزاو و تێکچڕژاو دەبێت، جیاکردنەوەی ڕستە و بەشەکانی ڕستە ئاسان نابێت، ئەمانەش هۆکاردەبن بۆ هەڵەکردن لە دروستنووسی و گەیاندنی واتای مەبەست و تەواو، سەرلێشێواندن و بێزاربوون لای خوێنەر دروستدەکات، لەبەهای دەقەکە کەمدەکاتەوە تەنانەت گەر دەقێکی باڵا و خاوەنەکەشی نووسەرێکی دیار بێت . پێچەوانەکەشی ڕاستە، پێڕەوکردنی هێماکانی خاڵبەندی بە دروستی، خوێندنەوە و تێگەیشتن ئاسان دەکات و واتاو مەبەستی دروست فەراهەمدەکات، پەیامی دەقەکە بە جوانی دەگات . بەنموونە سەیری ئەم دەقە بکەین، بە پێرەوکردن و پێڕەونەکردنی هێماکانی خاڵبەندی چەند جیاوازن:

١- ئێوە لە ئامانجی دوژمنان تێدەگەن دەزانن پلان و بەرنامەیان چییە

٢- ئێوە لە ئامانجی دوژمنان تێدەگەن ؟ دەزانن، پلان و بەرنامەیان چییە ؟

ڕستەی (١) نازانرێت پەیامی نووسەر چییە. پرسیارە ؟ هەواڵگەیاندنە؟ سەرسوڕمانە؟ هۆکارەکەشی نەبوونی هێمای خاڵبەندییە، بەڵام لە ڕستەی(٢) دا ئاشکرا دیارە، کە نووسەر پرسیار ئاراستەی گوێگران(خوێنەران)دەکات، لەگەل پرسیارکردنیشدا بە شیوازی پراگماتیکی ئاگاداریان دەکاتەوە، ئەوەی پەیامەکە ڕوون دەکاتەوە و ئەو مەبەستانەی تێدا بەرجەستەدەکات، نیشانەکانیی پرسیارە(؟) و( ،) وەک هێمای خاڵبەندی لە شوێنە جیاوازەکانی ڕستەی(٢)دا دانراون .

***دۆخی هەر یەکە لە (ڕێنووس و خاڵبەندی) ئێستا لە نێوەندی نووسین و بڵاوکراوەکان چۆن دەبینیت و لە چی ئاستێکدایە؟**

– نووسینی کوردی لە ئێستادا بە گشتی و لە باشووری کوردستان بەتایبەتی لە دۆخێکدایە، وەک دەوترێت، ئیرەیی پێنابرێت، نەبوونی فلتەری زانستیی بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان و بڵاوکراوەکان، کە لە هیچ شوێنێکدا وێنەی نییە، هۆکارێکی سەرەکین بۆ بێسەروبەری و ئاڵۆزاوی نووسین لە باشوری کوردستاندا، ئەمەش بە پلەی یەکەم بەهۆکاری پابەندنەبوونە بە هێماکانی خاڵبەندی، ئینجاش بەداوای لێبوردنەوە

لە نووسەرە دڵسۆز و خەمۆرەکانی زمان و ئەدەبی کوردی، بەشێک لە نووسران و بەناو نووسەران شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە هێماکانی خاڵبەندی نییە و پابەندبوون پێوەیان نازانن یان بە پێویست نازانن، لەبەرئەوە دەبینین، نووسینی سەیروسەمەرە و بڵاوکراوەی زۆر نامۆ بە زمانی کوردی کە لێوانلێوە لە هەڵە و خەوشی ڕێنووس و زمانەوانی، کە بەڕاستی مایەی سەرسوڕمانە دەبینرێن. پێویستە ڕۆڵی ڕاگەیاندنیش بەتایبەتی نووسراو فەرامۆش نەکرێت، ئەوەی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا دەبینرێت پەیوەست بە مژاری ڕێنووس و خاڵبەندی و تەنانەت زمانی کوردیش جێی نیگەرانییە، بێسەروبەری لە نووسین و بڵاوکردنەوە و داڕشتنی وشە و زاراوەی نامۆ و هەڵە، ئاریشەکانی ڕێنووس و بەکارهێنانی هێماکانی خاڵبەندی زیاتر دەکەن.

***ئایا نووسەرانی کورد ڕێگە خۆشکەر بوونە بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاستنووسی و ڕێنووسێکی ستاندارد، یاخود بە پێچەوانەوەیە؟**

– دەتوانین نووسەرانی کورد پۆلێن بکەین بۆ چەند گروپێک، نووسەر هەن بەڕاستی خەمخۆری زمانی کوردین و ئامانجیان پێشڤەچوونی زمانی کوردی و گەشەکردنییەتی، نووسینەکانیان گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن، زمانێکی پاراو، دروستنووسی، پێڕەوکردنی هێماکانی خاڵبەندی، لە سیما دیارەکانی بەرهەمەکانیانە، ئەوانە بەڵێ خزمەتیان بە زمان و ڕێنووسی کوردی کردووە، هەرچەندە ژمارەیان زۆر کەمە، گروپێکیتر لە نووسەران لەبەر جیاوازی پسپۆڕی پەیوەست بە توێژەران، یان نەشارەزایی لە ڕێنووس و خاڵبەندی، تووشی هەڵە دەبن لە نووسین و پێڕەوکردنی هێماکانی خاڵبەندیدا، لەبەرئەوە پێشنیاز دەکەم ئەو بەرێزانە بەر لەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان ڕادەستی شارەزایەکی زمانەوانی بکەن، بۆ پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنووس و خاڵبەندی لە نووسینەکانیاندا، لەبەرانبەریشدا گروپێکیتر لە نووسەران بابەتی ڕێنووس و خاڵبەندی بەلایانەوە بەهەند وەرناگیرێت، کە بەداخەوە ئەم گروپە لەوانیتر زۆر زیاترن، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە بەشی زۆری ئەدیبان و نووسەرانی کورد گرفتیان لە ڕێنووس و پێڕەوکردنی خاڵبەندیدا هەیە .

***گەشەی تەکنۆلۆژیا و ژیری دەستکرد کاریگەریان بەسەر گشت لایەن و سێکتەرەکانی ژیاندا هەیە، ئایا پەیوەندی و کاریگەری بەسەر هەر یەک لە (ڕێنووس و خاڵبەندی)دا چییە؟**

– تەوژمی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووی سەردەم تەواوی جومگەکانی ژیانی تەنیووە، زمان و ئەدەب و فەرهەنگیش لەو تەوژمە بەدەر نین، بەڵکو کاریگەری تەکنۆلۆجیا بەسەر زمانەوە ڕوون و ئاشکرایە، کاریگەرییەکەش دووسەرەیە، و وابەستەیە بە خۆگونجاندن یان نەگونجان لەگەڵ تەکنۆلۆجیادا، بەمەش دەکرێت تەکنۆلۆجیای زانیاری سەرچاوەی هەڕەشەبێت بۆسەر زمان، گەر هۆشیارانە بەکارنەهێنراو سوودی لێوەرنەگیرا، کاریگەرییە نەرێنییەکەی دەکرێت ئاوەژوو بێتەوە و ببێتە سەرچاوەی گەشەکردنی زمان گەر توانرا خۆلەگەڵ تەکنۆلۆجیادا بگونجێنرێت و بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ کرا، بۆنموونە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی تەکنۆلۆجیا لەسەر زمان کەمبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە سەرچاوەیەکی گرنگی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی ئاوەزییە، بە تایبەتی لای منداڵ، پەیوەست بە ڕێنووسیش ئەوا لایەنە نەرینییەکانی خۆی لە نووسین بە هێما نازمانییەکانی وەک ئیمۆجی و پیڕەوکردنی دیاردەی(ئەکرۆمین) واتە بەکارهێنانی دوو پیتی وشەیەک بۆ گوزارشتکردن لە دۆخێک، وەک ( s.p) لەجێی (سوپاس) یان بەکارهێنانی ژمارە لەجێی پیت و دەنگ وەک (٣و) لە جێی وشەی (سێو ) ، (١٠ست) لەجێی وشەی (دەست....)، ئەمانە گرفت لە ڕێنووسدا دروست دەکەن .

هەر پەیوەست بە تەکنۆلۆجیای زانیاری و زیرەکی دەستکرد، لە ئێستادا، بەرنامە جیاوازەکانی ئەو تەکنۆلۆجیایە بەخۆیان تەنها بە خوێندنەوەی دەقێک دەینووسنەوە، بەڵام نووسینەکە کەموکوڕی زۆرە، لە زمانی کوردیدا بۆنمونە وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان بەهەڵە دەنووسێت، هێماکانی خاڵبەندی پێڕەو ناکات....تد ، لەبەرئەوە باشتر وایە لەمقۆناغەدا، یان ئەو بەرنامانە بۆ نووسین بەکارنەهێنرێن، یان گەر بەکاریشهێنران، ئەوا پێداچوونەوەی ورد بۆنووسینەکان بکرێت .

* زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردە .بەشی زمانی کوردی

د. هیوا سەلام:

# ژیریی دەستکرد یارمەتیدەرێکی زۆر باشە بۆ ڕێکخستنەوەی ڕێنووسی کوردی

**چۆن بتوانین سوود لە ژیری دەستکرد وەربگرین بۆ پرسی خاڵبەندی و ڕێنووسی کوردی؟**

-ژیری دەستکرد بەخێرایی دەست بەسەر تەکنەلۆژیای جیهانیدا دەگرێت و ئێمە جگە لەوەی هەوڵی خۆگونجاندنی لەگەڵ بدەین، دەرفەتێکی دیکەمان نییە. هەموو ئەو جۆرە سیستەمانە لە بەرژەوەندی ئەو زمانانەن کە دەوڵەتیان لە پشتەوە نییە، ئەگەر ئاخێوەرانی زمانەکان بتوانن خۆیان ڕێک بخەن و لە گرووپی دەستەجەمعیدا کاری بۆ بکەن. چونکە ئەگەر پێشتر دەوڵەتان ئەو کارانەیان دەکرد و پارەیان بۆ زمانە سەردەستەکان خەرج دەکرد، ئێستا ژێردەستەکانیش لە ڕێگەی ڕێکخستنی گرووپی کارکردن دەتوانن هەمان کاری دەوڵەتەکان بکەن. بێگومان ژیریی دەستکرد یارمەتیدەرێکی زۆر باشە بۆ ڕێکخستنەوەی ڕێنووسی کوردی، بەڵام دەبێت تێ بگەین کە ژیری دەستکرد بە ئێمە ناڵێت چۆن بنووسین. بەڵکوو دەبێت ئێمە سەرەتا سیستەمێکی فێر بکەین کە لە سەری کۆکین، دواتر ئەو سیستەمەکە گشتگیر دەکات و جێبەجێی دەکات. واتە، بۆ نموونە دەبێت ئێمە فێری سیستەمەکە بکەین کە وشەیەکی وەکوو (نووسین) بە نموونە بە شێوەی (نووسین) دەنووسرێت نەک (نوسین). دواتر سیستەمەکە خۆی ئەمە فێر دەبێت و هەمیشە شێوە دروستەکە بەکار دەهێنێت و ئەگەر کەسێکیش هەڵەی ڕێنووسی بکات، بۆی ڕاست دەکاتەوە.

*** ئایا دەکرێت ژیری دەستکرد هاوکارمان بێت بۆ بەستاندارد کردنی زمانی کوردی؟**

-من لە چەندان شوێنی دیکەش و بە چەند توێژینەوەیەکیش ئاماژەم بەوە داوە کە سەردەمی بەستانداردکردنی کوردی بە تێگەییشتنە کۆنەکە کۆتاییی هاتووە. کوردی ئیدی یەک شێوەی ستانداردی نییە و بە کردەوە هەردوو شێوەی کوردیی ناوەندی (سۆرانی) و کوردیی باکوری (کورمانجی) ستانداردبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە و لە باکوور و ڕۆژئاڤای کوردستان کورمانجی پێی دەخوێندرێت و دەنووسرێت و لە باشوور و بەشێکی ڕۆژهەڵاتییش کوردیی ناوەندی بووە بە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر. ئێستا کاتی ئەوەیە کە واز لەوە بێنین و لە جیاتی وەکوو کێشە بیبینین، وەکوو دەرفەتێک و تایبەتمەندییەکی زمانی کوردی سەیری بکەین و پلانی زمانیمان بۆی هەبێت.

**زمانی کوردی دەوڵەمەندە بە زار و بنزارەکانی، ئاخۆ ژیری دەستکرد دەتوانێت بە شێوەیکی درووست یەکێ لەم زارانە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە دەستنیشان بکات بۆ بەستاندارد بوونی زمانی کوردی؟**

-بەستانداردکردن و پرۆسەی لە قاڵبدانی زمان هی سەردەمێک بوو، سەردەمەکە کۆتاییی هاتووە و ئیدی مومکین نییە کە زمانی هاوشێوەی کوردی لە قاڵب بدرێن و یەک زمانی نوێیان لێ دابتاشرێ. وەکوو لە خاڵی پێشتریشدا ئاماژەم پێ دا، ئێمە لە ئێستادا پێویستمان بە پلانی زمانییە، نەک بەستانداردکردنی کوردی. ئێمە دەبێت دەنگی کوردانی دیکەش ببیستین، نەک وەکوو بنێشتەخۆشە هەر تێگەییشتنی خۆمان لە هەولێر و سلێمانی دووبارە و دەبارە بکەینەوە.

**تا چەند نووسەران و ڕۆشنبیران توانیویانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک فێرگەیەک بۆ باشترکردنی ڕێنووسی کوردی بەکار بهێنن؟**

-بەگشتی کۆمەڵگەی کوردی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئێجگار چالاکن، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم هەموو چالاکییەش لەوانەیە نەبوونی دەرفەت و هەلی کار بێت و زیاتر خەڵک خۆیان بەوەوە سەرقاڵ دەکەن. بەڵام بەگشتی و سەرەڕای زۆری و بۆریی بابەتەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، خەڵکانێکی زۆر لەم ڕێگەیەوە کار لەسەر گونجاندنی ئەو تۆڕانە لەگەڵ زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەکەن. هەموو ئەوانە کاریگەریی ئەرێنی و باشیان هەبووە و لە زۆر ڕووەوە سوودیان گەیاندووە.

***ئایا دەکرێت بە بەردەوامی پشت بە ژیری دەستکرد ببەستین، بەتایبەت بۆ بابەتی زمان و ڕێنووسی؟**

-ژیری دەستکرد قۆناغێکی نوێی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە و هۆکارێکە بۆ خێراکردنی کارەکان و دوورخستنەوەی دەستی مرۆڤ تێیاندا. ئەمە بەشێکە لە قۆناغی بەرۆبۆتکردنی ژیان و بێگومان کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی دەبێت. سەرباری ئەوەش، ئەوەی ژیریی دەستکرد و هەموو لق و پۆپەکانی کۆنترۆڵ دەکات، خودی مرۆڤە. ئەگەر ئێمە زۆر بەخێرایی هەنگاو هەڵنەهێنین و چالاکتر نەبین لە بوارەکەدا، دەکەوینە دوای ئەوانی دیکەوە و لەوانەیە بۆ بەشێک لە پێویستییەکانی ژیانمان زیاتر ناچاری بەکارهێنانی زمانی ئەوانی دیکە بین، بە تایبەت زمانی ئینگلیزی کە بووەتە زمانی جێگرەوە بۆ زۆرێک لە زمانەکانی جیهان.

**تا چەند بابەتی وەرگێڕان و دەقی نووسراو لەلایەن ژیری دەستکردەوە پشت پێ بەستراون، بۆ پرسی خاڵبەندی و ڕێنووسی؟**

-پرۆگرامەکانی وەرگێڕانی ئامێری گفتوگۆی زۆریان لەبارەوە کراوە و چەندان ساڵە لە کار دان. لە ئێستادا هەنگاوی گەورەیان هەڵ هێناوە و بۆ زانستە ڕووتەکان دەتوانین بڵێین زۆر بە باشی کار دەکەن. بەڵام هێشتا زۆریان ماوە کە لە بابەتە ئەدەبییەکان تێ بگەن و بتوانن هەست و سۆز بگەیەنن. بۆیە دەکرێت لە وەرگێڕان سوود لە ژیریی دەستکرد و وەرگێڕانی ئامێری ببینین و زۆریش بەسوود بێت، بەڵام من پێم وایە کە ناتوانن بۆ بابەتی ئەدەبی بەئاسانی جێگەی مرۆڤ بگرنەوە.

**چۆن بتوانین جیاوازی نێوان دوو دەقی وەرگێڕدراو بکەین؟**

یەکیان بە ژیری دەستکرد وەرگێڕدرابێت.

یەکیان لەلایەن مرۆڤەوە وەرگێڕدرابێت.

-بابەتی وەرگێڕان جیهانێکی فراوانە و ئێمە ناتوانین بەم جۆرە دابەشی بکەین. چونکە خودی وەرگێڕانی مرۆڤ هەموویان هاوشێوە نین. وەرگێڕمان هەیە کە زۆر سەرکەوتوویی کار دەکەن و وەرگێڕیشمان هەیە کە دەقەکان دەشێوێنن. هەمان شت بۆ وەرگێڕانی ئامێریش هەر ڕاستە. ئەم بابەتە زیاتر پەیوەستە بەوەی کە ژمارەی داتای ناو پرۆگرامەکان چەندە و بۆ هەڵسەنگاندنیان پێویستمان بە توێژینەوەیە. بۆ نموونە پێویستمان بە توێژینەوەیە کە ئایا ئامێری وەرگێڕانی گوگڵ یان مایکرۆسۆفت بۆ وەرگێڕانی دەق لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کورد باشتر کار دەکات؟ ئایا ئەگەر وەرگێڕانەکە لە عەرەبییەوە بێت چۆنە؟ هەموو ئەوانە پرسیاری توێژینەوەن و من ناتوانم بە وەڵامێکی سادە وەڵام بدەمەوە.

**چۆن بتوانین بە شێوەیەکی درووست کەڵک لە ژێری دەستکرد وەربگرین بۆ پرۆسەی وەرگێڕان و وەرگێرانی پێچەوانە؟**

-ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی وەرگێڕان پێویستییان بە کاری خۆبەخشی و دەستەجەمعییە. بۆ ئەوەی بەباشی کار بکەن، دەبێت دەزگاکانی پەیوەندیدار گرووپی فراوان دروست بکەن و داتای وەرگێڕان بۆ ئەو ئامێرانە زیاد بکەن. خۆشبەختانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەدان و هەزاران خوێندکار و مامۆستا و خەڵک لە بوارە جیاکان بەشدارییان لەم گرووپانە کردووە و خزمەتی گەورەیان کردووە.

***جیاوازی نێوان سیستەمی ناسینەوەی (ئاخاوتن و دەنگ) چییە؟**

-ئەگەر مەبەست لە سیستەمی ناسینەوەی ئاخاوتن و دەنگ ئەو سیستەمەیە کە کاتێک مرۆڤ قسە دەکات و سیستەمەکە دەیکات بە نووسین، ئەوە سیستەمێکی ئەلیکترۆنییە کە بە پاڵپشتیی پڕۆگرامە نوێیەکان سیستەمەکە دەنگەکانی زمانێک فێر دەکرێت و دواتر توانای ناسینەوەیانی دەبێت. بۆ زمانی کوردی کارەکە نوێیە و وا هێدی هێدی پێش دەکەوێت، بەڵام لە زمانێکی وەکوو ئینگلیز زۆر سەرکەوتوو بووە و کاریگەریی فراوانی دروست کردووە.

**چۆن بتوانین سوود لە سیستەمی ناسینەوەی (ئاخاوتن و دەنگ) وەربگرین بۆ زمانی کوردی؟**

-سوود وەرگرتن لە هەموو ئەو سیستەمانە پێویستی بە کارکردنی گشتگیر هەیە. پێویستی بە کاری خۆبەخشی هەیە بۆ ئەوەی سیستەمەکان ئاشنای زمانی کوردی بکرێن. چەند کارێکی زۆر باش کراون بۆ کوردیی ناوەندی و ئێستا ئێمەش خەریکی کارێکی ناوازەین بۆ کوردیی باکووری بۆ ئەوەی سیستەمێکی خوێندنەوەی تێکست بە شێوەی خۆڕایی بخەینە بەردەستی بەکارهێنەران و هاوشێوەی ئەو کارانەی بۆ کوردیی ناوەندی کراون، کوردیی باکوریش سوودمەند بێت و بەڵکوو لەم ڕێگەیەوە بتوانین ئاستەنگێک بۆ هەوڵەکانی زلهێزێکی وەکوو دەوڵەتی تورک دروست بکەین و هاوکار بین لە پرۆسەی ڕزگارکردنی زمانی کوردی لەو قۆناغەی ئێستادا.

**ئایا سیستەمی ناسینەوەی (ئاخاوتن و دەنگ) هیچ لایەنێکی نەرێنی هەیە؟**

-هەموو ئەو سیستەمانە پێویستییان بە کاری بەردەوام هەیە و دەکرێت بۆ مەبەستی باش و بەسوود و لە هەمان کاتدا بۆ مەبەستی دیکەش بەکار بهێنرێن وەکوو هەموو بوارێکی دیکە.

***تایبەتمەندییەکانی سیستەمی (چات جی پی تی) چییە؟**

-جات جی بی تی تەنیا یەکێکە لە سیستەمە زیرەکەکان کە تێیدا کوردی چالاک نییە. بەڵام سیستەمێکی وەکوو کلاود لە نووسینی تێکستی کوردیدا زۆر بەرەو پێشەوە چووە و باشتر و کاریگەرترە بە بەراورد بە چات جی بی تی. ئەو سیستەمانە کۆمەڵێک ماکینەی کۆمپیتەریی زۆر چالاک و زیرەکن، کە توانای خستنەڕوو و دابەشکردن و شیکردنەوەی زانیارییان هەیە زۆر خێراتر لەوەی مرۆڤ دەیکات. بەڵام تەنیا ئەو شتانە دەزانن کە لەسەری ڕاهێنراون. سەرباری ئەوەش بەرهەمهێنن. بۆ نموونە کاتێک سیستەمەکە فێری شێوازی دارشتنی چیرۆک کراوە، دەتوانێت چیرۆکی نوێ بە گوێرەی خواستی بەکارهێنەر دابڕێژێت.

***کام جۆر زانیاری دەتوانین لەم ڕێگایەوە وەدەست بخەین؟**

-هەموو ئەو زانیارییانەی کە هەن یان دەکرێت لە ئەنجامی بەیەکبەستنی دوو زانیاریدا بەدەست بهێنرێن، لە ڕێگەی ئەو سیستەمانەوە دەتوانین پێیان بگەین. بەردەوامیش لە پێشکەوتندان.

**بۆ ئاخێوەرانی زمانی کوردی چۆن و تاچەند دەتوانن سوود لەم سیستەمە وەربگرن؟**

کاتێک هەر کام لەم سیستەمانە بۆ زمانی کوردی کارا بکرێن و کاریان لەسەر بکرێت، کوردانیش دەتوانن هاوشێوەی هەموو مرۆڤەکانی دیکە سوودیان لێ ببینن. هەر وەکوو لە سەرەوە ئاماژەم بە کلاود دا. ئێوە ئەزیەت بکێشن و پرۆگرامی (claude.ai) لەسەر مۆبایلەکەتان دابەزێنن و بە کوردی پرسیاری ئاڕاستە بکەن، ئیتر هەر خۆتان هەڵسەنگاندن بۆ وەڵامەکانی بکەن و بە دڵنیاییەوە من پێم وایە ئەوە دەستپێکێکی ناوازە و زۆر باشە.

***لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی بۆ زمانزانی لەلایەن مرۆڤەوە چییە؟**

-لایەنە نەرێنییەکانی هەر چییەک بێت و بۆ هەر مەبەستێکی خراپیش بەکار بێت، بێگومان لایەنە ئەرێنییەکانی ئەو سیستەمانە چەند هێندەیە و دەکرێت لە هەموو بوارەکاندا سوودی بەرچاو بگەیەنن بە مرۆڤایەتی. دەکرێت لە ڕێگەیانەوە ئەو کۆدە زمانەوانییە نهێنییانە بدۆزرێنەوە کە مرۆڤ ناتوانێت بیاندۆزێتەوە یان دەستی پێیان نەگەییشتووە. سوودەکانی ئەو سیستەمانە بێسنوورە.

***دکتۆرا لە زمان و کولتووری کوردی، مامۆستا لە زانکۆی ئیندیانا - وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.**

## د.نەریمان عەبدوللا خۆشناو:

# هەڵە بەکارهێنانی هێماکانی خاڵبەندی لە هەر دەقێك، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا

**٭بۆچی تا ئێستا ڕێنووسێکی ستانداردمان نییە، و نەبوونی ئەم ڕێنووسە تا چەند کاریگەری لەسەر زمانی ستانداردی کوردی هەیە؟**

-پێشتر کورد خاوەنی سێ ئەلفوبێ هەبووە، کە ئەوانیش (ئەلفوبێی کوردی بە پیتی سلاڤی، ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی و ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی یان ئارامی)، بەڵام ئەمڕۆکە کورد هەردوو ئەلفوبێی(ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی) بەکاردێنێت و دەشێ دەستبەرداری هیچ یەکێکیشیان نەبێت، چونکە کەلەپوورێکی زۆری نووسینمان بەم دوو ئەلفوبێیە نووسراون، ئەگەرچی لە ڕووی زانستییەوە ئەمە تاڕادەیەک گونجاو نییە، کە زمانێک دوو ئەلفوبێ بەکاربێنێت، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی دوو ئەلفوبێین، ئەوانیش ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی و ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی یان ئارامی، چونکە هەردوو ئەلفوبێیەکە بەشێوەیەکی زۆر فراوان بەکاردەهێنرێت.

هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە ئێمەی کورد تا نەبینە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ، ناتوانین ببینە خاوەنی زمانێکی ستانداردی سەرتاسەری و خاوەنی تەنیا یەک ئەلفوبێ، چونکە یەکێ لە پایە گرنگەکانی دەوڵەت و کیانی سەربەخۆ، پەیوەستە بە بوونی زمانێکی ستاندارد، هەرچەندە هەندێ کەس پێیان وایە زمانی ستاندارد لە بوونی دەوڵەت بۆ ئێمەی کورد گرنگترە.

**بۆ ئەوەی ڕێنووسێکی ستانداردمان هەبێت پێویستە چی بکرێت؟**

-کورد لەبەر ئەوەی خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ نییە و پارچە پارچە کراوە، ئەستەمە لە قۆناغی ئەمڕۆ یان لە ماوەیەکی نزیکدا بتوانێ یەک ڕێنووس بۆ زمانەکی بەکاربێنێ ، هۆکارەکانیش زۆرن، لە سەرووی هەموویانەوە هەر پارچەیەکی کوردستان لەژێر بارودۆخێکی تایبەتیدایە و کاریگەری بەسەر پارچەکەی تر نییە، لە هەمان کاتدا ڕەنگە هەر پارچەی کوردستان خۆی بە خاوەی بڕیار و بیەوێ هەژموونی خۆی بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێ یان  پارچەیەک باوەڕی بە پارچەکەی تر نەبێ، بەو مانایەی ئەگەر لە باشووری کوردستان ئێمە تەنیا ئەلفوبێی عەرەبی/ ئارامی بەکاربێنین، ئەوا هیچ کاریگەرییەکی بۆ پارچەکانی تر نابێ، چونکە لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان پەیڕەوی ئەلفوبێی لاتینی دەکەن، کە ئەمەش بۆ خوێنەران ئاستەنگ دروست دەکات، بەو واتایەی چۆن کورد نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی زمانێکی ستاندارد و سەرانسەریی بۆ هەموو کورد، بە هەمان شێوە ڕێنووس و ئەلفوبێیەکەشمان هەمان کێشە و بەربەستی هەیە.

**ئایا بوونی ڕێنووسێکی ستاندارت چیمان بۆ فەراهەم دەهێنێت؟**

-بوونی یەک ڕێنووس بۆ زمانی کوردی زۆر گرنگە و گەلێ کێشەمان بۆ چارەسەر دەکات، یەکێ لەو کێشانە هەموو کورد لە زمانەکە بگات و کێشەی نووسینی نەبێ، نەوەک وەک ئێستا باکوور لە ڕێنووسی باشوور ناگات و باشوور لە ڕێنووسی باکوور ناگات، لە هەمان کاتدا لە ڕووی ئابوورییەوە پارەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە، نەوەک ئەو هەموو نووسینە بە هەردوو ئەلفوبێ بنووسرێ، لە هەمان کاتیشدا بەهۆی یەک ڕێنووس و ئەلفوبێوە گەلی کورد هەمووی زیاتر لە یەکتر نزیک دەبنەوە و زیاتر هەست بە بوونی یەک نەتەوەیی دەکەن.

**ئایا بە هەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندی لە هەر دەقێکی ئەدەبی یان هزریدا، چی لێ دەکەوێتەوە؟**

-گومانی تێدا نییە، هەڵە بەکارهێنانی هێماکانی خاڵبەندی لە هەر دەقێک، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا یان تێکدانی واتا، بەجۆرێ ڕەنگە هەندێ جار بە گواستنەوەی هێمای وێرگول(،)ێک لە شوێنێکی دەقەکە بۆ شوێنێکی تر، واتاکە دەگۆڕێ و پێچەوانەی دەکاتەوە، یان واتاکەی تێکدەدات.

هێماکانی خاڵبەندی کۆمەڵێک ڕەمزن و پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەکە ڕوونتر و ئاسانتر دەکات، لەم پرۆسەیەدا بەستنەوە و نەبەستنەوەی وشەکان بە یەکەوە دەخرێتەڕوو، ئەم هێمایانەش بەڕێکەوتن دادەنرێن، واتە لەنێوان نووسەر و ڕەوشی دەقەکەدا، ئەویش لە ڕووی ماناوە بە مەبەستی ڕێکخستن و ڕوونکردنەوە و لابردنی تێکەلێکێشییەکان.

ڕستەیەکی ناسراو هەیە، کە لەم بارەیەوە هەمیشە دەوترێت: (ببورە قەدەغەیە لەسێدارەدان)، کە لە ڕووداوی (دەگێڕنەوە کە ژنی پاشایەک لە مێردەکەی داوا دەکات، لەسێدارەدانی کەسێک ڕابگرێت، ئیدی پاشاکە ئەم ڕستەیە لەسەر کاغەزێک دەنووسێت و بۆ شمشێر بە دەستەکەوە دەینێرێت(ببورە قەدەغەیە لە سێدارەدان)، جا ئەم ڕستەیە کە دەگاتە لای، نازانێ مەبەست لێی چییە، چونکە هیچ خاڵبەندییەکی تیادا نییە)) هاتووە، چونکە ئەم ڕستەیە تێکەڵکێشی واتاکان ڕووننەکاتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی خاڵبەندی تێدا نییە، لێرەدا ئەگەر کۆما پاش وشەی (ببورە) هەبوایە، ئەوا مەبەستەکە ڕوون دەبۆوە، کە ڕزگارکردن و بەخشینە لە لەسێدارەدان، ئەگەر کۆماکە پاش وشەی (قەدەغەیە) بهاتبایە، ئەوا ماناکە دەبووە بڕیاردان لەسەر لەسێدارەدان.

***جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆر لە دەقەم بۆ بکە:**

دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیڕەو کرابێت.

دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیڕەو نەکرابێت.

-گومانی تێدا نییە، بوونی هێماکانی خاڵبەندی لە نووسیندا، بۆ خوێنەر زۆرباشە و چێژ بە دەقەکە دەگەیەنێت و وا دەکات خوێنەر بەئاسانی لە دەقەکە بگات و تووشی ماندووبوون و ئازاری چاو نەبێت، بەپێچەوانەوە هەر دەقێک هێماکانی خاڵبەندی پەیڕەو نەکردبێت، خوێنەر ماندوو دەکات و ڕەنگە لە زۆر شوێندا پەیامەکە بەدروستی نەگەیەنێت. مەبەست لە خاڵبەندی کۆمەڵێ هێمان، کە لە نووسیندا بەکاردەهێنرێت، وەک هێماکانی هاتوچۆ وان، بەجۆرێ چۆن شوفێر لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلدا پابەندی هێماکانی هاتوچۆ دەبێت، بەهۆیەوە تووشی هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو و خراپەکاری نابێت و سەرپێچی لە یاسا و ڕێساکانی هاتوچۆ ناکات، بەڵام ئەگەر شوفێرێک پابەندی یاساکانی هاتوچۆ نەبوو، ئەوە تووشی سەرپێچی و حاڵەتی نەخوازراو دەبێت و کارێکی هەڵە و خراپە دەکات.

خاڵبەندیش لایەنێکی گرنگی نووسینە، کۆمەڵێ نیشانە و هێمای تایبەتین، جوانکاری بە نووسین دەبەخشن، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە ئاسانکارییەک، بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بەبێتاقەتی و ماندوو بوون نەکات، لەو کاتەی دەقێک دەخوێنێتەوە، چونکە هەر نیشانە و هێمایەک لە شوێنی خۆی هاتووە، کەواتە خاڵبەندی کۆمەڵێک هێما و نیشانەن، بەهۆیەوە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەکە ڕوونتر و ئاسانتر دەکات، لەم پرۆسەیەدا بەستنەوە و نەبەستنەوەی وشەکان بە یەکەوە دەخرێتەڕوو، ئەم هێمایانەش بەڕێکەوتن دادەنرێن، واتە لەنێوان نووسەر و ڕەوشی دەقەکەدا، ئەویش لە ڕووی ماناوە بە مەبەستی ڕێکخستن و ڕوونکردنەوە.

بەجۆرێک هێماکانی خاڵبەندی بۆ خوێنەران گرنگ و پێویستن، بۆ ئەوەی دەقەکە پوخت و دروست بێت و خوێنەر چێژ لە خوێندنەوەی ببینێ، نەوەک خوێنەر هەستی بە بێزاری بکات، بەجۆرێ ئەو دەقەی پابەندی ڕێنووس و خاڵبەندی نەبێت، خوێنەر تووشی بێزاری و هیلاکەتی دەکات تا وای لێ دێت خوێنەر لە دەقەکە دووربکەوێتەوە و حەز بەم جۆرە دەقانە نەکات.

***دۆخی هەر یەکە لە (ڕێنووس و خاڵبەندی) لە نێوندی نووسین و بڵاوکراوەکان چۆن دەبینیت و لە چی ئاستێک دایە؟**

–دروستنووسین کردەیەکی پێویستە، بە جۆرێ پابەندبوون بە بنەماکانی ڕێنووس و خاڵبەندی لە هەر دەقێکدا، سەرکەوتوویی نووسەر و نووسینەکە دەردەخات، بەپێچەوانەشەوە پابەندنەبوون بە بنەماکانی ڕێنووس و خاڵبەندی لە هەر دەقێکدا، سەرنەکەوتوویی نووسەر و نووسینەکە دەردەخات. هەندێ نووسەر هەن، هەر حەز دەکەی بەرهەمەکەی بخوێنییەوە، چونکە بەشێوەیەکی زانستییانە پابەندی ڕێنووس و خاڵبەندی بووە، لەوانە بەرهەمەکانی مامۆستا حەمە سەعید حەسەن، کە بەڕاستی خوێنەر هەست بە خۆشی و چێژبەخشین دەکات، کاتێ بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە دەخوێنێتەوە. کەچی لە برەانبەردا نووسەر هەیە، خۆی نازانێ چی نووسیوە، چونکە شارەزای بنەماکانی خاڵبەندی و ڕێنووس نییە، بەتایبەتی ئەو نووسەرانەی لە بوارە زانستییەکان کتێب بە زمانی کوردی دەردەکن و دەنووسن، لەبەر ئەوەی شارەزاییان لە بنەماکانی ڕێنووس و خاڵبەندی نییە، نازانن هێماکانی خاڵبەندی چۆن بەکاربێنن، هەرچەندە لە ڕووی ناوەرۆکەوە کتێبەکەیان زانیاری

باشی لەبارەی زانستەکەوە تێدایە، بەڵام ناتوانێ بە زمانێکی زانستیی و دروست و ڕەوان بە خوێنەران بگەیەنێت، بۆیە گەلێ جار ئەمە وا لە خوێنەر دەکات بچێ زانیاری بە زمانەکاتی تری وەک عەرەبی یان فارسی یان ئینگلیزی بخوێنێتەوە، لەجیاتی ئەوەی بە کوردی بخوێنێتەوە.

***ئایا نووسەرانی کورد ڕێگەخۆشکەر بوونە بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاستنووسی و ڕێنووسێکی ستاندارد، یاخود بە پێچەوانەوەیە؟**

بەشێک لە نووسەرانی کورد هەوڵیانداوە و ڕۆڵیشیان هەبوو لە دروستنووسی و ڕاستنووسیدا، بەڵام ڕێژەکەیان کەمە، واتە بەشی زۆری نووسەران خۆیان بەم بابەتە خەریک ناکەن، بەجۆرێ بەشێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی ئەرێنی نابینن لە پەیڕەوکردنی ڕێنووسێکی دروست، لە بەرانبەریشدا دەزگا یان گۆڤار هەیە خۆی ڕێبەری تایبەت بە ڕێنووس و خاڵبەندی هەیە، بە نموونە گۆڤاری ڕامان، لە سەرەتای دەرچوونییەوە تا ئێستا هەوڵیداوە لەسەر ڕێنووس و خاڵبەندییەکی دروست و ڕاست بڕوات، تەنانەت ئەو نووسینانەی بۆ گۆڤارەکەش دێن، ئەگەر هەڵەی ڕێنووس و خاڵبەندییان هەبێ، هەڵەبژێر و هەڵەگرەکانی ئەم گۆڤارە چاکی دەکەنەوە و بە ڕێنووس و خاڵبەندییەکی جوان دەیخەنە بەر دیدی خوێنەران، بەڵام ئاخۆ چەند دەزگا و گۆڤاری وەک گۆڤاری ڕامانمان هەیە و خۆی بە خەمخۆری دروستنووسینی زمانی کوردی خەریک بکات.

*** گەشەی تەکنۆلۆژیا و ژیری دەستکرد کاریگەریان بەسەر گشت لایەن و سێکتەرەکانی ژیاندا هەیە، ئایا پەیوەندی و کاریگەری بەسەر هەر یەک لە (ڕێنووس و خاڵبەندی) چییە؟**

-ژیری دەستکرد کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر زۆربەی کەرتەکانی ژیان هەیە، تەنانەت دەتوانرێ بڵێین شۆڕشێکە لە زۆربەی بوارەکان، هەروەها ژیری دەستکرد هەنگاو و کردەیەکی زۆرباشە، ئەگەر بتوانین بە دروستی بەکاری بهێنین، بەجۆرێ ژیری دەستکرد یارمەتی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ڕێنووس لە کاتی نووسیندا دەکات، جا چ لەسەر مۆبایلە زیرەکەکان بێت، یان ئەو پرۆگرامانەی دەبنە هۆی کەمکردنەوەی هەڵە باوەکانی وشە، هەروەها توانای باشترکردنی ڕێکخستنی دەقەکان و ڕێکخستنەوەی دەستەواژەکانی هەیە، بۆ ئەوەی ڕستەکان ڕوونتر و یەکگرتوو بن،

کەواتە ژیری دەستکرد بەشدارە لە باشترکردنی کوالیتی دەقە نووسراوەکان لەڕێگەی ئامرازەکانی ئۆتۆماتیکی و خاڵبەندی کردنی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی ئامێرە و مرۆڤ نییە، بۆیە هەست و سۆز و لایەنی دەروونی لەسەر دەقەکە ڕۆڵ نابینێ، کە ئەمەش وا دەکات گەلێ جار هێماکانی خاڵبەندی و ڕێنووس بەهۆی ژیری دەستکرد ڕۆڵێکی تەواو نەگێڕن یان بەهەڵە بەکاربهێنرێت.

*مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین.

# ڕێنوسی هیچ زمانێکی دنیا، بێکێشە و بێگرفت نییە

د. هێمن عەبدولحەمید شەمس

خاڵبەندی، پێڕەوێکی هێماییە، لە کۆمەڵێک هێما و نیشانە پێکدێت، هاوشانی پیتەکانی نوسین بەکاردەهێنرێن، بۆ ڕێکخستنی نوسین و خوێندنەوەی ڕەوان. هەموشیان بەیەکەوە (نوسین و خاڵبەندی)، بۆ گەیاندنی پەیامن بە شێوەیەکی دروست و کاریگەر و ئاسان لەلایەنی کات و وزە و تێگەیشتنەوە.

سەبارەت بە سەرچاوە و مێژوی سەرهەڵدانی خاڵبەندی، بێگومان زۆر دوای نوسین سەریهەڵداوە، بەڵام هاوشێوەی ئەلفبێکانی جیهان بە چەندین قۆناغی گۆڕانکاریدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەم بارەی ئێستای. بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان، سەرەتای سەرهەڵدان و بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی، وەک زۆربەی زانستەکان، بۆ یۆنان و پێش زایین دەگەڕێتەوە، دواتر بەپێی پێویستی و سەردەمەکان داهێنانی تێدا کراوە و ژمارەیان زیادی کردووە.

ڕێنوس، واتە چۆنیەتیی نوسین، یان شێوەکانی نوسین، یاخود ڕێگاکانی نوسینی پەیام و بیرۆکەکانی مرۆڤ. ڕێنوسی کوردییش بە چەند شێوە و قۆناغێکدا ڕۆیشتووە تا ئەمڕۆ. ئێستا، بە گشتی، بە دوجۆر ئەلفبێ دەنوسین (کوردی و لاتینی). بۆچی ڕێنوسێکی ستانداردمان نییە؟ ئەمە بابەتێکی فرەڕەهەندە؛ دیارە مێژوی پڕ کارەسات و خوێناویی گەلی کورد، دابەشکارییەکی ڕامیاری، جوگرافی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و ...هتد ی لێکەوتۆتەوە، وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەژمونیان لەسەر سەرجەم کایەکانی ژیانی کورد هەبوە، بە زمان و ئەلفبێ و ڕێنوسیشەوە؛ سیستەمی سیاسیی وڵات جۆری ئەلفبێ دیاری دەکات، بۆیە بەشەکانی کوردستان ئەلفبێی جیاواز بەکاردەهێنن. ئەمە لایەنێکی بابەتەکەیە. لایەنێکی تری، خەمساردی و کەمتەرخەمیی دەسەڵاتی سیاسییە لە باشوری کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە؛ هەوڵ و کاری ڕاستەقینەی بۆ بابەتی زمان و ڕێنوسی ستاندارد نەداوە و نەکردووە، بەڵکو بەرەو جوتستانداردی بردووە. لەلایەکی تریشەوە، پەرتەوازەیی و بۆچونی هەمەجۆر و جیاوازی دەزگا زانستی و پەیوەندیدارەکان و نوسەران و ڕۆشنبیران، کارەکەی قورستر کردووە. دیارە هەبونی ڕێنوسی ستاندارد هەنگاوێکی گەورە لە زمانی ستاندارد نزیکمان دەکاتەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین، لە باشور، بەر لە ڕاپەڕین خوێندن و نوسین بەم ئەلفبێ و ڕێنوسە بووە و ئێستاش لە بەشێکی بەردەوامە و درێژەی هەیە.

ئەوەی ئاشکرایە، ڕێنوسی هیچ زمانێکی دنیا، بێکێشە و بێگرفت نییە، گرفتەکانی ڕێنوسی کوردی بە بەراورد بە گرفتی ڕێنوسی زمانەکانی جیهان شتێکی ئەوتۆ نییە،

بەڵام چارەسەری گونجاویشیان پێویستە. بۆنمونە: دانانی پیتێک بۆ دەنگی بزرۆکە، دانانی پیتێکی نوێ بۆ (وو- واوی درێژ)، چۆنیەتیی نوسینی وشەی لێکدراو، ...هتد.

سەبارەت بە (بەهەڵە بەکارهێنان)ی خاڵبەندی لە هەر دەقێکدا، بە شێوەیەکی گشتی، چەند لێکەوتەیەکی دەبێت، لەوانە:

•شێوەی خوێندنەوەی دەقەکە ناخۆش و قورس دەبێت.

•تۆنی خوێندنەوەی نازانرێت. وەستان و هەڵوەستە و بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی ئاوازەی وشە و ڕستەکانی ناو دەقەکە ناڕون دەبێت.

•لە هەموان گرنگتر، بابەتی واتایە. لێڵی و ناڕونی لە واتای بەشێک لە ڕستەکانی دەقەکە دێتەئاراوە و خوێنەر سەری لێدەشێوێت. دەشێ هەندێک جار بە واتای پێچەوانە، یان بە واتای جیاواز لێکبدرێنەوە، کە لە واتای بنەڕەتیی دەقەکەوە دوربێت. لەم بارەشدا زمان، ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی لەدەستدەدات، کە لەیەکترگەیشتنە. بۆیە گرنگە پەیڕەوی بنەما و هێماکانی خاڵبەندی لە نوسیندا بکرێت.

دۆخی ڕێنوس و خاڵبەندی، لە ناوەندەکانی نوسین و بڵاوکراوەکانی ئێستا، بەپێی دەزگاکان دەگۆڕێت. دیارە من ناوی هیچ دەزگایەک ناهێنم، بەڵام دەزگامان هەیە گرنگی بە بابەتی ڕێنوس و خاڵبەندی دەدات و لە بڵاوکراوەکانیدا ڕەنگدانەوەی ئەم گرنگیپێدانە هەستی پێدەکرێت. هەیشمانە بە پێچەوانەوە؛ بڵاوکراوەکانی کۆمەڵێک هەڵەی ڕێنوس و خاڵبەندییان تێدایە، پێناچێت بە قۆناغی هەڵسەنگاندنی زمانی و ڕێنوسدا تێپەڕیبێت!

بەشێک لەو حاڵەتەش کە باسمکرد، بۆ خودی نوسەران دەگەڕێتەوە. بێگومان نوسەری زۆرباشمان هەیە، ڕۆڵیان لە بەرەوپێشچونی ڕێنوسی کوردیدا هەیە؛ ڕاو پێشنیازی بیرسا (لۆژیکی) و گونجاویان لە بوارەکەدا هەیە. بە پێچەوانەشەوە نوسەرمان هەیە پابەندی ڕێنمایی و یاساکان نییە و بە ئارەزوی خۆی و بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی دەنوسێت. بە بۆچونی من، ئێمە کێشەی پابەندنەبونمان زیاترە لە کێشە زانستییەکانی ڕێنوس. ئەگەر نا، بە کۆی دەنگ پابەندی ڕێنماییەکانی دەزگایەک یان نوسەرێک بین، ئەوا ڕێنوسی ستاندارد یان یەکنوسی دێتەئاراوە. ڕەنگە بڵێین هەر بەو ئاسانییە؟ دەڵێم بەڵێ، گەر هەمومان یەک هەڵە بکەین باشترە لەوەی چەند شێوەیەکی ڕاست بەناڕێکی و تاکدەنگی پەیڕەو بکرێت و ببێتە مایەی سەرلێشێوان. بۆنمونە بەشێک لە نوسەران و مامۆستایان، بە منیشەوە، پێڕەوی نوسینی (وو)

ناکەین، تەنیا لە وشەیەکدا نەبێت کە واتاگۆڕە، هەر لەبەر ئەمەشە گۆڕینی ئەم پیتە بە پیتێکی تر بە چارەسەر دەزانین. ئەگەر دەسەڵات بە فەرمانێک یان ڕێنماییەک، پابەندیی خۆی بە ڕێنوسێکی دیارکراو ڕابگەیەنێت، ئێمەش گشتمان پابەندی بین، ئەوا گرفتەکان کاڵدەبنەوە و نامێنن.

ئێستا، لە سەردەمی پێشکەوتن و گەشەی تەکنۆلۆژیا و هاتنەپێشەوەی ژیریی دەستکرد، کە کاریگەرییان لەسەر گشت بوار و لایەنێکی ژیان هەیە، خزمەتگوزارییەکانی گۆڕینی دەنگ بۆ نوسین و بەپێچەوانەشەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی گرنگی تردا، ستانداردبونی ڕێنوس و خاڵبەندیی ئاسانتر و کاریگەرتر دەبێت، ئەگەر پسپۆڕان و شارەزایانی هەردو بواری ڕێنوس و تەکنۆلۆژیا، بە هەماهەنگی کاری باش و دروستی لەسەر بکەن.

***مامۆستا لە زانکۆی کۆیە**

## ڕێبوار سیوەیلی:
# نەبوونی ڕێنووس و خاڵبەندیی، کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی فەرمی هەیە

***ئایا سەرچاوەی (دەرکەوتن و بەکارهێنانی) خاڵبەندی بۆ کەی و بۆچی دەگەرێتەوە؟**

– بە تێگەیشتنی من، خاڵبەندی لایەنێکی جوانیناسانە و لایەنیکی واتاناسانەی هەیە. هەم دەق و شیوازی ئاخاوتن و گۆکردن جوانتر دەکات و هەمیش واتا لە سنوورێکدا کە پێویستە سەقامگیر دەکات و مرۆڤ لە سەرلێتێکچوون و ئاڵۆزبوون دەپارێزێت.

بەمجۆرەش دوو جۆر خاڵبەندیی لە یەکتر جودا دەکەمەوە: خاڵبەندی نووسراو و خاڵبەندی گۆکراو. مەبەستم لە خاڵبەندیی گۆکراو، ئەو جۆری وەستان و ئێست و دەنگبەرزکردنەوەو هێواشکردنەوەو و هاوارکردن و جەختکردنەوەیەی مرۆڤە لە کاتی ئاخاوتن و گۆکردنی ڕەگەزە زمانییەکان. هەریەک لەم وەستان و ئێستکردن و.. ڕۆڵیی ئەو خاڵ و کۆما و نیشانانە دەبینین، کە لە نووسراودا بەکار دەهێنرێن. کاریگەرییان لەسەر گەیاندن، ڕوونکردنەوە و جەختکردنەوەی پەیام هەیە و وەرگر ڕاستەوخۆ هەستیان پێدەکات و لێیان تێدەگات. هەناسەبڕکێ، وەستان و بێدەنگی و هەر ئاکتێکی دیکە لە کاتی ئاخاوتندا لە پێگەی خاڵبەندییەکی نەنووسراودایە، کە لە زمانی ئاخاوتندا ڕەچاو دەکرێن. هەریەکە لەو ئاکتە زمانییانە واتای خۆیانیان هەیە و واتاش دەبەخشنە ڕستە و وشە و گوزارە گۆکراوەکان. کاتێک لە زمانی کوردییدا دەگوترێت: «فلانکەس قسەکانی ناوکدار بوون»، یان فلان کەسایەتی سیاسی تانە و پلاری لە لایەنێکی دیکە گرت، هەموو ئەمە پەیوەندیی بەو خاڵبەندییە دەنگی و گۆکراوەوە هەیە، کە قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا بەکاریان دەهێنێت و واتا و ناوەڕۆک بۆ پەیامەکەی لە ڕێگەیانەوە زیاد دەکات.

دەمەوێت لە میانەی ئەم قسانەوە بڵێم، خاڵبەندیی گۆکراو زۆر لە پێش خاڵبەندیی نووسراوەوە هەبووە و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە فێربوونی زمانەوە لەلای مرۆڤ و چۆنێتی بەکارهێنانی. ئەمەش لە زمانی دەربڕینی خۆشی، زمانی هەستکردن بە دڵنیایی، زمانی ڕاوکردن و هێرشکردن و زمانی گێڕانەوە سەرەتاییەکاندا دەبینرێتەوە. بەڵام هێمای خاڵبەندی وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەیزانین لە یۆنان و ڕۆمی کۆنەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەمەش بۆ ئاسانکاری خوێندنەوە و تێگەیشتن لە دەقەکان. لە بنەڕەتدا کاراکتەرەکانی وەک (خاڵ) و (کۆما)، بۆ نیشاندانی وەستانەکان لە زمانی قسەکردندا ناسێنران، ئەمەش ئاسانکاری کرد بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دەقە درێژەکانیش ئاسانتر بەڕێوە بچێت. ئامانجی سەرەکیی هێماکانی خاڵبەندی دڵنیابوون بوو لەوەی کە خوێنەر/وەرگر بە دروستی لە پەیامەکان تێبگات و ئەمەش بە تایبەتی لەو دەقانەدا گرنگ بوو کە وردبینی و ڕوونی پێویست بوو.

وەلێ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هێماکانی خاڵبەندی زیاتر پەرەیان پێدرا بە زیادکردنی نیشانەی پرسیار و هێمای سەرسوڕهێنەر و کەوانە. ئەم کارەکتەر و هێما نوێیانە ڕێگەیان خۆشکرد بۆ وردبوونەوەی زیاتر لە پەیامە زمانییەکان و گەیاندنی واتای مەبەست لە نووسراوەکاندا. بەم شێوەیە هێماکانی خاڵبەندی بوون بە بەشێکی جیانەکراوە لە نووسراوە ئایینی و ئەدەبییەکان، کە نەک هەر تەنیا هەر بەتەنیا وەستان و ئێستەزمانییەکانییان ڕێکدەخست، بەڵکو هەست و سۆز و بیرکردنەوە ئاڵۆزەکانیشیان پیشاندەدا وەک بۆ نموونە دووخاڵ بە دوای یەکدا کە بە واتای تەواونەبوونی مەبەست و ئەوەی پێوەیستە بگوترێت، یان درێژەی مەبەستێک، یاخود نیشانەی سەرسووڕمان کە ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە بۆ ڕەهەندی دەروونی لە نووسینەکاندا

سەبارەت بە زمانی کوردی، پێدەچێت لەگەڵ هاتنی چاپخانە و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە سەرەتاییەکان، گرنگیی خاڵبەندی خۆی سەپاندبێت. چونکە ئێمە لە دەقە ئایینییەکانی وەک یارسان و لە کەشکۆڵەکان و لە تۆماری شیعری کلاسیکیشماندا خاڵبەندیی نابینینەوە. بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی و چاپکردنی کتێب بە زمانی کوردی، وردەوردە خاڵبەندیی دەبێتە بەشیکی گرنگ لە پەیامە زمانییەکان.

***بۆچی تاوەکو ئێستا ڕێنووسێکی ستانداردمان نییە، و نەبوونی ئەم ڕێنووسە تاچەند کاریگەری لە سەر زمانی ستاندارد هەیە؟**

-ئەمە پەیوەندیی بە بڕیاری فەرمییەوە هەیە و ئێمە نیمانە. پاشان من بڕوام بە وشەی ستاندار نییە، ستاندارد تەقلیدێکی دیکەیە بۆ لاساییکردنەوەی تێگەیشتنێکی دیکەی زمانەوانی، کە خۆمان داهێنەری نین. زمانێکی پێکهاتەیی و فرەییمان هەیە و پێویستە ئەمەش بپارێزین. بۆیە پێویستە باس لە زمانی فەرمی بکەین، نەک ستاندارد. زمانی فەرمی پەیوەستە بە ڕێککەوتن و فێرکردن و ڕاهێنانەوە، بەڵام زمانی ستاندارد پەیوەستە بە زۆر و سەپاندنەوە. لە چوارچێوەی زمانی فەرمیدا جیاوازیی زارەکان و تایبەتمەندییەکانیان دەپارێزرێن، بەڵام لە چوارچێوەی بە ستانداردکردندا شێوەزار و زارەکان ڕاپێچ دەکرێنە ژێر زۆر و ستەمی یەک شێوەزارەوە. بۆیە لە ستانداردا جۆرێ لە فاشیزمی زمانی دەبینمەوە و هەر ئەمەش وام لێدەکات خۆم لە بەکارهێنانی بپارێزم.

هەرچەندە زۆرێک لە زمانەکان ڕێنووسی ستانداردیان پەرەپێداوە، بەڵام ئەمە بۆ هەموو زمانەکان وا نییە، لەنێویاندا هەندێک زمانی لۆکاڵی و پەرتکراو، کە زمانی کوردییش یەکێکە لەوانە. نەبوونی بەرنامەیەکی ستاندارد، یان من پێمخۆشترە بڵێم: فەرمی بۆ ڕێنووس، دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و ناتەبایی لە پەیوەندییە نووسراوەکان و نووسراوە فەرمییەکاندا. بەپێی لێکۆڵینەوەکانم، لەسەرەتای دامەزراندنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا بایەخێکی زۆرباش بە زمان لە ئاستی ڕێزمان، ڕێنووس و خاڵبەندیی دراوە، نامە فەرمەییەکانی پەرلەمان لەو قۆناغەدا کوردیسەنتەر و شێوە فەرمین. لە ئێستاشدا نامە فەرمییەکانی حوکوومەت لە خراپترین ئەو بەڵگەنامانەن لەبارەی زمانیی کوردییەوە لەبەردەستدا بن. بۆ نموونە ڕێژەی بەکارهێنانی ڕێنووس، یان خاڵبەندیی شێوە ستاندارد لەو نامانەدا ئەگەر سفر نەبێت، ئەوە نزیکە لە سفرەوە. هەتا ئێستاش وشەی (بەروار) بۆ (ڕێکەوت) بەکار دەهێنرێت. ئاراستەکردنی نامە کە لەسەرەتاکەیەوە دەنووسرێت (بۆ) هێشتاکەش لە جیاتی دووخاڵ لەسەر یەک (بۆ:)، خەتەلاری بۆ دادەنرێت: (بۆ/). هەتا ئێستاش کۆتایی زۆربەی ئەوە نوسراوانە بە (...) سێ خاڵ کۆتایی پێدێت. لە جیاتی (حوکوومەت) دەنووسرێت: (حکومەت) و هێشتاکەش ئێمە لیستێکی فەرمیمان بۆ گۆکردنی ناوی وڵاتانی جیهان بە کوردییەکی پاراو نییە و کێشەی دیکەی زۆر. ئەمانە هەموویان کێشەی گەورەیان بۆ تێگەیشتن و گەیشتنی پەیام لە نێرەرەوە بۆ وەرگر دروستکردووە.

نەبوونی ڕێنووس و خاڵبەندییەکی فەرمی، کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی فەرمییش هەیە، چونکە نەبوونی یەکپارچەیی لە نووسین و خاڵبەندییدا بۆی هەیە ببێتە هۆی ئەوەی جیاوازیی زارەکان لە نووسینیشدا ڕەنگبداتەوە. کەواتە بەبێ ڕێککەوتن و ڕێکخستنێکی دیارکراو، بۆی هەیە فێرکردن، نووسین و پاراستنی زمانەکەش قوورستر بکات و پەرتەوازەیی زمانی ببێتە دیاردە. بۆ نموونە قسەکردن بە شێوەزاری ناوچەیەک، مەڵبەندێک، شارێک و تەنانەت گوندێکیش شتێکی زۆر ئاساییە و دەبێت ئەم فرەییەی زمان بپارێزرێت، وەلێ کاتێک کار دەگاتە نووسین بە شێوەزاری ناوچەیەک و شارێک و گوندێک، پەرتبوونی زمان دەبێتە دیاردەیەکی ترسناک و هەڕەشەیە لەسەر مانەوە و خۆپارێزی زمانەکە.

***بۆ ئەوی ڕێنووسێکی ستانداردمان هەبێت پێویستە چی بکرێت؟**

-بۆ دامەزراندنی هەر شتێکی ستاندارد، زۆر و سەپاندن و بڕیاری بنەبڕمان پێویستە، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێنووسێکی فەرمیمان هەبێت، پێویستیمان بە تێگەیشتن لە گرنگییەکەی، فێربوونی میکانیزمەکانی و دامەزراندنی یەکەی زمانە لە هەموو فەرمانگەکانی حوکوومەتدا بۆ ئەوەی چاودێریی زمانی نووسراوە فەرمییەکان بکرێت. پێویستە ئەکادیمیای کوردی لەمەدا کاریگەریی و ڕۆڵی خۆی بسەلمێنێت و جەخت لەسەر بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی و ڕێنووسێکی فەرمی بکاتەوە. هەموو ئەمەش پەیوەستە بە تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەوە لە دیاردەی زمان، نەک تەنیا بە تێگەیشتنێکی زمانناسییانە و زمانزانییانە و پسپۆڕانە. چونکە بەبێ تێگەیشتنێکی فەلسەفییانە، مرۆڤناسییانە، دەروونناسییانە، ئێستاتیکییانە لەزمان، تێگەیشتنی زمانەوانی ڕووت بۆ زمان کورت دەهێنێت. هەر بۆیەشە مێژووی زمانەوانی ئێمە پڕە لە ناکۆکیی زمانناسەکان لەگەڵ یەکتر و سەپاندنی بۆچوونی تایبەت بەسەر زمانەکەدا. بۆیە ئێمە بۆ کارکردن لە بواری زماندا هەر تەنیا پێویستیمان بە زمانناسە ئەکادیمییەکان و پسپۆڕەکان نییە، بەڵکو پێویستیشمان بە هەژار و مەسعود مەحەمەد و عەلی زەڵمی و عیرفان مستەفاکانیشە کە تێگەیشتنێکی زۆر قووڵتر و بەرینتریان بۆ دیاردە زمانییەکان هەیە.

لەلایەکی دیکەوە، پێویستە ئەو نیشانە و هێمایانەی کە زۆرترین بەکارهێنانیان لەسەرە و لە هەڵەکانی زمان دوورمان دەخەنەوە، زیاتر بەرچاو بن. ڕێکلامیان بۆ

بکرێت وەک چۆن ڕیکلام بۆ دۆشاوی تەماتە دەکرێت، ئاواش ڕێکلام بۆ نیشانەکانی خاڵبەندیی بکرێت. هەروەها کەرتی هاتووچۆ، وەبەرهێنان، دادگاکان و.. گرنگیی زیاتر بە زمان و ڕێنووس و خاڵبەندیی بدەن چونکە زۆر کۆڵەوارن. هەروەها لە پەروەردەی سەرەتاییەوە ڕێنووس و خاڵبەندیی لە کەنار ڕێزماندا بخوێنرێن. پاشان یەکخستنی کیبۆرد و جۆری فۆنت زۆر گرنگن لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکاندا. هەموو ئەمانە سوودیان هەیە بۆ دروستکردنی یەکدەنگی و زمانێکی فەرمی بەشێوەیەکی ڕوون.

بەو دیوی دیکەشدا، بەکارهێنانی نادروستی هێماکانی خاڵبەندی دەتوانێت لێکەوتەی نەرێنی شێلگیرانەی هەبێت، بەتایبەتی لە دەقی ئەکادیمی، یاسایی یان هزریدا. ئەگەر هێمای خاڵبەندی بە هەڵە بەکاربهێنرێت، بۆی هەیە واتای ڕستەیەک بگۆڕێت یان بشێوێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن و لێکدانەوەیەکی هەڵە بۆ زمانەکە. بۆ نموونە نەبوونی کۆما لە دەقی گرێبەستێکدا بۆی هەیە ببێتە هۆی گۆڕینی پابەندبوونە یاساییەکان. یاخود هێمای خاڵبەندی هەڵە لە بابەتێکی ئەکادیمی، یان گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییدا دەبێتە هۆی دەرەنجامێکی هەڵە.

***جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆر لە دەقەم بۆ بکە:**

- دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیڕەو کرابێت.
- دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیڕەو نەکرابێت.

-دەقێک خاڵبەندییەکی دروستی تێدا ڕەچاوکرابێت، ئاشکراکردنی پێکهاتەکەی و خوێندنەوەی ئاسانە. هێماکانی خاڵبەندی ڕێنمایی خوێنەر دەکات لە ڕێگەی دەقەکەوە، وەستانەکان دیار دەکات و جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان بیرۆکە جیاوازەکاندا دروست دەکات. دەرفەت دەدات بە خوێنەر کە بە ڕوونی و ورد لە پەیامی نووسەر تێبگات. هێماکان دەبنە چاویلکەیەک ئەودیوی تۆماری نووسراوەکەمان بۆ ئاشکرا دەکەن و بەرەو دەروونی دەقەکەمان دەبەن.

وەلێ دەقێک کە هێمای خاڵبەندی دروستی تێدا نەبێت، دەتوانێت بە شێوەیەکی نارێک و سەرلێشێوێنەر دەربکەوێت. ڕەنگە خوێنەر بەزەحمەت بتوانێت سەر و کلکی ڕستە و وشەکان بدۆزێتەوە و تووشی ونبوونی زمانیی و واتایی دەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی لێک تێنەگەیشتن. بەبێ ڕەچاوکردنی دانانی هێماکانی خاڵبەندی، دەکرێت شوێنکەوتنی بیر و مەبەستی نووسەر قورس و ئاڵۆز بێت.

**دۆخی هەر یەکە لە (ڕێنووس و خاڵبەندی) لە ئێستادا لە نێوەندی نووسین و بڵاوکراوەکان چۆن دەبینیت و لە چی ئاستێک دایە؟**

نووسین و بڵاوکراوەکانی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی ئاستەنگ بوونەتەوە، بەتایبەتی لە بواری ڕێنووس و نیشانەکانی خاڵبەندیدا. ئەو پەیوەندییە خێرایەی لە سۆشیال میدیا و لە شوێنە نافەرمیەکاندا دەبینرێت، بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەکارهێنانی ڕێنووسی دروست و هێماکانی خاڵبەندی. بەڵام هێشتا هەستێکی بەهێز هەیە بۆ گرنگیی بەکارهێنانی دروستی زمان و نیشانەکانی خاڵبەندی. هەم لە زمانی فەرمییدا و هەمیش لە زمانی ئەکادیمیدا و چەند نووسەرێکیش بەو پەڕی وریایی و دڵسۆزییەوە داکۆکیی لە دروستبەکارهێنانی زمان دەکەن.

بەولای دیکەشدا ژمارەی شارەزاکان لە بواری خاڵبەندیی و ڕێنووسدا بازاڕێکی تایبەتیان بۆ دروستبووە، هەرچەندە ئەوانیش ڕێککەوتنێک لە نێوانیاندا نییە و بگرە وەک زمانزانەکانی چوار دەیەی ڕابردوو، کێشەی ڕاجیایی زۆریشیان لە نێواندایە. بەڵام هەوڵەکەیان بەرز دەنرخێنم بەتایبەتی هەوڵی هەر یەکە لە مامۆستا حەمەسەعید حەسەن، بەدران حەبیب، وریا عومەر، جوتیار قارەمان، کوردۆ شابان، باخان ئەحمەد، دیاکۆ هاشمی و نەریمان عەبدوڵڵا و ئیدیکەش.. هاوسەنگی نێوان نووسینی نافەرمی و فەرمی پێویستی بە هۆشیارییە لە چوارچێوە و گرنگییدان بە بەکارهێنانی دروستی هێمای خاڵبەندییدا. بۆ ئەمەش پێشنیاز دەکەم دەستەی نوێی ئەکادیمیای کوردی ئەم نووسەرانە کۆبکاتەوە و لە مینی کۆنفرانسێکدا و بەچاودێری ئەکادیما، ڕێنووس و نیشانەکانی خاڵبەندی ڕێکبخەنەوەو بیدەنە پەرلەمان و حوکوومەت کاری پێ بکەن. هەروەها ڕێگری بکرێت لەوەی هەر میدیایە ڕێنووس و شێوازی خۆی لە بەکارهێنانی زماندا بەکار بهێنێت و ئەم هەموو ئیمارەتە زمانییە نەمێنن.

***ئایا نووسەرانی کورد ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاستنووسی و ڕێنووسێکی ستاندارد، یاخود بە پێچەوانەوەیە؟**

–نووسەرانی کورد ڕۆڵێکی گرنگیان لە پەرەپێدانی ڕێنووس و ڕێککردنی زمانی کوردییدا هەبووە، کە سەردەمی حەفتاکانی (کۆڕی زانیاریی کورد) ماوەیەکی زێڕین بووە. نووسەرانی ئەو سەردەمە و پاشتریش بە نووسەرانی ئێستاشەوە، لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە بەشدارییان لە دروستکردنی ڕێسا و ڕێنماییدا بۆ

زمانی کوردیی کردووە، کە زۆربەی لایەنەکانی زمان دەگرێتەوە. بۆیە تا ئەوکاتەی زمان لە دەستی نووسەران و ئەدیبانی ئێمەدا بووە، کاری زۆر باش کراوە، بەڵام کاتێک زمان دەکەوێتە ژێردەسەڵاتی سیاسییەکانەوە کارەسات بەسەر زمانەکەماندا هاتووە. ئەمەش لەبەر ئەوەی پابەندبوونی ئەدیبان و نووسەران بە زمانەوە هەمان پابەندبوونی سیاسییەکان بە زمانەوە نییە. کارەساتەکەش لەوەدایە کە ئەم سیاسییانەی ئێستا بەهای زیاتر بۆ دەستکەوتی مادیی قایل دەبن وەک لەبۆ بەها مەعنەوی و کولتووری و گیانییەکان. ئێستەش بەئاشکرا دەبینین چۆن لە غیابی سیاسەتێکی زمانییدا، سیاسەتێکی دژەزمانی هاتۆتە ئاراوە، کە خۆی لە نیشتەجێکردنی ژمارەیەکی زۆری عەرەب و بیانی دەبینێتەوە، بێئەوەی کەمترین مافی زمان دابین بکرێت، کە فێرکردنی زمانە بەم بیانییانە وەک مەرجی یەکەمی مانەوەیان لە هەرێمەکەدا. بەلای ئەم سیاسییانەی ئێمە و هاوبەرژەوەندە وەبەرهێنەرەکانیانەوە، فرۆشتنی شوققە و ڤێلا زۆر گرنگترە لە پاراستنی زمانەکەیان. ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی زمانی ئێمە لە مەترسییەکی شێواندنی هەمیشەییدا بێت. بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیش کەمی نەکردووە بۆ پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە ژێر سێبەری زمانی عەرەبیدا. ئەمە جگە لەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێمە زمانی بچووککردۆتەوە لە کولتووری جوێندان، زمانی زبر و زمانی بەرەنگارییدا و ئەمەش ڕۆحی زمانی ئێمە کە زمانی گفتوگۆ و خۆدەربڕین و ڕێکخستنەوەی جیهانە، گووشیوە. هۆکارێکی دیکە سۆشیالمیدیا و ئەو زمانە مەترسیدارەیە کە کوردیی، گوایە بەلاتینی و بە پیتی ئینگلیزی دەنووسرێت و ئەمەش کوێرییەکی زمانی بەرهەمهێناوە، کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ڕێزمان، دروستنووسی و خاڵبەندیدا نەماوە.

*** گەشەی تەکنۆلۆژیا و ژیریی دەستکرد کاریگەریان بەسەر گشت لایەن و سێکتەرەکانی ژیاندا هەیە، ئایا پەیوەندی و کاریگەری بەسەر هەر یەک لە (ڕێنووس و خاڵبەندی) چییە؟**

-هاتنی تەکنەلۆژیاو زیرەکیی دروستکراو، نەک دەستکرد؛ شمشێرێکی دوو دەمە. بێگومان کاریگەرییەکی بەرچاویشی لەسەر ڕێنووس و نیشانەکانی خاڵبەندییش هەیە. چێککردنەوەی ڕێنووس و ئیملا و ئامرازە بەکەڵک و سوودبەخشەکانی زمان، یارمەتییەکی زۆر بەکاربەرانیان داوە تا کاتێکی زۆریان بۆ بگەڕێتەوە. لە هەڵەی ڕێنووس و خاڵبەندیی و ڕێزمان بەدووریان بگرن و پاکنووسییان لە کۆڵ بکەنەوە،

کە ئەمە لە قۆناغی نووسین بە قەڵەم و پەڕەمووچ کاتێکی زۆری دەبرد. کەواتە بەگشتی تەکنەلۆژیا و ئەو ئاسانکارییانەی دەیخاتە بەردەم بەکاربەرانی سوودێکی زۆری هەبووە. بەو دیوی دیکەشدا تواناو ویستی فێربوون و شارەزایی لەلای تاکەکەس کەمیکردۆتەوە. تەمبەڵییەک سەریهەڵداوە کە پێشتر نەبووە. ئەو هەستە لەلای زۆربەمان دروستبووە، کە چیتر پێویست ناکات وردبیین بین لە نووسین و خاڵبەندیی و دانانی هێماکان چونکە کۆمپیۆتەر هەموویمان بۆ دەکات! کەسمان خەتخۆش نەماوین و ئەو پیشە هونەرییە بەرزە وەک پیشەی دارتاشی، ڕستن و چنین و زۆری دیکەش وردە وردە نەماون. لە هەمان کاتیشدا زیرەکیی دروستکراو توانای پاڵاوتن و باشترکردنی پەیوەندی نووسراوی هەیە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ئامرازی پێشکەوتووی دەستکاریکردن و ڕاستکردنەوەوە. بەم پێیە کاریگەری تەکنەلۆژیا هەم ئەرێنییە و هەم نەرێنی، بەپێی چۆنیەتی بەکارهێنانی.

بەشێکی زۆر لە داهێنان و ئەرکەکانی دەست بەرەو نەمان و کاڵبوونەوە دەچن، بەجۆرێ ئێستا ناتوانین بەکەس بڵێین: قەڵەمبەدەست! چونکە کیبۆرد جێگەی قەڵەمی گرتۆتەوە. بەدەگمەن پێنووس لە بەرکی کەسێکدا دەبینیت. نۆتی مۆبایل جێگەی دەفتەرچە و ساڵنامەیان گرتۆتەوە. قەڵەمە بەناوبانگەکانی وەک پارکەر، بەرەو مۆزەخانە چوون. ئەو دەفتەر و تیانووسە بەرگ ڕەنگاوڕەنگ و جوانانەی وەک دیارییەکی ناوازە کۆمان دەکردنەوە، بە دەگمەن لە پەڕاوگەکاندا دەبینرێن. کەواتە شاشە و کولتووری شاشە، کولتووری تەکنەلۆژیا کاریگەریی خۆیان جێهێشتووە. بەڵام مەرج نییە ئەوەی بە ئامرازە تەکنەلۆژییەکان نووسرا ئیتر نەمر و شایانی مانەوە بێت. شاشە لەبەر ئەوەی یادەوەریی نییە، بۆی هەیە بەیەک کرتە هەموو کارەکانت بسڕێتەوە. هەڵەی سەر مۆبایل و نووسینی کۆمێنت، کە خاڵبەندیی و ڕستەسازی و ڕێنووسیش دەگرێتەوە زۆر بوون. هێشتاکەش زیانی دیکە بەڕێگاوەن و دەبێت خۆمانیان بۆ ئامادە بکەین.

هەڵمەت عوسمان:

# زمانێکی ستانداردت نەبوو، کەواتا ڕێنووسێکی یەکگرتووشت نابێت

***ئایا سەرچاوەی (دەرکەوتن و بەکارهێنانی) خاڵبەندیی بۆ کەی و بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-مێژووی سەرهەڵدانی خاڵبەندیی ڕوون نییە، واتا نازانرێ بۆ کەی و یەکەمجار لە کام دەقدا بەکار هاتووە، بەڵام هێندە هەیە، مێژووەکەی کۆنە و لە زۆرێک لە دەقە کۆنەکانی یۆنانییە بەکارهاتووە، کەواتا حەتمەن پێشتریش بەکارهاتووە. خاڵبەندییش وەک بەشێک لە زانستی زمان، بە زۆر قۆناغدا تێپەڕیوە و لە هەر قۆناغە بەشێکی بۆ زیادکراوە و مانایەکی نوێ بە بەشەکانی خاڵبەندیی دانراوە. بەڵام وەرە با واز لەوە بێنین کەی پەیدابووە؟ ئەوەش لەبەر ئەوەنا وەڵامی بەدروستیی دیارنییە، نا، بەڵکو چون هەمیشە کێشەم، لەگەڵ بابەت و شتە ڕووکەشییەکان هەیە. ئەوەش وەک ئەوە وایە، یەکێک بێت لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی شاعیرێک بکات، هێندەی قسەکردن لەسەر ناوەڕۆک و پەیام و شیعرییەتی شیعرەکە گرنگە، هێندە گرنگ نییە؛ شاعیرەکە لەکوێ و کەی لەدایکبووە. ئاخر ئێمە هێندەی ئیشمان لەسەر بابەتە ڕووالەتییەکان کردووە، هێندە خۆمان لە قەرەی ناوەڕۆک نەداوە.

کەواتا گرنگتر لە مێژووی سەرهەڵدانی خاڵبەندیی، بابێین قسە لەسەر گرنگی کارپێکردنی بکەین. خاڵبەندیی؛ ڕۆحی نووسینە. ئەو دەقەی بێ خاڵبەندییە، بێگیانە. ئاخر سەروەختی مژۆڵبوون بە خوێندنەوەی؛ هیچ هەست و ئیحساسێکمان پێ نابەخشێ. ئەو تەنۆلکانە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەوەی من دوو پەڕ بخوێنمەوە، یان تا کۆتایی کتێبەکە بڕۆم. خوێندنەوەی دەقێکی خاڵی لە خاڵبەندیی، وەک ئەوە وایە، سەرت بکەنە ناو مەنجەڵێک ئاو و نەشهێڵن جارجار سەردەربێنی. ئێ ئەنجام؟ دەخنکێیت و بڕایەوە. خوێندنەوەش ئاوایە، کاتێ تۆ زوو بێزار دەبیت لە خوێندنەوە، هۆکارێکی سەرەکی ئەوەیە، خاڵبەندیی کەم تێدا بەکارهاتووە و ئێ تۆش جار جار پێویستیت بە پشوویەک هەیە، کە ئەو پشووەش نەبوو، بێزار دەبیت و کتێبەکە فڕێدەدەیت و ئەوسا نەخوێندنەوەش؛ چی کەمتر نییە لە خنکان. ئێمە ڕۆژانە گلەیی دەکەین، کە ڕێژەی خوێنەر لە کەمبوونەوەدایە، بێ ئەوەی ئاوڕ لەوە بدەینەوە، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکان، نەبوونی خاڵبەندیی بێت لە دەقەکان. چون خوێنەرێکی تازەکار، ناتوانێ تا کۆتایی لەگەڵ کتێبێکی خاڵی لە خاڵبەندیی بڕوات.

**بۆچی تاوەکو ئێستا ڕێنووسێکی ستانداردمان نییە، و نەبوونی ئەم ڕێنووسە تا چەند کاریگەریی لەسەر زمانی ستاندارد هەیە؟**

ڕەنگە من من کۆتا کەسبم قەسە لەسە ئەم پرسە گرنگە دەکەم، دڵنیاشم دوای منیش سەدانی دیکەش قسەی لەبارەوە دەکەن و هەموو ئەوانەش پێشتر لەسەری دواون، دیسانیش بدوێنەوە، بەڵام هێشتا ئەو بابەتە وەک خۆی دەمێنێتەوە و دەبێت ڕۆژان بژمێرین؛ بەدیار کلاڕۆژنەی ئەنجامێکی دڵخۆشکەر. چارەسەرنەکردن و یەکلایی نەکردنەوەی خەمێکی وا، چەندە پەیوەندی بە بوێریی دەسەڵاتەوە هەیە، کە خەمسارد بووە لەو ڕووەوە؛ لەوەی نەیتوانیوە بڕیارێکی جددی و نەترسانە بدات تا زار_دیالێکتێک بکاتە زمانێکی فەرمیی، هێندەش شارەزایان و زمانناسان و زمانزانانی هەر چوار دیالێکتە سەرەکییەکە، چون ئەوانیش بەش بە حاڵی خۆیان، پشکی ئەو ئۆباڵەیان دەکەوێتە ئەستۆ، لەوەی تا ئێستا نەیان توانیوە کۆنگرەیەک ئەنجام بدەن و هەر لایە؛ کەمێک نەرمیی بنوێنن لە سەرنج و داواکانیان و ئەو گیانی یەکدی قبوڵکردنەیان تیا نابینرێت، کە دواجار ئێمە پێمان وابێت، خەمی زمانەکە گرنگتربێت لایان؛ لە خەمی ویست و مەیلە کەسیی و ناوچەییەکانیان. چون ئەوەی من بەش بە حاڵی خۆم تێیگەیشتووم، هەر یەک دەیەوێت؛ دواجار خۆی وەک پاڵەوانی ئەو بابەتە لێی بێتە دەرەوە، بێ ئەوەی خەمی زمانەکە لای گرنگت بێت لە هەموو شتێک. ئاخر ئەگەر تێبینیتان کردبێت، ئێستاش زمانناسان و

زمانزانانی سەر بە دیالێکتێک، چاویان بەیەکدی هەڵنایەت؛ چ جای ئەم لێشاوە زمانناس و زمانزانانەی دیالێکتەکان. هەر کۆکردنەوەی ئەوانە لەژێر چەترێک؛ تا پێکەوە کار بکەن بۆ ئەو خەمە گەورەیە، خۆی لە خۆیدا خەمێکی گەورەیە.

ڕەنگە بڵێیت، ئەی ئەم هەموو کۆڕ و سیمینار و کۆنگرانەی لەمەڕ زمان دەکرێن، چین؟ دەتوانم بەوپەڕی ئاسودەییەوە بڵێم، سەرجەمیان ناوی قەبە و ناوەڕۆکی بەتاڵن. هەر دانەیەک لەوانەی ناومان هێنان، بیانگریت، دیان وتار و چەلەحانێی تیا دەکرێت و کۆتاییەکەشی ڕەشنووسێکی ڕەش لە ئومێدی دەیان ملیۆن هاوولاتی.

هەروا بێتەوە؛ ئێمە ڕۆژێکمان هەیە بەناوی(ڕۆژی زمانی دایک). تەنها لەو ڕۆژەدا؛ هەزاران هەڵەی ڕێنووس دەدۆزیتەوە لە وتار و مانشێت و باقی بڵاوکراوەکانی دی. کەواتا ئێمە هەر لەو ڕۆژەدا کە بەناوە یادی زمانی دایک گرنگ دەنرخێنین، دێن ئەتکی ڕێنووس و زمانەکەمان دەکەین.

ئینجا با بێینە سەر ئەوەی؛ ئایە نەبوونی زمانێکی ستاندارد_یەکگرتوو؛ چ زیانێک بە کۆی مەعریفەی کۆمەڵگە دەگەیەنێ؟! جارێ لە پێشەوە؛ کەسمان کەسمان ناخوێنینەوە. فەوزایەک دروستدەبێت وەک ئەوەی دەیبینین، هەر لا و ناوچەیە، بڵاوکراوەکانی بە زار و بنزاری خۆی بڵاودەکاتەوە و ناپڕژێتە سەر ئەوەی خەمێک لەوە بخوات و پرسیار لە خۆیان بکەن؛ ئاخۆ چی دەبوو هاونەژادانی ناوچەکانی دی، بۆ بێبەشبکرێن لەو کتێب و سەرچاوانە؟! کە تۆ زمانێکی ستانداردت نەبوو، کەواتا ڕێنووسێکی یەکگرتووشت نابێت و ئەوەش هەر نووسەر و چاپخانەیەک؛ لە باخەڵی خۆیەوە گوێزان دەژمێرێ. بڕوا بکە وتار و لێکۆڵینەوەم ناردووە بۆ گۆڤار، لەوسەرەوە سەیرکەم تەنها ناوەکەم وەک خۆی ماوەتەوە، سەر و گوێلاکی تەواوی نووسینەکەیان شکاندووە. ئێ بۆ؟! وەڵڵا ئەوە لەگەڵ دەستوور و بنەماکانی گۆڤارەکەمان وێکنەهاتۆتەوە! ئەمڕۆ کەم بڵاوکراوە دەبینین ڕێز لە ماندووبوونی ئەکادیمیا بگرن. ئاخر لای کەم، ئەوەی ئەکادیمیا کردوویەتی، (خەیرو ئومورو‌کم ئەوسەتوها) چارەسەرێکی ناوەنجی بۆ کێشەکان دۆزیوەتەوە و توانیویانە؛ گرفتەکان زۆر کەمتر بکەنەوە. ئێ دەوەرن هەمووان با شان بدەینە بەر ئەو ڕێنووسە و کاری پێبکەین.

ئێمە دوو وەزارەتمان هەیە (خوێندنی باڵا و پەروەردە)، تۆ سەیرکە هێندەی گرنگی بە زمانی بێگانە دەدرێ، زمانی دایکیان لا بووەتە زمانی دووەم، ئەوەش هیچی کەمتر نییە لە ئەنفالێکی دی، وا خۆمان بەسەر خۆمانیدا دێنین. ئەو دوو وەزارەتە لەبری ئەوەی هەوڵەکانیان لە خزمەت زمانەکەمان بێت، خۆیان هەڕەشەن لەسەر زمان. تۆ سەیری کتێبی مەنهەجیی وەزارەتی پەروەردە بکە. جارێ لەوە گەڕێ زۆرینەیان وەرگێڕانن_

جا وەرگێڕانێکی سەقەتیش_ لاپەڕە نادۆزیتەوە؛ هەڵەی ڕێنووست بەرچاو نەکەوێت. ئەوە جگە لە چۆنییەتی داڕشتنەوەی دەقەکان، بە زمانێکی سادە. تۆ بڕۆ سەیری بابەتی زایندەزانی پۆلی سێ تا شەشی بنەڕەتیی بکە. دەقەکان بەجۆرێ داڕێژراون، منێکی خاوەن بیست ساڵ خوێندنەوە، دەبێ دوو سێ جار بیخوێنمەوە تا بزانم چی نووسرا و کاکی مەنهەج؛ مەبەستی چییە! ئەی منداڵێک لەو تەمەنەدا؛ دەبێ حاڵی چۆن بێت؟!

هەرچی پەیەندی بە خوێندنی باڵاوە هەیە، تۆ سەیرکە، کاتێ لێکۆڵینەوە دەنێریت بۆ گۆڤاری زانکۆیەکان، ئەوسا دەزانی چ فەوزایەک لەگۆڕێیە! هەر زانکۆیە و ڕێنووسێکی تایبەت بە خۆی دانا و چەند خاڵێکی وەک پێشمەرج نووسیوەتەوە و دەینێرێت بۆ لێکۆڵەر، کە دەبێ ئاوا و ئاوا بنووسی، گەرنا قبوڵمان نییە. ئینجا دەبێتە یەک هەڵڵا ئەوسەری دیار نەبێت. دەبێت (ڕ) لە سەرەتای وشە، چوکڵەکەی ژێری لادەیت. ئەمیان دەڵێ نابێ لایدەیت. دانەیەک باوەڕی بە (وو)نییە و وردودرشت، دەبێ (و) بنووسرێ. دەوەرە کاکم تێگەیەنە، من دەمەوێت بنووسم(کووڕ) و نامەوێت(کوڕ) بنووسم! ئاخر لە زۆر شوێن پێویستمان بە (یی)یە، کەچی زۆرینەیان هەستیارییان بەو جووت پیتە هەیە. واتا ئەوەی من دەیبینم و هەستی پێ دەکەم، پێویستی بە ئیرادە و بوێرییەکی باش هەیە، ئەو کێشانە چارەسەر بکات. بە کوردی و کورتیی، پێویستمان بە سەلاحەدینێکی ئەیوبیی هەیە، فەتحی زمانی کوردی بکات. من لە چاوەڕوانی ئەو سەلاحەدینە؛ ڕۆژان دەژمێرم.

**بۆ ئەوی ڕێنووسێکی ستانداردمان هەبێت؛ پێویستە چی بکرێت؟**

ئاسانە. خەمخۆرانی زمانی ستاندارد_یەکگرتوو؛ دەیان پێشنیاریان خستووەتە ڕوو لەو سیمینار و مێزگرد و کۆنفرانس و ناوە قەبەقەبانەی دی، با بێن کار بەو ڕەشنووسانە بکەن. نوقتە.

***ئایا بوونی ڕێنووسێکی ستاندارت چیمان بۆ فەراهەم دەهێنێت؟**

لای کەم ئەو فەوزایە کەمتر دەکاتەوە کە لەسەرەوە باسمکرد.

**ئایا بە هەڵە بە کارهێنانی خاڵبەندیی لە هەر دەقێکی ئەدەبی یان هزریدا، چی لێ دەکەوێتەوە؟**

مادام خاڵبەندیی، شوێنی ئاوازی دەربڕین دەگرێتەوە، کەواتا پابەندبوون بە درووست بەکارهێنایان، منی خوێنەر وا لێدەکات، تێبگەم لەوەی تۆ دەتەوێ چی بڵێیت. ئایە ئەوەی نووسیوتە، پرسیارییە یان سەرسوڕمان. دەتەوێت بابەتێکی گاڵتەجاڕانە نووسیتەوە؛ یان هەواڵێکی دڵتەزێن. ئاخۆ تا چەند قسەکەرت بۆ دەستنیشانکردووم و زاڵم و مەزلومت بۆ دیاریکردووم؟!

لە ڕستەیەکی وەک (ئەم شاخە چەند بەرزە)، خوێنەر نازانێ، نووسەر؛ سەرسامیی نیشانداوەوە، یا دەیەوێت پرسیار بکات!

یاخود گەر سەیری ئەمە بکەین(چەند کیلۆمەترێک دوورتر هەوڵم دەدا نزیکتر ببمەوە کۆمەڵە مرۆڤێکی کەمم بینی لە نێوان زەوییە بەیارەکەی داپۆشراو بە بەفر لەسەرما ڕاوەستابوون و هەڵدەلەرزین سەرم نەویکرد.

ئەو گۆڕهەڵکەنانەی لای لیزلەوە وەستابوون بە هۆی سەرما دەستیان لێکدەخشاند و لەتاو ساردیی بەفرەکە و ڕەوشی هەڵکەندنەکە دەیاننالاند: وای هەڵکەندنی ئەو هەموو بەفر و شەختەیە زۆر سەختە. و قسەگەلێکی لەم جۆرە).

دواتریش گەر هەمان دەق سەیر بکەینەوە (چەند کیلۆمەترێک دوورتر، هەوڵم دەدا نزیکتر ببمەوە، کۆمەڵە مرۆڤێکی کەمم بینی، لە نێوان زەوییە بەیارەکەی داپۆشراو بە بەفر، لەسەرما ڕاوەستابوون و هەڵدەلەرزین. سەرم نەویکرد.

ئەو گۆڕهەڵکەنانەی لای لیزلەوە وەستابوون، بە هۆی سەرما، دەستیان لێکدەخشاند و لەتاو ساردیی بەفرەکە و ڕەوشی هەڵکەندنەکە، دەیاننالاند:»وای! هەڵکەندنی ئەو هەموو بەفر و شەختەیە زۆر سەختە.» و قسەگەلێکی لەم جۆرە.)

لە یەکەم؛ خوێنەر تا دەقەکە تەواو دەکات، هەناسەی تەنگ دەبێت. بەڵام لە هی دووەم، خوێنەر بەسانایی زاڵ دەبێت بەسەر خوێندەنەوەکەدا. چوون خوێنەر جارجار پێویستیی بە پوشوویەک و هەناسەیەک هەیە. ئەوەشی کاتێ بۆ مەیسەر دەبێ، کە خاڵبەندییی بەکار هێنرابێت.

هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین، بەکارهێنای خاڵبەندیی لای دوو نووسەریش؛ وەک یەک نییە. ئەگەر دوو دەقی بێ خاڵبەندیی بدەین بە دوو کەس و بڵێین خاڵبەندییی لەسەر جێبەجێ بکەن، هەردووکیان بە دوو شێوەی جیا خاڵبەندیی دادەنێن، هەم لە شوێن و لە جۆری... خۆ ئەگەر بێت و دووبارە هەمان دەق بدەینەوە بە هەمان ئەو کەسانە، بەدڵنیاییەوە، شوێن و جۆری خاڵبەندییەکان، وەک پێشوو دانانێنەوە.

***دۆخی هەر یەکە لە (ڕێنووسی و خاڵبەندیی) لە نێوەندی نووسین و بڵاوکراوەکان چۆن دەبینیت و لە چی ئاستێک دایە؟**

-کافر بە حاڵی ڕێنووس و خاڵبەندیی؛ موسوڵمان دەبێت. هەندێجار کە کتێبێک یان دەقێک یان وتارێکی ڕۆژنامەیەک_گۆڤارێک؛ دەخوێنمەوە، لەبەرخۆمەوە دەڵێم: تۆبڵێیت ئەو دەزگایە، کەسێکیان نەبێت سەرە واوێک لە ڕێنووس و خاڵبەندیی بزانێت؟! بەڕاستی دەبێت ئیتر ئەو دەزگا و چاپخانانە، بیکەنە مەرجی سەرەکیی و خاترگرتنیشی تێدا نەبێت، کاتێ

دەقێک بۆ بڵاوکردنەوە دێتە بەردەستیان، ئەگەر ڕێنووسێکی درووست و خاڵبەندییەکی گونجاوی نەبوو، بیگەڕێننەوە، هەرنا لەبەر ئابڕووی دەزگاکەی خۆیان. کاتێکیش ئاگاداریان دەکەیتەوە، وەڵامیان ئەوەیە:(وەڵڵا حەورمەتەن بۆ نووسەر، دەستکاریی دەقەکەمان نەکردووە، دەنا خۆشمان دەزانین هەڵەی زۆرە.) کورە کاکە حورمەتەنی چی؟! ئەوە لەو ڕێیەوە، زمانەکەمان ویران دەکات. ئاخر بێگانەیەک تازە فێرە زمانەکەمان بووبێت، بێت و بیخوێنێتەوە، چی دەڵێیت؟! حورمەت ئەوەیە، وەک کەسایەتی ڕێزی لێبگریت و لەلای سەرەوە داینیشێنیت، بەڵام کە قسە هاتە سەر زمان و نووسین، دەبێ ئەمیان گرنگتربێت و ڕێزی زیاتر لێ بگیرێ وەک لە خودی کەسەکە. چون کەسەکە بڕوا و تورەشبێت، هەر خۆیەتی، بەڵام خراپ مامەڵەکردن لە تەک زمانەکەمان، دەبێتە مردنێکی حەتمی و کارەسات بەدوای خۆیدا دێنت.

***ئایا نووسەرانی کورد ڕێگەخۆشکەر بوونە بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاستنووسیی و ڕێنووسێکی ستاندارد، یاخود بە پێچەوانەوەیە؟**

کەمێکیان نەبێت، ئەگەرنا زۆرینەیان ئەوەی حسابی بۆ نەکەن، ڕاستنووسیی و خاڵبەندییە. هەر ئەوەی لاپەڕیکە ڕەشبکەنەوە، ئەوە بۆ ئەوان بەسە. بێ گوێدانە ئەوەی، ئاخر ئەگەر ئەو دەقە ئاوا بچێتە بەردەستی خوێنەر، خوێنەری داماو چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکات؟! خۆم زۆر کتێب هەبووە، لەگەڵ ئەوەی ناوەڕۆکێکی باشی هەبووە و وەک بابەت؛ کتێبێکی بەسوود بووەم بەڵام لەبەر پابەند نەبوونی نووسەر بە ڕێنووس و خاڵبەندیی، ئەوپەڕی؛ پەنجا لاپەڕەیەک ڕۆیشتووم و بەناچاریی دەستم لێ هەڵگرتووە.

*** گەشەی تەکنۆلۆژیا و ژیری دەستکرد کاریگەرییان بەسەر گشت لایەن و سێکتەرەکانی ژیاندا هەیە، ئایا پەیوەندی و کاریگەریی بەسەر هەر یەک لە (ڕێنووس و خاڵبەندیی) چییە؟**

کەم تا زۆر ئاگاداری ئەو لایەنەی تەکنەلۆژیا نیم، شتێکیش زانیارییم لەسەری نەبێت، پێم خۆشنییە قسەی لەبارەوە بکەم. بەڵام لە هەر لایەنێکەوە بێت، پێویستە ڕێز لە زمانەکەمان بگرین و هێندە بێئەرزشی نەکەین لەبەرچاو نەوەی داهاتوو. بۆ ئەوەی ئەوانیش بزانن زمانێکیان هەیە، هیچی کەمتر نییە لە زمانانی دونیا و بگرە لە زۆرینەیان دەوڵەمەندترە. زمانەکەمان لە گەشەسندنێکی باش دایە، پێویستە بە هەمووان دەستباری بکەین تا لەو پشێوییەی تێی کەوتووە، دەرییبێنین و وەک بوکێک؛ بیخەینە سەر زینی ئەسپی ڕەسەنی نووسین.

دڵشاد کاوانی:

# نووسەران پێویستیان بەوەیە فێری ڕێنووسی کوردی بکرێن

***ئایا سەرچاوەی (دەرکەوتن و بەکارهێنانی) خاڵبەندی بۆ کەی و بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

بۆ خاڵبەندیی و ڕاستنووسی کوردیی، دەبێت بگەڕێینەوە سەر مێژووی ڕێنووسی و ئەلفوبێی کوردی. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاییترین تۆمارە نووسراوەکانی کە ڕەگی زمانی کوردیی تێیدا سەری هەڵداوە، ئەوە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ زمان و نووسینی ئارامی، چونکە ئێمە ئەلفوبێی ئارامی بە کاردێنین. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە سەدەی دەیەمی پێش زاین، کە کۆمەڵێک لە نووسینی ئارامی بە یەکێک لە کۆنترین سیستەمەکانی نووسین دادەنرێت کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرکەوتووە و مێژوویەکی دوور و درێژ و ئاڵۆزی هەیە. لێرەدا تێڕوانینێکی گشتی بۆ مێژووی نووسینی ئارامی دەخەینەڕوو:

سەدەی دەیەمی پێش زایین: سەرچاوەی نووسینی ئارامیی دەگەڕێتەوە بۆ شانشینی ئارامیی کە لە بەشی باکووری لەڤانت و شام و سوریای ئێستادا، یان هەرێمی زاگرۆس دا دەرکەوتووە، کە ئارامییەکان شانشینییەکی بەهێزیان لەو ناوچەیەدا هەبووە.

– نووسینی سەرەتایی ئارامی: سەرەتا نووسینی ئارامی لە نووسینی فینیقیەوە وەرگیراوە، بۆ نووسینەوەی زمانی ئارامیی بەکارهاتووە، کە زاراوەیەکی سامییە و لەو کاتەدا باو بووە.

– بڵاوبوونەوەی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ئاشووری: لە ماوەی سەدەی هەشتەمی پێش زایین، نووسینی ئارامیی، وەک زمانی فەرمی لە ئیمپراتۆریەتی ئاشووریدا بەکارهێنروەا، ئەمەش بەشدار بوو لە بڵاوبوونەوەی بە شێوەیەکی بەربڵاو.

– سەردەمی بابلی: لە ماوەی نێوان سەدەی شەشەم و چوارەمی پێش زایین، نووسینی ئارامیی بەردەوام بوو لە بڵاوبوونەوە، هەروەها بووە زۆرترین زمانی بەکارهێنراو لە ناوچەکانی میزۆپۆتامیا و شام، کە جوولەکەکان بۆ نووسینی دەقە پیرۆزەکانی وەک تەورات بەکاریان دەهێنا دواتر بۆ عیبریی سەر دەهاوێژێت.

– سەردەمی هێلینیستی و ڕۆمانی، لەگەڵ فەتحی هێلینیستی و ڕۆمانی، نووسینی ئارامیی لە ناوچەیەکی بەرفراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکارهێنراوە.

– لە دوای سەرهەڵدانی ئیسلام، نووسینی ئارامیی، لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدا بوو، بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبیدا وردە وردە کاریگەرییەکەی کەم بووەوە.

– تا سەدەی حەوتەمی زاینی، نووسینی ئارامیی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبیدا کەمتر بووبووەوە، بەڵام لە هەندێک مەزهەبی مەسیحیدا هەر بەردەوام بوو، لەوێشدا لە نووسینە ئایینییەکاندا بەکاردەهێنرا. نووسینی ئارامی بە شێوەیەکی سەرەکی لە کۆمەڵگەی ئاشووری و کلدان بەکارهاتووە، بەدیاریکراوی ئەو شێوە ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردییەی ئێستا کە هەیە  بۆ سەدەی ٨ی زایینی، لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیدا. لەو سەردەمەدا زمانی کوردی بە بەکارهێنان و سوودبینین لە ئەلفوبێی سریانی دەنووسرا کە مەسیحییەکانی ئاشووری لە میزۆپۆتامیا بەکاریان دەهێنا، ئەمیش بە گەڕانەوە بۆ ئەلفوبێی ئارامیی.

دەتوانین بڵێین لە سەدەی دەیەمدا زمانی کوردی دەستی بە نووسین کرد، بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی کە لای فەتحکەرانی عەرەبەوە بە ناوچەکە ناسێندرا. ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی ڕێنووسێکی ناوازەی کوردی، کە بە «کارشونی کوردی» ناسراوە، کە بۆ چەند سەدەیەک بەکارهێنراوە.

– لە سەدەی ١٦ لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەلفوبێی ئەرمەنی

بۆ نووسینی کوردی لە هەندێک ناوچەی کوردستان دەستی پێکرد. ئەمەش بووە هۆی پەرەپێدانی ڕێنووسێکی نوێ کە بە «کوردی- ئەرمەنی» ناسراوە.

سەرەتای سەرهەڵدانی نووسینی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، کە نووسینی کوردی چەندین سیستەمی ئەلفوبێی بەکارهێنا. لە سەرەتادا زمانی کوردی پیتی عەرەبی بەکار دەهێنا، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ناوچەکەدا. نووسینە کوردییەکان لە سەدەی نۆیەم و دەیەمی زایینیدا بەشێوەیەکی سیستماتیک دەستیان بە دەرکەوتن کرد، کاتێک هەندێک شاعیری کورد وەک ئەحمەدی خانی، مەلا جزیریی و نالی و حاجی قادریی کۆیی نووسیویانە.

بە تێپەڕبوونی کات سیستەمی دیکەی ڕێنووسیی و نووسینی دیکە، دیارترینیان ئەلفوبێی لاتینی بوو لە سەدەی بیستەمدا. ئەم ئەلفوبێی مۆدێرنە لە لایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە بە ئامانجی ئاسانکردنی فێربوون و نووسینی زمانی کوردی، بە شێوەیەک کە لەگەڵ دەنگە زمانەوانییەکان بگونجێت، دامەزراندووە.

ئەم پێشهاتانە لە نووسینی کوردیدا تیشک دەخەنە سەر گرنگی کولتوور و میراتی کوردی، بەو پێیەی کە لە سەرانسەری نەوەکاندا، بەشدارییان کردووە لە پاراستنی ناسنامە و کولتووری کورد.

– لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان، هەوڵ بۆ دروستکردنی ئەلفوبێیەکی کوردی دەستکەوتێکی ناوازە هەبوو. لە ساڵی ١٩٢٢ کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کورد لە عێراق ئەلفوبێیەکی نوێیان لەسەر بنەمای ڕێنووسی لاتینی دروست کرد کە بە «لاتینی کوردی» ناسرا. ئەم ئەلفوبێیە تا ساڵانی هەشتاکان بەکارهاتووە.

– لە ساڵی ١٩٦٧ ئەلفوبێیەکی نوێی کوردی لە تورکیا پەرەی پێدرا، لەسەر بنەمای ڕێنووسی لاتینی کە تا ئێستاش بەکاردێت. ئەم ئەلفوبێیە بە «لاتینی کوردی» یان «کرمانجی» ناسراوە (ناوی زاراوەیەکی زمانی کوردییە کە لە تورکیا قسەی پێدەکرێت).

لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵی ستانداردکردنی ئەلفوبێی کوردی لە سەرانسەری ناوچە و وڵاتانی جیاوازدا هەبووە. نەتەوە یەکگرتووەکان چەند جۆرێکی کوردی وەک زمانی فەرمی ناساندووە، لەوانە کرمانجی (تورکیا)، سۆرانی (عێراق) و پێهلەوان (ئێران).

ئەمڕۆ چەند ڕێگایەک هەیە بۆ نووسینی کوردی، لەوانە:
١. ڕێنووسی لاتینی (لە تورکیا و هەندێک ناوچەی دیکە بەکاردێت).
٢. ڕێنووسی عەرەبی (لە عێراق و هەندێک ناوچەی سوریا بەکاردێت).
٣. ڕێنووسی فارسی (لە ئێراندا بەکاردێت).
٤. ڕێنووس لەسەر بنەمای سریانی (لای هەندێک مەسیحی ئاشووری و کلدانی بەکاردێت).

سەرەڕای ئەم جیاوازییانە، هەموو ئەم ڕێنووسانە ئامانجیان نوێنەرایەتیکردنی دەنگ و زمانی کوردییە، بە دیاریکراوی ئەو خاڵبەندیی و ڕێنووسەی کە ئێستا بەردەستە، دەتوانین بە دیاریکراوی وەک هەوڵ و کۆشێکی کۆڕی زیانیاری کورد لێکی بدەینەوە. لە ساڵی ١٩٧٠ پاش دەرچوونی بەیانی ١١ ئازار، دەستەیەک لە ڕۆشنبیر و نووسەری کورد لە بەغدا کۆڕی زانیاری کوردیان دامەزراند. وەک دەزگایەکی فەرهەنگی و کولتوریی ئەرکی پاراستن و برەودان بوو بە زمانی کوردیی و بایەخدان بەلێکۆڵینەوە و تویژینەوەی زانستی لە بواری زمان و مێژوو و کەلەپوری کوردیدا، هەروەها دانانی فەرهەنگی زمان و سازدانی کۆنگرەی زانستی و ئەدەبی و دەرکردنی گۆڤار و چاپکردنی کتێب و بەڵگەنامە کۆن و مێژووییەکان، لەوانەش برەویان بە زمان و ڕێنووس و خاڵبەندیی و ڕاستنووسی لە مانی کوریدا.

***بۆچی تاوەکو ئێستا ڕێنووسێکی ستانداردمان نییە، و نەبوونی ئەم ڕێنووسە تاچەند کاریگەری لە سەر زمانی ستاندارد هەیە؟**

–وەکوو لەسەرەوە باسمان کرد ڕەگی وەرگرتنی ڕێنووسی کوردیی زۆر دوور و قووڵ بووە. پاشان کورد لەوەتەی هەیە ژێر دەستەیە و هەرجارێک کەوتۆتە ژێر هەژموونی گەلانی دیکەی ناوچەکە، وەک عەرەب و فارس و تورک و مەغۆل و کلد و ئاشوور. ئەمەش کاریگەریی لەسەر زمان و نووسین هەبووە. بەتایبەتی سەردەمی میرنشینەکان، کە ناوچە کوردییەکانی بە تەواوەتی لەیەک دابڕییوە و زمان و تێگەیشتنی لەیەک دوور خۆستوونەتەوە. بۆ نموونە سۆرانیی و هەورامییەک و بۆتانیی و زازاییی و مورکریان و بابانییەک لە زمانی یەکتر تێناگەن. پاشان کورد دوای مادەکان هەرگیز خاوەن دەوڵەت و سیستەمێکی یەکگرتووی سەرتاسەریی نەبووە. بەڵکوو کۆمەڵگەیەکی هۆزەگەرییی و لەیەکدا بڕابووە. واتە دۆخی سیاسیی کاری کردۆتە سەر زمان و نووسین.

بێگومان لە هەموو دونیادا نەتەوە و کەمەنەتەوە و بن زمان هەبووە. بەڵام ئەوانە توانیوویانە زمانێکی گشتی، یان زمانی نووسینی گشتی ستانداریان هەبێت، کێشەی تێنەگێشتنیان نەما وە وەک زمانی ئینگلیزیی فوسحەی عەرەبیی. بەڵام لەناو کوردا ئەمە گورزێکی بەهێز بوو سەری زمان و نووکی قەڵمی نووسەرانی کوردی شکاندووە. بۆ نموونە خوێنەرێکی سۆرانی پێویستی بەوە وەرگێڕانی کوردی کوردیی هەیە، بۆ ئەوەی خوێنەرێکی سۆرانی لە زمانی نووسەرێکی بادینیی، یان هەوارمیی، یاخوود زازاییی تێبگات. سەرباری ئەوەی لاتینیەکەشی هاتەسەر.

***بۆ ئەوی ڕێنووسێکی ستانداردمان هەبێت پێویستە چی بکرێت؟**

دیارە هەر زمانێک خاوەنی ڕێنووسییەکی یەکگرتوو و یەک پاکێجی نەبێت، ئەو زمانە وەک زمانی فەرمی نووسین گرفتی هەیە و ئاریشە بۆ تێگەیشتن و پێشخستنی زمانەکە و بەرهەم و نووسینەکانی درووست دەکات. بەتایبەتی لە زمانی کوردیدا فەوزایەکی گەورە لە بواری ڕێنووسیدا هەیە. زۆربەی نووسەران پێویستیان بەوەیە کە فێری ڕێنووسی کورد بکرێن. لە دونیادا شتی ئاوانییە، زۆرجار تەنیا بە کلیکێک لە ڕێگەی تەنکنەلۆژیاوە سەرجەم ڕێنووسی و خاڵبنەدیت بۆ چاک دەکات. ئێمە لەناو کوردا نەگیشتووینەتە ئەو ئاستەی پێشخستنی زمان لە زانستی تەکنەلۆژیادا. بۆیە پێویستمان بە نووسیار هەیە، هەموو کتێبێک دەبێت نووسیارێک پێیدابچێتەوە، هەڵەی ڕێنووسیی و خاڵبەندی نووسەر ڕاست بکاتەوە، ئەمە لە هەموو دونیا هەیە، تەنیا لەناو کوردا نییە و مەرجە بۆ چاپوونی کتێب. من هەمیشە ئەوە دەڵێم مەرج نییە، زانایەکی فیزیا، یان کیمیا، پسپۆریش بێت لە زمان و نووسین، بەڵکوو لە ڕێگەی نووسیارەوە دێت و زمان و ڕێنووسی کتێبەکەی ڕێک دەخات. بۆ چارەسەر دوو خاڵ دیاری دەکەم:.

١-بوونی نووسیار بۆ هەموو کتێبێک کە چاپ دەکرێت.

٢- بوونی چاودێریی چاپەمەنیی.

بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری چاپخانەکان کاتێک ژمارەی سپاردن بە کتیبێک دەدەن. دەبێت لێژنەیەک لە پسپۆڕانی زمان پێکبهێنن، ئایایە تاچەند ئەم کتێبە پەیڕەوی بنەماکانی ڕێنووسیی و زمانی کوردیی کردووە. ئەوەتە تورکیا لێمان دوورنییە. هەر کتێبێک کە چاپ دەبێت، مەرجی سەرەتا ئەوەیە زمانی تورکیی

تەواوبێت، یان تاچەند زیانی بۆ زمانی تورکیی نییە، گەرنا ڕێگە بەچاپبوونی نادرێت. ئەم هەنگاوە نەوەک بۆ کتێبی نووسەران، بەڵکوو سەرجەم کتێبەکانی دیکە، تەنانەت بۆ تابلۆی دوکان و بازاڕ و سەرجەم نووسراوە فەرمییەکان پەیڕەو بکرێت. من پێم باشە سزای یاسایشی لەسەر بێت، بەم جۆرە دەتوانیتن خاوەن زمان و ڕێنووسێکی جوان یەکگرتووبین. نەوەک هەر نووسەر و شار و ئاواییەک بە دڵی خۆی شەلم و کوێرم ناپارێزم، بکەوێتە وێزەی زمانی کوردیی. واتە چارەسەری ئەم کێشەیە، بە پلەیەک دەکەوێتە ئەستۆی سیستەم و حوکوومەت، ئینجا نووسەران.

***ئایا بوونی ڕێنووسێکی ستاندارت چیمان بۆ فەراهەم دەهێنێت؟**

-نابێت چاومان لەوەبێت کە بوونی یەک ڕێنووسی ئایە دەستکەوتی چییە؟ بەڵکوو ئەمە مەرجە بۆ پاراستنی زمان و تێگەیشتن لەو زمانەی کە پێی دەنووسرێت. بە کوردییەکەی ئەگەر بمانەوێت زمانەکەمان زمانێکی فەرمی بێت، دەبێت یەکجۆر ڕێنووسیمان هەبێت. ئەمەش بە پڕۆژە دەکرێت، لە شەو ڕۆژێک ناکرێت، بەڵکوو پرۆسیسێکی پەروەردەیی و فێرکردنە. تۆ کە لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی کەسی خوێندەوارت فێری ڕاستنووسیی کرد، دوای قۆناغێک، پێوستی بەمە نابێت مژوولی ئەوەبێت، خۆی فێری ڕێنووسیی بکات. بەمەش خاڵی دەرچوونی ئەو وزەیە زییتر دەکات کە نووسەر پێیەوە سەرقاڵ دەبێت و سەرباری ئەوەی کاتی زۆرتری بۆ ئەو کەسە دەگەڕێنێتەوە کە پێداچوونەی بۆ کتێب و نووسینەکە دەکات. من پێم وایە بنەمایەکە بۆ بەهێزکردنی زمان و بەسەر پرۆسەی وەرگێڕانیش زاڵ دەبێت و کارئاسانیی بۆ دەکات. سەرباری ئەوەی ڕێنووسی هەڵیت و پەڵیت، زەوق و چێژی خوێنەر دەکوژێت.

***ئایا بە هەڵە بە کار هێنانی خاڵبەندی لە هەر دەقێکی ئەدەبی یان هزریدا، چی لێ دەکەوێتەوە؟**

-دەکرێت لە دەق و تێکستێکی شیعریی هەندیکجار بۆ ڕێکخستنیی وەزن و قافییە و بڕگەی شیعریی پەیڕەویی و ڕێنووسیی و خاڵبەندیی نەکرێت، زۆرجار شاعیرانی کلاسیکیش ئەمەیان کردووە. بەڵام هەرگیز ڕێگەی تێناچیت لە دەقەکانی دیکەی ئەدەبیدا، یان هەر نووسینیکی دیکەی ڕۆژانەشدا، ئەمە ڕووبدات. چونکە

کارەساتی لێ دەکەوێتەوە بۆ نموونە: بنووسیت: تکایە بەزەیی، پێویست نییە بیکوژن. واتە کەسەکە مەکوژن و بەزەیی پێ بکەن. بەڵام کاتێک کە تەنیا بۆرەکە نانووسیت، لای بدەیت بەم جۆرەی لێ دێت: تکایە بەزەیی پێویست نییە بیکوژن. واتە کەسەکە بکوژن و پێوستی بە بەزەیی پێداهاتنەوە ناکات. یاخوود، وشەی کوور، کوورِ، یەکیان نێرەی بزنە ئەوەی دیکەیەیان واتە چەماوە، کەسێک کە پشتی چەماوەتەوە. بۆیە بە هیج جۆرێک ناکرێت، پەیرِەوەی خاڵبەندیی نەکەیت، چونکە مانا و مەبەست دەگۆرێت.

***دۆخی هەر یەکە لە (رێنووسی و خاڵبەندی) لە نێوەندی نووسین و بڵاوکراوەکان چۆن دەبینیت و لە چی ئاستێک دایە؟**

-بەگشتی دۆخی راستنووسیی رێنووسیی کوردی، لە هەرێمی کوردستان لە باشی نییە. وەلێ ناکرێت وەڵامەکە گشتگیر بکرێت. هەندێک لە دەزگە چاپ و وەشانەکانی کتێب، خۆڵ و زبڵ بەرهەمەکان بڵاودەکەنەوە. تەنانەت رۆژنامەکانیش تاقەتی خویندنەوەی ئەو بەرهەمەشیان نییە کە بۆیان دێت. چونکە نەوەک هەڵەی رێنووسیی و بگرە بە هەڵەی تایبیشەوە بڵاوی دەکەنەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە سەرنووسەر و دەستەی بەرێوەبەرانی رۆژنامە و گۆڤارەکانیش نایخوێنەوە، یان لێی نازانن. دەمەوێت ئەم گلەییە لە رۆژنامەنووسان بکەم کە بە گشتی شارەزاییان لە رێزمان و رێنووسیی و خاڵبەندیی کوردی نییە. بەڵام دەزگە و چاپەمەنی باشیشمان هەیە، ئەم هەڵەیان بەسەردا تێناپەرێت و گرنگیی بە کوالێکتیی و جۆریەتیی دەزگەکەیان دەدەن.

***جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆر لە دەقەم بۆ بکە.**

دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیرِەو کرابێت.

دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیرِەو نەکرابێت.

-یەکەمیان، وەک باڵاخانەیە کە بە شیوەی ئەندزیاریی دیوارەکانی رێکوپێک کرابیت و هێلکاریی باش و پتەویی بۆ کرابێت. ئەوەی دووم، دیوارەکانی بە هەرِەیی لای کەسیکی نەزان و نەشارەزا هەڵچنرابێت، جگە لە خواروخێچی و ناشیرینی، دواجار بەسەر خاوەنەکەیدا دەکەوێت.

***ئایا نووسەرانی کورد ڕێگە خۆشکەر بوونە بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاستنووسی و ڕێنووسێکی ستاندارد، یاخود بەپێچەوانەوەیە؟**

-ڕاستییەکەی ئەوەیە هەر نووسەرە و بە مەیل و خواستی خۆی ڕێنووسیی کوردی دەشێوێنێت، هەیە لە نەزانیی دەیکات، هەشیانە لەبەر بێ موبالاتی. ئیواش هەیە، بە دەستی ئەنقەست ئەمە دەکات، وەک نووسنی: هەموو بە هەمو. کاتژمێر، بە کاتژێر. پێی گوتم، بە پێمی گوت. تێدایە، بە تیایە. منداڵ بە مناڵ... تادوایی. ئەمەش هەندێجار بەڕێکخراوی بۆ مەبەستی شارچییەتیی، یان سیاسیەت و دەزگە، بۆ خۆ جیاکردنەوەی لەوەی دیکە، ڕێنووسی کوردی دەشێوێنن.

**گەشەی تەکنۆلۆژیا و ژیری دەستکرد کاریگەریان بەسەر گشت لایەن و سێکتەرەکانی ژیاندا هەیە، ئایا پەیوەندی و کاریگەری بەسەر هەر یەک لە (ڕێنووس و خاڵبەندی) چییە؟**

ئەگەر بۆ کورد دەپرسن، تا ئەو کاتەی ئەو پرسیارە لە من دەکەن. کورد نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە چارەسەری کێشەی ڕێنووسیی کردبێت، چونکە ئەوەی کە زمانی کوردیی خستۆتە نێو زمانەکانی جیهانیی و بە ئامێرکردن و گۆکردنی زمان، هەمان ئەو کەسانەن کە لە کێشەی هەڵەی ڕێنووسیی بەدەرنین. وەلێ زمانەکانی دیکە، تاڕادەیەکی باش دەستکردی زیرەک و تەکنەلۆژیایان خستۆتە خزمەتی زمانەکەیان.

جوتیار قارەمان:

# کاریگەرییەکانی نەبوونی ڕێنووسی ستاندارد لەسەر زمانی ستاندارد فرەلایەنن

**※خاڵبەندی سەرچاوەی دەرکەوتن و بەکارهێنانی بۆ کەی و بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-خاڵبەندی یارمەتیی خوێنەر دەدات بۆ باشتر تێگەیشتن لە مەبەستی نووسەر و ئاسانکردنی خوێندنەوە. یارمەتیی نووسەر دەدات بۆ ڕێکخستنی بیرۆکەکانی بە شێوەیەکی لۆژیکی و ڕوون. دەرکەوتن و بەکارهێنانی خاڵبەندی لە نووسیندا بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە، لەوانە پێویستیی ڕێکخستنی نووسین. لەگەڵ پەرەسەندنی نووسین و زیادبوونی بەرهەمە نووسراوەکاندا پێویستی بۆ سیستمێکی ڕێکخستن هەستی پێ کرا. هەروەها گەشەکردنی چاپەمەنی لە سەدەی ١٥دا بووە هۆی بڵاوبوونەوەی خێرای نووسراوەکان کە پێویستی بە ستانداردێکی یەکگرتوو بۆ خاڵبەندی زیاتر کرد. هۆیەکی دیکەیش پێشکەوتنی زمانەوانی بوو و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان یارمەتیدەر بوون بۆ تێگەیشتن لە گرنگیی جیاکردنەوەی بەشە جیاوازەکانی ڕستە.

لە سەردەمی کۆندا یۆنانییەکان و ڕۆمانەکان هەندێک نیشانەی سادەیان بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی دەق بە کار هێناوە. لە سەدەی ٣ی پێش زاییندا «Aristophanes»ی ئەسکەندەری بە بەکارهێنانی خاڵ لە ئاستە جیاوازەکاندا سیستمێکی بۆ دابەشکردنی دەق داهێنا. موسڵمانانیش بەر لە سەدەکانی ناوەڕاست لە قورئان و نووسینەکانیاندا کۆمەڵێک نیشانەیان بۆ ئاسانترکردنی خوێندنەوە و تێگەیشتن بە کار دەهێنا. ئینجا دواتر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕاهیبەکان سیستمی تایبەتیان بۆ خوێندنەوەی دەقە ئایینییەکان بە کار هێنا. لە ساڵی ١٤٤٠دا گۆتێنبێرگ پیتی چاپی داهێنا کە لە بواری خاڵبەندیدا بووە هۆی گۆڕانکاریی گەورە. ئینجا لە کۆتایی سەدەی ١٥دا ئالدوس مانوتیوسی چاپکەری ڤینیسیایی سیستمێکی خاڵبەندیی داهێنا کە بنەمای سیستمی ئێستامانە.

لە سەدەی ٧دا «Isidore»ی ئیشبیلی یان سیڤییایی یەکەم کەس بوو کە باسی خاڵ و بۆر (فاریزە)ی کرد. لەم سەردەمەدا زۆربەی نیشانەکانی خاڵبەندی کە ئێستا بە کاریان دەهێنین، داهێنران. بێن جۆنسن یەکەم کەس بوو کەلە ساڵی ١٦٤٠دا وشەی «خاڵبەندی (punctuation)»ی بە کار هێنا. لە سەدەکانی ١٨ و ١٩دا لە ئەورووپا و ئەمریکا یاساکانی خاڵبەندی زیاتر ستاندارد بوون. نووسەران و زمانەوانانی وەک نوا وێبستەر (Noah Webster)ی ئەمریکایی کاریگەرییان لەسەر پەرەپێدانی یاساکانی خاڵبەندی هەبوو. لە سەدەی ٢٠دا خاڵبەندی بووە بەشێکی گرنگ لە فێرکردنی زمان و نووسین. هەندێک نووسەر و هونەرمەند دەستیان کرد بە تاقیکردنەوەی شێوازی نوێی خاڵبەندی، وەک ئێدوارد ئیستلین کەمینگز.

لە سەردەمی دیجیتاڵی و ئینتەرنێت و کورتەنامەکاندا هەندێک گۆڕان لە بەکارهێنانی خاڵبەندیدا ڕوویان داوە، لە نموونەی داهێنانی «ئیمۆجی» وەک شێوازێکی نوێی گەیاندنی هەست و سۆز لە نووسیندا.

ئەم مێژووە درێژە نیشانی دەدات کە چۆن خاڵبەندی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پێویستییە نوێیەکانی پەیوەندی و نووسیندا بەردەوام لە گۆڕان و پەرەسەندندایە.

***بۆچی تاوەکو ئێستا ڕێنووسێکی ستانداردمان نییە، و نەبوونی ئەم ڕێنووسە تاچەند کاریگەری لە سەر زمانی ستاندارد هەیە؟**

-نەبوونی ڕێنووسێکی ستانداردی کوردی بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە. یەکەم، فرەیی زاراوەکانی زمانی کوردی وەک باکووری، ناوەندی و باشووری کە هەر

یەکێکیان دەبن بە چەند بنزاریکەوە کە ئاستەنگێکی گەورەیە لە بەردەم یەکگرتن و ڕێککەوتن لەسەر ڕێنووسێکی هاوبەش.

دووەم، دابەشبوونی جوگرافیای کوردستان بەسەر چەند وڵاتدا کاریگەریی نەرێنیی لەسەر پەرەپێدانی زمانێکی ستاندارد هەبووە. هەروەها سیاسەتی زمانی لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا ڕێگر بووە لە گەشەکردنی ستانداردێکی یەکگرتوو. لە لایەکی ترەوە نەبوونی دامەزراوەیەکی زمانەوانیی یەکگرتوو کە لە لایەن هەموو بەشەکانی کوردستانەوە پەسەند کرابێت، بۆشاییەکی گەورەی دروست کردووە.

کاریگەرییەکانی نەبوونی ڕێنووسی ستاندارد لەسەر زمانی ستاندارد فرەلایەنن. سەرەتا ئەم دۆخە دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندیی نێوان کوردانی ناوچە جیاوازەکان. هەروەها کێشە لە بواری فێرکردن و فێربووندا دروست دەکات، چونکە قوتابییان و مامۆستایان لە ڕەوتی فێرکردن و فێربووندا تووشی ئاستەنگ دەبن. لە لایەکی ترەوە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر بەرهەمهێنانی زانستی و ئەکادیمی بە زمانی کوردی هەیە و کێشە بۆ وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی دروست دەکات.

هەروەها نەبوونی ڕێنووسێکی ستانداردیش دەبێتە هۆی لاوازبوونی ناسنامەی یەکگرتووی زمانی کوردی. ئەمە لە کاتێکدایە کە زمان یەکێکە لە گرنگترین توخمەکانی ناسنامەی نەتەوەیی. وێڕای ئەوەیش، ئەم دۆخە کێشە بۆ پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای زمانی دروست دەکات، بە تایبەت لە بواری پرۆگرامەکانی ڕاستکردنەوەی ڕێنووس و وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکیدا.

سەرەڕای ئەم کێشانە، بۆ دروستکردنی ڕێنووسێکی ستاندارد هەوڵی زۆر دراوە، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە. گرنگە هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ستانداردێکی هاوبەش کە لە لایەن زۆرینەی کوردەوە پەسەند بکرێت، بەردەوام بن. ئەمەیش پێویستی بە هاوکاری و هاوئاهەنگیی نێوان زمانەوانان، نووسەران و، دامەزراوە پەروەردەییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان هەیە.

***بۆ ئەوی ڕێنووسێکی ستانداردمان هەبێت پێویستە چی بکرێت؟**

بۆ ئەوەی زمانی کوردی ڕێنووسێکی ستانداردی هەبێت، چەند هەنگاوێکی گرنگ پێویستە بنرێت. سەرەتا پێویستە کۆنگرەیەکی گەورەی زمانەوانیی کوردی ساز بکرێت کە تێیدا زمانەوانان، نووسەران و ڕۆشنبیرانی هەموو بەشەکانی کوردستان

بەشداری بکەن. دەکرێت لەم کۆنگرەیەدا گفتوگۆی قووڵ لەسەر پرسی ڕێنووس بکرێت و هەوڵ بدرێت بگەنە کۆدەنگییەک.

هەروەها پێویستە ئەکادیمیایەکی زمانی کوردی دابمەزرێنرێت. دەڵێم ئەکادیمیای زمانی کوردی نەک ئەو ئەکادیمیایەی ئێستا هەیە. واتە ئەکافدیمیایەک بێت تەنیا تایبەت بێت بە کۆڵینەوە و توێژینەوە لە زمانی کوردی. جا ئەو ئەکادیمیایە بێلایەنانە نوێنەرایەتیی هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی بکات. ئەم ئەکادیمیایە دەتوانێت بەردەوام کار لەسەر پرسی ڕێنووس و ستانداردکردنی زمان بکات و بڕیاری پێویست بدات.

پێویستە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەنێوان دامەزراوە پەروەردەییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەبێت. ئەمە دەتوانێت لە جێبەجێکردنی ڕێنووسی ستاندارد لە سیستمی خوێندندا یارمەتیدەر بێت.دەبێت میدیای کوردی، بەتایبەت کەناڵە تەلەفزیۆنی و ئینتەرنێتییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕۆڵێکی گرنگ لە بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی ڕێنووسی ستانداردا ببینن. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک زیاتر بە ڕێنووسی ستاندارد ئاشنا بن. گرنگە حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان و زمانەوان و لایەنە دەسترۆیشتوو و قسەڕۆیشتووەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پشتگیریی لەم هەوڵانە بکەن و یاسای پێویست بۆ بەکارهێنانی ڕێنووسی ستاندارد لە دامودەزگا فەرمییەکاندا دەر بکەن.

پێویستە بەرنامەی تایبەت بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر ڕێنووسی ستاندارد دابنرێت. ئەمە وا دەکات ڕێنووسی ستاندارد بە ئاسانی لەنێو نەوەی نوێدا بڵاو ببێتەوە.

هەروەها گرنگیشە کە ڕەوتی بەستانداردکردنی ڕێنووس وەک ڕەوتێکی بەردەوام سەیر بکرێت. پێویستە بەردەوام پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ڕێنووسی ستاندارد بکرێت و گۆڕانی پێویست بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی زماندا بگونجێت.

### هەبوونی ڕێنووسێکی ستاندارد چیمان بۆ فەراهەم دەهێنێت؟

هەبوونی ڕێنووسێکی ستاندارد بۆ زمانی کوردی چەندین دەستکەوتی گرنگ بۆ کورد فەراهەم دەهێنێت. ڕێنووسی ستاندارد دەبێتە هۆی بەهێزکردنی یەکێتیی

نەتەوەییی کورد. کاتێک هەموو کوردێک بە یەک شێوە دەنووسێت، هەستی هاوبەشی نەتەوەیی بەهێزتر دەبێت و پەیوەندیی نێوان کوردانی ناوچە جیاوازەکان ئاسانتر دەبێت.

ڕێنووسی ستاندارد لە پەرەپێدانی سیستمی پەروەردە و فێرکردندا یارمەتیدەر دەبێت. قوتابییان و مامۆستایان لە سەرانسەری کوردستاندا دەتوانن بە شێوەیەکی یەکگرتوو فێری نووسین و خوێندنەوە بن، کە ئەمەیش کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر ئاستی خوێندەواری و زانست دەبێت.

هەروەها ڕێنووسی ستاندارد دەرفەتی گەشەکردنی ئەدەبیات و بەرهەمهێنانی زانستی بە زمانی کوردی زیاد دەکات. نووسەران و توێژەران دەتوانن بە ئاسانی بەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوە و خوێنەرانی زیاتر لە هەموو بەشەکانی کوردستان بگەنە بەرهەمەکانیان.

هاوکات کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر پێگەی نێودەوڵەتیی زمانی کوردی دەبێت. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردی وەک زمانێکی یەکگرتوو و پێشکەوتوو لە جیهاندا بناسرێت و دەرفەتی فێربوونی لەلایەن بیانییەکانەوە زیاد بکات.

ڕێنووسی ستاندارد لە پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای زمانی کوردیدا یارمەتیدەر دەبێت. بۆ نموونە، دروستکردنی پرۆگرامی ڕاستکردنەوەی ڕێنووس، فەرهەنگی ئەلیکترۆنی و سیستمی وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی ئاسانتر دەبێت.دەبێتە هۆی بەهێزکردنی میدیای کوردی. ڕۆژنامە، گۆڤار و ماڵپەڕە کوردییەکان دەتوانن بە شێوەیەکی یەکگرتوو بنووسن و خوێنەرانی زیاتر لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕابکێشن.

هەروەها لە درێژماوەدا دەبێتە هۆی پاراستن و بەردەوامیی زمانی کوردی. بە بوونی سیستمێکی نووسینی یەکگرتوو مەترسیی لەناوچوون یان لاوازبوونی زمانەکە کەمتر دەبێتەوە و توانای بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریی زمانە زاڵەکانی دەوروبەری زیاتر دەبێت.

***هەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندی لە هەر دەقێکی ئەدەبی یان هزریدا چیی لێ دەکەوێتەوە؟**

-هەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندی لە دەقە ئەدەبی و هزرییەکاندا چەندین کاریگەریی نەرێنیی لێ دەکەوێتەوە. تێگەیشتنی خوێنەر لە دەقەکە ئاڵۆز دەبێت. خاڵبەندی ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕێکخستنی بیرۆکەکان و جیاکردنەوەی بەشە جیاوازەکانی ڕستە دەبینێت.

کاتێک خاڵبەندی بە دروستی بە کار نەهێنرێت، خوێنەر لە مەبەستی نووسەر دەکەوێتە گومانەوە و لەوانەیە بە هەڵە لە دەقەکە بگات.

هەروەها ڕەوانبێژی و جوانیی دەقەکە کەم دەبێتەوە. لە ڕاستیدا خاڵبەندی بەشێکە لە هونەری نووسین و ڕۆڵی گرنگ لە دروستکردنی ڕیتم و ئاوازی دەقدا دەبینێت. هەڵە لە بەکارهێنانیدا دەبێتە هۆی تێکدانی ئەم ڕیتمە و کەمکردنەوەی کاریگەریی هونەریی دەقەکە.

کە خاڵبەندی بە هەڵە بە کار هێنرا باوەڕ و متمانەی خوێنەر بە نووسەر کەم دەبێتەوە. هەڵەی زۆر لە خاڵبەندیدا دەکرێت وەک نیشانەی کەمتەرخەمی یان نەزانیی نووسەر سەیر بکرێت، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندیی نێوان نووسەر و خوێنەر دروست دەکات.

دەکرێت هەڵە لە خاڵبەندیدا ببێتە هۆی گۆڕینی واتای ڕستەکان. بۆ نموونە، جێگۆڕکێی بۆر یان خاڵێک دەتوانێت واتای ڕستەیەک بە تەواوی بگۆڕێت کە ئەمەیش لە دەقە هزرییەکاندا زۆر مەترسیدارە و دەشێت ببێتە هۆی تێگەیشتنی هەڵە لە بیرۆکە و تیۆرییەکان.

دەکرێت هەڵەی خاڵبەندی لە بواری ئەکادیمیدا کاریگەریی نەرێنیی لەسەر هەڵسەنگاندنی کارەکە هەبێت. لە زۆربەی زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکاندا خاڵبەندی وەک بەشێکی گرنگ لە نووسینی ئەکادیمی سەیر دەکرێت و هەڵە تێیدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی نمرە.

هەڵەی بەردەوام لە خاڵبەندیدا دەبێتە هۆی بڵاونەبوونەوەی دەقەکە. زۆربەی بڵاوکەرەوەکان و گۆڤارە ئەدەبی و زانستییەکان گرنگییەکی زۆر بە خاڵبەندی دەدەن و لەوانەیە دەقێک کە پڕ بێت لە هەڵەی خاڵبەندی ڕەت بکەنەوە. بۆیە گرنگە کە نووسەران بایەخێکی تایبەت بە خاڵبەندی بدەن و پێش بڵاوکردنەوەی دەقەکانیان بە وردی پێیاندا بچنەوە.

جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆرە دەقەم بۆ بکە: دەقێک خاڵبەندیی تێدا پەیڕەو کرابێت لەگەڵ دەقێک خاڵبەندیی تێدا پەیڕەو نەکرابێت.

چەند جیاوازییەکی سەرەکییان هەیە. دەقی خاڵبەندیکراو ئاسانتر دەخوێنرێتەوە و بۆ تێگەیشتن شیاوە، لە کاتێکدا دەقی بێخاڵبەندی خوێندنەوە و تێگەیشتنی قورسە. خاڵبەندی یارمەتیی خوێنەر دەدات پێکهاتەی ڕستەکان و بیرۆکەکان دەستنیشان

بکات، بەڵام لە دەقی بێخاڵبەندیدا سنووری نێوان ڕستەکان و بیرۆکەکان ڕوون نییە. هەروەها لە دەقی خاڵبەندیکراودا بیرۆکەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و لۆژیکی دابەش دەکرێن، بەڵام لە دەقی بێخاڵبەندیدا لەوانەیە بیرۆکەکان تێکەڵ بن و سنووریان لێڵ بێت.

لە لایەکی ترەوە، لە دەقی خاڵبەندیکراودا مەبەستی نووسەر ڕوونتر و وردتر دەر دەکەوێت، کەچی لە دەقی بێخاڵبەندیدا دەکرێت مەبەست لێڵ یان چەندین لێکدانەوەی هەبێت. هەروەها خاڵبەندی یارمەتیی دروستکردنی ڕیتم و دەنگی دەق دەدات، بەڵام لە دەقی بێخاڵبەندیدا ڕیتم و دەنگی دەق ناڕوون و بێزارکەرە. دەقی خاڵبەندیکراو زیاتر پیشەییبیانە دەر دەکەوێت، بەڵام دەقی بێخاڵبەندی وا نییە. ئەم جیاوازییانە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر چۆنیەتیی گەیاندنی پەیام و تێگەیشتنی خوێنەر لە ناوەڕۆکی دەقەکە هەیە.

***دۆخی هەر یەکە لە «ڕێنووس و خاڵبەندی» لە نێوەندی نووسین و بڵاوکراوە کوردییەکاندا چۆن دەبینیت و لە چ ئاستێکدایە؟**

-دۆخی ڕێنووس و خاڵبەندی لە نێوەندی نووسین و بڵاوکراوە کوردییەکاندا ئاڵۆزییەکی تایبەتی هەیە و لە چەند ڕوویەکەوە دەکرێت باسی بکەین. بە گشتی، دەتوانین بڵێین هەنگاوی باش بەرەو ستانداردکردنی ڕێنووس نراوە کە زۆربەیان تاکەکەسین، بەڵام هێشتا کێشە و ناڕێکییەکان بەردەوامن و ئەوەیش وای کردووە شەش جۆری ڕێنووس هەبێت کە من بەم جۆرە ناویان دەنێم: شێوازی بەر لە کۆڕی زانیاری کورد (ئەمە لەناو زۆربەی نووسەرە بەتەمەنەکاندا بڵاوە)، شێوازی ئەکادیمیای کوردی (چەند نووسەر و دەزگایەک پەیڕەوی دەکەن، بەڵام بە تەواوی نا)، شێوازی فەرهاد شاکەلی (خوێندکار، دۆستان و لایەنگرانی فەرهاد شاکەلی پەیڕەوی دەکەن)، شێوازی د. محەممەد مەحوی (خوێندکارانی د. محەممەد مەحوی پەیڕەوی دەکەن)، شێوازی د. جەمال نەبەز (چەند میدیایەک و دۆستان و لایەنگرانی د. جەمال نەبەز پەیڕەوی دەکەن)، شێوازی نەوشیروان مستەفا (میدیای گۆڕان و ئەوانە پەیڕەوی دەکەن کە وردەکارییەکانی زمان لە نووسینیاندا بە لاوە گرنگ نییە و ناتوانن لە ڕێسا و یاساکانی ڕێنووس بگەن و بە حەزی خۆیان ڕێنووسی وشەکان دەنووسن). لە بەرانبەردا بۆ خاڵبەندی کارێکی ئەوتۆ نەکراوە و تەنانەت زۆربەی

نووسەرە بەناوبانگ و گەورەکانی کوردیی ناوەندییش خاڵبەندییان خراپە و نایزانن و لە خۆیانەوە هەندێک لە نیشانەکان دادەنێن، بە تایبەت لە بەکارهێنانی هێماکانی وەک بۆر (،)، خاڵبۆر (؛) و کەوانە ().

لە ڕاستیدا، ئاستی پەیڕەوکردنی ڕێنووس و خاڵبەندیی دروست لەنێوان بڵاوکراوە جیاوازەکاندا جیاوازە. بەشێکی زۆری دەزگا میدیاییەکان و میدیای کۆمەڵایەتی و هەندێک بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی هەن کە هەر گرنگییان پێ نادەن.

بە کورتی، دەتوانین بڵێین دۆخی ڕێنووس و خاڵبەندی لە نێوەندی کوردیدا لە ئاستێکی ناوەنددایە، بەڵام بۆ گەیشتن بە ستانداردێکی یەکگرتوو و پەیڕەوکراو لە هەموو بوارەکانی نووسین و بڵاوکردنەوەدا پێویستی بە کار و هەوڵی زیاترە.

***ئایا نووسەرانی کورد ڕێگەخۆشکەربوونە بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاستنووسی و ڕێنووسێکی ستاندارد، یاخود بە پێچەوانەوەیە؟**

-زۆربەی ئەو نووسەرانەی بە کوردیی ناوەندی دەنووسن ڕێنووس نازانن، بەشێکی زۆری ئەوانەیشی دەیزانن هەریەکەو لە ئاوازێک دەخوێنێت و هیچیان ئامادە نییە گوێ لەوی دیکە و بەڵگەی یەکدی بگرن. بۆیە نەخێر نووسەرانی کورد ڕێگەخۆشکەر نەبوون بۆ ڕێنووسێکی ستاندارد، بگرە هۆکاری شپرزەیی و تێکەڵوپێکەڵیی ڕێنووس بوون. بە بڕوای من ئەم بابەتە بەم ئاسانییە چارە نابێت، چونکە ڕێنووس وەک بیرکارییە و وردەکاریی زۆرە و هەموو کەسێک ناتوانێت بە ئاسانی فێری ببێت، بۆیە بە ئاسانییش ڕێگەی بۆ خۆش نابێت تا بچێتە ناو نووسەران و خەڵکەوە، مەگەر ئەوەی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە وەک ئەمری واقیع بەسەر نەستی خەڵکی ڕەمەکی نەک شارەزاکەدا بسەپێت.

*** گەشەی تەکنۆلۆژیا و ژیریی دەستکرد کاریگەریان لەسەر گشت لایەن و سێکتەرەکانی ژیان هەیە، پەیوەندی و کاریگەریی بەسەر هەر یەک لە «ڕێنووس و خاڵبەندی»یەوە چییە؟**

-گەشەی تەکنۆلۆژیا و ژیریی دەستکرد کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ڕێنووس و خاڵبەندیی زمانی کوردی هەیە. ئەم کاریگەرییانە چەندین ڕەهەندی جیاواز لە خۆ دەگرن کە پێویستە بە وردی لێیان بکۆڵینەوە. یەکێک لە گرنگترین کاریگەرییەکان، یەکخستن و ستانداردکردنی ڕێنووس و خاڵبەندییە. تەکنۆلۆژیا دەرفەتی زیاتری

ڕەخساندووە بۆ یەکخستنی شێوازی نووسین لە ڕێگەی بەرنامە و ئاپڵیکەیشنەکانی تایبەت بە زمانی کوردی. بۆ نموونە، کیبۆردی کوردی بۆ مۆبایل و کۆمپیوتەر هانی بەکارهێنانی شێوازێکی ستاندارد دەدەن. هەروەها فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان و چێککەرەوەی ڕێنووس یارمەتیی نووسەران دەدەن بۆ پەیڕەوکردنی ڕێنووسی دروست و یەکگرتوو.

لە لایەکی ترەوە، بەهۆی ئینتەرنێت و سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانەوە دەستگەیشتن بە زانیاری ئاسانتر بووە. ئەمەیش دەرفەتی زیاتری بۆ فێربوونی ڕێنووس و خاڵبەندی ڕەخساندووە. نووسەران و خوێنەران دەتوانن بە ئاسانی دەستیان بە ڕێنمایی و سەرچاوەکانی پەیوەندیدار بە ڕێنووس و خاڵبەندی بگات کە ئەمەیش لەم بوارەدا یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و شارەزایی. لە هەمان کاتدا ئەم دەستگەیشتنە ئاسانە لە بواری ڕێنووس و خاڵبەندیدا دەبێتە هۆی خێراتر بڵاوبوونەوەی ستانداردە نوێیەکان و گۆڕانکارییەکان.

سیستمەکانی ڕاستکردنەوەی ئۆتۆماتیکی کە بەشێکن لە تەکنۆلۆژیای ژیریی دەستکرد لە باشترکردنی کوالیتیی نووسیندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. ئەم بەرنامانە یارمەتیی نووسەران دەدەن هەڵەکانی ڕێنووس و خاڵبەندی بدۆزنەوە و چاکیان بکەن. ئەمەیش نەک تەنیا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەڵەکان، بەڵکو دەبێتە هۆی فێربوونی نووسەرانیش، چونکە ئەوان دەتوانن لە هەڵەکانیان فێر ببن و بە تێپەڕبوونی کات لە بەکارهێنانی ڕێنووس و خاڵبەندیی دروستدا باشتر بن.

تەکنیکەکانی فێربوونی قووڵ و شیکردنەوەی زمان کە بەشێکن لە بواری ژیریی دەستکرد دەرفەتی نوێیان بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە پێکهاتەی زمانی کوردی ڕەخساندووە. ئەم سیستمانە دەتوانن شیکردنەوەی قووڵتر بۆ پێکهاتەی ڕستە و بەکارهێنانی خاڵبەندی بکەن. ئەمەیش دەبێتە هۆی دروستکردنی ئامرازی باشتر بۆ فێرکردن و ڕاهێنان لەسەر ڕێنووس و خاڵبەندی. هەروەها ئەم تەکنیکانە دەتوانن یارمەتیی زمانەوانان بدەن لەنێوان بەشە جیاوازەکانی ڕستەدا پەیوەندییەکان بدۆزنەوە کە دەکرێت ببێتە هۆی دارشتنی ڕێسای باشتر بۆ خاڵبەندی.

هەروەها گۆڕانکاری لە شێوازی نووسیندا بەهۆی بەکارهێنانی میدیای کۆمەڵایەتی و پەیامە کورتەکانەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕێنووس و خاڵبەندی هەیە. دەکرێت ئەم گۆڕانکارییە ببێتە هۆی سادەکردنەوەی هەندێک لە ڕێساکانی خاڵبەندی

یان دروستبوونی شێوازی نوێی نووسین. بۆ نموونە، بەکارهێنانی ئیمۆجی و کورتکراوەکان لە نووسینی ڕۆژانەدا دەکرێت کاریگەریی لەسەر شێوازی بەکارهێنانی خاڵبەندی و تەنانەت ڕێنووسیش هەبێت. ئەمەیش پێویستی بە لێکۆڵینەوە و گونجاندنی ڕێساکانە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا بگونجێن بەبێ ئەوەی ناسنامەی زمانەکە لە دەست بدرێت.

هاوکات سیستمەکانی وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی کە بەشێکن لە تەکنۆلۆژیای ژیریی دەستکرد، دەبنە هۆی زیادبوونی ئاڵوگۆڕی زمانەوانی. دەکرێت ئەمەیش کاریگەریی لەسەر ڕێنووس و خاڵبەندی هەبێت، بە تایبەت کاتێک دەقی کوردی لە زمانێکی ترەوە وەردەگێڕدرێت. لە لایەکی دیکەوە، ئەم سیستمانە دەتوانن لە بڵاوکردنەوەی ڕێسا و ستانداردەکانی ڕێنووس و خاڵبەندیدا یارمەتیدەر بن، بەڵام لە بەرانبەریشدا دەکرێت ببنە هۆی هاتنە ناوەوەی شێوازی خاڵبەندیی زمانە بیانییەکان بۆ ناو زمانی کوردی.

وێڕای ئەم کاریگەرییە ئەرێنییانە، هەندێک نیگەرانییش هەن کە پێویستە ئاگاداریان بین. بۆ نموونە، دەشێت زۆر پشتبەستن بە تەکنۆلۆژیا ببێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای کەسیی نووسەران لە ڕێنووس و خاڵبەندیدا. هەروەها دەکرێت هەندێک جار تەکنۆلۆژیا هەڵە بکات یان نەتوانێت تایبەتمەندییە وردەکانی زمانی کوردی لەبەرچاو بگرێت. بۆیە گرنگە کە هاوسەنگییەک لەنێوان بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و پاراستنی توانای کەسیدا هەبێت.

لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین کە گەشەی تەکنۆلۆژیا و ژیریی دەستکرد دەرفەتی زۆریان بۆ پێشخستنی ڕێنووس و خاڵبەندیی کوردیی ناوەندی ڕەخساندووە. ئەم گۆڕانکارییانە دەتوانن ببنە هۆی یەکخستن و ستانداردکردنی زیاتر، باشترکردنی کوالیتیی نووسین و، دروستکردنی ئامرازی باشتر بۆ فێرکردن و ڕاهێنان. بەڵام لە هەمان کاتیشدا بۆ پاراستنی تایبەتمەندییەکانی زمانەکەمان و دڵنیابوون لەوەی کە تەکنۆلۆژیا دەبێتە یارمەتیدەر نەک جێگرەوەی توانای کەسی لە بواری ڕێنووس و خاڵبەندیدا، پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا بکرێت.

دڵشاد هیوا:

# نەبوونی سیستەمێکی ڕێنووسی یەکچەشن، کاریگەریی گەورەی لەسەر ستانداردکردنی زمان هەیە

***ئایا سەرچاوەی (دەرکەوتن و بەکارهێنانی) خاڵبەندی بۆ کەی و بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– مێژووی خاڵبەندی و نیشانەدانان بۆ سەردەمانی کۆنی گەشەسەندنی نووسین دەگەڕێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی سیستماتیکی و بەرفراوان، بە تێپەڕبوونی کات پەرەی سەندووە و شێوەی ئێستای وەرگرتووە. لە ڕۆژئاوا، یەکێک لە یەکەمین هەوڵەکان بۆ بەکارهێنانی نیشانەکان بۆ نزیکەی سەدەی سێیەمی پێش زاین لە یۆنانی کۆندا، دەگەڕێتەوە. ئەریستۆفانی بیزانتی (Aristophanes of Byzantium)، یەکێک لە نووسەرانی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، نیشانەگەلێکی لە شێوەی خاڵی بچوکدا، بۆ جیاکردنەوەی بەشە جیاوازەکانی دەقەکان بەکار هێناوە و ئەمەی وەک ئاسانکارییەک بۆ خوێندنەوە داهێناوە. ئەم نیشانانە، لە سەرەوە، خوارەوە و ناوەڕاستی دێڕەکاندا دانراون، کە ئاماژەن بۆ وەستانی کورت و مامناوەند و درێژ. لە ئیمپراتۆریای ڕۆمیشدا، بەکارهێنانی نیشانەکان سنووردار بووە و بە شێوەیەکی سەرەکی، بۆ جیاکردنەوەی وشەکان و باشترکردنی خوێندنەوەی دەقێک بەکار هێنراون. هاوکات خاڵ و لارهێڵ، بۆ دروستکردنی بۆشایی لە نێوان ڕستە و دەستەواژەکاندا بەکار هاتوون.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەکارهێنانی خاڵبەندی زیاتر لە دەقە ئایینییەکان و دەستنووسەکانی کڵێسادا بەدی دەکرێن ئەمەش بە مەبەستی ئاسانکاری لە خوێندنەوە و هەڵەنەکردن بووە. بەڵام لەگەڵ داهاتنی چاپخانە لە سەدەی پانزەهەمدا، سیستەمی خاڵبەندییش باشتر بوو و هێدی هێدی لە فۆرمە مۆدێرنەکانی نزیکتر بووەوە. داهێنەرانێکی وەک ئالدۆس مانوتیوس (Aldus Manutius)، چاپکەری ئیتالیایی، نیشانەگەلێکی وەک بۆر (کۆما)، خاڵبۆر (کۆمای خاڵدار) و نیشانەی پرسیاری بۆ دەقە چاپکراوەکانی زیاد کرد و یارمەتی ستانداردکردنی نیشانەدانانی دا.

ئەم ڕەوتە لە شوێنە جیاوازەکاندا گۆڕانکاریی بچوکی بەخۆیەوە دیوە، تا سەدەی حەڤدەهەم کە نیشانەدانان و خاڵبەندی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دەقە زانستی، ئەدەبی و گشتییەکاندا بەکار هێنرا و بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە زمانی نووسراو. لە ئێستادا، سیستەمەکانی خاڵبەندی، هەرچەندە لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازییەکی کەمی هەیە، بەڵام وەک ئامرازێکی گرنگ لە تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەقەکاندا بەکار دەهێنرێت.

بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ گەڕان بەدوای مێژووی بەکارهێنانی خاڵبەندی و نیشانەدانان، دەبێت لە وردبوونەوە لە زمانی عەرەبییەوە دەست پێ بکەین و پاشان بپەرژێینە سەر زمانەکانی تری وەک فارسی، عوسمانی و دواجاریش کوردی کە ڕێگایەکی هاوشێوەی زمانەکانی دیکەی گرتۆتە بەر. لە زمانی عەرەبیدا، نیشانەدانان شێوە و گەشەکردنێکی جیاوازتری هەیە و شێوەی خاڵبەندیی مۆدێرن تێیدا بۆ سەردەمانێکی دوور ناگەڕێتەوە. لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا، دەقەکان بە گشتی بەبێ هیچ نیشانەیەک نووسراون و ئەمەش بە شێوە گشتییەکەی کێشەی بۆ خوێندنەوەیان دروست کردووە. بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیەدا، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئومەوییەکاندا (سەدەی حەوتەم و هەشتەمی زاینی)، لەلایەن ئەبوئەسوەدی دوئەلی (مردن: ٦٨٨ز) و دواتریش خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی (م. ٧٨٦ز) یەوە چەند نیشانەیەکی کەم خرانە سەر دەقەکان بە مەبەستی یارمەتیدانی ئاسان و دروستخوێندنەوەی وشەکان و ڕێگریکردن لە هەڵەی مانا. ئەو نیشانانەش زیاتر بریتی بوون لە دانانی نیشانەی ڕەنگاوڕەنگ، خاڵ لەسەر پیتەکان و هەروەها سەر و بۆر لەسەر وشەکان. دەگوترێت کە لە سەدەی هەشتەم و نۆیەمی زایینییەوە لە کاتی نووسینەوەی قورئاندا، لە کۆتایی هەر ئایەتێکدا سێ خاڵ دادەنرا، دووان لە خوارەوە

و یەکێک لە سەرەوە، وەک سێگۆشەیەک. ئەم نیشانەیە لە دەستنووسە فارسی و عوسمانی و ئوردووەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدەیشدا بەدی دەکرێت. بەڵام بە شێوە گشتییەکەی، زماناس و نیشانەناسە موسڵمانەکان یەکەمین بەکارهێنانەکانی نیشانە بۆ شێوەپێدانی تۆن لە خوێندنەوەدا بۆ ئەبولفەزڵی سەگاوەندی لە سەدەی دوانزەی زاینیدا، دەگێڕنەوە. سەگاوەندی کە خەڵکی غەزنەین (خوارەزمی ئێستا لە ئەفغانستان) بوو، شەش پیتی (م، ط، ج، ز، ص، ل)ی وەک نیشانەی گونجان و نەگونجانی «وەستان» لە خوێندنەوەدا بۆ قورئان دانا. هەرچەندە ئەم نیشانانە وەک پیت دەنووسرێن، بەڵام لە ڕاستیدا سەرەتایەکی زۆر گرنگ بوون بۆ شێوەبەخشین بە تۆنی خوێندنەوە بۆ ئەوەی مانا، گۆڕانکاریی بەسەردا نەیەت. ئەم شەش پیتە کە پاشتر بە «نیشانەکانی سەگاوەندی» ناسران، بریتی بوون لەو نیشانانەی بۆ ڕوونکردنەوەی مانا و دەستنیشانکردنی سەرەتا و ئەنجامی دەربڕین، ڕستە و بەندەکان لە نووسیندا بەکار دەبران. ئەمانە کە بە «نیشانەکانی نووسیاری»ش ناو دەبرێن، بریتین لەو نیشانانەی بۆ ئاسانکاریی لە خوێندنەوەی نووسینێکدا یاخود لە هاوکێشەیەکی بیرکاریدا و دروستکردنی مانابەخشیی جیاواز لە دەربڕیندا بەکار دەهێنرێن.

ئەم بارودۆخە بەم جۆرە مایەوە تا گەیشتنی چاپخانە بە ناوچەکە، واتە بە سنورەکانی عوسمانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە لە سەدەی هەژدەوە چاپخانە لە ئیستانبوڵدا برەوی هەبوو، کەچی کاریگەریی گەشەسەندنی چاپخانە و ڕێسای نووسین بە زمانە ئەوروپییەکان، بە تایبەت لە سەردەمی تەنزیمات و نوێبوونەوەدا (سەدەی نۆزدەهەم)، بۆ یەکەمین جار لەسەر زمانی عوسمانی دەرکەوت. پێشتر، دەقە نووسراوەکانی ئەم زمانە، تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم لەسەر بنەمای یاسا نووسراوەکانی عەرەبی و فارسی کە بریتی بوو لە کەمیی نیشانە و خاڵبەندی، نووسراون. بەڵام لە دوای تەنزیماتەوە، بە ڕێنمایی بابی عالی و لە ژێر کاریگەریی بنەما کولتورییەکانی شۆڕشی فەڕەنسیدا (١٧٨٩)، نووسەرانی نێو چاپەمەنییەکانی عوسمانی، دەستیان بە بەکارهێنانی نیشانەدانانی ڕۆژئاوایی لە دەقە فەرمی و پەروەردەییەکاندا کرد. ئامانجی سەرەکیی ئەم کارەیش مۆدێرنەکردنی زمان و سیستەمی نووسین بوو. هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵەی عوسمانییەکاندا، نیشانەدانان و خاڵبەندی بە مانای ئەمڕۆژی، بە تایبەتی پاش داگیرکردنی میسر لەلایەن ناپلیۆنەوە (١٧٩٨) و هێنانی چاپخانە بۆ ئەو وڵاتە لە هەمان ساڵدا، لە نێو زمانی عەرەبیشدا

پەرەی سەند. ئەمەش کاتێک زیاتر گەشەی کرد کە پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوادا لە ئاستی چاپکردندا چووە قۆناغێکی نوێوە. لەم قۆناغەدا نیشانە مۆدێرنەکان لەلایەن نووسەران و وەرگێڕ و بڵاوکەرەوە نوێخوازەکانەوە ناسێنران و بە تێپەڕبوونی کات بوون بە بەشێک لە دەقە نووسراوە عەرەبی و عوسمانییەکان.

بەڵام زمانی فارسی بەپێچەوانەی ئەو گەشە نەریتییەی کە هەیبووە، کەمێک درەنگتر لە هەردوو زمانەکەی پێشوو کەوتە ژێر هەژمونی نوێبوونەوەی نووسینەوە. بە هێنانی پیشەسازیی چاپ بۆ ئێران لە سەدەی نۆزدەهەمدا و لە ژێر کاریگەریی عوسمانی و دەقە ڕۆژئاواییەکاندا، تێبینی دەکەین وردە وردە خاڵبەندیی مۆدێرن گەیشتە نێو دەقە فارسییەکانیش. پێشتر، لە دەستنووسەکان و چاپە بەردینەکانی فارسیدا، بارودۆخەکە لە عەرەبی باشتر نەبووە، چونکە بەکارهێنانی نیشانەکان لەو زمانەشدا بە شێوەیەکی نەریتیی سنووردار بووە بە بەکارهێنانی مەودا بۆ جیاکردنەوەی ڕستە و دەستەواژە و هەندێ خاڵ و نیشانە لە کۆتایی پەرەگرافەکاندا. بۆیە دەقە کۆنەکانی زمانی فارسی بە شێوەیەکی سەرەکی بەبێ نیشانە مۆدێرنەکان نووسراون و خوێنەران لە ڕێگەی پێکهاتەی زمان و داڕشتنیانەوە لە ماناکانیان تێ گەیشتوون.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی خاڵبەندی بە شێوە ڕۆژئاواییە ئەمڕۆژییەکەی، لە نێو ئەو سێ زمانە سەرەکییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نزیکەی سەدەیەک پاش چاپخانەی پیتجووڵاو (سەدەی هەژدەهەم)، واتە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە برەوی سەندووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشەوە، ئیتر نیشانەدانان زیاتر پەرەس سەند و شێوازی ئەمڕۆژیی بە تەواوی جێگیر بوو.

سەبارەت بە زمانی کوردی، لە دەستنووسەکاندا هاوشێوەی زمانەکانی تری ناوچەکە کەمترین نیشانە بەکار هاتووە، کە خۆی لە چەند خاڵێک یان نیشانەیەک بۆ کۆتاییهاتنی باسێک یان هێڵێک بۆ جیاکردنەوەی دوو ڕستەدا دەبینێتەوە. بەڵام مێژووی خاڵبەندی و نیشانەدانانی مۆدێرن لە دەقی چاپکراوی کوردیدا و بە تایبەتیش لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دێتە ئاراوە، چونکە ئێمە لە دەقە چاپکراوەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدا لە نێوان (١٨٥٦ ـ ١٨٦٦) لە سان پێترسبورگ، کە لە کۆنترین و سەرەتاییترین دەقە چاپکراوەکانی زمانی کوردین، هیچ نیشانە و خاڵبەندییەک نابینین. تەنانەت لەو ئینجیلانەی کە لە ئەمریکا، یۆنان و هەندێ وڵاتی تری ناوچەکەدا، بە هەرچوار زارەکەی زمانی کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و

سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا چاپ کراون کەمترین نیشانە بەدی دەکەین. بۆیە زۆر بە دیاریکراوی دەتوانین بڵێین سەرەتای بەهێز و پڕنیشانە لە نووسینی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ پاش هێنانی یەکەمین چاپخانە لەلایەن مێجەر سۆنەوە بۆ سلێمانی لە کۆتاییەکانی ١٩١٩دا، کە بەهۆیەوە لە ماوەی سێ ساڵدا ژمارەیەکی باش ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی پێ چاپ کرا. کەواتە دەتوانین بڵێین وەک چۆن داگیرکاری فەڕەنسا لە میسر و نوێبوونەوەی عوسمانی لە ژێر هەژمونی شۆڕشی فەرەنسیدا هۆکاری مۆدێرنیزەکردنی خاڵبەندی عەرەبی، عوسمانی و فارسی بوون، ئاوەها داگیرکاریی ئینگلیزیش هۆکاری سەرهەڵدانی هەمان دیاردەیە لە نووسینی کوردیدا.

نەبوونی سیستەمێکی ڕێنووسی جێگیر و یەکچەشن، دەتوانێت کاریگەریی زۆر گەورەی لەسەر پرۆسەی ستانداردکردنی زمان هەبێت. ئەم دۆخە لە ڕاستیدا کێشەسازە، بەتایبەتی لە بوارەکانی پەروەردە و فێربوون و پەیوەندیی ڕۆژانەدا. کاتێک ڕێنووس و بونیادەکانی نووسین پێکەوەیی نەبن، خوێندکاران و فێرخوازانی زمان ڕووبەڕووی فرەچەشنی و ناڕوونی لە وێنە و مانای زمانیدا دەبنەوە، کە ئەمەش فێربوون ئاڵۆزتر دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندنەوە و نووسین و بێژەکردنی وشەکان بە شێوەیەکی دروست، قورستر بێت و تێگەیشتن لە دەقەکان پێویستی بە تەکەزکردن و ئەزمونێکی زیاتر هەبێت. ئەم ئاڵنگارییانە، بە تایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەروەردەی زمانیدا دەتوانن وەک بەربەستێکی گەورە لەبەردەم فێربووندا خۆیان قوت بکەنەوە و ئاستی کوالێتی پەروەردە کەم بکەنەوە.

هەروەها نەبوونی ستانداری ڕێنووسی و لە پەناشیەوە هێماکانی خاڵبەندی، کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە نووسیارییەکان هەیە. وەک وتمان، کاتێک دەقەکان بە ڕێنووسی جۆراوجۆر دەنووسرێن، تێگەیشتن و لێکدانەوەیان بۆ خوێنەران قورستر دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن و لێکدانەوەیەکی هەڵە. لە دەقە فەرمییەکان و بەڵگەنامە یاساییەکان و تەنانەت لە ناوەرۆکی ڕۆژنامە و کتێبەکاندا، نەبوونی ڕێنووسێکی جێگیر، دەتوانێت ببێتە هۆی ناتەبایی و کەمکردنەوەی دیقەت و ڕاستێتی پەیوەندییەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییە نووسیارییەکان لەکاریگەریی بکەون و بەردەنگەکان لە تێگەیشتنی دروستی زماندا توشی گرفت ببنەوە.

لەپەنای ئەمەوە، ستاندارنەکردنی سیستەمی نووسین دەبێتە هۆی لاوازبوونی ناسنامەی زمانەوانی و کولتوری. چونکە وەک دەزانین زمان، وەک یەکێک لە پایە

سەرەکییەکانی ناسنامەی کولتوری، پێویستی بە یەکپارچەیی و یەکگرتوویی هەیە بۆ ئەوەی مێژوو و بەها و کولتوری کۆمەڵگەی تێدا ڕەنگ بداتەوە. نەبوونی سیستەمێکی نووسینی یەکگرتوو، زمان بەرەو پارچەپارچەبوون و ناتەبایی دەبات، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەستی هاوپشتی و ناسنامەی نەتەوەیی. بەتایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە وەک کوردستان، فرەچەشنی زاری و کولتورییان هەیە، نەبوونی ستانداردێک دەتوانێت دنەی ناکۆکییە زمانی و تەنانەت کولتورییەکانیش بدات و ڕێگری لە یەکپارچەیی کۆمەڵگە بکات.

لە بواری ئەدەب و بەرهەمهێنانی ناوەرۆکیشدا، ئەو گرفتانەی کە بەهۆی نەبوونی ستانداردێکی ڕێنووسییەوە دروست دەبن، بە ئاشکرا دیارن. نووسەر و وەرگێڕەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێنووسی جۆراوجۆر و ناڕووندا سەریان لێ شێواوە و ئەمەش دەتوانێت کاریگەریی لەسەر کوالێتی دەقە ئەدەبی و هەروەها دەقە زانستی و پەروەردەییەکانیش هەبێت. لە لایەکی ترەوە نەبوونی ستانداردەکانی ڕێنووس دەتوانێت ببێتە بەربەست لەبەردەم پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای پەیوەندیدار بە زمان وەک نەرمامرازی پرۆسێسی زمانی سروشتی، وەرگێڕانی ئامێرەکی و ڕاستکردنەوەی ڕێنووس. ئەم تەکنەلۆژییانە پێویستیان بە سیستەمێکی نووسینی یەکسان و یەکگرتوو هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا و ورد کار بکەن.

سەرباری ئەمانە، نەبوونی سیستەمێکی ڕێنووسی یەکچەشن و یەکسان، ئاڵنگاریی لەبەردەم کردە کارگێڕییەکاندا دروست دەکات، چونکە ستانداردکردنی زمان بەشدارە لە یەکچەشنکردنی بەڵگەنامە و یاسا و ڕێسا فەرمییەکاندا. ئەم ناتەباییە دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر کارایی سیستەمی پەروەردەیی، کارگێڕی و پەیوەندییەکان هەبێت و هاوئاهەنگیی نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە تێک بدات. واتە، نەبوونی یەک ستاندار دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک و دامەزراوە و ڕێکخراوەکان ڕێسا و شێوازی جیاواز بەکار بهێنن، کە ئەمەش لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی ناتەبایی و ناکارامەیی لە کارکردندا.

لە ئەنجامی ئەم سەرنجانەوە دەتوانین بڵێین کە نەبوونی سیستەمێکی جێگیر و یەکچەشنی ڕێنووس، یەکێکە لە بەربەستە گەورەکانی بەردەم ستانداردکردنی خودی زمان و پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە کۆمەڵگەدا. پەرەپێدان و پێشخستنی سیستەمێکی نووسینی یەکپارچە و یەکگرتوو دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ باشترکردنی فێربوون،

باشترکردنی کوالێتیی پــەروەردە، کەمکردنەوەی لێکتێنەگەیشتن لە پەیوەندییە نووسیارییەکاندا و دواجاریش بەهێزکردنی ناسنامەی زمانەوانی. هەر لەبەر ئەم هۆکارە هەوڵدان بۆ ستانداردکردنی ڕێنووسی وشەکان و خاڵبەندی و نیشانەکانی نووسین یەکێکە لە هەنگاوە بنەڕەتییەکانی پاراستن و فراوانکردنی زمان و کولتوری کۆمەڵگەیەک.

لەم نێوەندەدا ئەوەی کە پەیوەندیی بە زمانی کوردییەوە هەیە ئەوەیە، کە لە ئەنجامی زۆر هۆکاری مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە، زمانی کوردی نەیتوانیوە سیستمێکی نووسینی جێگیر و یەکگرتووی هەبێت. ئەم نەبوونی ستاندارە لە شێوەی نووسیندا، کاریگەرییەکی بەرفراوانی لەسەر پرۆسەی بەستانداردکردنی زمانی کوردی هەبووە، کە هەوڵ دەدەین هۆکارەکانی ئەم دۆخە لە خوارەوە بە کورتی بخەینە ڕوو.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەبوونی سیستمێکی نووسینی جێگیر بۆ زمانی کوردی، هەمەجۆریی زاراوە و پەرشوبڵاویی جوگرافیایی ئاخێوەرانیەتی. زمانی کوردی چەندین زار و بنزاری جیاواز لەخۆ دەگرێت، کە هەریەکەیان کەم تا زۆر، تایبەتمەندی زمانەوانی و وشەیی و ڕێزمانی تایبەت بەخۆیان هەیە. ئەم زار و بنزارانە، بخوازین یا نە، لە درێژایی مێژووی داگیرکاریدا، لە ژێر کاریگەریی زمانە داگیرکەرەکانی ناوچەکەدا بوون. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی لە هەندێک دەڤەری جیاوازی کوردستاندا ئاسیمیلە بکرێت، یان لە بوارەکانی پەروەردەیی و ئەدەبیدا گەشەسەندنی پێویستی نەبووێت و ئاخێوەرانیشی نەتوانن بە هاوبەشی لەسەر یەک سیستەمی نووسین ڕێک بکەون. هەروەها نەبوونی دامەزراوەی زانستی و فەرهەنگیی بەهێز بۆ پشتیوانی زمانی کوردی و داڕشتنی پێوەرە پێویستەکان هەتا ئەم سێ دەیەی دوایی، ئەم کێشەیەی گەورەتر کردووە. لە ئەنجامی ئەمەشەوە سروشتییە کە هـەر هەرێمێک ناچار بـوو بێت یاسا و تەنانەت ئەلفبێی جیاواز بەکار بهێنێت. ئەم جیاوازییانەش بوونەتە هۆی تاڕادەیەک ئەستەمکردنی هەبوونی ستانداردێکی هاوبەش، کە ئەمەش پرۆسەی پەرەپێدانی سیستەمی نووسینی جێگیر و یەکچەشنی قورستر کردووە. لە دۆخێکی وەهاشدا، ناهەماهەنگی و ئاسیمیلەکردنی سەرچاوە پەروەردەیی و میدیاییەکان، دەبنە کێشە و فێرخوازانی زمان ڕووبەڕووی ڕێنووسی هەمەچەشن و هەندێکجار دژ بەیەک دەکەنەوە.

بەگشتی، نەبوونی سیستەمێکی نووسینی جێگیر بۆ زمانی کوردی بەرئەنجامی کارلێکی ئاڵۆزی فاکتەرە زمانەوانی، سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانە، کە وای کردووە پرۆسەی ستانداردکردنی زمانی خاو و دژوار بێت. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کوالێتی خوێندن و گەشەسەندنی ئەدەب و پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای زمان و بەهێزبوونی ناسنامەی کولتوریی کوردی هەیە. بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئاڵنگارییانەش، پێویستیمان بە هەوڵی هاوئاهەنگ هەیە لەلایەن دامەزراوە کولتوری و زمانەوانی و پەروەردەییەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە مەبەستی هەنگاونان بەرەو پەرەپێدانی سیستەمێکی نووسینی هاوبەش و ستاندار.

**بۆ ئەوی ڕێنووسێکی ستانداردمان هەبێت پێویستە چی بکرێت؟**

–ستانداردکردنی ڕێنووس، واتە دروستکردنی سیستەمێکی یەکگرتوو و پەسەندکراو بۆ نووسین و ڕێنووسی وشەکان لە زمانێکدا. ئەم پرۆسەیە بریتییە لە دیاریکردن و دانانی ڕێسای تایبەت بۆ ڕواڵەتی نووسین، بۆ دوورکەوتنەوە لە جیاوازی و ناڕوونی لە بەکارهێنانی زمانەکەدا. ئامانجی سەرەکیی ستانداردکردنی ڕێنووسی و ئۆرتۆگراف، ئاسانکارییە بۆ خوێندنەوە، نووسین، تێگەیشتن لە دەقی نووسراو بۆ ئاخێوەرانی زمانێک، لەگەڵ بەهێزکردنی یەکگرتوویی زمانی و کولتوریدا. ئەم پرۆسەیە چەند لایەنێکی بنەڕەتی لەخۆ دەگرێت کە لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە.

یەکەم و گرنگترین بەشی ستانداردکردنی ڕێنووس بریتییە لە دانانی یاسای ورد بۆ ڕێنووسکردنی وشەکان. ئەمەش بریتییە لە دیاریکردنی چۆنێتی نووسینی پیتەکان، خستنەپاڵیەک و تێکەڵکردنی دەنگەکان، بەکارهێنانی نیشانە و هێما زمانییەکان و نەهێشتنی لێڵی لە بەکارهێناندا. ئەم پرۆسەیە یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە بەهۆی بوونی جۆرە جیاوازەکانی نووسین بۆ وشەیەک سەر هەڵدەدەن و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی دروستکردنی یەکچەشنی لە نووسینی زمانەکەدا.

بەشێکی دیکەی ڕێنووس پەیوەندی بە دیاریکردن و ڕێکخستنی ڕێساکانی خاڵبەندییەوە هەیە، کە ڕێکوپێکی بە پێکهاتە و شێوازی دروستبوونی ڕستە دەبەخشێت. هێمای خاڵبەندیی دروست، ڕۆڵێکی گرنگ لە پێدانی مانا بە ڕستە و خوێندنەوەی دەقەکاندا دەگێڕێت. ستانداردکردن لەم بەشەدا یارمەتی خوێنەران دەدات بە ئاسانی و وردتر لە دەقەکان تێ بگەن و ڕێگری لە بەدحاڵیبوون دەکات.

جگە لەوەش، لە ستانداردکردنی ڕێنووسدا گرنگی بە شتگەلێکی وەک یاساکانی پیتچنی، دووری نێوان وشە و ڕستەکان و چۆنێتی نووسینی پیتی تایبەت لە سەرەتای وشەکاندا دەدرێت. ئەم بنەمایانە یارمەتیدەرن بۆ یەکخستنەوە و هاوئاهەنگی نووسینی زمانەکە و دەبێتە هۆی ئەوەی دەقی نووسراو لە ڕووی ڕواڵەتەوە سەرنجراکێشتر و لە ڕووی تێگەیشتنەوە ڕوونتر بێت.

بۆ ئەوەی سیستەمێکی ڕێنووسی ستاندار و یەکگرتو بۆ زمانی کوردی دروست بکرێت، ڕێوشوێنی بەرفراوان و هاوئاهەنگ پێویستە، کە دەبێت بە چەند قۆناغێک جێبەجێ بکرێت. ئەم پرۆسەیە بریتییە لە داڕشتنی ڕێساکانی ڕێنووس، ڕێکخستنی هێماکانی خاڵبەندی، بەرەوپێشبردن و پەروەردەکردنی ستانداردەکان و بەشداریکردنی دامـەزراوە زمانی و کولتورییەکان، کە لە خـوارەوە بە کورتی باس لە هەنگاوە سەرەکییەکانی گەیشتن بەم سیستەمە دەکەین:

سەرەتا پێویستە بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی حکومەت بە مەرجێک پاڵپشتیی سیاسی، کارگێڕی و دارایی تەواویشی هەبێت، لیژنەیەکی زمانی کـوردی، دوور لە دەمارگیریی ناوچەیی، بە ئامادەبوونی زمانناسان، نووسـەران، ئەکادیمیستە شارەزاکان، چالاکوانانی کولتوری لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان پێک بهێنرێت. ئەم لیژنەیە لەسەر بنەمای ئەو کارانەی کە تا ئێستا لەلایەن ژمارەیەک شارەزای بـوارەکـەوە کـراون، یان بڕیارە بکرێن، دەبێت بەرپرسیار بێت لە پەرەپێدان و پەسەندکردنی ستانداردەکانی ڕێنووسی زمانی کوردی. پێویستە بڕیارەکانی ئەم لیژنەیە، لەدوای سەلماندنیان لە ڕووی زانستییەوە، بسەپێنرێن و هەر دامەزراوەیەکی میدیایی، چاپەمەنی یان ئەکادیمی پەیڕەویی لێ نەکرد، مۆڵەتی کارکردنی پێ نەدرێت و ئەگەر پێچەوانەکەشی کرا، لێپرسینەوەی لەسەر بکرێت.

دووەم: پەرەپێدانی ئەم ستانداردانە، پێویستییان بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی سەرچاوەی پەروەردەیی گونجاو هەیە. پێویستە کتێبی خوێندن و فەرهەنگ و ڕێنمایی ڕێنووسی پەرەپێ بدرێت بۆ ئەوەی یارمەتی فێرخوازان و مامۆستایان و خەڵکی گشتی بدات کە بەسەر سیستەمی نوێدا زاڵ ببن. ئەم سەرچاوانە پێویستە بە زمانێکی سادە لەگەڵ نمونەی پراکتیکیدا و بۆ ئاسانکاری فێربوون، بخرێنە ڕوو. هەروەها پێویستە وۆرک شۆپ و خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان و نووسەران ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی خۆیان بە ستانداردە نوێیەکان ئاشنا بکەن. ئەمە بێجگە لەوەی کە پێویستە

میدیا و چاپەمەنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی کارا بگێڕن لە بەرەوپێشبردن و پەروەردەکردنی ئەم سیستەمە نوێیەدا.

سێیەم: پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیاکانی پەیوەست بە زمانی کوردی، وەک نەرمەکاڵای ڕاستکردنەوەی ڕێنووس، کیبۆردە ستانداردەکان، ئامرازەکانی پرۆسێسی زمانی سروشتی زۆر گرنگن. ئەم تەکنەلۆژیایانە دەتوانن فێربوون و بەکارهێنانی سیستەمی نوێی ڕێنووس ئاسان بکەن و یارمەتی بەکارهێنەران بدەن بۆ نووسینی دروست و ستاندار. هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا بۆ پەرەپێدانی ئەم ئامرازانە هەروەها دروستکردنی ئەپڵیکەیشنی پەروەردەیی بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە دەتوانێت هەنگاوێکی کاریگەر بێت لەم ئاراستەیەدا.

لە کۆتاییدا بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە، پێویستە هەستی یەکدەنگی لە نێوان ئاخێوەر و نووسەرە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا دروست بکرێت. ئەمەش دەبێ بە شێوەیەک بکرێت کە هەموو بەکاربەرانی زمانەکە هەست بکەن لەم پرۆسەیەدا بەشدارن و ستانداردە نوێیەکە ڕەنگدانەوەی زمانەکەیانە. جەختکردنەوە لەسەر بەها کولتورییە هاوبەشەکان و تیشکخستنە سەر گرنگی پاراستن و بەهێزکردنی زمانی کوردی وەک هێمای ناسنامە، دەتوانێت بۆ قبوڵکردنی زیاتر و بەکارهێنانی فراوانتری سیستەمی نووسینی ستاندار یارمەتیدەر بێت.

***ئایا بوونی ڕێنووسێکی ستاندارت چیمان بۆ فەراهەم دەهێنێت؟**

-پێم وابێ لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا بە جۆرێک وەڵامی ئەم پرسیارەشم داوەتەوە، بەڵام وەک جەختکردنەوەیەک دەتوانم زۆر بە کورتی ئاماژە بەوە بدەم کە بوونی سیستمێکی ستانداری ڕێنووس بۆ زمانی کوردی، وەک هەموو زمانەکانی تر، سوودی بەرفراوان و بەرچاو دەگەیەنێت، کە یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردن و پەرەپێدانی زمان لە چوارچێوەی جۆراوجۆری کولتوری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و تەنانەت سیاسیشدا. ئەم سیستەمە یەکگرتوو و یەکچەشنە نەک هەر یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی خوێندنەوە و نووسینی زمان، بەڵکو ڕۆڵێکی جەوهەریی لە پاراستن و پێشخستنی ناسنامەی کولتوری و بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگێڕێت. کە دەتوانین بە کورتی جارێکی تر باس لە هەندێک لە گرنگترین سوودەکانی سیستەمی ڕێنووسی و نووسینی ستاندار بۆ زمانەکەمان بکەین.

یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی هەبوونی سیستەمێکی نووسینی ستاندار، باشترکردنی خوێندنەوە و پەیوەندییە نووسیارییەکانە. بە یاسای ڕێنووسی و ڕێزمانی یەکگرتوو، دەقەکان بە شێوەیەکی یەکجۆر و پێشبینیکراو دەنووسرێن، ئەمەش وا دەکات خوێندنەوە و تێگەیشتنیان ئاسانتر بێت. هەروەها پرۆسەکە ڕۆڵێکی سەرەکی لە پاراستن و بەهێزکردنی ناسنامەی کولتوریدا دەگێڕێت. بێجگە لەوەی یارمەتی زیادکردنی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە پەروەردەیی و زانیارییەبەخشەکان دەدات. سەرباری ئەمانە ستاندارکردنی نووسین دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی زمان لە ئاستی تەکنەلۆژیدا. لە کۆتاییشدا، هەبوونی ئەم سیستەمە، زمانی کوردی لە گۆڕەپانە نێودەوڵەتی و فەرمییەکاندا بەرچاوتر و بەناوبانگتر دەکات، چونکە دەتوانێ بۆ قبوڵکردن و دانپێدانانی زمانی کوردی لە بەڵگەنامە فەرمییەکان نێودەوڵەتییەکاندا یارمەتیدەر بێت.

***ئایا بە هەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندی لە هەر دەقێکی ئەدەبی یان هزریدا، چی لێ دەکەوێتەوە؟**

-بەکارهێنانی هەڵەی خاڵبەندی لە دەقێکی ئەدەبی یان فیکریدا دەتوانێت چەند ئەنجامێکی هەبێت کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کوالیتی و خوێندنەوە و تێگەیشتنی دەقەکە هەبێت. خاڵبەندی دروست یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی داڕشتنی ڕستەکان و گەیاندنی وردی مانا، بەکارنەهێنانیشی بە دروستی دەبێتە هۆی ناڕوونی و تێنەگەیشتن و تەنانەت گۆڕینی مەبەستی نووسەر. ئەم پرسە بە تایبەتی لە دەقە ئەدەبی و فیکرییەکاندا کە ناسکوێژی و هەستیاری لە چۆنێتی بەکاربردنی زمان و مانادا تێیدا زۆر گرنگە، بایەخێکی زۆری هەیە.

یەکێک لە ئەنجامە سەرەکییەکانی هەڵە لە نیشانەکانی خاڵبەندیدا، ناڕوونییە لە مانای ڕستەکاندا. ئەم نیشانانە یارمەتیی نووسەر دەدەن بۆ دەربڕینی وێنە زەینییەکانی و یارمەتیی خوێنەریش دەدەن بۆ جیاکردنەوەی بەشە جیاوازەکانی ڕستە و تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان بەشەکانی ڕستە و گەیشتن بەو وێنە ڕەسەنەی کە نووسەر خوڵقاندویەتی. کاتێک ئەم نیشانانە بە دروستی بەکارنەهێنرێن، لەوانەیە ڕستەکە بە هەڵە لێک بدرێتەوە یان مانایەکی جیاواز وەر بگرێت. بۆ نمونە بەکارنەهێنانی کۆما بە شێوەیەکی دروست دەتوانێت ڕستەیەک درێژ و ئاڵۆز دەربخات، یان سەر لە خوێنەر بشێوێنێ لە جیاکردنەوەی وەستانەکان و پەیوەندیی نێوان بەشەکانی ڕستەکەدا.

دروست بەکارنەهێنانی خاڵبەندی دەتوانێت تۆن و کاریگەریی هەست لە دەقێکدا بگۆڕێت. لە دەقی ئەدەبیدا زۆرجار نووسەران خاڵبەندی بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی ڕیتم و هاندانی هەندێک هەست و سۆز لە خوێنەردا. نیشانەکانی خاڵبەندی دەتوانن ئاماژە بن بۆ وەستان، جەختکردنەوە، وروژاندن یان تەنانەت گومان. بەکارهێنانی نادروستی ئەم نیشانانە دەتوانێت تۆنی دەقەکە بێکاریگەر یان تەنانەت هەڵە دەربخات و لە ئەنجامدا خوێنەر ئەو ئەنجامە لە دەقەکە وەرناگرێت کە بڕیارە بەدەستی بهێنێت.

هەروەها خاڵبەندی نادروست دەتوانێت ببێتە هۆی تێنەگەیشتن و گواستنەوەی نادروست لە چەمکە ئاڵۆزەکان. لە دەقە فیکرییەکاندا بەتایبەتی، کە ئارگومێنتی لۆژیکی و ئارگیومێنتی ئاڵۆز و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەخۆ دەگرن، خاڵبەندی ڕۆڵێکی گرنگ لە جیاکردنەوەی بیرۆکەکان و ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی باسەکەدا دەگێڕێت. بەبێ نیشانەکانی خاڵبەندییەکی دروست، ڕەنگە بە باشی لە سەلماندن، پاسادان و ئارگومێنتەکانی نووسەر تێنەگەین و خوێنەر نەتوانێت لە پەیوەندی وردی نێوان بەشە جیاوازەکان تێ بگات، بەمەش پەیامی سەرەکیی دەقەکەش لەدەست دەچێت.

ئەنجامێکی دیکەی بەکارنەهێنان، یاخود بەکارهێنانی نادروستی نیشانەکانی خاڵبەندی کەمبوونەوەی متمانە بە نووسەر و کاریگەریی دەقەکانە. نووسەران، بەتایبەت لە دەقە فەرمی و زانستییەکاندا، پێویستە بە وردبینی و لێهاتویی خۆیانەوە لە گەیاندنی بیرکردنەوەکانیاندا بناسرێن. هەڵەی خاڵبەندی دەتوانێت نووسینەکە بێباکانە و ناپرۆفیشناڵ دەربخات و خوێنەر لە مکوڕێتی و متمانەی نووسەر دوور بخاتەوە. ئەمەش دەتوانێت کاریگەری نەرێنی توندی هەبێت، بەتایبەتی لەو دەقانەی کە ئامانجیان ڕازیکردن، پەروەردەکردن یان هاندانە.

لە کۆتاییدا، شێواندنی لایەنی دەروونییانەی خوێنەر، ئەنجامێکی دیکەی هەڵەبەکاربردنی نیشانەکانی خاڵبەندییە، چونکە خاڵبەندی دروست یارمەتی ڕەوانیی ڕەوتی دەق و خوێنایی دەدات، لەکاتێکدا هێمای خاڵبەندی نادروست دەتوانێت خوێنەر ناچار بکات دووبارە بخوێنێتەوە و هەوڵی زیاتر بدات بۆ تێگەیشتن لە ڕستەکان. ئەمەش نەک هەر ماندوێتی دەروونیی دروست دەکات، بەڵکو چێژی خوێندنەوەش کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر لە خوێندنەوە بوەستێت.

***جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆر لە دەقەم بۆ بکە:**

دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیڕەو کرابێت.

دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیڕەو نەکرابێت.

-پێم وایە وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێتە جۆرێک لە دووبارەکردنەوە، چونکە پێشتر وەڵام دراوەتەوە!

**دۆخی هەر یەکە لە (ڕێنووسی و خاڵبەندی) لە نێوەندی نووسین و بڵاوکراوەکان چۆن دەبینیت و لە چی ئاستێک دایە؟**

دۆخی ڕێنووس و خاڵبەندی لە نووسین و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی کوردیدا لە ئێستادا ئاڵۆز و فرەچەشنە، تا ڕادەیەکی زۆریش پەیوەستە بە ناوچەی جوگرافی و زاراوەی بەکار هێنراوەوە. دەتوانین بڵێین تا ئێستاش هیچ ستانداریێکی یەکچەشن و فەرمیمان بۆ ڕێنووس و خاڵبەندی لە زمانی کوردیدا پەیڕەو نەکردووە. ناڵێم نیمانە، دەڵێم پەیڕەومان نەکردووە، چونکە هەوڵی زۆر باش و زانستی هەبووە، بەڵام بەداخەوە بە هۆکارگەلی جیاواز نووسەران و بڵاوکەرەوە کوردییەکان شێواز و ڕێسای جیاواز بەکار دەهێنن. وەک ئاماژەم پێ دا، ئەم دۆخە دەتوانێت ببێتە هۆی ناتەبایی و سەرلێشێواوی نێوان خوێنەران و هەروەها ڕێگری لە پەرەسەندنی زمانێکی نووسراوی ستاندار و یەکگرتوو بکات.

من لەم گفتوگۆیەدا زیاتر جەختم لەسەر شێوەی ئارامییانەی ڕێنووس کردووەتەوە، واتە ئەوەی کە لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و زۆر بە تایبەتیش لە کرمانجیی ناوەڕاستدا، بەکار دەهێنرێت. ئەگینا جیاوازییە ڕێنووسییەکانی نێوان لاتین و ئارامی و ئینجا خودی زارەکانی باکور و ناوەڕاست و باشور لەلایەک و پاشان ئەو کرمانجییەی کە بە سیرلیک دەنووسرێت لەلایەکی ترەوە هێندە زۆرە قسەلێکردنی دەمانباتە ناو زۆر بابەتی ترەوە. لە ڕاستیدا بەم بارودۆخەی ئێستایەوە، من نەک هەر لە شێوەی نووسینی کوردی ڕازی نیم، بەڵکو باوەڕم وایە سەرباری هەبوونی دەسەڵاتێکی کوردی و توانامەندییەکی زۆر بۆ نووسین و چاپکردن، بەڵام بارودۆخی شێوەی نووسین و ڕێنووس و خاڵبەندی لە پەنجا ساڵی پێش خۆی خراپترە. پێشتر لانی کەم قسەیەکمان هەبوو، کە سەرچاوە مرۆیی و سیاسی و کولتورییەکان کەمترن و ڕێگرن لەوەی بتوانین بگەین بەوەی کە پێویستە بگەین، بەڵام ئێستا هەموو شتێک هەیە تەنیا

ویست نەبێت. واتە بە کورتی وەک زۆرینەی مەسەلەکانی تر نامانەوێ یەکدەنگ بین و هەرکەسە ئاڵای سەربەخۆیی نووسینی لە گوند و شار و زار و بنزارەکەی خۆیدا هەڵکردووە و دانیش بە کردەی هیچ دامەزراوەیەکی زانستیدا نانێت، کە بڵێت ئەوەی تۆ لەوەی من دروستترە. بۆیە بەگشتی، دۆخی ئێستای ڕێنووس و خاڵبەندی لە نووسین و بڵاوکراوە کوردییەکاندا ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی پەرەسەندوی پڕ لە بیروڕای جیاواز، کە بەهۆی تێکچوونی پـەروەردە، نەمانی متمانەی زانستی، بیرتەسکی، دەمارگیریی ناوچەیی، خۆبەگەورەزانیی فیکری و زۆر گرفتی تریشەوە هێشتا نەگەیشتووەتە ستانداریکی یەکچەشن و هاوبەش. پێشکەوتن لەم بوارەدا پێویستی بە هاوکاری زیاتری نووسەران و بڵاوکەرەوەکان و زمانناسانی کورد هەیە بۆ دروستکردنی سیستەمێکی نووسین و خاڵبەندییەکی یەکگرتوو.

***ئایا نووسەرانی کورد ڕێگە خۆشکەربوونە بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاستنووسی و ڕێنووسێکی ستاندارد، یاخود بەپێچەوانەوەیە؟**

-وەڵامی ئەم پرسیارەش درێژەی پرسیارەکەی پێشووە، چونکە دروستنووسی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی نووسین، واتە نووسەرێکی باش دەبێ لە ڕووی زمانی و ڕێنووسەوە دروستنووس بێت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین کە نووسەرانی کورد لە پەرەپێدان و ستانداردکردنی ڕێنووسی کوردیدا دوو جۆرن؛ ئەوانەی کە هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ یەکخستنی سیستەمێکی یەکگرتوو و ستانداری نووسین خۆش بکەن، لەگەڵ ئەوانەی کە ململانێیان لەگەڵ سروشتی زمانەکە و هەوڵی گروپی یەکەمدا کردووە. واتە بە جۆرێک هەموو کەس خۆی پێ خاوەنڕایە و باوەڕی وەهایە کە شێوەکەی ئەو دروستە، بۆیە هەموومان دەبێ بچینە سەر بیروڕاکەی ئەو. ئەوەی کە سەیرە تێبینیم کردووە نووسەرانێکمان هەن وەختێک بە زمانێکی بێگانە دەنووسن بەتەواوی پابەندی ڕێساکانی نووسینی ئەو زمانە دەبن، بەبێ ئەوەی بوێری ئەوەیان هەبێ ڕای خۆیان لەبارەی ئەو شێوە ڕێنووسەی بێگانەوە دەرببڕن، بەڵام لە ئاستی زمانی کوردیدا سەرکێش و قەبوولنەکەرن و ناچنە ژێر ڕکێفی ڕێسا زمانییەکانی کوردییەوە.

لێرەدا دەمـەوێ ئاماژە بـەوە بـدەم، ئـەوەی ئەرکێکی سەرەکیی لـەم بـوارەدا دەکەوێتە سەرشان، بە تەنیا نووسەران نین، بەڵکو ئێدیتۆرەکانی دەزگاکانی چاپ و

بڵاوکردنەوەشن، چونکە هێندەی من بزانم تێکڕای دەزگا بڵاوکەرەوەکانی دنیا خاوەنی ئێدیتۆری زمانین، کە ڕێگە نادات هیچ دەقێک لە دەرەوەی ستانداردە زمانییەکانی لە دەزگاکەی ئەوەوە بڵاو ببێتەوە. بەڵام بە داخەوە لە کوردستاندا سەرباری ئەوەی ئێمە لە پشتی هەموو کتێبێکی پڕ لە هەڵەوە کەسێکمان بە ناوی «هەڵەچن» هەیە، کەچی ئەنجامی کارەکە پێمان دەڵێ کە ڕێژەی هەڵەی ڕێنووس و زمانیی نێو کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە.

**گەشەی تەکنۆلۆژیا و ژیری دەستکرد کاریگەرییان بەسەر گشت لایەن و سێکتەرەکانی ژیانەوە هەیە، ئایا پەیوەندی و کاریگەری بەسەر هەر یەک لە (ڕێنووس و خاڵبەندی) چییە؟**

پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا کاریگەریی قوڵی لەسەر شێوازی نووسینمان هەبووە و ژیریی دەستکردیش لەمەودوا ئەو کاریگەرییە زۆر گەورەتر دەکات، بەتایبەتی لە بوارەکانی ڕێنووس و خاڵبەندیدا. ئەم پەیوەندییە، کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەخۆ دەگرێت، کە باندۆریان لەسەر توانای زمانیی مرۆڤەکان و ستانداردەکانی پەیوەندیکردن و شێوازی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی دەقەکان هەیە. ژیریی دەستکرد، لە ڕێگەی ئامرازەکانی وەک ڕاستکەرەوەکانی ڕێنووس و ڕێزمان و نەرمەکاڵاکانی پرۆسێسی وشە و بەرنامەکانی قسەگۆڕین بۆ دەق، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە خۆکارکردن و ئاسانکاریکردنی نووسیندا، ئەمەش دەستەبەری لە بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی دروستدا دەکات و لە هەمان کاتدا مەیدانخوێنیی نوێش دەهێنێتە ئاراوە.

ژیریی دەستکرد بە دابینکردنی ڕێنووسی پێشکەوتوو و ڕاستکەرەوەی ڕێزمان، کوالێتی نووسینەکانی باشتر کردووە. ئەم ئامرازانە کە لە پلاتفۆرمەکانی وەک وۆرد، گووگڵ دۆکس و بەرنامە تایبەتەکانی وەک گرامێرلی جێگیر کراون، دەستبەجێ هەڵەکانی ڕێنووس و ڕێزمان و خاڵبەندی دەستنیشان دەکەن و ڕاستیان دەکەنەوە. ئەوان یارمەتیدەرن لە دەستنیشانکردنی هەڵە باوەکان و پێشنیار بۆ ڕاستکردنەوەیان پێشکەش دەکەن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ فێربوونی ڕێزمانێکی باشتر.

پەرەپێدانی ژیریی دەستکرد یارمەتیدەرە لە دروستکردنی ئامرازی نوێی فێربوونی زماندا کە مۆدێلی تایبەت بۆ فێرکردنی ڕێنووس و هێمای خاڵبەندی لەخۆ دەگرێت. ئەم بەرنامانەی تایبەت بە ڕاهێنان ئەلگۆریتمەکان بەکاردەهێنن بۆ کەسایەتیسازیی ڕاهێنانەکان، بە پشتبەستن بە لاوازییەکانی هەر فێرخوازێک. ئەمەش وا دەکات بتوانرێت

تواناکانی نووسین به شێوەیەکی ئامانجدار باشتر بکرێت. ئەم ئامرازانە بە تایبەتی بۆ فێرخوازانی زمان و ئەوانەی کێشەی تایبەتیی فێربوونیان هەیە، بۆ نموونە وەک نارێکی خوێندنەوە، بەسوودن. بۆیە بە دروستکردنی ڕێبازێکی کارلێککارانە کە بەپێی پێداویستییەکانی تاکەکەسی گونجاوە، ژیریی دەستکرد بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و کاریگەر یارمەتیی بەهێزکردنی تواناکانی ڕێنووس و خاڵبەندی دەدات.

لە کۆتاییدا، دەمـەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە بە بـەراورد لەگەڵ زۆربـەی زمانە زیندووەکانی دونیادا، لە پلاتفۆرمەکانی ژیریی دەستکرددا، زمانی کوردی لە ئاستێکی باشی زانستی و دروستدا نییە و پێویستی بە هەوڵێکی زۆر و ڕاستگۆیانە بۆ گەشەپێدانی هەیە. بۆیە دەمـەوێ بەو پرسیارە کۆتایی بە قسەکانم بهێنم کە ئایا ئێمە هەمان پاشاگەردانیی ڕێنووس و زمان دەبەینە ناو ژیریی دەستکردیشەوە؟ یان خۆمان بۆ ئەم قۆناغە نوێیەی تەکنەلۆژیا ئامادە دەکەین و دەیکەینە کەرەستە و هۆکارێک بۆ بەرەوپێشبردنی زمانەکەمان؟ داهاتوویەکی نزیک وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە.

# نەخشە ڕێگایەك بۆ هاوتاكردنی ڕێنووسی كوردی بەئەلفبێی عارەبی و لاتینی

كازم عەباس زەندی

نووسین کاریگەرترین کردارە کە لەخزمەتکردنی زماندا ڕۆڵ دەبینێت، چونکە پێشکەوتن و گەشەکردنی زمان بەپێی سەردەمەکان دەردەخات، لەهەمان کاتدا شێوەزارە دوورو جیاوازەکانی لەیەکتر نزیک دەکاتەوە، بەمەش زمان دەکەوێتە سەر ئەو ڕێڕەوەی کە گەشەو گۆڕانەکانی تێدا بەڕوونی دەربکەوێت و زیاتر بناسرێت، بەڕێڕەوەکی تەندروستدا بڕوات و چارەسەر کردنی گرفتەکانی هێندە ئاڵۆزو نادیار نەبێت، ئەم ڕاستییەش لەزمانەکانی فارسی و عارەبیدا دەردەکەوێت، کە بەر لەئیسلام، زمانی فارسی لەڕێی دەقی ئاوێستاوە خوێندن و نووسینی پێ دەکرا، بۆیە لەهەموو زمانەکانی دیکە پەرەسەندووترو ناسراوتربوو، لەدوای ئیسلامیش زمانی عارەبی هەمان ڕۆڵی بینی، چونکە قورئان وەک زمانی خوێندن و نووسین لەدەسەڵات و کارگێڕی لەجیاتی زمانی نەتەوە موسڵمانەکان بەکاردەهات، لەمەشدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە هۆکاری ئەو گرفتانەی کە لەزمانی کوردیدا هەیە لەپاڵ نەبوونی دەسەڵاتدا ئەوەبووە کە خوێندنی پێ نەکراوە، چونکە هەردەم ژێردەستەبووە، بۆیە بەردەوام نووسینی کوردی بەزمانەکی زاڵبووە، بەڵام لێرەدا جیاوازی کاریگەرییەکان لەسەر نووسینی کوردی بە دوو شێوە دەردەکەوێت، چونکە بەپێی دوو قۆناغ بووە، قۆناغی بەر لە دروستبوونی وڵاتە نەتەوەییەکان، کە بەزمان و ئەلفبێی ئاین بووە، قۆناغی دوای دروستبوونی وڵاتە نەتەوەییەکان، کە هەر وڵاتەک زمانی خۆی و ئەلفبێیەکی بەکارهێناوە، لەسەردەمی دەسەڵاتە ئاینییەکاندا ئینجا ئەگەر بەر لەئیسلام یان دوای ئیسلام بووبێت، نووسینەکەی بەیەک ئەلفبێ کراوە کە ئەلفبێی ئارامی – عارەبی بووە کەچی لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان ئەلفبێی لاتینی و سلاڤی و ئەرمەنیشی بۆ بەکار دەهێنرا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەرەڕای ئەوەی خاکەکەی دابەشکراوەو کەلتوورو دابونەریتی بەناوی نەتەوە سەردەستەکان دەکرا، زمانەکەی زەرەرمەندی سەرەکی بێت، چونکە خوێندەواران و نووسەرانی، لەنێویشیاندا دەستەبژێرانی لەیەکتر بێ ئاگاکران، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو تاکەکی کورد دروستکرد، چونکە کوردی وەک نەتەوە دابڕدابڕکردوو نەیهێشت لەیەکتر نزیک ببنەوە، بۆیە گۆڕانی ئەلفبێی نووسین کوشندەترین لێدانە لە ناخی کورد، کە کێشەکەی لێ ئاڵۆزترکرد، چونکە ڕۆشنبیربوون و هۆشیاربوونەوەو ئاگاداری تاکی کوردی لەیەکتر دوورخستەوە، بەمەش هێڵی سنوورو جیاوازییەکانی ئەوەندە تۆخ بوەوە کە دەرفەتی یەکگرتنەوەی تێدا نەمێنێتەوە.

هەروەک دەزانین ئەو ڕێنووسەی کە لەئێستادا، بەئەلفبێی عارەبی و لاتینی بۆ نووسینی کوردی دەکرێت بێجگە لەجیاوازی نیگاری پیتەکان لەهەر ئەلفبێیەکدا شێوە نووسینەکی جیاوازیش پەیڕەو دەکرێت، لەئەلفبێی عارەبیدا شێوە نووسینی فۆنەتیکی فۆنیمی، کە دەنگ و فۆنیمەکانیان تێدا بەرامبەر بەیەکتر دەکرێت کەچی لەئەلفبێی لاتینیدا شێوە نووسینی فۆنەتیکی بڕگەیی، چونکە وشەکان بڕگە دەکرێن ئینجا فۆنیمەکان دەردەخرێن و پێگەی پلەبزوێنی بزرۆکەو درێژی (وو، یی) دیار دەخرێت ، ئەمەش وایکردووە ڕێنووس بەهەر ئەلفبێیەک تایبەتمەندییەک وەربگرێت، کە لەوی تر نەچێت، چونکە هەندێ لەبنەماکان لەئەلفبێیەک دەردەخرێت و لەئەلفبێکەی تر دەرناکەوێت، بۆ نموونە بزرۆکە لەئەلفبێی عارەبی دەرناخرێت کەچی لەلاتینیدا دەردەخرێت یان دەنگی (ئـ) لەئەلفبێی عارەبی بەسەربەخۆ دەنوسرێت کەچی لەلاتینیدا تێکەڵی بزوێنەکان دەکرێت........ لەمەشدا وا دەردەکەوێت کە ڕێنووس بەهەر ئەلفبێیەک بۆ زمانەکی جیا دەکرێت نەوەکوو بۆ تاکە زمانەکی سەربەخۆ، کە زمانی کوردییە، بۆ چارەکردنی ئەم جیاوازیانەو بۆ یەکخستنی ڕێنووسیش لەهەردوو ئەلفبێدا، ئێمە ئەو نەخشە ڕێگایە بەچارەسەر دەزانین، کە نووسین بەهەردوو ئەلفبێ هاوتای یەکتر بکرێت، چونکە بەپێی ئەو واقیعەی کە گەلی کوردی تێدایە، زەحمەتە بتوانرێت نووسینی کوردی یەک بخرێتەوەو ئەلفبێیەکەی تر پشتگوێ بخرێت، بۆیە وا شیاوترە هەردوو ئەلفبێ لەیەکتر نزیک بکرێنەوەو لەنووسیندا هاوتای یەکتر بکرێن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە :

A- جیاوازی نێوان هەردوو ئەلفبێ تەنیا نیگاری پیتەکان بێت، بەمەش خوێندنەوەی نووسراوی یەکتر ئاسانتر دەبێت ئەگەر نووسەری کورد بەهەر ئەلفبێیەک بنوسێت .

B- یەک شێوە نووسین لەهەردوو ئەلفبێدا پەیڕەوبکرێت, تاوەکوو لێکدانەوەی بنەماکان وەکوو یەکتر دەربکەوێت .

C- لەهەردوو ئەلفبێدا هەمان بنەما دەربخرێت ,تاوەکوو بەنووسینی یەک زمان بزانرێت.

D- لەهەردوو ئەلفبێدا شێوە نووسینی فۆنەتیکی فۆنیمی پەیڕەو بکرێت، بەلام دەرخستن و شیکردنەوەی بنەماکانی ڕێنووسی کوردی، لەشێوە نووسینی فۆنەتیکی بڕگەییدا دیاربخرێت، لەمحالەتەشدا لەوانەیە هەندێ کەس بپرسن و بڵێن بۆ بەپێچەوانە نەبێت ؟ بۆ لەهەردوو ئەلفبێدا شێوە نووسینی فۆنەتیکی - بڕگەیی پەیڕەو نەکرێت ؟

لەوەلامدا دەڵێین : چونکە پەیڕەوکردنی شێوە نووسینی فۆنەتیکی – فۆنیمی بۆ نووسینی کوردی مێژووەکی کۆنتری هەیە، زیاتر گونجێنراوەو زۆرترین هەمواری تێداکراوە لەهەمان کاتدا نەلاسایی عارەبییەو نەوەکو فارسییە، بەڵکوو بەتایبەتمەندی زمانی کوردییە، بەڵام لاتینی بەناچاری سەپاوەو زیاتر تایبەتمەندی تورکی تێدا ڕەچاوکراوە، بۆیە وا شیاوترە لەئەلفبێی لاتینیشدا شێوە نووسینی فۆنەتیکی فۆنیمی پەیڕەو بکرێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەم نەخشە ڕێگایەش، دەبێت چەند گۆڕانکارییەک لەهەردوو ئەلفبێدا بکرێت، تاوەکو نووسین بەهەردوو ئەلفبێ هاوتای یەکتر دەبێت .

١– لەهەردوو ئەلفبێدا، تەنیا ئەو دەنگانە دەربخرێن، کە ئەلفبێی کوردیان لێ دروست دەکرێت و بەفۆنیم هەژمار دەکرێن، لەم حاڵەتەشدا دەبێت بزرۆکە لەئەلفبێی لاتینیشدا دەرنەخرێت، چونکە بەفۆنیمەکی هاوتای فۆنیمە تەواوەکانی دیکە هەژمار ناکرێت، بەڵام لەشیکردنەوەی ڕێنووسیدا دان بەبوونیدا بنرێت و ئەو پێگەیە دیار بکرێت کە لەوشەدا لێی دەردەکەوێت و بەم شێوەیە بنوسرێت : (□n)–نەوەکوو (□in)

(DL)– ( نەوەکوو (DiL)

(Krdn)–نەوەکوو (Kir/din)

(Brnc)– نەوەکوو (Bi/rinc)

٢– لەهەردوو ئەلفبێدا، هێمای هاوشێوە بۆ دروستکردنی نیگاری پیتەکان بەکاربهێنرێت، ئەم هێمایەش کلاوەی(^)و هەڵگەڕاوەی(٧) بێت، لەم حاڵەتەشدا :

A– لەئەلفبێی عارەبیدا کە ئەم هێمایە بۆ (ێ ، ڕ ، ۆ، ڵ) بەکاردێت، لەگەڵیدا سێ خاڵی پیتەکانی (پ ، چ . ڤ ، ژ )یش بەهێمای(^)بگۆڕدرێن، چونکە لەدەستنووسدا هەر بەو هێمایە دەنوسرێن،

B– لەئەلفبێی لاتینیدا، بەهێمای (^) نیگار بۆ ئەو دەنگانە دروست بکرێت کە لەئەلفبێکەدا وێنەیان نییە .

– بۆ (ش) نیگارو هێمای (ŝ) بەکاربهێنرێت نەوەکو (sh) (ş)
– بۆ(چ) نیگاروهێمای (ĉ) بەکاربهێنرێت نەوەکو(ch)( ç )
– بۆ(ژ) نیگارو هێمای (□) بەکاربهێنرێت نەوەکو(j) (zh)
– بۆ (ع) نیگارو هێمای (âÂ) بەکاربهێنرێت نەوەکو(A) (,)
– بۆ(ح) نیگارو هێمای (Ĥĥ) بەکاربهێنرێت نەوەکو (Hh)

- بۆ (ڕ) نیگارو هێمای (⊠⊠) بەکار بهێنرێت نەوەکو (rR)
- بۆ(غ) نیگارو هێمای (x⊠) بەکار بهێنرێت نەوەکو (x) (gh)

٣- بۆ دەرخستنی پلەبزوێنی درێژی (وو ، یی) لەئەلفبێی عارەبیشدا هەروەکو لەئەلفبێی لاتینیدا هەیە( Î ، Û )بەهەمان شێوە هێمای (سەرە) لەسەر (و ، ی)دابنرێت، نیگاری (وَ , یَـ , یَ) بەکاربهێنرێت ئینجا لەلێکدانەوەو شیکردنەوەی ڕێنووسدا، وشەکان بڕگەبکرێن و ئەو حاڵەتانە دیاربخرێت کە ئەم پلە بزوێنە لە کامە پێگەی وشەو بڕگەدا دەردەکەوێت .

لەهەردوو ئەلفبێدا بەم شێوەیە بنوسرێن :

-نوسین (Nûsîn) نەوەکو (نووسین ، نووسیین ، نوسین)
- دو (Dû) نەوەکو (دوو ، دو)
- بازو (Bazû) نەوەکو (بازوو، بازو)
- تیر (Tîr) نەوەکو (تیر، تییر)
- هە ویر (Hewîr) نەوەکو (هەویر، هەوییر)
- کانی (Kanî) نەوەکو (کانیی ، کانی)

بەڵام لەو چەند وشە دەگمەنەی کە بەتاک و جووت نووسینیان واتای وشە دەگۆڕێت، دەتوانین وەک حاڵەتی ناوازە جیاوازی لەنێوان وشەکاندا دروست بکەین وەک لە:

- ( کوڕ) (کووڕ) ( Kûr - Kuur)

٤- لە ئەلفبێی لاتینیشدا، نیگار بۆ دەنگی (ئـ) دابنرێت، چونکە نابێت دەنگەک لە ئەلفبێی زمانەکدا، جارەک بەدەنگەکی خاوەن نیگاری وەک فۆنیم دابنرێت هەروەک لەنووسین بەئەلفبێی عارەبیدا هەیە، جارەکی دیکە بەدەنگەکی بێ نیگار، تێکەڵ بەبزوێنەکان بکرێت هەروەک لەئەلفبێی لاتینیدا وایە، بۆ هاوتاکردنی ئەمەش ئێمە بەپێویستی دەزانین، کە لەئەلفبێی لاتینیشدا نیگارەکی تایبەت بۆ ئەم دەنگە دەستنیشان بکرێت، تاوەکوو لەگەڵ بنەماکانی ڕێنووسی کوردی ڕێک بکەوێت، چونکە ئەو جیاوازییەی، کە لە دەرخستنی ئەم دەنگە لەنێوان هەردوو ئەلفبێدا هەیە، لەگەڵ هیچ بنەمایەکی لۆژیکی نووسین و زانستی زماندا ڕێک ناکەوێت، چونکە نابێت دەنگەک لەیەک کات و لەیەک زماندا جارەک بەفۆنیم و جارەک بەنافۆنیم هەژمار بکرێت ئینجا ئەگەر نووسینی ئەو زمانە بەهەر چەند ئەلفبێش بکرێت.

لەبەراوردکردنی ڕێنووسی ئەم دەنگە بەهەردوو ئەلفبێ، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لەئەلفبێی عارەبیدا، تایبەتمەندی ئەم دەنگە لەنووسینی کوردیدا ڕەچاوکراوە، چونکە لەگەڵ ئەو بنەمایانە ڕێکخراوە کە لەڕێنووسی کوردیدا پەیڕەو دەکرێت و دەڵێت (نابێت برگە لەیەک پیت دروست ببێت .... نابێت سەرەتای وشە بەبزوێن دەست پێ بکات ... نابێت لەدوو دەنگ فۆنیمەک دروست ببێت)وەک لە ڕێنووسی ئەم وشانەدا دەردەکەوێت (ئا / مەد) – (ئی / رۆ) – (ئە / ڤین) (ئێ / وا / رە) بەڵام لەئەلفبێی لاتینیدا کە هەمان وشە دەنوسین (A/ med) – (î/ro) –(E/) (vîn) – (Ê/ wa / re دەبینین دژایەتی لەگەڵ ئەم بنەمایانەدا لێ دەردەکەوێت، چونکە سەرەتای وشەکان بەبزوێن دەست پێ دەکات و لەیەک پیت برگە دروست دەبێت و دوو دەنگ بەیەک نیگار دەردەخرێت، لەمەشڕا دیارە کە ئەم ڕێنووسە پێچەوانەی ئەم بنەمایانەیە کە لەڕێنووسی کوردیدا هەیە، بۆیە واپێویست دەکات لەئەلفبێی لاتینیشدا نیگارەکی تایبەت بۆ (ئـ) دابنرێت، تا هەروەکو لەئەلفبێی عارەبیدا دەنوسرێت، لەلاتینیشدا هیچ دژایەتییەکی لەگەل بنەمایەکانی ڕێنووسی کوردیدا نەبێت، بۆئەم مەبەستەش ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە نیگاری (A)ی گەورە لەئەلفبێی لاتینیدا لەبەرامبەر (ئـ) لەئەلفبێی عارەبیدا بەکار بهێنرێت(ئـ=A) چونکە ئەم نیگارە گونجاوترین نیگارە، کە لەئەلفبێکەدا هەبێت، هەردەم لەسەرەتای وشەدا دەنوسرێت لەهەمانکاتدا نیگارەکی تر لەشێوەی(a)ی بچووک لەئەلفبێکەدا هەیە، کە دەتوانرێت بۆ بەرزە بزوێنی(ا) لەناوەڕاست و کۆتایی وشەو برگەدا بەکاربهێنرێت و سوودی لێوەر بگیرێت .

–ڕێنووسی (ئـ) بەم شێوەیە بێت :

ا –(ئا (Aa = وەک لە ( ئاسمان)(Aas/man ئا/ مەد (Aa/med)( qur /Aan قورئان)

ب – (ئـە (Ae = وەک لە ( ئەڤین (Ae/vin) (ئەستێرە( Aes/tê/re

پ – (ئـی (Ai =وەک لە ( ئیلام ) ( Ai/Lam– ئیسلام )(Ais/Lam – قائید(/Qa Aid

ج – (ئـێ (Aê = وەک لە ) ئێمە )(Aê/me – ئێستا (Aês/ta .....

چ – (ئـو (Au = وەک لە ( ئومێد )(Au/mêd – ئورفە)( Aur/fe–ڕەئوف /e Auf.....

ت -(ئـۆ (Ao=وەک لە ( ئۆمەر )(Ao/mer - ئۆخەی )(Ao/xey ..... ئۆف Aof )

بەباوەڕی ئێمە پەیڕەوکردنی ئەم نەخشە ڕێگایە بۆ نووسین و ڕێنووسی کوردی باشترین ڕێگە چارەیە کە جیاوازی لەنێوان هەردوو ئەلفبێدا کەم دەکاتەوە، چونکە وادەکات تەنیا جیاوازی نیگاری پیتەکان لەنێوان هـەردوو ئەلفبێدا بمێنێت و لەهەردوو ئەلفبێدا، نیگارو هێمایەکان بەتایبەتمەندی زمانی کوردی بەکار بهێت, ئەمەش وادەکات لەلایەکەوە ئەرکی نووسەران و فێرخوازان بۆ فێربوون ئاسانتر ببێت، چونکە تەنیا ناسینەوەو بەرامبەرکردنی پیتەکان دەمێنێت، لەلایەکی دیکەوە نووسین بەکیبۆردی کۆمپیوتەر گونجاوتر ببێت، چونکە دەتوانرێت بۆ هەر فۆنیمەک دوگمەیەکی هاوبەش دەستنیشان بکرێت، بەمەش وەرگێڕانی نووسین لەنێوان هەردوو ئەلفبێدا هاوڕێک دەبێت، چونکە هەر پیتەک بەدەنگ و نیگاری خۆی دەردەخرێت، لەمەشدا بەرامبەرکردنی نیگاری پیت و هێمایەکان لەهەردوو ئەلفبێدا هیچ جیاوازی و کەموکوورییەکیان لەنێواندا نامێنێت، هەر بەمەش فێرخوازو نووسەرو خوێنەری ئاسایی کورد کەمترین گرفتی خوێندنەوەیان بۆ دروست دەبێت، چونکە دەتوانن بەئاسانی فێرببن و نووسینی یەکتر بخوێننەوە ئەگەر بەهەمان ئەلفبێ نەنووسن و سەر بەهەمان زاریش نەبن، بەلام بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، کە هاوتاکردنی هەردوو ئەلفبێیە بەپێی ئەم نەخشە ڕێگەیە،، پێویستی بەڕێککەوتنی زمانەوانان و بەپلان و بەبەرنامەی بۆ داڕێژراو هەیە، پێویستی بەهەبوونی دەسەلاتەکی خەمخۆرو شارەزا هەیە، کە خزمەتکردنی زمان بەئەرکی خۆی و بەخزمەتی نەتەوەکەی بزانێت، پێویستی بەدەزگایەکی بالادەست و کەسانی دلسۆز هەیە، کە زەمینەسازی بۆ جێبەجێکردنی یاساو پێشنیارو ڕێنماییەکان بکەن، باشترین ژینگەو گونجاوترین بواریش بۆجێبەجێکردنی ئەم نەخشە ڕێگەیە، پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە، چونکە دەتوانرێت کتێبەکانی خوێندن سەرلەبەری بەپێی ئەو نەخشە ڕێگەیە ڕێک بخرێن و بنوسرێن تا بەتێپەڕینی کات فێرخوازانی پێ فێربکرێت و لەدەرئەنجامدا چاو ئاشنایی و دەست ڕاهاتنی نووسەران و خوێنەرانی کورد لەسەر ئەم شێوە ڕێنووسە دروست دەبێت، بەمەش ڕێنووسی کوردی ئەم قۆناغە تێ دەپەڕێنێت کە لەهەر ئەلفبێیەکدا شێوە نووسینەک پەیڕەو دەکرێت و هەرکەسە ڕێنووسی خۆی بەڕاستتر دەزانێت، چونکە وا دەکات ڕێنووس بەهەردوو ئەلفبێ بەیەک شێوە بێت، هـەردوو ئەلفبێ وەکوو یەک خزمەت بکرێت و بەیەک ئاڕاستە پێش بکەوێت .

**ئایا سەرچاوەی دەرکەوتن و بەکارهێنانی خاڵبەندی بۆ کەی و بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

هەروەک دەزانین نووسین ئاوێنەی ئاخاوتنە، بۆیە هەردەم هەوڵ دەدرێت ئەوەی لەگۆکردندا دەردەکەوێت لەنووسینیشدا دەربخرێت، چونکە کە مرۆڤ دەئاخڤێت، بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی پێویستی بەپشوودان و بەهەناسە وەرگرتن دەبێت، پێویستی بەگۆڕینی دەنگ و ئاوازو ڕوخسارو بەبەرزکردنەوەو نزمکردنەوەی دەنگی دەبێت، تاوەکوو کەسی گوێگرو وەرگری بەرامبەر لەمەبەستەکان بگات و بەسەلیقەو شێوەی دەربڕینی گۆش و سەرسام ببێت، بۆ دەرخستنی ئەم مەبەستەش هانا دەبردرێتە بەر بەکارهێنانی چەند نیشانەیەک کە بەخاڵبەندی ناو دەبرێت، لەمەشدا گرنگی بەکارهێنانی نیشانەکانی خالبەندی دەردەکەوێت، چونکە لەگەڵ ئەوەی ڕێکوپێکی و جوانکاری بەنووسین دەبەخشێت، بەڕووەکی تری تێکگەیشتنیش دەزانرێت، چونکە دەرخستنی مەبەست لەخوێندنەوەدا ڕوونتر دەردەخات، بەلام لەگەل ئەوەشدا ئێمە لەو باوەڕەداین کە هەرگیز نووسین و ئاخاوتن بەخاڵبەندی هاوتای یەکتر نابێت، چونکە هەموو مەبەستەکانی ئاخاوتنی پێ وێنا ناکرێت، لەمەشدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە ئاخاوتن لەنووسین و لەخاڵبەندی گرنگترە، چونکە مەودای دەربڕینی تێدا فرەوانترە .

مێژووی بەکارهێنانی هێماو نیشانەکانی خاڵبەندی بەپێی ئەو ڕێڕەوە مێژووییە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت  کە نووسینی زمانی پێداڕۆیشتووە لەهەمان کاتدا پەیوەندی بەو ئەلفبێیەوەش هەیە کە لەنووسینی زمانەکەدا بەکارهاتووە، بۆیە دەرکەوتن و بەکارهێنانی لەهەر زمان و ئەلفبێیەکدا سەرەتایەکی هەیە ئینجا لەدواتردا پەیڕەوکراوەو لاساییکراوەتەوە .

لەسەدەی پێنجەمی پێش زاین نووسەرە شانۆییەکان لەیۆنان چەند هێماو نیشانەیەکیان بەکار دەهێنا بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستبوو ئاخێوەرە ئەکتەرەکان تێیدا بوەستن یان مەبەستەکی دیاریکراو دەرببڕن، لەمەشدا زانا اریستۆفانیسی بیزەنتی لە( ٢٥٧-١٨٥ پ، ز) هەندێ نیشانەی خاڵبەندی داهێنا تاوەکوو نووسین و مەبەستەکان لەیەکتر نزیک بکاتەوە، بەڵام لەدوای دەرکەوتنی دامو دەزگای چاپەمەنی لەئەڵمانیا (گۆتەنبەرگ - ١٤٥٠ز) بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی زیاتر پشتی پێبەسترا، چونکە لەم کاتەوەڕا نووسین لەدەست ڕاهاتنەوە بۆ بەکارهێنانی ئامێر گۆڕا، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش لەمیسر ئەحمەد زەکی پاشا (١٩١٢ز) نیشانەکانی خاڵبەندی بۆ نووسین بەئەلفبێی عارەبی بەکارهێنا، لەم نێوەندەشدا نووسەرانی کورد

بەهەمان ڕێچکەی ئەوانەی کە بەئەلفبێی عارەبییان دەنووسی ئەمانیش هەمان کاریان پەیڕەو دەکرد، چونکە لەلایەکەوە خوێندەوارانی کورد هەر بەو ئەلفبێیەیان دەنووسی لەلایەکی ترەوە دەتوانرا ئەگەر نووسین بەهەر ئەلفبێیەکی دیکە بکرێت نیشانەکانی خاڵبەندی تێدا وەکوو یەک بەکار بهێنرێت، بۆیە نووسەرانی کورد توانییان ئەگەر بەهەر زمان و ئەلفبێیەک بنووسن و بخوێنن، هەمان نیشانەو هێمای خاڵبەندی تێدا بەکاربهێنن .

**تاوەکوو ئێستا ڕێنووسێکی ستانداردمان نییە، نەبوونی ئەم ڕێنووسە تاچەند کاریگەری لەسەر زمانی ستانداردا هەیە ؟**

ئاشکرایە کە زمان وەک ئامڕازەک لەنێوان مرۆڤەکاندا بۆ تێگەیشتن و دەربڕینی مەبەستەکان بەکار دێت، ئەم ئامڕازەش لەنێوان هەموو زمانەکاندا هاوبەشەو بەدوو شێوە دەردەخرێت، شێوەیەکیان ئەزەلییە کە ئاخاوتنی پێ دەگوترێت، بەزمانی گۆکردن دەردەبڕدرێت و بەگوێ دەبیسترێت، ئەوی دیکەیان نووسینە کە ئاوێنەی ئاخاوتنە، بەدەست دەکرێت و بەچاو دەبینرێت، ئاخاوتنیش لەنووسین کۆنترە، چونکە بەر لەنووسین هەر هەبووە، ئەمەش وایکردووە دروستکردنی ڕێزمان پێش ڕێنووس بکەوێت، چونکە ڕێزمان لەزمانی ئاخاوتن هەڵ دەهێنجرێت ئینجا ڕێنووس لەنووسین دروست دەکرێت، لەمەشدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تا زمانەکی هاوبەش و ڕێزمانەکی ستانداردمان بۆ نووسین نەبێت، ڕێنووسەکی ستانداردو یەکگرتوومان بۆ دروست نابێت .

کرداری نووسین لەهەموو زمانەکاندا بەچەند قۆناغەکدا تێپەڕیوە ئینجا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە لەئێستادا دەبینرێت، نووسینی هەموو زمانەکیش لەدەستپێکدا بەهوونەر لێیڕوانراوە، بۆیە بەهەڕەمەکی دەستی پێکردووە، چونکە وشەکان هەر چۆن نوسرابێت بەڕاست زانراوە، بەڵام بەتێپەڕینی سەردەمەکان و کاریگەرییەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە وەک زانست لێی بڕوانرێت و پێویستی بەوە بێت یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی بۆ دابنرێت و بەخاڵبەندی ڕێک بخرێت، نووسینی کوردیش وەک نووسینی هەر زمانەکی دی بەهەڕەمەکی دەستی پێکردووە ئینجا بەچەند قۆناغەکدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە لە ئێستادا دەبینرێت، لەقۆناغی یەکەمدا بەهیچ یاساو بنەمایەک پابەند نەبووە ئینجا قۆناغی

دووەمی بەدواداهاتووە کە تێیدا جواننووسی و خۆشنووسی ڕەچاوکراوە، بۆیە لەم قۆناغەوەڕا بەهوونەر لێیڕوانراوە، لەقۆناغی سێیەمدا کە نووسین پێشکەوتووەو گرنگی زیاتری پەیداکردووە، چەند بنەمایەکی تێدا

بەپێی تایبەتمەندی زمانەکە دروستبووە، گرنگترین بنەماش ئەوەبووە کە ئەگەر نووسین بەهەر شێوەیەک بکرێت واتای وشە نەگۆڕێت، بۆیە کە وشەیەک چۆن گۆکراوەو چۆن بیستراوە وانوسراوە ئینجا قۆناغی چوارەمی بەدواداهاتووە کە کۆکەرەوەی هەموو قۆناغەکانی پێش خۆی بووە، کە تێیدا هەوڵدراوە نووسینی دەستەواژەکان بەدانانی پێشنیار یەک بخرێت و بەپەیڕەوکردنی خاڵبەندی نووسینەکی پوخت و ڕێک بەرهەم بهێنرێت .

گوومانیش لەوەدا نییە کە لەئەنجامی بەدواداهاتنی ئەم قۆناغانەدا نووسین گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووەو لەگەڵیدا دەست ڕاهاتن لەسەر شێوە نووسینەک دروستبووە، کە لەدواتردا نەتوانراوە بەئاسانی وازی لێ بهێنرێت لەهەمان کاتدا هەندێ بنەماش بۆ نووسین دروستبووە کە بەتایبەتمەندی زمانەکە زانراوە، ئەم تایبەتمەندییەش لەهەموو حالەتەکدا ڕەچاوکراوەو وەک پاساو بۆ ڕاستنووسی بەکارهێنراوە ئینجا لەدوای ئەم قۆناغانە زەمینەیەکی لەبار بۆ هاتنی قۆناغی پێنجەم ڕەخساوە، کە دوا قۆناغی نووسینە، ئەویش قۆناغی دروستکردنی ڕێنووسی یەکگرتووە، چونکە لەم قۆناغەدا نووسین بەیاسا ڕێک دەخرێت و پشت بەدەرخستنی بنەمایەکان دەبەسترێت نەوەکوو لەڕێی پێشنیارەوە بێت و هەر نموونە بەنموونە بچوێنرێت، ئەمەش وادەکات لەم قۆناغە بەدواوە نووسین لەقۆناغی هوونەری و هەڕەمەکی دابڕێت و وەک زانستەک مامەلەی لەگەڵدا بکرێت، هەروەک دەزانین هیچ زانستەکیش نییە یاسای تایبەت بەخۆی بۆ فێرکردن نەبێت، بۆیە دەبێت لەم قۆناغەدا، یاسای ڕێنووس دابڕێژرێت کە هەموو کەسەک بتوانێت پێی فێر ببێت، تاوەکوو جیاوازی لەنێوان نووسینی هوونەری و نووسینی زانستی دەربکەوێت، دروستنووسی و ڕاستنووسی بۆ نووسین دروست ببێت، کە بەڕێنووسی زمان بزانرێت و تایبەتمەندی زمانی تێدا دەربکەوێت، هەر بەمەش دەتوانرێت ڕێنووسی ڕاست و هەڵە، تەواوو ناتەواو، لۆژیکی و نالۆژیک، گونجاوو نەگونجاو لەیەکتر جیابکرێتەوەو دیاربخرێت .

ئێمە لەو باوەڕەداینە کە نووسینی کوردی لەئێستادا لەقۆناغی چوارەمە کە قۆناغی هوونەری ڕێکنووسییە نەوەکوو زانستی ڕێنووس، چونکە بەپێشنیار ڕێکخراوە

نەوەکوو بەیاسای ڕێنووس، چونکە ئەگەر سەرنج بدەینە هەموو ئەو نووسینانەی کە لەدەزگاو کتێب و گۆڤارو بڵاوکراوەکان پەیڕەو دەکرێت، دەبینین هەمووی بەپێی ئەو پێشنیارو ڕێنماییانە دەکرێت کە لەڕێی بیروبۆچوونە تاکە کەسییەکانەوە دادەنرێت نەوەکوو لەڕێی دارشتنی چەند یاسایەک کە بەسەر نووسینی وشەکاندا جێبەجێ ببێت و بەپێی هەر حالەتەک داڕێژرابێت، نەبوونی ئەم یاسایانەش وایکردووە بەردەوام دژەڕاو پەیڕەوکردنی پێشنیاری جیا دروست ببێت، چونکە دەتوانرێت لەبەرامبەر هەر پێشنیارەکدا پێشنیارەکی دیکە بکرێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ڕێنووس بۆ نووسینی کوردی  دروست بکەین، دەبێت ڕەچاوی ئەم دوو خاڵە بکەین :

یەکەم / دەبێت نووسینی دەستەواژەکان بەیاسا ڕێک بخەین، چونکە لەنووسینی یاساییدا ڕێنووسی ستاندارد دروست دەبێت .

دووەم / بەر لەوەی باس لەڕێنووسی ستاندارد بکەین، دەبێت بیر لەدروستکردنی زمانی ستاندارد بکەینەوە .

**بۆ ئەوەی ڕێنووسێکی ستانداردمان هەبێت پێویستە چی بکرێت ؟**

ڕێنووس دروست دەکرێت، لەخۆیەوە دروست نابێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت چەند هەنگاوەک هەڵ بهێنرێت تاوەکوو بناغە بۆ دروستکردنی دادەمەزرێت، هەنگاوی سەرەتاش لەپاڵپشتی دەسەڵات و ڕێککەوتنی نێوان زمانەوانان و شارەزایانی زمان هەڵ دەهێنرێت کە زەمینەیەکی لەبار بسازێنن و چارەکردنی گرفتەکان بەئاڕاستەیەکی تەندروستدا ببەن، تا ببێتە هۆی ئەوەی گرفتەکان بە بیروبۆچوونی لۆژیکی یان بەپاساوی بەجێ  چارەسەر بکرێت، دامەزراندنی بناغەش بۆی لەپرۆسەی خوێندن و نووسیندا دادەنرێت، چونکە لەم پرۆسەیەدا زەمینەی فێرکردن و ڕاهاتن دەڕەخسێت، نووسین و زمان بەئاڕاستەی لێک نزیکبوونەوەو یەکگرتووییدا دەڕوات، چونکە ئەو شێوەنووسینەی کە تێیدا پەیڕەو دەکرێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو بوارەکاندا دەبێت، دەتوانرێت لە دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایەتی بسەپێنرێت، بەمەش لەئەنجامدا زەمینە بۆ دروستکردنی ڕێنووسەکی یەکگرتوو دەسازێت .

**ئایا بوونی ڕێنووسێکی ستاندارد چیمان بۆ فەراهەم دەهێنێت ؟**

گومان لەوەدا نییە کە گرنگترین خالی هاوبەش لەنێوان نووسین و ڕێنووسدا، خوێندنەوەو تێگەیشتنی مەبەستی ئاخێوەرو نووسەرە، بەڵام گرنگترین جیاوازی

لەنێوانیاندا ئەوەیە، کە نووسین بەهوونەرو کردارەکی هەرەمەکی لێی دەڕوانرێت، چونکە دەرخستنی بنەماو جیاوازی نووسینی وشەکانی تێدا بەگرفت نازانرێت، ئەگەر لەکاتی خوێندنەوەدا کاریگەری لەسەر گۆڕینی واتادا نەبێت، بەڵام ڕێنووس بەزانستەکی خاوەن یاسا دەزانرێت، چونکە دەبێت لەپاڵ خوێندنەوەدا، تایبەتمەندی زمان و بنەما بنەڕەتییەکانی نووسینی زمانی تێدا دەربکەوێت، ئەمەش وا دەکات لەڕووی کردارەوە، هەریەکە لەنووسین و ڕێنووس، پێناسەیەکی تایبەت بەخۆی وەربگرێت، نووسین بەئاخاوتنەوە گرێ بدرێت، ڕێنووسیش بەڕێزمانەوە بلکێت، هەروەک دەزانین لەڕێزمانیشدا زمانی ستاندارد

دروست دەبێت، بۆیە ڕێنووس و ڕێزمان هەردەم پەیوەستی یەکترن، بەڵام لەڕووی پەیڕەوکردنی بنەماکانەوە ڕێنووس و ڕێزمان دوو کرداری جیاوازن، چونکە بنەماکانی ڕێزمان نەگۆڕن، ناتوانین لێی لا بدەین یان یاسایەکی دروستکراوی بۆ دروست بکەین کەچی ڕێنووس کردارەکە دەتوانین گۆڕانکاری تێدا بکەین و دروستی بکەین، چونکە زادەی سەلیقەو بیرکردنەوەو ڕێککەوتنی نێوان شارەزایان و زمانەوانانە، بۆیە دەتوانین بەپێشنیار ڕێکی بخەین و بەیاسا دروستی بکەین .

لەنووسینی کوردیدا چوار گرفتی سەرەکی هەیە کەوا پێویست دەکات یاسایان بۆ دابنرێت تاوەکوو ڕێنووسەکی ستانداردمان بۆ دروست دەبێت، چونکە هەبوونی یاسا ئەو گرفت و جیاوازییانە ناهێلیت، کە لەئێستادا وەک دیاردەیەکی زەق لەنووسینی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، گرفتەکانیش بریتین لە :

١- بڕگەکردنی وشەکان، چونکە هەندێ وشە بەدووشێوەو زیاتر بڕگە دەکرێن .

٢- دەستنیشانکردنی پێگەی پلەبزوێنی کورت و درێژی (و ، ی) چونکە لەنووسیندا تێکەڵی یەکتر دەکرێن .

٣- لکاندن و نەلکاندنی وشەو ئەفێکسەکان، چونکە دەتوانرێت بەهەردوو شێوە بنوسرێن بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر گۆڕینی واتادا هەبێت، لەمەشدا جیاوازییەکی زۆر لەنووسینی دەستەواژەکاندا دەردەکەوێت .

٤- وشە وەرگیراوەکان، چونکە ناتوانرێت ئەم وشانە لەزمانەکەماندا دەربهاوێژێن، بۆیە دەبێت هەمان یاسای وشە کوردییەکانیان بۆ بەکار بهێنرێت .

بۆ چارەکردنی ئەم گرفتانەش دەبێت یاسای ڕێنووسمان هەبێت، کە فێرخوازانی پێ فێربکرێت تاوەکوو نووسینی دەستەواژەکان وەکوو یەکتری لێ دێت، بەمەش

نووسینەک بەرهەم دەهێت کە بەڕێنووس بزانرێت و لەگەڵ ڕێزمان و دروستبوونی ستانداردەکەی هاوتا بێت .

**ئایا بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندی لە هەر دەقەکی ئەدەبی یان هزریدا، چی لێ دەکەوێتەوە؟**

لەڕاستیدا ڕێنووس و خاڵبەندی لەڕووی ڕۆڵەوە دوو بابەتی لەیەکتر جیان، چونکە هەریەکەیان ڕۆڵەک لەنووسیندا دەبینن، ڕێنووس پەیوەندی بەنووسینی دەستەواژەکانەوە هەیە، چونکە لەڕووی دەرخستنی فۆنیم و بنەماکانەوە ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام خاڵبەندی لەدەرەوەی وشەکاندا کاردەکات، چونکە ڕۆڵی ڕێکخستنی دەق و مەبەستەکان دەبینێت، بەڵام هەردەم لەگەڵ یەکتردا باس دەکرێن، چونکە یەکتر تەواو دەکەن، بەر لەوەی ڕێنووس دروست بکرێت، نووسین بەخاڵبەندی ڕێک دەخرێت، ئەمەش وایکردووە پەیوەستی یەکتر ببن و هەردەم بەیەکەوە باس بکرێن .

پەیڕەوکردنی خاڵبەندی لەنووسینی دەقەکاندا، نووسین جوان دەکات، چونکە بەکارهێنانی نیشانەکان لەنووسیندا پەیوەندی بەڕێکنووسی و گۆڕینی مەبەست هەیە، ئەو مەبەستانە دەردەخات کە نووسەر ناتوانیت بەو دەنگ و فۆنیمانەی کە لە ئەلفبێیەکەدا هەیە لەنووسیندا وێنای بکات، بۆیە ئەگەر نیشانەی خاڵبەندی بەهەڵە بەکار بهێنرێت تەنیا مەبەست دەگۆڕێت و نووسینەکە بەکرێتی دەردەخات، بەڵام کاریگەری لەسەر ڕاست و هەڵەی ڕێنووسی وشەکاندا نابێت ئینجا ئەگەر نووسینەکە دەقەکی ئەدەبی یان هزری بێت.

**جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆر لەدەقەم بۆ بکە: دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیڕەو کرابێت –دەقێک خاڵبەندی تێدا پەیڕەو نەکرابێت؟**

هەروەکوو لەپێشتردا گوتمان، پەیڕەوکردنی خاڵبەندی و دانانی هەر نیسانەیەک لەجێگەی خۆیدا، نووسین جوان دەکات و دەقەکە بەرێکوپێکی پیشان دەدات ئینجا لەگەڵیدا مەبەستی ئووسەر بۆ خوێنەر ڕوونتر دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا ئەو وشەو ڕستانەی کە لەدەقەکدا هەیە، لەڕووی واتاوە لەیەکتریان جیا دەکاتەوە یان بەیەکتریان دەبەستێتەوە، چونکە بەپێی هاومەبەستی و جیاوازی، وشەکان دابەش دەکات یان پەیوەندی نێوانیان دەردەخات، لەلایەکی دیکەوە شوێنی وەستان و هەڵوێستەی نووسەریش بۆ خوێنەران پیشان دەدات، کە لەگەڵیدا مەبەستی

پرسیارو سەرسوڕمان و جیاوازی و هاوڕێکی و هاوواتایی وشەکان دیار دەخات، بەمەش تا ڕادەیەک نووسین لەئاخاوتن و لەمەبەستی نووسەر نزیک دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر خاڵبەندی لەنووسینی دەقەکدا ڕەچاو نەکرێت، لەلایەکەوە دەقەکە یان نووسینەکە بەڕێکوپێک دەرناکەوێت، لەلایەکی ترەوە لەوانەیە مەبەست بگۆڕێت کە سەر لەخوێنەر بشێوێنێت و لەواتادا ناحاڵی ببێت یان لێڵی تێگەیشتنی لەبابەتەکەدا بۆ دروست ببێت .

**- دۆخی هەریەکە لە(ڕێنووس و خاڵبەندی) ئێستا لەنێوەندی نووسین و بڵاوکراوەکان چۆن دەبینیت و لەچی ئاستێک دایە ؟**

بەباوەڕی ئێمە نووسینی کوردی لەئێستادا لەئاستی ڕێکنووسیٚ دایە نەوەکوو ڕێنووس، چونکە بەپێشنیار ڕێکخراوەو وەک هوونەرەک مامەلەی لەگەڵدا دەکرێت، بەبنەمای چۆن دەردەبڕدرێت وا دەنوسرێت ئینجا پێشنیاری بۆ دادەنرێت و داوا دەکرێت نموونە بەنموونە بچوێنرێت، ئەمەش وایکردووە نووسینەکەی بەڕێنووس نەگۆڕێت و ستانداردی بۆ دروست نەبێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ڕێنووسی ستاندارد دروست بکەین، دەبێت وەک زانستەک مامەلەی لەگەڵدا بکەین و یاسای فێرکردنی بۆ دابنێین ئینجا یاسایەکان بەسەر وشەکاندا جێبەجیٚ بکرێت، چونکە تا نووسین یاسای فێرکردنی نەبێت بەڕێنووس هەژمار ناکرێت، بەڵام
پەیڕەوکردنی خاڵبەندی لەئاستەکی باشتردایە، چونکە ڕەچاو دەکرێت و ڕێکنووسی پیٚ دەستنیشان دەکرێت، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەدایە، کە شێوەی زمانەکی جیهانی وەرگرتووە، چونکە هەروەک بەکارهێنانی نیشانەکانی هاتوچۆ سەیر دەکرێت، بۆیە لەهەموو زمان و ئەلفبێیەکاندا بۆ یەک مەبەست بەکار دەهێنرێن، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەگەر بیرو بۆچوونەک لەزمانەکی تردا لەسەر خالبەندی هەبێت، زمانەکانی تریش دەتوانن سوودی لێوەر بگرن، ئەمەش وایکردووە ئەوەی بۆ زمانەکانی دیکە دەبێت بۆ نووسینی کوردیش بشێت، یەکخستن و بەکارهێنانی لەنووسینی کوردیدا وەک چارەسەری گرفت و یەکخستنی ڕێنووسەکەی، هێندە ئالۆزو گران نەبێت، کە بیروبۆچوونی دژ بەیەک و نوێکاری و جیاوازی نێوان شارەزایانی لەسەر دروست ببێت و نەتوانرێت ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانیان بکرێت .

**ئایا نووسەرانی کورد ڕێگە خۆشکەر بوونە بۆ بەرەوپێشچوونی ڕاستنووسی و ڕێنووسێکی ستاندارد یاخوود بەپێچەوانەوەیە ؟**

بەڵگە نەویستە کە دڵسۆزانی زمان، لەشارەزایان و دەزگا پەیوەندیدارەکان، هەر لەسەردەمەکی زووەوە هەوڵی ئەوەیان داوە، کە نووسین بەکوردی بکەن و ڕێنووسی بۆ دروست بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێنمایی و پێشنیاری زۆریان داناوە، بەلام بەداخەوە هەرگیز ئەو ئامانجەی نەپێکاوە کە ویستراوە، چونکە لەهیچ سەردەم و لەهیچ پارچەیەکی کوردستاندا، ڕۆژەک لەڕۆژان جێبەجێکردنی پێشنیارەکان، هێزی سەپاندن و ڕێچکەیەکی فێربوونی ئاسانیان لەگەلدا نەبووە، ئاشکراشە کە هێزی سەپاندن لەپشتگیری دەسەلات وەردەگیرێت، کە ئەمەش بۆ ئێمەی کورد نەبووە، بۆیە ئەو پێشنیارانەی کە بۆشیکراوە زەمینەی جێبەجێکردنیان بۆ نەڕەخساوە لەهەمان کاتدا ڕێچکەیەکی فێربوونی ئاسانیش بۆ نووسینی وشەکانی نەبووە، چونکە بەیاسا ڕێک نەخراوە، بەڵکوو داواکراوە لەڕێی هێنانەوەی چەند نموونەیەکدا لاسایی بکرێتەوە، بۆ ئەمەش بەردەوام پشت بەدوو بیرۆکە بەستراوە، لەبیرۆکەی یەکەمدا، ئاخاوتنی شێوەزارەکان و دەربڕینی تایبەتی نووسەران ڕەچاودەکرا، بۆیە باشترین ڕێنووس بەو نووسینە دەگوترا، کە وشەکان چۆن لەدەم دەردەچن هەر بەو جۆرە بنوسرێن، لەمەشدا نووسین نەوەکوو ڕێنووس بەشێوەیەکی هەڕەمەکی پەرەیسەند، چونکە بیرو بۆچوونی نووسەرو زمانەوانان بەپێی دەربڕین و شێوە ئاخاوتنی تایبەت بەسەر کرداری ڕێنووسی کوردی بەگشتی دەسەپا، لەبیرۆکەی دووەمدا، لاساییکردنەوەی ڕێنووسی زمانە زالەکان ڕەچاودەکرا، لەمەشدا تایبەتمەندی ڕێنووسی زمانەکی تر بەبەر نووسینی کوردیدا دەکرا، ڕەچاوکردنی ئەم دوو بیرۆکەیەش وەک سەرچاوەی گەڕانەوە وایانکرد دروستبوونی ڕێنووسی ستاندارد زەمینەیەی بۆ نەڕەخسێت، چونکە هەریەکە بیرۆکەیەکی دەکردە پاساوو بەڵگە بۆ ئەو پێشنیارانەی کە بۆ حالەتەکانیان دادەنا، لەدەرئەنجامدا وای لێهات ڕێنووسی کوردی بەلاسایی یان بەپێی بیروڕای شێوەزاری نووسەرو دەزگاکان دەربکەوێت نەک وەکوو ڕێنووسی زمانەکی هاوتا بەزمانەکی سەربەخۆ، کە بەیاسا ڕێک خرابێت، لەم حالەتەشدا لەجیاتی ئەوەی ڕێنووسەکی یەکگرتوو دروست ببێت، پاشەگەردانی و جیاوازی زیاترو بیرو بۆچوونی دژبەیەک بۆ پێشنیارەکان و لێکدانەوەی گرفتەکان دروستبوو، تا وای لێهات هەندێ کەس بەبێ هۆ لایەنگری لەهەندێ پێشنیار بکەن،

هەندەکی تر هەر بۆ خۆجیاکردنەوە دژایەتی یەکتر بکەن و ڕێنووسی حالەتەکان بەپێی بیرو بۆچوونی خۆیان ڕێک بخەن .

**- گەشەی تەکنۆلۆژیاو ژیری دەستکرد کاریگەریان بەسەر گشت لایەن و سێکتەرەکانی ژیاندا هەیە، ئایا پەیوەندی و کاریگەری بەسەر هەر یەک لە(ڕێنووس و خاڵبەندی)دا چییە ؟**

ژیری دەستکرد بوارەکی تایبەت و فرەوانە لەزانستی کۆمپیوتەردا، کە بەپێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیای ئەو سەردەمە دەزانرێت، بەلام پەیوەستە بەزیرەکی مرۆڤەکان، چونکە ئەو بەرنامەیەی کە بۆی دادەنرێت بەئەقڵی مرۆڤ دروست دەکرێت، مرۆڤ دای دەهێنێت و بەرنامەی بۆ دادەڕێژێت تاوەکوو کارئاسانی بۆ ناسینەوەو دۆزینەوەو جیاکردنەوەی وێنەو دەستەواژەو زانیارییەکانی بۆ بکات، بۆیە ئەوەی مرۆڤ بەخەیاڵیدا دێت، دەتوانێت بەرنامەی بۆ دابڕێژێت و تێیدا بەکاری بهێنێت، ئەمەش وادەکات بتوانرێت لەبواری ڕێنووس وخاڵبەندیشدا سوودی لێوەر بگیرێت، بەلام لەمەدا جیاوازی لەنێوان ئەو ڕۆڵەدا دەردەکەوێت کە بۆی بەکار دەهێنرێت، چونکە بەهەبوونی ڕێنووسی ستاندارد، ژیری دەستکرد لەخزمەتی ڕێنووسدا دەبێت، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە لەوکاتەدا سوودی دەبێت و دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت ئەگەر زمانی کوردی ڕێنووسەکی ستانداردی هەبێت، چونکە لەستانداردا ڕێنووسی ڕاست و هەڵە دەردەکەوێت تا بتوانێت لەنێو ڕاستەکاندا ڕاستییەک هەڵبژێرێت، بەلام لەخاڵبەندیدا ئەو ڕۆڵەی نابێت، چونکە خاڵبەندی پەیوەندی بەمەبەستی مرۆڤ و نووسەرەکانەوە هەیە لەدەربڕیندا، بۆیە هەر چەند زیرەک بێت ناتوانێت مەبەستی مرۆڤ بەڕاست و بەتەواوی بخوێنێتەوە، چونکە هەر لەمێشکی مرۆڤەکاندا دەمێنێتەوە، ئەمەش وادەکات ژیری دەستکرد لەخاڵبەندیدا ئەو ڕۆڵە نەبینێت کە دەتوانێت لەڕێنووسدا بیبینێت .

# کێشەی ڕێنووس
# لە نووسینی کوردیدا

بەدران ئەحمەد حەبیب

***بۆچی ئێمە ڕێنووسێکی یەکگرتوومان نییە؟**

– هۆی کێشەی ڕێنووسی کوردی لە بنج و بناوانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکگرتوویی ڕۆشنبیران لە ئاستی ئەم کێشەیەدا. وەک دێتە زانین، نووسینی کوردی بە ئەلفبێی عەرەبی و شێواز و ڕێنووسی تازە، لە ڕۆژنامەی (کوردستان) لە قاهیرە (١٨٩٨)ەوە دەست پێ دەکات. واتە ئەم کێشەیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە دەستی پێ کردووە و لەو کاتەوە تا ساڵی ١٩٧٠، کە دەکاتە ماوەی ٧٥ ساڵ، نووسەرانی زمانی کوردی، ڕژدانە بیریان لە یەکگرتن لە ئاست ئەو پرس و کێشانەی لە ڕێنووسی کوردیدا هەن، نەکردووەتەوە. ڕاستە لەو ماوە درێژەدا ناوبەناوێک، وتار و نامیلکە بۆ ئەم کێشەیە دەرکەوتوون بەڵام یەکگرتنی نووسەرانیان بە دەورەدا نەبوو.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ئادار لە نێوانی لایەنی کوردی و دەولەتی عێراقدا رووی دا، دەزگایەک بە ناوی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی)یەوە لە بەغدا دامەزرا. کاری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، وەرگێڕان و نووسینی کتێبی پرۆگرامی ١٢ ساڵەی پەروەردەیی بوو. ئەم دەزگا گرینگە هەرچەندە جارێک و دوان هەوڵیشی دا بەڵام نەیتوانی لە بڕیارێکدا بگیرسێتەوە و ڕێنووسی کوردی بکات بە یەک.

هەر ئەو سەردەمە، (یەکێتیی نووسەرانی کورد)یش دامەزرا، ئەویش نەیتوانی هەنگاو بە ڕێگەی چارەسەری هیچ گرێ و کێشەیەکی ڕێنووسیدا بهاوێ. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ، ڕێنووس هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان خەمێکی سەرەکی نەبووە لای نووسەرانی کورد تا ناچار ببن لە ئاستیدا بووەستن و کاری بنەبڕانە بۆ چارەسەری گرێ و گۆڵ و کێشەی ئەو ڕێنووسە بکەن. ڕاستیت بوێ، نووسەران، زیاتر جیاوازییەکەیان پێ خۆشتر بووە لە یەکگرتن.

گرینگترین هەنگاوی بەرپرسانە بە ڕێگەی یەکگرتن لە چارەسەری پرس و کێشەی ڕێنووسی کوردیدا، ئەوە بوو کە لە دامەزرانی (کۆڕی زانیاری کورد)ەوە لە بەغدا دەستی پێ کرد. کۆڕ لە ١٩٧٠دا دامەزرا و لە ١٩٧٣وە بە گەرموگوڕییەکی بێ وێنە کەوتە نواندنی چالاکی لە بواری پرسی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردیدا.

کۆڕی زانیاری کورد، دەشێ بڵێین ڕێنووسێکی زانستییانەی یەکگرتووی بڕیار دا و لە هەموو بڵاوکراوەیەکی خۆیدا بە وردی جێبەجێی کرد تا ئەو دەمەی کەوا کۆڕ هەڵوەشایەوە و بوو بە (دەستە)یەک لە کۆڕی زانیاری عێراق. بەڵام ئەو ڕێنووسەی کۆڕ دای نا، نەبوو بە ڕێنووسێکی سەرتاسەری و گشتی لە کوردستان و هەر تەنیا لە سنوور و چوارچێوەی کاری کۆڕ خۆیدا مایەوە. لەمەیشدا دوو هۆی کارا بوون:

یەکەم: کۆڕ هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو بە پرۆگرامی پەروەردەی کوردیدا. راستە (بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی) هەنگاوێک لە کۆڕەوە دوور بوو، بەڵام کۆڕ نەیتوانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بهێنێتە ژێر بار لە پێناوی بەکارهێنانی ئەو رێنووسەی خۆیدا، هەروەها نەیشیتوانی داوودەزگای تری ئەو سەردەمەی وەک (دەزگای رۆشنبیریی کوردی) لە بەغدا، بهێنێتە ئەو باوەڕەی کە رێنووسەکەی کۆڕ، لەو رۆژنامە و کۆوارانەی ئەو دەزگایە دەری دەکردن، وەک (هاوکاری و بەیان و رۆشنبیری)، بە کار بهێنێت.

دووەم: ئەو رێنووسەی کۆڕ، چەند فۆنتێکی تازەی پێشنیاز کردبوو بۆ نووسینی کوردی، وەکو (و) و (ی)ی کەشیدەدار، کە ئەو فۆنتانە لە هیچ چاپخانەیەکدا جگە لە چاپخانەی کۆڕ، دەست نەدەکەوتن و ئەگەر تەنانەت نووسەرێکی کورد یان داوودەزگایەکی کوردی، بییشیانویستایە کار بەو رێنووسەی کۆڕ بکەن، بۆیان نەدەلوا و نەدەچووە سەر.

کەواتە، یەکنەگرتن لە چارەسەری ئەو پرس و کێشانەی لە رێنووسی کوردیدا هەن و نەبوونی رێنووسێکی کوردیی یەکگرتوو، چ لە کاری رۆشنبیری و چ لە پرۆگرامی پەروەردە و خوێندندا، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەرپرسیارەتی لای داوودەزگایەلی کوردی بە پلەی یەکەم و نەبوونی دەزگایەکی بەرپرسیاری باڵادەست و دەسڕۆییو لە بوارەکەدا، بە پلەی دووەم.

ئەمە جگە لەوەی کە بە نەریت، کورد، بە تایبەتی بژاردە "گوایە" رۆشنبیرەکەی، نایانەوێ لە هیچ پرسێکدا یەک بگرن تەنانەت ئەگەر ئەو پرسە پرسێکی فرە چارەنووسییانەیش بێت. وەک وتم ئەوان زیاتر چێژ لە جیاوازی و رکابەرییەکە وەردەگرن نەک تەبایی و یەکگرتنەکە.

ئەودەمەی دەزگای ئاراس ساڵی ١٩٩٨ دامەزرا، من خۆم وەک بەرپرسی ئەو دەزگایە، بە رژدی رووبەڕووی ئەم کێشەیە بوومەوە و هەوڵم دا کار بەو رووەدا بکەم کە رێنووسێکی یەکگرتوو لە کتێبی ئاراسدا بە کار بهێنم. کێشە ئەوە بوو بەشێکی زۆری نووسەران نەیاندەهێشت رێنووسێکی یەکگرتوو لە کتێبی ئەواندا، کە ئاراس چاپی دەکردن، هەبێت. سەیر و سەمەرەی گەورەیش لەوەدا بوو زۆربەی ئەو نووسەرانە، لە نێوانی رستەیەک و رستەکەی دوای خۆیدا، یەک وشەیان بە دوو سێ شێوەی جیاواز دەنووسی. سەرەڕای ئەمە، من و هاوکارانم لە دەزگای ئاراس هەوڵمان دەدا وردە وردە رێگەی بەرەوپێش لە کێشەی رێنووسدا ببڕین، بەڵام داوودەزگای تر و بڵاوکراوەی تری حکوومەتی و حزبایەتی لە هەرێمی کوردستان، لە بارەی رووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیەوە، لەگەڵ ئێمەدا جووت و کۆک نەبوون. راستیت دەوێت زۆر جێی سەرسوڕمانە،

کەوا جیاوازی لە بەکارهێنانی ڕێنووس، بە لای نووسەران و داوودەزگایەلی کوردییەوە، پرسێکی نۆرماڵ و ئاسایی بێت و تەنانەت وەک ماف و ئازادییەکی دیمۆکراسییانە بێتە سەیرکردن.

ساڵی ٢٠٠٠، کاتێک (کۆڕی زانیاری کوردستان) لە هەولێر دامەزرا، من بووم بە ئەندام لە کۆڕ. ئەمە هەل و دەلیڤەیەک بوو بۆ ئەوەی پێشنیازی پرۆژەیەک بۆ ڕێنووسێکی یەکگرتوو لە لایەن کۆڕەوە بکەم. ئەنجوومەنی کۆڕ، بڕیاری ئەو پرۆژەیەی منی دا و هەر خۆیشمی راسپارد بۆ نووسینی گەلاڵەی پرۆژەکە. ئەوە بوو لە دوو کۆبوونەوەی هەر یەکە حەوت سەعاتیدا، ئەنجوومەنی کۆڕ بە یەکدەنگی، بڕیاری لە پرۆژەکەی من دا و لە نامیلکەیەکدا چاپ و بڵاوی کردەوە. سەیر ئەوە بوو، هەر کۆڕ خۆی لە کۆواری (ئەکادیمی) و بەرهەم و کتێبی تری کۆڕدا، کاری بەو ڕێنووسە بڕیارداوەی خۆی نەکرد. داوودەزگای تری کوردستان ڕاشکاوانە وتیان: «ڕێنووسی خۆتان بۆ خۆتان و ڕێنووسی خۆمان بۆ خۆمان».

کۆڕی زانیاری کوردستان، کە دواتر ناوی گۆڕا و بوو بە (ئەکادیمیای کوردی)، لە رووی یاساوە دەزگایەکی سەرپشکە بۆ پرسی زمانی کوردی و ڕێنووس و زاراوەی زانستیی بواری جیا جیا، بەڵام بەداخەوە نە کۆڕ (یان ئەکادیمیا) خۆی، ئەو هێژایی و شیاوییەی لەم بوارانەدا تێدا هەبووە و هەیە و نە حکوومەتی هەرێمیش حسێبێکی گرینگیی بۆ کار و ئەرکی ئەم دەزگایە کردووە. وەک وتم تەنانەت ئەندامانی کۆڕ خۆیان دەربەستی ئەو ڕێنووسە نەدەبوون کەوا کۆڕ (یان ئەکادیمیا) بڕیاری لێ دەدا.

پرسی ڕێنووس باشترین نموونەیە بۆ ئەو گاڵتەجاڕی و گەپ و گەمەیەی بژاردەی کوردستانی تیایدا بێ سەر دەگەڕێ و کار دەکات. تۆ پێویستە لە پرسی ڕێنووسی کوردییەوە تێ بگەیت، کەوا بژاردەی کوردستانی، توێژێکی چەند بێباک و نابەرپرسیار و سەرەڕۆیە. مامۆستا مەسعوود محەمەد نموونەیەک بۆ ئەم ناپەڕژایی و هەرکەس هەرکەسییە لە ڕێنووسی کوردیدا دەهێنێتەوە، دەڵێ: ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژەیل، کۆمەڵێک کەسی سەر بەم بژاردە کوردییە، بیانەوێ کۆبوونەوەیەک بۆ یەکگرتن لە ئاستی پرس و کێشەیەکی گرینگی کوردیدا بکەن و بێن دانیشن و بیرورا بگۆڕنەوە، ئینجا دوای وتووێژێکی زۆر و کاتێکی دوور و درێژ، بگەن بە ڕێککەوتن و یەکگرتنێک لە ئاست ئەو پرس و کێشەیەی بۆی هاتبوون، کاتێک کە ویستیان بینووسنەوە و ئیمزای بکەن، لە پرسی ڕێنووسدا دەبێتەوە بە کێشەیان و ئەو یەکگرتنەی کردبوویان هەڵدەوەشێتەوە،

بەداخەوە، من دەقی قسەکەی مامۆستام لا نەبوو تا وەک خۆی بینووسیمەوە، بەڵام هەر بەو مانایە بوو کە نووسیم.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکە، ئەوەی ئاخۆ رێنووسی ستاندارد پێوەندیی بە زمانی ستانداردەوە هەیە؟ من لام وایە ئەمانە دوو کێشەی جیاوازن، رێنووسی کوردی زۆر هەنگاوی بە رێگەی چارەسەری ئەو کێشانەی کە هەن، بڕیوە و ئەوەی ئێستە پێویستە، بوونی دەستەیەکی کاربەدەستە بۆ دوا بڕیار دان. تەنیا چەند کۆبوونەوەیەکی دەوێت بۆ ئەوەی سەرئێشەکە بۆ دواجار لە کۆڵ ببێتەوە. بەڵام زمانی ستاندارد وەک لە ئاخاوتنی کوردیدا دەڵێن (نوێژە دوور و درێژە)، ئەمە کارێکە کاتی زۆر دەوێت. راستیت پێ بڵێم لەوانەیە خەونی زمانی ستانداردی کوردی هەر بەدییش نەیەت. رۆشنبیرانی کورد لە هەرچوار لا، زۆر لەوە داماوترن بتوانن لە ئاست ئەم بەرپرسیارەتییەدا کارێکی گەورە بکەن، یان تەنانەت بە شێوەیەکی زانستییانە و دوور لە دەرمارگریی ناوچەیی، بتوانن دانیشن و قسەی تێدا بکەن چ جای ئەوەی بگەن بە دۆزینەوەی چارەسەر و بە رێککەوتن.

**چی پێویستە بیکەین بۆ ئەوەی ئێمە رێنووسێکی ستانداردمان هەبێت؟**

بە دیتنی من، چارەسەری کێشەی رێنووسی کوردی، دەبێت وەک مەتەڵۆکی (کەروێشک بە عارەبانە گرتن) بێتە مامەڵە. حکوومەت دەبێ لەو روانگە و رێگەیەوە هەنگاو بۆ چارەسەر هەڵێنێ، کە هیچ بوارێک بۆ جیاوازی و هەرکەس هەرکەسی نەهێڵێتەوە. ئەو روانگە و رێگەیەیش تەنیا ئەوەیە کتێبی ١٢ ساڵەکەی پرۆگرامی پەروەردەی کوردستان بە یەک رێنووس بێتە نووسینەوە.

ئەو نامیلکەی (رێنووسی یەکگرتووی کوردی)یەی من پێشنیازم کرد و کۆڕی زانیاری کوردستان ساڵی ٢٠٠١ بڕیاری لێ دا و چاپ و بڵاو بووەوە، نێزیکەی دە هەزار دانەی کەوتە بەردەستی خەڵک. دەتوانم بڵێم ئەوە گرینگرین کار و گرینگترین هەنگاو بوو بە رێگەی یەکگرتنی رێنووسی کوردیدا. لە کتێب و بڵاوکراوەی دەزگای ئاراسدا تا رادەیەکی باش هاتە جێبەجێکردن. هەرچەندە پێویستە ئەوەیش بڵێم ئەم نامیلکەیە رەنگە چارەسەری نیوەی کێشەی رێنووسی کوردیی کردبێت و هێشتە ئەوەندەی تر کێشە مابێت کە رۆژێک پێویست بێت بێینەوە سەری.

کێشەی رێنووسی کوردی زیاتر پێوەندیی بە میزاجی نووسەری کوردەوە هەیە، کە میزاجێکی خێڵەکییانەیە. بۆیە تاکە رێگە ئەوەیە وەک وتم، لە پەروەردەی منداڵەوە دەست پێ بکەین و حکوومەت بڕیار بدات کە رێنووسی پرۆگرامی خوێندن ببێت بە یەک رێنووس.

من بۆ خۆم دوو جار، جاری یەکەمیان ساڵی ٢٠٠١ و جاری دووەم ساڵی ٢٠١٩، داوام لە بەرزترین ئاستی بەرپرسیارەتیی وڵات کردووە کە ڕێگەم بدەن، من و لیژنەیەک بتوانین ڕێنووسی پۆلی یەکەمی سەرەتایی تا پۆلی دوازدە بکەین بە یەک ڕێنووس و یەک خاڵبەندیی ستاندارد، بەڵام ئەوان بە دەنگی ئەم داوایەوە نەهاتن، یان نەیاندەتوانی بە دەنگیەوە بێن. ئەم کێشەیە زیاتر پێوەندیی بە وەزارەتی پەروەردەوە هەبووە و هەیە. تۆ ئەگەر سەیری زمان و ڕێنووسی پرۆگرامی پەروەردە و خوێندن لە کوردستان بکەیت، ئینجا بۆت دەردەکەوێت ئاو لە کوێوە لێڵ هاتووە، ئەویش مەبەستم وەزارەتی پەروەردەیە. لەوانەیە بەرژەوەندیی ئەم و ئەوێک لەم شوێنە هەستیارانەدا، گەورەترین زەبری لە زمانی کوردی وەشاندبێت کە زمانی کوردی تاکە کۆڵەکەی بەپێوەماوی نەتەوایەتیی کوردییە. واتە، کێشەکە لە حکوومەتدا کێشەیەکی کارگێڕییە و پێویستی بە چارەسەری بنەبڕ و رادیکالانەی لەسەرەوەڕا هەیە.

**لە هەبوونی ڕێنووسێکی ستانداردا ئێمە چیمان دەست دەکەوێت؟**

ئەوەی لەمەدا دەستمان دەکەوێت ئەوەیە زمانی کوردی دەکەوێتە سەر شاڕێگەی بەرەوپێشەوە چوونی خۆی و ئەم بنەوا خێڵەکایەتییەی (ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی) لە ڕۆشنبیریی کوردیدا بە بنەبڕ دێت. ڕاستیت دەوێت، ئەم چارەسەرە دەرگە دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە کێشە هەرە سەرەکییەکەی خۆمان بدوێین کە کێشەی نەبوونی زمانی ستاندارد و پێوانەیی و یەکگرتووی کوردییە.کێشەی زمانی یەکگرتوو، وەک ئەو بنەوایە وایە کە پێی دەڵێن (نەخشەڕێ)، واتە ئێمە پلان و نەخشەیەکی زانستییانە بۆکێشاو، لە ئاست ئەم پرس و ئارمانجە ستراتیجییەدا بگرینە پێش و دەیان ساڵ کار بکەین بۆ ئەوەی هەنگاو هەنگاو، نێزیکایەتی لە نێوانی ئەو شێوە نووسینانەی ئەمڕۆ لە ناو کورددا بە کار دێن، بهێنینە دی.ڕاستی ڕاستی، من چەند سەر دەهێنم و سەر دەبەم، کورد لە ئاستی ئەم کارە دیرۆکی و ستراتیجییەدا نین مەگەر سەرکردەیەکی وەک خەپۆکەی کۆریای باکور (کیم جۆنگ ئوون)مان بۆ هەڵکەوێت و بە زەبری کوتەک بمانخاتە سەر شاڕێگەی ڕاست و دروستی مێژوویی.

**- لە بارەی پرسی خاڵبەندییەوە؟**

ڕاستییەکەی، من لە بارەی پرسی خاڵبەندییەوە هیچ بیر و هزرێکی تایبەتم نییە. خاڵبەندی پرسێکی گشتی و وەک یەکە لە نێوانی هەموو زماناندا، واتە پرسێکی تایبەت

نییە بە زمانی کوردییەوە وەک چۆن کێشەی ڕێنووس بووە بە تەوقی عەزازیل و سەرئێشەی بێ بڕانەوەی کوردی. خاڵبەندی هیچ کێشەیەک نییە، تەنیا ئەوەیە کە پێویستە لە پرۆگرامی پەروەردە و خوێندندا خاڵبەندییەکی راست و دروست بە کار بێت و منداڵان فێری شێوەی زانستییانەی ببن و پێی رابێن. پرسی خاڵبەندی بە لای منەوە پرسێکی تەکنیکییە، وەک چۆن هێما و نیشانەی ڕێگەوبان و ترافیک و هاتوچۆمان پێویستە بۆ ئەوەی سەرمان لێ نەشێوێت و بە هەڵەدا نەڕۆین، خاڵبەندییش ئاوهایە.

لەبەرئەوە، ئێمە ناچارین وەک چۆن لە پرسی ڕێنووس، ئاوهایش لە پرسی خاڵبەندیدا لە منداڵ و مەزنەوە دەست پێ بکەین، ئەگینا فێرکردنی خەڵکی گەورە و بە تەمەن و راهێنانیان بە ڕێنووسی راست و دروست و خاڵبەندیی زانستییانە، کارێکی محاڵ و ئەستەمە.

**-ئاخۆ نووسەرانی کورد بە ڕێگەی زمانی یەکگرتوو و ستانداردا کاریان کردووە یان نا؟**

بێگومان و سەت بێگومان، دەیان رۆشنبیر و نووسەری کورد کاریان بەم ڕێگەیەدا کردووە.

دەبێت ئێمە بزانین کەوا یەکەمین هەنگاوی ڕێگەی زمانی ستاندارد ئەوەیە، زمانی کوردی بە هەموو شێوە و دیالەکتێکیەوە، بێتە تۆمارکردن.

وەک کە دەبینین، کرمانجیی سەروو و کرمانجیی ناوەڕاست زۆر بە فرەوانی کاریان تێدا هاتووەتە کردن. شێوەی هەورامی تا ڕادەیەک، بەڵام شێوەی کرمانجیی باشوور، واتە لەکی و لووڕی و کەلهوڕییەکە، کاریان تێدا کەم بووە. ئێستە وا ئەوانیش خەریکن وردە وردە کۆی دەکەنەوە.

من لێرەدا دەمەوێ ناوی ئەو کەڵە پیاوانە بهێنم کە سەردەستەی خزمەت بە زمانی کوردی بوون، حوسێن حوزنی موکریانی و حاجی تۆفیقی پیرەمێرد و ئیبراهیم ئەمین باڵدار، حاجی جندی و عەرەب شەمۆ، دوای ئەوان دەشێ دەیان ناوی تر بنووسین بەڵام من بۆ خۆم بە شاکر فەتاح، عەلائەدین سەجادی و شێخ محەمەدی خاڵ، هەژار و هێمن و حەسەنی قزڵجی، شوکور مستەفا و مەسعوود محەمەد، فرە شاگەشکە و سەرسامم.

دەمەوێ لێرەدا هێما بە رۆڵی گەورەی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم بکەم. مامۆستا بە هۆی ئەوەی لە بەغدا دەژیا و ماڵی لەوێ بوو، بە درێژای ساڵانی حەفتا و هەشتا و نەوەت، کاری سەرپەرشتیی چاپی بۆ زۆربەی ئەو بڵاوکراوە و کتێبە کوردییانە دەکرد کە لە چاپخانەی ئەوێدا دەهاتنە بەرهەم. ئەو دەمە چاپخانەی باش لە کوردستان نەبوون،

کتێب و کۆوار هەر دەبوو لە بەغدا چاپ ببن. پیت لێدانیش هەر لەوێ بوو. ئەمەیش هەلێک بوو بۆ مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم، کە بە زمان و ڕێنووسی هەموویدا بچێتەوە. ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ مەیلەو وەکیەکییەک لە کتێب و کۆوار و ڕۆژنامەی ساڵانی ٧٠ و ٨٠ و ٩٠دا ببینین ئەوە جێ پەنجەی محەمەدی مەلا کەریمە، کە ئەو خۆی یەکێک بوو لەوانەی گرینگییان بە کێشەی ڕێنووس دەدا و کاریان بە ڕێگەی یەکگرتنیدا دەکرد.

هەروەها گۆرانیبێژانی کوردیش لە ڕێگەی رادیۆوە خزمەتیان بە زمانی کوردی کردووە. کەسێک نییە ئەوەندەی حەسەن زیرەک و عەلی مەردان، تایەر تۆفیق و کاوێس ئاغا و محەمەد عارف و شڤانپەروەر، عایشەشان و محەمەد شێخۆ، خزمەتیان بە زمانی ستانداری کوردی کردبێت.

گرینگترین کار بە ڕێگەی زمانی ستانداردا، وەک وتم تۆمارکردنی زمانی کوردییە جا چ لە ڕێگەی نووسینەوە بێت یان لە ڕێگەی دانانی قامووس، یان کۆکردنەوەی فۆلکلۆر، یان وتنی گۆرانی و ستران. ئینجا دوای ئەم قۆناغە نۆرەی قۆناغی دووەم دێت ئەویش ئەوەیە وەک وتم نەخشەڕێ هەبێت بە ڕێگەی ئەوەدا زمانێکی ناوەندی و پێوانەیی بێتە پێکهێنان و بەکارهێنان.

بە بۆچوونی من، دروستکردنی ئەم زمانە، کارێکە لە توان و دەسەڵاتی ڕۆشنبیرانی کورددایە بە مەرجێک دەماری خێڵەکایەتی و ناوچایەتی بەریان بدات و خاو و هێور ببنەوە و تێ بگەن کاتێک زمانی کوردی هاتە بەر باس، واتە ئەو زمانەی هەموو گەلی کوردستان لەمسەر تا ئەوسەری کوردستان پێی دەدوێن و دانوستاندنی پێ دەکەن. دەبێت ئەم هەموو دیالەکت و شێوەزارەی هەمانە، هەر هەمووی بەشداری لە هێنانەکایەی ئەم خەونە پیرۆزەی ئێمەدا بکەن تا ئەو ڕۆژەی وەک گەلانی تر زمانێکی هاوبەش و ناوکۆ و ستانساردمان بۆ پێک دێت، کە سەرەتا و وەک هەنگاوی یەکەم لە بواری یاسا و کاری ڕەسمی و بەڵاوۆکی سەرەکیی دەنگوباسدا ئەم زمانە تازەیە بە کار بهێنین ئینجا دوای ئەوە وردە وردە ببێت بە زمانی ئاخاوتنی گشتیی هەموو گەلی کوردستان.

پێویستە ئەو خەونە ڕۆشنبیرانی کورد بەر بدات، کە یەک شێوە و دیالەکتێکی کوردی، جا کرمانجیی سەروو بێت یان ناوەڕاست، بێتە سەپاندن و ببێت بە ستاندارد. دەبێت تێ بگەن کەوا ئەم سەپاندنە هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕوو نادات و مانەوە بە هیوای بەدیهاتنی ئەو خەونە، زمانی کوردی بە لای کەمەوە دەکات بە دوو زمان، ئەگەر نەیکات بە سێ و بە چوار.

د.حاتەم ولیا محەممەد

# بەکارنەهێنانی خاڵبەندی نابێتە گرفتێکی گەورە و گۆڕانێکی ڕادیکاڵی لە واتای دەقێکدا

خاڵبەندی بریتییە لە کۆمەڵێک نیشانە و هێما و زاراوە کە لەکاتی نووسینی دەقێکدا بەکار دەهێنرێن. سودەکانی خاڵبەندی بریتییە لە ڕێکخستنی خوێندنەوە و نوسین، تێگەیشتن لە مانای ڕستەیەکی مەبەستدار. هەروەها یەرمەتیمان دەدات لە ڕوونکردنەوەی شوێنەکانی لەیەکتر جیاکردنەوە و وەستان لەنێوان ڕستەکانی دەستپێکردنی ڕستەی نوێ و کۆتایی هاتنی ڕستەکانی پێشوو. سەرەڕای ئەو سودانەی سەرەوە، من پێم وایە کە بەکارهێنانی خاڵبەندی لایەنێکی جوانکاریشی تێدایە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەو دەق و نوسراوانەی کە نیشانە و هێماکانی خاڵبەندیان تێدا بەکار دەهێنرێت. جوانترن لەوانەی کە ئەو نیشانەو هێمایانەیان تێدا بەکار ناهێنرێت.

بەکورتی؛ ئەو دەق و نوسراوانەی کە بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان نیشانەکانی خاڵبەندییان تێدا بەکارهاتووە، خوێنەر بەئاسانتر و بەئاسوودەتر دەیانخوێنێتەوە و باشتریش لەمەبەستی نوسینەکانیان دەگات زیاتر لەو دەق و وتارا و نوسراوانەی کە بەهیچ شێوەیەک نیشانەکانی خاڵبەندییان تێدا بەکارناهێنریت. بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە بەکارنەهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی لە هەر دەقێکدا جگە لە شیعر - چونکە لەوانەیە شیعر یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەبێت - نابیتە کیشەیەکی زۆرگەورەو ئاڵۆز. بۆیە من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ بکەم، ئەویش ئەوەیە؛ کە بەکارنەهێنانی خاڵبەندی نابێتە گرفتێکی گەورە و گۆڕانێکی ڕادیکاڵی لە واتای دەقێکدا: جگە لە هەندێک بار و دۆخی تایبەتی نەبێت کە دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا. بێگومان ئەم دوو هۆکارەش وایکردووە کە زۆر جار نووسەرەکان بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی بەکارهێنانی خاڵبەندی نەکەن. تەنانەت لەوانەیە منیش لەم وتارەدا نەمتوانیبێت بەشێوەیەکی ڕێک و پێک یان ڕاست و دروست نیشانەکانی خاڵبەندی بەکاربهێنم.

لەکۆتاییدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە خاڵبەندی لەهەموو زمانێکدا کارێکی گرنگ و پێویستە و دەبێت بایەخی پێبدرێت و پشتگوێ نەخرێت. چۆنکە هەر یەکێک کە دەیەوێت بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بنوسێت پێویستە نیشانەکانی خاڵبەندی بزانێت و شارەزای چۆنیەتی بەکارهێنانیشیان بێت. هەرچەندە کە ڕێککەوتن و کۆدەنگییەک لەنێوان زمانەوانە کوردەکان لەسەر جۆر و چۆنیەتی بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندیدا نییە ، بەڵام دەتوانم بڵێم نیشانەکانی خاڵبەندی و چۆنیەتی بەکارهێنانیان تاڕادەیەک ئەمانەی خوارەوەن:

١- خاڵ(.) تەنها لەیەک شوێندا دادەنرێت ئەویش کۆتایی پەرەگرافێک یان ڕستەیەکی تەوا. مەرج نییە کە لەکۆتایی دێرێکدا دابنرێت گرنگ ئەوەیە کە ڕستەکە تەواو بووبێت.

مارەکە جورجەکەی کوشت.

ئایین ئامۆژگارییە.

٢- بۆر- کۆما — فاریزە (،) لەم شوێنانەی خوارەوەدا دادەنرێت.

-لەنێوان ئەو ڕستانەی کە لەڕووی ماناوە پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە.

ئازاد قوتابییەکی زیرەکە، هەرگیز کەمتەرخەمی ناکات.

-لەنێوان بەشە جیاوازەکانی یەک شتدا. وەک:
جانتاکە قەڵەم، دەفتەر، کتێبی تێدایە.
-هەرچەندە لەو حاڵەتانەدا زمانی کوردی شێوازێکی تریش بەکاردەهێنێت. ئەویش ئەوەیە؛ کە ئەم بەشە جیاوازانە، بە (و) بەیەکەوە دەبەستێتەوە. وەک:
جانتاکە قەڵەم و دەفتەر و کتێبی تێدایە.
-لە دوای ناوی بانگکراودا. وەک:
ئازاد، تا ئێرە وەرە.
-لەنێوان سوێند وەڵامەکەیدا. وەک:
بەخوای، دەبێت قورئان بخوێنم.
٣- بۆرێکی خاڵدار(؛) تەنها لەیەک شوێندا دادەنرێت.
-لەنێوان دوو ڕستەدا دادەنرێت کە ئەوەی دووەمیان هۆکاری ئەوەی یەکەم بووبێتیان بەپێچەوانەوە.
داوای لێبوردن لە خودا بکە؛ دەتبورێت.
٤- دوو خاڵ (:) لەم شوێنانی خوارەوەدا دادەنرێت.
-دوای نوسینی ( گوتن و شێوە گەردانکراوەکانیدا) . وەک:
ئەو گوتی: من دەمەوێت بڕۆم.
پێشینان گوتویانە: دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە.

-لەدوای وشەی بۆ نمونە یان نمونە
من چەند زمانێک دەزانم. بۆ نمونە: کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.
-لەدوای ژماردن و ناوهێنانی چەند پارچەیەکی تایبەتی لە شتێکی گشتی ناسراودا. وەک:
شارە بەناوبانگەکانی عیراق ئەمانەی خوارەوەن: بەغدا، بەسرە، موسڵ، هەولێر، سلێمانی.
٥- نیشانەی پرسیار(؟) تەنها لە یەک شوێندا دادەنرێت.
-لەکۆتایی ڕستەی پرسیاردا. وەک:
تۆ لە کوێ لەدایک بوویت؟
٦- نیشانەیسەرسوڕمان(!)

-لەکۆتایی ئەو وشانەی یان ئەو ڕستانەی کە سەرسوڕمانێکیان تێدایە، جا سەرسوڕمانەکە بۆ خۆشی بێت یان بۆ ناخۆشی یان بۆ بۆ نزاو پاڕانەو و دوعاکرد و بەتەنگەوە هاتن بێت. وەک:

چەند جوانە!

چ پیاوێکی پەککوو!

ئای لەو ڕۆژە ڕەشەی تێیکەوتوین!

خودایە ئەم نزایەم قبوڵ بکەیت!

٧- تەقەڵ (-) لەم شوێنانەدا دادەنرێت.

-لەدوای ژماردندا بۆ ڕیزکردن. وەک:

-هەر سێ براکانم: ١- ئازاد ٢- نەوزاد ٣- ڕزگار

-بۆجیاکردنەوەی گفتوگۆ لە نێوان دوو کەسدا. وەک:

-کەی هاتێت؟

-دوێنێ

- لە کۆتایی دێڕێکدا – ئەگەر لەبەر پێویستی کرا بە دوو بەشەوە. وەک

دوێنێ شەو لەگەڵ مدناڵە –کاندا هاتین بۆ ماڵی ئێوە.

٩- دوو کەوانە ( ) لەم شوینانەی خوارەوەدا دادەنرێت.

-بۆ ڕوونکردنەوە. وەک:

زێڕی ڕەش ( نەوت)

-بەبەڵگە کردن. وەک:

یاساکان بریتین لە:

(ا) زوو ئامادەبوون

(ب) پابەندبوون بە رینماییەکان

١٠- کەوانەی دوو تایی (( )) تەنها لە یەکشوێندا دادەنرێت.

لەپێش و لەدوای گوتەی گوتراوەوە دادەنرێت. واتە؛ وەرگرتنی دەقێک یان گوتەیەک دەقاو دەق وەکو خۆی.وەک:

چۆمسکی دەڵێت: (( زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریاندەکات))

١١- نیشانەکلانی کرتاندن (.........) لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەکاەهێنرێن.

-لەشوێنی گوتنی کرتاودا.وەک

بەڵام نەوزاد ........ سزادەدرێت.

-لەکۆتایی رستەیەکی تەواونەکراودا کە قسەکەر لەبەر هەر هۆیەک تەواوی ناکات. وەک:

ئەگەر نەمبینیبایە کە ئۆتۆمۆبێلەکە دەهات.............. ڕوویدەدا.

-ڕێنووس

هەر لە کۆنەوە نوسەر و زمانەوانە کوردەکان هەوڵیانداوە و ڕێگە خۆشکەر بووینە بۆ بەرەو پێشچوونی ڕێنووس و ڕاست نووسی کوردی. بێگومان ئەمەش لەوەدا ڕەنگی داوەتەوە کە لە چەندان نووسین و لێکۆڵینەوە و دیمانەدا هەوڵیان داوە، کە ڕێنووسی کوردی شێوەیەکی یەکگرتوو وەربگرێت و هەر هەمووومان بە ڕێنوسێکی یەکگرتوو بنووسین. بۆ نمونە: لەوانە مامۆستا نوری عەلی ئەمین لە ساڵی ١٩٦٦ کتێبێکی داناوە بە ناونیشانی (ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی) کە تێیدا کۆمەڵێک بابەت و سەرنج و لێدوانی زۆر بە سوودی سەبارەت ڕێنووس و کێشەی ڕێنووس و نووسینی کوردی خستۆتە ڕوو. هەروەها مامۆستا مستەفا نەریمان لە ساڵی ١٩٨١ کتێبێکی داناوە بە ناونیشانی (ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ریشەوە) ئەویش بە هەمان شێوەی مامۆستا نوری عەلی ئەمین کۆمەڵێک بابەتی سەبارەت بە ڕێنووس و کێشەکانی ڕێنووسی کوردی خستۆتە ڕوو. هەروەها نامیلکەیەک بە ناونیشانی ( ڕێنووسی کوردی بەپێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی) لە نووسینی چوار زماننناس، کە ئەوانیش، مامۆستا جەمال عەبدول و دکتۆر وریا عومەر ئەمین و دکتۆر. فاروق عومەر صدیق و دکتۆر ئازاد ئەحمەد محموودە. کە لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردییە، ساڵی ٢٠١٣ ، چاپی دووەم، باس لە کۆلەڵێک بابەت و ڕێنووس و کێشەی ڕێنووسی کوردی دەکات. هەروەها دکتۆر وریا عومەر ئەمین لە ساڵی ٢٠٢٢دا کتێبێکی بەناونیشانی( رینووسی کوردی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە) داناوە، کە لە چاپکراوەکانی ئەکادیمیای کوردییە، تیایدا کۆمەڵێک بابەتی زۆر گرنگ و بەسوودی باسکردووە، بەڵام هەر خۆیشی ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو باس لێکۆڵینەوانەی ناو ئەو کتێبە پێشتر لە گۆڤارەکاندا بڵاوبوونەتەوە. هەروەها مامۆستا جەمال نەبەز لە کتێبی (زمانی یەکگرتوو کوردی)دا هەندێک بابەتی لەبارەی دەنگ و فۆنیمەکان زمانی کوردی باسکردووە کە بێگومان کاریگەریان لەسەر شێوازی نووسینی کوردیدا دەبێت. هەروەها عزەددین مستەفا ڕەسوول و ئەوڕەحمان حاجی مارف و محمد

معرووف فتاح و ڕێبوار سیوەیلی و دڵنیام کە کۆمەڵێک نوسەر و مامۆستای تریش هەن کە هەوڵ و کۆششێکی زۆریان لەبواری خاڵبەندی و ڕینووس و کێشەی ڕێنووسی کوردیدا داوە. لەکۆتاییدا دەڵێم دەبێت ئاگادار ئەوە بین کە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و ڕێگە خۆشکەرانە بەڵام هیچ زمانێک نییە کە ڕێنووسێکی یەکگرتووی هەبێت، چونکە هیچ شێوازێکی زمانەوانی نییە کە بڵێت کام لەم داڕشتنانەی خوارەوە ڕاستە.

هەڵمگرت / هەڵم گرت

هەڵتاننەسپارد / هەڵتان نەسپارد

ڕایانکرد / ڕایان کرد

دڵپاک / دڵ پاک

لێکۆڵینەوە دەریدەخات کە زۆربەی نووسەران پەیڕەوی هەردوو جۆرەکە دەکەن. زۆربەی ئەو وشانە کە لە دووبەشدا پێکدێن بە هەردوو جۆر دەیاننووسین و ئەو وشانەش کە زیاتر لە دوو بەشدا پێکدێن هەندێک جار هەموو بەشەکانی بە جیا دەنووسین و هەندێک جاریش دوو بەش بەسەر یەکەوەو بەشێکیشیان بە جیا . لەم قۆناغەدا ناکرێت هیچ یاسایەک بۆ ئەم لایەنە دابنرێت

ئێمە وای بەباش دەزانین و پێشنیاری ئەوە دەکەین چۆن ڕۆیشتووە هەر وا بمێنێتەوە، چونکە هەر چۆنێک بنووسیت لێڵی دروست ناکات و هەموو ئەوانەی باسی گیروگرفتی ڕێنووسی کوردیان کردووە توخونی ئەم لایەنە نەکەوتوون، ئەمە بەڵگەیە کە ئەم لایەنە نەبووەتە گیروگرفت و بیری لێ نەکراوەتەوە و هەر یاسایەکیشی بۆ دابنرێت پەیڕەو ناکرێت. چونکە هیچ زمانێک نییە کە ڕێنووسەکی بێ گیروگرفت بێت. من لێرەدا زیاتر مەبەستم ئەوەیە کە زمانەکانی تریش بۆ نمونە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزیش کە دوو زمانی پێشکەوتووی جیهانن ڕێنووسەکانیان بێ کیشەو گیروگرفت نییە ئەگەر کێشەی ڕێنووسیان لە ئێمە زیاتر نەبێت کەمتر نییە. بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە هەندێ لەو کێشەو گیروگرفتانەی ڕێنووسی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بخەمە کە هەندێ لە نوسەر و زمانەوانەوانەکانمان وەک ئەوانەی کە لەسەرەوەدا ئاماژەم بۆ کردوون باسی ئەو بابەتەیان کردووە زۆر بەوردی لە زۆربەی لایەنەکانی ڕێنووسی کوردییان کۆڵیوەتەوە.

وا لە خوارەوە هەندی نمونە لە زمانی عەرەبی ئینگلیزی دەهێنینەوە، کە زۆربەی ڕۆشنبیری کورد ئاشنای ئەو دوو زمانەن.

١- زمانی عەرەبی

ئەلف و بێی زمانی عەرەبی ( ٢٨ ) ی پیتی تێدایە, کە لەم وشانەدا کۆکراونەتەوە( ابجد – هوز – حطي – كلمن – سعفص – قرشت – ثخذ – ضظغ ) کەم کورپەکانی بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- (ى – الف مقصورة ، ة _ تائى خر، همزة الوصل، الف مدة، شدة، بزوێنە کورتەکانی تێدا نییە.

٢- زۆر وشەیان هەیە بەجۆرێک دەنووسرێت بەڵام بەجۆرێکی تر دەخوێندرێتەوە. وەک ( هكذا، ذلك، أولئك. ..... تاد.

٣- لە وشەکانی ( دعا، سعى) (ا – ى ) هاودەنگن.

٤- هەندێک لە پیتەکانی بە سێ چوار جۆر دەنوسرێت. وەک:

(ت) ( تـ ، ة، ت، )

زۆر جۆری تر لەم شێواوییەی ڕێنووسی زمانی عەرەبی.

مسئول- مسؤول، قراوا – قرؤوا – قرءوا، بناؤه – بنائه، صلاة –صلوة

٥- وشە بەچەند جۆرێک دەخوێنرێتەوە. وەک وشەی ( علم ) کە بەلایەنی کەمەوە بە شەش جۆر دەخوێنرێتەوە و شەش واتای جیاوازیش دەگەیەنێت.

١- ( عەلیمە – زانی) ٢- ( عەللەمە – فێری کرد ) ٣- ( عولیمە – زانرا ) ٤- ( عوللیمە- فێرکرا ) ٥- ( عەلەم – ئاڵا ) ٦- ( عیلم – زانست ) بەسەدان وشەی لەمجۆرە لە زمانی عەرەبیدا بەرچاو دەکەوێت.

٢- زمانی ئینگلیزی

ا- لە ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزیدا پیت نییە بۆ( ش، چ، ژ، غ ، خ )

ب- پیتی (ش) بەپێنج جۆر دەنوسرێت. وەک: sh, ch, t, s ,ss لە وشەکانی (she,machine, station, suger, mission

پ- هەر بزوێنێکی زمانی ئینگلیزی بە چەند جۆرێک دەنوسرێت و هەریەکە بەچەند جۆرێک دەخوێنرێتەوە. بۆ نموونە لەم وشانەدا( he, believe, Caesar, (see, people. Seize, sea, key, amoeba, busy,machine

ت- (oo) لە وشەی book و look داب ە (و) دەخوێنرێتەوە. لە وشەی boot و

poor داب ە (وو) دەخوێنرێتەوە. لەوشەی blood و floodدابە (ە) دەخوێنرێتەوە

ئەم شێواوییە و ئاڵۆزییە و دوورکەوتنەوەی نوسینلە ئاخاوتن هەموو زمانی ئینگلیزی گرتۆتەوە و دەبێت ڕێنووس و جۆری نوسینی هەر وشەیەک بەلەبەرکردن لەبەر بکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا هیچ بایەخێکی پێنادرێت و بەگیروگرفتی نازانن و هەر باسیشی ناکەن. بە بەراوردکردنی ئەمانە لەگەڵ گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی ئێمەدا کوا گیروگرفتمان!

کە ڕێنووسی زۆربەی زمانەکان ئەمە حاڵیان بێت ئێمە پی بلێین؟ ئیتر هەبوون و نەبوونی پیتێک ، یان چۆنیەتی نوسینی پیتێک، یان لەسەر (و) یێک، یان یەک (ی) یان دوو (یی) بۆ ببێت بە کارەسات و گیروگرفت ( بۆ زانیاری زیاتری ئەم بابەت بڕوانە: ڕێنووسی کوردی بەپێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی، دووەم چاپ، هەولێر،٢٠١٢ز - ٢٧١٢ ک، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ژمارە ( ٢٥٤ ).

• **بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی پەروەردە - زانکۆی سەلاحەددین.**

د.ئیبراهیم حەمەڕەش:

# بەرهەمی ژیریی دەسکرد هەڵەی ڕێزمانی تێدا نییە، هەڵەی مانای تێدایە

*** چۆن بتوانین سوود لە ژیریی دەسکرد وەربگرین بۆ پرسی خاڵبەندی و ڕێنووسی کوردی؟**

– ژیریی دەسکرد بریتی نییە لەوەی زانست و تەکنۆلۆجیا دەزگا و توخمی وەکو مێشکی مرۆڤی دروست کردبێ و بیر بکاتەوە و ژیریی بنوێنێ. ئەوەی تا ئێستا هەیە میکانیزمەکەی بە تەواوی جیاوازە لە میکانیزمی ژیریی و بیرکردنەوەی مرۆڤ. ژیریی دەسکرد پڕۆگرامگەلێکن بە وردی بەناو داتا و زانیاریی دەگەڕێ، جا داتاکە لەوانەیە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار بێ، دەسنووس بێ، دەنگ و گۆرانی بێ، ماڵپەڕی سەر ئینتەرنێت بێ، ڤیدیۆ و فلیمی سینەمایی بێ، نیگار و وێنە بێ، تا دوایی، لەناو ئەو داتایانە ئاکار و مواسەفات و پەیوەندی نێوان بەشەکان و پارچەکانی داتاکان دەدۆزێتەوە، ئەوجا بیردۆزەکانی ئامار و ئیحتیمال بەکاریان دێنێ بۆ بەرهەمهێنانی داتای نوێ. ژیریی دەسکرد لەو شتە تێناگا کە خۆی بەرهەمی دێنێ و تەنها وەکو بیرکاریی و ئامار هەڵسەکەوتی لەتەک دەکا. سەبارەت بە ڕێنووس و خاڵبەندی، ئەم دوو توخمەی نووسین زۆر گرنگن چونکە مانای ڕستە دەگۆڕن. ژیریی دەسکرد لە بواری ڕێنووس

زۆر لەمێژە بەکار دەهێندری، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو دەستپێکردووە، بۆ خاڵبەندیش درەنگتر، دوای ٢٠١٠ دەستپێکرد. سەبارەت بە زمانی کوردی، سەیری بنەمای ژیریی دەسکرد بکە کە باسم کرد، ئەوە پەیوەدنی بەوە هەیە ئایا ئێمە چەند دۆکیۆمێنتمان بە شێوازی ئەلکترۆنی لەسەر ئینتەرنێت هەیە، چەندی زۆرتر بێ باشترە، کە دەڵێم زۆر مەبەستم هەزاران کتێب و ملیۆنان لاپەڕەی سەر ئینتەرنێتە. ئەو کتێب و ماڵپەڕانە چ ڕێنووسێکیان بەکاربردبێ، لەکاتی بەکارهێنانی ژیریی دەسکرد بۆ چاکردنەوەی ڕێنووس، هەمان ئەوانە بەکاردەهێنێ کە لەو کتێبانە بەکارهێنراون، جا ئەگەر بەهەڵە بەکارهێنرابن، ئەوا ژیریی دەسکردیش هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە. هەمان شت بۆ خاڵبەندیش دروستە. بە کورتی هەرگیز ئاستی کواڵیتی ژیری دەسکرد لە ئاستی کواڵیتی داتاکان کە وەکو سەرچاوە بەکاری هێناون تێپەڕ ناکا. سەبارەت بە زمانی کوردی بەکارهێنانی ژیریی دەسکرد بۆ ئەو دوو بابەتە زۆر گرنگە، چونکە خەڵکی ئاسایی و هەندێ جار نووسەرانیش زۆر گرنگی بە ڕێنووس و خاڵبەندی نادەن، بۆیە یەکخستنیان بە شێوازێکی دروست پێویستە کە ئەمە کاری ژیریی دەسکردە. کەچی هەر کەسێک ڕستەیەک لە ناو ئینتەرنێت بنووسێ، بۆ نموونە ئەو ڕستەیە لە ویکیپیدیا بێ، لە سۆشیال میدیا بێ، ئەوە دەبێتە سەرچاوە بۆ ژیریی دەسکرد لەسەر زمانی کوردی بێ ئەوەی خاوەنەکەی پێی بزانێ یان مۆڵەتی لێ وەربگیردرێ. ئەم کارە بۆ زمانی کوردی زەحمەت نییە، بەڵام زیادکردنی بوونی زمانەکە لەسەر ئینتەرنێتی گەرەکە، ئەو زیادکردنەش باشترە کەسانی شارەزا یان دەزگای فەرمی بیکەن بۆ ئەوەی ڕێنووس و خاڵبەندی بە دروستی تێدا بەکار بێێن. لەلایەنی تەکنیکیش، پشکنینی ڕێنووس و خاڵبەندی لەناو پرۆگرامەکانی پیتچنین بە زۆر تەکنیک دادەندرێن، لەوانە تەکنیکی plug-inو extension بۆ زمانی کوردی گونجاون، چونکە پرۆگرامەکان هەن، ئێمە دەتوانی ئەو بەشانە زیاد بکەین. ئەگەر ژیریی دەسکرد بۆ ڕێنووس و خاڵبەندی بەکاربێنین، ئەوا هەموو نووسینەکانمان بە ئاسانی و تۆماتیکی لەو دوو لایەنە یەکدەخرێن.

***ئایا دەکرێ ژیریی دەسکرد هاوکارمان بێ بۆ بە ستاندارکردنی زمانی کوردی؟**

- ژیریی دەسکرد لەو بابەتە زۆر یارمەتیدەر دەبێ. هەندێ لەو لایەنانەی ژیریی دەسکرد بۆ بەستاندارکردنی زمانی کوردی ئەمانەن: کوردی زاراوەی زۆرە، ڕاستە ئێمە لە نووسینی ئەدەبی و کارگێڕی دەوڵەت تەنها دووانیان بەکاردێنین،کرمانجی

و کوردی ناوەڕاست، بەڵام ئاخافتن بە زار و بنزاری جیاوازتر دەکەین، ئەم زار و بنزارانە جوانی و هونەر و خۆشیان بە زمانەکە بەخشیوە، توخمێکی ژیریی دەسکرد هەیە پێی دەگوترێت گۆڕینی ئاخافتن بۆ نووسین، لەو حاڵەتەدا دەکرێ پرۆگرامەکانی ژیریی دەسکرد وا دروستکرابن، ئاخافتنەکە بە هەر زارێک بن ئەو کە دەیگۆڕی بۆ نووسین  بە زارێک کە زۆرترین بوونی لەسەر ئینتەرنێت هەیە، ئەمە بۆ ژێرنووسی فیلم و ڤیدیۆ و گۆرانی زۆر گرنگە، ئەمە لێکتێگەیشتن لە نێوان کوردان ئاسان دەکا و جۆرە ستاندەرێکی جەماوەریی دێنێتە کایەوە. ئەم پرۆسەیە دەتواندرێ خێراتر و ستاندارتر بکرێ کە دەزگایەکی شارەزا هەزاران دیکیۆمێنت لە کتێب و لاپەڕەی سەر ئینتەرنێت کە شایانی ئەوەبن ببن بە سەرچاوەی زمانی ستاندار  لەسەر ئینتەرنێت دابنێ وتەنها ئەو داتایانە  لە پرۆگرامەکانی گۆڕینی ئاخافتن بۆ نووسین بەکاربێنێ، ئەوەی تر بۆ ژیریی دەسکرد لێگەڕێ کە چۆن ڕستەگەلێکت بۆ دروست دەکا دەتوانین ناوی بنێین ستاندار. لایەنێکی دی ئەوەیە کە  ژیریی دەسکرد خۆی فەرهەنگێکی گەورەیە، هەموو ئەو وشانە لەخۆی دەگرێ کە لە هەموو نووسین و ماڵپەڕە کوردییەکان و کتێبە ئەلکترۆنی و دەنگییەکان و فیلمە کوردییەکان بەکار هاتوون، کاتێک تۆ دەتەوێ ژیریی دەسکرد یارمەتیت بدا ڕستەیەکی کوردی بنووسیت،  ژیریی دەسکرد لەسەرەتادا دەیان ئەلتەرناتیڤ بۆ ڕستە وشەکان پێشنیاز دەکا، لە کۆتاییدا ئەوە بەکاردێنێ کە لە زۆرترین سەرچاوە بەکارهاتووە، جا ئەودەستەواژەی زۆرەترین سەرچاوەیە زۆر ئاڵۆزە، ئەوە نییە کە ڕستەکان بە تەواوی بدۆزێتەوە، بەڵکو وشە بە وشە سەیر دەکا، پاشان ئاماری هەر وشەیەک لە کام پەرەگراف و ڕستە و لاپەڕە بەکارهاتووە و لە تەک کام وشە زۆر بەکار هاتووە ئەنجام دەدا. ئیتر بەو پرۆسە ئاڵۆزە ڕستە پێشنیاز دەکا، ئەم ڕستانە بۆنی ستانداریان لێدێت، چونکە  ڕستەی هەموو زارەکان و نووسەرەکانیانە و ئەو وشانەن بەکار کە لە  زۆرترین زارەکان بەکارهاوتوون، زارەکان. لایەنێکی تر کە ژیریی دەسکرد لەو بابەتە یارمەتیدەر دەبێ ئەوەیە کە لە باسی ڕێنووس و خاڵبەندی نووسین بە زمانی کوردی یەکدەخا، لەکاتی دروستکردنی ڕستەش ڕێزمان یەکدەخا. نزیککردنەوەی کوردان بۆ لەیەک تێگەیشتن بە ئاسانی لە ڕێگای ژیریی دەسکرد هەستیاریی بابەتی زمانی ستاندار کاڵ دەکاتەوە و لەلای خەڵک گرنگ نامێنێ کە کام زار دەبێتە ستاندار. زمانی فەرمی دەوڵەت جیاوازە لە ستاندار. لە ستاندار دەکرێ دەیان وشەی جیاواز و ڕستەی جیاواز بە  تەعبیری جیاواز بێتە بەکارهێنان، بەڵام لە زمانی فەرمی دەوڵەت

ئەو ئازادییە نییە، دەبێ هەمان وشە و ڕستە وەکو خۆی بێتە بەکارهێنان، لێرە کارەکە ئاسانترە، ژیریی دەسکرد لەسەر چەند هەزار دیکیۆمێنتێکی فەرمی ڕاهێنانی پێدەکرێ و فێر دەبێ، پاشان هەر ئەو ڕستانە بەکاردێنێ کە فێریان بووە، ئەوجا نووسینەکە بە هەر زارێک یان ئاخاوتنەکە بە هەر زارێک بێ ئەو هەر بەو فەرمییە دەینووسێ کە ڕاهێنانی لەسەر کراوە. ئەگەر لێبگەڕێین ئەو کارە بۆخۆی لەناو ئینتەرنێت بکرێ بێ ئەوەی بە سیستەماتیک کاری لەسەر بکەین ئەوا کاتێکی زۆری دەوێ، لەوانەیە دەیان ساڵی پێویست بێ، بەڵام ئەگەر دەزگایەکی ڕەسمی حکومەت یان زانکۆکان بەدوایەوە بن ئەو کارە زۆر خێراتر دەکرێ و کوالێتیەکەشی باشتر دەبێ.

***تا چەند نووسەران و ڕۆشنبیران توانیویانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکو فێرگەیەک بۆ باشترکردنی ڕێنووسی بەکاربێنن؟**

– ئەمە پرسیارێکی کوانتیتەیڤە، واتە بۆ وەڵامدانەوە پێویستی بە ئامار و ژمارە هەیە نەک تەنها قسە. بەڵام لەلای من ڕوونە و هەست دەکەم نووسەران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئەکتیڤ نین، ژمارەیەکی کەمیان ئەکتیڤن، ئەوانیش تەنها بەرهەمی خۆیان بڵاو دەکەنەوە، خەڵکیش لایکیان دەکا یان لە باشترین حاڵەت دوو دێڕ کۆمێنتیان بۆ دەنووسێ. کەم جار بینیومە یان هەر نەمدیوە گفتوگۆی چڕو قووڵ لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بوروژێندرێ و نووسەران کاتی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن و بەشداریی بکەن. نووسەران لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکو نووسەر لەوێ نین وەکو هاووڵاتی ئاسایی لەوێن، وێنە و لایک و شتی لەو بابەتە بڵاو دەکەنەوە. ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوە لەسەر ئینتەرنێت هیچی تێ ناچێ، نە کۆفی برێک و نە ئامادەکردنی هۆڵ و پێداویستییەکان، دەبوایە نووسەران لە ڕێکخستنی ئەو کۆڕانە زۆر ئەکتیڤ بووان، بەڵام هێشتا لە گرنگی ئەو بابەتە لەسەر دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی لەسەر ئینتەرنێت تێنەگەیشتوون و هێشتا نەشبووە بە کەلتوور. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ نووسەر هەن وتاری قووڵ لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنووسن، ئەوانە کاری زۆر باش دەکەن بۆ بناغەدانانی ژیریی دەسکرد بۆ زمانی کوردی، جا ئەوانە ئەگەر بە ڕێنووسی ستاندار و خاڵبەندی دروست بنووسن، ئەوا بێ ئەوەی ئەوان هەستی پێبکەن ژیریی دەسکرد ڕێنووسەکەی ئەوان دەخوازێتەوە و لاسایی دەکاتەوە لەکاتی بەکارهێنانی لە زمانی کوردیدا.

*** ئایا دەکرێ بە بەردەوامی پشت بە ژیریی دەسکرد ببەستین، بە تایبەتی بۆ زمان و ڕێنووس؟**

- ئەگەر مەبەستمان لە زمانی ژیریی دەسکرد ئەو دەقانەیە کە بە ژیریی دەسکرد بەرهەم دەهێندرێن، ئەوا بەرهەمی ژیریی دەسکرد و مرۆڤ جیاوازیان هەیە، بەرهەمی ژیریی دەسکرد هەڵەی ڕێزمانی زۆر کەم تێدایە یان هەر تێیدا نییە، بەڵام هەڵەی مانای زۆر تێدایە، ئەوە لە چات گی پی تی زۆر بە ئاشکرا دیارە، نووسینێک بە چات گی پی تی بەرهەم دەهێنیت سەیر دەکەی ماناکەی ئەوە نیە کە تۆ دەتەوێت و داوای لێ دەکەی مەبەستت ئەوە نەبوو، یەکسەر داوای لێبوردنت لێدەکا و دەڵێ ڕاستە من هەڵە بووم و دەقێکی ئەلتەرناتیڤت بۆ پێشنیاز دەکا. وەک گوتم ژیریی دەسکرد بیر ناکاتەوە تەنها ئاماری وشە و شوێنیان لە ڕستەکان لە ملیۆنان دۆکیۆمێنت تەماشا دەکا وبەکاریان دەهێنێ تا ڕستە و دەق دروست بکا. زمان پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە، مرۆڤ دەتوانێ هەمان مەبەست بە دەیان شێواز دەرببرێت، ماکینە، مەبەستم ژیریی دەسکردە ئەو توانایەی نییە، بەڵکو یەکێک لە شێوازەکان هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئەوەی ژیریی دەسکرد هەڵی دەبژیرێت ڕێزمانەکەی دروستە و ڕێنووس و خاڵبەندییەکەی دروستە، بەتایبەتی بۆ ئەو زمانانەی کە سەرچاوەی زۆریان لەسەر ئینتەرنێت هەیە، بەڵام بۆ زمانی کوردی هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەڵە نەکا و ڕێزمان و ڕێنووس و خاڵبەندییەکەی زۆر لاوازە. زمانی ئێمە بەشی ئەوە سەرچاوەی لەسەر ئینتەرنێت نییە تا ژیریی دەسکرد لێی فێر ببێ. لەلایەکی تر دەقێک کە مرۆڤ بەرهەمی دێنێ ئەو مانایە دەبەخشێ کە نووسەر مەبەستی بووە، ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستە و داڕشتن و شێوازانەشی تێدا بەکار دەهێندرێ کە نووسەرێک لە نووسەرێک جیا دەکاتەوە، بۆیە لە کاتێکدا هەردووکیان، بەرهەمی ژیریی دەسکرد و مرۆڤ نووسینن بەڵام دوو شتی جیاوازن.

*** چۆن جیاوازی نێوان دوو دەقی وەرگێڕدراو بکەی؟ یەکیان بە ژیریی دەسکرد وەرگێڕدرابێت، یەکیان لەلایەن مرۆڤەوە وەرگێڕدرابێت؟**

- هەر بۆ وەرگێڕان نا بەڵکو بۆ هەموو نووسینێک، ئەوە زەحمەت نییە ئاسانە کە بپشکنین بۆ نووسین بکەی بۆ ئەوەی بزاندرێ، کە ئایا لەلایەن ژیریی دەسکرد نووسراوە یان مرۆڤ، زۆر پرۆگرام و ماڵپەڕ و پلاتفۆرم هەن کە ئەو کارە دەکەن. من بۆ خۆم بۆ ڕاپۆرت و ماستەرنامە و دکتۆرانامەی قوتابیەکانم کە بە زمانی ئینگلیزی دەنووسن هەردەم ئەم پشکنینە دەکەم، ئەو پرۆگرامانە ڕێژەی سەدیی دەسکردی ژیریی دەسکرد

لەو نووسینانە دیار دەکەن. سەبارەت بە وەرگێڕانیش، وابزانم مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ هەستی پێبکا ئەگەر وەرگێڕانێک بە ژیریی دەسکرد ئەنجام درابێ یان نا، تا ئێستا هەر وەرگێڕانێک کە بە ژیریی دەسکرد ئەنجام درابێ تژییە لە هەڵەی تەعبیر و دەربڕین و ناجۆریی. سەیر بکە ژێرنووسی فیلم لە کەناڵە عەرەبییەکان کە بە ژیریی دەسکرد ئەنجام دراون، تاماشایان بکە کە چۆن بێسەروبەرن. هیوادارم ئەوە نەبێتە مۆدە و نەریت لەناو کورد کە وەرگیڕانی ئەدەبی و دەقەکان بە ئامێر و ژیریی دەسکرد ئەنجام بدەن، چونکە بێسەروبەریی دروست دەکا و متمانەی خەڵک بە وەرگێڕان لاواز دەکا، چونکە تا ئێستا ژیریی دەسکرد توانای تەواوی وەرگیڕانی مانا و دەربڕینە ئاڵۆزەکان و میتافۆر و بەکارهێنانە ئاڵۆزەکانی زمانی نییە. دەکرێ ژیریی دەسکرد وەکو ڕەشنووسی یەکەم بۆ وەرگیڕان بەکار بهێندرێ و دوایی مرۆڤ بەسەریدا بچێتەوە و ڕاستی بکاتەوە. دوور لە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی، ژیریی دەسکرد خزمەتێکی زۆری خەڵک دەکا لە بواری وەرگێڕان، بۆ نموونە بازرگانان، قوتابیان، خەڵکی ئاسایی، ئەمڕۆ هیچ زەحمەت نابینن لەوەی لە مانای دۆکیۆمێنتەک تێبگەن کە بە زمانێک نووسراوە ئەوان نایزانن، ئامێر کە بە ژیریی دەسکرد کار دەکا کاری وەرگێرانی بۆ دەکا و هەرچۆنێک بێ وا دەکا خەڵکەکە تێی بگا، ئەمە وەرگیڕانی دەق نییە بە مانای دەقی ئەدەبی، بەڵام بۆ تێگەیشتنیش خراپ نییە و زۆر باشە. بۆ نموونە ئێستا کە دەچیتە تورکیا، مالیزیا، چین، پیویستت بە وەرگێڕ نییە، لە ڕێگای مۆبایلەکەت دەتوانی ڕستەکە

***چۆن بتوانین بە شێوەیەکی دروست کەڵک لە ژیریی دەسکرد وەربگرین بۆ پرۆسەی وەرگیڕان و وەرگیرانی پێچەوانە؟**

– ژیریی دەسکرد وەرگێڕان دەکا، بەتایبەتی بۆ ئەو زمانانەی سەرچاوەیان زۆرە لەسەر ئینتەرنێت وەکو ئینگلیزی و فەڕەنسی. وەکو گوتم دەکرێ ژیریی دەسکرد وەکو ڕەشنووسی یەکەم بەکار بهێدنرێ، ئەمە بۆ ئەوەی کاری وەرگیڕانەکە بە خێرایی ئەنجام بدرێ، بەڵام پیویستە مرۆڤ بەسەریدا بچێتەوە و ڕاستی بکاتەوە. ئەم هەنگاوە زۆر پێویستە و گرنگە، چونکە لەم هەنگاوەدا ماناکان ڕاست دەکرێنەوە، کردارە ئاڵۆزەکانی زمان و دەربڕینەکان بۆنموونە قسە نەستەق و پەند و دەستەواژە ستاندارەکان و توخمەکانی تری زمان دەگەڕێندرێتەوە بۆ دەقەکە. ئەم کارە ئەوەندەی وەرگێڕانەکە کات و ماندووبوونی گەرەکە. جارێکیان نووسەرێکی زۆر چالاک لەسەر

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ئوسترالیا دەژی وتارێکی بە ئینگلیزی نووسیبوو، من زانیم ئەوە بە کوردی نووسیووە و بە گووگل یان بینگ کردویەتەی بە ئینگلیزی، چونکە ئەو لە شوێنێک مەبەستی ڕێکەوت بوو، بەڵام لە وتارە ئینگلیزییەکە پەیوەندی خۆشەویستی نووسرابوو، هەردووکیان لە بری وشەی date ی ئینگلیزی داندرابوون. وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی بە ژیریی دەسکرد دژوار و سەرکێشییە، ئەنجامەکەی مسۆگەر نییە. سەبارەت بە وەرگیڕانی پێچەوانە دوای وەرگێڕانەکە لەلایەن مرۆڤ، ژیریی دەسکرد دەتوانێ بە ڕێزمانەکەی دا بچێتەوە، چونکە مرۆڤ هەرچەند شارەزا بێ لە زمانی دووەم، بەڵام هەر زمانی دایک نییە و لەوانەیە لە ڕێزمان بەتەواوی نەیپێکێ. چاکردنەوەی ڕێزمان دەقەکە ناگۆڕێ و تەنها ئەو جێگایانە دەسنیشان دەکا کە گومانی هەڵەی تێدایە و وەرگێڕ دەتوانی وەریبگرێ یان وەلای بنێ، ئەمەش لە ئاستی دەربڕینەکانی وەرگێڕانەکە کەم ناکاتەوە لە کاتێکدا کوالێتی وەرگێڕانەکە بەرزدەکاتەوە.

***چۆن بتوانین سوود لە سیستەمی ناسینەوەی ئاخاوتنی و دەنگ وەربگرین بۆ زمانی کوردی؟**

- بەکارهێنانی ژیریی دەسکرد لە ناسینەوەی دەنگ و ئاخاوتنیش هەمان بنەمای تێکستی هەیە، داتای پێویستە بۆ فێربوون و ڕاهێنان، ئەوجا کە ئامێرەکە (مەبەست کۆمپیوتەرە) فێربوو، دەتوانێ ئاخافتن پۆڵین بکا و بیناسێتەوە. ئەم لایەنەی ژیریی دەسکرد بۆ زمانەوانان زۆر سوودی هەیە، بۆ نموونە نووسین بە تەنها بەس نییە بۆ باسکردنی زمان و زارەکانی یان چۆنیەتی دەربڕینی پیەتەکان بەسەریەکەوە و قووتدانی پیتەکان و زۆر توخمی تری زمان. ئەمە بۆ لێکۆڵینەوە لە زارەکانی زمانی کوردی و چۆنیەتی پەیدابوونی گۆڕانکاریەکان و جیاوازییەکان زۆر گرنگە. لەلایەکی تر، ئەم تەکنیکەی ژیریی دەسکرد دەتوانی ئاخاوتن بکا بە نووسین بە پێچەوانەش، کە ئەمە بۆ زمانی کوردی زۆر گرنگە بۆ زیادکردنی سەرچاوەی نووسینی سەر ئینتەرنێت کە ئێمە تێیدا هەژارین. بۆ نموونە تۆ دەتوانی هەموو گۆرانییە تۆمارکراوەکان و وتار و دەنگە تۆمارکراوەکانی دی بە ئاسانی و ئۆتۆماتیکی بگۆڕی بۆ نووسین و کۆرپسی زمان کە پێویستن بۆ ئەوەی بەکارهێنانەکانی ژیریی دەسکرد لە زمانی کوردی گەشەی پێ بدرێ. بوونی دەنگ و ئاخافتنی زۆر لەسەر ئینتەرنێت بە زمانی کوردی وادەکات ئامێرەکانی وەرگیڕانی ڕاستەوخۆ لە زمانی کوردی بۆ سەتان زمانی تر مەیسەر ببێ و کواڵیتییەکەی بەرزببێتەوە. هەروەها بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە ڕێگای ژیریی

دەسکرد بەکاردەهێندرێ. ئێمە پێویستە خۆمان بۆ ئاییندەیەکی زۆر نزیک، کەمتر لە پێنج ساڵ ئامادە بکەین، کە زۆربەی دەزگاکان دەنگی ئاڤاتار یان ئەلکترۆنی بەکاردێنن لە سێکتەرەکانی خویندن و راگەیاندن و کارگێڕی و بزنس، ئەگەر ئێمە دەنگێکی زۆرمان لەسەر ئینتەرنێت نەبێ ئەوا زمانەکەمان پاشەکشە دەکا.

***ئایا سیستەمی ناسینەوەی ئاخاوتن و دەنگ هیچ لایەنێکی نەرێنی هەیە؟**

– هەموو ژیریی دەسکرد لەوانەیە لەلایەنی جڤاکی و کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندیتی کەسەکان هەندێ سنوور ببەزێنێ، ئەوانەش پێویستە بە یاسا ڕێک بخرێن. بەڵام گیروگرفتێک لە هەموو سیستەمەکانی ژیریی دەسکرد هەیە، کە لێرەش هەیە ئەویش لایەنی لایەنگیرییە، بۆ نموونە ئێستا لە هەر پرۆگرامێکی ژیریی دەسکرد بپرسە کە وێنەی تاوانبارێک لە ئەمەریکا بکێشە، یەکسەر وێنەی کەسێکی ڕەشپێستت بۆ دەکێشێ، ئەمە لایەنگیرییە. ئەمە بەهۆی ئەو داتایە دروست دەبێ کە پێشتر سیستەمەکەی ژیریی دەسکردی پێ ڕاهێندراوە. ئەو لایەنگیرییە پێویستە زۆر با ئاگایی هەڵسوکەوتی لەتەک بکرێ.

*** تایبەتمەندییەکانی چات جی پی تی چییە؟**

– چات جی پی تی سیستەمێکە لەلایەن کۆمپانیای ئۆپن ئەی ئای بەرهەمهێنراوە، لە ڕێگای کۆمپیوتەر ڕاهێنان بە سەتان ملیۆن داتای وەکو دیکیۆمێنت و دەنگ ڤیدیۆ کراوە کە لە سەر ئینتەرنێت هەن، تا کۆمپیوتەر وایلێکراوە وشە بە وشە و پیت و تۆن و چرکە بە چرکەی ڤیدیۆکان و ئاکار و مواسەفاتەکانیان بناسێتەوە، کاتێک مرۆڤ داوا لەو سیستەمە دەکا زانیاری نوێی بۆ بەرهەم بهێنێت، ئەو سیستەمە ڕاهێندراوە ئامار و ئەلگۆریسمی ئاڵۆز بەکار دێنی کە زانیاری نوێ دروست بکا کە زۆر لە وەڵامی مرۆڤ بچێت. ئەمە تاکە سیستەمی ژیریی دەسکردیش نییە کە وەکو مرۆڤ تێبگات و وەڵام بداتەوە، کۆمپانیای گوگڵ سیستەمی گێمنی هەیە، زۆری تریش. خۆشبەختانە هەموو ئەم سیستەمانە زمانی کوردیان تێدایە، لەکاتی ڕاهێنانی سیستەمەکە بە داتا، ئەو داتایانەیان وەرگرتووە کە لەسەر ئینتەرنیت هەیە، بەتایبەتی لاپەڕەکانی ویکیپیدیا، گفتوگۆکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەندێ سەرچاوەی ترلەسەر ئینتەرنێت. ئەم داتایانە بەس نین بۆ ئەوەی وەڵامە کوردییەکان وورد و دروست بن، بەڵام سەرەتایەکی باشە.

سەنگەر حەسەن نەجم

# مشتومڕی ڕێنووس و خاڵبەندی
# ڕەوتی زمانەوانانی کوردی گەلێ بۆ دواوە گەڕاندەوە

***چۆن بتوانین سوود لە ژیری دەستکرد وەربگرین بۆ پرسی خاڵبەندی و ڕێنووسی کوردی؟**

-بۆ هەردوو پرسی خاڵبەندی و ڕێنووسی کوردی، بە چەندان شێوەی جۆراوجۆر دەشێت سوود لەژیری دەستکرد ببینرێت. هەنووکە، کارەکە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو ساناتر بووە. دوو ڕێگا هەن دەشێت بیانخەینە بەرباس. یەک؛ دەکرێت لەڕێگەی گەورە مۆدێلەکانی زمان (Large Language Model)و ئەوانەی کە ڕێگە دەدەن چاتبۆتی تایبەتی تێدا دروستبکرێت. واتە لەڕێگەی دروستکردنی چاتبۆتی تایبەت بە زمان (دەشێت تایبەتتریش بکرێتەوە بۆ چاتبۆتی خاڵبەندی یانەخۆ ڕێنووس) ئەم کارە بکرێت. دوو، لەڕێگەی پەرەپێدانی مۆدێلێکی تایبەت بە زمانی کوردی و ڕاهێنانی. ئەمەش لەڕاستیدا ڕەنگە ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری ببێتەوە. بۆ نموونە: نەبوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان پرۆگرامسازان و زمانەوانان، نەبوونی داتای زەبەلاح و یانیش ئەگەر هەبێت؛ تێکچڕژا و هەمەلایەنە و کاتێکی باشی دەوێت بۆئەوەی هەر خودی مۆدێلەکە پرسگەلی کێشمەکێش یەکلا بکاتەوە و ئەلگۆریتمەکان بەجۆرێک ڕابهێنرێن کە دواجار بتوانێت بڕیار لەسەر ئەنجامە دروستەکە بدات. جا

ئێمە ئەگەر هەر تەنها لەڕوانگەی زمانەوانی لێی بڕوانین، ئەوا دەبینین کە شتێکی ئێجگار پڕ سوودە و بۆ چەندین بوارگەلی بە کەڵکە، ئەمما؛ لەڕوانگەی پڕۆگرامسازی و دروستکردنی مۆدێلێکی تایبەتی ژیری دەستکرد، ئەوا هەروەک ئاماژەمان پێدا، دووچاری گەلێ ئاڵنگاری دەبینەوە. دواجار هەموو ئەو ئاڵنگارییانەش دەشێت (ئەگەر پلانی تۆکمە هەبوون) هەم بە سانایی و هەمیش بە دروستی تێبپەڕن. خاڵێکی دیکە کە جێگای ئاماژەیە و لەهەمان کاتیشدا گرنگە پەی پێببەین، ئەویش ئەوەیە کە هەنووکە ئەگەر بەخۆ نەکەوین، ئەوا ئەم بابەتی ژیری دەستکردە دەبێتە زۆری و بۆری و هەریەک لەوانە لەلایەن کەسانی نا-پسپۆر بەجۆرێک ڕەنگە داتای نا-دروستی پێبدرێت، و بەمجۆرەش دواجار ئێمە لەجیاتی سوود، ئەوەتا دێین بەسەر هەڕەشە و کێشەیەکی دیکە. دەرەنجام، تۆ ئەگەر دەقێکت هەبێت و بتەوێت لەڕێگەی یەکێک لە مۆدێلەکانی ژیری دەستکرد لە خاڵبەندی یان ڕێنووسی دەقەکە دڵنیابیتەوە، ئەوا ئەو چاتبۆتە پشت دەبەستێت بەو داتایانەی کە لەوەو پێش ڕاهێنانی لەسەر کردوون (ئەمە بێگۆمان ئەگەر جۆری چاتبۆتەکە لەسەر بنەمای ئامێری فێربوو -Machine-Learning- بێت) ئەم کارە دەکات، دەی گرەنتی چییە کە ئەم داتایانەی کە ڕاهێنانی لەسەر کردوون، داتای دروست و ئەکادیمی بوون! گرەنتی چییە هەموو ئەوانەی لەم پڕۆسەیە بەشداربوون ئاشنای سەرچاوەگەلی پشت پێ بەستراون! کەوابوو، کورت و پوخت: ژیری دەستکرد دەشێت سوودی گەلێ زۆری هەبێت لە هەردوو بابەتی خاڵبەندی و ڕێنووس ئەگەر هاتوو هەر لەسەرەتاوە کارەکەمان بەدروستی ئەنجام دا.

***ئایا دەکرێت ژیری دەستکرد هاوکارمان بێت بۆ بە ستاندارد کردنی زمانی کوردی؟**

-»بەڵێ«. بەڵام بۆ پرسێکی وەها چارەنووسساز، هەرتەنها بەڵێ بەس نییە! سەرەتا دەبێت بزانین کە ئەم مۆدێلەی هەڵدەستێت بەم کارە، چ مۆدێلێکی ژیری دەستکردە و لەسەر چی و چۆن ڕاهێنراوە؟ ئایا مۆدێلەکە تایبەتە بە زمان؟ و یانەخۆ تایبەتیشە بە زمانی کوردی؟ چ داتایەکی پێدراوە تاوەکو ئەو وەڵامەت دەستبکەوێت؟ لە هەموویشی گرنگتر چ جۆرە پڕۆمپت (شێوەی داڕشتنی پرسیارەکە)ێکی پێدەدرێت؟. کەوابوو سەرەتا ئێمە دەبێت لەڕێگەی پێدانی داتای دروستەوە دەست بەم کارە بکەین. بەڵام ئەوە مانای وا نییە کە دەشێت ژیری دەستکرد ئەم خەونەی ئێمە هەروا بە سانایی بێنێتە دی و ئێمەیش بێخەم ڕووبنیشین! بەڵکو کارەکە بۆ زمانەوانان و خەمخۆرانی

زمان قورستر بووە و تەنانەت پێویستە بە بەراورد بە هەموو کاتێک ئەم کارە چاکتر ئەنجام بدەن. کەوابوو کێشەکە هەر ئەوە نییە کە تۆ بچیتە سەر یەکێک لە مۆدێلەکانی ژیری دەستکرد و پرسیاری لێبکەیت کە ئاخۆ چۆن و بە چ شێوەیەک زمانی کوردی ستاندار بێت! بەڵکو بابەتەکە هێندەی ئەنجامدانی گەرەکە، هێندە پرسیاری گەرەک نییە! پوختە: هیچ گرەنتییەک نییە کە وەڵامەکەی ژیری دەستکرد دروست بێت، بەڵام هەروەک لە پرسیارەکەدا هاتبوو دەشێت «هاوکارمان بێت»، بەڵێ دەشێت. ڕێگاکان چین: تاوەکو هەنووکە کۆمەڵێک لە مۆدێلەکانی ژیری دەستکرد هەردوو ئەلفبێی ئارامی و لاتینی دەزانن (ئەو مۆدێلەی کە ئێمە دروستمان کردووە و پەرەمان پێداوە بەنێوی «چاتبۆتی زمانی کوردان» زمانەکانی تریش دەزانێت تاوەکو خەڵکی دیکەی بێگانەش بتوانن پرسیاری لێبکەن). بەمجۆرە داتاکان و بەکارهێنەران ڕۆژانە بەشدار دەبن لە ستانداردبوونی زمانەکە، تاوەکو بەکارهێنەرانی ئەو مۆدێلەی ژیری دەستکردە پتر بێت، ئەوا ئەو زمانە پتر بەکاردێت و بەمەش بێ ئەوەی تەنانەت زۆر سەرنجیشمان لەسەر بێت بەرەو قۆناغەکانی ستانداربوون دەڕوات. واتە، لەبری ئەوەی بێین وەکو بڕیارێکی ڕەها ئەم پرسیارە لە ژیری دەستکرد بکەین، سەرەتا داتای پێدەدەین و بەمجۆرەش ئامێری فێربوویی ئەم مۆدێلە ڕاهێنان دەکات و تەنانەت بەهۆی ڕاهێنانی ئەلگۆریتمەکان دەست دەکات بە وشەسازی و دروستکردن و داتاشینی وشەی نوێیش لەسەر بنەمای دیارکراو. ئەوانە چی مانایەک دەبەخشن؟ مانای وایە هێور هێور ئەو زمانە قۆناغەکانی ستاندار دەبڕێت.

***زمانی کوردی بە زار و بنزارەکانی، ئاخۆ ژیری دەستکرد دەتوانێت بە شێوەیکی درووست یەکێ لەم زارانە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە دەستنیشان بکات بۆ بە ستاندارد بوونی زمانی کوردی؟**

-وەڵامەکە هەروا بەسانایی بەڵێیە! بەڵام ئاخۆ ئەم «بەڵێ»یەی ژیری دەستکرد دروستە؟! ئەوە لە هەموویی گرنگترە! ئەگەر بەڕێزتان یان هەر کەسێکی تر توانی ئەم زار و بنزارانەی زمانی کوردان کۆبکاتەوەو وەکو داتایەکی زەبەلاح بە یەکێک لە مۆدێلەکانی ژیری دەستکردی بدات، ئەوا ڕاددەی دروستی وەڵامەکە پتر دەبێت و ڕێژەکەی بەرزتر دەبێتەوە! بەڵام هێشتاش ئەمە مانای ئەوە نییە کە دڵمان ئاوی خواردۆتەوە. بۆنموونە خۆ نابێت ئەو جۆرە داتایە تەنها وشە بێت و ئێمەیش وەکو بەکارهێنەرێک بێین پرۆمپتێکی لەمجۆرەی پێبدەین کە ئاماژە بەوە بکات کامە زار

خاوەندی وشەی زۆرترە، ئەوا گرنگترە، یانەخۆ کامەیان پتر بەکاردێت و باوترە! دەی ئاخۆ ئەمانە قۆناغەکانی ستانداربوونی زمانن؟ ئەگەر وانەبێت وەڵامەکەی ژیری دەستکرد هیچی کەمتر نابێت لە وەڵامی دەسەڵاتدارن و سیاسیان کە (بۆ نموونە لە ڕووسیا) بڕیاردەدەن کامە زار ببێتە ستاندارد! ئێستا ئەگەر توانیمان بۆ نموونە داتای ٢٠ساڵی ڕابردووی گشت زار و بنزارەکان بدەین بە ژیری دەستکرد، و ڕێگەشمان دا بە ئەلگۆریتمەکان تاوەکو کاری خۆیان بکەن، ئەوا لەماوەی چەند چرکەیەکی کەم ئەم وەڵامەمان دەست دەکەوێت، بەڵام دیسانەوە ئاخۆ ئەو وەڵامە دروستە! کەوابوو جیاوازی زۆر هەیە لەنێوانی ئەوەی کە ئاخۆ ژیری دەستکرد دەتوانێ ئەم کارە بکات لەگەڵ ئەوەی کە ئاخۆ دەتوانێ بە دروستی کارەکە بکات!

کەوابوو، کاتێک من داتای زەبەلاح (Big Data) لەبارەی جۆر و بڵاوبوونەوەی زارەکان، ژمارەی ئاخێوەران و بەکارهێنانیان لە میدیا و پەروەردەدا هتد، بە ژیری دەستکرد دەدەم (دووبارەی دەکەینەوە باشتر وایە کە مۆدێلەکە جۆریکی تایبەت بێت بە زمان یان بە زمانی کوردی و ئەلگۆریتمەکان لەو بارەیەوە ڕاهێنانیان پێکرابێت)، ئەوا ئەو مۆدێلە سەرەتا هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی داتاکان، و ئەم شیکردنەوەش دەشێت بکرێت بە بنەمایەکی چاک و هاریکار. دوای ئەوە دەشێت هەڵسێت بە کۆمەڵێک دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە، لەبارەی هەر زارێک و کامەیان زۆر لەوانیتر نێزیکترە و کامەشیان چی و چیترە؟ ئەمە وەکو هەوڵێک بۆئەوەی کە ئاخۆ کامە زار فێربوونی ساناترە وەیان پتر هەوڵی فێربوونی دەدرێت نەوەک هەرتەنها ژمارەی ئاخێوەران! پاشان هەڵسەنگاندنی فاکتەر کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان و لێکۆڵینەوە لە مێژووی بەکارهێنانی لە ئەدەبیات بەگشتی. لێرەدا بە سوودبینین لە داتاکان و هەنگاوەکانی پێشوو ئەم مۆدێلە هەڵدەستێت بە پێشبینی کردن بۆ ئەو زاراوەی کە زۆرترین هەلی هەیە بۆ قەبووڵکردن و سەرکەوتن وەکو زمانی ستانداردی کوردان. هەنووکە، ئێمە بەهۆی فێربوونیی قووڵی (Deep Learning) ژیری دەستکرد، قۆناغی (زیرەکی دەستکرد)مان تێپەڕاندووە و لەنێو (ژیری دەستکرد) داین. ئەمەش بەو مانایەی کە تا ڕاددەیەک دەتوانێت دەستبخاتە نێو باسە کۆمەڵایەتییەکانیش، بەڵام دواجار هەر بۆ بڕیارە دروستکەکە هەر پێویستمان بە مرۆڤ دەبێتەوە. پوختە: بەڵێ دەتوانێت هاریکاری باشمان بێت و کارسانایی چاکمان بۆ بکات بۆ ئەم باسە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە هێشتا ماوە بتوانیت بڕیارێکی دروست بدات! کەوابوو با بەخۆمان بکەوین و هیچ

نەبێت داتای دروست و زۆر و گشتگیر کۆبکەینەوە، هاکا سبەی مۆدێلێکی نوێی ژیری دەستکرد هات و بە تواناکانی گشتمانی لەسەراسیمەیی جێهێشت!

***تاچەند نووسەران و ڕۆشنبیران توانیویانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک فێرگەیەک بۆ باشترکردنی ڕێنووسی کوردی بەکار بهێنن؟**

-پرسیارەکە هەر تەنێ پەیوەندی بە ڕۆشنبیرانی کوردەوە نییە، بەڵکو ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە کە زمانی سۆشیال میدیا گەلێ جیاوازە، ئێ کە جیاوازیش بوو، خۆ دەبێت لە ڕێنووس و خاڵبەندیش جیاواز بێت! ئێمەیش دەزانین کە ئەم وەڵامە زۆر لەسەر دڵمان قورسە و بە قەبووڵکردنیشی ڕەنگە بچینە ژێر باری ئەوەی کە ڕێگە بە سادەکردنەوە، ڕێنووسی جودا، خاڵبەندی نابەجێ و وشەی سەیر و سەمەرە بدەین! زۆرجاران ڕەنگە تێبینی ئەوەمان کردبێت کە جواننووس و کوردیناسێکی ڕەوان ڕێگەی دابێت لە واڵەکەی خۆی لە سۆشیالمیدیا بانگەشەیەک، یانەخۆ هەر شتێکی دیکەی لەم شێوەیە داببەزێنێت، کە ئەمە ناڕاستەوخۆ بەشداری کردنە! ئەو، وەکو کوردیناسێک ڕەنگە تەواو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ تاوەکو بە وردی و دروستی بنووسێت، بەڵام لە ئان و ساتێک ڕیکلامێک شتێک زەق دەکاتەوە (کە پێویستیەتی بۆ سەرنج ڕاکێشانی کڕیار)، دەبینی هیچ کامێک لە (وشە، ڕێنووس، دەربڕینی پێکهاتەی ڕستەیی کوردی، خاڵبەندی هتد) دروست نییە. ئێستا ژمارەی ئەو تۆژینەوە زمانەوانییانەی کە لێکۆڵینەوە بەم باسە دەکەن هێندە زۆرن لەبن نایەن. کەوابوو سەرەتا بابەتەکە جیهانییە. بەڵام من دەگەڕێمەوە سەر پرسیاری یەکەم و بەستنەوەی بەم پرسیارە، دەتوانین بپرسین: ئاخۆ ژیری دەستکرد دەتوانێت وەک ئامرازێک بۆ دروستنووسی بەکاربێت؟ وەڵامەکە بێگومان «بەڵێ»یە. ئەگەر ئەو هەنگاوانەی کە پێشوو باسمانکردن، بە دروستی جێبەجێ بکرێن، ئەوا تا ڕاددەیەکی گەلێ زۆر دەتوانرێت ئەم کارە بکرێت، بەڵام هەر مانایی ئەوە نادات کە سەدا سەد ڕێگر دەبێت. چونکە وەکو ئاماژەی پێدرا، ئەمە دیاردەیەکی بەربڵاوە. بە دروستکردنی مۆدێلێکی ژیری دەستکرد تایبەت بە ڕێنووسی کوردی و بەستنەوەی بە سۆشیال میدیا کارسانایی زۆر دروست دەبێت.

***ئایا دەکرێت بە بەردەوامی پشت بە ژیری دەستکرد ببەستین، بەتایبەت بۆ بابەتی زمان و ڕێنووسی؟**

-بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، گەرەکمە ئاماژە بە ڕاستییەکی تاڵ بدەم؛ ئەویش

که لەماوەی ساڵانی ڕابردووی مشتومڕی بێبنی ڕێنووس و خاڵبەندی، ڕەوتی زمانەوانی و هەروەها خودی زمانەوانانی کوردیش گەلێ بۆ دواوە گەڕاندەوە. هەنووکە جیهانی زمانەوانی وا خەریکە زمانەوانی مەعریفی و دەماریش تێدەپەڕێنێت، کەچی ئێمە بێ ئەوەی تووشی بێ تاقەتی ببین هەر ڕێنووس و خاڵبەندی دەکەین بە بنەما بۆ هەموو شتێک! ئاخۆ ئەمە ڕێگە ڕاستەکەیە! وتەیەکی باو و بێ بنەما هەیە دەڵێت: ئەگەر کەسێک نەزانیت بە دروستی زمانەکەی خۆی بنووسێت، ئەوا مانای وایە هیچ شتێک لەمبارەیەوە نازانێت و قسەیشی لێ وەرناگیرێت! ئاخۆ زمانەوانی مەعریفی لەکوێی ئەم قسەیە جێگەی دەبێتەوە، زمانەوانی دەماری چۆن داماو دەبێت! ڕێنووس گەلێ گرنگە، بەڵام بەلایەنی کەم دەبوو ئەم باسە تاوەکو هەنووکە لە کۆتایی نزیک بووبایەوە. هەنگاوی زۆر چاک براوە، جێگەی پێزانینە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لەپڕ یەکێک دێت و تەواوی هەنگاوەکانی بەر لەخۆی سفر دەکاتەوە! بۆچی تاوەکو هەنووکە کۆنفرانسە زانستی و ئەکادیمییەکان لەمبارەیەوە بەرهەمدار نەبووینە! پرسیاری زۆر و وەڵامیش ڕوون!

ئێستا با بێینەوە سەر پرسیارەکە، ئاخۆ دەتوانین بە بەردەوامی پشت بە ژیری دەستکرد ببەستین لە پرسی زمان و ڕێنووس؟ بەڵێ تا ڕاددەیەکی زۆر! بەڵام زمان وەکو بەخشراوێک بێ هاوتا، ڕەنگە هەمیشە وەکو مەتەڵێک بمێنێتەوە و ئەگەرچی زۆر لایەنی ئەم مەتەڵە هەڵێنراون و خراونەتە ڕوو. کەوابوو تا ڕاددەیەکی زۆر دەتوانین بە هەنگاوی دروست ئەم کارە بکەین. ئەمەش بە پرسیارەکانی پێشووتر گرێدراوە، لەوەی کە ئاخۆ چەندێک بە دروستی هەنگاوەکان جێبەجێ دەکەین. ئەگەر ئاوەهامان کرد، ئەوا لە کارە دروستەکە نزیک بووینەتەوە. ئەوسا، بۆ نموونە دەزگاکانی چاپکردنی کتێب و میدیا بەگشتی، و تەنانەت فەرمانگەکانی حوکمەت دەتوانن بە تەنها یەک کلیک نزیکەی سەرجەمی ئەم کارانە بکەن و هەڵەی ڕێنووس چاکبکەنەوە و دروست بەکارهێنانی زمانیش بەکارببەن.

***تاچەند بابەتی وەرگێڕان و دەقی نووسراو لەلایەن ژیری دەستکردەوە پشت پێ بەستراون، بۆ پرسی خاڵبەندی و ڕێنووسی؟**

پرسیارەکە کۆمەڵێک شتی جیاوازی لەخۆ گرتوون، با هەنگاو بە هەنگاو وەڵامەکە ڕوون بکەینەوە. لەمەڕ بابەتی وەرگێڕان، ئەمە ڕاستییە کە ژیری دەستکرد لە بابەتی وەرگێڕان پێی نایە قۆناغێکی نوێ و هەموو ئامرازەکانی تری وەکو گووگڵ، بین، و

یانەخۆ ئەوانی تری جێهێشت. بەڵام بەر لەهەموو شتێک ئەوەش دەوەستێتە سەر شێوازی بەکارهێنانی و هەروەها شارەزایی ئەو ئەلگۆریتمانە (بەپێی ئەو مۆدێلەی ژیریی دەستکرد کە بەکاردەهێنی) لەو زمانەی کە دەتەوێت وەرگێڕانی بۆ بکەیت. نموونەیەک ڕەنگە ببێتە هۆی ڕوونکردنەوەی پتر: ئەگەر من بچمە یەکێک لە مۆدێلەکانی ژیری دەستکرد و ئەو پرۆمپتەی پێبدەم: «سڵاو، تکایە تۆ وەک شارەزایەکی زمان و هەروەها پسپۆڕ لە وەرگێڕان، ئەو دەقەی خوارەوەم بۆ بکە کوردی ناوەڕاست» ئەوا زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی پێیبڵێم: «سڵاو، تکایە تۆ وەک شارەزایەکی زمان و هەروەها پسپۆڕ لە وەرگێڕان، ئەو دەقەی خوارەوەم بۆ بکە کوردی ناوەڕاست، و تکایە ڕەچاوی ئەوە بکە کە ئەم دەقە، تێکستێکی (بۆ نموونە ئەدەبییە یان هەر شتێکی تر)»، دەی دەتوانین لەوەش جوانتر و ڕوونترمان دەستبکەوێت ئەگەر هاتوو پێیبڵێین: «سڵاو، تکایە تۆ وەک شارەزایەکی زمان و هەروەها پسپۆڕ لە وەرگێڕان، ئەو دەقەی خوارەوەم بۆ بکە کوردی ناوەڕاست، و تکایە ڕەچاوی ئەوە بکە کە ئەم دەقە، تێکستێکی (بۆ نموونە ئەدەبییە یان هەر شتێکی تر)، دواتر پاسەدانی تەواوی وەرگێڕانەکەشم بۆ بکە و بۆم ڕوونبکەوە کە ئاخۆ لەسەر چ بنەمایەک ئەم وەرگێڕانەت کردووە؟» ئەم لیستە درێژەی هەیە و تەوابوونی بۆ نییە، لەهەر حاڵەتێکی لەمجۆرە و گۆڕانکاری تەنها یەک خاڵ وەیان فاریزە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە دەقی وەرگێڕانەکە. کەوابوو هەمیشە ڕەچاوی ئەوە بکە کە تۆ لەبەردەم مۆدێلێکی گەورە و زەبەلاحی زمان دایت و کە لەسەر بنەمای ئامێری فێربوو (Machine Learning) کاردەکات و گۆڕینی هەر شتێکی بچووک لەلایەن ئەلگۆریتمەکانەوە مانای تایبەتی خۆی هەیە. ئەمە سەبارەت بە بابەتی وەرگێڕان، بەڵام هەموو ئەوانە مانایی ئەوەی نییە کە دەقەکە پشتی پێ دەبەسترێت، بەڵکو پتر مانایی ئەوە دەدات کە وا خەریکە بەهۆی تواناکانی ژیری دەستکردەوە، ئامرازەکانی تری وەرگێڕان چیتر بەکارناهێنرێن مەگەر ئەوەی کە خۆیان نوێبکەنەوە و لەلایەن ژیری دەستکردەوە پاڵپشتی بکرێن، هەروەک پێشبینی ئەوە دەکەین کە بۆ لەمەوپاش گووگڵ لەلایەن جیمینایی (Gemin)یەوە پاڵپشتی بکرێت.

بەڵام سەبارەت بە برگەی دووەمی پرسیارەکە واتە کە دەڵێیت «دەقی نووسراو» ئەوەیان زۆر جیاوازترە لە وەرگێڕان. دەقی نووسراو لەلایەن ژیری دەستکردەوە لە ئاستێکی گەلێ بەرز دایە! تەنانەت کێشەیی زۆریشی دروستکردووەو و هەندێک لەو نووسەرانەی لەو ساڵانەی دوایی کە خەڵاتی گەورەیان دەستخست، هەنووکە

ددانیان ناوە بەوەی کە سوودیان لە ژیری دەستکرد بینیەوە (ببوورن بیرم نییە کامە نووسەر بە دیاریکراوی، لەم دواییانە خەڵاتی ئەدەبی دەستخست و پاشانیش خۆی ددانی نا بەم بابەتە). دروستکردنی دەق لەلایەن ژیری دەستکردەوە بەندە لەسەر ئەو داتایەی کە لەوەو پێش پێیدراوەو پاشانیش ئەلگۆریتمەکانی ڕاهێنانیان لەسەر کردووە و ئێستایش خاوەنی بێ ژماری پارامێتەرە! کاتێک تۆ داوا لەژیری دەستکرد دەکەیت تێکستێکت بۆ بنووسێت سەبارەت بە شتێکی دیاریکراو، ئەوا تاوەکو پتر ڕوونتر و وردتر بیت لە داواکارییەکەت، ئەویش وردتر دەبێت لە وەڵامەکەی! ئەمە چۆن ڕوودەدات؟ پرسیارەکە پاشخانێکی زانستی هەیە و تاوەکو ئێستا هەر ئەم قۆناغەین کە ئاخۆ (ئامێرەکان دەتوانن بیربکەنەوە یان نا؟) ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە بۆ یەکەمجار ئالان تورینگ لە تۆژینەوەکەی لەساڵی ١٩٥٠ بەنێوی (ئامێری کۆمپیوتەر و ژیریی) بڵاویکردەوە. تورینگ تاقیکردنەوەیەکی پێشنیار کرد بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، بەوەی ئەگەر کۆمپیوتەرێک بتوانێت مرۆڤێک دەستخەرۆ بکات و وای لێبکات کە باوەڕی بەوە هەبێت کە ئەم ئامێرە هەر بەڕاستی مرۆڤە، ئەوا ئەو ئامێرە شایەنی ئەوەیە پێی بڵێین ژیر (ئەوکات زیرەک). ئەم تاقیکردنەوە، سەرنجی زۆرێک لە زانایانی ڕاکێشا و یارمەتیدەر بوو بۆ پێشخستنی لەدایکبوونی ژیری دەستکرد. لە ڕاستیدا، ئەمڕۆش هێشتا ئاڵنگاری تاقیکردنەوەی تۆرینگ هەیە کە زانایانی کۆمپیوتەر و ژیری دەستکرد، کێبڕکێیانە لەوەی کە ئاخۆ سیستەمی کێ دەتوانێت زۆرترین خەڵک ڕازی بکات. دوای بڵاوبوونەوەی توێژینەوە بەناوبانگەکەی تۆرینگ، بواری ژیری دەستکرد بە خێرایی پەرەی سەند و لە ساڵی ١٩٥٦ کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە کۆلێژی دارتمۆس لە نیو هامپشایر لە ئەمریکا بەڕێوەچوو. دە زانا کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە زیرەکی مرۆڤ و لە هەموو لایەنەکانەوە. ئامانجیان ئەوە بوو کە بتوانن هەر تایبەتمەندییەکی زیرەکی مرۆڤ بە وردی وەسف بکەن تاوەکو ئامێرێکیش دروست بکەن کە وەکو مرۆڤ ڕەفتار بکات. زاناکان پێیان وابوو کە لە ماوەی تەنها وەرزی هاوین دەتوانن پێشکەوتنی بەرچاو بەرەو ئامانجەکەیان بەدەست بهێنن. ئەوەبوو زۆری نەخایاند بۆیان دەرکەوت کە زیرەکی و ژیری مرۆڤ زۆر ئاڵۆزترە لەوەی کە تێگەیشتوون و دەرئەنجامیش پێشکەوتن لەو هاوینەدا کەم بووەوە. سەرەڕای ئەوەش، بۆنەی ئەم کۆبوونەوەیە بە شێوەیەکی نائاسایی گرنگ بوو، چونکە بووە هۆی لەدایکبوونی ئەو شتەی کە ئەمڕۆ وەک ژیری دەستکرد دەیناسین. مەبەستی من لەم پاشخانە دوو شتە.

یەک: ئەوە ڕوونبکەینەوە کە ئەم کارە چۆن و کەی سەریهەڵداوە و چۆن کاردەکات، دوو؛ کێشەیەک کە تاوەکو ئێستایش لەگەڵدابێت دونیایی ژیری دەستکرد پێیەوە دەناڵێت، ئەوەیە کە ئەم دە زانایە هەموویان خاوەنی یەک پاشخانی پسپۆریی بوون وەیان لەیەک نزیک بوون. کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر چۆنیەتی کارکردن و وەڵامە و داتای ئەو مۆدێلەی ژیری دەستکرد. ئەمەیان تاوەکو ڕاددەیەکی باش سوودی بۆ پرسیارەکانی تریش دەبێت، واتە کارەکە هەر ئەوەنییە کە ئێمە کۆمەڵێک پڕۆگرامساز کۆبکەینەوە و وەکو هاریکارێکیش چەند زمانەوانێک بێنین و بڵێین تەواو. بەڵکو هەریەک لەمانە دەبێت ڕۆڵی خۆیان هەبێت. با بگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە ئەم تێکستە چۆن و لەسەر چ بنەمایەک بەرهەم دێت. لە زۆرێک لە مۆدێلەکانی ژیری دەستکرد وشەی Generate دەبینین، کە تاڕاددەیەکی زۆر لە چۆمسکیەوە وەرگیراوە و سوودی لێبینراوە. واتە لێرەدا بەمانایی «بەرهەمهێن» دێت. چەندین ساڵە ئەلگۆریتەمەکان ڕاهێنان لەسەر ئەو بابەتە دەکەن. دواتر دەبینی لەخێراییەکی خەیاڵی تێکستێکی جوانت بۆ بەرهەم دێت، ئەمە واتای چی دەگەیەنێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەم ئامێرە لاساییکەرەوەی کردە مەعریفییەکانی مرۆڤ دەکات! دیسانەوە دەڵێمەوە، بەڕاستی ڕەنگە لەسەر دڵی هەریەک لەئێمە قورس بێت کە بڵێین ئامێر بیردەکاتەوە، بەڵام ڕاستییەکیش هەیە دەبێت ئاماژەی پێبدرێت، ئەویش کاتێک کە تۆ لە مۆدێلێکی ژیری دەستکرد دەپرسیت: (بۆنموونە: هۆنراوەیەکم بۆ بنووسە کە سەرواداربێت، لەبارەی خۆشەویستی و تیاییدا خۆشەویستەکەم بە وەرزی جوانی بەهاری ڕازاوەی کوردستان بچوێنە و هتد.) دەبینین لە خێراییەکی خەیاڵی ئەم کارە دەکات و بەنێو کوادریلیۆن داتایی زۆر و زەبەند دەگەڕێت، بەڵام هەرتەنێ ئەوانە دەست نیشان دەکات کە پتر بە پڕۆمپتەکەتەوە پێوەندن! باشە ئەمە ئەگەر لاساییکردنەوەی کردەیی مەعریفی مرۆڤ نەبێت ئاخۆ دەبێت چی بێت؟ ئێستا من ئەگەر هەمان پرسیار لە تۆ بکەم، وەڵامەکەت چی دەبێت؟ بێگۆمان لەنێو کانگەیی زمان کردەیی مەعریفی ڕوودەدات و لە کەمتر لەچاو ترووکانێک تۆ تەنها ئەم وشانە دەست نیشان دەکەیت کە پێوەندن بە پرسیارەکەوە! ئێستا فەرموون هەردوو کردەکە بەراورد بکەن؟! ئێمە ناڵێین یەکسانن بەڵام ئێمەیش دەپرسین چییە؟! بەگەڕانەوە بۆ پرسیارەکە ئاخۆ پشتی پێدەبەسترێت؟ ئێمەیش دەڵێین تاڕاددەیەکی زۆر و لەجۆرو مۆدێلێکی ژیری دەستکرد بۆ ئەویتر جیاوازە. ببوورن ڕەنگە وەڵامە درێژ ببێتەوە

بەڵام ناچارم ئاماژە بە هەردوو جۆرە سەرەکییەکەی ژیری دەستکرد (لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی زانیاری و تێکست) بدەم. یەک: ژیری دەستکردی بێ سەرپەرشتیار و دووەم: ژیری دەستکردی شەفاف و ڕوون (ببوورن ئەگەر زاراوەکەم زۆر دروست نەبێت). ژیری دەستکرد بی سەرپەرشتیار بۆ نموونە وەکو مۆدێلەکانی (چات جی پی تی، بلاک بۆکس، کلاودی، پۆی هتد)، کاتێک تێکستتێکت بۆ بەرهەم دێنن، کارەکە بەنێو کردەیەکدا دەڕوات کە پێی دەگوترێت «سندووقی ڕەش»، لێرەدا پرۆمپتەکەمان ڕوونە، داتای تێ ئاخێنراو ڕوونە، بەڵام چۆنیەتی بەرهەمهێنان ڕوون نییە. سادەتر بڵێین: ئەو تێکیستەی بەرهەم دێت پاسەدانی بۆ ناکرێت و ناتوانرێت بزانرێت کە چۆن و لەسەر چ بنەمایەک دروستکراوە! ئەمەش وای لەزانایان کرد بەتایبەت لە کۆمەڵگەی ئامێرگەلی فێربوو کە وابکەن نەبوونی شەفافیەت –کە پەیوەندی بە ژیری دەستکردی ئامێری فێربوو هەیە –، ڕاست بکاتەوە. لە سەرانسەری جیهاندا، زانایانی ئەم بوارە کار لەسەر ئەو شتە دەکەن کە زۆرجار بە ژیری دەستکردی پاسەدان یان ڕوونکردنەوە (XAI) ناودەبرێت. ئەم ئامانجەی XAI زیادکردنی شەفافیەتی ئامێری فێربوویی ژیری دەستکرد و دۆزینەوەی ڕێگاکانی دروستکردنی ڕوونکردنەوە و پاسەدانە بۆ بڕیارەکانی ئەم سیستەمە. لەوەش سادەتر ئەگەر پرسیارێک لە چات جی پی تی بکەیت بۆ بەرهەمهێنانی دەقێک، و پاشان لێی بپرسیت کە سەرچاوەکەم پێبدە، ئەو؛ یان سەرچاوەت پێنادات یانەخۆ سەرچاوەی ناڕاست و دروستکراوت پێدەدات کە بوونی نییە. (بێگومان ئەمەش لەسەر ژیری بەکارهێنەر دەوەستێت و لەزۆر حاڵەتدا دەتوانین ناچاریبکەین ئەم کارە بکات، واتە سەرچاوەی ڕاستەقینە بدات، بەڵام وەکو ئاماژەی پێدرا، دەبێت بەکارهێنەرێکی لێزان بیت). جۆری دووەم (بۆنموونە وەکو جیمینای، کۆپایلۆت وهتد)، جۆری ژیری دەستکردی شەفافن و دەتوانیت زانییارە وەدەست هاتووەکان پشت ڕاست بکەیتەوە هەر ئەو کاتە. کەوابوو دەقەکە تەواو دروستکراوە و لە هیچ شوێنێک بوونی نییە، بەڵام ناوەڕۆکی دەقەکە بوونی هەیە! (کە ئەمەش دیسانەوە مشتومری زۆرتری لێدەکەوێتە بەڵام با لەوە درێژتر نەبێتەوە). لێرەدا بە گەڕانەوە بۆ پرسیارەکەت دەشێت بڵێین ئەمجۆرەیان پتر پشتی پێدەبەسترێت.

ئێستا کۆی پرسیارەکەت، وەرگێڕان و دەقی نووسراو لەلایەن ژیری دەستکرد لە پرسی خاڵبەندی و ڕێنووس چەندێک پشتی پێدەبەسترێت، ئەوە وەڵامەکە ئەو جۆرانەی ژیری دەستکرد دیاری دەکەن.

***چۆن بتوانین جیاوازی نێوان دوو دەقی وەرگێڕدراو بکەین؟**

یەکیان بە ژیری دەستکرد وەرگێڕدرابێت.

یەکیان لەلایەن مرۆڤەوە وەرگێڕدرابێت.

-لە بنەڕەتدا هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەن کە وەرگێڕانی ئامێر، بگات بە ئاستی مرۆڤ. بەڵام با سەرەتا باسی ئەوە بکەین کە ئەم دووانـە چۆن لەیەکدی جوێ بکەینەوە؟ کارەکە هەر زۆر ئاسانە! چۆن؟ ئەگەر بتەوێت ئەم کارە هەر لەڕێگەی ژیری دەستکردەوە بکەیت، ئەوا پێویستت بەوەیە کە لێزان بیت، بۆنموونە ئەو دەقەی دەتەوێت کە ئەم جیاوازییەی پێبکەیت، دەبێت بچیتە سەریەکێک لە مۆدێلەکانی ژیری دەستکرد و پڕۆمپتێکی ژیرانە دابڕێژیت بەوەی کە ئاخۆ وەرگێڕانی ئەم دەقە لەلایەن ئەو، یان مۆدێلێکی تری ژیری دەستکردەوە کراوە یان نا. ئەمەش خاڵی بەهێز و لاوازی خۆی هەیە و کەسانی لێزان دەبێت وردتر ئەنجامی بدەن.

ئەی ئەگەر ئەو کەسەی ئەم کارەی کردبوو ئەویش هەم لێزان و هەم وردیش بوو، هێشتا هیوا هەیە بزانرێت؟ بەڵی بێگومان. جۆرێکی دیکەی جیاکاری و زانینی ئەم بابەتە ئەوەیە کە ڕاستە ئێمە دەڵێین لەبەردەم ئامێرێکی گەلێ زەبەلاح و گرنگ داین، بەڵام ژیری دەستکرد لە لێکدانەوە پڕاگیماتییکان و کردە مەعریفییەکانی مانا و مەبەستی ئاخاوتن هێشتا ماویەتی، کەسیش لەئێمە ڕەنگە نەتوانێت پێشبینی سبەی بکات.

جۆرێکی دیکە ئەوەیە کە وەرگێڕان لە لایەن ئامێر و ژیری دەستکردەوە خاوەنی شێوازی خۆیەتی و دەشێت بەئاسانی بناسرێتەوە. ئەمە هەرتەنها لەسەر ئاستی ڕستەسازی، وشەسازی نییە، بەڵکو پەڕیوەتەوە بۆ ئاستی واتاناسی و لکەکانی تری زمانەوانی. پوختە: وەرگێڕان لە لایەن ئامێر و ژیری دەستکردەوە لە ئاستێکە بەرز دایە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ناگاتە وەرگێڕانی مرۆڤ. ئەگەر ئێستا تۆ بپرسیت وەرگێڕێکی خراپ یان وەرگێڕان لەلایەن ژیری دەستکردەوە، ئەوکات بۆئەوەی ئەنجامی چاک لەبەردەست بێت، دەبێت بڵێین هیچیان. هەندێ جارانیش هەردووکیان بەیەکەوە کارەسات دروست دەکەن، و زۆرجارانیش دەشێت ببێتە هۆی فێربوون.

**چۆن بتوانین بە شێوەیەکی درووست کەڵک لە ژیری دەستکرد وەربگرین بۆ پرۆسەی وەرگێڕان و وەرگێڕانی پێچەوانە؟**

هەنووکە، وەکو پێویستیەکی لێهاتووە کە وەرگێڕە بەڕێزەکان شارەزاییان زێتر

بکەن لە مۆدێلەکانی ژیری دەستکرد. بەتایبەت لە مەسەلەی گەڕان بەدوای ئیدیەم، و پەندی پێشنیان و بابەتگەلی کولتووری و چی و چیتر. لەبری بەکارهێنانی فەرهەنگ و پێداویستیەکانی تری وەرگێڕان، ژیری دەستکرد دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ ببینێت و هاریکاری زۆر باش بێت بەڵام ئاممان جێگرەوە نەبێت. واتە تۆ دابنیشیت و ئەو وەرگێڕانت بۆ بکات و هەر تەنێ سەرەقەڵەمێکی لێبدەیت! ئەمە بەدڵنیاییەوە کارەسات دروست دەکات! تاوەکو ئێرە دەتوانین بڵێین دەشێت سوود لە تواناکانی ژیری دەستکرد ببینین لەهەریەک لە گەڕان بەدوای سەرچاوەیی دروستەییەک، ئیدیەم، وشە، پەندی پێشینان، بابەتگەلی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ڕیشەناسیی وشەیەک، خۆ هەریەک لەوانە بە گەڕانی باویش ئەنجام دەدرێت، بەڵام ژیری دەستکرد بابەتەکە خێراتر دەکات و ئەگەر لێزانیش بیت ئەوا بێگومان بەرەو دروستترمان دەبات.

باشە ئێستا با بپرسین چی ڕوودەدات ئەگەر هاتوو چاتبۆتی تایبەت بە وەرگێڕانمان دروستکرد. ئەوسا، گومانی تێدانییە کە دەشێت سوودەکات زۆر لەوە زێتر بن کە ئاماژەی پێدارن.

***تایبەتمەندییەکانی سیستەمی (چات جی پی تی) چییە؟**

-چات جی پی تی، گەورە مۆدێلی زمانە، کە تایبەتمەندییەکانی هەژمار ناکرێن. ئەم مۆدێلەی ژیری دەستکرد لەلایەن کۆمپانیایی OpenAi یەوە پشتگیری دەکرێت و هەر لەنێویشیدا چەندین GPTی تری تێدایە کە هەریەکەیان تایبەتمەندن بە بوارێک، بۆ نموونە تێیدایە تەنها وێنە دروست دەکات، هەیە تەنها پێداچوونەوەیی زمانی دەکات و هەشە لەبواری ماتماتیک باڵایە هتد. بەپێی زانیارییەکانی ئێمە بێت چات جی پی تی ئێستا لە ١٧٥ ملیۆن پارامێتەر دەرچووەو گەلێ دەوڵەمەندتر بووە! ئەگەرچی ئەوە بەتەنها بەس نییە بۆ دەوڵەمەندی و ژیری مۆدێلێک، بەڵکو چۆنیەتی ڕێکخستن و بەکارهێنانیان گرنگە. ئەگەر بەراوردی بکەین زۆرجاران مرۆڤێک کە زانیاری دە-هێندەی کەسێکی ترە، هێندە ژیر دەرناکەوێت بە بەراورد بە ئەویتر کە زانیاری کەمترە!

کەوابوو، ڕاستە ئەوە گەورە مۆدێلی زمانە بەڵام تایبەتمەنیدییەکانی زۆر لەوە زیاتر کە ئێمە ئێستە بتوانین ئاماژە پێبدەین! زانیاری زۆر و زەبەلاح و فراوان لە بوارگەلی جیاجیا، لێکۆڵینەوە و پێشکێشکردنی چارەسەر بۆ کێشە جیاوازەکان و

هەزارەها کاری تر. هەنووکە لەنێو دونیای پەروەردەدا جێگای خۆی کردۆتەوە و هەم بۆتە جێگای مەترسی و هەمیش وەک هاریکاری چاک و نایاب ڕۆڵ دەبینێت. ببوورن دەبێت ئاماژە بە ئەزموونێکی کەسیی بدەم بۆ وەڵامی پرسیارەکە: ئەم هاوینەی ڕابرد، خولێکی تایبەتمان کردەوە بۆ مامۆستایان. هەر لە دەستپێکەوە ترسی مامۆستایانی بەشداربوو ڕوون بوو لەمەڕ تایبەتمەندییە مەترسییەکانی چات جی پی تی و دەستتە خوشکەکانی. زۆرێک لە بەشداربووان لەسەرەتا پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە ئەگەر هاتوو یەکێک لە فێرخوازان بۆ نووسین و ئەرکەکانی قوتابخانە و زانکۆ ئەم مۆدێلانەی ژیری دەستکردیان بەکارهێنا، ئەوا ئەوان وەکو مامۆستایەک چۆن بزانن؟! بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و لەکۆتایی خولەکە، نەوەک هەر کەسی دیکە ئەو پرسیارەی نەکرد، بەڵکو زۆرینە لەسەر ئەوە کۆک بوون کە خۆیان بە فێرخوازان دەڵێن کە داوای هاریکاری لەژیری دەستکرد بکەن، بەڵام بەوجۆر و تەکنیکانەی کە ئەوان دەیڵێن، کەوابوو چات جی پی تی و مۆدێلەکانی تری ژیری دەستکرد لەوانەیە گۆڕانکاری تەواو لە سیستەمی پەروەردە بکەن! دەی فەرموون با ئێستا ئێمە ئەوە بەراورد بکەین لەگەڵ دونیایی زمانەوانی: ڕێنووس، خاڵبەندی. وەرگێڕان، نووسین، لێکۆڵینەوە هتد. چی گۆڕانکارییەک دروست دەبێت؟ هەنووکە، کار گەیشتۆتە ئەوەی تەنانەت گۆڤارە ئەکادیمییە بەنێو و دەنگەکانی جیهان و خودان ئیمپاکت فاکتەر، تاوەکو ڕێژەیەک بەکارهێنانی ژیری دەستکرد ڕێگە پێبدەن!

***کام جۆر زانیاری دەتوانین لەم ڕێگایەوە وەدەست بخەین؟**

-ئەگەر پێچەوانەکەی وەربگرین ئەوا وەڵامی پرسیارەکە ئاسانترە. هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا بەکارهێنان و تایبەتمەندیی و زانیاریەکانی گەلێ بێ ژمارن. بەڵام دەشێت بڵێین کۆمەڵێک شت هەن کە ناتوانێت ئەنجامیان بدات، بۆ نموونە تاوەکو هەنووکە، زۆر پەیوەست نییە بە زانیاریی هەواڵی نوێ، کەوابوو تۆ دەتوانێ بۆ هەواڵێک پتر پشت بە ئاژانسێکی سادەیی هەواڵ ببەستیت نەوەک مۆدێلێکی ژیری دەستکرد بە چات جی پی تییەوەش.

هەروەها لەوانەیە جۆریکی دیاریکراو زانیاری لەبارەی بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر پشتی پێ نەبەسترێت و تەنانەت خاوەنی زانیاری زۆر کەمیش بێت، ئەمەش هەروەکو لە پاشخانی دروستبوونی ژیری دەستکرد باسمان کرد تاوەکو ئێستاش ئەم کێشەیە

هەیە و زۆرێک لەوانە لەبوارێک زۆر ژیرترن تاوەکو بوارێکی تر. بەڵام دەبێت ئاماژەش بەوە بدەین بە بەردەوامی لە نوێکردنەوەن، نوێکردنەوەکەش زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم زۆر لەوە زیاترە کە ئێمە بۆی دەچین و بەڕاستی خەریکە بڵێین کە خێراییەکی خەیاڵییە! لەبواری سۆزداریدا، گەلێ قۆناغی بڕیون بەڵام هێشتا هیچ نییە بە بەراورد بە مرۆڤ! وەکو من و تۆ ڕەنگە نەتوانێت بێتە نێو کۆڵان و شەقامان و شوێنگەلی تر ئەزموون بکات و بە بەردەوامی فێرببێت. ئەمانەی گوتمان ئەو کارانەن کە ناتوانرێن پێی ئەنجام بدرێن، زۆری تریش کە ڕەنگە ئێستا لەبیرمان نەبێت، بەڵام سەبارەت بەوەی کە کام جۆر زانیاری دەتوانین لێیەوە دەست بخەین، ئەوا ئیتر هێند زۆر و زەبەندن کە ناتوانم ئاماژەیان پێبدەم.

***بۆ ئاخێوەرانی زمانی کوردی چۆن و تاچەند دەتوانن سوود لەم سیستەمە وەربگرن؟**

– ئاخێوەرانی زمانی کوردی (ئەگەر هیچ زمانێکی تر نەزانن) ئەوا کەمتر سوود لە چات جی پی تی وەردەگرن! چونکە تاوەکو ئێستا کە ئێمە قسەی تێدا دەکەین، کوردییەکەیی چات جی پی تی جێگای بەزەییە! بەڵام نازانین سبەی چی دەبێت! بەڵام لەجێتی ئەوە من دەتوانم ئاماژە بە مۆدێلەکانی تری ژیری دەستکرد بدەم کە کوردییەکەیان ڕەوانترە و بۆ ئاخێوەرانی زمانی کوردی زۆرچاکتر و گرنگتر و پڕ کەڵکترە. بۆ نموونە هەردوو مۆدێلی کلاودی و پۆی، زۆر ڕەوانتر لە هی چات جی پی تی بەکوردی زانیارییەکان دەردەبڕن.

ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەم دوو مۆدێلە لە چات جی پی تی ژیرترن! چوون ڕاددەی پێوانەی ژیری هەریەک لەوانە بەندە بە ژمارەی پارامیتەر، و چۆنیەتی کارکردنی ئەلگۆریتمەکان و ڕێکخستنیان.

هەروەها دەمەوێت ئاماژە بەو مۆدێلە بدەم کە ئێمە دروستمان کردووە بەناوی «زمانی کوردان» لەسەر سێرڤەری پۆیی و لەهەوڵداین بیکەین بە مۆدێلێکی سەربەخۆی ژیری دەستکردی کوردی. ئەم مۆدێلە دەتوانێت بە کوردییەکی پاراو و ڕەوان قسان بکات و زانیارییەکانی ببەخشێتەوە. تاوەکو هەنوکە خاوەنی ٥٠ ملیۆن کاراکتەرەو بە بەردەوامیش لە نوێبوونەوە دایە. دەشێت تۆ یان هەر یەکێکی تر کاری زمانەوانی چاکی پێبکەن، و لەهەریەک لەپرسەکانی ڕێنووس، خاڵبەندی، دروستنووسی، وەرگێڕان و بەرهەمهێنانی دەق و چەندەها کاری تر بەکاریبهێنن.

جێگر بەختیار

# ژیری دەستکرد هاوکارێکی باشی ئێمە دەبێت لە بەستانداردکردنی زمانی کوردی

***چۆن بتوانین سوود لە ژیری دەستکرد وەربگرین بۆ پرسی خاڵبەندی و ڕێنووسی کوردی؟**

-ژیری دەستکرد دەتوانێت خاڵبەندی بۆ هەر پەرەگرافێک بکات کە پێی دەدرێت، لە هەر زمانێک بێت. ئەمەش بە پێی ئەم ستانداردەی کە لە ڕێزمانی ئەو زمانە وەری دەگرێت. بۆ نموونە: ئازاد نامەکە دەنووسێت. لەم ڕستەی سەرەوە بکەر و بەرکار و کارەکە دیارە بەپێی ڕێزمانی کوردی، بۆیە کاتێک ژیری دەستکرد بەر ئەم ڕستەیە دەکەوێت ڕاستەوخۆ دەزانێت لە کوێ پێویستی بە خاڵە (.)، ئەو کات لە کۆتایی ڕستەکە خاڵێک دادەنێت، بۆ کۆما (،) و نیشانەکانی تریش بە هەمان شێوە. کاتێک دەبینێت ڕستەیەک بە وشەی پرس دەستی پێکردووە دەزانێت کە ئەمە ڕستەیەکی پرسیاری یە. بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت لە خاڵبەندی کردنی هەر نووسینێک کە پێی دەدرێت. بەڵام ئەمە بێ کەم و کوڕی و بێ کێشە نابێت، زۆر جار ڕوو دەدات شێوازی دەربڕینەکان ناڕوون بن، واتە کاتێک قسە دەکەم دیار نییە ئاخاوتنەکەم چۆن پۆلێن دەکرێت، بە تایبەتی لە دۆخی پرسیاری و سەرسووڕمانیدا. ئەم ڕستەیە (ئەم خانووە خۆشە) ئەگەر خوێنەرێکی ئاسایی گوێی لە تۆنی دەنگم نەبێت نازانێت ئاخۆ من دەمەوێت بپرسم کە، ئەم خانووە خۆشە؟ یان سەرسووڕمانی خۆم دەربڕم کە، ئەم خۆشە! هۆکارەکەش ئەوەیە ژیری دەستکرد لە ڕێگەی ئەو سیستەمە کار دەکات کە بۆی دیارکراوە، ناتوانێت هەست بە دۆخی دەربڕینە بکات.

جگە لەمە زۆر جار نووسەری داهێنەر پشت بە تێکشکاندنی زمان و خاڵبەندی دەبەستێت لەپێناو بەرهەمهێنانی نووسینێکی جوان و نوێ و شێوازێکی داهێنەران بەبێ ئەوەی زمان سەنگی خۆی لەدەست بدات، بۆیە ئەم جۆرە دەقانە لە ڕێی ژیری دەستکردەوە ناتوانرێت خاڵبەندی بۆ بکرێت. ئەگەر خاڵبەندیشی بۆ بکات، خاڵبەندییەکەی بە شێوەیەکی تێروتەسەل نابێت و حەقی خۆی بە نووسراوەکە نادات.

***ئایا دەکرێت ژیری دەستکرد هاوکارمان بێت بۆ بە ستاندارد کردنی زمانی کوردی؟**

-بەتایبەت لە بابەتی ڕێزمانی هاوکارێکی زۆر باشی ئێمە دەبێت لە بە ستاندارد کردنی زمانی کوردی، هەروەها لەبابەتی ڕێنووسی دەتوانرێت سوودی لێ ببینرێت، بەتایبەت لەو کێشانەی کە زۆر دووبارە دەبنەوە وەک: یەک (و) و دوو (وو)، یەک (ی) دوو (یی) چەند پرسێکی گرنگی تری ڕێنووسی. کاتێکیش ڕێنووسێکی پوخت و توندوتۆڵمان دەبێت، دەرفەتی زیاترمان دەبێت لە بەرەوپێشبردنی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی. یەک دوو هەوڵی لەم شێوەیەش هەبووە کە توانیویانە لە ڕێگەی ژیری دەستکرد دەرفەتێک بە نووسەران بدەن تا بتوانن هەڵچنی ڕێنووسی یان وشەیی بۆ نووسینەکانیان بکەن. بەڵام نابێت ئەومان بیر بچێت، ژیری دەستکرد بیرکارییانە کار دەکات و لەو سیستەمە دەرناچێت کە فێر کراوە، دەشێت هەندێک جار هەڵەی گەورە بکات.

تەکنیکارکانی پرۆگرامە جیهانییەکان، بە تایبەتتر ئەو پرۆگرامانەی زمانی سەرەکییان ئینگلیزییە، هەوڵیان داوە بەپێی ستانداردەکەی زمانی ئینگلیزی هەڵچنی بۆ بەکارهێنەران بکەن، بە نموونە بەرنامەی وۆرد کە دروستکراوی کۆمپانیایی مایکرۆسۆفتە، هەڵەچنی ڕاستەوخۆ بۆ وشەکان دەکات، پێشنیازی وشە ڕاستەکە بە بەکارهێنەر دەدات لە کاتی هەبوونی هەڵەی ڕێنووسی، ئەمە بەبێ بەکار هێنانی ژیری دەستکرد، جا ئەگەر ئێمە بە ژیری دەستکرد هەنگاو بنێین بۆ ڕێنووسێکی پاک و زمانێکی ستاندارد چ کارێک لەمە باشتر دەبێت؟

***تا چەند نووسەران توانیویانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک فێرگەیەک بۆ باشترکردنی ڕێنووسی کوردی بەکار بهێنن؟**

-تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتێکی باشیان بە نووسەرانی کورد دا، تاکوو نزیکتر ببنەوە لە خوێنەران و خێراتر نووسینەکانیان بگەیەنە بەردەستی خوێنەر، جگە

لەمە بیرۆکە و تێڕوانینەکانی خۆیان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەیەننە دەستی خوێنەر. لە پرسی زمان و تایبەتتریش ڕێنووسی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو، ئەگەر بیرمان بێت لە ساڵانی دوو هەزار و دە کاتێک تازە (فەیسبووک) لە ناو کورددا کاری پێ دەکرا، بەکارهێنەران ڕێنووسی لاتینی (لاتینییەکی خراپ) و ڕێنووسی عەرەبیان بەکار دەهێنا. بەڵام ئێستا خۆشبەختانە ڕێنووسێکی کوردی باش بەکار دێت، سەرەڕای هەبوونی تێبینیش لە سەر بەشێکی کەمی بەکارهێنەران.

لەو ماوەیەی کۆتایی کە نووسەرانی کورد لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر چالاک بوون و شیعر و وتار و چیرۆکەکانیان بڵاو دەکردەوە، پابەند دەبوون بە ڕێنووسی کوردی، ئەمەش وای کردووە ناڕاستەوخۆ وەک فێرگەیەک بێت بۆ خوێنەران و لە کاتی داڕشتنی بابەتەکانی خۆیان پشت بەو ڕێنووسە کوردییە ببەستن. بەکارهێنرانیش دەزانن ئەگەر نووسراوەکانیان بە ڕێنووسێکی دروست نەبێت، پەیامەکانیان ناگاتە جێ، بگرە تووشی تانە و تەشەریش دەبن. ئەگەر چی زۆر جاران لەسەر ئاستی میدیای بەناوبانگەکانی کوردی هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی گەورە دەکرێت، بەڵام هەر زوو نووسەران لێی وە جواب دێن، ئەمەش خۆی دەبێتە فێرگەیەک بۆ بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هۆشیاربوونەوەی لە ڕووی زمانییەوە.

***ئایا دەکرێت بە بەردەوامی پشت بە ژیری دەستکرد ببەستین، بەتایبەت بۆ بابەتی زمان و ڕێنووس؟**

-ئەوەی کە ئاخۆ دەکرێت بەبەردەوامی سوود لە ژیری دەستکرد وەربگرین بۆ بابەتی زمانی و ڕێنووسی، دەکەوێتە سەر بەکارهێنەرەکە. دەکرێت بەردەوامی سوود لە ژیری دەستکرد وەربگیرێت بەڵام بە مەرجێک وەک ڕاوێژکارێک سوودی لێوەرگرین، نەک بە شێوەیەک بمانەوێت خۆمان بەرەو پێش نەبەین و ئەرکی فێربوونی خۆمان بخەینە لاوە و کارەکانمان بە ژیری دەستکرد ڕایی بکەین. ئەمە مەترسییە بۆ ئایندەمان و کار دەکاتە سەر بەرەوپێشچوونمان، بە شێوەیەک کە ژیری دەستکردەکەمان لێ بستێنن نەتوانین دوو ڕستەی دروست بنووسین. وە هەروەها گڕی و تەوژمی داهێنان لە ناخماندا دەکوژێنێتەوە، نووسەری داهێنەرمان نابێت. بەڵام وەک گووتم ئەگەر تەنیا وەک ڕاوێژکارێک بەکار بهێنرێت بۆ دڵنیابوونەوە و زیاتر بەرەو پێشەوە بردنی نووسینەکان، ئەوا سوودێکی باشی دەبێت.

***جیاوازی نێوان سیستەمی ناسینەوەی (ئاخاوتن و دەنگ) چییە؟**

-هەردووکیان بەشێکن لە پرۆسێس کردنی دەنگ، بەڵام هەر یەکەیان بە مەبەستێکی دیاری کراو بەکار دێن.

دەنگ بریتییە لە دەنگی ئافرەت و پیاو، دەنگی ئاژەڵ و مرۆڤ، دەنگی سروشتی و دەنگی ناسروشتی، دەنگی مۆسیقا و دەنگی قسەکردن. ئێمە لەڕێگەی دەنگەوە دەتوانین پۆلێنی بکەین کە ئەمە دەنگی چییە. بەڵام ئاخاوتن، هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی قسەکەر بکات، گوێگر دەتوانێت بە هۆی جۆری ئاخاوتنی من بزانێت ئایا من تووڕەم یان لە دۆخێکی ئاسایی دام، دڵشادم یان غەمگینم.

# ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە پاراستن، پەرەپێدان و گەشەپێدانی زمانی کوردی

## دەرفەتەکان و ئاستەنگەکان

دیاکۆ هاشمی

### ١. پێشەکی

زمانی کوردی، وەک زمانی نەتەوەیەک بە مێژوویەکی کۆن و فەرهەنگێکی دەوڵەمەند، لە ساڵانی دواییدا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم زمانە کە بەهۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ناوچەکە، ڕووبەڕووی سنووردارکردن و ئاستەنگیی زۆر بووەتەوە، ئێستا بووەتە زمانێکی چالاک و لە گەشەسەندندایە. ژیریی دەستکرد (AI) دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی لە پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردیدا بگێڕێت. ئەم وتارە باس لەوە دەکات کە چۆن ژیریی دەستکرد دەتوانێت یارمەتیی گەشەپێدان و پاراستنی زمانی کوردی بدات و هەروەها ئاستەنگ و دەرفەتەکانی بەردەم ئەم بوارە شی دەکاتەوە.

### ٢. بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد بۆ پرسی خاڵبەندی و ڕێنووس

ژیریی دەستکرد دەتوانێت بە بەکارهێنانی ئەلگۆریتمەکانی فێربوونی ئامێر و پرۆسێسکردنی زمانی سروشتی، یارمەتیی باشترکردنی خاڵبەندی و ڕێنووسی زمانی کوردی بدات. بۆ نموونە، ئامرازەکانی وەک Grammarly کە هەڵەی ڕێنووسی و نووسین پشکنین دەکەن، دەتوانن یارمەتیی نووسەرانی کورد بدەن و هەڵە ڕێنووسییەکان بناسنەوە و دەستنیشانیان بکەن. ئەم سیستەمانە دەتوانن بە تێپەڕبوونی کات بە بەکارهێنانی دراوە (data)ی زمانیی فراوان باشتر بکرێن.

دەکرێت بۆ باشترکردنی ڕەوتەکە، فەرهەنگێکی ئەلیکترۆنی کە لەسەر بنەمای ژیریی دەستکرد کار بکات و هەموو وشەکانی یەکدەست و یەکڕێنووس بن، دروست بکرێت کە بتوانێت وشە و دەستەواژە ڕاستەکان پێشنیار بکات. بۆ نموونە فەرهەنگێکی دیجیتاڵی لە چەشنی ڤەژینلێکس دەتوانێت بنەمای باش بێت بۆ ئەو مەبەستە.

دروستکردنی پرۆگرامی فێرکاری کە بە شێوەیەکی ئینتەراکتیڤ لە فێربوونی ڕێنووس و خاڵبەندیدا یارمەتیی خوێندکاران بدات هەنگاوێکی گرنگی دیکە دەبێت. هاوکاری لەگەڵ زمانەوانان و پسپۆڕانی بواری ئایتی لەبیر نەکرێت تا بەم جۆرە بە یارمەتیی ژیریی دەستکرد و هەوڵ و هاوکاریی دوولایەنە کێشەی ڕێنووس و خاڵبەندی بۆ هەمیشە چارەسەر بکرێت.

### ٣. ژیریی دەستکرد و ستانداردکردنی زمانی کوردی

ژیریی دەستکرد دەتوانێت بە شیکردنەوەی دراوەی زمانی و دروستکردنی مۆدێلی زمانی بۆ ناسینەوەی نەخش و پێکهاتە هاوبەشەکان لە زار و شێوەزارە جیاوازەکاندا، یارمەتیی ستانداردکردنی زمانی کوردی بدات. بۆ نموونە، توێژەران دەتوانن بۆ ناسینەوە و پۆلێنکردنی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی شێوەزارەکان، ئەلگۆریتمەکانی فێربوونی قووڵ بەکار بهێنن و بەم شێوەیە یارمەتیی داڕشتنی سیستەمێکی نووسینی یەکگرتوو بدەن.

هەڵبەت ئەمە واتای ئەوە نییە کە لە کۆی زارە کوردییەکان زارێکی نوێی هاوبەش وەک زمانی ستاندارد دروست دەبێت، چونکە زمان هەرگیز لە کارگەیەکدا بەدی نایەت. بە کردەوەش، دروستکردنی زارێکی هاوبەشی نوێ لە هەموو زارەکان، تا ڕادەیەکی زۆر دەستکرد دەردەکەوێت و ڕەسەنایەتی و ناسنامەی زمانەوانیی زارە جیاوازەکان لەدەست دەدات.

ڕێگەدان بە گەشەکردنی هەر زارێک بەپێی پێکهاتە و ڕێساکانی خۆی و بەکارهێنانی وشەکانی زاری دیکە لە کاتی پێویستدا ڕێگایەکە کە دەتوانێت ڕێز لە دەوڵەمەندیی زمانی کوردی بگرێت و پشتگیری لە یەکپارچەییەکەی بکات بەبێ ئەوەی دەستکاریی بناغەی پێکهاتەییی زارەکان بکات.

### ٤. ناسینەوەی زار و شێوەزارەکان

زمانی کوردی بە زار و شێوەزارە جۆراوجۆرەکانیەوە، نیشاندەری مێژوو و فەرهەنگی دەوڵەمەندی نەتەوەی کوردە. ژیریی دەستکرد بە بەکارهێنانی مۆدێلەکانی فێربوونی قووڵ دەتوانێت زار و شێوەزارە جیاوازەکان بناسێتەوە، هاوبەشی و جیاوازیی ڕێزمانییان دەستنیشانیان بکات و تایبەتمەندییە تایبەتەکانیان شی بکاتەوە. کەوا بێت سیستەمێکی ژیریی دەستکرد دەتوانێت زارە جیاوازە کوردییەکان بناسێتەوە و لە ڕەوتی وەرگێڕان یان پرۆسێسکردنی دەق، سەرنج بداتە ئەو جیاوازییانە.

### ٥. کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕێنووسی کوردی

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە پلاتفۆرمێکی گرنگ بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و فەرهەنگ. نووسەران و چالاکوانانی فەرهەنگی، دەتوانن ئەم پلاتفۆرمانە بۆ پەرەپێدانی

زمان و فەرهەنگی کوردی بەکار بهێنن. بۆ نموونە، بەکارهێنانی هاشتاگ و ئالینگاریی ڕێنووسی، لە تویتەر یان ئینستاگرام دەتوانێت یارمەتیی زیادکردنی هۆشیاریی گشتی سەبارەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی بدات. بە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی پێوەندیدار و هاوبەشکردنی بە شێوەی سەرهێڵ، دەتوانرێت یارمەتیی باشترکردنی ڕێنووسی کوردی بدرێت.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەیان فێرگەی زمانی کوردی بۆ ڕێنووس، ڕێزمان، ڕەچەڵەکناسیی وشەی کوردی، زمانەوانی و هتد کراونەتەوە و بە هەزاران کەس ئەندامیان هەیە. دەیان و سەدان شارەزا بەخۆڕایی زانیاری پێشکەش دەکەن. باشترین ڕێنووسی کوردی بەردەوام دەخرێتە بەرچاوی خەڵک و خەڵکێکی زۆر زۆر بیر لەوە دەکەنەوە کە لە ڕێنووسدا وردبین بن و ڕێنووسێکی یەکدەست ڕەچاو بکەن.

### ٦. پشتبەستن بە ژیریی دەستکرد

پشتبەستنی تەواو بە ژیریی دەستکرد پێشنیار ناکرێت، بەڵام دەکرێت وەک ئامرازێکی کاریگەر لە پاڵ شێوازە نەریتییەکانی فێربوونی زمان و وەرگێڕان بەکار بهێنرێت. بۆ نموونە، توێژینەوەیەک پیشانی داوە کە تێکەڵکردنی فێربوونی زمان بە بەکارهێنانی سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد و مامۆستایانی مرۆڤی، دەتوانێت خێراییی فێربوون ٣٠٪ باشتر بکات.هاوکات کە ژیریی دەستکرد یارمەتیدەرێکی باشە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە دەتوانێت تووشی هەڵەی زەق و گەورە ببێت.

ژیریی دەستکرد هەڵسوکەوتێکی زۆر باشی هەیە، هەڵەیەکی ڕاست بکەیتەوە، هەرگیز هەڵناچێت و بە سوپاسەوە زانیارییەکەت لەو کاتەدا وەردەگرێت و خۆی پێ ڕاست دەکاتەوە. دیمۆکراسی ڕەچاو دەکات و سووکایەتی بە هیچ بیروبۆچوونێک ناکات.

لایەنگری لە هیچ ئایینێک ناکات و دژی هیچ ئایینێکیش ناوەستێتەوە. ڕێز لە هەموو زمانێک دەگرێت و بەربەست لەڕێی هیچ زمانێک دانانێت. بەردەوام خەریکی فێربوونی زانیاری و زمانی نوێیە.

هەندێک لە ژیرییە دەستکردەکان زمانی کوردی زۆر باش فێر نەبوون و هەندێکیشیان زۆر زۆر بەباشی کوردی دەزانن و وەک هاوڕێیەک یان مامۆستایەک دەتوانی سوودی زۆریان لێ ببینیت.

### ٧. جیاوازیی نێوان وەرگێڕانەکانی ژیریی دەستکرد و مرۆڤی

جیاوازی لەنێوان چۆنێتیی وەرگێڕانی مرۆڤی و ژیریی دەستکرد، یەکێک لە ئاستەنگە گرنگەکانی ئەم بوارەیە. بۆ نموونە، وەرگێڕانەکانی ژیریی دەستکرد، لەوانەیە بە هۆی نەبوونی تێگەیشتنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، هەڵە لە هەڵبژاردنی وشەکانیاندا هەبێت. بە پێچەوانەوە، وەرگێڕانی مرۆڤی لەوانەیە گرنگیی زیاتر بە وردەکارییەکان و فەرهەنگی پەیوەندیدار بدات.

وەرگێڕانەکانی ژیریی دەستکرد زۆر جار لە بەکارهێنانی دەستەواژە و ڕستەسازیدا یەکدەستن، بەڵام وەرگێڕانی مرۆڤی زیاتر شێوازی نووسین و دەربڕین دەگۆڕێت و زیاتر خۆماڵییە. لە وەرگێڕانی ژیریی دەستکرددا هەموو شتێک وەردەگێڕدرێتەوە، لە وەرگێڕانی مرۆڤیدا ڕەنگە هەندێک شت بە مەبەست یان لەبەر هەر هۆیەک بقرتێنرێت و دەستکاری بکرێت، ڕەنگیشە ڕستەکە بە شێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە. مرۆڤەکان جیاوازن، هەندێکیان زمانی سەرچاوە باش دەزانن و هەندێکیان زمانی مەبەست و هەندێکیشیان لە هەر دوو لا شارەزان.

با لێرە بەراوردێک بکەین لە وەرگێڕانی یەکێک لە چیرۆکەکانی ئیزۆپ لە ئینگیزییەوە، بە وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد و یەکێک لە گەورەترین وەرگێڕەکانی کورد، عەزیز گەردی:

Aesop›s Fables

by Aesop

“The Man and the Lion”

A MAN and a Lion traveled together through the forest. They soon began to boast of their respective superiority to each other in strength and prowess. As they were disputing, they passed a statue carved in stone, which represented “a Lion strangled by a Man.” The traveler pointed to it and said: “See there! How strong we are, and how we prevail over even the king of beasts.” The Lion replied: “This statue was made by one of you men. If we Lions knew how to erect statues, you would see the Man placed under the paw of the Lion.”

One story is good, till another is told.

**وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، عەزیز گەردی:**

**مرۆڤ و شێر**

جارێکیان شێر و مرۆڤ پێکەوە چوونە سەفەر. هەرکەسە لافی لێ دەدا و خۆی هەڵدەکێشا. بەردێک لە دەم ڕێگا بوو وێنەی مرۆڤێکی لەسەر کرابوو دەستی لە خنخنۆکی شێرێک نابوو. کابرا پەنجەی بۆ وێنەکە درێژ کرد و بە شێری گوت: « تەماشا کە ئێمەی بنیادەم چەندە لە ئێوە بەهێزترین!». شێر زەردەی هاتێ و گوتی: «ئەگەر شێر وێنەکێش بوونایە دەتدی هەر شێرەو سواری ملی بنیادەم بووە.»

* زۆر کەس کە لافی نەبەردی و دلێری لێ دەدەن بە تاقیکردنەوەی سەخت فش دەبنەوە.

**وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد:**

**پیاو و شێر**

پیاوێک و شێرێک پێکەوە بە ناو دارستانەکەدا سەفەریان دەکرد. زوو دەستیان کرد بە شانازیکردن بە هێز و توانای خۆیان بەسەر یەکتردا. کاتێک لەم باسەدا بوون، تێپەڕین بە لای پەیکەرێکی بەردین کە وێنەی «پیاوێکی نیشان دەدا شێرێکی خنکاندبوو.» ڕێبوارەکە ئاماژەی پێکرد و وتی: «سەیر بکە! ئێمە چەند بەهێزین و تەنانەت بەسەر پاشای گیاندارانیشدا زاڵ دەبین.»

شێرەکە وەڵامی دایەوە: «ئەم پەیکەرە یەکێک لە ئێوەی مرۆڤ دروستی کردووە. ئەگەر ئێمەی شێر زانیبامان چۆن پەیکەر دروست دەکرێت، ئەوا دەتبینی کە پیاوەکە لەژێر پەنجەی شێرەکەدا دەبوو.»

* **چیرۆکێک باشە، تا چیرۆکێکی تر دەگێڕدرێتەوە.**

وەک دەبینن کە پەندەکەی دوادێڕ لەلای عەزیز گەردی بووە بە پەندێکی کوردی، لە وەرگێڕانی ژیرییە دەستکردەکە وشە بە وشە وەرگێڕدراوە.

کاتێک لە ژیرییە دەستکردەکە پرسیارم کرد کە مەبەست لەمە چییە: چیرۆکێک باشە، تا چیرۆکێکی تر دەگێڕدرێتەوە؟

ژیرییە دەستکردەکە یەکسەر ئەم وەڵامەی دامەوە:

ئەمە پەندێکی زۆر جوان و پڕ واتایە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە چیرۆکی پیاو و شێرەکەوە هەیە. هەر وەک چۆن لەو چیرۆکەدا هەر لایەنە و بۆچوونی خۆی هەبوو، ئەم پەندەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەمیشە زیاتر لە یەک ڕوانگە و یەک لایەنی چیرۆکەکان هەن.

هەر بۆیە پێویستە گوێ لە هەموو لایەنەکان بگرین پێش ئەوەی بڕیار بدەین، چونکە ڕاستییەکان دەکرێت جیاواز بن لەوەی کە یەکەم جار بیستوومانە.

ژیرییە دەستکردەکە لە کۆتاییدا ئەمەشی زیاد کرد کە ئەم پەندە لە کولتووری کوردییشدا هاوتای هەیە کە دەڵێت: «هەموو مەسەلەیەک دوو دیوی هەیە.»

ئەو نموونەیە، نموونەیەکی باشە بۆ بەراوردکردنی وەرگێڕانی مرۆڤی و وەرگێڕانی ژیریی دەستکرد. بێگومان خۆتان دەتوانن پێکەوە بەراوردیان بکەن و زیاتر لێی ورد بنەوە.

**٨. بەکارهێنانی دروستی ژیریی دەستکرد لە ڕەوتی وەرگێڕان**

ژیریی دەستکرد دەتوانێت بەتایبەتی لە پرۆسەی وەرگێڕان و وەرگێڕانی پێچەوانەدا کاریگەر بێت. بە بەکارهێنانی سیستەمەکانی فێربوونی قووڵ، دەتوانرێت وردیی زیاتر لە وەرگێڕاندا بەدەست بهێنرێت. بۆ نموونە، بەکارهێنانی سیستەمەکانی فێربوونی ئامێر بۆ باشترکردنی چۆنێتیی وەرگێڕانی دەقی نێوان کوردی و زمانەکانی تر، دەتوانێت یارمەتیی تێگەیشتنی باشتری دەق بدات.

**٩. جیاوازیی نێوان سیستەمەکانی ناسینەوەی ئاخاوتن و دەنگ**

جیاوازییەکانی نێوان سیستەمەکانی ناسینەوەی ئاخاوتن و دەنگ دەتوانێت کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و بەکارهێنانیان هەبێت. سیستەمەکانی ناسینەوەی ئاخاوتن بۆ دەستنیشانکردن و گۆڕینی وشە و ڕستە ئاخاوتنییەکان بۆ دەق بەکار دێن، لە کاتێکدا سیستەمەکانی ناسینەوەی دەنگ بەگشتی پێوەندییان بە ناسینەوە و شیکردنەوەی دەنگەکان و تایبەتمەندییە دەنگییەکانەوە هەیە. بۆ نموونە، سیستەمەکانی ناسینەوەی ئاخاوتن دەتوانرێت لە ئەپڵیکەیشنەکانی وەرگێڕانی هاوکاتدا وەک Google Translate بەکار بهێنرێن.

**١٠. بەکارهێنانی سیستەمەکانی ناسینەوەی ئاخاوتن و دەنگ بۆ کوردی**

بە دروستکردن و باشترکردنی سیستەمەکانی ناسینەوەی ئاخاوتن و دەنگ بۆ زمانی کوردی، دەتوانرێت یارمەتیی باشترکردنی پرۆسەکانی فێربوونی زمان و دروستکردنی ئەزموونی کارلێککردن لە بواری فێربوونی زماندا بدرێت. بۆ نموونە،

سیستەمەکانی ناسینەوەی ئاخاوتن دەتوانرێت بۆ یارمەتیدانی بەکارهێنەران لە فێربوونی دەربڕینی دروستی وشە کوردییەکان لە ئەپلیکەیشنە فێرکارییەکاندا بەکار بهێنرێن.

**١١. سوود و زیانەکانی سیستەمەکانی ناسینەوەی ئاخاوتن و دەنگ**

سوودەکانی ئەم سیستەمانە بریتین لە خێرایی و وردی لە پرۆسێسکردنی دراوە، ئاسانی لە بەکارهێنان و توانای کارلێککردن لەگەڵ سیستەمە زیرەکەکان. زیانەکان بریتین لە سنوورداری لە ناسینەوەی زارەکان و جۆراوجۆرییە زمانییەکان و پێویستی بە دراوەی فێرکاریی زۆر. بۆ نموونە، لە زمانی کوردیدا، لەوانەیە هەندێک لە زارەکان و شێوەزارەکان بە دروستی لەلایەن ئەم سیستەمانەوە نەناسرێنەوە.

**١٢. تایبەتمەندییەکانی ChatGPT و بەکارهێنانەکانی**

ChatGPT وەک سیستەمێکی ژیریی دەستکرد بە توانای زۆرەوە دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردیدا بگێڕێت. ئەم سیستەمە توانای بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک، وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و ئەنجامدانی وتووێژی سروشتیی هەیە. کوردزمانەکان دەتوانن بە بەکارهێنانی ChatGPT بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک، فێربوونی زمان و ئەنجامدانی ڕاهێنانی کارلێکی سوود وەربگرن. بۆ نموونە، بەکارهێنەران دەتوانن بە ئاسانی داوا لە ChatGPT بکەن دەقێک بۆ کوردی وەربگێڕێت یان وشەی نوێیان فێر بکات. هەرچەندە چەت جی پی تی ئێستە لەم دۆخەدا هێشتا لە زمانی کوردی، وەک زمانەکانی تر شارەزا نییە. بەڵام ئەمیش بە تێپەڕینی کات و پێدانی دراوەی نوێتر باشتر و باشتر دەبێت.

**١٣. هەڵسەنگاندنی نموونەکان**

گەلێک پڕۆژەی سەرکەوتوو هەن کە لەوێدا ژیریی دەستکرد توانیویەتی کار بۆ پاراستن و پێشخستنی زمانە کەمینەکان بکات. بۆ نموونە پڕۆژەی زمانە خۆجێییەکانی ئەمریکا. هەروەها پڕۆژە هاوشێوەکان لە زمانەکانی تورکی و عەرەبیدا دەریانخستووە کە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد دەتوانێت لە بنیاتنانەوە و پەرەپێدانی ئەو زمانانە یارمەتیدەر بێت. هاوشێوەی ئەم پڕۆژانە، دەتوانرێت بۆ زمانی کوردییش جێبەجێ بکرێت.

**١٤. ئامار و دراوە (data)**

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە بەکارهێنانی سیستمی ژیریی دەستکرد لە پرۆسەی فێربوونی زماندا دەتوانێت کاتی فێربوون بەرێژەی ٤٠٪ کەم بکاتەوە و وردبینیی وەرگێران بەرێژەی ٢٥٪ زیاد بکات. بۆ نموونە توێژینەوەیەک دەری خستووە کە بەکارهێنانی ئەپەکانی فێربوونی زمان دەتوانێت یارمەتیت بدات باشتر فێری وشەسازیی نوێ ببیت.

**١٥. پێشنیارەکانی داهاتوو**

بۆ ئەوەی باشتر سوود لە ژیریی دەستکرد لە زمانی کوردیدا وەربگیرێت، پێشنیار دەکرێت بە هاوکاریی زانکۆ و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان بەرنامەی پەروەردەیی و توێژینەوە دروست بکرێت. هەروەها پەرەپێدانی نەرمەکاڵا و ئەپڵیکەیشنی تایبەت بۆ فێربوونی زمانی کوردی دەتوانێت بۆ خێراکردنی ئەم پرۆسەیە یارمەتیدەر بێت. هەروەها دروستکردنی کۆنفرانس و وۆرکشۆپی ڕاهێنان بۆ بەکارهێنەران و گەشەپێدەران، بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکان و باشترکردنی سیستەمەکانی ئێستا، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت.

**١٦. بۆچوونی پسپۆڕان**

لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە دەریان خستووە کە زۆرێک لە زمانناسان پێیان وایە کە دەتوانرێت ژیریی دەستکرد وەک ئامرازێکی تەواوکەر لە پاراستن و پێشخستنی زمانە گەشەسەندووەکاندا بەکار بهێنرێت. ئەم سەرنجانە بەڕوونی توانای بەرزی ژیریی دەستکرد لەم بوارەدا نیشان دەدەن.

**١٧. ڕووبڕکێی تەکنیکی**

یەکێک لە ڕووبڕکێکان (challenges)ی جێبەجێکردنی ژیریی دەستکرد لە زمانی کوردیدا سنووردارکردنی دراوەکانی ڕاهێنان و هەروەها جۆراوجۆریی زار و شێوەزارەکانە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم ڕووبڕکێیانە، پێویستی بە کۆکردنەوەی دراوەی گەورە و هەمەچەشن لە زمانی کوردییەوە هەیە. بۆ نموونە پێویستە دراوەی وتار لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کۆ بکرێتەوە.

## ١٨. ئەنجام

لە کۆتاییدا، ژیریی دەستکرد دەتوانێت وەک ئامرازێک لە پاراستن و فراوانکردنی زمانی کوردیدا کاریگەر بێت. بە ناسینەوە و شیکردنەوەی شێوازەکانی زمان، دروستکردنی سیستەمی ڕاهێنان و بەهێزکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ باشترکردنی دۆخی زمانی کوردی و گەشەکردنی. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و گرنگیدان بە ڕووبڕکێکان و دەرفەتەکانی ئێستا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ گەشەپێدانی بەردەوام و کاریگەرانەی ئەم زمانە. بەڵام ئەمە پێویستی بە هاوکاریی نێوان توێژەران و حکوومەتەکان و کۆمەڵگەی زمانەوانی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین توانای ژیریی دەستکرد بقۆزینەوە و زمانی کوردی بگەیەنینە ئەو شوێنەی کە شایەنیەتی.

### سەرچاوەکان


١. چیرۆکەکانی ئیزۆپ یان لەناو گیانداراندا، عەزیز گەردی لە ئینگلزییەوە کردوویە بە کوردی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٢.

٢. ژیریی دەستکرد.

٣. Google Scholar (https://scholar.google.com)

گەڕانی زانستیی گووگڵ بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان لە بواری فێربوونی زمان و بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد، کە لەوێ دەتوانیت دەستت بگات بە توێژینەوە و خوێندنەوەی باوەڕپێکراو.

٤. ResearchGate (https://www.researchgate.net)

تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی زانستییە کە توێژەران توێژینەوەکانی خۆیان تێدا بڵاو دەکەنەوە. دەتوانیت لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بە فێربوونی زمان و ژیریی دەستکرد لەوێ بدۆزیتەوە.

٥. Duolingo Research (https://research.duolingo.com)

ئەم ماڵپەڕە گرێدراوە بە ئەپڵیکەیشنی دوولینگۆ کە توێژینەوە ئەنجامدراوەکان لە بواری فێربوونی زمان بە بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنە و کاریگەرییەکانی لەسەر فێربوون بڵاو دەکاتەوە.

٦. OpenAI Research (https://openai.com/research)

ماڵپەڕی ئۆپن ئەی ئای (OpenAI) کە زانیارییەکان لەبارەی ئەو توێژینەوانەی کە لە بواری بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە وەرگێڕان و چارەسەرکردنی زمانی سروشتیدا ئەنجام دراون، پێشکەش دەکات.

د.ئاران ئەمینی:

# ستانداردکردنی زمان بەر لەوەی پرسێکی تەکنۆلۆژیك بێت، پرسێکی مرۆڤناسانەیە

*** بۆ پرسی خاڵبەندی و ڕێنووسی کوردی چۆن بتوانین سوود لە ژیری دەستکرد وەربگرین ؟**

- ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنوس و خاڵبەندی و ڕێزمان یەکێک لەو کەڵکانەی ژیریی دەستکردە کە زۆر لەمێژە بۆ زمانە جیاجیاکان ئیشی لەسەر دەکرێت. ئەو بابەتە بۆ زمانەکانی سەرچاوەیان زۆرە بە تەواوەتی یان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا چارەسەر بووە. تاکوو چەند ساڵ لەمەوبەر، زۆربەی ئەو تەکنۆلۆژییانەی بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ڕێنووس و خاڵبەندی کەڵکیان لێ وەردەگیرا، شتێکی سادە بوون و تواناییشیان سنووردار بوو. بەڵام لە سێ چوار ساڵی ڕابردوو و بە پەرەسەندنی مۆدێلە زمانییە گەورەکان، زمانانی خاوەن سەرچاوە کێشەی ڕێنووس و خاڵبەندییان بەو شێوەیە نەماوە.

ئەگەر بۆ زمانی کوردی هێشتا زۆر سەرکەوتوو نەبووین لەبەر کەمیی سەرچاوەکانی زمانە. هەرچەند بەشێک لەو مۆدێلانە بۆ ڕاستکردنەوەی خاڵبەندی کوردیی ناوەندیش باشن. مۆدێلی Claude یەکێک لەو مۆدێلە زمانییانەیە کە تا ڕادەیەکی باش هەڵەکانی خاڵبەندی و زۆر جاران ڕێنووسیش بۆ کوردی ناوەندی ڕاست دەکاتەوە. جگە لەوە، هەر دەقێک کە بە ژیریی دەستکرد بەرهەم دێت، جا ئەو دەقە چ بە سیستمی ناسینەوەی ئاخاوتن بێت یان بە وەرگێڕانی ماشین بێت، ئەوا ڕێژەی هەڵەی ڕێنووسی زۆر کەم دەبێت.

***ئایا دەکرێت ژیری دەستکرد هاوکارمان بێت بۆ بە ستاندارد کردنی زمانی کوردی؟**

- ستانداردکردنی زمان بەر لەوەی پرسێکی تەکنۆلۆژیک بێت، پرسێکی مرۆڤناسانەیە. مەبەستمان لە زمانی ستاندارد کام زمان و کام زارە؟ پێمان خۆش بێت یان نا، زمانی کوردی بە چەند ستانداردەوە یان لایکەمی بە دوو ستانداردی کوردیی ناوەندی و کوردیی ژووروووەوە هەیە و هەرکام لەو دووانەش خەریکن گەشە دەکەن و بەرەوپێش دەچن. ئەگەر لە ئاستی هەموو زمانی کوردی دابەزین و بێینە سەر ئاستی یەکێک لە زارە سەرەکییەکان وەک کوردیی ناوەندی، بە دڵنیاییەوە ژیریی دەستکرد بۆ ستانداردسازی زۆر یامەتیدەر دەبێت. بەشێک لەو سیستمانەش کە لەو ستانداردسازییەدا دەتوانن یارمەتیدەر بن بریتین لە: هەڵەگری ڕێنووس، هەڵەگری ڕێزمان و سەرجەم سیستمەکانی ژیریی دەستکرد کە دەتوانن دەق بەرهەم بهێنن. ئەگەر جارێکی تر، دیمەنە گەورەکە ببینین و هەموو زمانی کوردی لەبەر چاو بگرین، دیسان دەتوانین کەڵک لە ژیریی دەستکرد وەربگرین بۆ ئەوەی هەموو کورد لە یەک نزیک بکەینەوە. بۆ وێنە دەکرێت لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان بە هەر کام لە زارەکانی کوردی قسە بکەیت و بژاردەیەکی ژێرنووست بێت، ئەو ژێرنووسە دەکرێت بە خودی ئەو زارە بێت یان خود بە زارەکانی تر بێت. هەروەها دەکرێت وەرگێڕانی ئۆتۆماتیک لەنێوان زارەکان بۆ دەنگ و دەق بێت و پەیوەندیی نێوان هەموو کورد زۆر کاراتر و خێراتر بێت. ئەمەش وا دەکات پاش تێگەیشتنی هاوبەش لە پێواژۆیەکدا بەرەو تێکەڵبوونی زیاتری کورد و زمانەکەی بچین.

**زمانی کوردی دەوڵەمەندە بە زار و بنزارەکانی، ئاخۆ ژیری دەستکرد دەتوانێت بە شێوەیکی درووست یەکێ لەم زارانە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە دەستنیشان بکات بۆ بە ستاندارد بوونی زمانی کوردی؟**

ئەوە ئیشی ژیریی دەستکرد نییە، ئەوە ئیشی کوردە. ئیشی میدیای کوردی، پەروەردەی باشووری کوردستان، ئەکادیمیای زمانی کوردی لە باشوور، ڕێکخراوەکانی تایبەت بە زمانی کوردی لە باکوور و ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتە کە تاوتوێی ئەو بابەتە بکەن نەک ژیریی دەستکرد.

**تا چەند نووسەران و رۆشنبیران توانیویانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک فێرگەیەک بۆ باشترکردنی ڕێنووسی کوردی بەکار بهێنن؟**

پێم وایە گرینگە کە ئەو پرسیارە بکرێتە بابەتی توێژینەوەیەکی نێوان-بواری و بەرفراوانتر لە ڕۆشنبیر و نووسەر سەیر بکرێت و هەموو کوردینووس و کوردیئاخێوەکان لەبەر چاو بگیرێن. واتە کەسێک کە کاری ڕێنووس و زمانی کوردی دەکات لەگەڵ کەسێک کە کاری ئەندازیاریی کۆمپیوتەر دەکات شرۆڤەی داتاکانی سەر وێب و بە تایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا بکەن. ئەوەندەی من تێبینیم کردووە، لە زۆر ڕووەوە کوردینووسین لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باشتر بووە. زۆربەی کۆمپانیاکان بە زیادکردنی تەختەکلیلی ستاندارد جێگرەوەیان بۆ تەختەکلیلە کۆنە نایونیکۆد و ناستانداردەکان دابین کردووە، ئەوەش کاریگەریی زۆری لەسەر باشتربوونی کوالیتیی نووسراوەی کوردی داناوە. هەروەها ئەگەر مێژووی ستانداردکردنی کوردیی ناوەندی سەیر بکەین، خۆشبەختانە بەرەو نزیکبوونەوەی زیاتر چووین و بەشێکی بەرچاو لە خاڵە ڕێنووسییەکان یەکلا کراونەتەوە و لەبەر چاو دەگیرێن، ئەمەش دیسانەوە ڕەنگدانەوەی لەسەری نووسین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە. زۆر نووسەر و ناوەند هەوڵ دەدەن گۆڕەپانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ باشترکردنی ڕێنووس بە کار بهێنن. بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوە لە باشوور ئەرکی سیستمی پەروەردەیە، نەک چالاکوانی تۆڕی کۆمەڵایەتی، کە خەڵک فێری ڕێنووس بکات. سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بابەتەکە جیاوازە و تۆڕی کۆمەڵایەتی ڕەنگە لەو دەگمەن شوێنانە بێت کە یارمەتیی خەڵک دەدات فێری کوردینووسین ببن.

**ئایا دەکرێت بە بەردەوامی پشت بە ژیری دەستکرد ببەستین، بەتایبەت بۆ بابەتی زمان و ڕێنووسی؟**

ئەگەر مەبەست ئەوە بێت بە ژیریی دەستکرد بنووسین، ئەوا بە داخەوە زۆربەی مۆدێلە زمانییەکان کە دەق بەرهەم دەهێنن ئێستاکە بۆ کوردی لاوازن. کەواتە ئەگەر بشمانەوێت، ناتوانین دەقێکی وا بەرهەم بهێنین. وەرگێڕانی ماشین لەو ڕووەوە بۆ کوردی باشترە. ژیریی دەستکرد وەک کەرەستەیەک دەبێت سەیر بکەین کە یارمەتی دەدات خێراتر و بە هەوڵێکی کەمتر کارەکانمان ڕاپەڕێنین. ژیریی دەستکرد لە بنەڕەتەوە بۆ کارکردن لەگەڵ نادڵنیایی و دۆخی ئاستەم پەرە دراوە. بۆیە،

ئەنجامەکانیشی بەردەوام نادڵنیایی لەگەڵ دەبێت و پێویستی بە چاودێری دەبێت. واتە هەرکات بە ژیریی دەستکرد دەقێک بەرهەم دەهێنین یان ڕێنووس و خاڵبەندی و ڕێزمان ڕاست دەکەینەوە، پێویستە خۆشمان وەک مرۆڤ چاودێری بکەین.

**تا چەند بابەتی وەرگێڕان و دەقی نووسراو لەلایەن ژیری دەستکردەوە پشت پێ بەستراون، بۆ پرسی خاڵبەندی و ڕێنووسی؟**

